حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو.

# پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیا(١٩٨٣-٢٠٠٧)

### توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە

تێزی دکتۆرایە لەلایەن:

**شەیما سعید حمەلاو**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی(دکتۆرا - فەلسەفە) لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ

بەسەرپەرشتی:

**پ.ی.د.هێرش عبداللە حمەکریم**

٢٧٢٢ک ١٤٤٤ ھ ٢٠٢٢ز

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێزەی خوێندکار(شەیما سعید حمەلاو) بە ناونیشانی(پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیا(١٩٨٣-٢٠٠٧)، توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی(دکتۆرا - فەلسەفە) لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ :

سەرپەرشتیار:

د.هێرش عبدالله حمەکریم

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: ٢٤/ ٧ /٢٠٢٢

---

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ:

ناو: پ. د.پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

بەروار: ٢٤/ ٧ /٢٠٢٢

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، تێزی دکتۆرای خوێندکار(شەیما سعید حمەلاو)مان بە ناونیشانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیا(١٩٨٣-٢٠٠٧)، توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە) خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارمان دا بە پلە (          ) بڕوانامەی(دکتۆرا-فەلسەفە)ی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: د. هۆگر طاهر توفیق
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
بەروار: ٢٥ / ٩ / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. دلێر احمد حەمەد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار: ٢٥ / ٩ / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. سۆزان کریم مصطفى
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام
بەروار: ٢٢ / ١٢ / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. هیوا حمید شریف
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار: ٢٥ / ٩ / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. ئامانج حسن احمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار: ٢٥ / ٩ / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی-پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.پاڤێ جمیل احمد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەروار: ٢٦ / ٢ / ٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب

"يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ۚ"

**سورة المجادلة ،آيه(١١)**

هەوالنامەی كتێب

# پێشکەشکردن

ئەم توێژینەوەیەم پێشکەشە بە:

- بەهەموو ئەوکەسانەی بەتایبەت بزاڤەئیسلامیی و نەتەوەییەکان، کە بەشدارییان لە بزووتنەوە رزگاریخوازی کورد لە پارچەکانی کوردستان کردووە.
- رۆحی باوکم، کە هەتاوەکو شەهیدبوونی لەپێناو کوردستاندا خەباتی کردووە.
- رۆحی پاکی مامۆستا حبیب محمد سعید، نووسەر و بانگخوازی ئیسلامی لە باشووری کوردستان.
- دایکی بەسۆزو میهرەبانم و خوشکەکەم، کە لەپێناو خوێندن و سەرکەوتنەکانمدا تەواوی ژیانیان کردە قوربانی.
- رۆحی پاکی هەردوو خاڵۆی ئەزیزم (م.ئیبراهیم ئیسماعیل، جە مال ئیسماعیل).
- محەمەدی برازام.
- سەرجەم هاورێکانم.

کەوالنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین بۆ:

- بەڕێز(پ.ی.د هێرش عبدالله حمەکریم)،کە بەدرێژای کۆرسی دکتۆرا وانەی پێوتوم و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتەئەستۆ، بەسەرنج و تێبنییەکانی بە دیدوبۆچوونی زانستیانە توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد.
- سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی، کە هاوکارییان کردم.
- بەڕێز(پ.د.خەلیل عەلی موراد)و وێڕای ئەوەی بەدرێژای کۆرسی ماستەر وانەی پێوتووم، هەرلەسەرەتای توێژینەوەکەمدا بە پێدانی چەندین سەرچاوەی دەگمەنی تایبەت بە توێژینەوەکە، بە زمانە جیاوازەکان هاوکارمان بووە.
- سەرجەم ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی، کە بەدرێژای کۆرسی ماستەرو دکتۆرا وانەیان پێوتوم.
- بەڕێز(پ.ی.د.هاوار کەمال میرزا)، کە کتێبخانەکەی خۆی خستە بەردەستمان و سوودێکی زۆرمان لەسەرچاوەکانی بینی و بەدرێژای نووسینی توێژینەوەکە هاوکارمان بوو.
- بەڕێز(پ.د.عوسمان عەلی)، کە پێدانی سەرچاوە و ئامادەبوون بۆ چاوپێکەوتن هاوکارمان بووە.
- بەڕێزان هەریەک لە(د.محەممەد بازیانی، ئەندازیار سەلاحەدین بابەکر)، کە بە پێدانی سەرچاوە هاوکارمان بوون.
- بەڕێز(ژیلوان هەڵەدنی)، کە وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز هەردەم هاوکارم بووە، بەتایبەت لە پێدانی سەرچاوە.
- بەڕێز(عەبدولسەمەد) لە بارەگای هودا پار، لە هەولێر، کە بە پێدانی سەرچاوە هاوکارمان بوون.
- کارمەندانی کتێبخانەی سکرتاریەتی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەولێر، کە تەواوی کتێبخانەکەیان خستەبەردەستمان و توانیمان سوود لە سەرچاوەکانی وەربگرین.
- بەڕێزان هەریەک لە(م.ئەحمەد قادر،م.رابەر سیروان سیوەیلی)، کە لە بەدەستخستنی سەرچاوەی تورکی تایبەت بە توێژینەوەکەم و وەرگێڕانیان بۆسەر زمانی کوردی، هاوکارمان بوون.
- بەڕێزان(د.فاخر عالی ابابکر، م.یاسین، م.عیرفان ئەحمەدی کاکە محمود، م.ئیدریس

سیوەیلی، م.سامان سالْح، م.کەیوان سدیق، م.بەرزان مەلا تەها، م.سنەوبەر سەردار، م.حەسەن حەمەکەریم، م.ئاوات عومەر، م.ئەژی ئازاد، م.نازم رەئوف، م.نەرمین مستەفا، م.جەمال مجید،کامەران جەمال بابان زادە)، کە لە پێدانی سەرچاوە هاوکارمان بوون.

- کارمەندانی هەردوو کتێبخانەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.
- دایکی بەڕێزم و تەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەم، کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان هاوکارمان بوون، بەتایبەت بەڕێز(د.لوقمان ئیسماعیل)، کە تەواوی کتێبخانەکەی خستەبەردەستمان و توانیمان سوود لەسەرچاوەکان وەربگرین.
- بەڕێزان(د.سۆران ئەمین، م.ماکوان سعید، م.موختار ئیسماعیل، م.شەرمین سعید، موسلیم لوقمان، م.مەروان مەزهەر، سالم ستار، ئەڤین سەلاح، م.ماردین جەزا، م.سامان کەمال)، کە بەدرێژای قۆناغەکانی خوێندنم هاوکارو پشتیوانم بوون.
- لیا و ژیا و هەستی برازایانی خۆشەویستم، کە هەردەم بەپەرۆشی تەواوکردنی توێژینەوەکەم بوون و ئارەزوومەندبوون،کە بتوانن هاوکاریم بکەن.

هەولێرنامەی کتێب

# لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| **هێما کوردییەکان:** | |
| بەش/بەرگ | ب |
| بێ ساڵی چاپ( بۆ فارسی و عەرەبیەکان هەروایە) | ب.س |
| بێ شوێنی چاپ | ب.ش |
| پارتی کرێکارانی کوردستان | پەکەکە |
| چاپ(بۆ فارسییەکانیش هەروایە) | چ |
| دکتۆر(بۆ فارسی و عەرەبیەکان هەروایە) | د. |
| ژمارە | ژ |
| سەرچاوەی پێشوو | س.پ |
| لاپەڕە | ل |
| هەمان سەرچاوە | ه.س |
| وەرگێڕان | و. |
| **هێما فارسییەکان:** | |
| ترجمە(عەرەبیەکان هەروایە) | ت |
| جزء / جلد (عەرەبیەکان هەروایە) | ج |
| صفحە (عەرەبیەکان هەروایە) | ص |
| مصدر پشین | م.پ |
| همان مصدر | ه.م |
| وزارت اطلاعات وأمنیت کشور | ڤیڤاک |
| **هێما عەرەبییەکان:** | |
| بدون مکان طبع | ب.م |
| الطبعة | ط |
| مصدر سابق | م.س |
| مصدر نفسه | م.ن |
| **هێما ئینگلیزییەکان:** | |
| بەش/ volum | Vol |
| سەرچاوەی پێشوو | Op.Cit |
| هەمان سەرچاوە | Ibid |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| P. | -Pageلاپەڕە |
| C.I.A | Central Intelligence Agency<br>دەزگای هەواڵگریی ناوەندی-ئەمریکا |
| **هێما تورکییەکان** | |
| Önce Kikaynak | سەرچاوەی پێشوو |
| (جەهەپە)CHP | پارتی گەلی کۆماری<br>Cumhrityet Halk Partisi |
| (مەهەپە)MHP | Mılltçı Hareket Partisi |
| Aynikaynak | هەمان سەرچاوە |
| Sayfa | لاپەڕە |
| (ئاکەپە)AKP | Adalet ve Kalkinma Partisi<br>پارتی دادو گەشەپێدان |
| (ڕەفاە )RF | پارتی ڕەفاە Refah Partisi |
| (میت) MiT | (ڕێکخستنی هەواڵگری نەتەوەی) Milli istihbarat Teşkilati |

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک:


| ناونیشانەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی:** | **١-٧** |
| **دەروازە: مێژووی ئیسلامی سیاسیی و دروستبوونی پارتە ئیسلامییەکان لە تورکیا(١٩٢٣-١٩٨٣)** | **٨-٥٧** |
| یەکەم: چەمک و مێژوو و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا | ٩-٢٣ |
| دووەم: مێژووی دەرکەوتنی پارتە ئیسلامییەکان لە تورکیا(١٩٢٣-١٩٨٣) | ٢٤-٥٧ |
| **بەشی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان** | **٥٨-١٠٨** |
| باسی یەکەم: ئیسلامی سیاسیی و بزووتنەوەی سەعیدی نورسی (بەدیعوزەمان) بە نمونە: | ٥٩-٨٤ |
| باسی دووەم: بزووتنەوەی نورجو پاش کۆچی دوایی نورسی ١٩٦٠: | ٨٥-١٠٨ |
| **بەشی دووەم: سیاسەتی پارتە ئیسلامییە سیاسیەکانی تورکیا و بزاڤی فەتحوڵڵا گولەن بەرامبەر بە کورد لە باکووری کوردستان** | **١٠٩-١٤٥** |
| باسی یەکەم: سیاسەتی پارتەکانی نەجمەدین ئەربەکان بەرامبەر بە کورد | ١١٠-١٢٢ |
| باسی دووەم: کورد و بزاڤی فەتحوڵڵا گولەن | ١٢٣-١٣١ |
| باسی سێیەم: سیاسەتی ئاکەپە بەرامبەر بە کورد (٢٠٠٢-٢٠٠٧) | ١٣٢-١٤٥ |
| **بەشی سێیەم: پارت و ڕەوت و ڕێکخراوە کوردییە ئیسلامییەکان:** | **١٤٦-٢٣٠** |
| باسی یەکەم: حیزبوڵڵا (گەشەسەندن و پوکانەوەی) | **١٤٧-١٧٢** |
| باسی دووەم: تێڕوانینی ڕێبازە سۆفیگەرییە و ڕەوتە سەلەفییەکان بۆ ئیسلامی سیاسی و چالاکییان لە تورکیادا(١٩٨٣-٢٠٠٧) | ١٧٣-٢٠٢ |
| باسی سێیەم: پارتو ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکەی باکووری کوردستان(١٩٨٣-٢٠٠٧) | ٢٠٣-٢١١ |
| باسی چوارەم: پەیوەندییەکانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیادا(١٩٨٣-٢٠٠٧): | ٢١٢-٢٣٠ |
| **ئەنجام:** | **٢٣١-٢٣٣** |

| | |
|---|---|
| لیستی سەرچاوەکان: | ٢٣٤-٢٥٣ |
| پاشکۆکان: | ٢٥٤-٢٦٤ |
| بەرگی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی: | أ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی: | أ-ت |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی: | A-C |
| بەرگی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی: | ب |


هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی:

پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە باکووری کوردستان، دوای پارت و رەوتی نەتەوەیی بەهێزترین رەوتن، هەرگروپ و پارتێک لەڕوانگەی ئەو بنەما فکری و ئایدیۆلۆجییە ئیسلامییەی، کە باوەڕی پێیەتی و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی باوەڕی بەجۆرێک لە مەسەلەی کورد هەیە و کاری لەسەر دەکات، بەڵام بەگشتی لەناو ئیسلامی سیاسییدا، تێڕوانینی ئیسلامی پێش نەتەوایەتییە، هەربۆیە بەتێڕوانینێکی ئیسلامییانەوە خەبات دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش هەریەک لە رەوت و پارت و گروپە ئیسلامییەکان خاوەن دیدگا و رێباز و رێگەی خۆیانن، هەندێک لە پارتە ئیسلامییەکان خەباتی چەکداری بۆ سەرخستنی هەردوو پرسی ئیسلامیی و نەتەوەیی بە باش دەزانن، هەندێکی دیکەیان سیاسەتێکی میانڕەو دەگرنەبەر، بەشێک لە ئیسلامییەکانی دیکە لە دەوری رێبازە سۆفیگەرییەکان، کۆبوونەتەوەو لە پرسی ئیسلامیی و نەتەوەییدا، شوێنکەوتەی شێخەکەیانن و پابەندن بە رێبازەکەیانەوە.

### گرنگی توێژینەوەکە:

لەبەر گرنگی ئەم پارت و رێکخراو و گروپانەو شێوازی خەباتیان و جیاوازی دیدوتێڕوانینیان، توێژینەوەکەمان تایبەتکردووە بە پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیا(١٩٨٣-٢٠٠٧) لەڕاستیدا ئەم قۆناغە، لە مێژووی ئیسلامی سیاسی بە گرنگ و هەستیار دادەنرێت، چونکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و تورکیا و باکووری کوردستان بەتایبەتی، ئیسلامی سیاسی گەشەیسەند، بەجۆرێک لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم نەجمەدین ئەربەکان، وەک کەسایەتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا دەرکەوت و لەسەرەتایی حەفتاکانیش بەدامەزراندنی یەکەم پارتی ئیسلامی هاتەناو گۆڕەپانی سیاسی، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە دەرکەوتنی پارتی رەفاه ئیسلامی سیاسی بەرەو قۆناغێکی مەترسی بۆ دەسەڵاتی سیکۆلاری تورکیا هەنگاوی هەڵناو پاشتریش ئیسلامی سیاسی بە چەندین هەوڵی جیاواز کەوتە ململانێ لەگەڵ حکومەتی سیکۆلاری تورکیا بە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات.

پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی هەرچەندە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە تورکیا، هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کاریگەری لەسەر دانابوو، بەڵام لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ریشەیەکی مێژووی هەبووەو، رۆڵی لە تەواوی رووداوە سیاسییەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا هەبووە. ریشەی گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی بۆ هەوڵە فکرییەکانی سەعیدی نورسی دەگەڕێتەوە، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بناغەکەی داناوە، جووڵانەوەکەی بە بەجووڵانەوەیەکی سیاسی خاوەن مۆرکێکی تازەگەری دادەنرێت.

### هۆکار هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

لەڕاستیدا هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە، بەهۆی گرنگی ئەو قۆناغە مێژووەیە، کە ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا گەشەیسەند، پارتی ئیسلامی بەدرێژای هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لە کێبڕکیدابوون بۆ بەرنگاربوونەوەی حکومەتی سیکۆلار و گرتنەدەستی دەسەڵات، هەرلە هەمان ماوەدا پارت و گروپ رەوتی ئیسلامیی کوردی دەرکەوتن، کە هەردوو پرسی ئیسلامیی و نەتەوەی کاریگەریی لەسەریان هەبوو، بەجۆرێک هەر پارت و گروپ و رێکخراوێک شێوازی تایبەتی خۆی سەبارەت بە هەردووپرسەکە هەبوو، هەروەها بەو دیدوبۆچوونانەی، کە باوەڕی پێی بوو خەباتی

دەکرد و مامەڵەی لەگەڵ دەسەڵاتی سیکۆلاری تورکیا و ناوچەکە دەکرد، هەربۆیە بە باشمان زانی توێژینەوەکەمان بۆ ئەو قۆناغە تەرخان بکەین.

هۆکاری دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی باکووری کوردستان، کە بەدرێژای کۆماری تورکیای نوێ، هەرلەسەردەمی مستەفا کەمالەوە، هەتاوەکو قۆناغەکانی پاشتر لەسەرجەم لایەنە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسی...هتد فەرامۆشکراوە، ئەم فەرامۆشکردنە وایکردووە توێژەرەوان و نووسەران و مێژوونووسەکان لە باسکردن و تۆمارکردنی زانیارییەکان کەمتر بەلای باکووری کوردستاندا بڕۆن، یاخود هەرشتێک سەبارەت بە پارت و ڕەوتی ئیسلامی باسکرابێت، بەگشتی لەچوارچێوەی تورکیادا باسکراوەو تایبەتمەندی بە کورد نەدراوە. هەندێک لەو توێژەرو مێژوونووسانەی، کە لەسەر  پارت و ڕەوتی ئیسلامی نووسیویانە تەواوی ڕاستیە مێژووییەکانیان سەبارەت بەو قۆناغەیان باس نەکردووە، هەربۆیە بابەتی توێژینەوەکەمان بۆ پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیا(١٩٨٣-٢٠٠٧)تەرخان کردووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بەپێی تایبەتمەندی و سروشتی زانستی توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی(وەسفیی و شیکاری) بەستراوە، کە هەوڵدراوە وەسفی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە بکرێت و باس لە پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیا بکەین، پاشان راڤەی ڕووداوەکان و گەشەسەندنی ئەم پارت و ڕەوتانە لە باکووری کوردستان و تورکیا لەو قۆناغەدا بکەین.

**پلانی توێژینەوەکە:**

پێشەکی و دەروازەو سێ بەشی سەرەکیی و ئەنجام لەخۆدەگرێت بەم شێوەی خوارەوە دابەشکراوە: **دەروازە: مێژووی ئیسلامی سیاسیی و دروستبوونی پارتە ئیسلامییەکان لە تورکیا (١٩٢٣-١٩٨٣)**، بە دوو لقی سەربەخۆ بەم شێوەیە: **أ/ چەمک و مێژوو و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا ب/ مێژووی دەرکەوتنی پارتە ئیسلامییەکان لە تورکیا(١٩٢٣-١٩٨٣):** باسمان لە چەمکی ئیسلامی سیاسیی و مێژووی دەرکەوتنی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی لە تورکیادا کردووە، هەروەها باسمان لە مێژووی دروستبوونی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا کردووە. **بەشی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان،** ئەم بەشە تایبەتکراوە بە باکووری کوردستان و پاشان تیشک خراوەتە سەر تەواوی ئەو قۆناغە مێژووییانەی، کە ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا گەشەی کردووە. ئەم بەشە لە دوو باس پێکهاتووە: **باسی یەکەم: ئیسلامی سیاسیی و بزووتنەوەی سەعیدی نورسی(بەدیعوزەمان) بە نموونە:** لەم باسەدا لەبەر گرنگی ڕۆڵی نورسی لە ئیسلامی سیاسی کورددا، باس لەسەرجەم وێستگەکانی ژیانی نورسی کراوە، لەهەمانکاتدا تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵی نورسی وەک کەسایەتی دیاری ئیسلامی سیاسی لە باکووری کوردستان، هەرلەم باسەدا ئاماژەمان بە قۆناغەکانی وازهێنانی نورسی لە سیاسەت و پاشان، گەڕانەوە بۆناو سیاسەت کردووە. **باسی دووەم: بزووتنەوەی نورجو پاش کۆچی دوایی نورسی ١٩٦٠:** لەم باسەدا قسە لەسەر ئەو گۆڕانکاریی و دابەشبوونانە کراوە، کە پاش مردنی نورسی بەسەر بزووتنەوەی نورجو هاتووە. هەر لەم باسەدا بابەتی پرسی نەتەوەیی و سیاسەت و ئیسلامییەت لەڕوانگەی هەریەک لە گروپەکانی نورجو باسکراوە. **بەشی دووەم: سیاسەتی پارتە ئیسلامییە سیاسیەکانی تورکیا و بزاڤی فەتحوڵلا گولەن بەرامبەر بە کورد لە باکووری**

**کوردستان:** لەم بەشەدا زیاتر باس لە سیاسەتی پارتە ئیسلامییەکانی ئەو قۆناغەی سنوری توێژینەوەکەمان کراوە، هەروەها تیشک خراوەتە سەر رۆڵی کورد لە هەریەک لە پارتەکانی ئەربەکان و بزاڤی خزمەتی گولەن و ئاکەپە، هەروەها باسمان لە هەڵوێستی پارتە ئیسلامییەکانی تورکیا بەرامبەر پرسە ئیسلامیی و نەتەوەییەکانی کورد و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ داواکاریی مافەکانی کورد کردووە. ئەم بەشە **سێ باس لەخۆدەگرێت: باسی یەکەم: سیاسەتی پارتەکانی نەجمەدین ئەربەکان بەرامبەر بە کورد:** لەم باسەدا ئاماژە بە رۆڵی کورد لەناو پارتە جیاوەزەکانی وەک پارتی(سیستمی نیشتمانی، فەزیلەت، رەفاە، سەعادەت)ی ئەربەکان کراوە، هەروەها سیاسەتی ئەربەکان و هەڵوێستی پارتە جیاوازەکانی سەبارەت بە پرسی کورد بە تێڕوانێکی ئیسلامی بۆ چارەسەری ئەو پرسە خراوەتەڕوو. **باسی دووەم: کورد و بزاڤی فەتحوڵڵا گولەن:** لەم باسەدا ئاماژە بە ژیان و کەسایەتی گولەن کراوە، هەروەها تیشک خراوەتەسەر بزاڤی(خزمەت)و چۆنیەتی راکێشانی سەرنجی کورد بۆلای خۆی، هەروەها باس لە دامەزراوە خزمەتگوزارییە خۆبەخشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک نەخۆشخانەو قوتابخانەو زانکۆ لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان کە لەسەر دەستی ئەم بزاڤە دامەزراون و کاریگەریی کۆمەڵایەتیی و چۆنیەتی رەنگدانەوەی لەسەر ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا کراوە. **باسی سێیەم: سیاسەتی ئاکەپە بەرامبەر بە کورد(٢٠٠٢-٢٠٠٧):** ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ ئاکەپەو کورد لە ماوەی(٢٠٠٢-٢٠٠٧)، لەم باسەدا هەڵوێستەکانی ئەردۆغان و هەنگاوەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد وەک یەکەم سەرۆکوەزیرانی ئیسلامی سیاسی بەدرێژای تورکیای نوێ خراوەتەڕوو. **بەشی سێیەم: پارت و رەوت و رێکخراوە کوردییە ئیسلامییەکان:** لەم بەشەدا باس لە پارت و رەوت رێکخراوی ئیسلامی سیاسی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیادا کراوە، هەروەها کارو چالاکیی و فکر و تێڕوانینی ئەم پارت و رەوت و رێکخراوانە بۆ پرسە جیاوازەکانی وەک ئایینی و نەتەوەیی و سیاسەت خراوەتەڕوو. ئەم بەشە دابەشکراوە بۆ چوار باس بەم شێوەیە: **باسی یەکەم: حیزبوڵڵا (گەشەسەندن و پوکانەوەی):** باس لە مێژووی دامەزراندنی حیزبوڵڵا و ئەو کەسانەی رۆڵیان هەبووە لە دامەزراندی ئەم حیزبە کراوە، هەروەها باس لەسەرجەم ئەو قۆناغانەی، کە حیزبوڵڵا تێیدا گەشەی سەند، هەتاوەکو پوکانەوەو نەمانی کراوە. **باسی دووەم: تێڕوانینی رێبازە سۆفیگەریی و رەوتە سەلەفییەکان بۆ ئیسلامی سیاسیی و چالاکییان لە تورکیادا(١٩٨٣-٢٠٠٧):** ئەم باسە دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا: **تەوەری یەکەم: رێبازە سۆفیگەرییەکان: لەم تەوەرەدا** تیشک خراوەتەسەر ئەو گروپ و رێبازە سۆفیگەرییانەی، کە لە ماوەی(١٩٨٣-٢٠٠٧)، لە ناوچەکانی باکووری کوردستان و تورکیادا چالاک بوون، هەروەها باسمان لەو رێبازانە کردووە، کە راستەوخۆ بەشدارییان لە سیاسەت کردووە. **تەوەری دووەم: رەوتە سەلەفییەکان: ئەم تەوەرە تایبەت کراوە بەو رەوتە سەلەفییانەی،** کە لە باکووری کوردستان چالاکن کاریگەری ناڕاستەوخۆیان لەسەر سیاسەت هەبووە. **باسی سێیەم: پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکەی باکووری کوردستان تورکیا(١٩٨٣-٢٠٠٧):** ئەم باسە دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا: **تەوەری یەکەم: پارتی ئیسلامی کوردستان(پاک):** لەم تەوەرەدا باسمان لە پارتی ئیسلامی کوردستان و مێژووی دامەزراندنی و کاروچالاکیی لەو قۆناغەدا کردووە. **تەوەری دووەم: رێکخراوە توندڕەوەکان(رادیکاڵییەکان):** لەم تەوەرەدا باسمان لەو رێکخراوە توندڕەوەوانە کردووە، کە لەسەر ئاستی تورکیا و باکووری کوردستان چالاک بوون. **باسی چوارەم:**

**پەیوەندییەکانی  پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیا(١٩٨٣-٢٠٠٧)** ئەم باسە تایبەت کراوە بە پەیوەندییەکانی **پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کورد** لەناوخۆ لەگەڵ یەکدی، هەروەها پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتە چەپەکان و پارتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئەم باسە بۆ سێ تەوەر دابەشکراوە: **تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لەگەڵ پارتە چەپەکان بە نمونە پەکەکە. تەوەری دووەم: تایبەت کراوە بە پەیوەندییەکانی پارت و رەوتە ئیسلامییەکان لەناوخۆ،** واتە ئەو گروپ و پارت و رێکخراوە ئیسلامییانەی، کە لە باکووری کوردستان بوون، سەرجەم پەیوەندییەکانیان خراوەتەڕوو. **تەوەری سێیەم:** لەم تەوەرەدا باسمان لە پەیوەندییەکانی **پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کورد** لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان لەوانە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان کردووە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بۆ توێژینەوە لەم بابەتە دەتوانین ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەکی گرنگ بە زمانە جیاوازەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکیی و فارسی بکەین، کە بایەخی سەرەکییان لە نووسینی توێژینەوەکەماندا هەبووە لەوانە: **یەکەم:** کتێبی بەڵگەنامەیی بە زمانی عەرەبی وەکو: مانفست حیزب الله.(ئەم مانیفێستە کۆپیەکی لە نوێنەری هوداپار وەرگیراوەو باس لە چەندین لایەنی مێژووی و بەرنامەو پرۆگرامی حیزبوڵلای کردووە، هەربۆیە لە بەشی چوارەمی باسی یەکەمی توێژینەوەکەماندا، کە باس لە حیزبوڵلا دەکات سوودی زۆرمان لێوەرگرتووە). **دووەم:** یاداشت و بیرەوەریی، سوودمان لە سیرة ذاتیە بدیع الزمان سعید النورسی وەرگرتووە، کە ئیحسان قاسم صالحی، ئامادەی کردووە. ئەم کتێبە زانیاریی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی نورسی بە سوودوەرگرتن لە پەیامەکانی نور تێدایە. **سێیەم: کتێبەکان:** کتێب بە زمانی کوردی: بۆ توێژینەوەکە، سوودمان لە چەند کتێبێک وەرگرتووە لەوانە: بەرزانی مەلا تەها: ئایینو سیاسەت لە کێشمەکێشی سیاسەت و ئایدۆلۆژیادا، جەعفەر گوانی: سەودای سینەیەکی پڕخەم، ڕێبوار کەریم وەلی: فەتحوڵلا گولەن دیدوپرسی کورد، فەرید ئەسەسەرد و ئەوانی دیکە: ئیسلام و عەلمانیەت لە تورکیا...هتد. چەند کتێبێک، کە لە زمانەکانی دیکەوە وەرگێڕاون بۆسەر زمانی کوردی، کە هەندێک لەوانە توێژینەوەی ئەکادیمین و بایەخی زیاتریان هەبووەو سوودی زۆرمان لێوەرگرتوون وەکو: ئورخان محمد علی: پیاوی قەدەر سەعیدی نورسی، د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، هەروەها کتێبی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا١٩٤٦-٢٠١٢، ئەم کتێبە، چەند توێژینەوەیەکە، لەسەر ئیسلامی سیاسی لە تورکیا و باکووری کوردستان نووسراون، بۆ زۆربەی باسەکانی توێژینەوەکە سوودی لێوەرگیراوە، هاکان یاوقوز: سیکیولاریزمو دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا، سوودی زۆرمان لێوەرگرتووە...هتد، کتێب بە زمانی عەرەبی: بەهۆی دەوڵەمەندی کتێبخانەی عەرەبی لەسەر مێژووی ئیسلامی سیاسی بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی بەرێژەیەکی زۆر سوودمان لەو کتێبانە وەرگرتووە، کە بە زمانی عەرەبی نووسراون، یان لە زمانەکانی دیکەوە وەرگێڕاون بۆسەر زمانی عەرەبی لەوانە: هەردوو کتێبی د. أحمد نوری النعیمی:(النظام السیاسی في ترکیا، ترکیا بین الموروث الإسلامي والإتجاه العلماني)، هەروەها سوودی زۆرمان لە تەواوی بەرهەمەکانی نورسی بەناوی پەیامەکانی نور، وەرگرتووە لەوانە: (الشعاعات، الکلمات، اللمعات، المکتوبات، الملاحق، صیقل الإسلام)، جلال ورغی: الحرکة الإسلامیة الترکیة معالم التجربة وحدود المنوال فی العالم العربی، رضا هلال:

السيف ولهلال تركيا من أتاتورک إلى أربكان الصراع بين المؤسسة العسكرية ولإسلام السياسي...هتد، هەروەها لە زۆربەی باسەکانی توێژینەوەکە، سوودمان لە کتێبە جیاوازەکانی د.محمد نورالدين وەرگرتووە لەوانە:(تركيا الجمهورية الحائرة، مقاربات فی الدين والسياسة والعلاقات الخارجية، تركيا في الزمن المتحول، قلق الهوية وصراع الخيارات، حجاب وحراب الكمالية وأزمات الهوية في تركيا، قبعة وعمامة مدخل إلى الحركات الإسلامية في تركيا)، هەروەها سوودمان هيلين روز ايبو: حركة كولن تحليل سوسيولوجی لحركة مدنية جذورها الاسلام المعتدل، هاينتس كرامر: تركيا المتغيرة تبحث عن ثوب جديد ...هتد، کتێب بە زمانی فارسی: لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە چەند کتێبێکی فارسی وەرگرتووە، کە هەندێکیان لە زمانی دیکەوە وەرگێڕاون بۆسەر زمانی فارسی لەوانە: فوزی بیلگین و علی ساریخان: شناخت مسئله کرد در ترکیه، م.هاکان یاووز: هویت سیاسی اسلامی در ترکیەی معاصر، محمد رضا زارع: علل رشد اسلام گرایی در ترکیه...هتد، هەروها سوودمان لە چەند کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە لەوانە: کتێبی Political Islam in Turkey; Running West, Heading East? ، لە نووسینی Gareth Jenkins، کتێبی - THE KURDS; History Politics, - Religion - Language لە نووسینی Wolfgang Taucher , Mathias Vogl and Peter Webinger:، کتێبی Islam, Kurds and the Turkish Nation State لە نووسینی: Christopher Houston وەرگرتووە. کتێب بە زمانی تورکی: لەچوارچێوەی کتێبە جیاوازەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە، چەند سەرچاوەیەکمان بەکارهێناوە، کە بە زمانی تورکی لەلایەن نووسەرە تورکەکانەوە نووسراون، یاخود مێژوونووسەکانی دیکەی لەوانە کوردی باکووری کوردستان، کە بە زمانی تورکی نووسیویانە یان، هەندێک لەو سەرچاوانە لە زمانی دیکەوە وەرگێڕاون بۆسەر زمانی تورکی، لە گرنگترین ئەو کتێبانە:Hizbulah لە نووسینی هەریەک لە :Av. M. Hüseyin Yılmaz, Cemal Tutar ve Mehmet Varol، ئەم کتێبە لەلایەن دامەزرێنەران و ئەندامە دیارەکانی حیزبوڵڵاوە نووسراوە، هەرەها سوودمان لە کتێبی Ulus, Sınıf, Din, Türkiye’de Kürt Mutabakatının لە نووسینی Cuma Çiçek، کتێبی Türkiye’de İslamcılık düşüncesi لە نووسینی İsmail Kara ، وەرگرتووە ...هتد. **چوارەم: نامەی زانکۆیی:** لەم توێژینەوەیەدا چەندین نامەی ئەکادیمی، لە ماستەرنامەو تێزی دکتۆرا بە زمانە جیاوازەکانی عەرەبی، ئینگلیزی و تورکی، بەکارهاتووە، کە هەریەک لەو نامانە گرنگی و بایەخی خۆیان هەبووە لەوانە: بە زمانی عەرەبی: أمل عبدالله محمد النعيمات: محمد فتح الله كولن(١٩٣٨) وجهوده في العقيدة والاخلاق(دراسة التحليلية)، إيمان غانم شريف: سعيد النورسي حياته و نشاطة السياسي في تركيا(١٨٧٦-١٩٦٠)، بە زمانی ئینگلیزی: سوودمان لە ماستەرنامەی Elif Genc بە ناونیشانی The AKP “Closing” in Relation to Kurdish Minority Rights in Turkey، هەروەها سوودی زۆرمان لە ماستەرنامەیەی YAŞAROĞLU TUĞBA بەناونیشانی Transformation of Kurdish Islamists وەرگرتووە، ناوبراو باسی لە مێژووی حیزبوڵڵا لە دامەزراندنیەوە، هەتاوەکو دیارنەمان و پوکانەوەی کردووەو بەشێکی زۆری زانیاریی نووسینەکەشی بەشێوەیەکی مەیدانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی لەناو حیزبوڵڵادا بوون دەستکەوتووە، هەربۆیە لە باسی یەکەمی بەشی چوارەمی توێژینەوەکەماندا سوودی زۆرمان لێوەرگرتووە...هتد. بەزمانی تورکی: سوودمان لە تێزەکەی Büşra Ersanlı بەناونیشانی Dini Sosyal Teşekküller: Gölgesinde Türkiye’nin Geleceği، وەرگرتووە،

کە ناوبراو باسی لە گروپەکانی نورجو جیاوازی و هەڵوێستیان سەبارەت بە سیاسەت و پرسی کورد کردووە، سوودمان لە ماستەرنامەکەی Ahmet Aktaş: بەناونیشانی tarikatların toplumsal işlevi: Diyarbakır Kdiri tarikatı örneği، وەرگرتووە، هەروەها سوودمان لە تێزەکەی Engin Avcı بەناوی Terörizmin Meşru Gösterilmesi: Türkiye Radikal İslamcı Hizbullahı، وەرگرتووە هەرچەندە ئەم تێزە لە چوارچێوەی توێژینەوەەکی ئەکادیمی نووسراوە، بەڵام بەهەستێکی تورکانەو دژ بە حیزبوڵڵا نووسراوە،...هتد. **پێنجەم: گۆڤارەکان:** بۆ توێژینەوەکە سوودمان لە چەند توێژینەوەیەکی ناوگۆڤارەکان وەرگرتووە، لەوانە: بە زمانی کوردی: د.ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: بزووتنەوەی نورچی لە تورکیای هاوچەرخدا، مارتن ڤان برۆنسێن: کوردەکانو ئیسلام،...هتد، **بە زمانی عەرەبی:** توصيات الحيزب الاسلامي الكردستاني للمؤتمر الاسلامي الأول عن القضية الكردية، د.عصمت برهان الدين عبدالقادر: تطور الظاهرة الدنية- السياسة في تركيا المعاصرة، مصطفى أدردور: محطات بارزة من التاريخ المعاصر وأثرها في حياة النورسي ومدرسة الفكرية ...هتد. **بە زمانی ئینگلیزی:** توێژینەوەکەی Fulya Atacan بە ناوی A Kurdish Islamist Group in Modern Turkey، لە بەشی چوارەمی نامەکەدا سوودی زۆرمان لێوەرگرتوە، هەرەها سوودمان لە هەردوو توێژینەوەکانیMetin Heper بەناوی Islam and Democracy in Turkey، Islam Polity and Society in Turkey وەرگرتووە ...هتد.

**ئاستەنگی توێژینەوەکە:**

بەشێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی نووسیندا، توێژەر رووبەڕووی گرفت و ئاستەنگی هەمەجۆرە دەبێتەوە، هەربۆیە لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاریی و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی تایبەت بەم توێژینەوەیە دووچاری چەندین گرفت و ئاستەنگێک بووینەوە، لەوانە: بەهۆی هەستیاری بابەتەکە، کە سنوری توێژینەوەکەمان باس لە مێژووی هاوچەرخی پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کورد لە تورکیادا دەکات، بەشێک لەو پارتانەی، کە باسمان کردوون بە یاسا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە قەدەغەکراون، هەروەها بەهۆی هاوچەرخی رووداوە مێژووییەکان بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکان بڵاونەکراونەتەوە و نەمانتوانیوە دەستمان بەو بەڵگەنامانە بگات، کە باسیان لەو قۆناغە مێژووییە کردووە، لەلایەکی دیکەوە زۆرێک لە سەرکردەو کەسایەتییە دیارەکانی ناو ئیسلامی سیاسی کوژراون، یان بەشێکییان رووبەڕووی دادگاو زیندانیکردن بوونەتەوە. ئەوانەشی، کە لە ژیاندا ماون و لەناو پارت و رەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیادا لەو قۆناغەدا گەواهیدەری رووداوەکانن و رۆڵیان لەناو پارت و رێکخراوە جیاوازەکاندا هەبووە، ئامادەنین وردەکاری رووداوەکان بخەنەڕوو، هەرچەند هەوڵماندا بە راستەوخۆ بیت یاخود بە ئینتەرنێت و لەرێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئیمێڵەوە، بتوانین بەشێک لەو کەسایەتیانە بناسین و لەرێگەی چاوپێکەوتنەوە زانیارییان لێوەربگرین، بەڵام بەداخەوە هیچ کەس لەوانە: ئامادە نەبوون وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە ناچار توێژینەوەکەمان بێ کاری مەیدانی نووسیووە. شارەزانەبوون لە زمانەکانی دیکە بەتایبەت زمانی تورکی، ئینگلیزی، کە زۆربەی سەرچاوەو کتێبە مێژووییەکانی بابەتەکە بەم دوو زمانە نووسراوە، گرفتێکی دیکەی بەردەم توێژینەوەکەمان بوو.

گرفتی دیکەی توێژینەوەکە، هەژاری کتێبخانە کوردییەکانی باشووری کوردستان و نەبوونی یان کەمی سەرچاوەی کوردی سەبارەت بە مێژووی باکووری کوردستان، بەتایبەت پارت و رەوتی

ئیسلامی کوردی ئەو قۆناغەی کە سنوری توێژینەوەکەمانە.

گرفتێکی دیکەی توێژینەوەکە، کە بۆ ئێمەی توێژەر بووە ئاستەنگی گەورە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا لە جیهان بەگشتی و کوردستان و تورکیاش بەتایبەتی، زیاتر لەجارێک راگەیاندنی کەرەنتینەو داخرانی کتێبخانەکان، هەموو ئەمانە وایانکرد نەتوانین وەک پێویست بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێن.

لە کۆتاییدا هەموو هەوڵ و ماندوبوونمان بۆ ئەم توێژینەوەیە خستەگەڕ، لە هەمانکاتدا هیواداریین ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێک بێت، توێژەرەوانی دیکە هەنگاوی گەورەترو باشتر لەم بوارەدا بنێن و بتوانن زۆر لایەنە شاراوەکانی دیکەی ئەو قۆناغە، کە باسنەکراوە بخەنەڕوو و کتێبخانەی کوردی بە توێژینەوەکانیان لەو بارەیەوە دەوڵەمەند بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

# دەروازە

# مێژووی ئیسلامی سیاسیی و دروستبوونی پارتە ئیسلامییەکان لە تورکیا(١٩٢٣-١٩٨٣)

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم: چەمک و مێژوو  و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا

جیاوازی لە دیدگای توێژەر و نووسەرانی رۆژئاوایی هەیە، هەتاوەکو خودی شوێنکەوتووانی بزاڤە ئیسلامییەکانیش، سەبارەت بە ناساندنی چەمکی ئیسلامی سیاسی، مێژووی دەرکەوتنی ئەو چەمکە و ئەو زاراوە جیاوازانەی بۆ گوزارشت لە بزاڤە ئیسلامییە توندڕەو میانڕەوەکان بەکاردەهێنرا، هەروەها ڕاجیایی لە هۆکارە راستەوخۆ و یارمەتیدەرەکان و دەرکەوتن و گەشەکردنی ئەم بزاڤە ئیسلامییە جەماوەرییانە هەیە، ئیسلامیان کردووەتە ئامرازی گەیشتنە دەسەڵات و بەرنامەی ژیانیان و بانگەوازکردن بۆ ئەو بەرنامەیەی بانگەشەی بۆ دەکەن. بێگومان ئەو رەهەندە جیهانی و هەرێمییەی چەمکی ئیسلامی وەریگرتوو، وایکردووە ئەم رەوتە ئیسلامگەرایە لەسەر ئاستی سیاسیی و ئەکادیمی کولتوری، قسەی زۆری لەسەر بکرێت. لەم باسەدا چەمک و ریشەی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی شرۆڤە دەکەین.

ئیسلام، بە مانای رادەستبوون و چۆکدادانی مرۆڤە بەرامبەر ئەوەی، فەرمانی پێدەکرێت بۆ جێبەجێکردنی، یان دوورکەوتنەوە لێی. لەڕووی زمانەوانییەوە ئیسلام بریتییە لە(رادەستبوون) بە واتای رادەستبوون بەرامبەر فەرمانی خودا، ودوورکەوتنەوە لەو کارانەی خودا ناڕازییە لێیان و فەرمانی کردووە مرۆڤ لێیان دووربکەوێتەوە، هەروەها ئیسلام ئەو ئایینەیە بۆ پێغەمبەر(د.خ)، هاتووە ئایینێکە بووەتە کۆتا ئایینی ئاسمانی و موسڵمانان باوەڕیان پێیهێناوە[1].

زاراوەی سیاسەت لە زمانی کوردییدا هاوتای وشەی رامیارییە، لە بنەڕەتدا لە وشەی(السياسة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە زمانی ئینگلیزی وشەی(Politics)و لە زمانی فەرەنسیدا وشەی (Politiqua) بەرامبەر وشەی سیاسەت بەکارهێنراوە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (Polis)ی زمانی یۆنانی وەرگیراوە، لەلای یۆنانییە کۆنەکان بە واتای شار بەکارهاتووە، بەڵام شار لەلای یۆنانییە کۆنەکان بە دوو واتای تاڕادەیەک جیاواز لەیەکدی بەکارهاتووە، یەکەم واتایەکی ماددییە، ئاماژەیە بۆ سەرجەم ئەو شەقام و گۆڕەپان و تەلارانەی، کە شاریان لێپێکهاتووە، دووەم(واتایەکی مرۆییو یاسایی)یە، ئاماژەیە بۆ سەرجەم ئەو هاوڵاتییانەی، کە شاریان پێکهێناوە. وشەی سیاسەت لە واتای دووەمی وشەی شاری یۆنانییە کۆنەکانەوە هاتووە[2].

لە فەرهەنگی سۆڤییەتی پێناسەی سیاسەت کراوە بەوەی، بریتییە لە بەشداریکردن لە کاروبارەکانی دەوڵەت و ئاڕاستەکردنی دەوڵەت و دەستنیشانکردنی شێوازو ئەرک و پێکهاتەی چالاکییەکانی دەوڵەت[3].

چەمکی ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی ئاڵۆز و پێکەوەگرێدراوە و لایەنێکی جیهانی هەیە و دیاردەیەکی کۆنە و تایبەتە و چەندین ئەڵقەی پێکەوە بەستراوە لایەنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە دیاردەیەکی نوێ نییە، بەوە دەناسرێتەوە بەهێزە لە راکێشانی سەرنجی خەڵکی و بڵاوبوونەوەی

---

[1] همام كصاي حسين: ضاهرة الاسلام السياسي من الدين الى العولمة، ب.م،٢٠٢١، ص١٤.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سەروەر حەمە ئەحمەد: رۆشنبیری سیاسی، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٦-٢٨.

[3] ە.س، ل٢٨-٢٩.

بەفراوانی و چەندین لایەنی ژیان دەگرێتەوە، بەڵام ئامانجی سەرەکی بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسییە بۆ سیستمێکی دیکە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی دامەزرابێت[١]. چەمکی ئیسلام لە دیدگای موسڵماناندا خاڵی نییە لە کاریگەری ئەو ئایینە بەسەر سیاسەتەوە، بەڵکو وا راڤەی ئیسلام دەکرێت، کە لە جەوهەردا دیاردەیەکی سیاسییە، لەبەرئەوەی دیدگای موسڵمان بە جۆرێکە ئیسلام تەنیا سیستمێکی ئایینی نییە، رێگایەکی ژیانی تاک، کۆمەڵگە، دەوڵەت و ئوممەتە. ئیسلام دان بە سنورە نەتەوەیی و رەگەزی یاخود زەمانەکان، نانێت[٢]. ئەگەر تێبینی بکەین زۆرینەی رەهای کۆمەڵگەی ئیسلامی سیخناخن بە گروپی رەگەزی، تائیفی، فەرهەنگی و ئایدیۆلۆجی جیاواز[٣]، بەڵام ئیسلامی سیاسی ئەم سنوری فرەییە تێدەپەڕێنێت و وایدەبینێت ئیسلام بیروباوەڕێکی جیهانییە و هەموو چالاکیی و کارلێکێکی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەی موسڵماندا بە ئیسلام رێکدەخرێت[٤]. بەتایبەت ئەگەر تێبینی بکەین، بزووتنەوەو رەوتە ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی فراوان لە ئامانج و ئامرازەکانی بەدیهێنانی زیندووکردنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی جیاوازن[٥].

لە چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینانەی، کە لەسەر ئیسلامی سیاسی نووسراون بە چەند جۆرێک پێناسەی چەمکی ئیسلامی سیاسی کراوە لەوانە:

چەمکی ئیسلامی سیاسی گوزارشتە لەو بزووتنەوەو هێزانەی تێدەکۆشن بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی وەک بەرنامەیەکی ژیان و لەمەشدا رێبازی کاری سیاسی نوێ بەکاردەهێنن، کە لەسەر بەشداریی سیاسی لە دەسەڵات وەستاوە. ئاری کندسن(Are Knudsen) بە پێناسەیەکی کورت و گشتگیری ئیسلامی سیاسی وایدەبینێت، چەمکی ئیسلامی سیاسی گوزارشتە لەوەی ئیسلام بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربهێنرێت[٦]. گراهام فولەر(Graham Fuller)، پێیوایە ئیسلامی سیاسی:"هەر کەسێکی موسوڵمان باوەڕی بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(فەرمودە)هەبێت، شتی گرنگیان لەڕووی عەقیدە و سیاسییەوە بۆ حکومەتەکان و کۆمەڵگەی ئیسلامی پێیە، هەربۆیە ئەوان(ئیسلامی سیاسی) لەو باوەڕەدان پێویستە لەسەریان بە رێگەیەک هەرچەندە لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ناکۆکن،

---

[١] امیرة طاهر و فاطمة الزهراء عماری: دورحرکات الإسلام السیاسي فی التغیر السیاسي-حزب العدالة والتنمیة في ترکیا ٢٠٠١-٢٠١٥ نموذجا، مذکرة مکملة شهادة الماستر في العلوم السیاسة تخصص دراسات إستراتیجیة، جامعة العربی التبسي، کلیة الحقوق واعلوم السیاسة،الجزائر، السنة الجامعیة٢٠١٥-٢٠١٦، ص٢.

[2] Aini Linjakumpu: Political Islam in the Global World, First Edition, Published by Ithaca Press, Unitedkingdom, 2008, P.8.

[3] Ozcan Keles, Ismail Mesut Sezgin and Ihsan Yilmaz: Tackling the Twin Threats of Islamophobia and Puritanical Islamist Extremism: Case Study of the Hizmet Movement, **From Book of:** John L. Esposito and Derya Iner (Editors): Islamophobia and Radicalization Breeding Intolerance and Violence, Palgrave Macmillan Press, Switzerland, 2018, P. 267.

[4] Aini Linjakumpu: Op.Cit,P.8.

[5] Rachel M. Scott: The Challenge of Political Islam Non-Muslims and the egyptian state, Stanford University Press, California , 2010, P.35.

[٦] د.صالح عبدالرزاق فالح الخوالدة: الإسلام السیاسي(مفهوم والأبعاد)، **من ضمن کتاب:** مجموعة من المؤلفین: اشکالیة الدولة والإسلام السیاسي قبل وبعد ثورات الربیع العربی، دول المغرب العرب نموذجا، ط١، ناشر المرکز الدیمقراطیة العربی للدراسات الاستراتیجیة والسیاسة والاقتصادیة، برلین، ٢٠١٨، ص٨.

هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەو(شەریعەت)ە بدەن"[1]. واتە ڕێگەی جێبەجێکردنی شەریعەت لەڕێگەی چەکداریی و هێزەوە بێت، یان بە ڕێگای پرۆسەی بەشداریی سیاسیی و دەنگدان و خەباتی مەدەنییەوە بێت.

ئیسلامی سیاسی بە بانگەشەکردن بۆ یەکێتی ئایین و دەوڵەت و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەناسرێتەوە[2]. هەرچەندە ئیسلامییەکان خۆیان پێیانوایە ئەوان لەپێناو خودا هەموو کارێک دەکەن و سیاسەت تەنیا ئامرازێکە نەک ئامانج، بەڵام زاراوەی ئیسلامی سیاسی، ناموسڵمانەکان و سیکۆلاریزمەکان[3]، وەک ڕەخنەگرتن لە ئیسلامی سیاسی قسەی لەبارەوە دەکەن ئەوانە وەهای وێنادەکەن ئەوە لادانە لە ئیسلامی راستودروست، گۆڕینی ئیسلام و تێنەگەیشتنەلێی و قۆستنەوەی گەورەیی و شێواندنی وێنەیەتی، هەروەها وێنای ئەوانە دەکەن باوەڕیان بە ئیسلامی سیاسی هەیە، بەوەی خاوەن بەرژەوەندی تەماعکارن، یان نەفام و ساویلکەن لە هەموو بارێکیشدا ئەو ئیسلامییە سیاسییانە دۆخێکی لەڕێگەدەرچوو نائاساییو قبووڵنەکراون[4]، هەربۆیە هەندێک لە بیرمەندانو نووسەران پێیانوایە بەکارهێنانی چەمکی ئیسلامی سیاسی لە بەرژەوەندی رۆژئاواییەکانە و ئامانج لێی جیاکردنەوەی سیاسەتە لە ئایینی ئیسلام لەوانە: فرانسوا بورجا ئاماژە بەوە کردووە چەمکی ئیسلامی سیاسی(ئیسلامیزم/Islamisme) بەتێپەڕبوونی کات خۆی دەسەپێنێت، بەڵام بەڕوونی ئیسلامییەکان ئەو ناوانەی پێیانەوە لکێنراوە، ڕەتدەکەنەوە[5].

برنارد لویس ڕەخنە لە توێژەرانی خۆرئاوا دەگرێت لە بەدحاڵیبوونیان لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، بە بڕوای ئەو دەبێت لە کاتی بەکارهێنانی وشەی ئیسلامییدا، ئەوەمان لەبەرچاوبێت، کە لە ئیسلامی تەقلیدیدا سنورێکی جیاکەرەوە لەنێوان مزگەوت و دەوڵەتدا نەبووە وەک لە ئایینی مەسیحیدا جیابوونەوەی کەنیسە و دەوڵەت ڕیشەیەکی قووڵی داکوتاوە، ئەم حاڵەتەش بەسەر ئایینی ئیسلامدا جێبەجێ نابێت و ئەمەش بووەتە خەسڵەتێکی دیاریی ئیسلام، بەمەش ڕەخنەگرتن لە سیاسی بوونی ئەو گروپانە نابەجێیە[6].

---

[1] Political Islam in action, **From Book:** Graham Fuller and Marcel Kurpershoek: What Future for Political Islam? Dilemmas and Opportunities for the Next Decade, WRR 2004 , WRR / Scientific Council For Government Policy, The Hague, Den Haag, 2005, P.15.

[2] Rachel M. Scott: Op.Cit, P.92.

[3] سیکۆلاریزم( عەلمانیەت): یەکەمین کەسێک وشەی سیکۆلاریزمی بەکارهێنا(جۆرج یاکوب هالی یۆک)ی ئینگلیزی بوو سیکۆلاریزمی پێناسەکردووە بەوەی( بیروباورێکە، تەنیا کاتی خۆی بۆ ئەو پرسیارانە تەرخان دەکات، کە تایبەتە بە ژیان لەم سەر زەمینەدا)، لەسەرەتادا سیکۆلاریزم دژایەتییەکی ئاشکرای بەرامبەر ئایین نەبووە، بەڵکو سەرنجی سیکۆلاریزم بۆ ئەو باوەڕە بووە، کە دەبێت دەوڵەت هێزی خۆی بۆ ژیانی مرۆڤ لەم سەرزەمینە بێت نەک پەرێشانی ژیانی کۆتایی مرۆڤ. لەسەدەی بیستەمدا سیکۆلاریزم مانایەکی فراوانتری وەرگرت، کە لە مانا کۆن و نوێکەی وشەی سیکۆلاریزم پێکهاتبوو بەزۆری ئەو وشەیان لەگەڵ "جودای"( دامەزراوەکانی ئایین و دەوڵەت) بەکاردەهێنا. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئاستین کلاین: سیکۆلاریزم بە زمانێکی سادە، و.هەژێر شەریفی، چ١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨، ل٢١-٢٥).**

[4] د.عوسمان عەلی: گفتوگۆی ئیسلامی- عەلمانی، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی عەلمانی و ئیسلامی لە کوردستان بەریەکەوتن و لێک تێگەیشتن، و.کامەران بابان زادە، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ڕێنوێر، هەولێر، ٢٠١٦، ل٥٢.

[5] الإسلام السياسي صوت الجنوب، ت.د.لورين زكري، ط٢، دارالعالم الثالث، القاهرة،٢٠٠١، ص٢٩.

[6] لغة الاسلام السياسی، ت.عبدالكريم محفوض، ط١، دارجفرا للدراسات والنشر، دمشق،٢٠٠١، ص١٣.

ئەوانەی لە فکری ئیسلامی دەکۆڵنەوە و دەنووسن رای تایبەت بەخۆیان هەیە سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی لەوانە: شێخ یوسف قەرەزاوی(١٩٢٦-)، بەکارهێنانی دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی رەتدەکاتەوەو پێیوایە بەکارهێنانی ئەم چەمکە پیلانێکە دوژمنانی ئیسلام، بۆ پارچەپارچەکردن و دابەشکردنی ئیسلام بەسەر جوگرافیا و مێژوو و مەزهەب بەکاریدەهێنن، لەڕاستیدا ئیسلام یەک ئیسلامە، ئەویش ئیسلامی قورئان و سوننەتە[١]، هەروەها دکتۆر مەحمود ئیسماعیل پێیوایە چەمکی ئیسلامی سیاسی چەمکێکی دروستکراوی رۆژئاوایە[٢]، هەربۆیە لە دیدگای توێژەرە رۆژئاواییەکان پێناسەی چەمکی ئیسلامی سیاسی بریتییە لە: کۆمەڵێک بیروبۆچوون و ئامانجێکی سیاسی، کە لە شەریعەتی ئیسلامەوە هەڵدەقولێت و کۆمەڵێک"موسڵمانی ئوسولی" بەکاریدەهێنن و باوەڕیان وایە، کە ئیسلام گوزارشت نییە لە تەنیا ئاینێک، بەڵکو گوزارشتە لە سیستمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و یاسای و ئابووریی، بۆ بنیاتنانی دامودەزگای دەوڵەت گونجاوە[٣].

شێرکۆ کرمانج پێیوایە لەناو سەرجەم ئەو زاراوە جیاوازانەی بۆ ئەو دیاردەیەی پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە لە کایە سیاسییەکەدا بەکاردێت، زاراوەی ئیسلامییزم(Islamism) لە هەمووان پەسەند و گونجاوترە مەبەستیش لە ئیسلامییزم ئەو تیۆرە یان ئایدیۆلۆجییە سیاسییەیە، کە لە ئاکامی ئەو هەوڵانەی لەلایەن کەسێک یان رێکخراوێک، بزووتنەوەیەک بەرهەمدێت بە خوێندنەوەی سەرەکییەکانی ئیسلام بە واتایەکی دیکە داننانی هەرسێ سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام: قورئان‌و سوننە و فیقهی ئیسلامی بە تاکە سەرچاوەی یاسا و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات و پەیوەندییە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان، جا ئەو هەوڵانە لە سەرەتاکانی مێژووی موسڵمانان بووبن، یان لەسەردەمی ئەمرۆکە[٤].

شێری بێرمان(Sheri Berman) پێیوایە ئیسلامیزم، بریتییە لەو باوەڕەی ئیسلام پێویستە ژیانی کۆمەڵایەتیی‌و تایبەتی و سیاسی ئاڕاستە بکات[٥]، هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە: ئیسلامییزم، ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینییە لەگەڵ لێکدانەویەکی تەواوی ئیسلامی ئامانجی کۆتایی بریتییە لە گرتنەدەستی دەسەڵات لە هەموو جیهاندا، ئەم پێناسەیە لە چوار توخمی پێکەوە بەستراو پێکهاتوون، یەکەمیان ئایدیۆلۆجیایی دینداری، دووەم: لێکدانەوەیەکی پیرۆز بۆ ئیسلام، سێیەم: فەتحی جیهان، چوارەم وەک دوا توخم بریتییە لە بەکارهێنانی هەموو مەبەستێک و گەڕان بۆ ئامانجی کۆتایی[٦].

چەمکەکانی ئیسلامگەرایی یان ئیسلامییزم ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییە، کە تێیدا ئیسلام ناوەڕۆک و

---

[١] امیرة طاهر، فاطمة الزهراء عماری: م.س، ص٦.

[٢] الإسلام السیاسی بین الأصولیین والعلمانیین، ط٢، مؤسسة الشراع العربی، الکویت،١٩٩٣، ص٨.

[٣] نعيمة كراولي: الإسلام السياسي بين الخطاب العقائدي و رهان السلطة مع التركيز على تونس، ط١، مركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والاقتصادية والسياسية، برلين،٢٠٢٠، ص١٦؛ نهى عبدالله حسين السدمي: الإسلام السياسي في الشرق الأوسط وجنوب شرق آسيا، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠١٤، ص٢٩.

[٤] بەسیاسیکردنی ئیسلام، دیاردەی ئیسلامیزم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٥-١٦.

[٥] سيوجونغ مين: الإسلاموية والقبلية والتغيير السياسي في العالم العربي، من ضمن كتاب: مجموعة من المؤلفين: حركات الإسلام السياسي والسلطة في العالم العربي: الصعود والأفول، ط١، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبوظبي، ٢٠١٤،ص٢٠٣.

[6] Meh Mozffari: What is Islamism? History and Definition of Concept, Totalitarian Movement and Political Religious, Vol8, No1,17-33march2007, Toylore , Francis ,P20-21.

ناسنامەیەکی(شۆڕشگێڕی)یە و بانگەشەی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم کایەی سیاسیی و ئەخلاقییەکان بە یاسایی کراوە لە چوارچێوەی"ڕەوابوونی جیهانی ئیسلامی"، ئیسلام وەک نۆرمێکی گشتی یان دەستوورێک خۆی ملکەچ بکات بۆ ئایین بەپێی چەقبەستووی(دۆگما)یی" ئیسلام ئایین و دەوڵەتە"[1].

کۆیی ئەو زاراوانەی لە بری ئیسلامی سیاسی بەکارهاتووە تەنیا، ولیام شپاردن( Wilim Shepard)"تۆتالیتاریزمی ئیسلامی"بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی ئەوانەی مەیلی ئیسلامییان هەیە، نەک تەنیا وەک ئایین، لە هەستی باوەڕی ثیولوجی"Theology"دا سەیری ئیسلام دەکەن، کە لە نوێژکردن و نەریتە تایبەتەکانی پەرستش پێکهاتبێت، بەڵکو وەکو هەموو ڕێگایەکی ژیان و ڕێنیشاندەر بۆ مەسەلە گشتیەکان وەک سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی سەیری دەکەن، هەروەها بانگەشەی ئەوەدەکەن، کە موسڵمانان دەبێت"دەوڵەتی ئیسلامییان"هەبێت ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای شەریعەت دامەزرابێت[2].

لەڕاستیدا ناوی جیاواز لە(بزاڤە ئیسلامگەراکان) نراوە وەک: ئیسلامی سیاسیی و ئیسلامی ئوسوڵی، کە چەمکی ئیسلامی ئوسوڵی(Islamic Fundamentalism) یەکەمین زاراوە بوو بەکارهات بۆ گوزارشت لە ئیسلامی سیاسی. ئەویش لە کۆنگرەیەک بوو لە مانگی ئەیلولی(١٩٩٤) لە واشنتن بە ناونیشانی(مەترسی ئیسلامی ئوسوڵی لەسەر باکووری ئەفریقیا) لەبارەی سودانەوە بەستراوە. هەروەک هەوڵدانی ئێران بۆ بڵاوکردنەوەی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ئەفریقیا لەڕێگەی سودانەوە باسکرابوو، دواتر لە نەوەدەکاندا ڕووداوە ناوخۆییەکانی جەزائیر ئەم چەمکەی گۆڕی بە(ئیسلامییە توندڕەوەکان) ئەم ناوە بەردەوامبوو، هەتاوەکو دوای ڕووداوەکانی(١١)ی ئەیلولی (٢٠٠١)، ئیدی چەمکی ئیسلامی سیاسی، جێگەی گرتەوە[3].

ئیسلامییەکان ناوی جیاوازی وەک بزووتنەوە ئیسلامییەکان، بۆ گوزارشتکردن لە پارتە ئیسلامییەکان بە هەموو ئاڕاستە و ئامرازەکانی چالاکیانەوە بەکاردەهێنن[4]، هەروەها ڕەوتی ئیسلامی سیاسی ئەو بزووتنەوانە دەگرێتەوە ئەولەویەتیان بۆ کاری سیاسییە لەسەر بنەمای گوتاری ئایینیی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لەڕێگەی ئامرازە سیاسییەکانەوە، نەک توندوتیژی، بەشێوەیەکی تایبەت خۆیان لە پارتی سیاسیدا ڕێکدەخەن[5].

لەڕاستیدا، ئیسلامی سیاسی زۆر دوورە لە ئیسلامی تەقلیدیی، چونکە ئیسلامی سیاسی گرنگی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی نادات، بەڵکو بەدوای گۆڕینی بارودۆخدا دەگەڕێت، هەروەها کێشەی ئیسلامی سیاسیی و ئیسلامی توندڕەو ئەوەیە، دامەزراوە ئیسلامییەکان پێیانوایە"بوونی سیستەم باشترە لە نەبوونی". هەتاوەکو ئەگەر فەرمانڕەوا بە بنەماکانی ئیسلامەوە پەیوەست نەبێت، بەڵام

---

[1] Cemal Karkas,Turkey: Islam and Lacism Between The Interest of State, Politics and Society (FrankFurt Peace Research Institute, Report No78,2007), P.4.

[2] Islam and Ideology, International Journal of Middle East Studies, Published by Cambrige University Press, Vol 19, No3, (Aug,1987),P.308.

[3] نعیمة کراولي: م.س، ص١٩.

[4] د.صالح عبدالرزاق فالح الخوالدة: م.س، ص٩.

[5] م.ن، ص١٠.

ئیسلامی توندڕەو ئەمە ڕەتدەكاتەوە[1].

(ڕاشید غەنوش)ی[2]، بۆ پێناسەی ئیسلامی سیاسی دەڵێت:"مەبەستم لە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، كاربكات بۆ نوێكردنەوەی تێگەیشتنی ئیسلام، كە ئەو چالاكییەش لە دەیەمی حەفتاكانەوە دەستیپێكردووە، كە داوای گەڕانەوە بۆ بنەڕەتەكانی ئیسلامی دوور لە ئەفسانە و پەیوەستبوون بە نەریتە كۆنەكانی بۆیان ماوەتەوە دەكرد"[3].

بە مانایەكی دیكە، كاتێك قسە لەسەر ئیسلامی سیاسی دەكەین، ئاماژە بەو بزووتنەوە سیاسیانە دەكەین، كە بە ئاشكرا ئیسلامیین، یاخود ئایدیۆلۆجیایەكی ئیسلامییان هەیە[4]و كار بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی ئیسلام بۆ پانتاییەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی، سیاسیی و كۆمەڵگە بەگشتی دەكەن.

شایەنی باسە، تەواوی موسڵمانان سەر بە یەك كۆمەڵگەن و یەككگرتووییان لەسەر پەیوەستی ئایین بە دەوڵەتەوە وەستاوە، بە جۆرێك ئایین لە سیاسەت جیاناكرێتەوە. واتە مەبەستی ئایین ئاڕاستەكردنی بڕیارە سیاسییەكانو شەرعییەتدانە بە سیستمی سیاسی، ئەمەش ڕیشەیەكی مێژوویی هەیە، كە بۆ سەرەتاكانی ئیسلام دەگەڕێتەوە[5].

ئیسلامیستەكان وایدەبینن بە ئیسلامییكردنی كۆمەڵگە بەدی نایەت مەگەر لەڕێگەی كردەی كۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە نەبێت بە پێویستی دەزانن بزاڤە ئیسلامییەكان مزگەوت جێبهێڵن و ڕاستەوخۆ دەستوەردەنە ژیانی سیاسی، هەربۆیە لە شەستەكانی سەدەی بیستەمەوە هەوڵیاندا بگەنە دەسەڵات. ئەم ئیسلامگەرایانە پەیوەندییە ئابووریی و كۆمەڵایەتییەكان، وەك بوارێكی سەرەكی دەبینن[6].

شایەنی باسە ڕای جیاواز هەیە لەسەر بەكارهێنانی سیاسەت لەلایەن بزاڤە ئیسلامییەكانەوە لەوانە فەتحوڵڵا گولەن، هەڵوێستێكی دژی ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانە، كە لە بواری سیاسییدا

---

[1] Shahram Akbarzadeh and Abdullah Saeed: Islam and Politics, From Book of: Shahram Akbarzadeh and Abdullah Saeed(Edited): Islam and Political Legitimacy, 1st Published, Routledge Curzon Press, New York, 2003, P.6.

[2] ڕاشید غەنوشی: (١٩٤١) لە شاری حامە، لە ویلایەتی قابس، لەدایكبووە، لە مزگەوتی زەیتونە بڕوانامەی لە بنەماكانی ئاییندا بەدەستهێناوە، ساڵی(١٩٦٤)چووەتە میسر، لە زانكۆی قاهیرە لە كۆلێژی كشتوكاڵ درێژەی بە خوێندن داوە، بەڵام بە بڕیارێكی جەمال عەبدولناسر، لە خوێندن دووردەخرێتەوە، ناوبراو لەكاتی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامییدا هەرجارەو لە چوارچێوەی قەوارەیەكی سیاسی ئیسلامییدا كەوتوتە جموجوڵ، لەسەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەم پارتێكی بەناوی بزووتنەوەی ڕەوتی ئیسلامی دامەزراند. غەنوشی وەك مەترسی لەسەر ئاسایشی وڵات سزای زیندانی بێ ئامادەبوونی خۆی لەلایەن حكومەت تونسەوە بۆ دەركراوە، ساڵی(١٩٩١)وە لە(ئەكتۆن)ی نزیك لەندەن ژیاوەو لە(٢٠١٤) گەڕاوەتەوە تونس و(بزووتنەوەی بوژانەوە)ی دامەزراند، ڕاشید غەنوشی، هەتاوەكو نووسینی ئەم توێژینەوەیە لە ژیاندا ماوە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:** http://ar.rachedelghannouchi.com/sira **وەرگیراوە لە، ١٤ی حوزیرانی٢٠٢١).**

[3] بلال محمود محمد الشوبكي: التغير السياسي من منظور حركات الاسلام السياسي في الصفة الغربية وقطاع غزة(حركة حماس نموذجا)، قدمت هذه الاطروحة استكمالا لمتطلبات درجة الماجستر فى التخطيط والتنمية السياسية بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين،٢٠٠٧، ص٢٥.

[4] Aini Linjakumpu: Op.Cit , P.59.

[5] John L Esposito: What Everyone Needs to Know About Islam, Oxford University Press, New York, 2011, P.183-185.

[6] Olivier Roy: The Failure of Political Islam, Translated by Carol Volk, Harvard University Press , Massachusetts, U.S.A, 1994, P.36.

کاردەکەن گرتووەتەبەر، وایدەبینێت ئیسلام دەخەنە مەترسییەوەو ئیسلام لەوە پاکترە بخرێتەناو کەش‌وهەوای سیاسی دامەزراو لەسەر پراگماتیزم و هاوسەنگی بەرژەوەندییەکان[١]، هەربۆیە گولەن دەڵێت:"خەڵک دەتوانن لە بیروڕاو بۆچوونیان جیاوازبن، بەڵام بەلای منەوە بە سیاسیکردنی ئیسلام خیانەتێکی گەورەیە لە ڕۆحی ئیسلام. ئیسلام ئایینە و ناکرێت بە ناوێکی دیکەوە ناوببرێت"[٢]. هەرچی ئۆلیڤەر ڕواشە پێیوایە لەڕاستیدا ئیسلامگەرایی بۆخۆی بە سیکۆلاریزمەکردنی کۆمەڵگەی موسڵمانەکانە لەبەرئەوەی چوارچێوەی بۆ چوارچێوەی سیاسی دەگۆڕێت و بەبڕوای خۆیان ئەم کارە لە بەرژەوەندی ئایین دەیکەن[٣]. واتە ئایین دەکاتە ئامرازێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، لەم پێناوەدا ئامرازگەلی جۆراوجۆر لە بۆتەی ئاییندا بەکاردەهێنێ لەو بوارەدا زۆرجار ئەم بزاڤە ئیسلامییانە لە هەنگاونان بۆ گەیشتنە دەسەڵات ناتوانن سەنگو قورسایی ڕکابەرەکانیان لەبەرچاوبگرن، هەربۆیە زۆرجار لەلایەن ڕکابەرەکانیانەوە وەک مەترسی و هەڕەشەی جدی لەسەر گۆڕەپانی وڵاتەکانی خۆیان لێیان دەڕوانن.

بە پێچەوانەی گولەن و ئۆلیڤەر ڕواوە، سەید قوتب[٤]، کە بە کاریگەرترین مونەزیری ئیسلامی سیاسی دادەنرێت[٥] جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سیاسەت بەشێکە لە ئایین و پراکتیزەی لەلایەن مرۆڤایەتی و تەواوی ڕەهەندەکانی پێویستە بۆ پێوەرە عەقیدەییەکان و جێبەجێکردنی چەمکی جیهادی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ملکەچ بێت [٦].

ئیسلامیست یان ئیسلامییەت، ئەم چەمکە وەک تەوژم و چالاکییەک لەسەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی موسڵماناندا بوون بەکاردەهێنرا، لەو قۆناغە بەدواوە لەناو موسڵماناندا هەوڵی بەسیاسیکردنی ئیسلام دەستیپێکرد، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لێیبڕوانرێت ئەوا ئیسلامی ناوی ئایینێکە و ئیسلامییەت بریتییە لە دۆخی سیاسی ئیسلامی یاخود ئیسلامی سیاسی، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ئیسلامییەتی لە چوارچێوەی ئایینی و کۆمەڵایەتییەکەیدا دەرکرد و بردیەناو ژیانی سیاسییەوە. عەبدولحەمید بەمەبەستی هێشتنەوەی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی چەمکی

---

[١] د.طارق عبدالجليل السيد: الحركات الاسلامية في تركيا المعاصرة،(دراسة في الفكر والممارسة)، وەرگیراوە لە: ٢٤ی تەمموز ٢٠٢٠.
https://ikhwanwiki.com/index.php?title=%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D9%83%D8%A7%D8%AA_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85%D9%8A%D8%A9_%D9%81%D9%8A_%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7_%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B9%D8%A7%D8%B5%D8%B1%D8%A9.

[٢] م.ن. (بۆ زانیاریی، زیاتر، لەسەر گولەن، بڕوانە: بەشی سێیەم، باسی دووەمی توێژینەوەکە).

[3] Olivier Roy: Op.Cit, P.39.

[٤] سەید قوتب: لە(٩)ی تشرینی یەکەمی (١٩٠٦) لە گوندی(موش)ی سەر بە پارێزگای(ئاسیوت)ی میسر لەدایکبووە، لەهەمان گوند، خوێندنی سەرەتایی دەستپێکردووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە (١٩٢٩)دا چووەتە خانەی مامۆستایان، لە ساڵی(١٩٣٣)بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئاداب بەدەستهێناوە. ناوبراو دەستی لە پیشەی مامۆستای هەڵگرتووەو پەیوەندی بە(ئیخوان موسلیمین)ەوە کردووە، لە (١٩٥٦)بەهۆی هەڵوێستەکانیو بیروباوەڕەکانییەوە دەستگیرکراوە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکراوە، دواجار لە(٢١)ی ئابی(١٩٦٦) بڕیاری دادگای بەسەردا جێبەجێکرا و لە سێدارەدرا. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالله العقيل: من أعلام الدعوة والحركة الاسلامية المعاصرة، ج١، ط٢، مركز الحضارة للبحوث والدراسات والتدين، اسطنبول، ٢٠١٨، ص٣٢٣-٣٣٤).**

[5] Rachel M. Scott: Op.Cit, P.44.

[٦] سيد قطب: في ظلال القران، ج١، ط٣٢، دار الشرق، القاهرة،٢٠٠٣،ص٢٣٣؛ نهى عبدالله حسين السدمي:م.س،ص ٢٨.

ئیسلامییەت و ئیسلامی سیاسی بەکارهێنا و پەیڕەوی لێکرد[1].

خاڵی هاوبەشی بزاڤە ئیسلامییەکان بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، کولتوری ئەم بزاڤانە ئاماژەن بۆ ڕەتکردنەوەی بارودۆخی هەنوکەیی لە کۆمەڵگەکانیان و سیستمە ئیسلامییەکەیاندا، بەوپێیەی بە تێڕوانینی ئەوان بارودۆخ لە ئیسلام دەرچووە، هەربۆیە جەخت لەسەر تێکۆشان بۆ هەستانەوەی ئیسلام وەک سیستمێکی گشتگیر بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی موسڵمانان دەکەنەوە[2].

هەرچۆنێک بێت بەدرێژای ئەو قۆناغەی، کە چەمکی ئیسلامی سیاسی تێیدا دەرکەوتووە، هەتاوەکو هەنووکە لەناو سەرجەم چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان و ڕۆژئاواییەکان ئەم چەمکە بەکارهاتووە و بڵاوبووەتەوە، هەندێک دژی بەکارهێنانی زاراوەکەن و هەندێکی دیکەش پەسەندی دەکەن، هەتاوەکو ئەمڕۆش بووەتە باسی گرنگ لای توێژەر و بیریارانی ئیسلامی و ڕۆژئاواییەکان. بە تێڕوانین لەو پێناسانەی بۆ چەمکی ئیسلامی سیاسی کراوە، بەدرێژای قۆناغە مێژووییەکان لە پاڵ ئیسلام وەک ئایین سیاسەتیش پراکتیزە کراوە، بەتایبەتی لە سەرەتایی سەدەی بیستەمەوە پاش درووستبوونی پارت و ڕەوتی ئیسلامی، چیدی نەتوانرا نکۆڵی لە بوونی ئیسلامی سیاسی بکرێت.

هەندێک لە توێژەر و بیرمەند پێیانوایە بەکارهێنانی چەمکی ئیسلامی سیاسی لە بەرژەوەندی ڕۆژئاواییەکانە ئامانج لێی جیاکردنەوەی سیاسەتە لە ئایین، هەربۆیە ئەم چەمکە ڕەتدەکەنەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ:(گشتگیریی ئایینی ئیسلام لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری...هتد، ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا ڕۆژئاواییە لەناو موسڵماناندا نەبووە، بۆیەکەمجار ئەدۆلف هیتلەر(١٨٨٩-١٩٤٥)، لەمیانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ حاجی محەمەد ئەمین حوسینی[3]، بەکاریهێناوە. کاتی بەکارهێنانی ئەم چەمکە حوسینی بە هیتلەری، وتووە:"نە لە جولەکە و نە لە کۆمۆنیزم ناترسم، لە چەمکی ئیسلامی سیاسی دەترسم خەڵک حەزی لێبکەن و لەگەڵ ڕۆژگاردا بەکاریبهێنن"[4]، بەڵام محەمەد عمارە، پێیوایە چەمکی ئیسلامی سیاسی بۆ یەکەمجار لەلایەن شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزاوە[5]،

[1]Mehmet Ali kirman: Din Sosyolojisi Terimleri Sözlüğü, Rağbet Yayınları, İstanbul, 2000, Sayfa114-115 ).

[2] نهى عبدالله حسين السدمي: م.س، ص٤٦.

[3] حاجی محەمەد ئەمین حوسینی: لە (١٨٧٩)لە قودس لەدایکبووە، سەرەتایی و ناوەندی هەرلە قودس خوێندووە، لەهەمانکاتدا لەسەردەستی مامۆستای تایبەت فێری زانستی شەریعە و زمانی عەرەبی و فەرەنسی بووە، پاشان چووەتە زانکۆی ئەزهەر لە میسر، لەوماوەیەدا لەزۆربەی وانەکانی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی میسر ئامادە بووەو، پەیوەندی لەگەڵ زۆر لە کەسایەتییە دیارەکانی عەرەبو جیهانی ئیسلامی هەبووە. ناوبراو سەرۆکی کۆنگرەی جیهانی ئیسلامی بووە، لە(٤)ی تەمموزی(١٩٧٤)کۆچی دوایکردووە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد أمين الحسيني: مذكرات، اعداد وتصنيف عبدالكريم العمر، ط٢، الأهالي للطباعة والنشر، دمشق،١٩٩٩،ص١٥-٢٣).**

[4] بلال محمود محمد الشوبكي: م.س، ص٢٢.

[5] محەمەد ڕەشید ڕەزا: (١٨٦٥) لە گوندی(قەلمون)لە لبنان لەدایکبووە، لە روشدییەی تەرابلوس لە شام خوێندویەتی، زانستەکانی نەحو صەرف و ژمێریاری و بنەماکانی جوگرافیا و چەند زانستێکی دیکەی خوێندووە، پاشان وازی لە خوێندن هێناوە، دواتر چووەتە قوتابخانەی(نیشتمانی ئیسلامی)لە تەرابلوس لە(١٨٩٧) ئینجازەی لە زانستە شەرعیەکان و زمانی عەرەبی بەدەستهێناوە، پاشان ئاشنابووە بە ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی و لەوبوارەدا زۆر قوڵبووەتەوە، لەسەردەمی چاکسازییدا ناوبراو لە پێشەنگەکانی فکری ریفۆرمی ئیسلامی بووە، لە(١٩٣٥) کۆچی

بۆ گوزارشت لە حکومەتە ئیسلامییەکان بەکارهێنراوە، کە ناوی ناون"ئیسلامی سیاسی" واتە ئوممەتی ئیسلامییان بە سیاسی کردووە، ئاماژەش بەوە دەکات، لە ئێستادا زاراوەی ئیسلامی سیاسی بەکاردێت بۆ گوزارشتکردن لەو بزووتنەوە ئیسلامییانەی، کە بە سیاسەتەوە سەرقاڵن. ئەم زاراوەیە دابڕینی ئیسلامە لە سیاسەت، یان کورتکردنەوەیەتی لە سیاسەتدا لەبەر ئەوەی ئیسلام بێ سیاسەت نییە[1]، هەرچی محەمەد یوسف عەشماوی لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات یەکەم کەس بووە زاراوەی ئیسلامی سیاسی، بەکارهێنابێت کاتێک کتێبەکەی بەناوی(ئیسلامی سیاسی) لە(١٩٨٧) بڵاوبووەوە، پاش ئەوە ئەو زاراوەیە لەلایەن خودی ئیسلامییەکانیشەوە بەکارهات، زاراوەکە بوو بە دەربڕینێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تەنانەت لەلایەن خودی نووسەرو بانگخوازانی گروپە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە بەکاردەهێنرا[2]. پێمانوایە ئیسلامی سیاسی لە قۆناغەکانی پێشتر و پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی عەشماوی چ وەک چەمک، یان وەک پراکتیزەکردنی بەکارهاتووە و ناسراوە، بەڵام لە قۆناغی هەشتاکانی سەدەی بیستەم چەمکی ئیسلامی سیاسی بەفراوانی بڵاوبووەتەوە، تازەترین بۆچوونەکان، کە بانگەشەی بۆ دەکرێت، بۆ جێگرەوەی ئیسلامی سیاسی، ئەو بۆچوونە بوو، کە لەلایەن گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان(International Crisis Group) دەریانکرد، ئەویش بەکارهێنانی چەمکی(بزاڤی ئیسلامی) وەک ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامی سیاسی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم چەمکە زیاتر لە رووی کردارییەوە گونجاوە)[3].

لەڕاستیدا جیاوازی هەیە لەنێوان توێژەراندا دەربارەی ریزبەندی بزاڤە ئیسلامییەکان، کە سێ ئاڕاستە لەم بارەیەوە دیاریدەکرێت: ئاڕاستەی یەکەم وای دەبینێت، کە بزاڤی کۆمەڵایەتین، ئاڕاستەی دووەم: پێیوایە بزاڤی سیاسیین، هەرچی ئاڕاستەی سێیەمە جەخت دەکاتەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەهەمانکاتدا بزاڤی سیاسیی و کۆمەڵایەتین لەیەککاتدا[4]، هەربۆیە دەتوانین بڵێین بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەیەککاتدا رەوتی ئایینی و سیاسیی و سەربازیی و کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریشن، مەرج نییە بزاڤی ئیسلامی سیاسی لەیەککاتدا هەموو ئەو سیفەتانەی پێکەوە بگرێتەخۆ واتە دەکرێت بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بێ چەک چالاکییەکانی ئەنجام بدات، هەیە پشت بە چالاکی سەربازیی و نهێنی و ئاشکرا دەبەستێت بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی سیاسی خۆیان.

بزاڤە ئیسلامییەکان بەچەند ریزبەندییەک دابەشکراوە، لەوانە:

**ریزبەندی یەکەم:** بەشێک لە توێژەران و بەتایبەتی رۆژئاواییەکان پەیڕەوی دەکەن، کە بزاڤە ئیسلامییەکان بەپێی سنوری پەیوەندیی لەنێوان دەق و واقیعدا، بۆ دووگروپ دابەشدەکەن: (أ-بزاڤی کلاسیکی(تقلیدی): ئەو بزاڤانەیە، کە وێنەی ئوسوڵیەتیان بەسەردا براوە. ب-بزاڤی پێشکەوتووی لیبراڵی نوێگەرا: ئەمانە بە پێچەوانەی بزاڤی تەقلیدییەوە کەمتر چەقبەستوون و لە راڤەکردنی

دوایی کرد. (**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.إبراهیم أحمد العدوي: رشيد رضا الإمام المجاهد، المؤسسة المصرية العامة، القاهرة، ب.س).**

[1] نهى عبدالله حسين السدمي: م.س، ص٢٨.

[2] الإسلام السياسى، ط٤، مكتبة مدبولى الصغير، مصر، ١٩٩٦،ص٦-٧.

[3] بلال محمود محمد الشوبكي: م.س، ص٢٢-٢٣.

[4] نهى عبدالله حسين السدمي: م.س، ص٤١.

شەریعەتی ئیسلامی و پەیوەندی بە فەرهەنگی نائیسلامییەکانەوە زیاتر کراوەن)[1].

**ریزبەندی دووەم:** وەستاوە لەسەر ئەو ئامانجانەی، کە هەوڵدەدرێت بۆ بەدەستهێنانی لەلایەن بزاڤە ئیسلامییەکانەوە، پشتیوانانی ئەم ریزبەندییە پێیانوایە، دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی ئامانجێکی جێگیرە لەلای زۆر لە بزاڤە ئیسلامییەکان

**ریزبەندی سێیەم:** پشت دەبەستێت بە سروشتی بزاڤە ئیسلامییەکان بۆ دوو جۆر ریزبەندکراوە: بزاڤە ئایینیەکان، کە پرۆژەی سیاسییان هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەو بزاڤە ئایینییانەی تەنیا پرۆژەی ئایینییان هەڵگرتووە.

**ریزبەندی چوارەم:** پشت دەبەستێت بە ئاڕاستەی جوڵەی ئەو بزاڤانەو ئەو دوژمنەی دەیکەنە ئامانج ئەمەش دەبن بە دوو جۆرەوە: ئەو بزاڤانەی کاردەکەن دژی دوژمنی نزیک، کە خۆی دەبینێتەوە لە رژێمە فەرمانڕەواکان، جۆرکەی دیکە ئەو بزاڤانەیە دژی دوژمنی دوور خۆی دەبینێتەوە لە ئەمریکاو ئیسرائیل کاردەکەن[2].

**هەندێکی دیکە بزاڤە ئیسلامییەکان بۆ چوار جۆری سەرەکی دابەشدەکەن:**

**یەکەم: بزاڤی ئیسلامی سیاسی:** ئەم بزاڤانە میانڕەون و مەیلیان بۆ کارکردن لەناو سیستمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی باو هەیە، هەربۆیە ئەمەش هاندەرە بۆ گۆڕانکاریی بە رۆحێکی چاکسازیخوازانە نەک شۆڕشگێڕانە.

**دووەم: بزاڤی ئیسلامی سەلەفی:** ئەمانە خاوەن پرۆژەی فێرخوازی ئیرشادین و بایەخ بە سیاسەت نادەن.

**سێیەم: بزاڤی جیهادی شۆڕشگێڕی:** ئەمانە لە بنەڕەتدا فکریان سەلەفییە، بەڵام جیاوازن لە سەلەفییە تەقلیدییەکان لە هەڵوێستیان بەرامبەر فەرمانڕەواکان و مەیلیان ملکەچکردنە بۆ ئەمری واقیع، ئەم بزاڤانە ژمارە و هاوسۆزییان لەناو کۆمەڵگەکاندا زۆرنییە.

**چوارەم: بزاڤی ئیسلامیی لیبراڵی:** ئەم بزاڤانە، کە رۆژئاواییەکان هەوڵیانداوە هانیان بدەن دژی بزاڤە ئیسلامییە توندڕەوەکان. توێژەرانی رۆژئاوا وایدەبینن، گروپە گەشەکردووەکان لە جیهانی ئیسلامیدا هەن، کە بانگەشەی چارەسەری لیبراڵی و میانڕەوی بۆ کێشەکانی ئایین و کۆمەڵگە دەکەن و گرنگی بە بابەتەکانی وەک: دیموکراتیو جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتو مافی ژنان...هتد دەدەن[3].

---

[1] Ali R. Abootaleb: Islam, Islamists, and Democracy,MERA, Middle East Review of International Affairs, Vol. 3 No. 1/March 1999 وەرگیراوەلە:٣ی حوزیرانی٢٠٢١، لە:
https://ciaotest.cc.columbia.edu/olj/meria/meria99_abootalebi01.html

[2] نهى عبدالله حسين السدمي: م.س، ص٥٩-٦٠ .

[3] م.ن، ص٦٠-٦١ ؛ د.صالح عبدالرزاق فالح الخوالدة: م.س، ص١١-١٢.

حەسەن بەننا[١]و ئەبوعەلای مەودوودی[٢]، کە بە باوکی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ دادەنرێن. هەردووکیان دووبارە تەفسیری عەقیدەیان کردەوە، هەتاوەکو وا لە ئایین بکەن ئامرازێک بێت بۆ کاری کۆمەڵایەتیی و سیاسی. ئەم تێگەیشتنەش بووەتە سیمایەکی هاوبەشی ئیسلامی سیاسی. سەبارەت بە حەسەن بەننا و ئەبوعەلای مەودودی، پێیانوابوو، تەوحید-یەکتاپەرستی- لە یەکگرتوویی سیاسی لە سایەی شەریعەت خۆی دەنوێنێت وەک شێوازێکی گشتگیری ژیان و حکومەتی ناوەندی و خیلافەتی ئیسلامی. دوای هەرەسی خیلافەت وەک ناوەندێکی یەکێتی سیاسی ئوممەت(کۆمەڵگەی جیهانی موسڵمانان)، حەسەن بەننا و ئەبوعەلای مەودودی، پێشنیازیان کرد شەریعەت ببێتە چەمکێکی یەکگرتووی بەدیل. واتە شەریعەت ببێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ شەرعییەتی دەوڵەت و ئاراستەی دەستوور و دەسەڵاتی سیاسی. بەننا و مەودوودی، جەختیان لەسەر چالاکیی و بەشداریی تاکەکان لە کاروباری کۆمەڵگە وەک پێویستی و ئەرکێکی ئایینی دەکردەوە[٣]، هەروەها سەبارەت بە ڕۆژئاوا پێیانوابوو ڕۆژئاوا زۆری پێنییە، بە ئیسلامی پێشکەش بکات. ئیسلام تەواوی بەها پێویستەکانی پێشکەوتنی تێدایە و تەنیا لەڕێگەی بووژانەوەی ئیسلامییەوە دەتوانرێت کۆمەڵگە ئیسلامییەکان نوێگەری بەدەستبهێنن. بە پێچەوانەی دەستەبژێری ڕۆژئاواوە، بەننا و مەودوودی دەیانویست مۆدێرنە ملکەچ بکەن بۆ ئیسلام، نەک بە پێچەوانەوە[٤]. ئیسلامییەکان لە بزووتنەوە ناڕازییە سیاسیی و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ بزووتنەوە زۆر کۆنەپارێزەکان، لە بری دووبارە دابەشکردنەوەی ئابووری، زیاتر تەرکیزیان لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە ئەخلاقەوەیە. ئیسلامییە زۆر میانڕەوەکان مەیلیان بەلای پەیڕەوکردنی ڕاڤەیەکی نەرمە بۆ ئیسلامو دەقە پیرۆزەکان، لەکاتێکدا ئیسلامییە کۆنەپارێزەکان مەیلیان بۆ پەیوەستبوونە بە ڕاڤەی توند و

هەولێری کتێب

---

[١] حەسەن بەننا:(١٤)ی تشرینی یەکەمی(١٩٠٦)لەشاری مەحموودییەی سەر بە پارێزگای(البحیرە)ی قاهیرە لەدایکبووە، سەرەتا لە قوتابخانەی ڕەشادی ئایینی لای شێخ محەمەد زهران قوتابی بووە، پاشان چووەتە ئامادەیی مەحمودییە لەوماوەیەدا زۆر بایەخی بە کاروباری ئیسلامی داوە. ناوبراو لە(١٩٢٧)وە لە ئیسماعیلیە وەک مامۆستا دەستبەکاربووە، پاشان لە(١٩٢٧) بیرۆکەی دامەزراندنی(الإخوان المسلمین) لەگەڵ شەش کەسی دیکەی هاوڕێی لا دروستبووە، لە ئازاری(١٩٢٨) یەکەم شانەی برایانی موسڵمان(الإخوان المسلمین)ی دامەزراند. بەننا دوای دەستبەسەرکردنی لەلایەن کاربەدستانی حکومەتەوە لە شوباتی (١٩٤٩)تیرۆرکرا. (**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مستەفا محەمەد تەحان: ئیمام حەسەن بەننا، و. محەمەد عبدولڕەحیم، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٧-٩١).**

[٢] ئەبوعەلای مەودوودی: لە(١٩٠٣)لە شاری(ئۆرنج ئاباد)ی سەر بە ویلایەتی(حەیدەر ئاباد)ی باشووری هیندستان لەدایکبووە، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبیو قورئانو فەرموودەکانی داوە. مەودودی لە (١٩٤١)کۆمەڵەی ئیسلامی(الجماعة الاسلامیة) لە(لاهور) دامەزراندووەو خۆی بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەکە، ناوبراو لە وتار و کتێبەکانیدا داوای دەکرد ئایینی ئیسلام، لەسەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێت، هەربۆیە لەگەڵ هەندێک لە هاوبیرەکانی دەستگیرکران، بەڵام بە فشاری لایەنگرانیو خەڵک لە حوزیرانی(١٩٥٠) ئازادکران. ناوبراو لە(٢٠)ی ئەیلولی(١٩٧٩) لە نەخۆشخانەی(بافلد) لە نیۆرک کۆچی دوایی دەکات تەرمەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ پاکستانو بەخاکسپێراوە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالله العقیل: م.س، ص٤٤-٥٧).**

[3] John L. Esposito and Emad El-Din Shahin: Key Islamic Political Thinkers, Oxford University Press, United States of America, 2018, P.4-5.

[4] Ibid, P.6.

حەرفی دەقە پیرۆزەکان. تەنانەت جیاوازیشن لەوەی پێویستە کێ دەسەڵاتی ئایینی پێ ببەخشرێت[1].

**- هۆکارەکانی دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی لەوانە:**

**١- هۆکاری سیاسی:**

هەندێک لەوباوەڕەدان دارمانی خیلافەت و هەرەسی بارودۆخ لە دەوڵەتی عوسمانییدا لەپاڵ داگیرکاریی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتانی عەرەبی، کە هەندێک لە شیکەرەوان ئەوەیان بە رابوونی ئیسلامی ناوبرد. هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو ئاڵنگارییە سەرەکییانەی، کە لەماوەی دوو سەدەی ڕابردوو روبەڕووی جیهانی ئیسلامی بوویەوە[2]. هەرچەندە خەلافەتی عوسمانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بە رواڵەت مابووەوە، ساڵی (١٩٢٤) بەفەرمی هەڵوەشایەوە، لە جێگەیدا رژێمێکی سیکۆلاریزم لەسەر تەرزی رۆژئاوایی لە تورکیا دامەزرا. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وێڕای جەوروستەمی، جیهانی ئیسلامی لە چاوتێبڕینەکانی داگیرکاری رۆژئاوا دەپاراست[3]، هەربۆیە داگیرکاری رۆژئاوا بەتایبەت لە سەدەی بیستەم کاریگەریی گەورەی لەسەر بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی هەبوو. لەبەرئەوەی رۆژئاواییەکان هۆکاری بێزارکردنیان وەک بە رۆژئاوایکردنی فکری بەهەموو ئاست و شێوازەکانییەوە بۆ گەلانی ئیسلامی لەگەڵ خۆیاندا هێنا[4].

هەندێکی دیکە پێیانوایە، دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کاتێک کۆمەڵێک بیرمەند و داهێنەری وەک جەمالەدین ئەفغانی[5] و محەمەد عەبدە[6]و محەمەد رەشید رەزا، هەستان بە بەرەوپێشبردنی ئیسلام بە ئاڕاستەی مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی پێشکەوتووی دەوروبەریان. ئەمانە پێیانوابوو گەلانی ئیسلامی لە ژیانێکی قورس و ناخۆشدا دەژین بەهۆی ئەوەی حکومەتەکانیان زۆر لاوازن و ناتوانن لە دەستتێوەردانی بێگانە بیانپارێزن. لەو

---

[1] John L Esposito, Lily Zubaidah Rahim and Naser Ghobadzadeh: Introduction: Theological Contestations and Political Coalition-Building, **Fom Book of**: John L. Esposito · Lily Zubaidah Rahim Naser Ghobadzadeh: The Politics of Islamism; Diverging Visions and Trajectories, Palgrave Macmillan, Switzerland, 2018, P.2.

[2] د.صالح عبدالرزاق فالح الخوالدة: م.س، ص١٢،١٣.

[3] عەلی رەزا: بۆچونێک لەمەڕ بە سیاسیکردنی ئیسلام بۆ گفتوگۆکردن، چ١، بڵاوکراوەکانی گوڵان، ب.ش،١٩٩٩، ل١٧.

[4] د.صالح عبدالرزاق فالح الخوالدة: م.س، ص١٣.

[5] جەمالەدینی ئەفغانی: ناوی موحەمەدە و نازناوی جەمالەدینە، لە (ئەسەد ئاباد)ی سەر بە هەمەدانی ئێران لەدایکبووە، هەندێک پێیانوایە لە ئەفغانستان لەدایکبووە. ناوبراو یەکێک بوو لە خاوەن فکرە چالاکەکانی رۆژهەڵات، کە بۆ چاکسازی ئایینی و کۆمەڵایەتی پاشان یەکخستنی جیهانی ئیسلام هەوڵیداوە. جەمالەدین ئەفغانی بۆ ماوەی چوارساڵ لە نەجەف ماوەتەوە لەوێ بایەخی بە فێربوونی زمانی عەرەبی و زانستە جۆراوجۆرەکان داوە. ئەفغانی بەزۆری تەمەنی لە میسر، ئەستەنبوڵ، لەندەن و پاریس بەسەربردووە، لە (١٨٩٧)کۆچی دوایی کرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. محمد عمارة: جمال الدين الأفغاني موقظ الشرق وفيلسوف الاسلام، ط٢، دارالشرق، القاهرة، ١٩٨٨، ص٢٠-٥٠).**

[6] محەمەد عەبدە: لە(١٨٤٩)لەدایکبووە، پێشەنگی رۆشنگەرانی سەدەی نۆزدەیەمی ئیسلامییە، بۆچوونە رەخنەییە پەروەردەیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی مایەی سەرسامییەکی گەورە بوون، وەک زانایەکی لیبراڵی ئیسلامی کلاسیک دژبە تەوژمیی دۆگمایی‌و سیکۆلار وەستاوەتەوە، لەسەر رێبازی نوێگەرای لەنێوان ئەو دوو تەوژمەدا پەرەیداوە بە بیروڕاکانی لە پەیرەوانی نزیک جەمالەدین ئەفغانی بووە، پێکەوە گۆڤاری" العروة الوثقى" دەرکردووە، زیاتر لە جارێک زیندانی کراوەو، لە (١٩٠٥)کۆچی دوایی کردووە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محەمەد عەمارە: پێشەوا محەمەد عەبدە تازەگەری ئیسلام، و. بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١).**

باوەڕەدابوون چارەسەری ئەو دۆخە بە یەکخستنی لۆژیکی نێوان ئایین و زانست دەبێت، لەڕێگەی چاکسازیی سیاسییو کۆمەڵایەتییو ئابووریی گشتگیر کە لەسەر تێگەیشتنی هاوچەرخ و کاراکردنی دامەزراوەی زانستیو فێرکاری هاتبێتەکایەوە[١]. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی ئەوەبوو، کە بە هاتنی دەیەی حەفتەمی سەدەی بیستەم، بەهۆی شکستی ڕەوتی ناسیۆنالیزم لە جیهانی ئیسلامیدا بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، بووە کلیلێک بۆ دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی، کە تێیدا شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ بکرێت[٢].

کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکانیش لە گەشەسەندنی بزاڤە ئیسلامییەکاندا گەورەیە، کە فەراهەمی هەندێک لە ڕەگەزەکانی هێز بۆ گروپە ئیسلامییەکان دەکات، هەتاوەکو هانیان بدات بۆ ئەوەی ئەو بزاڤانە دەستبکەن بە چالاکی، ئەویش بە پێدانی دارایی و ڕاهێنان، زۆربەی کات ئامانجەکانی بزاڤەکە لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەردا بڵاودەبێتەوە، هەروەک کاردانەوەیەک هەندێک لە بزاڤەکانی دیکە پشتگیری دەکەن و هەندێکیش دژین، بە نمونە شۆڕشی گەلانی ئێران(١٩٧٩)، هۆکارێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی دیکتاتۆریەتی شاە و نەبوونی دیموکراسی و ئازادی بوو، کە بووەهۆی دانانی بەردی بناغەی بووژانەوەی دیاردەی ئیسلامگەرایی و ڕەوتە ئیسلامییەکان بە پشتیوانی ماددی و هونەری کە پێویستیان بوو، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕش(تصدير الثورة) بۆ جیهانی ئیسلامیی و پشتیوانیکردنی ماددی و سەربازیی لە هەندێک کاتدا، تێبینی دەکەین ئێران نمونەی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ لادانی شاە بە گونجاو بۆ زۆرێک لە جیهانی ئیسلامی دادەنا[٣]. لەم بارەیەوە هۆکاری بەهێزبوو بۆ کارئاسانی ئەم هەنگاوانەی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشو پشتیوانی گروپە ئیسلامییەکان.

هەروەک جەنگی ئەفغانستان لەدەیەی هەشتای سەدەی بیستەم دا، هەلێکی گەورەو بێوێنە بوو بۆ بزاڤە ئیسلامییەکان و گەشەکردنیان، هەربۆیە بە بایەخەوە دەیانڕوانیە ئەو شەڕە، هەندێک لە بزووتنەوە موجاهیدییەکان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیان و بە هاوکاری دارایی یارمەتیان بۆ سەرخستنی ئەفغانستان لەو شەڕەدا پێشکەش دەکرد[٤]. کۆتایی جەنگی سارد و هەرەسی جیهانی ئیشتراکی یەکێکی دیکە بوو لە هۆکارەکانی گەشەکردنی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا[٥].

**٢- هۆکاری ئایینیو ئایدیۆلۆجی:**

سەرهەڵدانی فکری ئیسلامی[٦]، دوای وەفاتی پێغەمبەر(د.خ)، گەشەکردنی ئەم فکرە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەسەردەستی بیریارانی ئیسلامو بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی کتێب و بەرهەمەکانی

---

[١] د.صالح عبدالرزاق فالح الخوالدة: م.س، ص١٣.

[2] John O. Voll: Political Islam and the State, **From Book of**: John L. Esposito and Emad El-Din Shahin (Edited): The Oxford Handbook of Islam and Politics, Oxford University Press, New York, 2013, P.61.

[٣] نهى عبدالله حسين السدمي: م.س، ص٥٥.

[٤] م.ن، ص٥٦.

[5] John L. Esposito and Emad El-Din Shahin: Op.Cit, P.154.

[٦] سەرهەڵدانی فکری ئیسلامی: بەوپێیەی، کە ئایینی ئیسلام سەرچاوەکەی سروش(وەحی)ە کە لە خواوەیە، بەڵام بە وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) وەحی کۆتایی هاتووە، ئیتر دەبوایە موسڵمانان کاریان بێتە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقە

هەریەک لە(حەسەن بەننا، سەید قوتب، ئەبوعەلای مەودوودی...هتد)، کاریگەریی گەورەیان هەبوو لەسەر دەرکەوتن و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی، دوای شۆڕشی(١٩٧٩)ی گەلانی ئێرانیش مەرجەعیەتی ئایینی رەهەندێکی سیاسی وەرگرت و بەوپێیەی فکرەی ئایینی جیاوازە لە فکرەکانی دیکە زیاتر ڕێزی لێدەگیرێت و بەخێرایی بڵاودەبێتەوە، زەمینەی فکری بۆ دەرکەوتنی پارت و کۆمەڵ و ڕێکخرای ئیسلامی خۆشکرد، لە لایەکی دیکەوە داڕمانی کۆمۆنیزم بۆشاییەکی فکری لەناو بەشێکی روناکبیراندا دروستکرد، هەتاوەکو ئەو کاتە هێشتا کولتوری دیموکراتی و لیبراڵی جێگەی خۆی لە وڵاتانی ئیسلامیدا نەکردۆتەوە[1].

**٣- هۆکاری ئابووریی و کۆمەڵایەتی:**

هەندێک لەو باوەڕەدان گەشەکردنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی بۆ نزمی ئاستی ئابووریی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لە جیهاندا دەگەڕێتەوە، هەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هەندێک بزاڤی سۆسیالیستی لە هەندێک دەوڵەتانی ئیسلامی لەژێر کاریگەریی فکری شیوعی دەرکەوتن، کە هەوڵیاندەدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی و کۆمەڵایەتی[2].

دەرکەوتنی بزاڤی ئیسلامی لە دیدی هەندێکدا هیچ نییە ئەوە نەبێت کاردانەوەیە دژی کێشەی توندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکاندا، هەروەک زۆرێک لە بیریارانی وەک(کارل مارکس، ماکس فیبەر، ئەمیل دۆر کهایم...هتد) جەختدەکەنەوە لەسەر ئەوەی بێبەشبوونی ئابووریی و کۆمەڵایەتی پابەندبوونی ئایینی زیاتر دەبێت[3]. لەڕاستیدا نکۆڵی لە رۆڵ و کاریگەری ئابووری ناکرێت لە دەرکەوتن و گەشەکردنی بزاڤە ئیسلامییەکاندا، هەربۆیە لە رۆڵی ئابووری لە کۆمەڵگەکان و کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی لە کۆمەڵگەکاندا باشترین نمونەش، کە چۆن بزاڤی ئیسلامی تیایاندا گەشەی کردووە، ئەفغانستان باشترین نمونەیە.

کاتێک لە حەفتای سەدەی بیستەم چەمکی ئیسلامی سیاسی دەرکەوت، ئاماژەبوو بۆ سیاسەتێکی چالاک بە ئاڕاستەی لەناوبردنی نادادی وگەندەڵی لەسەر ئاستی دەوڵەت، لەڕێگەی گۆڕینی دەوڵەتی سیکۆلاریزم، بۆ دەوڵەتی ئیسلامی. ئیسلامیزم پرۆژەکەی خستەڕوو لەڕێگەی بە شەیتانکردنی ئەوی دیکەوە پێیانوابوو سیکۆلارکان بەشێوەیەکی روون ئافرەت و جێندەر، بەکاردەهێنن بۆ شێواندنی و لەکەدارکردنی کەسایەتی ئەوانی دیکە و داڕنینی شەریعەت لێیان[4]. پەیوەندی نێوان ئایینو سیاسەت مەسەلەیەکی دیالیکتیکی کۆنی دوو جەمسەری چوستو چالاکە لە چوارچێوەی یەک هاوکێشەی جێگیردا، ئەم دوو جەمسەرە تاوێک بە ئەندازەی تێکهەڵکێش بوون و ئاوێتەبوون و

---

پیرۆزەکانو(ئیجتیهاد)یان تێدا بکەن، چونکە دەق لەخۆیەوە راڤەی خۆی ناکات و مانای خۆی بەدەستەوە نادات، هەربۆیە بیروڕای(مجتهدین)و لێدانەوەی(مفسیرین) و راڤەی راڤەکاران و ئەحکامی قازی و دادوەران هەمووی دەخرێتە خانەی فکری ئایینیەوە، واتە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ فکری ئایینە نەک خودی ئایین خۆی. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەلی رەزا: س.پ، ل٣٠-٣٥).**

[1] بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: ه.س، ل٣٠-٣٥.

[2] د.صالح عبدالرزاق فالح الخوالدة: م.س، ص١٣.

[3] نهى عبدالله حسين السدمي: م.س، ص٥٢-٥٤.

[4] Margot Badran: Political Islam and Gender, **From Book of**: John L. Esposito and Emad El-Din Shahin (Edited): The Oxford Handbook of Islam and Politics, Oxford University Press, New York, 2013, P.113.

توانەوە لێکنزیک دەبنەوە تاوێک لەیەک دووردەکەنەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک هەردوو جەمسەر هەمیشە کار لە یەکتری دەکەن و تێکهەڵکێشی یەکتریش دەبن بە نمونە لە تورکیادا ئەم تێکهەڵکێشی و دوو جەمسەرییە دەبینرێت[1].

بابەتی سیاسی هەمیشە جەوهەریی بووە لە ئیسلامدا و لەمڕۆدا لە بەرگێکی نوێدا بەدیاردەکەوێت لەنێوان ئەوانەی بەناوی نیشتمانپەروەریی و ئایدیۆلۆجییەوە رکابەریی ئەو جوڵەیەی گروپە دەسەڵاتخوازەکان دەکەن، کە تێدەکۆشن لە سێبەریی دەقە ئیسلامییەکاندا بۆ گێڕانەوەی شکۆمەندیی، کە لە رابردوودا خاوەنی بوون و هەنوکە لەدەستیانداوە. ئەم ململانێیە لە دوای رووخانی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی لە(١٩٢٤)وە بە هەڵکشان و هەورازونشێوی بەرزونزمی گوزەری کردووە، هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە.

[1] د.عصمت برهان الدين عبدالقادر: تطور الظاهرة الدنية- السياسة في تركيا المعاصرة، دراسات اقليمية، السنة ٢ العدد ٤، كانون الاول ٢٠٠٥، ص٦١.

## دووەم: مێژووی دەرکەوتنی پارتە ئیسلامییەکان لە تورکیا (١٩٢٣-١٩٨٣)

سیستمی سیاسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە خۆی لە سەڵتەنەتو خەلافەت دەبینییەوە قەدەغەکراو هەڵوەشایەوە، بەڵام پیاوانی خەلافەت و هاوئاهەنگەکانیان بەنهێنی دەستیانکرد بە خەبات لەم پێناوەشدا چەندین شێوازی وەک پارت و ڕەوت و کۆمەڵی ئیسلامییان دامەزراند، لەم باسەدا، تیشک دەخەینەسەر ڕێکخستنی نهێنی پارت و ڕەوتە جیاوازەکان، کە پێشینەبوون بۆ ئیسلامی سیاسی لە تورکیا.

لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە تێڕوانینی ئەوروپییەکانەوە سەرەڕای نەخۆشی و لاوازبوونی هێشتا بۆ وڵاتانی ئەوروپا سەرچاوەی دوودڵی و ترس بوو، هەرلەبەر ئەوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەموو هەوڵیاندا تورکیا لە شوناسە ڕاستەقینەکەی، کە ئیسلام بوو دوورخەنەوە، هەروەها دەیانویست لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەوڵەتێکی تورکی سیکۆلاریزم دروست ببێت[١].

دوای ئەوەی هاوپەیمانان بڕیاری بەستنی کۆنگرەی ئاشتیان لە لۆزاندا، مستەفا کەمال[٢]، شاندێکی بەسەرکردایەتی عیسمەت ئینۆنو[٣]، هەڵبژارد و لە کۆنگرەکەدا چەند پرسێک خرانەڕوو و گفتوگۆیان لە بارەوە کرا[٤]، لۆرد کرزۆن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، چەند مەرجێکی بۆ داننان بە تورکیای نوێدا دانا لەوانە: (بڕینی هەموو پەیوەندییەک بە ئیسلام، هەڵوەشانەوەی خیلافەتی عوسمانی بەتەواوی، گرتنەبەری دەستورێکی مەدەنی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سیکۆلار دەوڵەت...هتد)[٥].

---

[١] د.آزاد سعيد سمو: سعيد النورسي حركته ومشروع الإصلاحي في تركيا ١٨٧٦-١٩٦٠م، ط١، دارالزمان، دمشق، ٢٠٠٨، ص٤٨.

[٢] مستەفا کەمال: هەرچەندە مێژوونووسان لەسەر مێژووی لەدایکبوونی ڕای جیاوازیان هەیە هەندێک بە(١٨٨٠) زۆرینەی دیکە بە(١٩)ی ئایاری(١٨٨١) دادەنێن، لە شاری سالۆنیک لەدایکبووە. ناوبراو کوڕی عەلی ڕەزایە، لە خێزانێکی موسڵمانی تورک زمان سەربەچینی ناوەند بووە. مستەفا کەمال لە (١٨٩٣)چووەتە قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازیی، لەلایەن مامۆستاکەیەوە نازناوی کەمال پێدراوە، لە(١٩٠٢) کۆلێژی سەربازیی لە ئەستەنبوڵ تەواوکرد. سەرەتای کاری سیاسی لەنێو کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن(اتحادالترقی)بووە. ناوبراو لە(١٠)ی تشرینی دووەمی(١٩٣٨) لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أندرو مانجو: أتاتورک السيرة الذاتي لمؤسس تركيا الحديثة، ت.عمر سعيد الايوبي، ط١، أبوظبي، ٢٠١٨،ص٤٥-٤٦؛ فايزه علوش: مصطفى كمال أتاتورك و موقفة من الخلافة العثمانية ١٨٨١- ١٩٣٨، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماجستر، الجزائر، ص٢٧-٨٩).**

[٣] عیسمەت ئینۆنو: لە(٢٤)ی ئەیلولی (١٨٨٤) لە شاری ئیزمیر لەدایکبووە، ڕیشەی عیسمەت کوردە. ناوبراو لە(١٨٩٥)دەستی بە خوێندن کرد. دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە(١٩٠٠)وە چووەتە ریزی قوتابیانی کۆلێژی تۆپخانەی جەنگی، لە(١٩٠٣) بە پلەی ئەفسەری دوو یەکەم بووە، لە (١٩٠٧)وە لە شاری ئەدەنە، یەکێک لە ئەندامە کاراکانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی بووە، سەرکەوتنەکانی لە(١٩٢١)دا بەرامبەر بە یۆنانییەکان لە شەڕی ئینۆنو ناوبانگی دەرکرد. نابراو پاش نیوسەدە لە خزمەتکردنی تورکیا لە(١٩٧٣) لە ئەنقەرە کۆچی دوایی کرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.عەلا تەها یاسین: عیسمەت ئینۆنو ١٨٨٤-١٩٧٣ ڕۆڵی سیاسیی و هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا، و.بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٤٣-٥٧، ١٢٥-١٢٨،٣٥٩).**

[٤] ه.س، ل١٤٧.

[٥] فايزه علوش:م.س، ص٨٠ ؛ أنور جندي: العالم الاسلامي والاستعمار السياسيى والاجتماعيى والثقافى، ط٢، دار الكتب البناني، لبنان، ١٩٨٣،ص٤٣.

لەسەرتادا ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا ناڕەزایەتییان لە چۆنیەتی داننانی بەریتانیا بە سەربەخۆی تورکیا دەربڕی، لەبەرئەوەی وایان دەبینی ئەو بڕیارە توانای دەوڵەتی عوسمانییە بۆ کۆکردنەوەی وڵاتانی ئیسلامی لەدەوریی خۆی، بەڵام کرزۆن دڵنیای دایە وڵاتەکەیو وتی:"تورکیامان لەناوبرد دەستمان بەسەردا گرت...لەبەرئەوەی دەستمانگرت بەسەر دەسەڵاتەکەی، کە خۆی دەبینییەوە لە ئیسلامو خیلافەت"[١].

بەوپێیەی ئیسلامی سیاسی زادەی کۆمەڵگەی تورکییە، هاوکات سیکۆلاریزم زادەی هەمان کۆمەڵگەیەو، ئیدی چۆن دەستوەردانی دەرەکی لە سیکۆلاریزمی تورکی هەبوو، بەهامنشێوە دەستوەردانی دەرەکی لە ئیسلامی سیاسی هەیە.

لە(٦)ی تشرینی یەکەمی(١٩٢٣)دا هێزەکانی مستەفا کەمال چوونەناو ئەستەنبوڵەوە، ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا یاسایەکی نوێی دەرکرد، تایبەت بەوەی شاری ئەنقەرە ببێتە پایەختی فەرمی تورکیا لە بری ئەستەنبوڵ، لە(٢٩)ی تشرینی یەکەمی(١٩٢٣)دا ئەنجومەنی نیشتمانی، دانیشتنێکی مێژوویی سازکرد، کۆماری تورکیای ڕاگەیاند، لەهەمان ڕۆژ مستەفا کەمال، بەسەرۆککۆمار هەڵبژێرا بۆ ڕۆژی دواتر مستەفا کەمال، عیسمەت ئینۆنوی بە پێکهێنانی یەکەم حکومەت لەسەردەمی کۆمار ڕاسپارد[٢].

سەرەڕای ئەوەی ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا گێڕا، بەڵام بە ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیای نوێ یەکەمین هەوڵە چاکسازییەکانی مستەفا کەمال، دوورخستنەوەی ئاینی ئیسلام بوو لەهەر ڕۆڵگێڕانێک، هەربۆیە مستەفا کەمال، چوار ڕێوشوێنی لەم بارەیەوە گرتەبەر:

یەکەم: بەسیکۆلاریزمەکردنی کولتور کە لە دوو ڕێوشوێن خۆی دەبینییەوە[٣]: ڕێوشوێنی یەکەم، لە(٣)ی ئازاری(١٩٢٤) ئەنجومەنی نیشتمانی سێ یاسای گرنگی دەرکرد، یاسای یەکەم، خەلافەتی عوسمانی هەڵوەشاندەوە، یاسای دووەم، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری شەرعی، لەگەڵ پۆستی موفتی(شێخ ئیسلام) هەڵوەشاندەوە، هەمان ڕۆژ زۆربەی زانایانی ئایینی خانەنشینکران، یاسای سێیەم، یاسای یەکخستنی قوتابخانەکان بوو، کە بەم پێیە قوتابخانە ئاینییەکان داخران[٤].

ڕێوشوێنی دووەم: مستەفا کەمال(٣٠)ی ئابی (١٩٢٥)لە شاری قەستەمۆنی، کە ڕێبازی مەولەوی تێیدا بڵاوە وتارێکی پێشکەشکرد و وتی:"داواکردنی پشتیوانی لە گۆڕی مردوان ڕەوشتی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو نییە...کۆماری تورکی سیکۆلاریزم ناتوانرێت لەم ڕۆژە بەدواوە زەویەکی بەپیت بێت بۆ شێخ و دەروێشەکان، ڕێگەی ڕاست بریتییە: لەڕێگەی شارستانییەت، هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ گەیشتن بەو شارستانیەتە تەنیا بە زانستو مەعریفە نەبێت....شێخ و سۆفیگەرەکان پێویستە بەروونی

---

[١] فایزە علوش:م.ن، ص٨١.

[٢]د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د.خەلیل عەلی مراد: مێژووی ئێرانو تورکیا(توێژینەوەیەک لە مێژووی تازەو هاوچەرخ)، و.بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٨٧.

[٣] د. ادريس بووانو: الإسلاميون الجدد في تركيا، البدايات، المكونات، التحولات، المعادات، مصدر كتاب موقع الوحدة الاسلامية،٢٠٠٤، وەرگیراوە لە: (١٩)ی کانونی دووەمی(٢٠٢٠)، http//www. Alwihdah.com .

[٤] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بە ئیسلام و بزاوتی ئیسلامی لە تورکیا١٩٥٠-١٩٩٧، و.بەرزانی مەلا تەها و د.سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران،٢٠١٥، ل٤٠.

لەو قسەیە تێبگەن، تەكیە و خانەقاكانیان دابخەن بۆ هەمیشە پێش ئەوەی بەسەریاندا بروخێن"[1]، هەربۆیە لە ئەیلولی(١٩٢٥)دا تەكیە ومەزارگە ئایینیەكان داخران، هەروەها لە تشرینی هەمانساڵدا(مێزەر) و (فێس)، ئەو كڵاوە سورەی، كە پیاوماقوڵانی عوسمانی بەشێوەیەكی باو لەسەریان دەكرد قەدەغەكران، كڵاوی مۆدێلی ئەوروپی شوێنیان گرتەوە[2]، پاشان دوو فەرمانی دەركرد، كە پەیوەندیان بە یاساكەوە هەبوو، ئەویش ئەو تەكیە و زاویانەی، كە داخراون هەموو بگەڕێنەوە بۆ موڵكی دەوڵەت و ئەگەر بە نەقدیش فرۆشران ئەوا بدرێتەوە بە دامەزراوەو قوتابخانەكان لەبری تەكیە و زاوییەكان، سەرجەمی شتومەكی تەكیە و زاوییەكان بگوازرێنەوە بۆ شوێنی هونەریو مێژوویو مۆزەخانەكان لەوێ هەڵبگیرێن[3]، هەروەها لە(١)ی كانونی دووەمی(١٩٢٦)دا رۆژمێری زایینیی لەبری رۆژمێری عەرەبی ئیسلامی بەكارهێنرا، هەروەها لە (١٩٢٨)دا پیتی عەرەبی بۆ لاتینی لە نووسینی زمانی توركیدا گۆڕا، بەم هەنگاوە لە ماوەی شەوورۆژێكدا هەموو گەل بە رۆشنبیرەكانیشەوە بوون بە نەخوێندەوار، چونكە نەیاندەزانی ئەم پیتانە چیینو چۆن دەخوێنرێنەوە[4]، هەروەها لیژنەیەک بە سەرۆكایەتی محەمەد فوئاد كۆپەرلو پێكهات، بە ئامانجی(ریفۆرمی ژیانی كۆمەڵایەتی)، لەپێناو بە رۆژیاواییكردنی ئیسلام و رێكخستنی لەگەڵ خولیای مستەفا كەمالدا، دوای ئەوەی لیژنەكە راپۆرتی خۆی ئامادەكرد چەند راسپاردەیەكی لەخۆ دەگرت لەترسی پەرچەكرداری بەهێز راسپاردەی لیژنەكە فەرامۆشكران، جگە لە بانگدان بە زمانی توركی لەسەرتای كانونی دووەمی(١٩٣٢)دا جێبەجێكرا[5]، هەروەها لە ١٩٣٥یەكشەمە وەک رۆژی پشوو شوێنی هەینی گرتەوە. ئیدی سیكۆلاریزم لە(١٩٣٧) لەگەڵ پێنج بنەماكانی[6] دیكە خرانەناو دەستوورەوە[7].

دووەم: بە سیكۆلاریزمەكردنی دەستوور، لە(١٩٢٨) ماددەی دووەمی دەستووری(١٩٢٤)ی لابرد، كە باسی لەوەدەكرد ئیسلام ئایینی دەوڵەتە، هەرلە پێشتریشدا هێشتنەوەی ئەم بەندە بۆ هەڵمژینی ئەو ناڕەزایەتییانەبوو، كە لەوانەبوو روویدات و لەهەمانكاتدا شەرعیەتدان بوو بە دەوڵەتی نوێ، كە

---

[1] رضا هلال: السيف ولهلال تركيا من أتاتورک إلى أربكان الصراع بين المؤسسة العسكرية ولإسلام السياسي، ط١، دارالشروق، القاهرة،١٩٩٩، ص٧٠-٧١؛ رايموند ليفشيز: تكايا الدراويش الصوفية والفنون والعمارة في تركيا العثمانية، ت. عبلة عودة، ط١، دار الكلمة، أبوظبي، ٢٠١١، ص٧٣.

[2] ئێریک جەی زروچەر: مێژووی هاوچەرخی توركیا، و.د.یاسین سەردەشتیی، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی،٢٠١١، ل٢٦٠.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد عزة دروزه: تركيا الحديث، مطبعة الكاشف، بيروت، ١٩٤٦، ص٧٦-٨٠.

[4] فيروز أحمد: صنع تركيا الحديثة، ت.د.سليمان داود الواسطي و د.حمدي حميد الدوري، بيت الحكمة، بغداد،٢٠٠٠، ص١٨٢،١٨٣.

[5] د.خەلیل عەلی موراد: س.پ، ل٤٨-٤٩.

[6] شەش بنەماكە(كۆماری، ناسیۆنالیزم، سیكۆلاریزم، جەماوەری، كودەتای(بەواتای شۆڕشگێڕی)و دەوڵەتی، یاخود دەوڵەتگەرایی(بەمانای دەستێوەردانی دەوڵەت لە جموجوڵی ئابووریی و دانانی بەرنامە و پلانی ئابووریی)، سەرجەمی ئەو گۆڕانكارییانەی، كە توركیا لەسەردەمی مستەفا كەمالدا بەخۆیەوەبینی لە چوارچێوەی ئەوەی ناسراوە بە باوەڕی كەمالیزم(Kemalizm)یاخود ئەتاتوركیزم(Atatürkcülük)، كەمالیزم لەسەردەمی كۆمارە سیكۆلارەكەدا بو بە ئایدیۆلۆژیایی فەرمی دەوڵەت.(**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:د.خەلیل عەلی موراد: س.پ، ل٣٦،٣٧**).

[7]حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی توركیای هاوچەرخ،و.نەجاتی عبدالله، چ١،چاپخانەی ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٩،ل٦٤-٦٥.

چاکسازییەکانی کەمالی هەوڵیدەدا بنەماکانی بچەسپێنێت[١]، هەروەها ئەو بڕگەیەش لە ماددەی (٢٦)ی دەستوورەکە، کە تێیدا هاتووە:"ئەرکی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەیە، کە بنەماکانی شەریعەت جێبەجێ بکات"لابرد، هەروەها ئەو بڕگەیەی لە ماددەی(٣٨)دا هاتووە، کە تایبەتە بە شێوازی سوێندخواردنی ئایینی لەلایەن سەرۆککۆمارەوە دەستکاری کرد و گۆڕا بە جەختکردنەوە لەسەر سوێندخواردن بە شەرەف لە بری سوێندی ئایینی[٢].

سێیەم: بە سیکۆلاریزمەکردنی سیاسەت: ئەمە ئاشکرا و روونبوو لەڕێگەی نەهێشتنی دەسەڵاتی ئایینی لە بواریی دادگا و فێرکردندا، گۆڕینی کۆمەڵێک لە بۆنەی کۆن بە نوێ، کە تێیدا شێوازی رۆژئاوایی بەشێوەیەک روون و ئاشکرا دیارە.

چوارەم: بە سیکۆلاریزم کردنی یاسا: ئەمەش بە سەپاندنی سیستمی تەنزیمات دەستپێکرد، بەڵام سەرەڕای ئەمە هەندێک لە دەقە یاساییەکانی وەرگیراو لە شەریعەتی ئیسلام دەستبەکار مانەوە شانبەشانی ئەم یاسایانە حکومەتی کەمالیستی بڕیاری پەیڕەویکردنی چەند یاسایەکی لەلایەن حکومەتەوەدا[٣].

**- دواجار چاکسازییەکانی ئەتاتورک سێ ئەنجامی لێکەوتەوە:**

١-کۆنترۆڵکردنی ئایین لەلایەن دەوڵەتەوە بە پێچەوانەی دەوڵەتی سیکۆلاریزم، کە تیایدا حکومەتەکان دەست لەکاروباری ئایین وەرنادات.

٢-فراوانبوونی سیکۆلاریزم لەسەرەتای ساڵانی بیستەوە، هەتاوەکو کۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم، ئەوەی کە بەسەر کۆمەڵگەکانی شار و چینە روناکبیرەکانی تورکیادا زاڵبوو، سیکۆلاریزمێکی توندڕەو بوو، چونکە کەمالییەکان باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو، کە دەبێت دەوڵەت بەشێوەیەکی توندوتۆڵ کۆنترۆڵی ئایین بکات.

٣-دوورخستنەوەی زاناکانی ئایینی یان دیندارەکان. کەمالیستەکان توانیان لە بانگەشەکردن بۆ سیکۆلاریزم لەناو ناوەندە روناکبیرەکاندا سەرکەوتووبن، بەڵام لەناو ناوەندەکانی لادێی و لەناو هێز و دانیشتوانی شارە بچوک و دوورەکاندا سەرکەوتوو نەبوون، ئەگەرچی رژێم هەوڵیدا ئیسلامیی فەرمی ملکەچ بکات و بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەڵام لە ملکەچکردنی ئیسلامی جەماوەریدا شکستیهێنا، چونکە هەڵسووڕان و چالاکیی رێبازە سۆفییەکان بەشێوەیەکی نهێنی هەر درێژەی کێشا[٤].

لە ئەنجامی سیاسەتەکانی مستەفاکەمال، چەند شۆڕش و راپەڕین و خۆپیشاندانێک روویاندا و پارتی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتن لەوانە (پارتی کۆماری پێشکەوتوخواز)، لە(١٠)ی تشرینی دووەمی(١٩٢٤) لەسەردەستی گەورە فەرماندەکانی جەنگی سەربەخۆ لەوانە: (کازم قەرە بەکر، عەلی فوئاد پاشا و رەفعەت پاشا...هتد)دامەزرا. ئەم پارتە داوای دەکرد رێز لە ئازادی ئایینی بگیرێت و

---

[١] د.ادریس بووانو: م.س

[٢] د.عبدالجبار قادر غفور: ئایینو رێبازە سۆفی گەرییەکان، وەرگیراوە لە: د.ابراهیم خلیل أحمد و ئەوانی دیکە: تورکیای هاوچەرخ، و.سامان مستەفا رەشید، چ١، چاپخانەی لالۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٩٦.

[٣] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.ادریس بووانو: م.س؛ فیروز أحمد: م.س، ص١٨١.

[٤] نوال عبدالجبار سلطان: رؤیة مستقبلیة للمواجهة بین العلمانیة ولإسلام في ترکیا، دراسات إقلیمیة، السنة ٢، العدد٤، کانون الأول، ٢٠٠٥، ص١٣٠-١٣١.

سەرکۆنەی مستەفا کەمالی لە سیستمی حوکمڕانی و کاروباری کۆمەڵایەتی پەیوەست بە ئینتیما ئایینیەکان دەکردەوە[1]. پارتەکە لە حوزەیرانی(١٩٢٥)دا بە بیانوی پشتیوانیکردنیان لە بزووتنەوەی کوردو، بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەستی سیاسی یاساغکرا[2].

هەروەها شێخی ڕێبازی نەقشبەندی[3] بەناوی(عاتف ئەسکلیبی)، بانگەشەی بۆ تورکەکان کرد، کە لەدەوری خەلافەت کۆببنەوەو نامەیەکی نووسی بەناوی(القبعە)، کە تێیدا هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوا و هۆشدارییدا بە موسڵمانان، کە دەستبەرداری عادات و تەقالیدی خۆیان نەبن، ئەو نامەیە هۆکارێک بوو بۆ شۆڕشی(القبعە)، کە لە(٢١)ی کانونی دووەمی(١٩٢٦)ڕوویدا، پاشان بڕیاری دەستگیرکردنی شێخ ئەسکلیبی و لەسێدارەدانی دەرچوو[4]، هەروەها لە تشرینی یەکەمی(١٩٣٠)دا توندوتیژی لەشاری(مینی مین)[5]، لە نزیک ئیزمیر، ڕوویدا، کە ئەم ڕووداوەش دەستەبژێری سێکیۆلاریزمی بیۆکراتی فەرمانڕەوای بێدارکردەوە. ئەم ڕووداوە هەژانێکی گەورەبوو بۆ سیستمی فەرمانڕەوایی، چونکە ڕووداوەکە لە شوێنێکی دواکەوتووی ئەنادۆڵ ڕووینەدا، بەڵکو لە یەکێک لە شوێنە پێشکەوتووەکانی تورکیا ڕوویدا ئەمەش ئابڕووچوونێکی گەورەبوو بۆ تورکیای کۆماری[6].

پاش جەنگی دووەمی جیهانی، عیسمەت ئینۆنو لە(١)ی تشرینی دووەمی(١٩٤٥)دا لە پەیامی ساڵانەیدا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە سەرەتای قۆناغێکی نوێی لە مێژووی نوێی تورکیا ڕاگەیاند و پێشوازی لە فرە پارتایەتی کرد[7]. ئەنجام و ڕووداو و پێشهاتەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی ئەمانە و زۆر هۆکاری دیکە ژینگەی لەباریان بۆ دەرکەوتنو گەشەکردنو بەشداری کارای سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئایینی بزاوتە سیاسییە ئیسلامییەکان لە جیهان و تورکیا بە تایبەتی ڕەخساند.

---

[1] الدکتورة رنا عبدالعزیز الخماش: النظام السیاسي الترکي في عهد حزب العدالة والتنمیة ٢٠٠٢-٢٠١٤، ط١، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ٢٠١٦،ص٩٤ ؛ د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٢٩٨.

[2] هاینتس کرامر: ترکیا المتغیرة تبحث عن ثوب جدید، ت.فاضل جتکر، ط١، مکتبة العبیکان، المملکة العربیة السعودیة، ٢٠٠١، ص٢٥.

[3] ڕێبازی نەقشبەندی: ئەم ڕێبازە لە ئاسیای ناوەندەوە سەریهەڵداوە. بەناوی شێخ بەهادین نەقشبەندی بوخاری(١٣١٨-١٣٨٩)، ناسراوە، کە هەندێک ئاڵوگۆڕ و دەستکاری بەسەر ڕێبازەکەدا هێناوە، بەڵام تەمەنی ڕێبازەکە لەو مێژووە کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری(یوسف هەمەدانی ١٤٠٩-١١٤٩)، پاشتریش بۆ سەردەمی عەبدولقادر غونچەوان، پاش دەرکەوتنی مەولانا خالیدی شارەزوری ڕێبازەکە پتر تەشەنەی سەندووە.( **بەرزانی مەلا تەها: سۆفیزم و شۆڕش دەربارەی(شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی) و مێژووی خەباتی(سوپای ڕزگاریی کوردستانی ئێران)، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی ، ل٤٧).**

[4] رضا هلال:م.س، ص١٠٣.

[5] ڕووداوی مینی مین کاتێک ڕوویدا، کە ژمارەیەکی زۆر بە ڕێبەری دەروێش محەمەد لە مزگەوت دوای نوێژی بەیانی بەرەو شارەکە ڕۆشتنو داوای گەڕانەوەی شەریعەتی ئیسلام و خەلافەتیان دەکرد، دەروێش محەمەد، کە سەربە ڕێبازی نەقشبەندی بوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە مەهدی چاوەڕوانکراوەو بۆ ڕزگارکردنی جیهان دەرکەوتووە، سەرانی یەدەکی هێزی جەندرمەی ناوخۆی، کە خەڵکی ڕقی لێیانبوو نێدران بۆ سەرکوتکردنیان، لەئەنجامدە دەروێش محەمەد دەستگیرکراو سەریان پەڕاند. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فیروز أحمد: م.س، ص١٣٩-١٤٠).**

[6] م.ن، ص١٣٩-١٤٠.

[7] جورج لنشوفسکي: الشرق الأوسط في الشؤون العالمیة، ت.جعفر خیاط، ج ١، دارالکشاف للنشر ولطباعة والتوزیع، بغداد،١٩٥٩، ص٢١٢.

سالی(١٩٤٦)بەدواوە توركیا قۆناغی كرانەوەی دیموكراتی بەخۆوەبینی، پارتی گەلی كۆماری(جەهەپە/Cumhuriyet Halk Partisi/CHP)[1]، كۆنترۆڵی بەسەر ژیانی سیاسیی و قۆرخكردنی دەسەڵات وردە وردە لەدەستدا و لەگەڵ ئەو ركەبەریەدا ئیسلام وەک هۆكارێكی بنەڕەتی بۆ راكێشانی دەنگی دەنگدەران گەڕایەوە، جەهەپە، كە لە(١٩٢٣)وە بێ ركەبەر حوكمی دەكرد، لەگەڵ گۆڕانكارییە سیاسییەكاندا ناچاربوو گوتارەكانی میانڕەوانەتر بكات و هەڵوێستێكی زیاتر لێبوردەیی بەرامبەر بە ئیسلام بگرێتەبەر[2].

دەتوانیین بڵێین سیكۆلاریزمەكەی ئەتاتورک شكستی هێنا، لەبەرئەوەی پرسی سیكۆلاریزم پرسی كۆمەڵگەیەكی مەدەنییە نەوەک كۆمەڵگەی تەقلیدی، پاشان كۆمەڵگەی توركی بەشی هەرەزۆری موسڵمان بوون، هەربۆیە بەزۆر سەپاندنی هەربیرێک یان باوەڕێ بەسەر كۆمەڵگە شكست دەهێنێت. لە لایەكی دیكەوە سیكۆلاریزم پەیوەستە بە كۆمەڵێک رەهەندەوە، بەڵام لە توركیا كار لەسەر یەک رەهەند كراوە ئەویش جیاكردنەوەی ئایینە لە دەوڵەت. ئەمە لە كاتێكدا رەهەندی جیاوازی نەتەوەیی و هاوڵاتیبوون فەرامۆشكراوە، هەروەها پرسی دیموكراتییەت گرنگی پێنەدراوە.

سیاسەتەكانی جەهەپە، ئاماژەیەكی گرنگ بوو لەسەر دەستپێكی قۆناغێكی نوێ پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایین لە كۆمەڵگەی توركیدا، هەربۆیە هێزە ئایینییەكان سوودیان لەم فرە پارتایەتی وەرگرت[3]، یەكەم پارتی ئۆپۆزسیۆن لە(١٨)ی تەمموزی(١٩٤٥)بەناوی پارتی رابوونی نەتەوەیی (Milli kalkinma Partisi /M.K.P) بەسەرۆكایەتی نوری دیمراگ(Nuri Demirağ) دامەزرا، ئەم پارتە لە سیاسەتیدا لەسەر پێویستی بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی توركیا لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی جەختیدەكردەوە، هەروەها لەكانونی دووەمی (١٩٤٦)دا رێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی توركی، كە لە جەهەپە جیابوونەوە پارتێكی نوێیان بەناوی پارتی دیموكرات(Demokrat Parti/DP )دامەزراند. دامەزراندنی ئەم دوو پارتە، بواری سیاسی لە توركیادا بەرووی پارت و رێكخراوی سیاسی دیكە كردەوە[4]، هەربۆیە لەماوەی (١٩٤٦-١٩٤٨)دا بیستوچوار پارت دامەزران، كە هەشتیان بەلایەنی كەمەوە مەیلێكی ئیسلامگەرایان هەبوو[5]. لەوانەش: پارتی بەرگری لە ئیسلام(Islam Koruma Partisi)، كە لە (١٩)ی تەمموزی(١٩٤٦) لە ئەستەنبوڵ لەسەردەستی هەریەک لە نەجمی گوناش( Necmi Güneş)و مستەفا ئوزبەک(Mustfa Özbek) دامەزرا. ئامانجی ئەم پارتە پشتیوانیكردنی چالاكییە

---

[1] پارتی گەلی كۆماری(جەهەپە/ Cumhuriyet Halk Partisi /CHP): ئەم پارتە مستەفا كەمال لە(٢٠)ی تەمموزی(١٩٢٣)دا دایمەزراند، پێش راگەیاندنی كۆماری توركیا و لەسەروبەندی وتوێژكانی لۆزاندا، وەک پوختەیەكی بناغەی پرۆگرامی پارتەكە پەیڕەوپرۆگرامێكی كورتی بۆ داڕشت. لە(١٥)ی تشرینی یەكەمی(١٩٢٧)دا، یەكەم كۆنگرەی خۆی بەست و بڕیاریشدرا هەموو چوارساڵ جارێک كۆنگرە ببەسترێت، لە یەكەم كۆنگرەدا بڕیار لەسەر پەیڕەوپرۆگرامی حزب و سیستمی ناوخۆی و دروشمەكانی درا، لە چوار بنەما: (كۆماری، میللەتخوازی، گەلپەرستی و سیكۆلار) پێكهاتبوو، هەرچواریان گوزارشتیان لە رژێمی تازەی توركیا دەكرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، د.خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٢٨٩-٢٩٨).**

[2] جلال ورغی: الحركة الإسلامية التركية معالم التجربة وحدود المنوال فی العالم العربی، ط١، دارالعربیة للعلوم ناشرون، بیروت،٢٠١٠، ص٤١.

[3] محمد نورالدين: قبعة وعمامة مدخل إلى الحركات الإسلامية في تركيا، ط١، دار النهار، بيروت،١٩٩٧. ص٢١.

[4] د.عەلا تەها یاسین: س.پ، ل٣١٢-٣١٣.

[5] جورج لنشوفسكي: م.س، ص٢١٢.

ئیسلامییەکان بوو، هەروەها گرێدان و یەکخستنی ئایین‌و سیاسەت پێکەوە، بەڵام لە ئەیلولی هەمانساڵدا حکومەتی تورکیا پارتەکەی هەڵوەشاندەوە. (٨)ی تەمموزی(١٩٤٧)، جەواد رەفعەت ئەتلیهان، کە ناسرابوو بە دوژمنایەتی بۆ جولەکە و سەهیۆنیەت لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانی پارتی پارێزگاران(Muhafaezkar Partisi) دامەزراند، لەبەرنامەی پارتەکەدا هاتبوو پشتی بە بنەما ئیسلامییەکان بەستووە، بەڵام پێش دەستپێکردن بە چالاکیی دەسەڵاتی تورکی ئەم پارتەی داخست[١]. مارشاڵ فەوزی چەقماق لەگەڵ چەند کەسێکی راستڕەوی موسڵمان لە(٢٠)ی تەمموزی (١٩٤٨) پارتێکی راستڕەوی بە گیانێکی ئیسلامگەرا بەناوی پارتی نەتەوە(Mille Partısı)، دامەزراند، ئەم پارتە بانگەشەی یەکێتی نیشتمانی و رێزگرتن لە پیرۆزییە ئایینیەکان بڕوابوون بە پرەنسیپەکانی ئەتاتورک دەکرد، رۆژنامەیەکی بەناوی(بەیانی تازە) دەرکرد[٢].

چوارساڵی نێوان هەڵبژاردنەکانی(١٩٤٦)و (١٤)ی ئایاری(١٩٥٠)، کێبڕکێیەکی توندی لەنێوان جەهەپە و پارتی دیموکرات بەخۆوەبینی، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان سیکۆلاریست بوون، بەڵام دریغییان لە بەکارهێنانی ئایین بۆ ئامانج‌و مەرامی سیاسی نەکرد[٣].

پارتی دیموکرات لە هەڵبژاردنی(١٤)ی ئایاری (١٩٥٠)[٤]، یەکەم سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، جەلال بایار(١٨٨٣-١٩٨٦) بوو بە سەرۆککۆمار و عەدنان مەندەریس(١٨٩٩-١٩٦١) بوو بە سەرۆکوەزیران، رەفیق کور ئاڵتان، بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێرا، حکومەتیش پەیمانی دا بەرنامەیەکی سیاسیی و ئابووری لیبراڵتر بگرێتەبەر[٥]. هەڵبژاردنی(١٩٥٠) بە وێستگەیەکی یەکلاکەرەوە لەنێوان لابردنی روخسارە ئیسلامییەکان لە دەوڵەت و کۆمەڵگەداو قۆناغی سەرلەنوێ گێڕانەوەی شوناسی ئایینی نەتەوە لە مێژووی تورکیادا دادەنرێت[٦]. دوای سەرکەوتنەکانی پارتی دیموکرات، سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە ئیسلام بەشێوەیەکی رێژەیی سادەو راستەوخۆ بوون ئەوەی لەسەرەتایی دەسەڵاتەکەیان کردیان، کەمکردنەوەی ئاڕاستەی سیکۆلاریزمی توندڕەو بوو، چەند هەنگاوێکیان لەو بارەیەوە گرتەبەر[٧]، لەوانە: بڕیاری قەدەغەکردنی بانگدان بە زمانەکانی دیکە هەڵگرت، لە تشرینی یەکەمی(١٩٥٠)وە وانەی ئایینی لە قوتابخانەکاندا بەکرداری بوو بە زۆرەملێ[٨]. بڕیاردرا دووبارە ماددەی دووی دەستوور بگەڕێتەوە، کە جەختیدەکردەوە لەسەر"ئیسلام ئایینی

---

[١] د.أحمد الموصللي: موسوعة الحركات الإسلامية في الوطن العربي وإيران وتركيا، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٤، ص٢٦٩؛ صلاح عبدالحميد: رجب طيب أردوغان، ط١، مكتبة جزيرة الورد، القاهرة،٢٠١٢، ص٣٣.

[٢] د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣١٤.

[٣] ه.س، ل١١٨-١١٩.

[٤] هەڵبژاردنی(١٤)ی ئایاری(١٩٥٠)دا پارتی دیموکرات(٥٣,٦٪)زۆرینەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەدەستهێنا کە لە(٤٢٠) کورسی پێکدەهات لەبەرامبەردا جەهەپە(٤٠٪ )کورسییەکانی بەدەستهێنا، کە (٦٨)کورسی، پارتی نیشتمانی یەک کورسی بێلایەنەکانیش(٣) کورسیان بەدەستهێنا. **(د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د.خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣١٩).**

[٥] ه.س، ل٣١٩.

[٦] محمد نورالدين: تركيا الجمهورية الحائرة، مقاربات في الدين والسياسة والعلاقات الخارجية، ط١، مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت،١٩٩٨، ص١٥٢.

[٧] فيروز أحمد: بين الضغوط وإستجابة الدولة، في ضمن: نوبار هوفسبيان(المحرر) و فيروز أحمد وآخرون: تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٥، ص١٣٠-١٣١.

[٨] م.ن، ص١٣٠-١٣١.

فەرمی وڵاتە"، ڕێبازە سۆفیگەرییەکان و تەکیەوخانەقاکان دووبارە چالاکییان دەستپێکردەوە، هەڵمەتی فراوان دژی ڕێبازی ئەتاتورک دەستیپێکرد[1]، لە(١٩٥٣)ماددەی ئایینی لە پۆلەکانی نۆ و دە وەک وانەیەک لە حەفتەیەکدا بەناچاری دەخوێنرا، ...هتد[2].

لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا، حکومەت ڕێگەیدا بەدەرکردنی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوانەی، کە خاوەن ناوەڕۆک و تێڕوانینی ئیسلامی بوون، بگرە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەدەرکردنی چەندین بەرهەمی وەرگێڕاو و بەرهەمی کلاسیکە ئیسلامییەکان لە بوارەکانی مێژوو و فکر و تەسەوفدا هاریکاربوو[3]، هەرلەو قۆناغەدا بارودۆخەکە زۆرگۆڕاو چەندەها ڕۆژنامە بەدەم ئارەزووی خوێنەرەکانیانەوە چوون و کەوتنە بڵاوکردنەوەی گوتار دەربارەی کاروباری ئایینی و تەرخانکردنی ستونێکی ئایینی لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ باسکردنی مەسەلەکانی پەیوەندیدار بەم مانگەوە. ساڵی(١٩٥٢)بەدواوە کۆلێژی ئیلاهیات کەوتە دەرکردنی(گۆڤاری کۆلێژی ئیلاهیات) و چەندەها کتێب دەربارەی مێژووی ئایینەکان و هونەری ئیسلامی بڵاوکردوە[4].

بەتێڕوانین لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی پارتی دیموکراتدا، دەردەکەوێت ئەم پارتە لە بەکارهێنانی ئایین بۆ مەرامە سیاسییەکانی و ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەران بۆ پارتەکەی سەرکەوتووبوو بەجۆرێک، لە هەردوو هەڵبژاردنی(١٩٥٤،١٩٥٧)، سەرکەوت و پارتی دیموکرات بەهۆی سیاسەتەکانی دەرفەتی مانەوەی لەسەر کورسی فەرمانڕەوایەتی بۆ ماوەی دەساڵ پێدرا.

کودەتای سەربازیی، کە ئەفسەرانی پلە مامناوەند نەخشە و پلانیان بۆدانا و لە بەربەیانی(٢٧)ی ئایاری(١٩٦٠)دا جێبەجێیان کرد، حکومەتەکەی مەندەریسیان شکست پێهێنا. چەندین هۆکار لە پشت ئەم کودەتایەوە بوون لەوانە:(دڕدۆنگی سوپا لە هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامی لە وڵاتدا و بەکارهێنانی هەستوسۆزە ئایینیەکان لەپێناو ئامانجە سیاسییەکان لەلایەن پارتی دیموکراتەوە، بێزاربوون لە سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتەکەی مەندەریس، پرسی کورد...هتد)[5]، دواجار ئەنجومەنی سەربازیی، کە ناسرا بە لیژنەی یەکێتی نیشتمانی، بە پاسەوانی کەمالی، خۆی ڕاگەیاند، لیژنەکە درکی کرد، کە ئیسلام ڕەگەزێکی زیندووە لە دروستکردنی کەسایەتی تورکیی و گرتنەبەری هەڵوێستێکی دژایەتی بۆ ئایین، کارێکی بێبەرهەم دەبێت، بەڵکو دانایی دەوڵەت لە پارێزگاریکردن و کۆنترۆڵکردنی ئاییندا خۆیدەبینێتەوە، هەتاوەکو ڕێگەنەدرێت بە بیر تەسکەکان و دواکەوتووەکان

---

[1] د.خضير البديري: التاريخ المعاصر لإيران وتركيا، ط٢، مكتبة مؤمن قريش، بيروت، ٢٠١٥،ص٣٠٥؛ محمد رضا زارع: علل رشد اسلام گرايى در تركيه، وايرستار مرتضي قديرى، چ٢، انتشارات انديشه سازان نور، تهران، ١٣٨٧،ص١٧٦-١٧٧.

[2] د. ايمان غانم شريف: أثر الواقع السياسي على التعليم الديني الرسمي في تركيا ١٩٢٣-١٩٦٠، مجلة جامعة تكريت، عدد٣، ٢٦ حزيران ٢٠١٩، ص٢٨١.

[3] د. خەلیل عەلی موراد: س.پ، ل١٢٤-١٢٥.

[4] د.خەلیل عەلی مراد: حزبە سیاسییەکانو مەسەلەی ئاین لە تورکیا، وەرگیراوە لە: فەرید ئەسەسەرد و ئەوانی دیکە: ئیسلام و عەلمانیەت لە تورکیا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٦٥،١٦٦.

[5] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فيروز أحمد: صنع تركيا، ص٢٥٥-٢٥٧؛ د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل١٣٤-١٣٧.

ئایین لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان بەکاریبهێنن[1].

دوای کودەتا سەربازییەکە، لەپاڵ هەردوو پارتی جەهەپە و دیموکراتدا چەند پارتێکی دیکە کە بۆچوونیان لەنێوان راستڕەو پارێزگار و چەپی توندڕەو بەپێی هەڵوێستیان لە ئاست چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکان و ئابووریی جیاواز بوو دەرکەوتن لەوانە: (پارتی دادوەری/عەدالەت(Adalet / AP Partisi) شوباتی(١٩٦١) دامەزرا، پارتی تورکیای نوێ، کە لە شوباتی(١٩٦١)دا دامەزراوە، پارتی کرێکارانی تورکیا، پارتی جوتیاران...هتد). پاشان لیژنەی یەکێتی لیژنەیەکی لە مامۆستایانی یاسا و پارێزەرانی تورکیای راسپارد بۆ ئامادەکردنی دەستورێکی نوێ[2]، دەستووره نوێیەکە جەختی لە باسی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئایینی کرد لەپێناو ئامانجە سیاسییەکان لە ماددەی(١٩)دا بەکارهێنانی ئایین و هەستو سۆزی ئایینی بەهەموو شێوەیەک قەدەغەکرد[3]، لەلایەکی دیکەوە ڕێبەرانی لیژنەی یەکێتی داوایان لە پارتە سیاسییەکان کرد، کە راگەیاندنێکی گشتی بڵاوبکەنەوەو بەکارهێنانی ئیسلام بۆ ئامانجی سیاسیی رەتبکەنەوە[4].

هەڵبژاردنی(١٥)ی تشرینی یەکەمی (١٩٦١) ئەنجامدرا پارتی عەدالەت ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێنا(١٥٨) کورسی(٣٥,١٪) دەنگی بەدەستهێنا، نزیکبوو لە کورسیەکانی جەهەپە، کە (١٧٣) کورسی(٣٦,٧٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا. (٦٥) کورسی بۆ تورکیای نوێ و (٥٤) کورسی بۆ پارتی جووتیارانی نیشتیمانی لەکۆی(٤٥٠) کورسی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە[5]. لەبەر ئەوەی هیچ لە پارتەکان زۆرینەیان بەدەستنەهێنا، قۆناغێکی نوێ لە مێژووی پارتەکانی تورکیا دەستیپێکرد لەسەر بنچینەی(ئیئیتلافی ناجێگیر)، جەمال گورسیل(١٩٦١-١٩٦٦) بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و پیران بەسەرۆککۆمار هەڵبژێرایەوە، ناوبراو عیسمەت ئینۆنوی راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت بەمەش وەزارەتێکی فرە بەرەی (ئیئتلافی) پێکهات[6].

پارتی عەدالەت، هەرلەسەرەتایی شەستەکانەوە بۆ راکێشانی دەنگی ئیسلامییەکان توانی سوود لە ئایین وەرگرێت، هەربۆیە پارتەکە توانی لە هەڵبژاردنی گشتی(١٠)ی تشرینی یەکەمی (١٩٦٥)، بە رێژەی(٥٣,٣٪) لە تێکڕای دەنگەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەبەرامبەر (٢٩,٧٪ )بۆ جەهەپە، دەنگەکانی دیکەش بەسەر پارتەکانی دیکەدا دابەشبوون و بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، پارتی عەدالەت بەسەرۆکایەتی سلێمان دیمیریل بەتەنیا حکومەتی پێکهێنا[7].

سەرەڕای ئەوەی بەدرێژای شەستەکانی سەدەی بیستەم، پارتێکی ئیسلامی دەرنەکەوت، بەڵام سیاسەتەکانی دیمیریل کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی ئیسلامی هەبوو. دیمیریل هەوڵیدەدا

---

[1] فیروز أحمد: النفوذ الإسلامي، ص١٣٤-١٣٥.

[2] د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣٣٩-٣٤١.

[3] د.أحمد نوري النعيمي: تركيا بين الموروث الإسلامي والإتجاه العلماني، ط١، دار زهران للنشر والتوزيع، عمان،٢٠١٤، ص١٨٩.

[4] فیروز أحمد: النفوذ الإسلامي، ص١٣٦.

[5] منال الصالح: نجم الدين أربكان ودوره في السياسة التركية ١٩٦٩-١٩٩٧،ط١، دارالعربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٢، ص٤٣.

[6] د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د.خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣٤٣

[7] د.وليد رضوان: تركيا بين العيلمانية ولإسلام في النصف الثاني من القرن العشرين١٩٥٠-٢٠٠٠، ط١، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ٢٠٠٦،ص١٢١-١٢٢.

هاوسەنگی لەنێوان پارێزگاری لە بنەماکانی کەمالیەت لەلایەک و گەرەنتی دەنگی دەنگدەران لەلایەکی دیکەوە بپارێزێت، لەڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەرم لەگەڵ ڕەوتە ئایینیەکان کاریدەکرد لەسەر دروستکردنی مزگەوتی نوێو بانگدان بە زمانی عەرەبی گرنگیدان بە قوتابخانە ئایینیەکان بۆ نمونە ژمارەی مامۆستایان لە(١٩٦٠-١٩٦١)دا (٣٧٧)مامۆستا لەگەڵ(٤٥٤٨) خوێندکاربوو لە قوتابخانە ئایینیەکاندا، بەڵام لە(١٩٦٩-١٩٧٠)ئەم ژمارەیە بۆ(١٥٤٧)مامۆستا و(٤٩٣٠٨) خوێندکار بەرزبوویەوە، ئەمەش هانی بزووتنەوە سۆفیگەرییەکانی دا بە پەیڕەوکردنی سروتە ئایینیەکان و کارکردن بەشێوەیەکی ئازاد و ئاشکرا، هەروەها ژمارەی قوتابخانەکانی(پێشنوێژو وتاربێژی) زیاتر بوون بەشێوەی بەرچاو لەنێوان(٤٥)هەزار لەسەرەتای شەستەکانەوە بۆ(٦٥)هەزار لەسەرەتای حەفتاکانەوە زیادیان کرد[١].

یەکەمین سیمای ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەرکەوتنی نەجمەدین ئەربەکان[٢] بوو، کە تەیاربوو بە فەرهەنگی نوێ و سەربە ڕێبازی نەقشبەندی بوو، بە ڕێبەرایەتی محەمەد زاهد کوتکو(١٨٩٧-١٩٨٠)[٣]. ئەربەکان لە کەسە چالاکەکانی ناوپارتی عەدالەت بوو، بەڵام لە (١٩٦٩)وە بەهۆی جیاوازی بیروڕای سیاسی لە پارتی عەدالەت دەرکرا[٤]. کاتێک لە(١٢)ی تشرینی یەکەمی(١٩٦٩)هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجامدرا[٥]، ئەربەکان لە هەڵبژاردنەکەدا، وەک کاندیدی سەربەخۆی شاری قۆنیە بەشداریکرد توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت[٦]، هاوەڵەکانی ئەربەکانیش لە پارێزگاکانی دیکە سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو، هەموویان پێکەوە فراکسیۆنێکی یەکگرتوویان لە پەرلەماندا بەناوی جووڵانەوەی موسڵمانانی سەربەخۆ دروستکرد. سەرکەوتنی ئەربەکان دەروازیەک بوو بەرەو وێستگەیەکی گرنگ و مێژوویی لە نێو ململانێی سیکۆلاریست و ئیسلامییەکاندا[٧].

چالاکیی ئیسلامی لە تورکیا، هەتاوەکو(١٩٧٠) پەیوەستبوو بە پاشماوەکانی پەیوەستبوون بە ڕێبازە ئایینیەکانەوە، کە بەنهێنی چالاکییان ئەنجامدەدا، بەڵام(١٩٧٠) وێستگەی جیاکەرەوەیە لە

---

[١] منال الصالح: م.س، ص٤٧-٤٨.

[٢] نەجمەدین ئەربەکان: ناوی تەواوی نەجمەدین محەمەد سەبری حسین بەگە و نازناوی ئەربەکان بووە، پایزی (١٩٢٦) لە هەرێمی سینۆپ، لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە (١٩٣٣) قوتابخانەی کۆماری سەرەتایی لە شاری قەیسەری دەستپێکرد، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن بەشی میکانیک لە زانکۆی ئەستەنبوڵی تەکنۆلۆجی لە بە پلەی یەکەم دەرچووەو پاشان بووە بە موعید لە بەشی بزوێنەرەکان، پاشان نێدراوە بۆ زانکۆی ئاخنی لە ئەڵمانیا لە(١٩٥١) دوای تەواوکردنی تێزی دکتۆراکەی لە ئەڵمانیا ماوەتەوە، پاشان لە(١٩٥٥)گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا تێزەکەی پێشکەش بە زانکۆی ئەستەنبوڵ کرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: منال الصالح: م.س، ص ٥٣-٥٧).**

[٣] م.ن، ص٥٦-٥٧.

[٤] فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف: الصراع السياسي في تركيا الاحزاب السياسية والجيش، ت.يوسف ابراهيم الجهماني،ط١، ١٩٩٩،ص٢١٨-٢١٩.

[٥] د.عصمت برهان الدين: الطريقة السليمانية (سليمانجيلر) في تركيا المعاصرة، دراسات اقليمية ،٥، ١١، مركز للدراسات الاقليمية.
https://regs.mosuljournals.com/article_30402_89b8b16c5e565bbfa7db0b2f3b532d3a.pdf

[٦] فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف: م.س،ص٢١٩.

[٧] ماجید محی عەبدولعەباس: ڕۆڵی سیاسی تەوژمی ئیسلامی لەتورکیا ١٩٦٠-١٩٨٠، وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا١٩٤٦-٢٠١٢، و.بەرزان مەلا تەها، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٨٦-٨٧.

ڕێڕەوی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا، بۆیەکەمجار دەستکرا بە بەکارهێنانی زاراوەی ئیسلامی سیاسی کاتێک ئیسلام وەک ڕەوتێکی سیاسی دەرکەوت نەک تەنیا فکریی‌و کۆمەڵایەتی بێت[١]. ئەربەکان، لە (٢٦)ی کانونی دووەمی(١٩٧٠)پارتێکی ئیسلامی بە ناوی(پارتی سیستمی نیشتمانی/ MNP/Milli Nizam Partisi)دامەزراند، پێڕەوپرۆگرامی پارتی سیستمی نیشتمانی جەختیکردەوە لە ئازادی باوەڕو ئەنجامدانی سروتە ئایینیەکان‌و فێرکردنی ئایینی، هەروەها ئاماژەیدا بەوەی پارتەکە (دژی بەکارهێنانی پرەنسیپی سیکۆلاریزمە وەک میکانیزمێک بۆ فشارخستنە سەر ئایین و موسڵمانان)[٢]. ئەم پارتە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەندامانی باڵە ئیسلامییەکەی نێو پارتی عەدالەت و دوای ئەم پارتە کەوتن، هەروەها پارتەکە پشتیوانی بورژوای ئەنادۆڵی بەدەستهێنا وێڕای کەمندکێشکردنی نەوەی دێهاتەکان ئەوانەی کە خاوەن تێڕوانینی ئیسلامیی بوون. لێرەبەدوا (ئیسلامی سیاسی)، تەنیا دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگە یان باڵی پارتێک لە پارتەکان نەبوو، بەڵکو وەک پارتێکی جیاواز و سەربەخۆ بووە بەشێک لە سیاسەتی تورکیا وەک ئامادەبونێکی هەمیشەیش مایەوە. ئەم پارتە سێ نوێنەری لەپەرلەماندا هەبوو ئەوانیش ئەربەکان‌و دوو پەرلەمانتاری سەربەخۆکان، لەپاش دامەزراندنی دایانە پاڵ پارتەکە[٣].

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم، بزووتنەوەیەک بەناوی(ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامی/ ( Türk -Islam Sentenzı)[٤]، دەستی بە چالاکیی کرد. بەپێی ئەم بزووتنەوەیە کولتوری تورکی لەسەر دوو پایە وەستاوە: ڕەگەزێکی تورکی، ڕەگەزێکی ئیسلامی[٥]، لەگەڵ ئەوەی دامەزرێنەرانی ئەم ئایدیۆلۆجیاییە ستایشی مستەفا کەمال و جەنگی سەربەخۆی تورکیای کردووە، بەڵام ئایدیۆلۆجیای کەمالیزمیان تۆمەتبار کردووە بەوەی پشتیکردووەتە چەند سەدەیەک لە مێژووی تورکیا(مەبەست لێی قۆناغی عوسمانییە)، بەم شێوەیە بووەتە مایەی زیانی گەورە لە فەرهەنگی نیشتمانی، لە حەفتاکاندا و وڵاتی دووچاری قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتگیر کردووەتەوە[٦].

---

[١] محمد نورالدین: قبعة وعمامة، ص٢١٥-٢١٦.

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: فلادیمیر ایفانوفیتش دانیلوف: م.س، ص٢١٧-٢٢٠.

[٣] یاسرأحمد: ترکیا البحث عن مستقبل، الهیة المصریة العامة لکتاب، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٧٧.

[٤] (ئاوێتەکردنی تورکی-ئیسلامی(Türk -Islam Sentenzı): مێژووی ئەم بزووتنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم، کاتێک پەیمانگای لێکۆڵینەوەی دەربارەی فەرهەنگی تورکی( معهد الابحاث حول الثقافة ترکي)، دامەزرا، لەگەڵ دەرچوونی مانگنامەیەک( فەرهەنگی تورکی/ الثقافة ترکي)، لە دوای(١٩٧٠)وە بوونە ئامرازی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامی، لەسەر ئاستی دارشتنی تیۆری هاوچەرخ ماناکانی( ئاوێتەکردنی تورکی - ئیسلامی)، لەلایەن یەکێتییەکەوە دارێژراوە، کە کۆمەڵێک ڕۆژنامەوانی ئەکادیمستی وەک( ئەحمەد کبکلو ئابوریناس، موحەرەم ئەرغەنی مێژوونووس، یالشنتاش، کە دوای بوو بە سەرۆکی یانەکە)، لەخۆدەگرت لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی، کە تێڕوانینی نەتەوەی ئایینیان هەبوو بەناوی(ماڵی ڕۆشنبیران/ Aydınlal Oçağı) لەسەردەستی ئیبراهیم قەفەس ئوغلۆ(I.Kafesoğlu) لە(١٤)ی ئایاری(١٩٧٠) دامەزرا، کە بووە دامەزراوەیەکی زۆر چالاک لە بڵاوکردنەوەی بیری( ئاوێتەکردنی تورکی- ئیسلامی)، بەتایبەتی فکرەی فەرهەنگی نیشتمانی ئەویش تێڕوانینە بۆ مێژووی هەڵسەنگاندنی تولیف لەنێوان کەمالیەت‌و نەتەوەو ئیسلامیەت.**(بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: میشال نوفل: عودة ترکیا الی الشرق الاتجاهات الجدیدة للسیاسة الترکیة، ط١، دار العربیة للعلوم ناشرون، ٢٠١٠، بیروت، ص٣٨،٣٥ ؛ ئێریک جەی زروچەر: س.پ، ل٤٢١).**

[٥] ه.س، ل٤٢١.

[٦] میشال نوفل: م.ن، ص٣٧؛ د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٣٠.

سەرەتای(١٩٧١)وە حکومەتەکەی دیمیریل رووبەڕووی چەند قەیرانێکی ئابووریی و سیاسی بوویەوە، دواجار سەرکردەی هێزە چەکدارەکان داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەنی باڵای سوپای کرد و لە(١٠)ی ئازاری(١٩٧١) بەجۆرێک قەیرانی سیاسی وڵاتی تیادا شرۆڤە بکات[١]، هەربۆیە لە (١٢)ی ئازاری(١٩٧١)، یاداشتێکییان دایە جەودەت سونای، سەرۆککۆمار و داوای پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزو خاوەن باوەڕیان کرد، کە بتوانێ چاکسازییەکان دەستوور جێبەجێ بکات، هەڕەشەیان لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کرد ئەگەر حکومەت دەستلەکارکێشانەوە رەتبکاتەوە، دواجار هیچ بژاردەیەک لەبەردەم دیمیرل نەمایەوە و دەستی لەکارکێشایەوە[٢].

(٢٠)ی ئایاری(١٩٧١)دا، دادگای دەستووری پارتی سیستەمی(MNP)، بە پاساوی پێشێلکردنی یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئایین بۆ مەرامی سیاسی هەڵوەشاندەوە[٣].

(١١)ی تشرینی دووەمی(١٩٧٢) فەرید ملان، پارتی سەلامەتی نیشتمانی( Milli Selamet Partisi M S P/) دامەزراند[٤]، پارتەکە ژێربەژێر تێڕوانینی ئیسلامی لەخۆگرتبوو، هەتاوەکو هاوشێوەی پارتەکانی دیکە، جموجوڵەکانیان قەدەغە نەکرێت، لە(١٩٧٣)وە لێبوردنێکی گشتی بەرامبەر تاوانبارە سیاسییەکان دەرچوو، ئەم لێبوردنە ئەربەکانیشی گرتەوە زەمینەی بۆخۆشکرد، رێبەرایەتی پارتی سەلامەت بکات[٥].

پارتی سەلامەت لە هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی (١٩٧٣)دا (١١،٨٪ )دەنگەکان کە(٤٨) کورسی بوو بەدەستهێنا، بە پلەی سێیەم بووە هاوبەشی حوکمەت و بەمەش پارتەکە دەسەڵاتی لەمەترسی بزووتنەوەی ئیسلامی وریاکردەوە، کە پێویستە بەشێوەیەکی جدی سەیربکرێت[٦].

پارتی سەلامەت چالاکییەکانی لەماوەی دەرکەوتنی بووەهۆی پێشێلکردنی سیماکانی سیکۆلاریزم لە تورکیا، بەجۆرێک ئەربەکان پێیوابوو دەبێت غەزالی لە قوتابخانەکان و سیستەمی فێرکاریدا لە جێگەی دورکهایم بخوێنرێت، هەربۆیە دوای دامەزراندنی حکومەتی هاوپەیمانی لە(٢٥)ی کانونی دووەمی(١٩٧٤)وە، هەندێک لە سیما ئیسلامییەکان بەتایبەت لە مانگی رەمەزاندا بڵاوبوونەوە، هەروەها خوێندنگا ئایینیەکان فراوانتربوون و رێگەیان پێدرا پێشنوێژو واعیزەکان رابهێنن[٧].

---

[١] د. عبدالجبار قادر غفور: مێژووی هاوچەرخی تورکیا ١٩١٨-١٩٨٠، وەرگێراوە لە: د.ابراهیم خلیل أحمد و ئەوانی دیکە: س.پ، ل٦٠-٦١.

[٢] فیروز أحمد: صنع ترکیا، ص٣٣٠-٣٣١.

[٣] م.ن، ص٣٥٥؛ م.هاکان یاوڤوز: سیکیولاریزمو دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا، و.عومەر عەلی غەفوور،چ٣، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٠٤.

[٤] سەبارەت بە رۆژو دامەزرێنەری پارتەکە رای جیاواز هەیە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە: پارتەکە لە (١٢)ی تشرینی دووەمی(١٩٧٢) بەسەرکردایەتی سلێمان عارف ئیمرەوە دامەزراوە، هەروەها بڕوایەکی گشتی هەبووە، کە رێبەری کرداری پارتەکە نەجمەدین ئەربەکان بووە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فلادیمیر ایفانوفیتش دانیلوف: م.س، ص٣٥٥-٣٥٧)**. پێمانوایە هەریەک لە فەرید ملان، سلێمان عارف، ئەربەکان، رۆڵیان هەبووە لە دامەزراندنی پارتەکەدا، هەربۆیە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ناویان هاتووە. **( توێژەر)**.

[٥] ماجید محی عەبدولعەباس: س.پ، ل٩٢-٩٣.

[٦] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: رضا هلال: م.س، ص١٣٧؛ فیروز أحمد: النفوذ الإسلامي، ص١٤٠-١٤١.

[٧] د. أحمد نوري النعیمي: الدور السیاسي للأحزاب الإسلامیة في ترکیا، مجلة العلوم السیاسیة، عدد خاص بالذکری الخمسین لتدریس العلوم السیاسیة في العراق، العددات ٣٨-٣٩، ٢حزیران ٢٠٠٩، ص٣٧.

ئەربەكان ئامانجو سیاسەتەكانی لەناو پارتی سەلامەت زیاتر مۆدێرینزەی پارێزگارانە بوو واتە مۆدێرنبوون بە ئیسلامەوە، هەروەها سەبارەت بە بواری كولتوریش بایەخی بە بەها كۆمەڵایەتیی و رەوشتییەكانی ئیسلام و عوسمانی دەدا و لەبەرانبەر بەها ئەوروپییەكان، كە لەلایەن دەستەبژێری سەپێنراوی كەمالی هاوردەكراوە. ئەربەكان پیاوێكی پراگماتی بوو لەرووی سیاسەتیشەوە سەركەوتووبوو توانی پارتەكەی لەچەند حكومەتێكی ئیئتیلافی بەشداریی پێبكات[١]، لەوانە حكومەتی هاوپەیمانی لە(١٩٧٤) لەنێوان پارتی سەلامەتو جەهەپە، دیارترین هەنگاوبوو، كە پارتی سەلامەت گرتییەبەر بەمەش قۆناغی دوژمنایەتی نێوان رەوتی ئیسلامییو سێكیۆلاریزمی تێپەڕاند بەرەو قۆناغی كرانەوە بەرووی یەكتردا[٢]، هەروەها لەنێوان ساڵانی(١٩٧٥-١٩٧٨) ئەو حكومەتە هاوپەیمانەی كە پێكهات، بڵند ئەجەویدو دیمیریل سەرۆكایەتیان دەكرد، لەو حكومەتانەدا ئەربەكان جێگیری سەرۆكوەزیران بوو پارتی سەلامەتیش حەوت وەزارەتی گرنگی بەدەستهێنا[٣].

توركیا هەر لە ناوەڕاستی حەفتاكانی سەدەی بیستەم، بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی ئابووریی و سیاسی[٤]، لەهەردوو لایەنەكەوە پێویستی بە پاڵپشتی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەبوو، هەربۆیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانیە، پێویستی بە جەختكردنەوە لە رەهەندی ئیسلامی هەبوو لە پەیوەندییەكانی توركیا لەگەڵ كۆنگرەی ئیسلامی هەرلە دامەزراندنییەوە لە (١٩٧١) بەبێ ئەوەی بێتە ئەندامی تەواوەتی تێیدا، هاوكاری كۆنگرەكەی كرد و دواجار لە (١٩٧٦) ئەو كۆنگرەیە لە ئەستەنبوڵ بەسترا، توركیا بەتەواوی بووە ئەندامی رێكخراوەكە[٥]. هەرلەو قۆناغەدا توركیا زیاتر لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی نزیكبووەوە، دوای ئەوەی كۆنگرەی ژیانی پێغەمبەر(د.خ)، لە(١٩٧٧)دا لە توركیا بەسترا، هەستێكی قوڵی بەگەلی توركیا بەخشی[٦].

رۆژبەرۆژ خواستو داواكاری پارتی سەلامەت زیاتر دەبوون، دواجار جیاوازییەكانی لە كانونی دووەمی (١٩٧٨) لەگەڵ پارتی عەدالەت، بووە مایەی كۆتایهاتنی هاوپەیمانیەكەیان، لەپاش چوونی

---

[١] بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: م. هاكان یاڤوز: س.پ، ل١٠٤-١٠٦.

[٢] د. ادریس بووانو: م.س.

[٣] یوسف ابراهیم الجمهاني: حزب الرفاه- أربكان الاسلام السياسي الجديد( الرهان على السلطة)، ط١، دار حوران للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٩٧، ص١٢.

[٤] خراپبوونی باردۆخی ئابووریی و سیاسی توركیا بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە دوای(١٩٧٣)وە لەلایەك و لێكەوتەكانی قەیرانی قوبرس لە هاوینی(١٩٧٤) لەلایەكی دیكەوە. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بووەهۆی بارگرانی زیاتر بۆسەر ئابووریی توركیا، چونكە توركیا دەوڵەتێكی هاوردەكەری نەوت بوو، هەروەها لە تەممووزی(١٩٧٤)و دابەزینی سەربازی توركیا لە باكووری قوبرس كاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر پەیوەندییەكانی توركیا لەگەڵ رۆژئاوا بەتایبەت ئەمریكا، كە ئامادەكاری سەرەكی چەكو تەقەمەنی و هاوكارییە سەربازیی و ئابوورییەكانی توركیا بوو، توركیا ئومێدەواربوو ئەو كاریگەرییە نەرێنیە هاوسەنگ بكاتەوە لەڕێگەی بەدەستهێنانی پشتیوانی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامییەوە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فليب روبنس: تركيا والشرق الأوسط، ت. ميخائيل نجم خوري، ط١، دار قرطبة للنشر والتوثيق، قبرص،١٩٩٣، ص٥٤-٥٥).**

[٥] م.ن، ص٥٤-٥٥.

[٦] أنور الجندي: يقظة الإسلام فى تركيا على طريق الإصالة الإسلامية، دارالانصار، ب.م،١٩٧٩، ص٣٢.

پارتی سەلامەت[١] بۆ نێو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن سیاسەتی پارتەکە بەرەو شۆڕشگێڕانە هەنگاوینا[٢].

کۆتایی حەفتاکانو سەرەتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بە قۆناغی بوژانەوەی بزاڤی ئیسلامی لە تورکیا دادەنرێت هەرلەو قۆناغدا ئیخوان موسلمین لە میسر و کۆمەڵی ئیسلامی لە پاکستان، خومەینی لە ئێران، کاریگەرییان لەسەر ناوخۆی تورکیا هەبوو لەوماوەیەدا زۆرترین ئەو کتێبانەی لەلایەن ئیسلامییەکانی تورکیاوە وەک کتێبەکانی سەید قوتب (مەشخەڵی ڕێگا(معالم في الطريق)، دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا(العدالة الإجتماعية في الإسلام))، هەروەها کتێبی( چوار چەمکەکە لە قورئان(المصطلحات الأربعة في القران)ی ئەبوعەلای مەودوودی...هتد دەخوێنرایەوە[٣]، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی هاریکاری ئەم بوژانەوەیدا هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران(١٩٧٩) بوو. ئەربەکانو پارتی سەلامەت بە ئاشکرا پشتیوانیان بۆ شۆڕش دەربڕی بەوپێیەی ئەم شۆڕشە لێدانە لە ڕۆژئاوا و ئاراستەی سیکۆلاریزم. سەرەڕای جیاوازی مەزهەبی شیعەو سوننە، بەڵام شۆڕشەکە پشتیوانی مادی و مەعنەوی جووڵانەوەی ئیسلامی بوو لە تورکیا[٤]، ڕژێمی نوێی ئێران، کەوتە ناردنی بیروباوەڕەی خۆی بۆناو تورکیا، هەربۆیە گۆڕەپانی کولتوری تورکیا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بڵاوکردنەوەی بیروڕای شیعەگەرانە بە زمانی تورکی بەخۆوەبینی، کە بانگەوازیان بۆ شۆڕش لەسەر مۆدێلی ئێران بڵاوکردەوە[٥]. لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆش ئابووری شارەکان بەردەوام بەرەو کزی دەچوو لە ئەنجامدا هەژاریی و بێکاری ڕووی لەهەڵکشان کرد، هەرلەبەرئەوە بایەخی زیاتر بە ئیسلام دراو ئەمەش مەسەلەی ئایینی خستە بەرچاوان هێنایەوە پێش ڕووداوەکان[٦].

پارتی سەلامەت، لەژێرناوی(ڕزگارکردنی قودس)، لەشاری قۆنیە لە(٦)ی ئەیلولی(١٩٨٠)[٧]، کە

---

[١] پارتی سەلامەت، لایەنگرانی بەرەو کەمبوونەوە ڕۆشت، ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی(١٩٧٧)، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیران (١٩٧٩) بکرێتە پێوەر، هۆکارەکەی ئەوەبوو لایەنگرانی پارتەکە درکیان کرد ئەو بەڵێنەی پارتەکە پێی داون ناتوانێت جێبەجێیان بکات، سەرنج ڕاکێشی پارتەکە بۆ نەتەوایەتی و ئیسلامیی و سەرمایەداریی نەتەوەیی و هێرشەکانی بۆ سەر کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و بازاڕی هاوبەش ئەوروپا و هاوپەیمانانی تورکیا، جێگەی باوەڕکردن نەبوو، هەروەها بەڵێنەکانی ئەربەکان سەبارەت بە بانگەشەی بۆ وڵاتانی ئیسلامیی دەوڵەمەند بە نەوت بۆ یارمەتی دانی لەگەشەکردنی تورکیادا بەدینەهات. هەرچەندە ڕۆژنامە بیانییەکان پێشبینیان کردبوو، لەوانەیە ئێرانێکی دیکە لە تورکیا دروست بێت هەروەک شاری قۆنیە بە شاری قوم دادەنا، بەڵام گەشەکردنی مێژووی لە تورکیا جیاوازبوو لە ئێران ئەربەکانیش خومەینی نەبوو. **( بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: فيروز أحمد: تدخل العسكريين والآزمة في تركيا، في ضمن: نوبار هوفسبيان (المحرر) وفيروز أحمد واخرون : م.س، ص٢١٠-٢١١)**

[٢] ماجید محی عەبدولعەباس: س.پ ،ل١٠٠-١٠١.

[٣] حسين بسلي و عمر أوزباي: رجب طيب أردوغان قصة زعيم، ت.د.طارق عبدالجليل، ط١، الدار اللعربية للعلوم ناشرون، بيروت،٢٠١١، ص٤٢.

[٤] محمد نورالدين : قبعة وعمامة، ص٢٩.

[٥] د.عصمت برهان الدين عبدالقادر: تطور الظاهرة، ص٧٩.

[٦] م.ن، ص٧٩.

[٧] لە(٩)ی ئەیلولی هەمان ساڵدا، بە ئامادەبوونی چەندین گەنج لە زمان و ڕەگەزە جیاوازەکان، کۆنگرەی جیهانی گەنجانی ئیسلامی بەسترا، ئەربەکان وتارێکی پێشکەش کرد. ناوبراو جەختیکردەوە لەسەر ڕۆڵی ئیسلام لە دونیای هاوچەرخدا، هەروەها باسی لە گرنگی گەڕانەوەی شارستانیەتی ئیسلامیی کرد بۆ تورکیا و جیهان، کە سیستمی سیکۆلاریزم لێسەندووەتەوە، هەروەها باسی لە هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا، میسر، سوریا، ئێران و

نزیکەی پەنجاهەزار کەس و ڕێبەرانی پارتەکە ئامادەبوون و داوایان دەکرد سیستمی سیکۆلاریزم ڕەتبکرێتەوە بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی شەریعەت و خۆپیشاندەران بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییان دەکرد، لە لایەکی دیکەوە خۆپیشاندەران ناڕەزاییان دەربڕی لە لکاندنی قودس بە ئیسرائیلەوە داوایان لە تورکیاش دەکرد لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیوەندییەکانی بپچڕێنێت[١].

دواجار لەبەربەیانی هەینی (١٢)ی ئەیلولی(١٩٨٠) کودەتایەکی سەربازیی بەسەرۆکایەتی کەنعان ئیڤرین سەرۆکی ئەرکانی گشتی ڕوویدا، کودەتاکە حکومەتەکەی دیمیریلی ڕووخاند، لەهەمانکاتدا کارکردنی بەدەستووری ڕاگرت[٢]. ڕێبەرانی کودەتا دەیانویست سێ ئامانجی سەرەکی لەسەر ئاستی ناوخۆ بەدیبهێنن ئەوانیش:(وەستاندنی تەوژمی ئیسلامی، کە خۆی لە پارتی سەلامەت دەبینییەوە، بەرنگاربوونەوەی ئایدیا و ڕێکخراوە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکان و سنوردانان بۆ کاریگەرییەکانی لەسەر گەنجان، بەگژداچوونەوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان)[٣].

هەڵوێستی ڕێبەرانی کودەتا، بەرامبەر پارتی سەلامەت، دەمارگیر بوو، هەربۆیە ڕاستەوخۆ پاش کودەتا ئیڤرین فەرمانیکرد بەدەستبەسەرکردنی ئەربەکانی ڕێبەری پارتەکە، هەندێک لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە نزیکەی(٣٠) هەزار لە ئیسلامییەکان لە ڕۆژانی یەکەمی کودەتا قۆڵبەستکراون[٤]. بەڵام ڕێبەرانی کودەتا تەیاری ئایینیان وەک ئایدیۆلۆجیای هێمن و لێبوردە بۆسەر تەوژمی مەترسیداری کۆمۆنیزم دادەنا، هەربۆیە لەپێناو هاوسەنگی ڕاگرتن و دوورخستنەوەی هاوڵاتیان و گەنجان لە ڕەوتە چەپەکان[٥]، پێویستبوو ئەو بۆشاییە بە گروپە ئیسلامییەکان پڕبکرێتەوە، چونکە زۆربەی تورکەکان لەوباوەڕەدابوون، کەوا یەکێتی نەتەوەییان بەتەنیا لەڕێگەی ئیسلامەوە بەدیدێت[٦]. ئەمەش بووەهۆی ئەوەی لەماوەی ئەو سێ ساڵەی، کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی فەرمانڕەوایەتی دەکرد. کاریگەریی ئیسلام لە سیاسەتی تورکی بەشێوەیەکی دراماتیکی زیادیکرد. لەگەڵ ئەوەی ژەنڕاڵەکان دانیان بەوەدا ناوە، کە پابەندن بە کەمالیزمەوە، بەڵام کاریان لەسەر پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەی کرد، کە ئیسلام ڕۆڵێکی گرنگی تێدا بگێڕێت. ئەم پێکڕا تێکەڵکردنەی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمی کەمالی، کودەتای(١٢)ی ئەیلولی لەهەردوو کودەتاکەی پێشخۆی جیاوازتر کرد[٧].

---

ئەفغانستان کرد. ( **بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: مصطفي محمد الطحان: تركيا التي عرفت...من السلطان... الى نجم الدين أ ربكان ١٨٤٢-٢٠٠٦، ج٢، ط١، الكويت، ٢٠٠٧، ص٢٩٥-٢٩٨).**

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.علي حمزه سلمان الحسناوي: ضاهرة الانقلابات العسكرية والاستيلاء على السلطة فى تركيا ١٩٦٠-١٩٨٠م، مجلة جامعة كربلاء العلمية، المجلد الثامن، العد الثالث، نسانى٢٠١٠، ص١٢٠؛ د.وليد رضوان: م.س،ص١٩٦.

[٢] د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣٥٤-٣٥٥.

[٣] د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٢٥-٢٢٦.

[٤] ه.س، ل٢٢٤.

[٥] م.هاکان یاووز: هویت سیاسی اسلامی در ترکیەی معاصر، ت.آزاد حاجی آقای، نشر اشاره، تهران، ١٣٩٢، ص١٠٧-١٠٨.

[٦] مصطفي محمد الطحان: م.س، ص٣٠٥.

[٧] م.هاکان یاووز: م.پ، ص١٠٧-١٠٨.

مەبەستی دەسەڵاتدارانی سەربازیی ئەوە بوو پاش کودەتا ئیسلامێکی نەتەوەیی بێتە کایەوە واتە ئیسلامییەکان لە گۆڕەپانی نەتەوە کار بکەن.

رەشنووسی دەستوور لە (٧)ی تشرینی یەکەمی (١٩٨٢) لە راپرسییەکی جەماوەریدا پەسەندکرا و ئیڤرین وەک سەرۆککۆمار لە(١)ی تشرینی دووەمدا بەفەرمی ئەو پۆستەی گرتەدەست[١]. دەستوورە نوێیەکە ئازادی رادەربڕین و کاری رێکخراوەیی لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەییو ئاسایشی نەتەوەیی سنوردار کرد[٢]. لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت بۆ رووبەڕووبوونەوە و رێگری لە بەهاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و رێگریگرتن لە درێژبوونەوەی بۆ تورکیا، هەروەها بۆ وەستانەوە بەرووی گەشەکردنی چەپ، خودی سوپا و حکومەتی هاندا بۆ کردنەوەی قوتابخانە ئایینیەکان و دانانی فێرکردنی ئایینی لە پرۆگرامی خوێندناو خودی ئەو فێرکردنە ئایینیەش ملکەچ بوو بۆ دەوڵەتو لەژێر چاودێری دەوڵەتدابوو. لە دەستووری(١٩٨٢)دا حکومەتی تورکیا سیاسەتێکی دوولایەنە پەیڕەوکرد، لەلایەک جەختکردنەوە لەسەر سیکۆلاریزمی دەوڵەت و لەلایەکی دیکەوە هانی فێرکردنی ئایینی ناسیاسی داوە[٣]، هەروەها تەیاری ئایینی بوونی خۆی لە زانکۆکان و ناوەندەی دەستەبژێری رۆژنامەنووسان و دەستەبژێری مەدەنییە نوێیەکان فەرزکرد و دامەزراوەی راگەیاندنی بینراو دەرکەوتن و رێگەیان پێدرا، کە خاوەن شێوازێکی ئیسلامیی بن[٤].

ئیسلامی سیاسی دوای ئەوەی لە ماوەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، هەتاوەکو کودەتای(١٩٨٠)، خەباتی لەپێناو بەرگریکردن لە ئیسلام بوو، بەڵام لێرە بەدواوە شوێنکەوتووانی ئیسلامی سیاسی لە قۆناغی بەرگریکردن، هەنگاوەکانیان بەرەوگرتنەدەستی دەسەڵات هەڵدەهێنا.

ئەنجامدەرانی کودەتا سەربازییەکەی(١٩٨٠)، هەموو پارتە سیاسییەکانی بەرلە(١٢) ئەیلولی(١٩٨٠)ی، هەڵوەشاندەوە و دوای سێ ساڵ لە یاساغکردنی کاری حیزبی، یاسای پارتە سیاسییەکان[٥]، دەرکرا. لە ماوەی(١٦)ی ئایاری(١٩٨٣)، هەتاوەکو دەستپێکردنی هەڵبژاردن لە(٦)ی تشرینی دووەمی(١٩٨٣)، نزیکەی پانزدە داوای پێکهێنانی پارت پێشکەشکرا، بەڵام بەپێی یاسا نوێیەکە، تەنیا سێ پارت مەرجی یاساییان هەبوو[٦].

---

[١] ئێریک جەی زروچەر: س.پ، ل٤١١.

[٢] رضا هلال: م.س، ص١٩.

[٣] جلال ورغی: م.س، ص٤٣،٢٥-٤٤.

[٤] منال الصالح: م.س، ص١٦٦.

[٥] یاسای تازەی پارتە سیاسییەکانی(١٩٨٣)، بەپێی ئەم یاسایە فەرماندەکانی سوپا مەرجی گەڕانەوەی ژیانی سیاسییان بۆ پارتەکان دانا لەوانە: هەڵبژاردنی ناوی نوێ وسەرکردایەتی نوێ بۆ پارتەکان، کە لەوانە نەبن لەسەردەمی پێشوودا پۆستی سیاسییان هەبووە، هەروەها لەکار راگرتنی ئەوانەی بە گەندەڵی تۆمەتبارکرابوون. مەرج بوو بۆ ئەوانەی ئارەزووی دامەزراندنی پارتی هەیە بە نووسراو وەزیری ناوخۆ ئاگاداربکاتەوە و بەرنامەی پارتەکەی لە(١٦)ی ئایاری(١٩٨٣)وە پێشکەشبکەن، هەرپارتێکیش ویستی بەشدارییکردنی هەڵبژاردنەکانی هەبوو پێویستە لایەنی کەم لە(٣٤) پارێزگا لقی خۆی بکاتەوە لەو(٦٧) پارێزگایەی وڵات، بەپێی یاسا نوێیەکە، رێگە نادرێت بە:(قوتابیانی قوتابخانەکانی ئامادەیی، دواناوەندیی، مامۆستایانی سەرەتایی، فەرمانبەرانی دەزگاکانی ئاسایش و حوکمداران...هتد) بە بیانووی سیاسیی و هزری، کۆمەڵە یان پارت دابمەزرێنن یان ببنە ئەندامی ئەو کۆمەڵانە. **(د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣٨٣-٣٨٤).**

[٦] ه.س، ل٣٨٣-٣٨٤.

یاسای نوێی پارتە سیاسییەکان بووە مایەی هاتنەپێشەوەی سیاسەتمەدارە گەنجەکان، ئەوانەی، کە پێشتر هیچ چالاکیی سیاسیی و پەرلەمانتاریان نەبووە، هەروەها هیچ لێپرسراویەتی گرنگیشیان وەرنەگرتبوو، پابەندبوونی ئایینی ئاشکرای موسڵمانە گەنجەکان و لیبراڵەکان ئاسەواری لەسەر بەها کولتورییە ئیسلامییەکانو رێورەسمە ئیسلامییەکانی کۆمەڵ بەجێهێشت. ئەمەش لەهەموو قۆناغەکانی تورکیای هاوچەرخ روونتربوو[١].

دوای ئەوەی پارتی نیشتمانیی دایک(Anavatan Partisi/ANAP)، کە ئابووریناسی لیبراڵ تورگوت ئۆزاڵ(Turgut özal)[٢]، لە(٢٠)ی ئایاریی(١٩٨٣)دایمەزراند، لە هەڵبژاردنی(٦)ی تشرینی دووەمی(١٩٨٣)دا، (٢١١)، کورسی کە دەیکردە رێژەی(٥٣٪)ی دەنگەکان لە کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەدەستهێنا، توانی حکومەت پێکبهێنێت[٣]. ئۆزاڵ لەماوەی سەرۆکوەزیرانیدا(١٩٨٣- ١٩٨٩)و لەسەردەمی سەرۆککۆماریدا(١٩٨٩-١٩٩٣)، لەپێناو هاوسەنگکردنی مێژوویی لەنێوان بنەماکانی ئەتاتورک و ئیسلامی پێڕەوی سیاسەتێکی ئیسلامی میانڕەوی کرد. ئامانجی ئۆزاڵ لە خستنەڕووی ئیسلامی میانڕە، بەرگرتن بوو لە گەشەی رەوتە چەپەکان لەلایەک و سنوردانان بوو بۆ توندڕەوی ئیسلامی پەرەسەندو لە لایەکی دیکەوە، هەروەها بۆ داڕشتنەوەی چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی، کە لە چوارچێوەی(نەتەوەی- ئەتاتورکی) گشتگیرتر بێت[٤].

قۆناغی ئۆزاڵی(١٩٨٣-١٩٩٣)، تورکیا پەرەسەندنێکی گرنگی لە گۆڕانی جووڵانەوەی ئیسلامی تورکی بۆ جووڵانەوەیەکی چوارچێوە فراوان بەخۆوەبینی، بەجۆرێک زۆرترین کاریگەریی لە سیاسەتی تورکیادا هەبوو، ئەمە رێگەی خۆشکرد بۆ گەیشتنی پارتە ئیسلامییەکان بەدەسەڵات لە قۆناغی دوای ئۆزاڵدا. رۆڵی ئۆزاڵ و پارتی نیشتمانی دایک هۆکاری سەرەکی بوون، کە ئاسۆی فراوانی لەبەردەم تەوژمی ئیسلامی لە بوارەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی‌و فەرهەنگی‌و میدیایی کردەوە[٥]. ئۆزاڵ، ئیسلامێکی لیبراڵ بووباوەڕی بە فرەیی و لێبوردەیی هەبوو لەلایەک بەشێکبوو لەو ژینگەیەی، لێی لەدایکبووە، پێشینەیەکی ئیسلامیی و باوەڕداری هەبوو، هەروەها سەرسامبوو

---

[١] نوال عبدالجبار سلطان: م.س، ص١٣٣-١٣٤.

[٢] تورگوت ئۆزاڵ (Turgut özal): ناوی تەواوی (خەلیل تورگوت محەمەد سدیق ئۆزاڵە)، لە(١٣)ی تشرینی یەکەمی(١٩٢٧)، لە مەلاتیە، لە بنەماڵەیەکی پارێزکار و ئایینی لەدایکبووە. پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە ١٩٥٠، خوێندنی کارەبای لە زانکۆی تەکنیکی ئەستەنبوڵ تەواوکردووە، پاشان لە بەرێوەبردنی لێکۆڵینەوەی کاروباری کارەبایدا کاریکردووە، لە(١٩٥٢) بۆ ئەمریکا نێدراوە، هەتاوەکو لە بواری ئەندازیاری پسپۆڕی بەدەستهێناوە، ئۆزاڵ لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی گشتی (١٩٧٧)، وەک نوێنەری پارتی سەلامەت، لە ناوچەی ئیزمیر خۆی پاڵاوت، بەڵام سەرکەوتوونەبوو. ناوبراو پاش کودەتای(١٩٨٠)، لە حکومەتەکەی(بولند ئولوسودا)بووە جێگیری حکومەت بۆ کاروباری ئابووری، لە (١٩٨٢) دەستی لەکارکێشایەوە، پاشان بووە سەرۆکوەزیران، دواتریش سەرۆککۆمار، ناوبراو لە(١٧)ی نیسانی(١٩٩٣)، کۆچی دوایی کرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**
**Ziya oniş:Turgut üzal and hıs economic Legacy : Turkısh neo – liberalism in critical perspective,file:///D:/9e9e2021mayma%20phd/%D9%83%D8%AA% وەرگیراوە لە:(٢٩)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢١ )؛ محمد نورالدین: ترکیا في الزمن المتحول، قلق الهوية وصراع الخيارات، ط١، رياض، ب.م ١٩٩٧، ص٤٢،٥١-٥٣).**

[٣] د.ابراهيم خليل أحمد: پارتە سیاسیەکان لە تورکیا، وەرگیراوە لە: د.ابراهيم خليل أحمد ئەوانی دیکە: س.پ، ل١٩٧.

[٤] رضا هلال: م.س، ص١٥٤،٢٠.

[٥] د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٥٢-٢٥٣.

بە ئەزموونی ئەمریکا و سیستمی فرەیی ڕەوتی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگییەکەی لەو وڵاتە[1].

ناوبراو ڕۆڵێکی ناوەندی بینی لە دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەو ئایین، دوایی گرتنەبەری بەرنامەیەکی سیاسی کراوەی بەرچاو، کە وەستابوو لەسەر کۆکردنەوە ئیسلامو میراتی عوسمانی لەنێوان پێشکەوتنو واقیعی سیاسی لەگەڵ نەریتە ئایینیەکان ئەمەش دەرگای کردەوە لەبەردەمیان، هەتاوەکو لە ژیانیی گشتی نوێدا ڕۆڵ بگێڕن[2]. ناوبراو چەند هەنگاوێکی گرنگی گرتەبەر لەوانە: ڕەتیکردەوە دەوڵەت لە دامەزراندنی(پێشنوێژ و وتاربێژان)ی مزگەوتەکان دەستێوەردان بکات، ڕەتیکردەوە لە ڕۆژی هەینیدا وتاربێژ ناچار بە وتارێکی دیاریکراو بکرێت[3]، هەوڵیدا قەدەغەی بالاپۆشی هەڵگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، هەروەها ڕێگەی بە دامەزراندنی بانک و دامەزراوەی دارایی لەسەر بنەمای ئیسلامیدا[4]، قوتابخانەی وتاربێژانی مزگەوتەکانی زیاتر کرد و پشتیوانی لە پیاوانی سەرمایەداری ئایینخواز کرد، ئەمەش بووەهۆی دروستبوونی چینێکی بورجوازی ئایینخواز لە دوو دەیەی دواتردا[5].

لە پاڵ پارتی نیشتمانی دایک، لە(١٩)ی تەمموزی(١٩٨٣) پارتی ڕەفاه (Refah Partisi RF/)، بەسەرۆکایەتی ئەحمەد تکدال دامەزرا، کە بووە میراتگریی پارتی سەلامەت[6]. ڕەفاه، هەوڵیدا بۆ گرتنەخۆی جیاوازییەکان و ڕەزامەندی لە وەرگرتنی شوناسە جیاوازەکان دەربڕی وەک نێوەندگیرێک هەڵسوکەوتی دەکرد لەناو ئەو شوناسانەدا. ڕەفاه دەستیکرد بە نزیکبوونەوە لە هەژاران و لێقەوماوانو بەرگریکردن لێیان و کۆکردنەوەی تەواوی کرێکاران و سەرمایەداران لەژێر یەک سەقفدا و لەیەک شوناسی ئیسلامییدا یەکخست، هەروەها سەرکەوتووبوو لە دواندن و نزیکبوونەوە لە پارتە ڕاستڕەوەکان، ڕۆڵی بنەڕەتی گێڕا لە دووبارە بووژانەوەی کۆمەڵایەتی و شوناسی ئیسلامیی بەسەر نەتەوەدا بەهێزتر کرد[7].

سەرەڕای بوونی ڕەفاه، لە قۆناغیی ئۆزاڵیدا، دەرکەوتنی گوزارشتە ئیسلامییە جیاوازەکانی بەخۆوە بینی، لەوانە: ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی و بزاڤی فەتحوڵڵا گولەن ئەم گوزارشتە ئیسلامییانە گۆڕانکاریی و گەشەی بەرچاویی بەخۆوە بینی، بەتایبەت دوای ئەوەی دەوڵەت چاودێری لەسەر چالاکیی دامەزراوە خێرخوازییەکان کەمکردەوە[8].

---

[1] أفراح ناثر جاسم: توركوت أوزال ومشروع العثمانية الجديدة، دراسات اقليمية، السنة ٣، العدد ٦، كانون الثاني، ٢٠٠٧، https://regs.mosuljournals.com/article_29576_f200cec8148782d11bccd011ebc74b1b.pdf وەرگیراوە لە: ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١؛ Berdal Aral: Dispensing With Tradition?: Turkish Politics and International Society During The Özal Decade 1983-1993, Middli Estern Studies, Vol37,No1, January,2001,P.72.

[2] جلال ورغي: م.س، ص٤٧.

[3] محمد نورالدين: حجاب وحراب الكمالية وأزمات الهوية في تركيا، ط١، رياض، ب.م،٢٠٠١، ص١٦٤.

[4] ياسرأحمد: م.س، ص٩٤-٩٥.

[5] ازغي باشاران: تركيا والنزاع على الشرق الأوسط، ت. عماد شيحة، ط١، دار الساقي، بيروت، ٢٠١٩،ص٨٥.

[6] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: يوسف ابراهيم الجمهاني: م.س، ص١٥-١٧ ؛ د عصمت برهان الدين عبدالقادر: تطور الظاهرة الدنية، ص٧٩.

[7] منال الصالح: م.س، ص١٨٨-١٨٩.

[8] جلال ورغي: م.س، ص٣٥-٣٦.

له تشرینی یەکەمی (١٩٨٧) هەڵبژاردن کرا و شەش پارتی سیاسی[١]، بەشدارییانکرد. رەفاه (٧,٢ ٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا[٢]، بەڵام ئۆزاڵ توانی دەنگی ئیسلامییەکانی سەربە رێبازە سۆفیگەرییەکانی نەقشبەندی و سلێمانیە، بۆ پارتەکەی بەدەستبهێنێت[٣]. جگە لە رێبازە سۆفیگەرییەکان، بەوپێیەی، کە زۆرێک لە سەرکردایەتی پارتەکەشی لە کەسە ئیسلامییە دیار و ناسراوەکان بوون توانی دەنگی ئیسلامییەکانی دیکە بۆ پارتەکەی بەدەستبهێنێت. ئۆزاڵ گڵۆپی سەوزی بۆ گەشەپێدانی ئیسلامییەکان و بڵاوبوونەوەو دەرکەوتنی ئاشکرایان لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا هەڵکرد. بەتایبەتی دوای ئەوەی هەریەک لە کازم ئەکسوی[٤]، وەهبی دینچەرلەر، یەڵدرم ئاق بلوت، کە لە کەسایەتییە ئیسلامییە دیارەکان بوون لە کابینەی حکومەتەکەی دانان[٥].

هەر لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەپاڵ پارتەکانی دیکەدا چەند رێکخراو و گروپێکی ئیسلامی توندڕەو دەرکەوتن، لەوانە رێکخراوی دەوڵەتی خەلافەت(Halifek Devleti) بە رێبەری جەمالەدین قەپلان(Cemal etti Kaplan)[٦]، ناوبراو لەسەرەتادا ئەندام بووە لە پارتی سەلامەت پاشانیش رەفاه ، بەڵام لە (١٩٨٣) سەردانی ئێرانی کرد و چاوی بە ئایەتوڵڵا خومەینی کەوت، ئەم سەردانەشی وێستگەیەکی یەکلاکەرەوە بووە لە ژیانی قەپلان پاش گەڕانەوەی بۆ تورکیا، لە رەفاه جیابووەتەوە و کەوتە بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی. هێرشی توندی کردەسەر سیستمی سیکۆلاریزم لە تورکیا. قەپلان لە ئەنجامی سیاسەتە توندڕەوییەکانی، تورکیا رەگەزنامەی لێسەندەوە لە(١٩٨٤) ئیڤرین بە دەنگە رەشەکە (Kara Ses)، ناویان دەبرد، بەوپێیەی تێڕوانینەکانی دژی یاسای وڵات بوون. ناوبراو دوایی ئەوەی لە(١٩٨٥)وە مافی پەنابەری سیاسی لە ئەڵمانیا بەدەستهێنا، بەردەوامبوو لە سیاسەتەکانیو رێکخراوی کۆمەڵە ئیسلامیی و یەکێتی کۆمەڵەکانی( Islami

---

[١] پارتی نیشتمانی دایک، بەسەرۆکایەتی ئۆزاڵ، (٣٦,٢٪ ) دەنگەکان و بە پلەی یەکەم پارتی ئیشتراکی کۆمەڵایەتی دیموکراتی(SHP) بەسەرۆکایەتی ئەردال ئینۆنو(٢٤,٧٪)دەنگەکان و پلەی دووەم پارتی رێگای راست(DYP) بەسەرۆکایەتی دیمیریل(١٩,٢٪)ی دەنگەکان پلەی سێیەمی دەنگەکانییان بەدەستهێنا، هەرچی پارتی رەفاه بە سەرۆکایەتی ئەربەکان(٧,٦٪)ی دەنگەکانییان بەدەستهێنا و پارتی پارێزکارانیش بەسەرۆکایەتی ئەلب ئەرسەلان تورکیش پارتی چەپی دیموکرات(DSP) بەسەرۆکایەتی بڵند ئەجەوید، رێژەی کەمی دەنگیان بەدەستهێنا. **(د.وليد رضوان: م.س، ص٢٢٧-٢٢٨).**

[٢] م.ن، ص٢٢٧ ؛ ئێریک جەی زروچەر: س.پ، ل٤١٦؛ جلال ورغي: م.س، ص٤٦.

[٣] د.عصمت برهان الدين: الطريقة السليمانية.

[٤] کازم ئەکسوی: وەزیری دەوڵەت بوو بۆ سەرپەرشتیاریی کاروباری ئایینی، کە کەسایەتییەکی ئیسلامی دیارو ناسراوبوو، ناوبراو چەند دەزگاو بانکێکی ئایینی وەک بانکی ئەوقاف، کە یەکێکبوو لە گرنگترین ناوەندەکان کردەوە، کە بووەهۆی بووژانەوەی بزووتنەوەی ئایینی لە تورکیادا. **(د.وليد رضوان: م.س،ص٢٣٢).**

[٥] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: م.ن، ص٢٣١-٢٣٢.

[٦] جەمالەدین قەپلان(Cemal etti Kaplan): ( ١٩٢٦) لە گوندی دینفیز لە ویلایەتی ئەرزڕوم، لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیا لەدایکبووە، زانستی ئایین و زمانی عەرەبی لای باوکی فێربووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی، لە (١٩٦٦) کۆلێژی زانستی زانکۆی ئەنقەرە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە، ناوبراو لە ماوەی(١٩٦٦-١٩٦٨)، بشکنەربووە لەسەرۆکایەتی کاروباریی ئایینی سەربە ئەنجومەنی وەزیران، پاشان بووە بە جێگیریی سەرۆکایەتی کاروباریی ئایینی، لە ١٩٨١دا موفتی شاری ئەدەنە بووە، لە(١٥)ی ئایاری(١٩٩٥) کۆچی دوایکرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد نورالدين: تركيا في الزمن، ص٩٠-٩٢).**

(Cemaatler ve Cemiytler Birliği /ICCB دامەزراند[1]. قەپلان بانگەشەی بەرپاکردنی شۆڕشێکی کرد، بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی کە بە قورئان و شەریعەتی ئیسلامی پشت ببەستێت. ناوبراو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگەی تورکیدا پشتی بە شێوازیی نهێنی یان وتارە تۆمارکراوەکان لەسەر کاسێت دەبەست، هەمان شێواز کە پێشتر خومەینی پشتی پێدەبەست[2]. بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسلامی لای قەپلان پەرەیسەند و لە(١٩٨٧)دا، روویکردە دامەزراندنی رێکخراوێکی دیکە بەناوی دەوڵەتی ئەنادۆڵی فیدراڵی ئیسلامیی( Anadolu Federe Islam Devleti/ AFID)و خۆی وەک خەلیفەی ئەم دەوڵەتە راگەیاندو بەرلینی واناساند، کە یەکەم پایەتختە لە جیهاندا بالیۆزخانەی دەوڵەتەکەی تێدا دەکاتەوە. پاش مردنی قەپلان رێکخراوەکە بەرەو لاوازی و نەمان چوو[3].

یەکێکی دیکە لە رێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان، بەرەی جەنگاوەرانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی مەزنە (Islam Büyük Doğu Akincilar Cephesi /IBDA-C، کە ساڵح بەگ میرزا ئۆغلو( Salih Mirzabe oğlu)[4]، لە (١٩٨٤) دایمەزراند. ناوبراو پێیوابوو(سیستمی نوێی جیهانی دەبێت لەرێگای ئیسلامەوە بێت... ئۆغلۆ، بیروباوەڕەکەی بەوە ناوبردووە کە تێکەڵەکەیە لە سۆفیزمی ئیسلامیی و ئەفلاتونیزم و هیگلیزم و مارکسیزم و ترۆتسکیزم. داوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی جیهانی لە توکیاوە دەکرد و پاشتر گواستنەوە بۆ قۆناغی دووەم: کە یەکێتی ئیسلامی بوو لە سیستمێکی فیدراڵیدا، هەروەها پێیوابوو رۆشنبیران باشترینی ئەوکەسانەن، کە شایستەن ئەو دەوڵەتانە بەڕێوەبەرن، رێکخراوەکە چەند تێڕوانینێکی تایبەت بەخۆی هەبوو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا لەوانە: لە ئاستی ناوخۆدا جەختیکردەوە لەسەر دادپەروەری و یەکسانی لەبەردەم یاسادا،

---

[1] محمد نورالدين: قبعة وعمامة، ص٥٤.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.عصمت برهان الدين عبدالقادر: منظمة دولة الخلافة، دراسات إقليمية، السنة٣، العدد ٦، كانون الثاني ٢٠٠٧. وەرگیراوە لە: ١٥ی حوزەیرانی٢٠٢٢، https://regs.mosuljournals.com/article_29493_00005771e276f290b8a05a6e678af91e.pdf

[3] محمد نورالدين: قبعة وعمامة، ص٥٤-٥٥.( رێکخراوە تازەکە، پشتی بە ئایدۆلۆجیایەک ئەبەست، کە داوای یەکخستنی هەموو موسڵمانانی تورکیاو ئەورووپای دەکرد و کاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکرد، کە ناوەندەکەی ئەنادۆڵە و پشت بە شەریعەتی ئیسلامی دەبەستێتو بەرپەرچی هەموو سیستمەکانی حوکمڕانی سێکیۆلاریزم دەداتەوە، بە مردنی قەپلان، کوڕەکەی(مەتین قەپلان)، جێگەی گرتەوە، مەتین، وەک باوکی کەسایەتییەکی کاریگەرنەبوو، پاش ماوەیەک جیابوونەوە لەناو رێکخراوەکەدا روویدا، دواتریش مەتین قەپلان بەتۆمەتی پەیوەندی بە تیرۆرەوە لە(١٩٩٨)دا قۆڵبەستکراو، پاشان دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا لە(٢٠٠٤) رادەستی حکومەتی تورکیایان کرد. **(بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: د.عصمت برهان الدين عبدالقادر: منظمة دولة).**

[4] ساڵح بەگ میرزا ئۆغلو(Salih Mirzabe oğlu): لە(١٠)ی ئایاری(١٩٥٠) لەشاری ئەسکی شەهر، لەدایکبووە، لەبنەڕەتدا خەڵکی شاری بەتلیسە. ناوبراو لەتەمەنی لاوێتیدا یاریزانێکی بەناوبانگی کیک بۆکسێن بووە، کۆلێژی یاسای لە ئەستەنبوڵ خوێندووەو، لایەنگری رێبازی نەقشبەندی بووە، لە(١٩٦٥)، لە شاری ئەسکی شەهر، چاوی کەوتووە بە نەجیب کیساکۆرک، بیریارو نووسەری تورکی ئیسلامیی ناسراو و کاریگەر بووە بە بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی مەزن، ئۆغلوو لایەنگری پارتی سەلامەت بووەو، پاشتر بووەتە ئەندامی پارتی **رەفاه** ، پاشان لەو پارتە جیابووەتەوە، رێکخراوەی بەرەی جەنگاوەرانیی رۆژهەڵاتی ئیسلامی مەزنی دامەزراند. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: دکتۆر عیسمەت بورهانەوددین عەبدولقادر: بەرەی جەنگاوەرانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی لە تورکیا (١٩٨٤-٢٠٠٨)، وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی، ل١٠٥-١٤٨).**

ئازادی ژیانو سەقامگیریی...هتد، لەسیاسەتی دەروەشدا رەخنەی لە دروشمی(ئاشتی لەناوخۆو ئاشتی لە دەرەوە) گرت، هەروەها جەختیکردەوە، کە تورکیا بەروخساری ئیسلامی دەربکەوێت و ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی بکات[1].

ئۆزاڵ سیاسەتە میانڕەو، ئیسلامی، لیبراڵی و ئابوورییەکانی کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا هەبوو. لەلایەک، ئارەزوی لە بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا هەبوو لەپێناو بەدەستهێنانی یارمەتیەکی زۆرو گۆڕینی بۆ هاوکاریی ئابووریی زانستی بەشێوەیەک، کە تورکیا بتوانێت رۆڵی سەرەکیی و گرنگ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت[2]، لەلایەکی دیکەوە کرانەوەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی بەسەر وڵاتانی عەرەبییدا کردەوە[3]. هەربۆیە کەرتی ئابووریی ئیسلامی، کە رۆڵی گرنگی لە گەشەسەندنی جووڵانەوەی ئیسلامی بینی لە سەرجەم لایەنەکانی ئابووریی‌و فەرهەنگیی‌و میدیاو فێرکردنو پەروەردەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەرکەوتن[4].

ئۆزاڵ دەرەوەی پارتەکەی رەخنەی لێدەگیراو ئەربەکانو شوێنکەوتووانی، لە نەیارە توندەکانی بوون و هەمیشە بەوە تۆمەتبارییان دەکرد، کە دۆستایەتی بێسنوری بۆ ئیدارەی ئەمریکا هەیەو سەرسامە بە مۆدێلی رۆژئاواوە، لەناوەندە سیکۆلاریزمەکانیش رەخنەیان لە ئۆزاڵ گرت لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانیی ئیسلامی بە چاوچنۆکێکی ئوسولگەرایان دادەنا[5]، هەربۆیە لە کانونی دووەمی(١٩٨٧)دا ئیڤرین، ئیدانەی ئوسولگەرای ئیسلامی کرد و لە وتارێکی لەبەردەم خەڵکی لەشاری قەیسەری ئاگاییدا، بەوەی ئەو مەترسییانەی رووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە بریتییە لە: (کۆمۆنیزم و فاشیزم و کۆنەپەرستی ئاینی)[6].

لەکۆتایی هەشتاکاندا، ئۆزاڵو پارتەکەی دەسەڵاتیان رووی لە لاوازیی کرد. هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە(٢٦)ی ئازاری(١٩٨٩)ئەنجامدرا. پارتی نیشتمانی دایک(٢١,٩٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا بەمەش بە پلەی سێیەم دەهات لەدوای هەریەک لە پارتی سۆسیالست دیموکراتی(٢٨,٢٪ )و پارتی ریگای راست بە پلەی دوەم(٢٦,٥٪)دەنگیان بەدەستهێنا[7]. پارتی رەفاه ، ژمارەی دەنگەکانی بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشتر زیاتر بوو، کە(٨,٨٪)دەنگەکان بوو، پارتەکە پۆستی سەرۆک شارەوانی پێنج شاری گەورەی بەدەستهێناو لەگەڵ سەرۆکایەتی(١٠٠) فەرمانگەی شارەوانی دیکە، هەروەها لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی(٢٠)ی تشرینی یەکەمی(١٩٨٩)، ئۆزاڵ خۆی کاندیدکرد و سەرکەوتنی بەزۆرینە بەدەستهێنا، لە(٣١)ی تشرینی یەکەمی(١٩٨٩)وەک سەرۆککۆمار دەستبەکاربوو[8]. هەرلەو قۆناغەدا پارتی نیشتمانی دابەشبوو، لەنێوان راستڕەوی توندڕەو بەسەرۆکایەتی محمد کوشی

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: دکتۆر عیسمەت بورهانەوددین عەبدولقادر: س.پ، ل١٠٥-١١٢، ١١٣-١١٥.

[2] د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د.خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣٧٣.

[3] جلال ورغي: م.س، ص٤٧.

[4] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٦٨.

[5] ه.س، ل٢٦٠.

[6] Roonie Margulies And Ergin Yildizoğlu: The Political Uses of Islam in TURKEY (Middle East Report), No153,Islam and The State ,Julay August 1988, P.12-13.

[7] فیروز أحمد: صنع ترکیا، ص٤٤٤ ؛ ئێریک جەی زروچەر: س.پ، ل٤١٨.

[8] د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٣٣٤,٢٥٢.

چیللەر، رەوتی لیبراڵی سیکۆلاریزم بە ڕێبەری مەسعود یەڵماز، هەرچەندە ئۆزاڵ هەوڵیدا یەڵدرم ئاکبۆلوت، کەسایەتییەکی ئیسلامیی نائایدیۆلۆجی بۆ سەرۆکی پارتەکە لە جێگەی خۆی دانێت[1]، بەڵام باڵی سیکۆلاریزمەکانی نێو پارتەکە باڵی ئیسلامگەراکانی سنوردارکرد و یەڵمازیان کردە سەرۆکی پارتەکە، هەربۆیە باڵە ئیسلامییەکە بێئومێد بوون لە پارتەکەیان و بەشێکیان چوونەناو پارتی رەفاه و هەندێکی دیکەش دایانە پاڵ پارتی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا[2].

لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، ئاڵۆزی ناوخۆی لە تورکیا روویدا، بەجۆرێک ئەو ئاڵۆزییانە بەڕوونی دیاربوو لەسیاسەتی دەرەوەیدا، لەلایەک ململانێی نێوان پارتی میانڕەوی سیاسیی و گەشەکردنی هێزە ئیسلامییەکان لە لایەکی دیکەوە، ئیسلامییەکان لایەنگری ئەوەبوون سیاسەتی دەرەوە مەیلی بەلای بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ئیسلامییدا بێت، بەڵام فەرماندە سەربازییەکان جەختیان لە بەهێزکردنی پەیوەندی دەرەوەی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەورپا دەکردەوە[3].

سەردەمی ئۆزاڵ، لە مێژووی تورکیا بەتایبەتی پەیوەست بە هەڵوێستی گوزارشتکردن لە شوناسی ئیسلامیی‌و زەمینە خۆشکردن بۆ چوونی تێڕوانینە ئیسلامییەکان بۆناو بیرۆکراسیەتی دەوڵەت[4]، هەربۆیە لەسەردەمی پارتی نیشتمانی، جێگیرکردنی ژمارەیەک لە ئیسلامییەکان لە نێوەندە فەرمی و حیزبییە پێشکەوتووەکان، رێگەی لەبەردەم ئەوانەدا خۆشکرد، بۆ ئەوەی بچنە بواری خزمەتی مەدەنییەوە لەسەرجەم فەرمانگە و وەزارەتەکاندا، هاوکات ژمارەی قوتابخانانەی (پێشنوێژو وتاربێژی) بەهۆی کۆمەکی ئۆزاڵەوە زیاتربوو، بەجۆرێک لە (١٩٩٢) گەیشتە(٤٦٧) قوتابخانە. ئەو پەرەسەندنە بەرچاوە ئاڕاستەی هەزاران لە دەرچوانی ئەو قوتابخانانەی کرد رووبکەنە بەشەکانی زانستی سیاسیی‌و کارگێڕی گشتی لە زانکۆ تورکییەکاندا. بەگوێرەی یەکێک لە توێژینەوەکان(٤٠٪ ) قوتابیانی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەنقەرە، لە (١٩٨٧)، دەرچوانی قوتابخانەکانی (پێشنوێژو وتاربێژی)بوون[5].

لە(٢٠)ی تشرینی یەکەمی(١٩٩١)دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرا، پارتی نیشتمانی دەنگەکانی کەمیکرد، لەهەمانکاتدا رەفاه دەنگەکانی بە ڕێژەی(٧٪) بەرزبوویەوە[6]، هەروەها لە هەڵبژاردنی شاراوانییەکانی تشرینی دووەمی(١٩٩٢)، پارتی رەفاه لە هەندێک ناوچەی ئەستەنبوڵ زۆرترین دەنگی بەدەستهێنابوو، کۆمەڵگەی تورکیاش ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەم هەڵبژاردنەیان وەک سەرەتایەک بۆ سەرکەوتنی رەفاه ، لە قۆناغەکانی دواتردا دانا[7].

لە دوای(١٩٩٣)وە ململانێی ئیسلامی سیاسی لەپێناو دەسەڵات بوو، هەربۆیە کۆکردنەوەی

---

[1] رضا هلال: م.س، ١٤٧.

[2] محمد رضا زارع: م.پ، ص١٨١.

[3] محمد نورالدين: تركيا في الزمن، ص٤٢.

[4] م.هاكان یاووز: م.پ، ص١١٩–١٢٠.

[5] د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٦٣–٢٦٤.

[6] حەمید بۆز ئەرسەلان: س.پ، ل١٢٢–١٢٣؛ د.ولید رضوان: م.س، ص٢٥٤–٢٥٥؛ رضا هلال: م.س، ص١٤٧؛ د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل عەلی مراد: س.پ، ل٣٩٦–٣٩٧.

[7] محمد نورالدين: تركيا في الزمن، ص٥٧.

بەشێکی زۆر لە موسوڵمانان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو سیاسەت و  ناوەندی دروستکردنی بڕیار لەسەر دەستی پارتی رەفاه بە سەرکردایەتی نەجمەدین ئەربەکان ڕویدا. ئەربەکان توانی بەری ڕەنجی سەردەمی ئۆزاڵ بچنێتەوەو ئیسلامی سیاسی پێگەییوو بخاتەناو رکەبەری و ململانێ و پێکدادانە سیاسیەکان. گرنگی ماوەی(١٩٩٣-٢٠٠٢) بۆ ئیسلامی سیاسی تورکی لەوەدایە، کە بەشێوەی سەربەخۆو ئاشکراو بێ پەردە لەناو پارتێکی تورکی، کە بە مەکینەی ئیسلامی سیاسی وەردەچەرخان خۆی تاقیکردەوە. لەم تاقیکردنەوەیەدا رووبەڕووی سوپاو پارتە سیکۆلارو ململانێی پەرلەمانی و لێپێچینەوەی یاسایی و بنەما دەستوریەکان بووەوە، هەموو ئەمانەش بوونە ئەزمونێک، کە لە قۆناغی دواتردا ڕەوتەکە سودی لێبینی.

رەفاه ، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٧)ی ئازاری (١٩٩٤)، سەرکەوتنی بە پلەی سێیەم، لەدوای هەریەک لە پارتی رێگای راست، پارتی نیشتمانیی، بەدەستهێنا، بە رێژەی( ١٩,١٪) لە کۆی (٧٦) پارێزگا توانی پۆستی سەرۆکی شارەوانی لە (٢٩) پارێزگا بباتەوە لە نێویشیاندا شارەگەورەکانی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە بوون، لەگەڵ سەرۆکایەتی(٤٠٠) فەرمانگەی شارەوانی لەشاروشارۆچکە جیاوازەکاندا[١]. وێڕای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، لە هەڵبژاردنی گشتیی(٢٤)ی کانونی یەکەمی(١٩٩٥)دا سەرکەوتن بەسەر تەواوی پارتەکانی دیکەدا[٢]، کە (٢١,٤٪)دەنگی بەدەستهێناو بەمەش بووە خاوەنی(١٥٨) کورسی لە کۆی(٥٥٠) کورسی پەرلەمانی، ئەم دەرکەوتنو سەرکەوتنە دراماتیکەی پارتێکی ئیسلامی وەک رەفاه، تایبەتمەندی خۆی هەبوو لەسەر هەموو لایەنەکانی سیاسی تورکیا، بووەهۆی کۆتاییهاتن بە قۆرخکاری دەسەڵات، لەلایەن دەستەبژێرێکی سیاسیی رۆشنبیر، کە لەژێر هەژمونی کەمالیستدا بوون، چیتر نەیانتوانی بانگەشەی ئەوە بکەن، کە لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی وڵات بەڕێوەدەبەن[٣].

دەتوانیین بڵێین سەرکەوتنەکانی پارتی رەفاه دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: هەمەجۆرەیی گوتاری سیاسی پارتەکە، کە زۆربەی چیین وتوێژە جیاوازەکانی دەگرتەوە، رێکخستنەکانییان بەباشی کاریان دەکرد، ئەو کاندیدانەی لەو شارانەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاند بردیانەوە خزمەتێکی زۆریان پێشکەشی دانیشتوانەکەی کرد...هتد.

سەرکەوتنی پارتی رەفاه لە هەڵبژاردنەکاندا، هاوکات بوو لەگەڵ پیشاندانی هەندێک دیمەنی تەلەڤزیۆنی چەند کاسێتێکی سەربە بزاڤی(دەوڵەتی خەلافەت)، ئەو کاسێتانە داوای شۆڕشێکی ئیسلامیی دەکرد لەناو تورکیادا. ئەو ترسەی لەم رێکخراوە هەبوو، هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندنی تورکی بە ئامانجی رێگرتن لە گەشەسەندنی بەردەوامی بزاڤی ئیسلامی لە تورکیا دەیانویست هەموو خەڵکی هەستی پێبکەن. ئەربەکانیش پەی بەوەبرد، روونیکردەوە، کە پارتەکەی پارتی برایەتی ئاشتیی و خۆشەویستییە، هەرچەندە بیرمەندە ئیسلامییەکان پێیانوابوو، دەبێت لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات، لەلایەن پارتێکی ئیسلامییەوە شەریعەتی ئیسلامی پراکتیک بکرێت، بەڵام ئەربەکان خۆی بەدوورگرت

---

[١] د.ولید رضوان: م.س، ص٢٥٨-٢٥٩؛ م.هاکان یاووز: م.پ، ص٣١٠ ؛ Cihan Acar : Political Islamism in Turkey and its Effects on Turkish Politics Between 1923-2018, Masters thesis, lefkoşa,2019, Near East University Graduate School of Soclal Sciences International Relationns Program, P.40.

[٢] جلال ورغي: م.س، ص٤٩.

[٣] م.هاکان یاووز: م.پ، ص٣١٠.

لەخستنەڕووی هەڵوێستی راستەقینەی لەبارەی پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر هەندێک بابەتدا[١].

رەفاه لە توانایدا، نەبوو بێ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا، بگاتە دەسەڵات بەهۆی هەوڵی هێزە سیکۆلارەکان وەک دامەزراوەی سەربازییو یەکێتی پیشەسازان و پیاوانی تورک(TÜSAD)، دوو دامەزراوەی میدیایی(صباح)،(دۆغان)، فشاریان لە یەڵماز و تانسۆ چیللەر کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی[٢]. پاش دوومانگ لە وتوێژوگفتوگۆ لەنێوان هەردوو پارتی نیشتمانی دایک، پارتی رێگای راست، لە(٢١)ی ئازاری(١٩٩٦)، حکومەتێکی هاوپەیمانی بەسەرۆکایەتی یەڵماز پێکهات. حکومەتە هاوپەیمانییەکە کورتخایەن بوو، کەمتر لە چوار مانگی خایاند. کاتێک پارتی نیشتمانی دایک بڕیاریدا پشتگیری لە لێکۆڵینەوەیەکی پەرلەمانی سەبارەت بە گەندەڵی پارتەکەی چیللەر بکات، کە لەلایەن رەفاه داواکرابوو. لە سۆنگەی ئەم هەڵوێستەی لەگەڵ هاوبەشەکەیدا، چیللەر بڕیاریدا پارتەکەی لە هاوپەیمانییەکە بکشێنێتەوە، هەربۆیە یەڵماز دواجار لە (٦)ی حوزیرانی (١٩٩٦) دەستی لەکارکێشایەوە، بەمەش دەرکەوت، کە ناتوانرێت حکومەتێکی جێگیر بێ بەشداریی ئیسلامییەکان پێکبهێنرێت جارێکی دیکە داوا لە ئەربەکان کرا حکومەت پێکبهێنێت[٣]. ئەربەکان لەگەڵ پارتی رێگای راست، هاوپەیمانییان پێکهێناو، لە(٢٩)ی حوزەیرانی(١٩٩٦)دا، پەنجاوچوارمین حکومەت پێکهات، ئەم رووداوە مەترسییەکی گەورە بوو بۆ دەستەبژێری سیکۆلاریزم، کە تورکیای هاوچەرخ لە(١٩٢٣)وە نمونەی وای بەخۆیەوە نەبینی بوو[٤]. رەفاه بەگرتنەدەستی دەسەڵات، ئەندام پەرلەمانەکانی، کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە لە دژی سیکۆلاریزم، لەلایەکی دیکەوە رووداوی سووسورلوک[٥]، لە(٣)ی تشرینی دووەمی(١٩٩٦) رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی لە کەشی هەڕەشە ئامێز و مەترسی ئیسلامییەکان بۆ سەر سیستمی سیکۆلاری کۆماری تورکیای هاوچەرخ[٦]. هەربۆیە لەسەرەتای(١٩٩٧)دا رێپێوان دژی دواکەوتووی ئایینی سەریهەڵداو، جووڵانەوەیەکی جەماوەری رێکخراو بەناوی(خولەکێک تاریکی لەپێناو داهاتوویەکی روناکدا)، لەڕێگەی تەواوی شارە گەورەکاندا بڵاوبوویەوە. خەڵکی وەک نارەزایی دەربڕین لەسەر

---

[١] محمد نورالدين: تركيا في الزمن، ص٥٩.

[٢] م.هاکان یاووز: م.پ، ص٣٤٠-٣٤١.

[٣] د.وليد رضوان: م.س، ص٢٦٥؛ ئێریک جەی زروچەر: س.پ، ل٣٣٦

[٤] مصطفى محمد الطحان: م.س، ص٣٣٩؛ جلال ورغي: م.س، ص٤٩.

[٥] سووسورلوک: ئەو رووداوە مەترسیدارە بوو لە(٣)ی تشرینی دووەمی(١٩٩٦)لە ناوچەی سووسورلوک لە رۆژئاوای تورکیا روویدا، کە(عەبدوڵڵا تشاتلی)، بە مردوویی لەناو ئۆتۆمبیلێکدا دۆزرایەوە، ناوبراو یەکێک بوو لە سەرکرد چەپڕەوە توندڕەوەکان و تاوانبار بوو بەقاچاخ بردنی هیرۆین تێوەگلانی لە هەوڵی غافلکوشتنی پاپا لە( ١٩٨١)، لەپاڵ تشاتلی تەرمی(حوسێن کوجادای) دۆزرایەوە، کە یاریدەدەری سەرۆکی دەزگای ئاسایش بوو لە ئەستەنبوڵ، سەرەڕای بریندارێک بەناوی (سادات بقرجاک)، کە ئەندام پەرلەمان بووە لەسەر پارتی رێگای راست و رێبەری عەشیرەتێکی کورد بووە. لە سندوقی ئۆتۆمبیلەکەدا رێژەیەکی زۆر لەکاری ناسنامەی ساختەو چەکی تۆمارکراو لە خانەی پۆلیسی تێدابوو، لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی پەرلەمان لیژنەی تایبەت بەو رووداوە دەربارەی پەیوەندی دەزگاکانی دەوڵەت ئەوەی ئاشکرا کرد، کە سنوری نێوان پۆلیسو هەواڵگریو باندەکانی مافیا نەماوە. **(میشال نوفل: م.س، ص٦١).**

[٦] م.ن، ص٦١.

بێتوانایی دەسەڵاتی فەرمی ئەو ڕێبەرە سیاسیانەی لەسەر دەسەڵات بوون گلۆپەکانی ماڵەوەیان بۆ ماوەی یەک خولەک لە ئێوارەی هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر نۆ دەکوژاندەوە[1].

ئەربەکان لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتە هاوپەیمانییەکەدا و بوونی بە سەرۆکوەزیران، دامەزراوەی سەربازیی بەوردی چاودێری حکومەت و سەرپەرشتی مەبەستە دوور مەوداکانی دەکرد، هەربۆیە پەرەسەندنی گەشەی ئیسلامی سیاسی، کە خۆی لە پارتی ڕەفاه ئەربەکانی سەرۆکی پارتەکە دەبینییەوە، بەمەترسی دادەنا لەسەر بنەماکانی کۆماری ئەتاتورکیی‌و سیستمی سیکۆلاریزم لەم ڕووەوە سەرۆکایەتی ئەرکان، یەکەیەکی تایبەتی بەناوی گروپی کاری ڕۆژئاوا(Çalışma Batı Grubu)، کە چەند ئامانجێکی هەبوو لەناو ناوەندەکەی بۆ چاودێریکردنی پەرەسەندنەکان دامەزراند[2]، دواجار ئەم ئەنجومەنە هەستا بە دانانی ژمارەیەک بڕیار، بە ئامانجی سنوردانانی بۆ گەشەکردنی ئیسلامییەکان و پاکتاوکردنی سەرچاوەکانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان. (٢٨)ی شوباتی(١٩٩٧)، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی کۆبوونەوەیەکی گرێداو ئەنجامەکەی چەند ڕاسپاردەیەکی پێشکەشی حکومەتی هاوپەیمانی کرد[3]. کۆی گشتی(١٨) بڕیاربوو، حکومەتی هاوپەیمانی پێویستبوو جێبەجێیان بکات لەوانە: (سەپاندنی چاودێری بەسەر رادیۆ و تۆڕی تەلەڤزیۆنی ئیسلامییەکاندا، ڕێگرتن لە لەبەرکردنی هەرجلوبەرگێکی دژبێت لەگەڵ یاساکانی دەوڵەت لەناوشیاندا قەدەغەکردنی بالاپۆشی، سەپاندنی چاودێری بەسەر فرۆشتنی دەمانچەی بچوک بەو پێیەی ئیسلامییەکان پێشوازییان لە کڕینی ئەم جۆرە چەکە دەکرد...هتد)[4]. یەک لە جەنراڵەکانی بەناوی گۆڤین ئیرکایا(Guven Erkaya)، یەکێک لە فەرماندەکانی دەستەی ئەرکان‌و ئەندازیاری کودەتای(١٩٩٧)، دژی پارتی ڕەفاه ، وەستایەوە ئاماژەی بەوەکرد، کە ئیسلامی سیاسی مەترسییەکە دەبێت هۆشیاربین لێی‌و ڕێگەی لەبەردەم بگرین، گوتی:" بەکارهێنانیی ئیسلام دژی چەپ هەڵە بوو"[5]، هەروەها ڕەزامەندی ئەربەکان لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەکان، بەواتای تەواوکردنی(کودەتای نەرم) دەهات، بەمەش هێڵی جیاکەرەوەی نێوان پەیوەندیی مەدەنی‌و- سەربازیی لە تورکیا کەمکردەوە[6].

کۆبوونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوەیی لە(٢٦)ی نیساندا گرێدراو، ڕاسپاردەکان

---

[1] هاینتس کرامر: م.س، ص٤٣.

[2] گروپی کاری ڕۆژئاوا(Batı Çalışma Grubu): ئامانجەکانی بریتیبوو: لە کۆکردنەوەی زانیاریی بەوردی و نهێنی لەسەر تەواوی کۆمەڵە مەدەنییەکان‌و ئەوقاف‌و سەندیکا پیشەییەکان‌و کرێکاران، هەروەها دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاو وەک کۆلێژو پەیمانگا باڵاکان‌و شوێنی مانەوەی قوتابیانی سەربە دەوڵەت و بەتایبەتیش جگە لەوەی زانیاریان کۆکردەوە لەسەر ئاراستەی فکری خاوەن پلە فەرمییە باڵاکان‌و لە دەوڵەتدا...هتد، هەروەها چاودێریکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆی ئیسلامی لە وڵات،...هتد.**(طارق عبد الجليل: الجيش والحياة السياسية تفكيك القبضة الحديدية، في ضمن الكتاب: علي حسين باكير وآخرون، تركيا بين تحديات الداخل ورهانات الخارج، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠٠٩، ص٧٤).**

[3] م.ن، ص٧٤.

[4] عبدالحليم غزالي: الاسلاميون الجدد والعلمانية الاصولية في تركيا: ضلال الثورة الصامتة، ط١، مكتبة الشرق الدولية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٢٠-٢١. **(بۆ زانینی ناوەڕۆکی خاڵەکانی دیکەی بڕیارەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(١).**

[5] د. عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا المؤسسة العسكرية والسياسة العامة، ط١، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبوظبي، ٢٠٠٨، ص١٦٩،٥٤.

[6] م.ن، ص٥٥.

خرانەروو، داواکرا، ڕێوشوێن دژی چالاکیی ئوسوڵیەت بگرێتەبەرو هەژدە بڕیارەکە جێبەجێبکرێت. لە(٢٩)ی نیساندا دامەزراوەی سەربازیی(چەمکی ستراتیژی سەربازیی نەتەوەیی/ Mili Askeri Strateji Konsepti)، نوێی ڕاگەیاند و بەگوێرەی ئەم ستراتیژییە، جووڵانەوەی ئیسلامی بە مەترسی یەکەم لە دوای کێشەی کوردو پاشان پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆنان لەسەر ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا هەژمارکرا، پاش ماوەیەکی کەم هێزەکانی پۆلیسی تورکیا هێرشیانکردە سەر نێوەندەکانی خوێندنی ئیسلامی مۆڵەت پێنەدراو، پاشان حکومەت کەوتە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و بڕیارەکانی (٢٨)ی شوبات، پەیمانگاکانی(پێشنوێژی و وتاربێژی) کەمکردەوەو، ئەمەش کاردانەوەی توندی لەلایەن ئیسلامییەکان لێکەوتەوە، هەربۆیە لە(١١)ی ئایاری(١٩٩٧)، ئیسلامییەکان، کە بە(٣٠٠) هەزار مەزندە دەکران ڕژانە سەرشەقامەکان، کە لەناو خۆپیشاندەراندا پەرلەمانتارانی ڕەفاه و ئەندامانی سەربە پارتەکانی دیکە و کۆمەڵ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەبینران خۆپیشاندان لەژێر دروشمی(پەیمانگاکانی پێشنوێژیو وتاربێژی)، دامەخەن بەردەوامبوو[١]، دواجار ئەربەکان ناچارکرا لە(١٨)ی حوزەیرانی(١٩٩٧ )دەستی لەکارکێشایەوە [٢].

پرۆسەی(٢٨)ی شوباتی(١٩٩٧)بە خاڵێکی گۆڕانکاریی لە ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا دادەنرێت دوای(٢٨)ی شوبات، دەزگای سوپا وازیهێنا لەوەی ئیسلام بەکاربهێنێت بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە. لەو مێژووە بەدواوە، دامەزراوەی سوپا هەڵمەتێکی دژی فکر و ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی، بەوپێیەی هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی تورکیا دەستپێکرد، هەربۆیە پاشتر ڕەفاه و جێگرەوەکەی فەزیلەت، لەلایەن دادگای دەستورییەوە داخران[٣].

ماوەیەکی کەم دوایی کودەتا، بومەلەرزەیەکی توند خۆرئاواو ناوچە گەشەکردووەکانی تورکیای هەژاند، سەردانی بەرپرسان بۆ ناوچەکە، لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە، ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی توند بوونەوە. گەندەڵی دارایی و لاوازی بەرپرسە دژەئایین و سیکۆلاریزمەکانی تورکیا، بووە مایەی گەشەکردنی چالاکییە خێرخوازی و مرۆڤدۆستانەکانی ئیسلامییەکان بۆ ئەو ناوچانە، بەڵام ڕژێمی تورکیا دوای هۆشدارییەکی ئەمریکا بۆ جڵەوکردنی چالاکییە ئیسلامییەکان لەو ناوچەیەدا بەبیانووی هەماهەنگکردنی یارمەتیەکان، بەزۆرملێیانە ڕێگەیان لە درێژەکێشانی چالاکییەکان گرتو چالاکییەکان وەستان[٤].

بڕیارەکانی (٢٨)ی شوباتی(١٩٩٧) کاریگەریی لەسەر ئیسلامی سیاسی هەبوو، بەتایبەتی دوای دەرکردنی(بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی)، لە ئابی(١٩٩٧) کە سەرۆکایەتی گشتی ئەرکان هەرپێنج ساڵ جارێک ئامادەی دەکرد، کە تێیدا ئامانجو ستراتیژی دەوڵەتی دیاریدەکرد بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە بەڵگەنامە پێنج ساڵیەکەی(١٩٩٧- ٢٠٠٢)، هاتبوو: دیاردەی ژیانی

---

[١] م.هاکان یاووز: م.پ، ص٣٤٨-٣٤٩.

[٢] د.ولید رضوان: م.س، ص٢٧٤.

[3] Elif Genc: The AKP "Closing" in Relation to Kurdish Minority Rights in Turkey, A Thesis Submitted to the Faculty of Graduate Studies in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Masters of interdisciplinary Studies, Graduate Program in interdisciplinary Studies York University, Toronto, Ontario, November 2012 , P. 93-94 ؛ Angel Rabasa and F. Stephen Larrabee: The Rise of Political Islam in Turkey, RAND National Defense Research Institute, California, 2008, P.44.

[٤] محمد رضا زارع: م.پ، ص١٩٥-١٩٦.

ئیسلامییو سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی مەترسی یەکەمن، کە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەکەن[١]، لە ئەنجامی ئەم فشارە بۆ سەر ئیسلامییەکان، گروپو ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەستیان بە خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی کرد، هەروەها(١٠)ی تشرینی یەکەمی(١٩٩٧) لە ئەستەنبوڵ پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەرانی پەروەردە ئاینییەکان و پیاوانی پۆلیس و جەندرمە ڕوویداو ژمارەیەک لە هەردوولا برینداربوون، بەسەدان ئیسلامیش دەستگیرکران. دوای١٢ڕۆژ پۆلیس هێرشی کردەسەر نوێژخۆێنانی مزگەوتی صالح ئەبی ئەیوب ئەنصاری، پێکدادان لەنێوانیاندا ڕوویداو مزگەوتەکەش بووە گۆڕەپانی خۆپیشاندانی ئیسلامییەکان، کە دژی یاسای پەروەردەی ئایینیو قەدەغەکردنی سەرپۆشی ژنان بوون [٢]. لە (١٦)ی کانونی دووەمی(١٩٩٨)بەپێی ماددەی (٦٨، ٦٩)ی دەستوور، پارتی ڕەفاه هەڵوەشێنرایەوە، ئەربەکانو هەندێک لە ڕێبەرانی پارتەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری سیاسییان لێ قەدەغەکرا[٣].

لەگەڵ قەدەغەکردنی ڕەفاه، پەرلەمانتارە پرۆ-ئیسلامییەکان، بە سەرکردایەتی پارێزەر(ئیسماعیل ئەلبەتەکین)، پارتێکی دیکەیان بەناوی فەزیلەت(Fazılet Partisi/FP) دامەزراند، کە بەشداریی هەڵبژاردنە گشتییەکەی(١٨)ی نیسانی(١٩٩٩) کرد، ڕێژەی(١٥،٥٪ )دەنگەکانی بەدەستهێنا، بە پلەی سێیەم دەهات لە دوای هەریەک لە پارتی چەپی دیموکرات(DSP)، پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی مەهەپە(MHP)[٤]. دوای ئەوەی مەڕوا قاوقچی، لە(٢)ی ئایاری(١٩٩٩)بە باڵاپۆشییەوە چووە هۆڵی پەرلەمانەوە، بەمە قەیرانێکی یاسایی ڕووبەڕووی دەسەڵات بوویەوە، نەیانهێشت سوێندی یاسایی بخوات، ئەجەوید گوتی:" ئێرە ئەو شوێنە نییە ئالنگاری، کۆمار بکرێت"[٥].

پارتی فەزیلەت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی(١٩٩٩)، ڕێژەی(٢٤٪) دەنگەکان و سەرۆکی شارەوانی زۆرێک لە شارە گەورەکانی وەک ئەنقەرەو ئەستەنبوڵی بەدەستهێنا. بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی فەزیلەت وەک پارتێکی ئیسلامیی کاریگەرىو دەنگدانەوەیەکی گەورەی نەک تەنیا لەسەر ئاستی تورکیا بەڵکو و لەسەر ئاستی جیهانیش هەبوو[٦].

سەرکەوتنەکانی فەزیلەت بۆ سیاسەتەکانی دەگەڕێتەوە، کە بڕیاریدابوو ڕاستەوخۆ خۆی وەک دژی پارتەکانی دیکە و سیستمی کەمالی پیشاننەدات، فەزیلەت بەڕوونی خوازیاربوو بە نمایشکردنی ئەم ڕووە میانڕەوانەی بتوانێت خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتر لابدات، پارتەکە زیاتر پرۆ ئەورووپیو پرۆ-یەکێتی ئەورووپایی بوو بۆ فراوانکردنی شەرعیەتی خۆی و جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی ئیسلامی وەک سەرچاوەیەک بۆ سیاسەتی دەرەوە[٧].

ئیسلامی سیاسی لە (٢٠٠٢) جارێکی دیکە چوویەوە دەسەڵات. ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە، کە ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا هێندە بەهێز بووە، بەجۆرێک هێزە سیکۆلارییەکان بەجێدەهێڵێت و

---

[١] د.طارق عبد الجليل: العسكر والدستور في تركيا من القبضة الحديدية...الى دستور بلا عسكر، ط٢، لدار نهضة مصر للنشر، ٢٠١٣، ص١٥١.

[٢] رضا هلال: م.س، ص٢١٢.

[٣] د. عقيل سعيد محفوض: م.س، ص٥٥.

[٤] م.هاکان یاوڤوز: س.پ، ل١٤١؛ مصطفى محمد الطحان: م.س، ص٣٨٤؛ د.وليد رضوان: م.س،ص٢٨٠-٢٨٥.

[٥] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد نورالدين: حجاب وحراب، ص١٦٨،١٧٧-١٩٤.

[٦] د.وليد رضوان: م.س، ص٣٣١.

[٧] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: م.هاکان یاوڤوز: س.پ، ل١٤٤-١٣٨.

دەستكراوەدەبێت لەكاری ئەنجامدانی پلانی خۆسەلماندن بۆ گەلی  توركیا، كە ئیسلامییەكان دەتوانن سەردەمێكی نویٚ بهێنەكایەوە، بەڵام گرفتی سەرەكی ئەم رەوتە لە پەرلەماندا نەبوو، چونكە زۆرینەی پەرلەمانی  بیٚ ركابەر بوو، بەڵكو گرفتەكان لەگەڵ رێسا و یاسا و دەستووری سیكۆلار و سوپای كەمالی بوو. كاڵای دەزگای دەوڵەت بەباڵای هێزە سیكۆلارییەكان دوورابوو، لەكاتێكدا كاڵای دەوڵەت بۆ باڵای ئەم هێزە ئیسلامییە كێشە بوو. خۆگونجاندنی ئیسلامییەكان لەگەڵ دەوڵەتی سیكۆلار بوو بە پرسێك و ماوەی(٢٠٠٢-٢٠٠٧) سەرەتایی ئەو مشتومڕەیە، كە داخۆ  ئیسلامیی و دیموكراسی و سیكۆلار و سوپا  پێكەوە  چۆن لەیەک قاڵبدا جێگەی دەبێتەوە.

لە (٢٢)ی حوزەیرانی(٢٠٠١)دادگای دەستووری پارتی فەزیلەتی قەدەغەكرد[١]، پاش قووڵبوونەوەی ناكۆكی ناوخۆی نێو پارتی فەزیلەت دوو گروپی لێجیابوونەوە، هەریەكەیان پارتێكی سەربەخۆیان دامەزراند رەجائی كوتان، بە فەرمان و كاریگەریی ئەربەكان لە تەمموزی(٢٠٠١) پارتی سەعادەتی(Saedet Partisi/ SP)دامەزراند. لەبەرئەوەی زۆربەی لیبراڵەكان پارتەكەیان جێهێشت، پارتی سەعادەت، گوتارە ئیسلامییە كۆنەكەی زیندووكردەوە، گۆڕانكاری گەورەی بەسەر بەرنامەی پارتەكەدا هێناوە، ئەویش بە داكۆكیكردن لەوەی پەیوەندییەكانی توركیا و یەكێتی ئەوروپا گرنگن بۆ پیادەكردنو بەدیهێنانی مافەكانی مرۆڤ و رێساكانی دیموكراسیو پەرەسەندنی زیاتری توركیا لەڕێگەی پەیوەندی بەهێزتر لەگەڵ ئەوروپادا[٢]، هەروەها گروپی دووەم بەسەرۆكایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان[٣]، لە (١٤)ی ئابی( ٢٠٠١ )پارتی داد و گەشەپێدانی(ئاكەپە)(Adalet ve Kalkinma /AKP Partis) دامەزراند، دەستەی دامەزرێنەر سیانزدە ژنی لەخۆدەگرت، كە چوارییان باڵاپۆش بوون، لەناوشیاندا گۆرانیبێژ و ئەكتەر و مامۆستا هەبوون، سەرباری چەندین كەسایەتی پارتی فەزیلەت، كە كاری سیاسی لێقەدەغە كرابوو، لەگەڵ هەندێكی دیكە لە پارتە ناسیۆنالیست و سیكۆلارەكان. ئەردۆغان دوای ئەوەی مۆڵەتی پارتەكەی وەرگرت بووە سی ونۆیەمین پارت لە توركیا، هەر لەسەرەتاوە ئەردۆغان ئەوەی خستەڕوو، كە پارتەكەی میراتگری پارتێكی ئیسلامی نییە ئەوەندەی میراتگری پارتی دیموكرات بێت، كە سەركردەكەی مندریس بوو. ئاكەپە، دووپاتیكردەوە، كە ئەوان بیرۆكە و ستراتیژی خۆیان بۆ گەشەپێدانی نەتەوە دەكێشن[٤].

ئاكەپە، لە دروشمی كۆنگرەی دامەزراندنیدا لە(١٤)ی ئابی(٢٠٠١)، لەژێر ناونیشانی(كاركردن

---

[١] ئێریک جەی زروچەر: س.پ، ل٤٤٤.

[٢] م. هاكان یاوڤوز: س.پ، ل١٤٨-١٤٩.

[٣] رەجەب تەیب ئەردۆغان: لە(٢٦)ی شوباتی(١٩٥٤) لەیەكێك لە گەڕەكە هەژارنشینەكانی ئەستەنبوڵ لەدایكبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گەڕەكی(قاسم پاشا)، خوێندووە، پاشان چووەتە بەشی  وتاربێژی لە ئەستەنبوڵ لە(١٩٧٣)دا تەواویكردووە، پاشان جارێكی دیكە قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەی ئەیووبی خوێندووە لە(١٩٨١)بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە بواری ئابووریی و زانستی ئیداری لە كۆلێژی مەرمەرە بەدەستهێناوە، هەرلەتەمەنی(٢٢)ساڵییەوە سەرۆكایەتی باڵی گەنجانی پارتی سەلامەت لەگەڕەكی(بای ئۆغلو) لە ئەستەنبوڵ بەدەستەوەگرتووە. ناوبراو(١٩٧٦) سەرۆكایەتی باڵی گەنجانی هەموو ئەستەنبوڵ بەدەستەوەگرتووە(١٩٧٨ )هاوسەرگیری لەگەڵ ئامینە گوڵباران كردووە، لە(١٩٩٤-١٩٩٨) سەرۆكی شارەوانی ئەستەنبوڵ بووە، لە(١٤)ی ئازاری (٢٠٠٣) بووە بە سەرۆكوەزیرانی توركیا. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صلاح عبدالحمید: م.س، ص١٧-٢٥).** ناوبراو، هەتاوەكو نووسینی ئەم توێژینەوەیە لەژیاندا ماوە**(توێژەر)**.

[٤] مصطفی محمد الطحان: م.س، ص٣٩٩-٤٠٠.

لەپێناو تورکیاو کەمەنکێشکردنی چینوتوێژەکانی تورکیا) بوو بە دەستپێکی جموجوڵی ئەم پارتە لەسەر مەزاری ئەتاتورکەوە دەستپێکرد. ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ رازیبوون بە سیکۆلاریزم وەک بنەمای سیستمی فەرمانڕەوایەتی، ئەردۆغان وەک سەرۆکی پارتەکە ئەو بنەمایانەی ژمارد، کە پارتەکەی بەرگری لێدەکات لەوانە: بنەمای کۆماری نیوەندی یەکگرتوو پشتبەستوو بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەتی سیکۆلار و دەوڵەتی مافە کۆمەڵایەتییەکان، بنەمای یەکسانی هەلی کار بۆ هەمووان و دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتانی جیهان و هەستان بە گواستنەوەی موڵکداری لەکەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت لەپێناو بەرژەوەندییەکانی وڵات. سەبارەت بە سیکۆلاریزم سەرۆکی پارتەکە بەشێوەیەک راڤەی کردووە کە خۆی دەبینییەوە لەوەی دەوڵەت بێلایەن بێت بەرامبەر بە بیروباوەڕکان بەمشێوەیەش زامنی دیموکراسیەت دەکات...هتد، هەرچی تایبەت بە ئیسلامیەتی پارتەکەوە بوو رێبەرانی پارتەکە وا خۆیان دەردەخەن، کە پارتێکی کۆنەپارێزن(Conservative) لە سێ تەوژمی سەرەکیی پێکهاتووە:(تەوژمە بەهێزەکەیان خاوەن دەستپێشخەرییەکە تەوژمیی ئیسلامی جیابووەوەیە لە جووڵانەوەکەی ئەربەکان، دووەم: تەوژمی ناسیۆنالیستی لە جووڵانەوە ناسیۆنالیستەکان جیاوازبوو، سێیەم: بریتیبوو لە تەوژمی سیکۆلارستی لیبراڵی جیابووە لە پارتە سیکۆلارەکانی دیکە). ئەوەی ئەم سێ تەوژمە کۆدەکاتەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پیرۆزی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم و هەژمونی دامەزراوەی سەربازییە بەسەر بڕیاری سیاسییدا رەتنەکراوەتەوە[1].

بەشێوەیەکی گشتیی هەنگاوە بەراییەکانی ئەردۆغان بەوەی، کە حیزبەکەی رازییە بەو سیکۆلاریزمە میانڕەوەی، کە دژایەتی ئایین ناکات لەهەمانکاتدا، پشتگیری لە رەوتی میانڕەوی ئیسلامگەرا دەکات، هەروەها پشتگیری بەردەوامبوونی پەیوەندییە تایبەتەکانی تورکیا لەگەڵ رۆژئاوا دەکات و لەگەڵ ئەوەدایە وڵاتەکەی بێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا[2]. ئەم سیاسەتانەی ئەردۆغان و پارتەکەی وایکرد، چاودێرە رۆژئاواییەکان ئەم پارتەیان بەزۆر چەمکی جیاواز ناودەبرد وەک: رێکخراوی(ئیسلامی میانڕەو)، (پارتی لیبراڵی)، هەروەها(پارتی ئوسوڵی توندڕەو)، (موسڵمانی چەپڕەو)، تێکڕای ئەم چەمکانەش بۆ دیاریکردنی شوناسی سیاسیی و ئایدیۆلۆجیای ئاکەپە بەکارهات[3].

ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکانی(٣)ی تشرینی دووەمی(٢٠٠٢)رێژەی (٣٤,٢٦٪)دەنگەکان و لە کۆی(١٨) پارتی بەشداربووی هەڵبژاردنەکان پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، توانی(٣٦٣)[4]، کورسی لەکۆی (٥٥٠) کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت بەمەش توانی بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت، (١٧٦) کورسی لە

---

[1] مصطفى محمد الطحان: م.س، ص٤٠٠-٤٠١.

[2] نوال عبدالجبار سلطان: م.س، ص١٤٢-١٤٣.

[3] نعیمة كراولي: م.س، ص٩٦.

[4] هاکان یاووز ئاماژە بەوە دەکات کورسییەکانی ئاکەپە بەرزبووەتەوە بۆ(٣٦٥) کورسی، پاش ئەوەی ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ناوچەی سیرت(Siirt)، لە باشووری رۆژهەڵات رەتکردەوە، کە ناوچەیەکی تێکەڵە لە کورد و عەرەب و تورک، بەهۆی ئەوەی لانیکەم گوندێک نەیانتوانیوە دەنگ بدەن لە(٩)ی ئازاری(٢٠٠٣) وەک وادە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ دیاریکراو، بەمشێوەیە پەرلەمان کاتی بەدەستهێنا، هەتاوەکو گۆڕان لە یاسایی پێویست بکات بۆ ئەوەی ئەردۆغان مافی بەشدارییکردنی هەڵبژاردنی هەبێت ئەردۆغان لەگەڵ کاندیدێکی دیکەی ئاکەپە، هەڵبژاردنی٩ی ئازارییان بردەوەو بەمەش کورسییەکانی ئاکەپە بوون بە (٣٦٥)کورسی. **(س.پ، ل١٥٨).**

ئەنجومەنی نیشتمانی پڕکردەوە، حکومەتی ئاکەپە بووە (٥٨) هەمین حکومەتی تورکیا[١]. هەندێک لە نووسەروتوێژەر، ئەم سەرکەوتنەی ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکاندا، بە شۆڕشێکی بێدەنگ و بومەلەرزەیەکی سیاسی وێنای دەکەن، بەوەش سەردەمێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا دەستپێکرد، کە بەسەردەمی حوکمی ئیسلامییە نوێیەکان دەناسرێت، کە دەشێت بێتەهۆی ڕوودانی گۆڕانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و هاندەربن بۆ پێداچوونەوە بە ئایدیۆلۆجیایی حوکمڕانی فەلسەفەی ئابووریی وڵات، هەتاوەکو بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەگات[٢].

هۆکاری سەرکەوتنەکانی ئاکەپە لە هەڵبژاردنی(٣)ی تشرینی دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ زۆرینەی گەلی تورکیا درکی بە گەندەڵی ڕژێمی سیاسی کرد و بێزاربوون لەو دەسەڵاتدارانەی، کە بەدوای کورسییەوە بوون پێویستبوو وڵات ڕزگاریبێت لەو سیکۆلاریزمە توندڕەوەو هەژمونی بیانییەکان لەرووی ئابووریی و سیاسی، کێشە و گرفتە ئابوورییەکان، بارودۆخی کولتوری کۆمەڵگەی تورکیا، ناکۆکی توندی نێوان پارتە سیکۆلاریزمەکان، کارنامەی سەرکەوتوانەی پارتە ئیسلامییەکان...هتد[٣]. یەک لە ئامانجەکانی ئاکەپە، گەیشتن بە بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی سیستمی وڵات بوو[٤].

دەنگدەرانی تورکی وا ڕاهاتبوون بۆ سزادانی ڕابردوو، حوکمکردنی ئایندە دەنگییان دەدا، بەم شێوەیە سەرکەوتنی ئاکەپە، لە هەڵبژاردنەکانی(٢٠٠٢) زیاتر دەرنجامێک بوو بۆ بڕیاری دەنگدەران بە سزادان و تەنانەت لەناوبردنی ئەو سیستمی حیزبایەتییە گەندەڵەی هەبوو، هەتاوەکو ئەوەی دەنگدان بێت بۆ ئاکەپە و سەرۆکەکەی، هەربۆیە دەنگدەران بەهیوای ڕزگاربوونی وڵات لەو دۆخەی تێیدابوو لەپێناو گەڕانەوەی هیواو ڕزگاربوون لە سەرکردەی ئەو پارتە سیاسییانەی لە ئارادابوون هۆکاری سەرەکیی بوون بۆ دەنگدان بە گۆڕان، هەربۆیە زۆربەی دەنگدەران ئاکەپەیان بە پارتێکی نوێ و دەموچاوی نوێ و خاوەن کەسایەتی بەهێز دەبینی، کە بتوانێت لەڕێگەی چارەسەرکردنی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە ئاڵۆزەکەوە هیواکانی خەڵک ببوژێنێتەوە وێڕای ئەوەی سەرکردایەتی پارتەکە بووبە هێما بۆ ئەو دەنگدەرانەی تورکیا، کە دەمووچاوێکی نوێ و ڕێگەیەکی نوێی سیاسەتکردنییان دەخواست[٥].

دوای ئەوەی ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکەی(٢٠٠٢)دا بردییەوە، حکومەتێکی نوێ بەسەرکردایەتی ئەردۆغان لە(١٢)ی ئازاری (٢٠٠٣) پێکهات[٦]. ئاکەپە لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات، چارەسەری گونجاوی بۆ کێشەکانی تورکیا پێبوو و ئەوەی خستەڕوو، کە پارتێکە بۆ هەموو تورکیا نەک پارتێکی ئیسلامی پوخت، ئەو دژی بنەماکانی سیکۆلاریزم نییە، ئەو هەڵوێستەی یارمەتیدا بۆ کۆنترۆڵکردنی

---

[١] م.هاكان ياووز: م.پ، ص٣٦١-٣٦٤؛ مصطفى محمد الطحان: م.س، ص٤٠٦.

[٢]د.عثمان علي: التطبيع بين العلمانية والإسلام، في ضمن كتاب: د. عثمان علي: حزب العدالة والتنمية في تركيا والمسألة الكردية، ط١، مطبعة منارة، أربيل، ٢٠١٣، ، ص٣٧؛ نوال عبدالجبار سلطان: م.س، ص١٤٢-١٤٤.

[٣] محمد رضا زارع: م.پ، ص٢١٨-٢١٩؛ نوال عبدالجبار سلطان: م.ن، ص١٤٢-١٤٤.

[٤] بۆ زانیاریی، زیاتر،بڕوانە: مجموعة من المؤلفين: حركات الاسلام السياسي والسلطة في العالم العربي: الصعود والأفول، ط١، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبوظبي، ٢٠١٤، ص١١٥-١١٦.

[٥] م.هاكان ياوڤوز: س.پ، ل١٥٥-١٥٦.

[٦] د.عەبدولعەزیز مسلط: پرۆژەی سیاسیی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی، ل٢٣٥.

هێزە سیکۆلاریزمەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی(هێزی نەرم/ القوة الناعمة) هەروەک توانی دەستتێوەردانی دەزگای سەربازیی لە کاروباری سیاسییدا کەمبکاتەوە و لە قاڵبیان بدات. لای ئاکەپە لە ئەجێندای دەرەوەدا لەچوارچێوەی بانگەشەی سیاسەتی عوسمانی نوێ[١]، بە ئاڕاستەی وڵاتانی ئیسلامی هەنگاوینا[٢].

ئاکەپە، هەرلە گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لە بەڕێوەبردنی سیستمی سیاسی تورکیا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، لەڕێگەی قۆستنەوەی داواکاری بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و چەسپاندنی توانای بۆ چوونەناو چاکسازییەکی فراوان بۆناو سیستمی ئابووریی و سیاسیی و سەربازیی، کە لەلایەن خۆیەوە ڕۆڵی هەرێمی و نێودەوڵەتی تورکیای بەهێزترکرد، ئەمەش بە شۆڕشی دووەم دوای شۆڕشی ئەتاتورک لە قەڵەمدراوە و قسەی لەبارەوەکراوە[٣].

ئاکەپە جیاواز بوو لە پارتی ڕەفاه و پارتە ئیسلامییەکانی پێشتر، ئەردۆغان هەرلەسەرەتاوە بۆ ماوەی دوانزدە ساڵ زۆر بەوردی سیاسەتی کرد، هیچ شتێکی نەوروژاند. ئاکەپە خۆی لادا لە پرۆژەی ئیسلامی بۆ پرسی نەتەوەیی، هەروەها خۆدوورگرتن لە ڕەخنەی توندڕەوی لە سیستمی حوکم بۆ فەراهەمکردنی یۆتۆپیایەکی زیاتری ئیسلامگەرایی. لەڕاستیدا خودی ئەربەکان و ڕێبەرانی ڕەفاه پێشتر خۆیان دوورگرت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دامەزراوەی سیکۆلار و هەوڵیاندا بە سازان لەگەڵ سیستمی تورکیا خۆیان ڕێکبخەن[٤]، بەڵام تێڕوانینی ئەردۆغان و ئەربەکان جیاواز بوو، ئەربەکان باوەڕی بە بیری نەتەوەی(Milli Görüş)[*] هەبوو. ئەربەکان بە دامەزرێنەری ئەم جۆرە چەمکە لە تورکیادا دادەنرێت بەمجۆرە پێناسەی دەکات"بیری نەتەوەیی باوەڕی ئەم نەتەوەیەیە، مێژوو و ناسنامە و ڕەگوریشەیەتی، ئەربەکان مەبەستی لە دەستەواژەی نەتەوەیی(Milli) لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی(Milli Görüş) دا ئەوەیە کە لە چەمکی نەتەوەیی(

---

[١] عوسمانی نوێ: ئەم چەمکە لە دیدی ئاکەپەوە لەسەر کۆمەڵێک ئامادەکاریی و ئاراستەی بنەڕەتی وەستابوو، کە لە پێشەوەیدا ئامادەکاری بوو بۆ چاکسازیی لەگەڵ میراتی تورکیای ئیسلامیی و عوسمانی لەناوخۆ هەروەک لەدەرەوەش لە چوارچێوەی ئەم چەمکە سیاسییە نوێیە، لەسەر تورکیا پێویست بوو پەیڕەوی لە ڕۆڵێکی تەواو زیندوویەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا بکات، هەروەها پشت ببەستێت بە هێزی نەرمی ئابووریی و سیاسیی و لە ویلایەتەکانی عوسمانی پێشتر و ناوچەکانی دیکە، دووبارە پێناسەکردنی شوناسی ستراتیژیی و نەتەوەیی وڵات، کە میراتی ئەوروپی گرنگی گەورەی هەبوو بۆ عوسمانییەتی نوێ لەبەرئەوەی کرابوونەوە بەرووی ڕۆژئاوادا، هەروەها پەیوەندییەکی پتەوییان بە میراتی ئیسلامیی و ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو. **(میشال نوفل: م.س، ص٨٤-٨٥).**

[٢] نعيمة كراولي: م.س، ص٩٦-٩٧.

[٣] كمال عبدالله حسن: استراتيجية تركيا في الشرق الاوسط بعد احداث ١١ ايلول ٢٠٠١، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣، ص١٠٣.

[4] Themaydan: Islam and Islamism in Turkey: A Conversation with İsmail Kara [PART 2]; The continuing part of the interview with Dr. Ismail Kara, 27 Ekim 2017: <<https://www.worldbulletin.net/interviews-in-depth/islam-and-islamism-in-turkey-a-conversation-with-ismail-kara-part-2-h195385.html >> accessed in (22 july 2020).

[*] لە ئێستادا ئەم چەمکە بیری نەتەوەی(Milli Görüş )و بە واتای نەتەوەپەرستی بەکارناهێنرێت لە تورکیادا، بەڵکو مەبەست لە بیری نەتەوەی بەو گروپ و پارتە ڕاستڕەو کۆنەپارێز و ئیسلامییانە دەڵێن، کە بە ڕێگای سیاسی هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانییان دەدەن، بەڵام لە چوارچێوەی کاروبارو بانگەشەی ئیسلامییدا، کە دەتوانرێت بە ئیخوان موسلمینی تورکیا دابنرێن، کە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئەربەکان نوێنەرایەتی ئەم بیرەی دەکردو، لەپاش (٢٠٠٢)وە ئاکەپە و ئەردۆغان خۆیان وەک درێژەپێدەری تەوژمی(بیری نەتەوەیی ناساندوە). **(توێژەر).**

(Millet)وە هاتووە، واتە کۆی ئەو خەڵکانەی، کە لە کۆمەڵگەییەکی دیاریکراودا بڕوایان بە پێغەمبەرێک و پەیامەکانی، کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و بانگەشەی بۆ دەکات هێناوە. بیری نەتەوەیی وەک بزووتنەوەو جووڵانەوەیەک مرۆڤی وەک چەق و ناوەند داناوە لە بەرنامەو پرۆگرامی هەریەک لە پارتە سیاسییەکانی ئەربەکاندا، کە سەرجەمیان وەک نوێنەری بیری نەتەوەیی لە مەیدانی سیاسەت و بەڕێوەبردندا لە خەبات و ململانێدایە، لە یەکەم لاپەڕەو پەرەگرافی پرۆگرامی سەرجەم ئەو پارتانەدا مرۆڤ وەک ناوەندو بەدیهێنان یاخود دابینکردنی خواست و پێداویستییە سەرەتایی و سەرەکییەکان مرۆڤ وەک بنەمای هاوبەش و سەرەکی ئەو پارتانە دیاریکراوە[1]، بەڵام ئەردۆغان نوێنەرایەتی زۆرینەی تورکیای دەکرد و باوەڕی بە ئیسلامگەرای لیبراڵی تورکی هەبوو هەوڵیدەدا لەڕێگەی دیموکراسیی و پارێزگارەوە ئیسلام لە سیاسەت بەتاڵ بکاتەوە[2].

حکومەتەکەی ئاکەپە، لە بواریی ئایینیدا، چەند هەنگاوێکی گرنگی نا، لەوانە: هەوڵیدا بە تێپەڕاندنی یاسادانانی نوێ، کە لەلایەن دامەزراوەی ئایینی ئامادەکرابوو، وانەکانی قورئان باشتر بکات ئەم یاسا نوێیە چەند گۆڕانکارییەکی بچوکی لەخۆ دەگرت وەک: دەسەڵاتدان بەکردنەوەی خوێندنی شەوانەو کەمکردنەوەی پێویستی قوتابیان، لابردنی سنوری کاتی دوومانگ لە هاویندا و ڕێگەدان بە کردنەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون خوێندکاران...هتد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڕانکارییانە کاردانەوەی توندی ئۆپۆزسیۆن و لایەنگرانی سیکۆلاریزمی توندڕەوی لێکەوتەوە، ئاکەپەیان بە جێبەجێکردنی ئەجیندای ئیسلامی تۆمەتبار کرد، هەربۆیە ئەحمەد نجدت سیزەر(١٩٤١-)ی سەرۆککۆمار، لەگەڵ یەک لە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەم یاسایە(محمد ئایدن) وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دونیایی کۆبوویەوەو لە فشار خستنەسەر حکومەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساکە سەرکەوتوبوو، هەروەها یەکێکی دیکە لەو پرسانە، کە جێگەی مشتومڕ بوو، پرسی پارەدانی دەوڵەت بە قوتابخانە ئەهلییەکان بوو، هەرچەندە بوونی قوتابخانە ئەهلییە ئیسلامییەکان لە تورکیا ڕێگە پێدراو نییە، بەڵام قوتابخانەی ئەهلی سیکۆلاریزم هەیە، کە لەلایەن موسڵمانە پارێزگارەکانەوە بەڕێوەدەبران، هاوکات هەندێک لەو قوتابخانە ئەهلیانەش پەیوەستبوون بە بزووتنەوەی گولەن. ئاکەپەی دەسەڵاتدار لە ٢٠٠٣وە دەستپێشخەرییەکی کرد، بەوەی وەزیری پەروەردەی حوسین چیللیک بڕیاریدا بە خەرجکردنی کرێی خوێندن بۆ(١٠) هەزار منداڵ لە خێزانە هەژارەکان لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا، بەڵام سیکۆلاریستەکان هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنیان دەستپێکرد، ئەم هاوکارییەی حکومەت لە کۆی(٤١٥) قوتابخانەی تایبەت(٨٩) یان ئەو کەسانە بەڕێوەیدەبەن، کە مەیلێکی ئیسلامییان هەیە و بەمەش پرۆژەی پارەدان دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو قوتابخانانە پێشوازی لە(٢,٢١٨) قوتابی بکەن، کە لە بنەڕەتدا خۆیان(١٠)هەزار لەخۆدەگرێت، هەربۆیە ئەنجومەنی گشتی دەوڵەت یاداشتەکەی چیللیک هەڵوەشاندەوە، هەروەها

---

[1] N. Erbakan: Milli Görüş İktidarı Niçin ve Nasıl? MGV Yayınları, 1. Baskı. Ankara, 2016, safa 13؛ Arpacı, I. & Baharçiçek, A.“Milli Görüş Partilerinin Programlarının Dış Politika Analizi”. Bingöl Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, 7(7), İktisat Özel Sayısı, 2017, 115-126, sayfa 116 ؛ Ebrü Asiltürk: Milli Görüş’ün Dış Politika Hedefi, Yüksek Lisans Tezi, Ufuk Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Siyaset Bilimi ve Uluslararası İlişkiler Anabilim Dalı, Ankara٢٠٢٢ , sayfa36.

[2] د. عثمان علي: التطبيع، ص٤٣؛ م. هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٢٣٦-٢٣٧.

ئاکەپە بە کاریگەری سیکیۆلاریستەکان پرۆژە یاساکەی هەڵوەشاندەوە[١].

ئاکەپە، لە ئایاری(٢٠٠٤) پرۆژە یاسایەکی تێپەڕاند بۆ نەهێشتنی سەرجەمی ئەو بەربەستانەی پاش کودەتای (١٩٩٧)دا سەپێنرابوون، هەوڵیدا قوتابخانەکانی (پێشنوێژی و وتاربێژان)، باشتر بکات لەڕێگەدان بە دەرچووانیان بە چوونە زانکۆکانی بەبێ کەمکردنەوەی کاریگەری(واتە تێکڕایی نمرەکانیان(GPA) لە تاقیکردنەوەدا پەسەندەو، سەرۆککۆمار یاساکەی ڤیتۆکرد بە پاساوی ئەوەی پرەنسیپەکانی سیکۆلاریزم پێشێل دەکات، لەئەنجامدا بارودۆخی وانەی قورئان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەرۆشت، ئەویش بە هەڵوەشانەوە و رەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی، کە لە بەرژەوەندی ئایین و قوتابخانە ئایینیەکان دەرکران[٢].

یەکێکی دیکە لەو پرسانە لەسەردەمی ئاکەپە، سەرپۆشی ئافرەتان بوو، لە (٢٦)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٥)دا ژووری دووەمی ئەنجومەنی دەوڵەت پاڵپشتی لە حوکمی ژمارە شەشی دادگای ئیدارەی ئەنقەرە کرد، بەوەی پارێزگاری ئەنقەرە لە رەتکردنەوەی بەرزکردنەوەی مامۆستا ئایتاچ کیلینج، بۆ پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دایەنگای بەیرەق لە گوڵباس نزیک ئەنقەرە، بە پاساوی ئەوەی لەڕێگەی چوون و گەڕانەوەی لە قوتابخانە سەرپۆشی بەسەرەوەیە، لەبەرامبەردا سیاسییەکانی ئاکەپە، لەوانە ئەردۆغان سەرکۆنەی بڕیارەکەیان کرد، پاشانیش ناکۆکی دروستبوو لەنێوان سیکۆلاریزمەکان و ئیسلامییەکاندا دوای رووداوی کوژرانی یوجەک ئۆزبیلین[٣]، هەربۆیە گەورە بەرپرسانی قەزایی و سەرۆک سیزەر، قەدەغەکردنی سەرپۆشیان بەیەکێک لە هۆکاری کوژرانەکە دانا، رێوڕەسمی ناشتنی ئۆزبیلین گۆڕا بۆ خۆپیشاندانی سیکۆلاریزمەکان لە دژی حکومەت بەدەیان هەزارکەس رژانە شەقامەکان و دروشمی(تورکیا سیکۆلاریزمە و هەربە سیکۆلاریزم دەمێنێتەوە)، (بروخێ شەریعە، مەلاکان بچن بۆ ئێران) دەوتەوە و ئالای نیشتمان و وێنەی ئەتاتورکیان بەرزدەکردەوە، سوپا هەوڵیدا ئەم رووداوە بقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی هەژمونی و لاوازبوونی بەسەر سیستمی سیاسییەکەدا، پاش دەستگیرکردنی بکوژەکە روون بوویەوە هەندێک گروپی راستڕەوی ئایینی لەپشت هێرشەکەوە بوون[٤].

لە شوباتی(٢٠٠٦) ئەنجومەن ئەو یاسایەی هەڵپەسارد، کە رێگەی بە دەرچوانی(پێشنوێژو وتاربێژە)کان دەدات لە بەدەستهێنانی دیپلۆمی قۆناغی ئامادەی فەرمی و دەربازبوون لە رێگرییەکانی تاقیکردنەوەی چوونە زانکۆ، دواجار روکردنە قوتابخانەکانی(پێشنوێژ و وتاربێژان) بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی ژمارەی قوتابیان لە(٥١١,٥٠٢) قوتابییەوە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٦-١٩٩٧، بۆ (٨٤,٨٩٨) لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٣) کەمیکرد[٥].

سەرەڕای ململانێ و ناکۆکی ناوبەناوی نێوان سیکۆلاریزمەکان و حکومەتەکەی ئەردۆغان، بەڵام

---

[١] احمد ت.كورو: العلمانية وسياسات الدولة تجاه الدين الولاية المتحدة ، فرنسا، تركيا، ت. ندى السيد، ط١، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت ،٢٠١٢ ، ص٢٨٢- ٢٨٣ ، ٣٠٥.

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: م.هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣٠٥-٣٠٧، ٢٩١-٢٩٨.

[٣] مستەفا یوجەک ئۆزبیلین: دادوەری ژووری دووەمی ئەنجومەنی دەوڵەت بوو، کە بڕیاری لە دژی سەرپۆش دەرکرد لە (١٧)ی ئایاری (٢٠٠٦) کوژراو چوارکەسی دیکەش بریندارbوون لەلایەن تیرۆرستێکەوە(م.هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٢٩٥).

[٤] م. هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٢٩٥.

[٥] ه.س، ل٢٩١-٢٩٢.

ئاکەپە بەردەوام رەتیکردەوە، کە پارتێکی ئیسلامی بێت[1]، هەربۆیە زیاتر بایەخی بەلایەنەکانی دیکەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی پەروەردە و خوێندن دەدا و سێ ساڵی یەکەمی ئاکەپە، وەک شۆڕشێکی بێدەنگ، کە ئەنادۆڵی راماڵی، وێنادەکرا. ئەردۆغان سیماکانی ئەو شۆڕشەی بەچەند ناونیشانێک وەسفکرد،(پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی دادپەروەری، ئاسایش،...هتد)، بۆ نمونە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا شەست هەزار هۆڵی خوێندنی لەسەرانسەری تورکیا دروستکرد، هەتاوەکو کۆتایی (٢٠٠٦)یش قوتابخانەیەک نەمایەوە پەیوەست نەکرابێت بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە[2].

ئاکەپە زیاتر جەختیکردەوە لەسەر گەشەکردنی چاکسازییە ئابوورییەکان و لەو بوارەشدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا. سیاسەتەکانی ئاکەپە، بەدرێژای ماوەی حوکمڕانی یارمەتیدەربوون بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی دەنگەکانی لە(٣٤٪بۆ ٤٦٪ )لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٧) ئەمەش دووبارە بومەلەرزەیەکی سیاسیی بوو سەبارەت بەدەستەبژێری سێکیۆلاریزم بۆ یەکەمجار بێتوانا بوون لە لەقاڵبدانی ئەو پارتەو هەژمونی، لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا[3].

---

[1] جلال ورغي: م.س، ص٥٦.

[2] صلاح عبدالحميد: م.س، ص١٢٩.

[3] جلال ورغي: م.س، ص٥١-٥٢.

# بەشی یەکەم

# مێژووی سەرهەڵدانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان

## باسی یەکەم: ئیسلامی سیاسیی و بزووتنەوەی سەعیدی نورسی(بەدیعوزەمان) بە نمونە

کۆمەڵگەی کوردی لە باکووری کوردستان[١]، کە تورکەکان پێیدەڵێن(ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ/ Doğu Anaolu Bölgesi)، بەشێوەیەکی گشتی دابەشکراوە بەسەر سێ ڕەوتی سەرەکی ئەوانیش: ڕەوتی نەتەوەیی کوردی، ڕەوتی دەستەبژێری ئابووریی و بازرگانی، ڕەوتی ئایینی کوردی[٢].

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، ڕەوتە ئایینییەکەیە. ڕەوتی ئایینی کوردی لە باکووری کوردستان بۆ ئەو گروپانە بەکاردەهێنرێت، کە بۆچوونەکانیان لەڕوانگەی ئیسلامەوە دەربارەی پرسی کورد لە تورکیادا دەخەنەڕوو. چەمکی(ئاین) لە باکووری کوردستان، بۆ ئیسلامی سوننی کوردیی و گروپە ئیسلامییە کوردییەکان بەکاردێت، بۆ ئەم گروپانە ناسنامەی ئیسلامی لەپێش ناسنامەی نەتەوایەتییەوەیە. ئەم ڕوانگە ئیسلامی پێش نەتەوایەتییە لەناو بیرکردنەوەو بەرژەوەندی و دامەزراوەکانی سەربەو گروپانەدا، خاوەن کاریگەرییەکی بەهێزە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر تێڕوانینیان بۆ پرسی کورد و چۆنیەتی کارکردنیان لەسەر دۆزی کورد، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەیان لەگەڵ ناوەندی دەوڵەت و کەسایەتی و گروپەکانی دیکەی تورکیا و تەنانەت دەرەوەی تورکیا دیاریدەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەم گروپە کوردییە ئیسلامییانە تێڕوانینیان بۆ بابەتەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیا لەڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتی، مافە تاکەکەسی و کولتورییەکان و سەروەری هەرێمی جیاوازە، لەهەمانکاتدا تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ پرسی کورد هەیە[٣].

ڕیشەی جووڵانەوەی ئیسلامی سیاسی لە باکووری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵە فکرییانەی، کە سەعیدی نورسی(بەدیعوزەمان)ی کوردی[٤]، پێیهەستاوە لە چەسپاندنی بەها

---

[١] باکووری کوردستان: دەکەوێتە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لە هەژدە ویلایەت لە ٦٧ ویلایەتەکەی تورکیا کوردنشینن ئەوانیش: (ئەدیمان، ئاگری، بنگوڵ، بەتلیس، دیاربەکر، ئەلازیغ( عەزیز)، ئەرزنجان، هەکاری، ماردین، موش، سیرت، دەرسیم (تونجەلی)، ئورفە و لەگەڵ وان...هتد)، ڕووبەری ئەو ناوچانە(١٥٧,١٣٧) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە،(٢٠٪ ) ڕووبەری تەواوی تورکیا پێکدەهێنێت. بەپێی سەرژمێری(١٩٤٥)ی دیمۆگرافیای سالآنەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر زمانی دانیشتوانی تورکیاوە ژمارەی دانیشتوانی تورکیا( ١٨٧٩٠١٧٣) کەس بووە لەو ژمارەیەش (١٤٧٦٥٦٢) کوردی تێدابووە، لە(١٩٥٠)، ژمارەی کورد(١١,٥٪ )زیادیکردووە، هەروەها لەڕووی ئایینەوە زۆربەی کوردەکان موسڵمانن و سوننە مەزهەبن، ژمارەیەکی کەم کوردی عەلەوین. هەروەها بەپێی سەرژمێری(١٩٧٠) لە باکووری کوردستان ژمارەی دانیشتوان بە کورد و کەمایەتییەکان ئەو فەرمانبەرانی تورک لە ناوچەکەدا (٦,٢) ملیۆن کەس بوو، هەندێکی دیکە لە (١٩٨٠)ژمارەی کوردیان بە هەشت ملیۆن و چوارسەدوپەنجاوپێنج داناوە.( **بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. مجيد جعفر: كردستان - تركيا، دراسة إقتصادية إجتماعية سياسية في تحت التخلف الإستعماري، ط٢، المؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٨٨-٩٩؛د. عەبدولرەحمان قاسملو: کوردستانو کورد، و.عبدالله حسن زادە، چ٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٢-٣٥؛ م. ڕەسوڵ هاوار: کوردو باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، ب١، چ١، چاپخانەی خاک، سلێمانی،٢٠٠٠، ل٦٢-٦٣).**

[2] Cuma Çiçek, Ulus, Sınıf, Din, Türkiye’de Kürt Mutabakatının İnşaası, İletişim Yayıncılığı, Birinci Baskı, İstanbul, 2015, Sayfa 44-45.

[3] Aynikaynak, Sayfa 44-45.

[٤] سەعیدی نورسی: کوڕی میرزایە، لە خێزانێکی کوردی چینی مامناوەند، لە بەهاری (١٨٧٧)، لە گوندی (نورس)ی سەربە ناحیەی ئیسپارتە، سەربە قەزای (خیزان)ی ویلایەتی بەتلیس لەدایکبووە، دایکی ناوی(نوریە)یە. نورسی هەتاکو کۆتایی تەمەنی ژنی نەهێناوە، سەرەتا لای(مەلا عەبدوڵڵا)ی برای، دەستی بە خوێندن و فێربوونی ئایینی کردووە.

ئیمانییەکانو رووبەڕووبوونەوەی دانایانەی شەپۆلی بێباوەڕی و بێ ئایینی بەهێز، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا تورکیای گرتەوە[1]. جوڵانەوەی نورسی بە پێکهاتە فکرییەکەیەوە بە جوڵانەوەیەکی ئایینی سیاسی خاوەن مۆرکێکی تازەگەری دادەنرێت، ئەم جووڵانەوەیە نوێنەرایەتی ئاڕاستەیەکی ئیسلامی تازەگەری و قەوارەیەکی خاوەن باگراوندی سیاسی دەکرد[2].

بەهۆی بایەخو گرنگی ئەو وێستگانەی نورسی لە ژیانیدا پێیدا تێپەڕیووە، گرنگیو رۆڵی لە جووڵانەوەی ئیسلامی لە تورکیا و باکووری کوردستاندا، ژیانی دابەشکراوە بە سەرچەند قۆناغێکدا لەوانە: (قۆناغی یەکەم:(١٨٧٦-١٩٠٧)، قۆناغی لەدایکبوون و منداڵیو وەرگرتنی زانستو بڵاوبوونەوەی ناوبانگی لەناو خەڵکیدا و گەڕانی لەناو لادێی و شارەکانی باکووری کوردستان. قۆناغی دووەم: (١٩٠٧-١٩٢٣)، ئەم قۆناغەش چوونی نورسییە بۆ ئەستەنبوڵ و پراکتیزەکردنی چالاکی سیاسییەتی بەتایبەت لە ریزی کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکاندا. قۆناغی سێیەم: (١٩٢٣-١٩٤٩)، قۆناغی سەرکوتکردن و پێکدادان و شەڕ و دادگای و زیندانیو دوورخستنەوەی نورسییە بۆ تاراوگە...هتد. قۆناغی چوارەم: (١٩٤٩-١٩٦٠)، قۆناغی کۆتایهاتنی زیندان و چاپکردنی پەیامەکانیو کۆچی دوایی)[3].

---

پاشان لای مامۆستا(محەمەد ئەفەندی) لە گوندێکی نزیک خۆیان بەناوی(تاغ)، دەستی بە خوێند کردووە. نورسی، بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەیەک لەگەڵ هاوپۆلێکیدا، واز لە خوێندن دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان و لای مەلا عەبدوڵلا، بەردەوام دەبێت لە خوێندن و فێربوون، پاشان لە گوندی(پێرمس) لە ژێر چاودێری مامۆستا نور(محەمەد)دا دەستی بە خوێندن کردووەتەوە، پاش ماوەیەک وازی لە خوێندن هێناوەو پاشان چووە بۆ تەبلیس و دواتر بۆ(کواش) سەربە پارێزگای وان و تا ئەوکاتە تەنها سەرەتاکانی(نحو)و(سەرف)ی خوێندووە، خوێندنی راستەقینەی لە بایەزید سەربە پارێزگای ئەرزەڕوم لە تەمەنی(١٢-١٣)، دەستپێکردووەو لەسەردەستی شێخ محەمەد جەلالی مامۆستایدا کتێبی(الجامی) تەواوکردووە. نورسی زۆربەی کاتەکانی لە تەنیشت ئارامگای ئەدیب و خواناسی بەناوبانگی کورد(ئەحمەدی خانی)، بەسەر بردووە، هەربۆیە خەڵکی وتویانە بەهرەمەندی نورسی بەهۆی بەرەکەتی ئەحمەدی خانی بووەو، بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی قسەی کردووەو بە عەرەبی و فارسیش خوێندویەتی و نووسیویەتی، نورسی کاتێک روودەکاتە قوتابخانەی مامۆستا فەتحوڵلا ئەفەندی لە سیرت، ناوبراو هەرپرسیارێک و لە ناوی هەرکتێبێک لە نورسی دەپرسێت دەزانێت و خوێندوویەتیەوە، هەربۆیە فەتحوڵڵا ئەفەندی سەرسام بووە بە تواناکانی نورسی، کە هێشتا لە تەمەنەنی نزیک پانزدە ساڵیدا بووەو لەوپەڕی هێزو چالاکییدا بووە، هەربۆیە لەم کاتەوە بە (سەعیدی مەشهور)، ناوبراو مامۆستا فەتحوڵڵاش نورسی شوبهاندووە بە(بەدیعو زەمان)ی هەمەدانی، کە ناوی ئەحمەدی کوڕی حسەین بووەو لە لە زیرەکی و خێرا لەبەرکردن زەین روونی و بەهێزی دەروونداو بێوینەو ناوازە بووە، هەروەها نورسی شارەزای لە هەردوو زانستە شەرعییەکان و زانستەکانی دیکەدا هەبووە، هەربۆیە بە هەڵکەوتەی زەمانە(بەدیعوزەمان) ناسراوە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بروانە: بديع الزمان سعيد النورسي: كليات رسائل النور، سيرة ذاتية لبديع الزمان سعيد النورسي، اعداد وترجمة، احسان قاسم الصالحي، ط٢، دار النيل للطباعة والنشر، القاهرة،٢٠١١، ص٥٩-٦٣، ٨١-٨٢؛ حبيب محمد سعيد: ژيان نامەی بديع الزمان سەعیدی نورسیی، چ٢، کتێبخانەی سۆز، هەولێر ، ٢٠١٢،ل٩-٣٧؛ ئورخان محمد علي: پیاوی قەدەر سەعیدی نورسی، و. سیروان گەنجانی، چ١، ٢٠٢٠، ل٩-٢٥)**. لە بری ( سەعیدی نورسی/ بەدیعوزەمان) نازناوی نورسی بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا.

[1] د. عثمان علي: ظهور الاحزاب الاسلامية في تركيا، في ضمن كتاب: د. عثمان علي: م.س، ص٣٣-٣٤.

[2] محسن عبدالحميد: النورسي الرائد الاسلامي الكبير، العدد٢٢٤ ربيع نوفبر،١٩٨٤، وەرگیراوەلە: ٢٢ی حوزیرانی ٢٠٢٠ http://www.habous.gov.ma/daouat-alhaq/item/6319 .

[3] د.آزاد سعيد سمو: م.س، ص٦٤-٦٥. (شوكران واحده، بە پشتبەستن بەژیاننامەی نورسی و ئەو قۆناغانەی، کە نورسی خۆی ناوی هێناون، ژیانی نورسی دابەشکردووە بەسەر چەند قۆناغێک لەوانە: ( قۆناغی سەعیدی کۆن، لە

## قۆناغی یەکەم: ١٨٧٦-١٩٠٧:

بنەما فکرییەکانی جوڵانەوەی نورسی دەگەڕێتەوە بۆ رۆشنبیریە بەرفراوانەکەی لە زانستە ئیسلامییەکان، هەزمکردنی بابەتەکانی عەقیدەی ئیسلامی بەوردودرشتییەوە. ئیسلام کۆڵەکەکانی فکری سیاسی نورسی پێکدەهێنا پتر جەختی لەسەر گرنگی پەروەردە و بانگەوازی ئایینی دەکردەوە[١]، نورسی لەگەڵ دەستپێکی ناوبانگیدا، هەستی بە بەرپرسیاریەتی و کەموکورتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات و دەڵێت:"ئەم نورسییە هەژار و غەریبەی، شایەنی ئەوەیە، کە ناوی(بەدیعوزەمان)ی لێبنرێت کەچی-بە ناڕازی خۆی- ناوبانگی بە بەدیعوزەمان دەرکردووە، ئاگر لە هەناوی بەربووە بۆ دواکەوتنی ئەم نەتەوەیە، هاوار دەکات و دەڵێت: ئاخ... ئاخ... بەداخەوە، کە خەڵەتایین و کاکڵە و گەوهەری ئیسلاممان پشتگوێ خست و روانینی خۆمان خستەناو رواڵەت و توێکڵەکەی"[٢]. نورسی روویکردە شاری ماردین و لە مزگەوتی شارەکە دەستیکرد بە وانەوتنەوەو، هەرلەو شارە سەرەتای ژیانی سیاسی دەستپێکرد و هەوڵی خوێندنەوەی کتێب و زیاتر ئاشنابوون بە فکرەی جەمالەدین ئەفغانی داوە، هەرلە ماردین چاوی کەوتووە بە دوو قوتابی، کە یەک لەوانە قوتابی ئەفغانی بووەو ئەوی دیکەیان سەربە رێبازی سنوسی بووە، نورسی زانیاریی لە بارەی ئیسلام لە دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێوەرگرتوون و توانی لە رێبازی ئەفغانی و سنوسی شارەزا بێت[٣]. ناوبراو لە شاری ماردین، دوای ئەوەی چاوی بە کەسێک دەکەوێت و رێنوێنی دەکات، کاری سیاسی پیشان دەدات و پاشان دەست بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی خۆی دەکات. لە تێڕوانینی خۆیەوە بیرۆکەی(یەکگرتنی ئیسلامی)، لاپەسەندبووە، ئەو بیرۆکەیەشی گەڕاندەوە بۆ سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم(١٤٧٠-١٥٢٠)، کە وتویەتی:"جیاوازییو دووبەرەکی تەنانەت لەناو گۆڕەکەشمدا حەوانەوەم لێدەسێنێت و چەکمان لە شکاندنی هێرشی دوژمناندا تەنیا یەکگرتنە، ئەگەر نەتەوەی ئیسلام یەک نەگرێت من بەو خەفەتەوە دەتلێمەوە"[٤]. دواجار بیرۆکەی سوڵتان سەلیم، کوردی والێکردووە بەیعەتی پێبدەن و بچنەناو دەوڵەتی عوسمانی و، هەتاوەکو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکە[٥].

---

لەدایکبوونیەوە دەستپێدەکات، هەتاوەکو(١٩٢٤)، قۆناغی سەعیدی نوێ لە (١٩٢٤)وە دەستپێدەکات، هەتاوەکو(١٩٥٠)، قۆناغی سەعیدی سێیەم لە(١٩٥٠) هەتاوەکو کۆچی دوایی دەگرێتەوە). ( **بۆ زانیاریی، زیاتر بروانە: الإسلام فی ترکیا الحدیثه بدیع الزمان النورسي، ت. محمد فاضل، عمان، ٢٠٠٧، ص٣٣-٣٤).**

[١] د.تەلال یونس ئەلجەلیلی: پارتە سیاسییەکانو تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا١٩٤٦-١٩٦٠، وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی، ل٦٢؛ محسن عبدالحمید: م.س.

[٢] بدیع الزمان سعید النورسي: م.س، ص٨١.

[٣] د. زیاد حمد الصمیدعي و د. جمال الدین فالح الاکیلاني: بدیع الزمان سعید النورسي، قراءة جدیدة في فکر المستنیر، ط١، دار الزنبقة، القاهرة، ٢٠١٤، ص٣-٥، ٤.

[٤] بدیع الزمان سعید النورسي: کلیات رسائل النور، صیقل الإسلام، ت. احسان قاسم الصالحی، ط١، دار النیل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١٠، ص٤١٧.(وشەی کوردو کوردستان، لە پەیامەکانی نوردا، لە چاپی دووەمدا لادراون و لە بری ئەم وشانە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات و دانیشتوانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا، بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە لە توێژینەوەکەماندا وێڕای ئەوەی چاپە نوییەکە، لەبەردەستدا بووەو بەکارمان هێناوە، وشەی کورد و باکووری کوردستان، لەبری ئەو دوو وشەیە بەکارهێناوەتەوە.( **توێژەر**).

[٥] کورد رۆڵی بینی لەسەرخستنی عوسمانییەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم، لە شەڕی چاڵدێران لە (٢٣)ی ئابی (١٥١٤)، کە لە نێوان عوسمانیی و سەفەوییەکاندا روویداوە، دوای ئەوە سوڵتان سەلیم لە رێگەی نزیکبوونەوە لە مەلا ئیدریس بەتلیسی، کە کەسایەتییەکی ئایینیو سۆفی و خاوەن پێگە و دەسەڵات بووە ناسراوە بە( ئیدریسی

نورسی ئەوەشی خستەڕوو کورد لە ئێستادا هەر ئەوانەی پێشوون و نەگۆڕاون[1].

نورسی لە شاری ماردین بایەخی بە کاروباری سیاسیی و کۆمەڵایەتی داوە، هەروەها ڕەخنەی لە حکومەت دەگرت و تۆمەتباری بە کەمتەرخەم لە بواری مەسەلە ئایینییەکاندا دەکرد، هەربۆیە والی ماردین، هەستی بە مەترسی چالاکی و کاریگەری نورسی لەسەر خەڵکی شارەکە کردوو، بۆ شاری بەتلیس دووریخستەوە[2]. عومەر پاشای والی بەتلیس، هەرکە ناوبانگی نورسی بیست و زانی روویکردووەتە بەتلیس، داوایکرد نورسی لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوەو سوود لە کتێبخانەکەی وەرگرێت. نزیکەی دووساڵ لە ماڵەکەیدا مایەوەو سوودی لە کتێبخانەکەی والی وەرگرت[3]. نورسی کاتێک لە شاری بەتلیس بوو، ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسیی و ناکۆکی و شەڕی ئەرمەنو موسڵمانەکان لەوپەڕی بەهێزیدا بووە، بەتلیس و وان گەورەترین کۆمەڵی ئەرمەنی تێدابووە، هەربۆیە کەتیبەکانی سوڵتان عەبدولحەمید دەستیان بەسەرکوتکردن و کارە توندوتیژ و شۆڕشەکانی ئەرمەن کرد لە ماوەی(١٨٩٠-١٨٩٤)، بەهەزاران لە ئەرمەنو موسڵمانان کوژران. هەرلەم سەردەمەدا ناوبراو لە شوێنێکەوە دەچوو بۆ شوێنێکی دیکەو مونازەرەی لەسەر رەوشەکە، لەگەڵ زانایاندا دەکرد[4].

نورسی لە(١٨٩٤) و لەسەر بانگهێشتی حەسەن پاشای والی وان روویکردە وان و لەوێ مایەوە، لەهەمانکاتدا لەلایەن تاهیر پاشاوە، کە خاوەن کتێبخانەیەکی گەورەبوو، بانگهێشت کراو داوایلێکرا لای بمێنێتەوە، نورسی رازی بوو، هەلێکی دیکەی شارەزابوونی لە زانستە جیاوازەکاندا بۆ رەخساوە[5]. نورسی ماوەی پانزدە ساڵ لە شاریی وان ماوەتەوە و رۆڵی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوەی خێڵە کوردییەکان لە باکووری کوردستان بینیوە، هەوڵیدا شارەزایان لە ئیسلام بکات[6]. ناوبراو توانی شوکر ئاغا و مستەفا پاشای سەرۆک عەشیرەتی میران ئاشت بکاتەوە، لەکاتێکدا هەوڵی کاربەدەستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەم مەبەستە شکستیهێنابوو، هەروەها لە شاری وان، هەستا بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی و ناوینا(خورخوڕ)، کە دەکەوتە نزیک دەریاچەی وان، قوتابییەکانی نزیکەی(٣٠٠) قوتابی دەبوون، کە زۆربەیان لە جەنگی یەکەمی

---

حەکیم)، لەهەمانکاتدا کەسایەتیەکی سیاسیی ئەو سەردەمەش بووەو دوای چەند کۆبوونەوەو هەوڵدانێک مەلا ئیدریسی بەتلیسی لەڕێگەی سەردانی کردن و کۆبوونەوەی لەگەڵ میرەکانی موکریان، برادۆست، بابانییەکان، سۆران...هتد، دواجار رێککەوتننامەیەک لەگەڵ فەرمانڕەوای کوردو سوڵتان سەلیم مۆرکراو، کە گرنگترین دەقی رێککەوتننامەکە: داننانبوو بە سەربەخۆی میرنشیینەکان و سەربەستیان، لەبەرامبەر کۆمەکیو یارمەتی کوردەکان بۆ تورکەکان لە هەموو شەڕەکاندا دژ بە قزڵباشەکان، هەروەها کورد لە کاروباری دەرەودا سەربە خەلافەتی ئیسلامیین. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.بلەچ شێرکۆ: کێشەی کورد: مێژینەو ئێستای کورد، و.محەمەد حەمە باقی، چ٣، کوردستانی عێراق،١٩٩١، ل٣١؛ م.س.لازاریفو ئەوانی دیکە: مێژووی کوردستان، و.هۆشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چ٣، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٣٢-١٣٦).**

[1] بدیع الزمان سعید النورسي: صیقل الإسلام، ص٤١٦-٤١٧.

[2] بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٧٥؛ د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: بزووتنەوەی نورچی لە تورکیای هاوچەرخدا، و.ئیدریس سیوەیلی، دۆسیێ ئیسلام، ژ٨، وەرزە گۆڤارێکی تایبەتە بە ئیسلام، ئیسلامی سیاسی و سۆسیۆلۆجیای ئایین، ئابی ٢٠٠٨، ل٧٧-٧٨.

[3] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٣٢

[4] شکران واحدة: م.س، ص٣٦.

[5] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٣٣-٣٤.

[6] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٧٨.

جیهانی گیانیان لەدەستدا. قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە لەپاڵ فێربوونی زانستو ئایین فێری هونەری جەنگیش بوون. نورسی هەرلەشاری وان لە(١٨٩٩)دا ئاڵوگۆڕێکی فکری گرنگی بەسەردا هات، هەتاکو ئەوکاتە بایەخدانەکانی بە زانستە جۆربەجۆرەکان بوو بۆ بەهێزکردنی بیری خۆی، بەڵام دوای ئەوەی، کە ئاگاداری هەواڵ و بارودۆخی دەرەوە و پیلانی ئەوروپاییەکان بوویەوە، کە دژایەتی ئیسلامیان دەکرد[١]. هەربۆیە جەنگێکی فراوان بۆ سەر ئیسلام دەستیپێکردو، لەسەر نورسی پێویستبوو بەشێوازە تایبەتەکەی خۆی و بە ئیمانی بەهێزی و بە ئاڵنگاری نارەحەتیەکان رووبەڕووی ئەو جەنگە ببێتەوە[٢].

**قۆناغی دووەمی ژیانی نورسی ١٩٠٧-١٩٢٣:**

ماوەی نێوان(١٩٠٧–١٩٢٣)، قۆناغی قۆناغی چوونی نورسییە بۆ ئەستەنبوڵ و پراکتیزەکردنی کاری سیاسیی و بەشداریکردنی لە پێکهێنانی کۆمەڵورێکخراوەکان و کاری رۆژنامەگەری و سەفەرکردن بۆ وڵاتەکانی شامو بەیروت بەشداریکردنی لە جەنگی یەکەمی جیهانییو...هتد. هەرلەم قۆناغەدا ناوبراو رووبەڕووی گەورە پیاوانی دەوڵەت بووەتەوەو بەوپەڕی ئازادی و کارامەییەوە فکرە چاکسازیو سیاسییو ئیدارییەکانی بۆ دەوڵەت بڵاوکردووەتەوە، هەربۆیە ئەم قۆناغەی ژیانی بە قۆناغی سیاسی ناودەبرێت. نورسی بەوپێیەی باوەڕی بەتوانا چاکسازیخوازەکانی خۆی هەبووە، لەبەرئەوە بڕیاریدا رووبکاتە ئەستەنبوڵ، چونکە ئەو شارە ناوەندی بڕیاردانی دەوڵەت بوو[٣]، هەربۆیە بۆ جاریی دووەم لە(١٩٠٧) روویکردە ئەستەنبوڵ بەهیوای هێنانەدی خەونەکانی، لە(خان شەکرچی)، لە نزیک مزگەوتی فاتیح، ژوورێکی بەکرێ گرتو تیایدا مایەوە، کە شوێنەکەی وەک ئۆتێل وابووە، زۆرێک لە بیریارانو شاعیرانی ئەو سەردەم روویان تێدەکرد، محەمەد عاکیف ئارسۆی[٤]، یەکێک بووە لەوانە، کە نورسی پێی ئاشنابووە[٥].

نورسی دەستیکرد بە هێنانەدیی خواستو داوکارییەکانی، دوو داواکاریی سەرەکیی ئاڕاستەی سوڵتان عەبدولحەمید کرد: داواکاریی یەکەم: چاکسازی لە کۆشکدا بکرێت و رێگە نەدرێت بەوەی گرفتاری تیاچوون بێتەوە، لەهەمانکاتدا داوای لە سوڵتان کرد، ئەو سامانەی ناو کۆشک، کە نەتەوە

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٧٨–٨٢ .

[٢] عبدالقادر الادریسي: نور وفتح قراءة في فکر سعید النورسي وفتح الله کولن، ط١، دار النیل للطباعە و النشر، القاهرە، ٢٠١٤، ص٣٤.

[٣] د.آزاد سعید سمو: م.س، ص٧٨–٧٩.

[٤] محەمەد عاکیف ئارسۆی(Mehamed Akif Ersoy): لە (١٨٧٣) لە گەڕەکی(ساراگوزەل) لە ناوچەی فاتح لە ئەستەنبوڵ لەدایکبووە، کاتێک ئەستەنبوڵ، داگیرکراوە، محەمەد عاکیف، لە(٩)ی مایسی(١٩٢٠)، بە مەبەستی بەشداریکردن لە جەنگی رزگاری حکومەتی نیشتمانی تورکیا رووەدەکاتە ئەنقەرە، پاشان وەک نوێنەری شاری بوردور(Bordur)، هەڵبژێراوە بۆ پەرلەمانی تورکیا، ناوبراو مارشی سەربەخۆی نووسیووە، کە وەک مارشی سەربەخۆی نەتەوەی تورکیا لە یادو بۆنەکاندا گوتراوەتەوە، لە(١٩٢٣) بەمەبەستی درێژەدان بە جەنگی رزگاری گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ، هەرلەوساڵەدا دوای بێهیوابوونی لە حکومەتی ئەنقەرە، کە حکومەتێکی ئیسلامی نەبووە روویکردووەتە میسر. ناوبراو حەوت کتێب و هۆنراوە و چەندین پەخشان و بەرهەمی دیکەی چاپکراون، ناوەڕۆکی نووسینەکانی ئیسلامییو نەتەوایەتیی تورکیی و برایەتی موسڵمانان پێکەوەگرێداوە، لە ئەستەنبوڵ (٢٧)ی کانوونی یەکەمی (١٩٣٦) کۆچی دوایی کردووە.(**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Ismaıl Kara: Türkiye'de İslamcılık düşüncesi, CİIt1,4. Baskı, dergâh yayınları, İstanbul, 2020, Sayfa367-368**

[٥] حبیب محمد سعید: س.پ، ل٥٩.

پێشکەشیکردووە لەڕێگەی دامەزراندنی زانکۆ ئایینییەکانەوە بۆیان بگێڕێتەوە، هەتاوەکو ئەو نەزانییە لەناوبەرێت، کە دەردێکی کوشندەیەو نەتەوە پێوەی گیرۆدەیە[١]، هەروەها داوای لە سوڵتان کرد هەستێت بە ئەرکی خۆی بەرامبەر بە هەموو موسڵمانان لە هەرشوێنێکن، لەهەمانکاتدا نورسی رەخنەی لە حکومەتو سوڵتان عەبدولحەمید گرت، بەوەی کە ئازادی تیا بەدیناکرێت و حوکمی تاکڕەوی تیا پەیڕەوی دەکرێت[٢].

داواکاری دووەم: دامەزراندنی مەدرەسەی زەهرا(زانکۆی زەهرا)*، نورسی هەرلە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم، پرۆژەگەلێکی لەلا گەڵاڵە بوون هەوڵیدا بیانخاتە بەردەم سوڵتانی عوسمانی بە ئامانجی رزگاربوونی کورد لە نەخوێندەواری و لە پێناو پشتگیرکردن و گەشەپێدانی زمانی کوردی و یەک لە هەوڵەکانیشی زانکۆی زەهرا بوو[٣]. نورسی بۆ مەبەستی دامەزراندنی زانکۆی زەهرا لە(١٨٩٦) روویکردە شاری ئەستەنبوڵ، بەڵام لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، هەتاکو، هەربۆیە گەڕایەوە بۆ وان، بەڵام لە هەوڵەکانی بۆ هێنانەدی ئەم هەوڵە چاکسازییەی بۆ باکووری کوردستان بێهیوا نەبوو، جارێکی دیکە لە (١٩٠٧)، روویکردەوە ئەستەنبوڵ بۆ هەمان مەبەست داوای دامەزراندنی زانکۆی زەهرا لە سوڵتان عەبدولحەمید کرد[٤].

نورسی زانستە ئیسلامییەکانی وەک ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەبینی. خۆی بە پارێزەری ئیسلام دەزانی لەسەردەمێکدا، کە بە سیکۆلاری بوون زیادیکردبوو[٥]، نورسی جەختدەکاتەوە لەوەی دووهۆکار هاندەری بووە رووبکاتە ئەستەنبوڵ، ئەوانیش(لەپێناو بەدیهێنانی بەختەوەری کوردستان، بیرۆکەی پرۆژەی دامەزراندنی زانکۆی زەهرایە)، هەربۆیە بە سوڵتان عەبدولحەمید دەڵێت:"بەچاوی سوپاسگوزارییەوە دەڕوانرێتە فەرمانەکانی دەوڵەت بە دامەزراندنی خوێندنگا لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان وەک شوێنەکانی دیکە....، ئاستی سوودوەرگرتن تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە، کە زمانی تورکی دەزانن، بەڵام کوردەکان لە زانستەکان بێبەش دەکرێن، تەنیا لەبەر ئەوەی تورکی نازانن و مامۆستاکانیان زمانی ناوچەکە نازانن، هەربۆیە بەناچاری بۆ فێربوونی زانستەکان روودەکەنە حوجرەکان تەنیا لەو رێگەیەشەوە زانست وەردەگرن"[٦]. سێیەم: بەرپەرچدانەوەی پیلانێک دژبە قورئان، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵو رێکخراو گروپانەی دژی ئیسلامن، لە هەوڵی شکاندنی شکۆی قورئانن و ئامانجیان زیان گەیاندنە بە نەتەوەکەیان. چوارەم: لاوازی و لەناوچوونی قوتابخانە ئایینیەکان لەناویاندا قوتابخانەی خورخوڕ،

---

[١] بديع الزمان سعيد النورسي: صيقل الاسلام، ص٤٢١-٤٢٢.

[٢] بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٩٢.

* مەدرەسەی زەهرا(زانکۆی زەهرا)، جگە لەم دووناوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بەچەند شێوەیەکی دیکەناوی هاتووە، وەک قوتابخانەی زەهرا، بەڵام ئێمە لە تەواوی تێزەکەماندا (زانکۆی زەهرا)م بەکارهێناوە (توێژەر).

[3] Osman Tiftikçi, Said-i Kürdi'den Said-i Nursi'ye Nurcu Hareket ve Kürt Nurculuğu, Ceylan Yayıncıları, Birinci Baskı, İstanbul, 2016, Sayfa 39.

[٤] د.آزاد سعيد سمو: م.س، ص٧٨-٧٩.

[5] Ibrahim M. Abu Rabi: Islam at the Crossroads: On the Life and Thought of Bediuzzaman Said Nursi, Social Science Review, Volume 1, Issue 2, December 2015, P.42.

[٦] وەرگیراوە لە: حسن حمه کريم: پرۆژەی زانکۆی زەهرا، چ١، ب.ش، ب.س، ل١٤.( ئەم کتێبە، هەتاکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە لە چاپ نەدراوە بەدەستنووس لەڕێگەی نووسەرەکەیەوە بە دەستمان گەیشتووە **(توێژەر)**.

له وان ...هتد)[1].

نورسی لەچوارچێوەی داواکارییەکەیدا، داوایکرد زانکۆی زەهرا، لە بەتلیس وەک مەڵبەندی باکووری کوردستان، دابمەزرێتو دوو لقیشی لە هەریەک لە وان و دیاربەکر بکرێتەوە، هەروەها چەند مەرجو پێشنیازێکی خستەڕوو لەوانە:(ناوی مەدرەسەی زەهراء(زانکۆی زەهرا)ی لێبنرێت، چونکە خەڵکی لەگەڵ ئەو ناوەدا راهاتوون و سەرنج راکێشە بەلایانەوە، تێکەڵکردن و خوێندنی زانستە گەردوونی و نوێیەکان لەگەڵ زانستە ئایینیەکاندا هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا زمانەکانی عەرەبی و کوردی و تورکی بخوێنرێت، بەشێوەیەکی کاتی خانەی مامۆستایان(دارالمعلمین) بکرێت بە کۆڵەکە و پاڵپشتی ئەم زانکۆیە و تێکەڵ بکرێت لەگەڵیدا...هتد)[2].

نورسی سەرەڕای ئەوەی داواکاریەکەی بۆ دامەزراندی زانکۆی زەهرا، لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانیو خودی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە رەتکرایەوە، لە هەمانکاتدا کۆتایی گفتوگۆو مونازەرەکانیدا تۆمەتی شێتییان دایە پاڵی، هەرچەندە شەفیق پاشای وەزیری ئاسایش، پێشنیازی بڕینەوەی موچەیەکی(هەزار قروش)و پاشانیش زیادکردنی لەلایەن سوڵتانەوە بۆ خستەڕوو، بەڵام بەتوندی وەڵامی داواکەی شەفیق پاشای دایەوە، بەوەی، کە هیچ کات بۆمەبەستی بەرژەوەندی تاکەکەسی رووینەکردووەتە ئەستەنبوڵ، ئامادە نییە بەرژەوەندی تاکەکەسی پێش بەرژەوەندی میللەتەکەی بخات، دەیویست بەکردار نەتەوەی کورد بێدار بکاتەوە هەرچی لە توانایدا بێت بۆ خزمەتی کوردو نەتەوەکەی بکات[3]. هەروەک دەڵێت:"دەسا ئەی کوردەکان من نەخۆشخانەی شێتانم قبوڵ کرد، بەڵام بۆ ئەوەی(کوردایەتی) لەکەدار نەکەم ویستی پادشا و موچەو چاکەی شاهانەم قبوڵ نەکرد"[4].

مستەفا کەمال، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری تورکیا، کۆتایی بە قوتابخانە شەرعییەکان هێنا، داواکاری نورسیش جێبەجێ نەکرا، بەڵام پاش(٢٥)ساڵ و لە(١٩٥٠)دا جارێکی دیکە لەسەر داوای نورسی تۆفیق ئیللەری وەزیری پەروەردە، بڕیاری دامەزراندنی زانکۆی زەهرای داوە لە وان بەناوی زانکۆی خۆرهەڵات، جەلال بایاریش بێ ئەوەی پێی بزانێت بڕیارەکەی پەسەندکرد و خستوویەتییە لیستی پرسە گرنگەکانەوە، هەرچەندە ئەو زانکۆیەی خۆرهەڵات ئەو مەرجانەی تێدا نەبوو، کە نورسی بۆ زانکۆی زەهرا دایبنابوو، بەڵام چونکە سوودی بۆ زانست و زانیاری گەلی کورد هەبوو، خۆشحاڵبووەو پێیوابووە ئاواتەکەی بەدیهاتووە، بەڵام بە کودەتای(١٩٦٠)، بەهۆی مردنی نورسی لە لایەکی دیکەوە بڕیارەکە کۆتایی هات و نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە[5].

بە سەرنجدان لە هەوڵە بەردەوامەکانی نورسی بۆ دامەزراندنی زانکۆی زەهرا، دەگەینە ئەو راستییەی بە هەستی بەرپرسیارانەوە وەک زانایەکی ئایینی و شارەزا لە زانستەکانی هاوچەرخ وەک

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٥٣٧-٥٣٩.

[2] بديع الزمان سعيد النورسي: صيقل الإسلام، ص٣٩٨-٤٠٠.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٨٦-٩٢.

[4] بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی: سەرجەمی پەیامەکانی نور، داوەرییەکان،٦، و.فاروق رەسوڵ یەحیا، چ١، بڵاوکراوەی ئیحسان، تاران، ١٣٩١، ل٦٣٤. (ئەم وتەیە بەشێکە لەو چەند وتارە دانسقەیەی نورسی، کە لە چاپی نوێیەکەی پەیامەکانی نور لادراوە وەرگێڕی کوردییەکە ئەو نامانەی جارێکی دیکە وەرگێڕاوەو بەکاریهێناوەتەوە، هەربۆیە ئێمەش سوودمان لێوەرگرتووە (**توێژەر**)).

[5] حسن حمە کریم: س.پ، ل٤١-٤٢.

بیریارێکی ئیسلامی ئەو سەردەمە، لە خەمی نەتەوەی کورددا بووە. پێیوابووە لەڕێگەی ئەم زانکۆیەوە بەشێک لە پرسەکانی نەخوێندەواری و دواکەوتووی ناوچەکە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی تورکیا چارەسەر دەکات، هەروەها خوێندنی زانستەکانی سەردەم و هاوشانی زانستە ئایینییەکان فێربوونی زمانەکانی دیکە لەم زانکۆیەدا، یارمەتیدەر دەبن بۆ هۆشیارکردنەوەی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە باکووری کوردستان، بەڵام کاربەدەستانی تورکیا، هەرلەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەتاوەکو کۆماری تورکیای نوێ، درکیان بە گرنگی و بایەخی ئەم زانکۆیە دەکرد، کە رۆڵی دەبێت لە هۆشیارکردنەوەی کورد لە سەرجەم لایەنەکانی ئایینی و نەتەوەیی، هەربۆیە بەتوندی ئەم داوایەی نورسیان رەتکردەوە، بەڵام نورسی بە مانەوەی لە ئەستەنبوڵ زیاتر درکی کرد بەوەی کورد نەک تەنیا لە باکووری کوردستان لەرووی کولتوری خوێندنەوە پەراوێزخراوە، بەڵکو لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیو ئابورییو...هتد فەرامۆشکراوە، چیدی ئومێدی چاکسازیان بۆ ناوچەکە لێناکرێت.

دوایی ئەوەی کودەتای دەستووری لە(١٩٠٨)، روویدا سوڵتان عەبدولحەمید ناچاربوو دەستووری(١٨٧٦) کارا بکاتەوە، نورسی پێشوازی لە دەستوور کرد، بەڵام ئەوەی رەتکردەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقییەوە[1] بکات، زیاتر کاری دەکرد بۆ روونکردنەوەی چاکەی دەستوورو هاندانی خەڵک بۆ پابەندبوون بە ئازادییەوە، هەروەها دەستیکرد بە نووسینی چەند گوتارێک لە رۆژنامەی بورکان(Volkan)، رۆژنامەی تەعاونوتەرقی کورد، لەو وتارانەدا، جەختیدەکردەوە لەسەر بەهەند وەرگرتنی مافەکانی کورد، لەهەمانکاتدا ئەوەشی روونکردەوە، کە بووژانەوەو پێشکەوتن تەنیا بە یەکێتی و زانست جێبەجێ کردنی شەریعەت دێتەدی[2]. نورسی لە وتارێکیدا بە شێوازی کرمانجی ژوورو لە ژمارە یەکی رۆژنامەی تەعاونو تەرەقی کورد، کە لە(٢٢)ی کانونی دووەمی (١٩٠٨) بەناوی(ئەی گەلی کوردان!) بڵاوکراوەتەوە لە بەشێکی وتارەکەدا نووسیویەتی:"ئێمە سێ گەوهەرمان هەیە، کە دەخوازین بیانپارێزین، یەکەمیان ئیسلامەتییە، کە بەهەزاران خوێنی شەهیدانمان لە بەهایدا داوە، دووهەمیان، ئینسانییەتە، کە پێویستە لەپێش چاوی خەڵکیدا بە خزمەتی عەقڵی و جوامێری و مرۆڤپەروەری خۆمان پیشانی جیهان بدەین. سێیەمیان: نەتەوایەتیمانە، کە تایبەتمەندی بە ئێمە داوە پێشینانمان، کە بۆخۆیان کاردروستو رێکوپێکبوون، دەبێت ئێمە بەکارەکانمان و پاراستنی نەتەوایەتی خۆمان گیانی ئەوان لە گۆڕەکانیاندا شاد بکەین...سێ دوژمنمان هەیە، کە ئێمە لەناودەبەن، یەکەم: هەژاریی...چل هەزار حەماڵ لە ئەستەنبوڵدا

---

[1] ئیتحادوتەرەقیی: مێژووی ئەم رێکخراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ تورکیای لاو(ترکیا الفتاه)، سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ(١٨٦١-١٨٧٦)، بە وەرگێڕان و لاسایکردنەوەی ئەدەبی رۆژئاوا بەتایبەت ئەدەبی فەرەنسی دەستپێدەکات، دواتر دەبێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی لیبراڵ. لە (١٨٨٩)کۆمەڵێک لە خوێندکارانی لایەنگرانی تورکیای لاو لە قوتابخانە پزیشکی سەربازیی لە ئەستەنبوڵ بە سەرکردایەتی هەریەک لە(ئیبراهیم تیمۆ(ئەلبانی)، عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی کورد و محەمەد رەشید چەرکەسی)رێکخراوێکی نهێنیان بەناوی یەکێتی پێشکەوتن(إتحاد الترقی)، دامەزراند. ئامانجی ئەم رێکخراوە بریتیبوو لە لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، گێڕانەوەی دەستووری ساڵی(١٨٧٦)و چاکسازیی ئیداریی، سیاسیی و سەربازیی لەسەر شێوازی رۆژئاوا. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.ارنست أ. رامزور: ترکیة الفتاة وثورة ١٩٠٨، ت.د.صالح أحمد العلي، نشر بالإشتراک مؤسسة فرنکلین المساهمة للطباعة والنشر، بیروت- نیویورک، ١٩٦٠، ص٣٩-٥٠، ٩١).**

[2] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ٧٩.

بەڵگەیە لەسەری، دووهەم: نەزانی و نەخوێندەواری، کە لە هەزارکەس یەکێکمان ناتوانێت رۆژنامە بخوێنێتەوە...،سێیەم: دوژمنایەتی و دووبەرەکی، کە ئەم دووژمنایەتییەش هێزی ئێمە لەناودەبات...."[1].

هەرلە کاتی راگەیاندنی مەشروتییەتی دووەمدا نورسی رۆشت بۆ سیلانک، وتارێکی لە گۆڕەپانی ئازادی سیلانک، داو تیایدا چەمکی ئازادی شرۆڤەکرد، کە بریتییە لە ئازادی شەریعە واتە ئەو ئازادییەی شەریعە سنورەکانی بۆ دیاری دەکات نەک ئازادی بێسەروبەرەی و رێکخراو نەبێت، جەختیکردەوە لە وەرگرتنی ئەو زانستەی، کە پێشکەوتن بەهێز دەکات و بێ وەرگرتنی لایەنی نەرێنی رۆژئاوا و ئاماژەی بەوەکرد بەشێکی گەورە لە بەرپرسیارەتی دواکەوتووی عوسمانی دەکەوێتە ئەستۆی دەستەی زانایان، مامۆستایان[2].

نورسی رۆڵی ئاشتی بینی لە رووداوی مانگرتنی حەماڵەکانی ئەستەنبوڵ[3]، بە پێشکەشکردنی وتارێک بارودۆخەکەی ئاسایی کردەوە[4]. ناوبراو لە وتارەکەیدا وەک ئاماژەیەک بەوەی کەسێکە خاوەن پاشخانێکی سادەیە خۆی بە کوڕی کۆڵکێش ناوبردووە[5].

نورسی لە(١٩٠٨) دا، لەو قوتابخانەی منداڵانی کورد، کە کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی (کرد نشر معارف جمعیتی) دایمەزراندبوو وەک مامۆستا وانەی وتوەتەوەو خزمەتی بە منداڵانی کورد لە دانیشتوی ئەستەنبوڵ کردووە[6]، هەروەها نورسی بەشداریی لە(کۆمەڵەی یەکێتیی محەمەدی/ اتحاد جمعیە محمدی)، کردووەو لە ئاهەنگی راگەیاندنی یەکێتییەکەدا، کە لە نیسانی (١٩٠٩) لە گۆڕەپانی مزگەوتی ئایاسۆفیا سازدراوە نورسی وتارێکی بۆ ئامادەبوان پێشکەشکرد، هانی ئامادەبوانی دا، کە پابەندی ئادابە ئیسلامییەکانبن. لەبارەی کۆمەڵێک باس و خواسی دیکەوە قسەی کرد[7].

نورسی لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی وتار و نووسینەکانی لە رۆژنامەکان و بەتایبەتی رۆژنامەی تەعاونو تەرقی ئاشنابووە بە شاعیری ناوداری کورد پیرەمێرد(١٨٧٦-١٩٥٠)، هاودەنگیو

---

[1] بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی:س.پ، ل٦٤٣-٦٤٤؛ مالمیسانژ: جەمعییەی تەعاونو تەرەقی ی کوردو رۆژنامەکەی، و.زریان رۆژهەڵاتی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی،٢٠٠٧، ل١٦٤-١٦٥.(بۆ تەواوی وتارەکەی نورسی بڕوانە: **پاشکۆی ژمارە (٢)** .

[2] د.محسن عبدالحمید: النورسی متکلم العصر الحدیث، ب.م، ب.س، ص١٦.

[3] مانگرتنی حەماڵەکانی ئەستەنبوڵ: لە تشرینی یەکەمی (١٩٠٨)دا وڵاتی نەمسا رایگەیاند: کەوا بۆسنەو هەرسکی خستۆتەسەر سنوری خۆیەوە، لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە، بایکۆتی کەلوپەلی نەمسا کراو، حەماڵو کرێکارانیش لە شاری ئەستەنبوڵ بڕیاری دانەگرتنی کەلوپەلی نەمساییاندا، مەسەلەکە تەنها لەم چوارچێوەیە نەوەستا، بەڵکو پەرەیسەند و بەجۆرێک مەترسی بۆ سەر ژیانی بازرگانی ئەستەنبوڵ دروستبوو، ئاراستەی بایکۆتەکە بەرەو ئەوە دەچوو، حەماڵەکان بێ فەرمانی سەرکردەکانی خۆیان دەکرد و بارودۆخ رووی لە ئاڵۆزبوونی زیاتر دەکرد، بەڵام نورسی توانی لەرێگەی وتارێکی ئاشتیانەوە چارەسەری کێشەکە بکات. **( ئورخان محمد علی: س.پ، ل٧٠).**

[4] ه.س، ل٧٠.

[5] هاکان ئۆزئۆغلۆ: کەسایەتییە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی ناسنامەکان لە پەرەسەندنداو پێشبڕکێی دڵسۆزیو سنورە هەمیشە بگۆڕەکان، و.ئاران جەلال، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس،چاپخانەی تاران،٢٠١٨، ل٢٣٢.

[6] د.آزاد سعید سمو: م.س، ص٨٦-٨٧.

[7] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٧٢.

هاوهەڵوێستی نورسیو پیرەمێرد لە هەڵگرتنی خەمی نەتەوە و خاک وای لێکردوون هەردووکیان پێکەوە ببنە ئەندامی یەکێتی محەمەدییە و هاوکاری یەکتربوون لە نووسین و بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی تەعاون‌وتەرقی هەروەک پیرەمێرد دەڵێت:"نورسی چەند وتارێکی بۆ بڵاوکراوەکان نووسی...، بەڵام من بۆم ئەنووسییەوە، چونکە یەکەم خەتەکەی نەدەخوێنرایەوە، دووهەم تورکی تەواو نەدەزانی، هەتاوەکو لەدوایدا فێربوو..."[١].

نورسی بە وتارەکانی لە رووداوەکانی(٣١)ی ئازاری(١٩٠٩) رۆڵی ئاشتیانەی بینیوە، سەربازە هەڵگەڕاوەکان دەڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجامدەدا و بەم هۆیەشەوە چەند ئەندام پەرلەمانو وەزیرێکیان کوشت. ناوبراو داوای لەخۆپیشاندەران دەکرد دوورکەونەوە لە توندوتیژی و خوێنڕشتن، داواکارییەکانیان بەشێوازێکی هێمنانە بخەنەڕوو[٢]. دواجار ئیتیحادییەکان، ئەم ئاڵۆزی و خۆپیشاندانەیان قۆستەوە و لە(٢٧)ی نیسانی(١٩٠٩)سوڵتان عەبدولحەمید لە دەسەڵات لادراو زۆرێک لە سەربازەکانو ئەنجامدەرانی خۆپیشاندانەکان دەستگیرکران، نورسی یەکێک بوو لەوانە، کە رووبەڕووی دادگای سەربازی کرایەوە، چونکە ئیتیحادییەکان ئەو وتارە توندانەیان لەبیر نەکردبوو، کە نورسی لە رۆژنامەی بورکان(Volkan) نووسیبوونی، هەربۆیە ئیتیحادوتەرەقی لە یەکەم دەستبەکاربوونیەوە هەستا بە هەڵوەشانەوەی یەکێتی محەمەدییە و دادگایکردنی نورسی. ناوبراو لە دادگا بەرگری لە خۆی کرد[٣]. یەک لەو تۆمەتانەی خرابووە پاڵی بەوەی ئەندامی کۆمەڵەی یەکێتیی محەمەدییە، نورسی لە وەڵامی دادگادا، جەختیکردەوە لەوەی یەکێکە لە ئەندامەکانی کۆمەڵەی یەکێتیی محەمەدیو لەپێناو دوو ئامانجی سەرەکیدا بانگهێشتی خەڵکی دەکات بۆناو ئەم یەکێتییە ئەوانیش: یەکەم: پاراستنی ئەوناوە. دووەم: بۆئەوەی بێت بە بەربەستێک لەبەردەم جیابوونەوە و لێکترازان ئەو حیزب و دەستە و تاقمانەی، کە هۆکاری روودانی ئەم گرفتە گەورەیە بوون[٤]. نورسی لە دادگادا، ئاماژەی بەوە کرد، کە کاری کردووە بۆ بەئاگاهێنانەوەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات لە فێڵ و دروشمی بریقەداری ئیتحادییەکانو ئەوەشی راگەیاند، بانگەشەی چاکسازیی بۆ باکووری کوردستان کردووە، کە زۆرینەیان کوردنو هیچ گرنگییەکیان پێنەدراوە[٥]. دواجار دادگا بڕیاری ئەستۆپاکی نورسی دەرکردو ئازادکرا. ناوبراو لەبری سوپاسکردنی دادگا، لەگەڵ باوەڕپارانی بە ڕێپێوان بەرەو گەڕەکی سوڵتان ئەحمەد رۆیشتنو دروشمی(بژی دۆزەخ بۆ ستەمکاران)یان دەوتەوە[٦].

نورسی داکۆکی لە یەکپارچەی خاکی عوسمانیو دژایەتی دوژمنەکانی دەکرد و لەو پێناوەشدا، بەشدارییکرد لە رێکخراوێکی سیاسی نهێنی بەناوی تەشکیلاتی تایبەت، لە(١٩١١) پێکهات، ژمارەیەک

---

١ د.عومەر عەبدولعەزیز(سەعید نورسی) لە زمانی(پیرەمێرد)ەوە تیشکێک لەسەر کاری هاوبەشیانو خزمەتی هەردووکیان بە پرسی کورد، ٢٩ی٤ی٢٠١٧، وەرگیراوە لە: ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠، http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5076

٢ بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص١٢١.

٣ بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بديع الزمان سعيد النورسي: صيقل الإسلام، ص٤٢٥-٤٠٩، ٤٢٦-٤١١ ؛ ئورخان محمد علي: س.پ، ل٧٧-٨٣.

٤ بديع الزمان سعيد النورسي: صيقل الإسلام، ص٤١٧.

٥ د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨٠.

٦ بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص١٢٨.

زانای ئایینی و ئەفسەر و سیاسەتمەدارو رۆشنبیر پەیوەندییان پێوەکرد، ئەم رێکخراوە رۆڵێکی گەورەی بینی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئایینیو هاندانی خەڵکی بۆ پارێزگاری لە کیانی دەوڵەتی عوسمانی و بەرنگاربوونەوەی ئیستعماری ئەوروپی و بانگەشەی جیهاد دژی داگیرکران. نورسی وەک فەرماندەی خۆبەخشان لە باکووری کوردستان، کە لە کورد پێکهاتبوون دیاریکرا[1].

نورسی لە سەرەتای لە جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵوێستی روونی هەبوو، دژی بەشدارییکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو لەجەنگەکەدا، بەڵام بە چوونە ناوەوەی عوسمانییەکان بۆناو جەنگ نورسی، لەگەڵ نزیکەی(٣٠٠) قوتابی بەشداریی شەڕەکانی دژ بە رووسەکان لە بەرەی قەفقازیا کرد[2]. لەم شەڕانەدا نزیکەی بیست لە قوتابییەکانی نورسی کوژرانو هەر لەبەرەی جەنگدا گیانفیدایانی ئەرمەنەکان لەچەند ناوچەیەکدا منداڵی موسڵمانانیان سەربڕیووەو موسڵمانەکانیش لەکاردانەوەی ئەم هەڵوێستانەدا منداڵی ئەرمەنەکانیان کوشتووە، لەوکاتەدا، کە بە هەزاران مناڵی ئەرمەنەکان لە ناوچەکەدا کۆکراونەتەوە، نورسی فەرمانی دەرکردووە بۆ سەربازەکان، کە بەهیچ شێوەیەک کاریان بەسەر ئەو منداڵانەوە نەبێت، پاشان هەموویان ئازادکراون و نێراونەتەوە بۆناو خێزانەکانیان، ناوبراو لە بەرەی جەنگدا وەک بەجێگەیاندنی ئەرکی جیهاد بەردەوام بووە[3]، دواجار لە شاریی بەتلیس لەگەڵ ژمارەیەک لە قوتابییەکانی لەلایەن رووسەکانەوە بەدیل گیراوەو، ماوەی دووساڵونیو لە سیبریا ماوەتەوە، پاشان توانی رابکاتو بڕوات بۆ بترسبۆرک( لینیگراد)، لەوێشەوە بۆ وارشۆ دواتریش بۆ ڤیەننا[4].

نورسی توانی لە(١٩١٦)دا بگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ و لەلایەن سوڵتانو شێخ لئیسلامو قوتابییانی زانستە شەرعییەکانەوە پێشوازی لێکرا، پاشان لە(١٩١٨)وە بووە بە ئەندامی خانەی دانایانی ئیسلام(دارالحكمة الاسلامية)، سێ ساڵ لەو خانەیە خزمەتی کرد، دواتر لە شاری ئەستەنبوڵ بێزاربووەو بڕیاریداوە بگەڕێتەوە بۆ شاری وان[5].

پاش ئەوەی بەریتانییەکان لە (١٩١٨) هاتنەناو ئەستەنبوڵ نورسی، هێرشی کردە سەریان لە رێگای ژمارەیەک فەتوا، هەروەها کتێبێکی بەناوی(شەش هەنگاو) دەرکرد، کە تێیدا هێرشێکی توندی کردبووە سەر داگیرکەران[6].

نورسی هەرلە ئەستەنبوڵ یەکێک بووە لە ئەندامانی رێکخراوەی مانگی سەوز(Hilal Yaşil)، کە لە(٥)ی ئازاری(١٩٢٠)، لەلایەن هەریەکە لە حەیدەر زادە ئیبراهیم ئەفەندی، کە سەرۆکی فەخری رێکخراوەکە بووە، حاجی ئەمین پاشا سەرۆکی یەکەم، حازم بک، سکرتێری گشتیو...هتد وەک رێکخراوێکی ناسیاسی دامەزراوە، ئەم رێکخراوەیە دژی هێنانی قەبارەیەکی زۆر لە مادده،

---

[1] ايمان غانم شريف: سعيد النورسي حياته و نشاطة السياسي في تركيا(١٨٧٦-١٩٦٠)، رسالة تقدمت الى مجليس كلية الاداب فى جامعة الموصل وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستر فى التاريخ الحديث، ٢٠٠٨، ص٥٧.

[2] د. احمد نوري النعيمي: تركيا بين الموروث، ص١٩٨.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص١٤١-١٤٥.

[4] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨١.

[5] بديع الزمان سعيد النورسي: كليات رسائل النور، اللمعات، ت.احسان قاسم الصالحى، ط٢، دار النيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١١، ص٤٣٣، ٣٢١.

[6] بديع الزمان سعيد النورسي: كليات رسائل النور، الشعاعات، ت.احسان قاسم الصالحى، ط٢، دار النيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١٣، ص٤٧٢.

کحولییەکان بوون لەلایەن بازرگانە بەریتانییەکانەوە بۆناو ئەستەنبوڵ[١] سەبارەت بەوەی، کە نورسی ئەندامێکی ئاسای مانگی سەوز بووە یان لە دامەزرێنەران بووە، بەپێی ئامادەبوونی نورسی لە(٥-١٨)ی ئازاری(١٩٢٠)ی کۆبوونەوەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە، ڕاستی ئەوە دەسەلمێنن، کە یەکێکبووە لە دەستەی دامەزرێنەران، هەروەک دکتۆر فەهرەتین کەریم گۆکای لەم بارەیەوە دەڵێت:"لە(١٨)ی ئازار ڕۆژی دامەزراندنی مانگی سەوز بوو، چەند کەسایەتیەک لە بارەگا بوون...سەعیدی کوردی ئەفەندی یەک لەو کەسانە بوو... سەعیدی کوردی هەڵبژێرا بۆ بارەگاکە...من بەختەوەر بووم، کە ئەوم باشتر ناسی، کە پێشتر لەدوورەوە ئاشنابووم بە کارەکانی"[٢].

کاتێک ئەنقەرە بەسەرۆکایەتی مستەفاکەمال بووە ناوەندێکی بزووتنەوەی بەرنگاربوونەوە، نورسی بەوپێیەی، کە خاوەن مێژووییەکی درێژی خەبات بوو بۆ بەرنگاربوونەوەی داگیرکەرانی بێگانە، بانگهێشتکرا، هەتاوەکو پەیوەندی بە بزووتنەوەکەوە بکات و بچێتە ئەنقەرە، سەرەتا بانگهێشتنامەکەی پەسەند نەکرد، پێیوابوو باشترە بۆ بەرنگاربوونەوەی بەریتانییەکان لە ئەستەنبوڵ بمێنێتەوە، چەند قوتابییەکی خۆی نارد بۆ ئەنقەرە، پاشان لە(١٩٢٢) ڕوویکردە ئەنقەرە[٣]. لە ڕاگەیەنراوێکدا داوای لە ئەندامانی ئەنجومەن کرد، بنەماکانی شەریعەت جێبەجێبکەن هۆشداریدا، کە پشتگوێخستنی ئەرکە ئایینییەکان متمانەیان لای خەڵکی ناهێڵێت، هەربۆیە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەن تووشی دەمەقاڵێ بوو ئەو دەیویست پەیامەکانی بگەیەنێتە مستەفا کەمال[٤]، نورسی بە ناوبراو دەڵێت:"هەرکەسێک نوێژ نەکات خائینەو حوکمی خائین وەرناگیرێت"[٥]، هەربۆیە مستەفا کەمال نورسی تۆمەتبار دەکات بەوەی بەم قسانەی دووبەرەکیو جیاوازی خستووەتە نێوانیان، ئەوان بانگیانکردووە بۆ ئەنقەرە، هەتاوەکو ڕای بەنرخیان پێشکەشبکات نەک قسەکردن لەبارەی نوێژەوە بکات[٦]، دواجار مستەفا کەمال لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانەی نورسی خۆی ڕاگرت، تووڕەبوونی بەئاشکرا دەرنەخست، هەوڵیدا سوود لە پلەوپایەی وەربگرێت، وای لێبکات هاوکاری بکات بۆ ئەم مەبەستە داوای لێکرد بێتە ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی گوتاربێژەکانی ڕۆژهەڵات، تەنانەت خانوویەکی گەورەی پێبەخشی، بەڵام نورسی ڕەتیکردەوە، بڕیاریدا ئەنقەرە بەجێبهێڵێتو کەنارگیر بێت[٧].

هەرچەندە نورسی، کە لەم قۆناغەی ژیانی خۆی بە سەعیدی کۆن، ناودەبات، پەیوەندیەکی بەهێزی بە سیاسەتەوە هەبووە، بەڵام بەشێوەیەک نەبووە، کە ئایین بکاتە هۆیەک یان پەیژەیەک بۆ سیاسەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهێزێکەوە هەوڵی دەدا سیاسەت بۆ خزمەتی ئایینی بەکاربهێنێت، بەراشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، کە یەک ڕاستی ئایینی لە هەزار کێشەی سیاسی دونیا بەلاوە

---

[١] ڕوهات ئەلاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبوولی کۆن(١٤٥٣-١٩٢٥)، و.ئەحمەد تاقانە، چ١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٣ ؛ شكران واحدة: م.س، ص٢٢٣؛ د.آزاد سعيد سمو: م.س، ص٨٨.

[2] https://sorularlarisale.com/said-nursinin-yesilayin-kurucusu-oldugu-dogru-mudur-bu-teskilatin-kurtulus-savasi-ile-hicbir-ilgisinin-olmadigi ، وەرگیراوە لە: ١٠ی شوباتی٢٠٢١

[٣] ئورخان محمد علي: س.پ، ل١٥١-١٥٢.

[٤] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨١.

[٥] بديع الزمان سعيد النورسي: الشعاعات، ص٤٥٧.

[٦] م.ن، ص٤٥٧.

[٧] بديع الزمان سعيد النورسي: الشعاعات، ص٣٩٢-٤٥٧، ٣٩٣ ؛ د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨١.

باشترە[١]. نورسی لەو قۆناغەی ژیانییدا زۆر بە قووڵی بەشداریی سیاسەتی کرد، چ لەسەردەمی عوسمانی بێت، یان لەسەردەمی ئیتیحادییەکان، کە ئەندامی تەشکیلاتی مەخسوسە(ڕێکخراوی تایبەتو نهێنی) بووە، کە لەلایەن ئەنوەر پاشاوە لە(١٩١٤)دا دامەزراوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە سەرکوتکردنی جووڵانەوە جووداخوازەکان بەتایبەتی لە ویلایەتە عەرەبییەکاندا، هەرچەندە نورسی لەناو تەعاون‌وتەرەقی کورددا بووە، وەک ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کورد، لەهەمانکاتدا دژ بە جووداخوازەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا خەباتی کرد[٢].

نورسی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستیدا نەبووەو ناوبراو وایدەبینی مەترسیدارترین فکرە ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بووەتەوە نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستییە، بەوپێیەی بانگەشەکردن بۆ ئەو فکرەیە دەستدرێژیکردنە سەر ئەوانی دیکەو پێکدادانە لەگەڵیان، کە ئەمەش دەبێتەهۆی داڕمانو لەناوچوون، هەروەها پێیوابوو ڕەگەزپەرستیو نەتەوەپەرستی دەبێتەهۆی هاوبەشیدانان بۆ خوداو مرۆڤی ڕەگەزپەرست کارەکانی بە پێوانەی خۆی دەپێوێت[٣]، هەربۆیە خۆی لەگەڵ جووداخوازەکاندا نەدەناساند، لەسەردەمی ژیانی سیاسییدا وەک ناسیۆنالیستێکی کورد بەگشتیی و ئۆتۆنۆمیخواز بووە، هەڵوێستی جێگیروچەسپاو بووە، چونکە پێییوانەبوو ئۆتۆنۆمیخوازی پرەنسیپەکانی یەکگرتووی ئوممەتی ئیسلامیی پێشێل بکات. نورسی بە پەرۆشەوە پاڵپشتی مافە کولتورییەکانی کوردی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا دەکرد، هەتاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانی لە چالاکییە ناسیۆنالیستە کوردییەکاندا بەشداربووە، بەئاشکرا باسی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی دەکرد[٤].

نورسی بەرلە کەنارگیری، ئەو دوانزە پەیامەی[٥]، کە دایناوبوو بەو پارەیەی، پاشەکەوتی کردووە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بڕیاریدا چاپیان بکات، پاش چاپکردنیان یەک دوو دانەیەکیان نەبێت، ئەوانی دیکەی بەسەر باوەڕیارانیدا دابەشکردووە[٦].

نورسی، کاتێک لە دیلی گەڕابوویەوە ئەستەنبوڵ لەگەڵ عەبدولڕەحمانی برازایدا لەناوخانویەک لە لوتکەی چاملجە، نیشتەجێ دەبێتو لەم کاتە بەدواوە بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت، کە خۆی بە قۆناغی سەعیدی نوێ ناوبردووە، لەم قۆناغە بەدواوە سەرهەڵدانی ڕابوونی ڕۆحی نورسیە، کە دەکەوێتە بیرکردنەوە و سەرنجدانو پێیوایە هەموو ئەو شتانەی بەدەستی هاتووە، کەم نرخو بێبایەخنو شیاوی ئەوە نیین، کە مایەیی دڵخۆشی بن، یەکەم شت، کە بۆ مەبەستی دۆزینەوەی

---

[١] بديع الزمان سعيد النورسي:صيقل الإسلام، ص٤٧٤.

[٢] هاكان ئۆزئۆغلۆ: س.پ، ل٢٣٣.

[٣] د. مؤيد محمود المشهداني و ضرار خليل حسن: محمد سعيد النورسي وأثر الفكري في الدولة العثمانية خلال حكم السلطان عبدالحميد١٨٧٦-١٩٠٨، مجلة دراسات في التاريخ والأثار، ملحق العدد(٥٠)، ٢٠١٥، ص٩٨-١٠٠.

[٤] هاكان ئۆزئۆغلۆ: س.پ، ل٢٣٤-٢٣٥؛ دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و.د.ئەبوبەکر خۆشناو، چ٣، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٥٧-١٥٨.

[٥] هەندێک لە پەیامەکانی وەک: ( ئاماژەکانی ئیعجاز /اشارات الاعجاز فى مظان الايجاز)لە ١٩١٨ دا بە زمانی عەرەبی چاپکراوە، خاڵێک نورناسی خوای گەورە /نقطه من نور معرفه الله جل جلال، چ١٩١٩ بەزمانی تورکی، سنوحات بە زمانی تورکی، چ ١٩٢٠، ...هتد. **(پەراوێزی ( ١) بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص١٥٣)**

[٦] بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص١٥٢-١٥٣.

هیواو ئومێد پیایدا رۆشتەوە، ئەو زانستانە بوون، کە پێشتر خوێندبوونی دەستیکەوتووە[1]. ناوبراو هەرلە ئەستەنبوڵ لەسەر گردی یووشەع، لە لێواری بسفۆر دەبێتو بڕیاردەدات واز لە دونیا بهێنێت، چەند هاوەڵێکی دەچنە لایو داوای لێدەکەن لە بڕیارەکەی پاشگەزبێتەوە، بەڵام نورسی پاش چەند رۆژێک لە بیرکردنەوەو لە بڕیارەکەی پاشگەز نابێتەوەو بەمەش کۆتایی بەو قۆناغەی دێت، کە بە سەعیدی کۆن ناوبراوە، قۆناغی سەعیدی نوێ دەستپێدەکات[2].

**قۆناغی سێیەم: نورسی لە ساڵانی(١٩٢٣-١٩٤٩):**

ساڵانی(١٩٢٣–١٩٢٥) گۆڕانێکی بنەڕەتی لە فکری نورسیدا روویدا، دوای ئەو ماوەیە بڕیاریدا چیدیکە سەرقاڵی سیاسەت نەبێت[3]، ئەو رێوشوێنانەی، کە کۆماری تورکیا بە رێبەری مستەفا کەمال گرتییەبەر، دەستەبژێری کەمالی پرۆژەیەکی نوێی راگەیاند بۆ بەرۆژئاوایکردنو سیکۆلاریزمەکردنی تورکی بە ئامانجی جیاکردنەوەی تورکیا لە رابردووە ئیسلامییەکەی لە جیهانی موسڵمانان، هەربۆیە نورسی هەستی بە رووخان دەکرد، سەبارەت بە ئوممەتی ئیسلامی وای دەبینی چاکسازییەکان خۆی دەبینێتەوە لە جەنگ دژی ئیسلامو هەوڵدان بۆ هەڵکێشانی ریشەی ئیسلام و دامرکاندنەوەی رەگ و بنچینەکانی ئیمان لە دڵی ئوممەتدا، کە ئاڵای ئیسلامییان بەرزکردۆتەوە بەدرێژای شەش سەدە، ئەم گۆڕانکارییانە لای نورسی، گەیاندییە ئەوەی رێڕەوی سیاسی بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەم رەوتە سیکۆلاریزمو بێباوەڕیە بێسوودە هەروەک هەستی بە بێهیوای لەناو پیاوانی سیاسی دەکردو گەیشتە ئەو باوەڕەی لەبەرامبەردا پێویستە باوەڕی عەقیدەی ئیسلامی لە مەترسیو هەڕەشە چاک بکرێتەوە، هەروەها چاکسازی بەگرتنەبەری رێگەیەکی نوێ، کە بنەڕەتەکەی دروستکردنی نەوەیەکی قورئانییە، کە تەیاربێت بە باوەڕی ئیمانو تەندروستو پاکوچەسپاو[4].

نورسی واز لە سیاسەت دەهێنێت و سەرەتایی ئەم وازهێنانەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە رۆژێکیان پیاوێک دەبینێت سەروسیمای لە هی زانایان چووە ناوی زانایەکی بەڕێزی بەخراپ بردووە، بەڕادەیەک گەیاندویەتیە ئەوەی بێباوەڕ دایناوە: ئەمەش هەرتەنیا لەبەرئەوەی، کە لە چەند بابەتێکی سیاسییدا بۆچوونیان جیاوازبووە، هەرلە هەمانکاتدا وەسفی یەکێکی دیکەی دووڕووی کردووە، کە لە بیروباوەڕی سیاسییدا هاوبیربوون، هەربۆیە دەڵێت:"منیش، کە ئەمەم بینی، تەزوویەکی توند بە جەستەمدا هات لەدەست ئەم بارودۆخەی، کە سیاسەت تێکەوتووە پەنام بە خوای گەورە برد و گوتم:"پەنا دەگرم بەخودا لە شەیتانو لە سیاسەت/ أعوذ بالله من الشیطان والسياسة)ئیتر لەو رۆژەوە خۆم لە ژیانیی سیاسی کێشایەوە"[5]. عەبدوللا تەنتاوی پێیوایە دروشمی بەکارهێنانی"پەنا دەگرم بەخودا لە شەیتانو لە سیاسەت"، لای نورسی بە مانای وازهێنانی تەواوەتی نەبووە لە سیاسەت، بەڵکو بە ئامانجی پاراستنی خۆیو باوەڕیارانی بووە لە سیاسەتمەدار و

[1] بديع الزمان سعيد النورسي: اللمعات، ص٣٣٢، ٣٣١–٣٣٣.

[2] بديع الزمان سعيد النورسي: كليات رسائل النور، الكلمات، ت. احسان قاسم الصالحی، ط٢، دار النيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١١، ص٢٣٩–٢٤٠

[3] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨٢.

[4] مصطفى أدردور: محطات بارزة من التاريخ المعاصر وأثرها في حياة النورسي ومدرسة الفكرية، النور، للدراسات الحضارية والفكرية، ، العدد١٥، مؤسسة السطنبول للثقافة والعلوم، يناير ٢٠١٧، ص١٣.

[5] بديع الزمان سعيد النورسي: كليات رسائل النور، المكتوبات، ت. احسان قاسم الصالحی، ط٢، دار النيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١١، ص٣٢٥–٣٢٦.

سیکۆلاریزمەکانی سەردەم[1]. نورسی هەوڵیدا لەرێگەیەکی دیکەوە، جگە لە سیاسەت خزمەتی ئیسلام بکات، چونکە خۆی ئەو رێگایانەی تاقیکردوەتەوە دڵنیابوو بێ ئەنجام و بێسوود بوون بەتایبەتی لەو بارودۆخە، هەربۆیە هەوڵیدا کۆمەڵێکی بەهێز لە قوتابییانی پێبگەیەنێت ئیدی لەو ڕێگەیەوە خزمەتی زیاتری ئیسلام بکات[2].

نورسی لە پەیامەکانیدا بەروونی هۆکارەکانی وازهێنانی لە سیاسەت خستەڕوو باوەڕیارانی هانداوە، کە لێی بەدووربن لەو هۆکارانەش:(خزمەتێکی باشی قورئانی کرد و لە ئەنجامدا راستییەکانی لێدەرهێنا و ئەوەبووە خاوەن تێگەیشتنی قووڵو فراوانی قورئانو قورئانیش بە توندی لە کارکردن بۆ سیاسەت قەدەغەکرد، ئەمەی کردە بڕیاری خۆیو قوتابییەکانی، هەتاوەکو پەیامەکان سەربەخۆ کاری خۆیان بکەنو نەبنە داردەستی هیچ سیاسەتێک، دوورکەوتنەوەی لە سیاسەت لەبەر خزمەتی قورئان بووە هەروەک خۆی دەڵێت:"تەنیا خزمەتکردنی قورئانە، کە بەتوندی رێگەی جیهانی سیاسەتم لێدەگرێت، تەنانەت بیرکردنەوەی ئەو جیهانە بەتەواوی لە بیربردووەتەوە دەنا هەموو مێژووی ژیانم شایەتەو دەیچەسپێنێت، کە هیچ کات ترس دەستی نەبەستوم رێگەی بەردەوامبوونی لە شتێکدا لێنەگرتووم، کە بە رەوام زانیبێت"[3]، نورسی ئەوەشی خستەڕوو، کە لە قۆناغی سەعیدی کۆندا، کاتێک چووەتەناو سیاسەتەوە بەو نیازەی، لەورێگەیەوە خزمەتی زانست و ئایین بکات، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوون، دواجار نورسی ئەوە دەخاتەڕوو، کە تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەچێتو باشتروایە ئەو بەشەی ژیانی ماوە هەوڵ بۆ ژیانێکی هەمیشەی بدات لە هەموو شتێکی دیکە پێویسترە...هتد)[4].

نورسی، لەکاتی رووداوەکانی شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران١٩٢٥[5]، لە شاری وان سەرقاڵی

---

[1] بديع الزمان النورسي، مجلة المنار، العدد ٦٣، شوال ١٤٢٣هـ وەرگیراوە لە: (٤)ی نیسانی(٢٠٢٠)، https://shamela.ws/index.php/author/40

[2] ئورخان محمد علی: س.پ، ل١٦٥.

[3] حبيب محمد سعيد: وازهێناني (بدیع الزمان) لە سیاسەت، چ١، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆز، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣٩-٤٦.

[4] بديع الزمان سعيد النورسي: المكتوبات، ص٦٣-٨٠.

[5] شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران: کورد لە باکووری کوردستان پەنای بردەبەر خەبات و جووڵانەوەی رزگاریخوازی دژ بە دەسەڵاتی مستەفا کەمال و کۆماری تورکیا و بەنهێنی رێکخراوێکی کوردی بەنێوی(کۆمەڵەی ئازادی)، لە ئەرزەڕوم لەلایەن خالید بەگی جبرانلی دامەزراوە و لقی دیکەشی لەژێر چاودێری ناوبراو لە شارەکانی(دەرسیم، بەتلیس، قارس، خنس، موش و سیرت...هتد) دامەزراوە و چەندین کەسایەتی لەوانە: (جەمیل پاشا، یوسف زیاء بەگ، و سمکۆی شکاک...هتد) لەناو ئەم رێکخراوەیەدا بوون، کرۆکی ئەم رێکخراوەیە جیاوازبوو لە رێکخراوە و کۆمەڵەکانی پێشخۆی، ئەم رێکخراوە پیاوماقوڵانی شار نەبوون، بەڵکو زۆربەیان ئەفسەرانی خاوەن ئەزموون بوون، بنکەی سەرەکی رێکخراوەکە لە ئەرزەڕوم بوو لە (١٩٢٤) دوای ئەوەی سەرکردەکانی رێکخراوەکە هەوڵیاندا شێخ سەعید بۆ لای خۆیان راکێشن بەو پێیەی ناوبراو ناوبانگو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سامانێکی زۆری هەبووە، هەرلەبەرئەوە بوو رێبەرانی رێکخراوەکە هەوڵیاندا پەیوەندی لەگەڵدا ببەستن بۆ کارکردن لەگەڵیان بانگی بکەن، پاشان رێکخراوەکە یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و شێخ سەعید، یەکێک بوو لە بەشداربووان، کۆنگرە دوو بڕیاری گرنگی دەرکرد ئەوانیش: (دەبێت شۆڕشەکە سەراپاگر بێت و تەواوی کوردستان بگرێتەوە بانگی سەربەخۆی بەدوادا بێت، جەختکردنەوە لەسەر بەدەستهێنانی هاوکاری دەرەکی لەوانە: کۆمەکی لە فەرەنسییەکان لە سوریا، ئینگلیزەکان لە عێراق، روسیا)، شۆڕشەکە، کە بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ناوبرا، پێش وادەی خۆی دەستپێکردو دواجار

وانەوتنەوەی قورئان بووە بە قوتابییەکانی، کاربەدەستانی حکومەت کەوتنە گومان لە هەموو کەس ناوبراو یەک لەو کەسانە بوو، بەڵام پاش ماوەیەک گۆشەگیر دەبێتو چووەتە ئەشکەوتی(چیای ئەرک)، لەوکاتەدا شۆڕشی شێخ سەعید هەڵدەگیرسێت[1]. شێخ سەعیدی پیران، هەرلەسەرەتایی شۆڕشەوە ویستی هەموو کەسە تورەکانی دەستی ئەو بارودۆخە و هەرکەسێک، گوێی لێدەگیراو خاوەن قسەبوو، لە دەوری خۆی کۆیانکاتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ناوەندی هۆزە کوردییەکاندا بوون، هەربۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە نامەیەک بۆ نورسی، دەنێرێتو داوای لێدەکات پەیوەندی پێوەبکات، نورسی هەرچەندە دژی سیاسەتی ئەنقەرە بوو، بەڵام داواکەی قبووڵنەکرد، چونکە نەیدەویست خوێنی موسڵمانانی هەردوولا بڕێژێنرێت، بەتایبەتی لە هەوڵوجووڵانەوەیەکدا، کە بە تێڕوانینی نورسی تروسکاییەک ئومێدی تیا بەدی نەدەکرا، هەربۆیە لە وڵامی حوسێن پاشای سەرۆکی یەک لە عەشیرەتە کوردییەکان، کە سەردانی کرد، پرسی پێکردووە بۆ ئامادەکاری و بەشدارییکردنی شۆڕش چاوەڕێی ئاماژەی نورسین، بەڵام ناوبراو لە وەڵامی حوسێن پاشادا جارێکی دیکە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئامادە نییە خوێنی موسوڵمانان بەدەستی یەکتر بڕێژرێت، بە قسە و بەڵگەی واقیعیانە باوەڕ بە حوسێن پاشا دەهێنێت، کە بەشداریی شۆڕشەکە نەکات[2]. شێخ سەعید بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ رازیکردنی نورسی، هەتاوەکو بەشداریی شۆڕش بکاتو نامەیەکی بۆ دەنێرێت، کە تیایدا نووسراوە:" گەورەم کاریگەریتان گەورەیە، ئەگەر بفەرمون و بەشداربن لەم جووڵانەوەیەماندا ئەوا سەردەکەوین..."[3]، بەڵام نورسی لە وەڵامی نامەکەدا بۆ شێخ سەعید جارێکی دیکە جەختدەکاتەوە، کە لە شۆڕشدا بەشداریی ناکاتو هەست بە زیادی مەترسیو زیانەکانی شۆڕشەکە دەکات وەک لە گرنگی دەستکەوتەکانی، لە بەشێکی نامەکەیدا دەنووسێت:"... ئێمە موسڵمانین، تورکەکانیش برامانن، کارێکی وا مەکەن برا، براکەی بکوژێت، ئەم کارە لەرووی شەرعەوە گونجاو نییە شمشێر لەناوخۆدا بەکارناهێنرێت، تاکە رێگەیەک بۆ دەربازبوون لەم رۆژگارە، رێنمایکردنی خەڵکە بۆ راستییەکانی قورئانوئیمان..."[4].

لەڕاستیدا، بەشدارینەکردنی نورسی لە شۆڕشی شێخ سەعیدا چەند رەهەندێکی هەبووە یەک لەوانە: لەوکاتەدا وازی لە سیاسەت هێناوەو بڕیاریدابوو چیدیکە بەشداریی لە هیچ پارت و رێکخراو جووڵانەوەیەکی سیاسییدا نەکات، هەربۆیە بەشداریی شۆڕشەکەی نەکرد، داواشی لە شۆڕشگێڕان کرد دووربکەونەوە لە بەکارهێنانی هێز بۆ هێنانەدی خواستەکانیان[5]، لەلایەکی دیکەوە درکی بە

لەلایەن حکومەتی کۆماری تورکیاوە سەرکوتکرا.( **بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: رۆبەت ئۆلسن: راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران(کوردستان ١٨٨٠-١٩٢٥)، و.ئەبوبەکر خۆشناو، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩،ل٧٢-٨٠)؛ م.أ.حەسرەتیان: راپەڕینی کوردان ساڵی ١٩٢٥، و.جەلال دەباغ، چ٢، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٠-١١. مارتن فان برونەسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و.کوردۆ عەلی، ب٢، چ٤، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٨٦-٢٨٨).**

[1] بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٢٢٩-٢٣١.

[2] ئورخان محمد على: س.پ، ل١٧٤-١٧٧.

[3] ه.س، ل١٧٧.

[4] ئورخان محمد على: س.پ، ل١٧٧.

[5] محمد سعيد رمضان البوطي: في الفكر والقلب، فصول من النقد في العلوم والاجتماع والادب، ط٢، دار الفقيه للنشر والتوزيع، دمشق، ١٩٩٧، ص٣٣٣.

ئەنجامە نەرێنییەکانی شۆڕش کردووە لەپێناو پاراستنی موسڵمانان لە کوشتار و خوێنڕشتن، لەبەرئەوە رەتیکردەوە خۆیو باوەڕیارانیشی بەشداریی شۆڕشەکە بکەن، هەروەها پێشبینی کردبوو شۆڕشەکە سەرکەوتوو نابێت، ناوبراو باوەڕی بە گۆڕانکاری لە چوارچێوەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بانگەوازی هێمنانە و ئاشتیانە هەبوو، جیهادو بەکارهێنانی چەکی لەناوخۆدا بەرەوا نەزانیوەو، لەڕوانگەی خۆیەوە ئەو کارە تەنیا خزمەت بەو دوژمنە دەرەکییانە دەکات، کەوا خۆیان حەشارداوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی وا دەڕوانێت کە کۆمەڵگەیەکی یەکپارچەو یەکگرتووە[١].

نورسی بە بەشداریی نەکردنی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کاریگەری نەرێنی کردە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، لە باکووری کوردستان لە کاتێکدا کوردە موسڵمانەکان لە لایەن کۆماری تورکیاوە لە بەردەم پرۆسەی لەناوبردن بوون، بەڵام نورسی بەناوی نەڕشتنی خوێنی موسڵمانان وێڕای خۆی و باوەڕیارانی بەشدارییان نەکرد، بە هەڵوێستەکانی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک خێڵە کوردییەکانی لە بەشداریی و پشتیوانیکردنی شۆڕشەکە پەشیمانکردەوە.

وێڕای هەڵوێستی روونی نورسی بەرامبەر بە شۆڕشی شێخ سەعیدو بەشدارینەکردنی، بۆ رۆژئاوای ئەنادۆڵ بۆ بۆردور، پاشان بۆ(بارلا)ی سەربە پارێزگای ئیسپارتە دوورخرایەوە، هەرلەوێ خانوویەکی بچووکی بۆ دابینکرا، کە لەژێر چاودێری هەمیشەی دەسەڵاتو حکومەتدا بوو، چاودێری سەرجەم جموجوڵەکانی دەکرا[٢].

دوای ئەوەی حکومەتی تورکیا توانی بە کوشتارێکی گەورە شۆڕشەکەی شێخ سەعید و سەرجەم جووڵانەوە ئایینییەکان لەو قۆناغەدا سەرکوتبکات. نورسی جیاواز لە جووڵانەوەکانی دیکە چەکی هەڵنەگرت، بەڵکو لەڕێگەی بانگەوازەوە پێڕەوی ئۆپۆزسیۆنی کرد[٣].

نورسی لەم قۆناغە بەدواوە کە خۆی بە سەعیدی نوێ ناو دەبات، بەوە جیادەکرێتەوە، کە پەیامەکانی تێدا نووسیوەو بانگەشە بۆ ئیسلامی پاکوبێگەرد دەکات و یەکەم پەیامی بەناوی پەیامی حەشر، داناوە[٤] ناوی سەرجەمی پەیامەکانی ناوناوە پەیامەکانی نور[٥]، ئەوەشی خستەڕوو مەبەستی راستەوخۆی ئەم پەیامانە، کە لە(١٣٠) پەیام تێپەڕدەبن، باسکردن و لێدوانی کاروباری سیاسەت

---

[١] ئورخان محمد علی: س.پ، ل١٨٢-١٨٣.

[٢] بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٢٣١-٢٣٤، ٢٤٢-٢٤٣.

[٣] فایزە علوش: م.س، ص٨٨.

[٤] بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٢٥٩-٢٦٠.

[٥] پەیامەکانی نور: لە(١٣٠) پەیام، پێکهاتووە لەوانە:(٣٣) وتە(کلمات)،(٣٣) مەکتوب،(٣١) بریسکە (لمعە)، سیازدە تیشک(الشعاعات)،...هتد. نورسی هۆکاری ناونانی پەیامەکانی بە نور، دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: گوندەکەی ناوی(نورس)ە، دایکی ناوی(نوریە)یە، مامۆستاکەی، کە سەربە رێبازی نەقشبەندی بووە ناوی(سەید نور محەمەد)ە، یەکێکی دیکە لە مامۆستاکانی سەربە رێبازی قادری بووە بەناوی نورەدین، یەکێک لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز بەناوی(النور)ە، زۆربەی ئەو قوتابییانەی لەگەڵیدا ماونەتەوە ناوی(نور)یان پێوەبووە، هەروەها گرنگی و مانای گەورەی ئایەتی( اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ) سورة النور(آية٣٥)ە، زۆربەی کات ئەو گیروگرفتانەی تووشیبووە لەبارەی حەقیقەتەکانی خوادا، لەڕێگەی ناوی(النور)ی خوای گەورەوە شیکردووەتەوە،...هتد.**(بديع الزمان سعيد النورسي: كليات رسائل النور، الملاحق، ت.احسان قاسم الصالحي، ط١، دار النيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١٠، ص٦٤).**

نییە و لەوبارەیەوە نادوێت، تەنیا تایبەتن بەکاروباری دوارۆژو ئیمان[1]، هەربۆیە باوەڕیارانی وا وەسفی خۆیان دەکەن، کە خزمەتکاری قورئانن یان بە مانایەکی دیکە خزمەتکاری پەیامەکانی نورن و بە قوتابییەکانی نور ناودەبرێن[2].

دوای ئەوەی نورسی بزووتنەوەی نورجو[3]، بوونە ستونێکی سەرەکی رابوونی ئیسلامی لە کوردستان. نورسی باوەڕی وابوو، کە بانگەشەی قورئان بریتییە لە سەربەن(منطلق) تەنیا بۆ چاکسازی و رزگارکردنی موسڵمانانە[4]، بزوتنەوەی نورجو بانگەشەی دەکرد بۆ ئاشتی و هێمنی و ئارامی لە کۆمەڵگەو سیستمی سیاسی. نورسی ئامانجی ئایینی نوێگەریی بوو، هەتاوەکو ئەوانەی پەیوەندییان کردبوو بە خوێندنگە سیکۆلاریزمەکانەوە لە بێباوەڕی ئەوانەشی پەیوەندییان کردبوو بە خوێندنگە ئاینییەکانەوە لە توندڕەویی ڕزگاربکات[5].

بزوتنەوەی نورجو، بەهۆی ئەوەی نورسی لە سیاسەت دوورکەوتبووەوە قوتابیانی هەرلەسەرەتایی درووستبوونیەوە نەچوونە نێو ململانێی سیاسییو هەوڵیان نەدا پارتێکی سیاسی دروستبکەن یاخود بزووتنەوەکەیان بۆ پارتێکی سیاسی نەگۆڕی، بەڵام ئەم فکرەیەش گشتی نەبوو، مەرج نەبوو هەموو قوتابیانی نور لە قۆناغە جیاوازەکانی پاشتردا پێوەی پابەندبووبن[6]. لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە لە قۆناغێکی دیاریکراوی بوو، کە نورسی دوای مامەڵەکردن لەگەڵ جەهەپە پێیگەیشت، کە کاری سیاسی نەک لە کورد، بەڵکو ئەوانەش، کە خاوەن فکرەی ئیسلامی بوو لە نەتەوە ناتورکە کەمینەکانی دیکەش و ئۆپۆزسیۆن قەدەغەکرابوو باشترین نمونەش نەبوونی ئۆپۆزسیۆن بوو لە سەردەمی مستەفا کەمالدا تەنیا دووپارت نەبێت ئەوانیش هەڵوەشانەوە.

بزووتنەوەی نورجو، کاریگەریی گەورەیی هەبوو لە رووبەڕووبوونەوەی سیکۆلاریزم، ئەمەش وایلێهات نورسی باوەڕیارانی بۆ چەند دەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە رووبەڕووی سەرکوتکاریو راودوو ببنەوە[7].

نورسی لە(١٩٣٤)، لە(بارلا)وە گوازرایەوە بۆ شاری ئەسپارتە، لە(٢٥)ی نیسانی(١٩٣٥)دا، لە شەپۆلێکی دەستگیرکردنی قوتابییانی نورجو، سەدوبیست قوتابی دەستگیرکران، پاشان نورسی دەستگیرکراو گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی ئەسکی شەهر، دادگا چەند تۆمەتێکی دایەپاڵ لەوانە: کە دەیەوێت کۆمەڵەیەکی نهێنی دروست بکات، ئەم کۆمەڵەیە بۆ رووخاندنی بنەماکانی وڵاتو تێکدانی

---

[1] بدیع الزمان سعید النورسي: الشعاعات، ص٥٠٧.

[2] عبدالقادر الادریسي: م.س، ص٢٣.

[3] بزووتنەوەی نورجو(Nurcu): ئەم ناوە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت، کە خولیای خوێندنەوەی پەیامەکانی نورن، بۆ خوێندنەوەی پەیامەکانی نور هاتوچۆی مەدرەسە(Medreseler) دەکەن، بەڵام ئەو کەسانەی، کە پەیامەکانی نور دەخوێننەوە لەسەر بنەمای پەیامەکانی نور خۆیان بە قوتابییانی نور (Nur Talebeleri)، ناوزەد دەکەن.( **İbrahim S. Işık: A'dan Z'ye Kürtler: Kişiler, Kavramlar, Kurumlar, Nubihar –PAK Ajans Yayıncılığı, Altıncı Baskı, İstanbul, 2009, Sayfa 348 ).**

[4] أنور الجندی: م.س، ص٢٤-٢٥.

[5] Metin Heper: Islam and Democracy in Turkey: Toward a Reconciliation?, Middle East Journal , Winter, 1997, Vol. 51, No. 1 (Winter, 1997) , P.39.

[6] Hüseyın Alı :Modern türkıyede çagdaş ıslamı harketler tarıhı,universal journal of theology (ujte) volume v,issu1(june2020), Sayfa29.

[7] الدکتورة رنا عبدالعزیز الخماش: م.س، ص٩٩.

بنەماکانی شۆڕشی کەمالی کاردەکات، لەهەوڵی دروستکردنی ڕێبازێکی سۆفیگەریدایە، لەکاتێکدا حکومەت ئەم جۆرە ڕێبازانەی قەدەغەکردووە، بڵاوکردنەوەی پەیامی باڵاپۆشی(حیجاب)، حکومەت ئەم پەیامەی بە کارێکی دژ بە یاسای جلوبەرگ داناوە...هتد[١]. نورسی لەبەردەم دادگا سەرجەمی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە ئەوەی خستەڕوو، کە نیەتی نییە دەستبگرێت بەسەر کورسی حوکمداو هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە نەتەوەکەی بۆسەر ڕێگای ڕاستو خودا هیدایەت بدات، هیچ ئینتمایەکی نییە بۆ هیچ بیروباوەڕێک بانگەشە بۆ دەمارگیریو ناکۆکی ناکات، بەڵام پشتیوانو بە پەرۆشە بۆ ڕاستی، کە خودا مەبەستیانەو پێغەمبەر(د.خ)، ڕێبەریانە و شەرعی پیرۆز دەستووریانە، و هیچ ڕێکخراوێکی تایبەتی نییەو لە سیاسەت دوورن، لەکۆتایدا(١٩)ی ئابی(١٩٣٥)دا دادگا حوکمی یانزدە مانگ زیندانی بۆ نورسی بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی پەیامی باڵاپۆشی(حیجاب) دەرکرد[٢]. نورسی هەرچەندە دەبوو پاش تەواوکردنی یانزدە مانگ لە بەندیخانە ئازاد بکرێت، بەڵام حکومەت بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسای بڕیاریدا لە بەهاری(١٩٣٦)دا بۆ شاری قەستەمۆنی دووریبخاتەوە، پاشان لەژێر چاودێری پۆلیس بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەو شار مایەوە هەرلەوماوەیەدا پەیامەکانی نور لەڕێگەی قوتابییەکانی نزیکەی(٦٠٠)هەزار نوسخەیان دەستنووسکران و بەهەموو لایەکی تورکیا بڵاوکرانەوە[٣].

لە ساڵی(١٩٤٣)دا دەسەڵات جارێکی دیکە کەوتە بێزارکردنی نورسی و قوتابییەکانی، لەگەڵ چەند قوتابییەکی دەستگیرکرانو نێردران بۆ بەندیخانەی دێنزلی(Denizle)، ناوبراو دووبارە تۆمەتبار کرابوو بەچەند تۆمەتێک لەوانە: پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نهێنی و هاندانی گەل لە دژی حکومەتی سیکۆلاریزم، ناونانی مستەفا کەمال بە دەجالو هەوڵدان بۆ هەڵگەڕانەوەی سیستمی دەسەڵات، بەڵام لە بەردەم دادگای دێنزلی، سەرجەمی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە[٤].

حکومەت لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر(پەیامەکانی نور) دیاریکرد[٥]، دواجار لیژنەکە ئەوەی خستەڕوو، کە نورسیی و قوتابییەکانی نور هەرشتێکیان نووسیوە، هیچ بەڵگەو نیشانەیەکی ڕاشکاویان تێدا نییە سەبارەت بەوەی ئایینو موقەدەسات وەک ئامرازو ئامێرێک بۆ تێکدانی ئاسایشی دەوڵەت یان هاندانی خەڵک بەکارهێنابێت[٦]. دواجار(١٥)ی حوزەیرانی(١٩٤٤) دادگا بڕیاری بێتاوانی نورسیی و قوتابیەکانی و گێڕانەوەی کتێبە دەست بەسەرکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان دەرچوو، بەڵام لەبری ئازادکردنی تەواوەتی نورسی بۆ قەزای(ئەمیرداغ) دوورخرایەوە، هەرلەوێ خرایە ژێر چاودێری پۆلیسەوە، بە فەرمانی دەسەڵاتداران چوونە مزگەوتی لێ قەدەغە دەکرێت، هەر لە ئەمیرداغ ژەهرخوارد کراوەو بۆ ماوەی چەند حەفتەیەک بەم هۆیەوە نەخۆش دەکەوێت، بەڵام لە مردن ڕزگاری دەبێت[٧].

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئورخان محمد علی: س.پ، ل٢٦٩-٢٧٧.

[٢] ه.س ل٢٧١، ٢٧٧؛ أنور الجندی: م.س، ص٢١.

[٣] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بدیع الزمان سعید النورسي: اللمعات، ص٣٦٥؛ ئورخان محمد علی: س.پ، ل٢٧٨-٢٨٨.

[٤] بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٣٥٧؛ بدیع الزمان سعید النورسي: الشعاعات، ص٣١٦-٣١٧. **بۆ زانیاریی، زیاتر، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣).**

[٥] بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٣٥٧-٣٥٨.

[٦] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بدیع الزمان سعید النورسي: الشعاعات، ص٣١٧-٣٢٠.

[٧] بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٣٨٦-٣٨٧، ٣٩١.

پەیامەکانی نور کاریگەری گەورەیان هەبوو، بوونە جێگەی بایەخو سەرنجی قوتابیانو مامۆستایانی زانکۆکانو چینە جیاوازەکانی نێو پرۆسەی خوێندن لەوانەش هەریەک لە، مستەفا صونغور لە پەیمانگای قروی، کە نورسی بە کوڕی(مەعنەوی) خۆی قوتابیە نزیکەکانی ناوی بردوەو، هەروەها مستەفا رەمەزان ئۆغلوش، کە یەکێک بوو لە قوتابیەکانی زانکۆ، زوبێر کندوزالب، بۆ یەکەمجار لە(١٩٤٦)سەردانی نورسی کرد. پەیامەکانی نور بە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەوە سەرەتاکەی لەڕێگەی چەند دڵسۆزێکەوە لەکاتی مەراسیمی حەجدا لە(١٩٤٧) بڵاویان کردنەوەو نوسخەیەکیان نێدران بۆ زانکۆی ئەزهەر لە میسر و بۆ دیمەشق مەدینە و بەشێکیان گەیەنرانە زانایەکی کشمیر و ئەویش لای خۆیەوە بەڵێنیدا بیگەیەنێتە زانایانی هیندستان[1]. قوتابیانی نور، هەستان بەناردنی چەند نوسخەیەکی(پەیامەکانی نور)، بۆ ناوەندە جیاجیاکانی رۆشنبیری و ئاڕاستەکردن لە ئاییندا، لەناویاندا بۆ پاپای ڤاتیکان، پاش ماوەیەک نامەی سوپاسی ئەوناوەندانە گەڕایەوە بۆیان لەوانەش لە(٢٢)ی شوباتی(١٩٥١)دا نامەی ڤاتیکان گەڕایەوە، کە سوپاسی نورسی کردبوو لە ناردنی کتێبی(زولفەقار)[2].

لەسەر ئاستی دەرەوەدا نورسی لەو قۆناغەدا لەگەڵ پشکوتی ئیخوان موسلمین دا ژیاوەو هاوسەردەمی حەسەن بەننا، بووە[3]، هەربۆیە نزیکییەکی گەورە لەنێوان هەردوو ڕێبەرەکەو بزووتنەوەکەیان هەبووە، لە نامەیەکی تایبەتدا دەردەکەوێت، کە نورسی فەرمانیکردووە بە قوتابییەکانیو باوەڕیارانی لەگەڵ برایەنی ئیخوان موسلمین لە حەلەب هاوکاری یەکتربن[4]. لە بەشێکی نامەکەدا نووسیویەتی:"قوتابییانی نور، کە وەک جێگرەوەیەکی(ئیتیحادی محەمەدی)ی جارانن، نوێنەری ئیتیحادی ئیسلامی ناو ئەنادۆڵن، بەڵام لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ئیخوان موسلمین، نوێنەری ئەو ئیتحادە ئیسلامییەن(قوتابیانی نورو(ئیخوان ئەلموسلمین) لەنێوان چەندین دەستەوتاقمی دیکەدا دووریزی هاوشانو هاوتێڕوانینی یەکدترن لەناوەندی حیزبی قورئانو بازنەی خاوێنی ئیتحادی ئیسلامییدا پێکدەهێنن. گەلێک دڵخۆشبووین بە بایەخدانی گەرموگوڕیان بە پەیامەکانی نورو نیازیان بۆ وەرگێڕانی هەندێک لەو پەیامانە بۆ زمانی عەرەبیی... تکام وایە ئەوان لەویٚ چاودێری قوتابییانو پەیامەکانی نوربن"[5].

نورسی جارێکی دیکە لەگەڵ پەنجا قوتابی لە(٢٣)ی کانونی دووەمی(١٩٤٨)دا بە چەند تۆمەتێکی هاوشێوەی تۆمەتەکانی پێشتر دەستگیرکران و بران بۆ دادگا لە شاری ئەفیۆن، بەڵام جارێکی دیکە هیچ ماددەیەکیان بەسەردا نەسەپێنرا، کە تاوانباریان بکەن، بەڵام بە بڕیاری داوەر بەبیٚ پشتبەستن بە بەڵگە بڕیاری زیندانیکردنی(٢٠) مانگ بۆ نورسی چەند مانگێک بۆ قوتابیەکانی دەرکرد[6]، ژمارەیەک یاساناس و پارێزەر کەوتنە جموجوڵ لە بەرژەوەندی نورسیی و رایانگەیاند دادگایەکە ناشەرعیە، چونکە پێشتر دادگا بیٚ تاوانی نورسی لەو تۆمەتانە راگەیاند، هەربۆیە نابێت جارێکی دیکە بەو

[1] شکران واحدة: م.س، ص٤٠٧.
[2] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٣٧٦-٣٧٧.
[3] د. تەلال یونس ئەلجەلیلی: س.پ، ل٦٩.
[4] د. محسن عبدالحمید: النورسی متکلم العصر، ص١٠٧.
[5] بدیع الزمان سعید النورسي: الملاحق، ص٥٤.
[6] بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٤١٥.

تۆمەتانە دادگای بکرێتەوە[1]، دواجار لە(٢٠)ی ئەیلولی(١٩٤٩)ئازادکرا، بەڵام ڕێگەی پێنەدرا، لە ئەفیۆن، بڕواتە دەرەوە، پاشان نێردرابۆ(ئەمیرداغ)، بۆ نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و دووساڵ لەو شوێنە مایەوە[2].

## قۆناغی چوارەم: ١٩٤٩-١٩٦٠:

پارتی دیموکرات دوای بردنەوەی هەڵبژاردنە گشتییەکەی(١٤)ی ئایاری(١٩٥٠) گەیشتە دەسەڵات لەم قۆناغە بەدواوە نورسی لە کۆتایی ژیانیدا گەڕایەوە بۆ چالاکیی سیاسیی و بەشداریکرد لە لاوازکردنی سیکۆلاریزم بە پشتگیری لە پارتی دیموکرات و عەدنان مەندریس، کە رکەبەری جەهەپە بوو، بەرنامەو ئامانجی نورسی لەم قۆناغەدا شوکری ئەسلانی سەربە بزووتنەوەی نورجو لە دووخاڵی سەرەکیدا کورتی دەکاتەوە: یەکەم: بەرگریکردن لە قورئانو ڕێنماییەکانیو لابردنی گومانەکان لەسەر عەقیدە و بانگەشە بۆ پێڕەویکردنی ئیسلام بۆ شەریعەتێکی گشتگیری تەواو. دووەم: یەکخستنی گەلانی ئیسلامی لە چوارچێوەیەکی سیاسییدا، کە گەرێنتی پێگەیان لەنێوان گەلانی جیهاندا بکات ئەم دووخاڵە بەردی بناغەی فکری نورسی بوون[3].

نورسی بە گەیشتنی پارتی دیموکرات بەدەسەڵات و بوونی، جەلال بایار بە سەرۆککۆمار بروسکەیەکی پیرۆزبای بۆ دەنێرێت و لە نامەکەدا هیوای سەرکەوتنی لە خودا بۆ دەخوازێت، کە بتوانێت خزمەتی ئیسلامو نیشتمان و نەتەوە بکات[4]. نورسی نامەیەکی دیکە ئاڕاستەی سەرۆککۆمار و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات و لە نامەکەیدا تیشکدەخاتە سەر چەند شتێک لەوانە: باس لەو ئازارو ئەشکەنجانەی خۆی باوەڕیارانی دەکات، کە لەلایەن حکومەتەکانی پێشترەوە دراون، جەختدەکاتەوە، کە هیچ کات ئایین ناکەنە ئامرازی دەستی سیاسەت و جگە لە ڕەزامەندی خوای گەورە هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە، هەروەها سیاسەتیان کردووە بە ئامرازێک بۆ خزمەتو تەبایی...هتد[5]، هەروەها ئامۆژگاری دیموکراتەکانی کرد بەوەی، کە هەڵەی حکومەتی پێشوو بەرامبەر ئایین و بزووتنەوەی نورجو پیادەکراوە دووبارە نەکەنەوە. نورسی دوای هەشت ساڵ مانەوە لە ئەمیرداغ، لە(٢٩)ی تشرینی دووەمی(١٩٥١) گەڕایەوە بۆ ئەسکی شەهر[6].

پارتی دیموکرات کەمتەرخەمی نەکرد لە بەکارهێنانی ئایین بۆ مەرامی سیاسی بەرامبەر بزووتنەوەی نورجو، نەرمی نواند و ڕێگەدان بە نورسی جموجولێکی سنوردار لەناو شارەکانی تورکیادا بکات. ناوبراو توانی ئەم سیاسەتەی پارتی دیموکرات بقۆزێتەوە قوتابیەکانی دەستیان بە نووسینی چەندین وتار کرد، کە هێرشیان دەکردە سەر سیکۆلاریزمو بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتێکیان لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی دەکرد، لەوماوەیەدا مەندەریس لە ئیزمیر وتارێکیداو ئاماژەی بەوە کرد"تورکیا وڵاتێکی ئیسلامییەو هەروا دەمێنێتەوە"، ئەم وتەیە هیوایەکی بە نورسی

---

[1] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨٤-٨٥.

[2] بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٤٦٧.

[3] د. زیاد حمد الصمیدعي و د. جمال الدین فالح الاکیلاني: م.س، ص٩٦.

[4] بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٤٧٠.

[5]بدیع الزمان سعید النورسي: الملاحق، ص٣٠٣. بۆ تەواوی ناوەڕۆکی نامەکەی نورسی بڕوانە:**پاشکۆی ژمارە(٤).**

[6] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بدیع الزمان سعید النورسي: سیرة ذاتیة، ص٤٧٢-٤٧٣.

بەخشی[١]، نامەیەکی نارد بۆ مەندەریس، کە تیایدا باسی لە برایەتی ئیسلامی کردبوو لەگەڵ ئەوەی مەندەریس بە پاڵەوانی ئیسلامی وێناکردبوو، هەربۆیە پارتی دیموکرات سوودی لە هەڵوێستی نورسی لە بەدەستهێنانی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی پاشتردا وەرگرت، گرنگی دانی نورسی بە سیاسەت لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی چالاکیی شیوعی[٢]. ڕێوشوێنەکانی پارتی دیموکرات لە سیاقی دەستکەوتی سیاسیی و بەدەستهێنانی دەنگی ئیسلامییەکان بوو مەزندە کرا بە(٣٠٪)ی دەنگدەرانی تورک بوو نەک بەو ئامانجە سیستمی سیکۆریزم لەناوبەرێت[٣]. ئەو ڕێوشوێنانەی، کە حکومەتی پارتی دیموکرات گرتییەبەر لەماوەی دەسەڵاتیدا و ئەو پەیامانەی، کە لەنێوان نورسیو بایار و مەندەریسدا گۆڕدرانەوە، هۆکاربوون، کە قوتابیانی نور لە هەڵبژاردنەکانی(١٩٥٧،١٩٥٤)پشتگیریی پارتی دیموکرات بکەن[٤]. سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات، هەلی زیاتری بە قوتابیانی نور بەخشی، ژمارەیەک قوتابی لە ئەنقەرە مانەوەو هەرلەوێ نیشتەجێبوون، لەپێناو ئەنجامدانی ئەو جۆرە چالاکیانە ئەویش بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نورو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و کارکردن بەشێوەیەکی چالاک و بانگەشەکردن بۆ پەیامەکانی نور. نورسی ئەو قوتابییانەی لە ئەنقەرە بوون بە(بەرەی موجاهیدین)، ناوی دەبردن، کە بوونە ناوەندێک بۆ بڵاوکردنەوە بەتایبەت دوای(١٩٥٦)بەدواوە[٥].

سەرەڕای ئەوەی سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات، دەرفەتی دا بە بزووتنەوەی نورجو، توانییان دەستبە چالاکیی و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نور بکەنەوە، بەڵام بەدەریش نەبوون لە وازهێنان لە نورسی، هەتاوەکو ئازادانە لەگەڵ باوەڕیارانیدا کار بکەن. هەندێک لە قوتابییەکانی نورسی لە ئەستەنبوڵ هەستان بە چاپکردنی دانراوێکی نورسی بەنێوی(ڕێبەری لاوان/مرشد الشباب)، بە پیتی لاتینی، هەربۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا داوایەکیان لەسەر تۆمار کرد، کە لە(٢٢)ی کانونی دووەمی(١٩٥٢)لەبەردەم دادگا ئامادەبێت، نورسی لە(١٥)ی کانونی یەکەمی(١٩٥٢) بۆ ئەم مەبەستە چووە ئەستەنبوڵ و دوای سێجار کۆبوونەوە بۆ دادگایکردن دواجار نورسی بێتاوان بوو، هەروەها لە شاری سامسۆن نورسی داوایەکی یاسایی لەسەرکرایەوە، بەهۆی وتارێکی بەناونیشانی (گەورەترین بەڵگە) لە ڕۆژنامەی(مەزنترین جیهاد/Büyük Cihad)دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نورسی بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی ئامادەبێت، هەربۆیە دادگا بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی پزیشکی بڕیاریدا لە ئەستەنبوڵ دادگایی بکرێت نەک لە سامسۆن، جارێکی دیکە نورسی توانی بەرگری لە خۆی بکاتو بێتاوان بوو[٦].

---

[١] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨٥.

[٢] د.شعلان عبدالقادر ابراهیم: البعد السياسي في حياة بديع الزمان سعيد النورسي، مجلة تكريت للعلوم السياسية، المجلد٣، السنة٣، العدد٨، ص١١٠.

[٣] فاضل كاظم حسين: الاسلام والعلمانية في تركيا دراسة في نشاة الاسلام السياسي وتجربته السياسة حتى انقلاب ١٩٨٠، مجلة ديالى، العدد ٥١، ٢٠١١، وەرگیراوە لە: ٢٦ی حوزیرانی ٢٠٢١،
https://humanmag.uodiyala.edu.iq/uploads/pdf/aadad/2011/a51/14.pdf

[٤] د. تەلال یونس ئەلجەلیلی: س.پ، ل٧٢.

[٥] شكران واحدة: بديع الزمان سعيد النورسي ومفهوم الجهاد في العصر الحديث، النور، للدراسات والحضارية والفكرية، السنة ٨، العدد ١٥، يناير ٢٠١٧، ص٧٢.

[٦] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٤٧٧-٤٩٥، ٤٨٨-٤٩٨.

بزووتنەوەی نورجو پێیوابوو دەکرێت پەیامەکانیان بگەیەنن لەڕێگەی ئیدارەی کۆمارێکی سیکۆلاریزم لەسەر ئەو بنەمایەی، کە دەوڵەت فشار نەکاتە سەریان و ڕێز لە خەڵک بگیرێت. لەسەر بنەمای بابەتی سیاسی لای بزووتنەوەی نورجو بریتیبوو لە بەدیهێنانی سیستمێکی دەوڵەت، کە دەستنەخاتە ناوکاریان و سەرکوتیان نەکات[١].

سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات، نەرمی نواندنی بەرامبەر رەوتی ئایینی رووبەڕووی دژایەتی توندی سەرکردەکانی جەهەپە بوویەوە، ئەوان جەختیاندەکردەوە ئەگەر سنورێک بۆ سیاسەتی دیموکراتەکان دانەنرێت رەوتی ئایینی گەشەدەکات و لەسەر کۆماری تورکیای سیکۆلاریزم مەترسییە، ئەمەش وایکرد جەهەپە پەنا بەرێتەبەر چەند رێوشوێنێکی یاسای و بەکارهێنانی هێزی پۆلیس، ئەم سیاسەتە نوێیە لەلایەن سەرکردەکانی جەهەپەوە پێشوازی لێکراو لە(٢١)ی کانونی دووەم(١٩٥٣) ئینۆنو، سەرۆککۆماری پێشوو، ئاماژەی بەوەکرد هیچیان لەدەست نایەت جگە لە پشتیوانیکردنی حکومەت لە گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی، کە پارێزگاری لە کیانی نەتەوە دەکات، لەدەست جووڵانەوە کۆنەپەرستەکان. لایەنگرانی جەهەپە لە(٢٣)ی تەمموزی(١٩٥٣) لەبەرژەوەندی ئەو یاسایە کە دیموکراتەکان دایانڕشتبوو سەبارەت بە رێگریکردن لە بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەستی سیاسی دەنگیاندا، دیموکراتەکان، وەکو جەهەپە دڵسۆزی پرەنسیپەکانی کەمالی بوون[٢].

دادگای ئەفیۆن بە پشتبەستن بە راپۆرتی شارەزایان، کە لە(٢٥)ی ئایاری(١٩٥٦) پێشکەشیانکرد، لە(١١)ی ئەیلولی(١٩٥٦) بڕیاریدا، پەیامەکانی نور هیچ شتێکییان تێدا نییە پێچەوانەی یاسا بێت ئەم بڕیارەی دادگا ئەوەی دەگەیاند، کە دەتوانرێت پەیامەکانی نور چاپبکرێت و بەئاشکرا بڵاوبکرێنەوە، قوتابیانی نور لە چاپخانەکانی ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە، سامسۆن و ئەنتالیا دەستیانکرد بە چاپکردنی پەیامەکانی نور، نورسی بەم لە چاپدانە دڵخۆش بوو وتی:"ئەمە چەژنی پەیامەکانی نورە ...چاوەڕوانی ئەم رۆژە بووم...کەواتە ئەرکی سەرشانم تەواو بووە، بەم نزیکانە کۆچ دەکەم"[٣].

بێبەریکردنی پەیامەکانی نور لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەوە بوو، کە لە گۆڕەپانی سیاسی ئەو کاتە روویدا، ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەری ئەرێنیان لەسەر بزووتنەوەی نورجو هەبوو، بەجۆرێک توانیان پەیامەکانی نور چاپ بکەن و دەستاودەسیان پێبکرێت و بڵاوبکرێنەوە، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەندام و شوێنکەوتوانی بزووتنەوەکە، کە لەچوارچێوەی رەوتێکی سۆفیدا وێنای پارتێکی سیاسی دەرکەوێت و لەقۆناغەکانی پاشتریش کاریگەرییان هەبوو وەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لەگۆڕەپانی سیاسی تورکیادا.

وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی نورجو پابەندبوون بە چالاکیی نهێنی و نەچوونە ناوکاری سیاسی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییان هەبوو لەڕێگەی کوتلەی دەنگدانەوە واتە رێژەیان زۆربوو شوێنکەوتوانیان لەتەواوی تورکیادا هەبوو[٤]، بەتایبەتی لە دەنگدان بە پارتی

---

[١] امل عبدالله محمد النعيمات: محمد فتح الله كولن(١٩٣٨) وجهوده في العقيدة والاخلاق(دراسة التحليلية)، جامعة العلوم الاسلامية العالمية، قدمت هذه الاطروحة استكمالا لمتطلبات درجة دكتوراه في تخصيص العقيدة والفلسفة الاسلامية في جامعة العلوم الاسلامية العالمية، ٢٠١٤، ص١١-١٢.

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جورج لنشوفسكي: م.س، ص٢١٤-٢١٩.

[٣] بديع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٥٠٢.

[٤] الدكتورة رنا عبدالعزيز الخماش:م.س، ص٩٨.

دیموکرات رۆڵی گرنگیان بینی، کاتێک نورسی لە نامەیەکدا بۆ باوەڕیارانی ئاماژەی بەوەکرد، هەرچەندە ناتوانێت لەو رۆژگارەدا پارتێکی محەمەدی دابمەزرێنێت، بەڵام بڕیاریدا، دەنگ بە پارتی دیموکرات بدات. داوای لە قوتابییانی کرد پشتگیری راکەی بکەن‌و دەنگ بە پارتی دیموکرات بدەن بەوپێەی ئەم پارتە لەو کاتەدا، پارتێکی گرنگە بۆ ئیسلام، نەک لەبەرئەوەی ئەم پارتە خاوەن ئاڕاستەیەکی ئیسلامی بێت، بەڵکو لەبەرئەوەی زیانی کەمترە[1]. دەنگدان بە پارتی دیموکرات، بۆ ئیسلام‌و جووڵانەوە ئیسلامییەکان، وەک هەلێک بوو بۆ رێگرتن لە گەڕانەوەی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکارەی جەهەپە، کە ئیسلامییەکان پێشینەیەکی خراپیان لەگەڵیدا هەبوو.

کاریگەریی جووڵانەوەی نورجو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی تورکیا لەڕێگەی دووچاربوونی بە هێرشێکی توندەوە لەلایەن میدیای سیکۆلارەوە ئاشکرا دەبێت، رۆژنامەی وەتەن(Vatan)، لە(٩)ی ئایاری(١٩٥٨)بابەتێکی نووسیوە تێیدا هاتووە:"حکومەت‌و ئۆپۆزسیۆن پێکڕا کاردەکەن لەپێناو شکۆمەندی کۆنەپارێزی، کە بە فاکتەری ململانێ و کێشمەکێشی نێوان هاوڵاتیان نێوزەند دەکرێت و وڵات بەرەو تاریکی‌و نەزانی‌و دەمارگیریی دەبات"[2]، هەروەها رۆژنامەنووس ئەحمەد ئەنیس یەڵمان، رێکخستنەکانی قوتابییانی نوری بە زیادکردنی هەوڵەکان داناوە دژبە سیکۆلاریزم لە دەرنجامی ئەم نووسینانە حکومەت هەستا بە داخستنی سەرجەم رۆژنامەوگۆڤارە ئیسلامییەکان و قۆڵبەستکردنی ژمارەیەکی زۆری نووسەران و بیریاران، لەناویاندا نورسی بەهۆی بابەتەکانیەوە، کە لە رۆژنامەی جیهاد بڵاویکردنەوە تۆمەتبارکرا پاشتر دادگا لە بەرژەوەندی نورسی بڕیاریدا[3].

بەشێوەیەکی گشتیی بنەماکانی بزووتنەوەی نورجو پێکدێت لە: (گەڕانەوە بۆ ئیسلامییەتی پاک‌و بێگەرد، ئەمەش بە نوێکردنەوەی بانگەواز بۆ باوەڕو بەهێزکردنی یەکتاپەرستی و جەختکردنەوە لە بوونی خودا، کە نورسی لەم روانگەیەوە شێوازێکی زانستی لە چەسپاندنی بوونی خودای گرتەبەر، زیندووبوونەوەی رۆژی دوایی[4]، ئیجتهاد، نورسی هەڵوێستێکی روونی دەربارەی ئیجتهاد هەبوو پێیوابوو دەرگای ئیجتهاد هەمیشە کراوەیە، بەڵام لەکات و سەردەمی ئەواندا، کۆمەڵێک رێگری هەیە لەوانە: هەوڵدان بۆ گۆڕانکاریی لەو شتانەی، کە چەسپاون‌و هیچ کات ناگۆڕێن ئەمانە ئیجتهادیان تێدا ناکرێت، تەنیا زیان بە ئیسلام دەگەیەنن، هەروەها نەبوونی کەسی شارەزاو زانا، کە مەرجەکانی ئیجتهادیان تێدابێت رێگە خۆش دەکات بۆ هاتنەناوەی تێکدەران...هتد، سەرقاڵبوون بە بەهێزکردنی بنەماکانی باوەڕ باشترە لە سەرقاڵبوون بەکاری تیۆری بچوکەوە قسەکردنیش لە مەسەلەی ئیجتیهاد لەو سەردەمەدا، کە شێوازێکی ژیانی نوێی ئەوروپا باڵیکێشاوە بەسەر کۆمەڵگەدا تەنیا لەسەربنەمای خۆپارێزی و لەخواترسان بنیاتدەنرێت[5]، رەتکردنەوەی بنەما کولتورییەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا، نورسی کولتوری ئەوروپی رەتکردەوەو دژایەتی تەواوی بزووتنەوەی بەرۆژئاوایکردنی کە ئەو دەمە تورکیا بەخۆیەوە بینی، دەکرد. ئەمە بەو مانایە نایەت موسڵمانان سوودمەند نەبن لەلایەنی زانستیی و شارستانیەتی رۆژئاوا، بەڵکو نورسی بانگهێشتی موسڵمانان دەکات بۆ سوودوەرگرتن

---

[1] مصطفى أدردور:م.س، ص٢٠؛ د. زياد حمد الصميدعي و د. جمال الدين فالح الاكيلاني:م.س، ص٣٩.

[2] وەرگیراوە لە: د. تەلال یونس ئەلجەلیلی: س.پ، ل٧٣-٧٤.

[3] ه.س، ل٧٤.

[4] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٨٨-٨٩.

[5] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بديع الزمان سعيد النورسي: الكلمات، ص٥٤٩-٥٧٠.

له ڕێگاکانی پێشکەوتنی پیشەسازی له ڕۆژئاواو بەکارهێنانی له بنیاتنانی کۆمەڵگەی موسڵمانان‌دا...هتد)[1].

بزووتنەوەی نورجو بەدرێژای سەردەمی نورسیو دوای خۆشی توانی چەندین لاوی کورد و تورک لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، دوای مردنی مستەفا کەمال لە(١٩٣٨) باوەڕپیارانی نورسی زۆر زیادیکرد بەتایبەت لەوکاتەوە، کە نورسی توانی سوود له هەڵوێستی نەرمی دیموکراتەکان بەرامبەر بە مەسەلەی ئایینی وەرگرێت، پاشانیش پەیامەکانی نور بڵاوکرانەوە، کە ڕێنمای گەنجەکانیان دەکرد بۆ لای ئایین نورسیی و قوتابییەکانی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پارێزگاریکردنی موسڵمانانی تورکیا لە ئایینەکەیان، بەهەمانشێوە ڕۆڵیان بینی لە پارێزگاریکردن لە ڕێنماییە ئایینیەکان، بزووتنەوەی نورجو لەشەستەکانی سەدەی بیستەم بەدواوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەدەرەوەی تورکیا، لەوانە لە پاکستان هاوکات لە ئەوروپاش لایەنگری زۆری پەیداکرد بەتایبەتی لەنێوان کرێکارە تورکە موسڵمانەکانی ئەڵمانیا، بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی نورجو تەنیا لەناو چینی نەخوێندەوار و قوتابییانی ئایینیدا نەبوو، بەڵکو لەناو قوتابی ومامۆستای زانکۆکانو تەنانەت لەناو هەندێک چینی ئەرستۆکرات لایەنگری هەبوو، لەهەمانکاتدا بزووتنەوەی نورجو لە باکووری کوردستان پشتیوانی گەورەی پەیداکرد بەتایبەت لە وان، بەتلیس و سیرت، ئەمەش بەهێزی هەستیی ئایینی لەو پارێزگایانەدا دواکەوتووی و هەژاری دانیشتوان ڕۆڵی تێدا بینی[2]. نورسی وەک کەسایەتییەکی سیاسی مایەوە ئەگەرچی کارەکتەرێکی ناسیۆنالیستی کوردی نەبوو، بەڵام دروستکەری ئەو کەشە ڕۆحی و سیاسییەی تورکیای مۆدێرن بوو وەک دامەزرێنەری بزووتنەوەی نورجو، وەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامی مۆدێرن، توانی کورد و تورک بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بەتایبەتی لە(١٩٥٠)بەدواوە، کە ڕێزی یەکجار زۆری لای تورکو کورد پەیدا کرد[3].

هەڵەتێگەیشتنو بەهەڵە شرۆڤەکردنی واقیعی سیاسی لەسەردەمی نورسی، بزووتنەوەی نورجوی تووشی جۆرێک لە هەڵوێستی دژیەک بەرامبەر سیاسەت کرد، ئەم ئیزدواجیەتە، لە سەردەمی نورسی بەئاشکرا هەستی پێدەکرا، لەوانە لەلایەک داوای دەکرد بەندێک بخرێتە دەستوورەوە، کە تێیدا هاتبێت ئیسلام ئایینی دەوڵەتە، هەروەها سووربوونی لەسەر بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی لە تەواوی جیهانی ئیسلامی، یاخود، مستەفا کەمال بەدەجال ناوی دەبات، لەلایەکی دیکەوە سەردەمی کۆماری لە تورکیا بەسەردەمی نائایینی ناوزەند دەکات. نورسی یەکێک لە وانەکانیدا شانازی بەوەوە دەکرد، کە هەرچەندە قوتابییەکانی تووشی ناڕەحەتی زۆربوون، بەڵام دەستیان بۆ سیاسەت درێژ نەکرد، ئەمە لەکاتێکدایە، کە پەیامەکانی نور چەندین ئاماژەی سیاسییان تێدایە، هەربۆیە ژیانی نورسی پڕە لە دژەیەک لەکاتێکدا ڕێگری لە قوتابیانی دەکرد تێکەڵی سیاسەتبن داواش دەکات بەرەنگاری ئیمپریالیزم و شوعیەت و ماسۆنیەت ببنەوە کاتێک داوای لێدەکەن تورکیا جێبهێڵێت دەڵێت:"ئەو دەردەی لە گیانی ئیسلامیدایە- مەبەستی حوکمی سیکۆلاریزمە- بەتایبەت لەم شوێنەدا- تورکیا-سەریهەڵداوە، هەرچارەسەرێک دوور لە شوێنی دەردەکە بێت سوودناگەیەنێت، ئەو

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. محسن عبدالحمید: النورسی متكلم العصر، ص٢٤٣-٢٤٧؛
[2] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٩٦-٩٧.
[3] هاکان ئۆزئۆغڵو: س.پ، ل٢٣٥.

گەندەڵییەی ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامییدایە، بە پیلانی زایۆنیزم و بیری کۆمۆنیستی و ماسۆنیەت لە تورکیاوە بڵاوبووەتەوە، راکردن لەبەرامبەر هەموو ئەمانە ناپاکییەکی گەورەیە"[1].

نورسی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، چەند سەفەرێکی کرد بۆ شارە جیاوازەکانی تورکیا بۆ دیداری قوتابییەکانی، لەدرێژەی سەردانییەکانیدا لە(١١)ی کانونی دووەمی(١٩٦٠)رودەکاتە ئەنقەرە حکومەت ئاگاداری کردەوە، کە پێویستە لە ئەمیرداغ بمێنێتەوە، نورسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمیرداغ داوا دەکات مانگێک لە ئەمیرداغ و مانگێک لە ئیسپارتە بمێنێتەوە، لە(١٩)ی ئازاری(١٩٦٠)لەگەڵ چەند قوتابییەکی، کە بۆ چاودێریکردنی لەگەڵیدەبن رودەکاتە ئیسپارتە، باری تەندروستی تێکدەچێتو داوا لە قوتابییەکانی دەکات بیبەنە ئورفە، پاش ئەوەی قوتابییەکانی دەیبەنە ئورفە، نورسی لە(٢٣)ی ئازاری(١٩٦٠) هەر لەو شارە کۆچی دوایی دەکات لەوێ بەخاک دەسپێرێت[2].

نورسی لەپاش خۆی میراتێکی فکری دەوڵەمەند بەجێهێشتو، بەتەنیا میراتەکەی کاریگەری لەسەر تورکیا نەبوو، بەڵکو دەرەوەی تورکیای گرتەوە[3].ناوبراو بەدرێژای قۆناغەکانی تەمەنی توانی بێتە کەسایەتییەکی گەورەو کاریگەر چ وەک کوردێک، کە لە باکووری کوردستان لەدایکبووە و ژیاوە چ وەک بیریارێکی خاوەن فکرەیەکی هاوچەرخی ئیسلامی خاوەن پاشخانێکی پڕ لە زانستومەعریفە و شارەزا لە شەریعەتی ئیسلامی، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی وچوونەناو سیاسەتی بە چڕی و پاشان وازهێنان و جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆناو سیاسەت، بەرهەمی هەموو ئەم قۆناغانە بزووتنەوەی نورجو، نووسینی پەیامەکانی نوری لێکەوتەوە، بەجۆرێک بزووتنەوەکە گەرچی دوورەپەرێز بووبێت لە سیاسەت، بەڵام هەمیشە کاریگەر و مەترسی بوون بۆ سەر حکومەتە سیکۆلاریزمەکەی کۆماری تورکیا، نورسی و باوەڕیارانی هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتەوە رووبەڕووی دەستگیرکردن و زیندانیو ئەشکەنجە بوونەتەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و گرنگە بۆ ئەم بزووتنەوەیە، کاریگەرییەکانی تەنیا لەسنوری وڵاتێکدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەم بزووتنەوەیە، چ بەهۆی کەسایەتییە کاریگەر و بەهێزەکەی نورسی بێت وەک رێبەری بزووتنەوەکە، یان دڵسۆزی قوتابیانو باوڕیارانی بێت توانی سنورەکان تێپەڕێنیت و کاریگەری خۆی لەسەر جووڵانەوە ئیسلامییەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامیی و وڵاتانی دیکە دابنێت.

نورسیو بزووتنەوەکەی توانی بەهۆی نزیکی هاوفکری لەگەڵ ئیخوان موسلمین، هاوئاهەنگی یەکدیبنو پەرە بەکاری بانگەوازی و فکری ئیسلامی مۆدێرن بدەن لەسەر بنەمایەکی ئاشتیانەی دوور لە چەک و کاری توندوتیژی، پابەندبوون بە شەریعەتو پەرەدان بەکاری پەروەردەوپێگەیاندنی نەوەیەک گۆشکراو بە قورئان و بنەما عەقیدەییەکانو پێشکەشکردنی خزمەت بەتەواوی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەچوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی ئیسلامییانە.

هەرچەندە لە ماوەی(١٩٢٣-١٩٦٠)نورسی بەلای پرسی کورددا ناڕوات و رووی تەواوی لە ئیسلامە، بەڵام چالاکییەکانی بڵاوبونەوەی ناو و پەیامەکانی لە(١٩٢٣)وە لە کوردستان، کاریگەری گەورەی کردە سەر باکووری کوردستان، بەجۆرێک زۆر بەتەنگ پەیامەکانی نورو نورسیەوە چوون.

---

[1] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل٩٥-٩٦.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بدیع الزمان سعيد النورسي: سيرة ذاتية، ص٥١٢، ٥٠٤-٥٢٢.

[3] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل١٣٢.

# باسی دووەم

## بزووتنەوەی نورجو پاش کۆچی دوایی نورسی ١٩٦٠:

پاش مردنی نورسی بۆشایەکی گەورە، لە ریزی باوەڕیارانی ولایەنگرانی جێهێشت، زنجیرەیەک کێشەی سەبارەت بە رێبەری بەدواداهات، چونکە نورسی دوایی خۆی هیچ کەسی وەک جێنشین جێنەهێشت، هەربۆیە پاش مردنی ناوبراو بە تێپەڕبوونی کات باوەڕیارانی بوونە چەند گروپ و کۆمەڵەیەکی جیاواز[١].

بزووتنەوەی نورجو دوای ئەوەی بە هەموو تورکیادا بڵاوبوویەوە، بەهۆی گەشەی فراوانو خێراو بەردەوامی لەسەرانسەری تورکیا و جیهاندا سەرەڕای رێگرییەکانی بووەمایەی مشتومڕی شارەزایان و توێژەران[٢]. هەرچەندە نورسی بنچینەورێڕەوی شێوازی چۆنیەتی کاری ئیسلامی بۆ قوتابییەکانی داڕشتبوو، کە خۆی دەبینییەوە لە خزمەتی قورئانو ئیمان، کورتی کردبووەوە لە چەند کارێکدا لەوانە: (گرنگیدان بە خوێندنەوەی پەیامەکانی نورو، تێگەیشتن بەباشی، کاری بڵاوکردنەوەی پەیامەکان لەناو خەڵکیداو ئەو پێوەرە ئیمان و روانینە قورئانییە گشتگیرانەی بۆ بوونەوەور و کۆمەڵگە و بۆ تاکی مرۆڤایەتی، کە ئەم پەیامانە لەخۆگرتوون و لە قورئانەوە وەرگیراون، چڕکردنەوەی گرنگیدان بە کاری ئەرێنیو دوورکەوتنەوە لە کاری نەرێنی، ئیسلام بەکارناهێنرێت و ناکرێتە هۆکاری هیچ مەبەستێکی دیکە، هەڵوێستی قوتابییانی نور لەبەرامبەر بەرپرسان و دەسەڵاتداران، هەڵوێستی رابەرورێنیشاندەری خێر و چاکسازییە نەک هەڵوێستی رەخنە و ململانێ لەگەڵیاندا، رێڕەوی نورسی سەپاندنی ئیسلام لەڕێگەی هێزەوە بەسەر کۆمەڵگەدا نەبووە، بەڵکو بەوەبووە ئیسلام بەشێوەیەکی پلەبەندی هەنگاوبەهەنگاو لەکۆمەڵگەدا بەرپابێت، لە دەرنجامی بڵاوکردنەوەی ئیسلامی دروست لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، ئەوکاتەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان سەرکەوتوو دەبن لە راکێشانی(٦٠-٧٠٪) کۆمەڵ بۆ لای ئیسلام تەواو لەڕووی فکریو کردەوەیەوە، ئیسلام بەهەموو دامەزراوەو لایەنە رووناکییەکانی دەربخات...هتد)[٣].

بە مردنی نورسی چەندین تێڕوانین و لێکدانەوەو شیکردنەوە چ لەناو ئەندامانی بزووتنەوەکە و باوەڕیارانی نورسی بێت، یان لە ئاستی دەرەوەی بزووتنەوەکە بێت سەریهەڵدا، لەوانە هەندێک بەشێوازێکی ئەرێنی دەیانڕوانییە بزووتنەوەکە و پێیانوابوو لەوکاتەوەی، کە ئایینی ئیسلام تووشی نوشستی و دەستکاریکردن و هێرشی بێپەروای دوژمنان بووەتەوە، کۆمەڵگەی ئیسلامی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کولتوری رۆژئاوایی، بزووتنەوەی نورجو توانیویەتی ئەو پەیوەندییە لەنێوان سەدەکانی پێشوو لەگەڵ مرۆڤی ئەم سەردەمەدا بەسەلامەتی بهێڵێتەوە و بەشداری سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵ بکات. بنەماکانی ئیمان و دروشمی ئیسلامییان بەشێوازێکی سەردەمیانە و گونجاو لەگەڵ زانست و رەوتی پێشکەوتنی جیهاندا بۆ راڤە بکات، لەگەڵ رواندنەوەی گومانەکان لەسەر کۆی پایە و بنەماکانی ئیسلام یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە بدات بۆ پەروەردەی دەروون و

---

[١] د. ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل١٠٠.

[2] Büşra Ersanlı: Dini Sosyal Teşekküller Gölgesinde Türkiye'nin Geleceği, Doktora Tezi, Eskişehir Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Tasavvuf Tarihi Bilim Dalı, Eskişehir, 2020, Sayfa154-155.

[٣] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٤٣٧-٤٣٨.

جیهاد و یەکێتی ئوممەتی ئیسلامی و برایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و دڵسۆزی کارکردن و پەروەردەی گەنجان...هتد لەم چوارچێوەیەدا پەیامەکانی نورو سەرجەم گروپە جیاوازەکانی رۆڵی بەرچاویان هەبووە، بە پێچەوانەوە ئەم تێڕوانینە هەندێکی دیکە بەشێوازێکی نەرێنی لە خودی نورسیو پەیامەکانی نورو گروپە جیاوازەکانی دەڕوانن، پێیانوایە خودی کەسێتی نورسی پێویستی بە قسەلەسەرکردن هەیە، هەندێک لە پەیامەکانی دەبێت لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکرێت لەو شوێنانەی، کە زیادەڕەوی یاخود کەموکورتی تێدایە راستکردنەوەیان بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەمانەدا بۆچوونێکی دیکە هەیە، کە تێبینی لەسەر سەرجەمی گروپەکانی سەربە بزووتنەوەی نورجو هەیە و پێیوایە، کە کۆمەڵێک خاڵ هەیە لەناو پەیامەکانی نورو بزووتنەوەکەیدا دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت لەوانە:

١-خزمەتی پەیامی ئیسلامی لەلایەن بزووتنەوەی نورەوە، هەتاوەکو هاتنی قیامەت و جێبەجێکردنی ئەرکی ئیمام مەهدی لەلایەن ئەم بزووتنەوەیەوە، هەتاکو هاتنی ئیمام مەهدی خۆی.

٢-ئەو مژدە مەعنەوییانەی بە خودی نورسی دراون و راسپاردنی بۆ جێبەجێکردنیو رزگارکردنی ئیمانی خەڵکی وەک ئەرکی سەرشانی.

٣-تەماشاکردنی نورسی وەک تازەکەرەوەی ئایین(موجەدید).

٤-بەرزو پیرۆزکردنی نورسی لەڕێگەی کۆمەڵێک وتەی زیادەڕەو، بەجۆرێک نیشاندانی خۆشەویستی بۆ نورسی، کە هێندەی خۆشەویستی پێغەمبەرێک و نوێنەرایەتی ئەو لە ئاستی پێغەمبەرێکدایە[1]. زیادەڕەویکردن لە وەسفکردنی نورسیدا بەجۆرێک بووە هەندێک لە باوەڕیارانی ئاماژەیان بەچەند ئایەتێکی قورئان کردووە، کە تێیدا ناوی سەعید هاتووە لەوانە:[2] "**فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا**"[3]، هەروەها مشتومڕیان لەسەرئەوەبوو، کە(ص، س) لای زۆرینەی خەڵک جیاوازی نەکراوە لە خوێندنەوەدا، ص بە س، دەخوێنرێتەوەو بە پێچەوانەشەوە[4].

٥- باسکردنی ژیانی نورسی بە جۆرێک، کە پڕە لە رووداوی شازو لە ئاسا بەدەر و پیرۆزی رەفتارو هەنگاوەکانی بۆ نمونە( فێربوونی ئەو زانستو وانانەی، کە قوتابیانی حوجرەکان و فەقێ لە ماوەی پانزدە ساڵدا فێری دەبێت بە سێ مانگ تەنانەت وتنەوەی ئەو زانستو وانانە وەک مامۆستایەک).

٦- گەورەترین زانایە لە دوای سەردەمی پێغەمبەر(د.خ).

٧- گفتوگۆو مشتومڕەکانی لەگەڵ سەرجەمی زانا و زانستەکانی دونیاو وڵامدانەوەی هەرپرسیارێک لەهەرکەسێکەوە بێت و لەهەر زانستو بوارێکدا بێت و لەهەرکاتێکدا بێت .

٨-پاراستنیو رزگاربوونی نورسی لە زۆر رووداو بەڵاو ناخۆشی بەهۆی رەفتارگەلێکی وەک رەفتارەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانیو ئیلهام وەرگرتن لەو شێخەو هانا بۆ بردنی[5].

---

[1] Ahmet Yaşar Ocak: Ulusal Güvenlik Tehdidi Olarak Dini Gruplar, Yuksek Lisans Tezi, Kırıkkale Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Ulusal Güvenlik Yuksek Lisan Programı, Kırıkkale, 2018,sayfa149-153.

[2] د.آزاد سعيد سمو: م.س، ص١٩٥.

[3] سورة النساء، آية (٤٣).

[4] د.آزاد سعيد سمو: م.س، ص١٩٥.

[5] Ahmet Yaşar Ocak:önce kikaynak,sayfa 149-150.

پەیامەکانی نور بەهەمانشێوەی نووسەرەکەیان(نورسی)، لەلایەن باوەڕیارانیەوە لە باسکردنیان زیادەڕەویکراوە، کە جێگەی سەرنج و گومانە لای توێژەر و زانا و کەسایەتییەکانی دیکەوە لەوانە :(باسکردنی زمانی جفرە لە ئایەتەکانی قورئاندا، بەجۆرێک لە پەیامەکانی نوردا باس لەوەکراوە، کە لە هەندێک ئایەتی قورئاندا بە زمانی ئاماژەو جفرە ئیشارەت بۆ هاتنی پەیامەکانی نور و خودی نورسی و ساڵی لەدایکبوونو مردنی و دانانی پەیامەکانی نور کراوە، باسکردنی ئەو بابەتانەی، کە وەک ئیلهامی قەلبی و کەشف بە نورسی گەیشتون وەک بەشێک لە زانستو حوکمێکی ئایینی لەلایەن باوەڕیارانی نورسیەوە، پەیامەکانی نور ئیلهامێکی خودایە، نورسی تەنیا ئەو ئیلهامانەی دەربڕیوەو قوتابییەکانی نووسیویانەتەوە، هەواڵدانی ئیمامی عەلیو شێخ عەبدولقادری گەیلانی سەبارەت بە هاتنی و نووسینەوەی پەیامەکانی نور لە ئاخر زەماندا، هیچ نووسراو دانراوێکی ئیسلامی لە ئاستی پەیامەکانی نوردا نییە...هتد)[١].

پێمانوایە باوەڕیارانی نورسی لە پیاهەڵدان و ستایشکردنی ناوبراودا زیادەڕەویان کردووە بەجۆرێک سیفەتی پێغەمبەرانی دراوەتە پاڵ لەکاتێکدا نورسی وەک هەر مرۆڤێکی دیکە بێ هەڵەو تاوان نییە، هەرئەم ستایشکردن و پیرۆزکردنەی کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی نورجو پاش مردنی هەبووە، بەجۆرێک هیچ کەس لە باوەڕیارانی خۆیان بە شایستەی جێنشینی نورسی نەزانیووە، هەتاوەکو ڕێبەری تەواوی بزووتنەوەکە لە ئەستۆبگرێت.

پاش مردنی نورسی، بزووتنەوەی نورجو، بەسەر چەند گروپ و کۆمەڵێک دابەشبوو، کە بە کۆمەڵەی نور یان گروپەکانی نورجو(Nurcular)، ناسران[٢]. بەشێک لەوگروپ و کۆمەڵانە، دەستیانکرد بە خوێندن لەناوەو دەرەوەی تورکیا و بوونە کادیری زانستی و سوودیان بۆ کۆمەڵگەی تورکی بەتایبەتی لەڕێگەی تەلقینکردنی فکرەکانی نورسی و باوەڕیارانی هەبوو، بەشێکی دیکە لە باوەڕیارانی نورسی چوونەپاڵ پارتە سیاسییەکان و بەشێکی دیکەیان لە ڕێڕەوی نورسی لایاندا[٣]، بە نمونە فەتحوڵلا گولەن.

پاش دوو مانگ لە مردنی نورسی، کودەتای سەربازی لە ئایاری(١٩٦٠)، روویدا و لەپاڵ هۆکارەکانی دیکەدا، یەکێک لە لێکۆڵەرەوانی تورکی پێیوایە نورسی و قوتابیانی، کە لەسەردەمی پارتی دیموکرات پشتیوانییەکی گەورەیان لێدەکرا دەیانەوێت جارێکی دیکە تورکیا بکەنەوە بە دەوڵەتێکی ئایینی، کە ئەمە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەبوو، هەتاوەکو سوپا بەخۆیکەوت و کودەتای ئەنجامدا[٤]. دامەزراوەی سەربازیی وای دەبینی سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات بنەماکانی ئەتاتورکی لەناودەبات، بەوپێیەی بزاڤی ئیسلامی، هەژمون و کاریگەرییەکانی لە فراوانییدا بووە، هەربۆیە لە کینە و رقی سەرکردەکانی کودەتا سەربازییەکە بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەتایبەتی قوتابیانی نور لە یەکەم هەنگاویاندا هەستان بە گواستنەوەی رووفاتی نورسی، بۆ جێگەیەکی نادیاری

---

1 Abdül Samet Çelikçi: Derin Devletin Bir Kanadı Olark Türkiye’de Dini Gruplar, Doktora Tezi, Samsun, Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Siyaset Bilimi Ana Bilim Dalı, Samsun, 2020 , sayfa145-148.

2 İbrahim S. Işık, A’dan Z’ye Kürtler: önce kikaynak,sayfa348.

3 hüseyın alı:önce kikaynak,sayfa 29.

٤ د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل١٣٤-١٣٥.

ئیسپارتا[1]، پاشان یەک لەدوای یەک جموجوڵ دەستگیرکردنو دادگایکردنی ئەندامان و کەسە دیارەکانی بزووتنەوەی نورجو دەستیپێکرد[2]. حکومەت بەتوندی کەوتە راودوونان و گرتنی ئەندامانی بزووتنەوەکە. گورسیل رێبەری کودەتاکە رەخنەی توندی لە مەندەریسی سەرۆکوەزیرانی پێشوو گرت، کە لە پشتەوەی و هاندانی چالاکییە ئایینییەکان بوو گاڵتەی پێکرد بەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی نورجو بە بەڵگەوە دەسەلمێنێت[3].

بە مردنی نورسی، سەرکردایەتی بزووتنەوەی نورجو و ئاڕاستەکردنی کاروبەڕێوەبردنی چالاکییەکانی، کەوتەدەست هەندێک لە قوتابییەکانی نور لەوانە: لە نزیکەکانی نورسی و ئەوانەی ساڵانێکی زۆریان لەگەڵیدا بەسەربرد، ئەوانەی لەسەردەستی خۆی پەروەردە بووبوون، زۆرینەی ئەو کەسانە لەوکاتەدا لەشاری ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ بوون و سەرپەرشتی چاپکردنو بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نوریان دەکرد[4]. لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، لەناو باوەڕیارانی نورسی جیاوازی لەسەر پرسی سیاسەت سەریهەڵدا، کە هەندێک لە قوتابییەکانی و باوەڕیارانی لەگەڵ ئەوەدا بوون بەهەموو شێوەیەک لە سیاسەت دورکەونەوە تەنیا کاریان بریتیبێت لە بڵاوکردنەوەو خوێندنی پەیامەکانی نور، بەوپێیەی نورسی قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمانی لە سیاسەت دوورکەوتووەتەوە، هەندێکی دیکەیان لەو باوەڕەدا بوون بە تێڕوانین لەو قۆناغانەی، کە نورسی بەشداریی لە سیاسەتدا کردووە بەهەمانشێوە بەشداریی لە سیاسەتدا بکەن و پارت و رێکخراوی تایبەت دابمەزرێنن و بچنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە[5].

بزووتنەوەی نورجو، لە دوای نورسی(پەیامەکانی نور)یان چاپکرد. ئەم پەیامانە بوونە بنەمای تیۆری مەعریفی بۆ بزووتنەوەکە، هەرچەندە ئەو پەیامانە هەڵوێستەکانی دیاری ناکات ئامانجە سیاسییەکانی روون نین، بەڵام لە کرۆکدا روئیاو وێناکردنی قووڵی هەیە بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی ژیانی دونیای و دوارۆژی مرۆڤ، بنەڕەتی سەرەکی، کە باوەڕیارانی نورسی جەختی لەسەردەکەنەوە گەیشتنە بە سیستمی فەرمانڕەوایەتی، دەست لە کاروباریان وەرنەدات و فشاریان لێنەکات سەبارەت بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ داموودەزگای دەوڵەت، باوەڕیارانی نورسی وایانبینن، کە هیچ رێگرییەک هەبێت بۆ کارکردن لەناو ئەم دامودەزگایانە ئەوەی جەختدەکاتەوە لەسەر بوونی

---

[1] سەبارەت بە گواستنەوەی رووفاتی نورسی، پێنج مانگ پاش مردنی ناوبراو، عەبدولمەجیدی برای بۆ دیوانی والی شاری قۆنییە بانگدەکرێت، بەوپێیەی خەڵکی زۆر سەردانی گۆڕی نورسی دەکەن، هەربۆیە داوا لە عەبدولمەجید دەکەن پەراوێکی پێدەدەن، کە ئیمزای بکات، هەتاوەکو تەرمی نورسی بۆ ناوەڕاستی ئەنادۆڵ، بگوازرێتەوە، بەڵام عەبدولمەجید بە داواکە رازی نابێت، ناوبراو داوا لە پۆلیس دەکات لێگەڕێن لانی کەم براکەی لە گۆڕەکەدا بحەوێتەوە، بەڵام ئەوان رازی نابن دواجار ئیمزا بە عەبدولمەجید دەکەنو، دەیبەن بۆ ئورفەو لەگەڵ چەند سەربازێک بە فرۆکە رووفاتی نورسی دەگوازنەوە بۆ ئافیۆن دواتر بۆ ئیسپارتا، لە شوێنێکی نادیار بە خاکیدەسپێرن. **(بدیع الزمان سعید النورسي: سيرة ذاتية، ص٥٢٢).**

[2] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٤٣٩.

[3] ابراهيم خليل العلاف: خارطة الحركات الاسلامية في تركيا المعاصر، تاريخ النشر١/٩/٢٠٠٦. https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/2006/01/09/34756.html وەرگیراوە لە:(٢٤)ی نیسانی ی(٢٠٢٠).

[4] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٤٣٨.

[5] د.آزاد سعيد سمو: م.س، ص١٨١-١٨٢.

ئەم گرووپەیە لە دامەزراوە زانستییەکانی وەک کۆلێژ و پەیمانگا و وەزارەتو ئیدارە کۆمەڵایەتییەکان[١].

دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم باروودۆخێکی لەباری رەخساند بۆ دروستبوونی نەوەیەکی ئیسلامی پەروەردەکراو بە بنەماکانی ئایین و باوەڕدار بە شەریعەتی ئیسلام، نەوەیەک لەناخیدا دژی هەموو سیستمێکی نائایینی و سیکۆلاریزم بوو، بزووتنەوەی نورجو لەم رووەوە رۆڵێکی گەورەی بینی لە ئامادەکردنی ئەو نەوە باوەڕدارە ئیسلامییە، کە رەوتی ئیسلامیی و حیزبە ئیسلامییەکانی پەنجا ساڵی رابردووی تورکیا سوودێکی زۆریان لێبینی[٢]، هەربۆیە بزووتنەوەی نورجو و پەیامەکانی نور هێز و پێگەیان لەشەستەکان بەهێزتربوو، بوونە هێزێکی گەورە لە مەشهەدی ئایینی و کۆمەڵایەتی تورکیا، بگرە ئامادەیی و کاریگەرییان سنوری تورکیای تێپەڕاند، گەیشتە ئاسیای ناوەڕاست و ئەڵمانیاو ژمارەیەک وڵاتانی دیکەی ئەوروپا. بۆ رووبەڕووبوونەوەی چاکسازییەکانی سیکۆلاریزمی کەمالی، لەلایەک فراوانبوونی شوعیەتو رەوتی نائایینی لەناو کۆمەڵگەی تورکی لەلایەکی دیکەوە قوتابییانی نور خۆیان بە رێگەیەکی رێکخراوە زۆرپتەو لە تەواوی ناوچەکانی تورکیا رێکخست ئامادەگیان لەناو دامەزراوە زانستیەکان بەتایبەتی پەیمانگا ئیسلامییە باڵاکان و قوتابخانەکانی(پێشنوێژو وتاربێژان) زیاتر بوون لە جاران زیاتر بەردەوامیاندا بە بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی پەیامەکانی نور بەتەواوی تورکیادا[٣]، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوە ئاڕاستەی ئیسلامی لەناوخۆی تورکیا رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گەشەکردنی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، رابیتەی جیهانی ئیسلامیی(رابطه العالم الاسلامي) کە لە(١٩٦٢)بە هاوکاری سعودیە دامەزرا تورکیا بووە ئەندام، هەربۆیە لە ماوەی حەفتاکاندا سعودییە پارەیەکی زۆری لە ناوخۆی تورکیادا بۆ پشتیوانی هەندێک لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەتایبەتی قوتابییانی نورو بزووتنەوەی نورجو، لەگەڵ مزگەوت و دامەزراوە ئیسلامییەکان خەرجکرد[٤].

باوەڕیارانی بزووتنەوەی نورجو و رێبازەکانی دیکەی ئایینی ئەوانە بوون بە هێزێکی مرۆیی و ئامادەکراو بۆ خۆرێکخستنو بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلام، چونکە هەنگاو بەهەنگاو بزووتنەوەی ئیسلامیی میللی بەرەو بە سیاسیبوون دەڕۆشت، تەنیا کارێک مابوو، کە کەسێک بێتە رابەریان و لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی ئیسلامی رێکیانبخات، هەربۆیە بەشێک لە سەرکردە ئیسلامییەکان و وەزیرەکانی حکومەتی پاشتر لە قوتابیانی نورو رێبازەکانی دیکە بوون[٥]، لەوانە دیمیریل یەکێک بووە لە باوەڕیارانی نورسی و پێوەی پەیوەست بووە[٦]. کاتێکیش پارتی عەدالەت لە(١٩٦١)دامەزرا، هەندێک لە باوەڕیارانی بزووتنەوەی نورجو پیرۆزباییان لێکرد، بەشێکی گەورەیان پشتیوانیان لە دیمیریلی

---

[١] صلاح عبدالحميد: م.س، ص٣٠.

[٢] شەمێران سلێمان: تورکیا، ئیسلامی سیاسی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد کودەتاکەی تەمموزی ٢٠١٦، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٣.

[٣] مصطفى أدردور: م.س، ص٢١.

[٤] ابراهيم خليل العلاف و ميثاق خيرالله جلود: العلاقات الخليجية - التركية ١٩٧٣-١٩٩٠،دراسات اقليمية، ٥(١١) مركز الدراسات الاقليمية https://www.iasj.net/iasj/download/497aa08349704768. وەرگیراوە لە:(٢٥)ی تەمموزی ٢٠٢١.

[٥] شەمێران سلێمان: س.پ، ل٣٣-٣٤.

[٦] فاضل كاظم حسين: م.س.

ڕێبەری پارتەکە کرد[1].

پارتی سیستمی نیشتمانی، پێش ئەوەی دابمەزرێت، پێشنیازی دروستکردنی پارتێکی ئیسلامی خرایە بەردەست قوتابیانی نور، بەڵام بەیەکدەنگی پێشنیازەکە پەسەندنەکرا. زۆربەی قووتابییانی نور لایەنگری پارتی عەدالەت بوون وەک جێگرەوەی پارتی دیموکرات لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە: (یەکەم: قوتابییانی نور ئەوانەی، کە لایەنگری پارتی عەدالەت بوون پێیانوابوو، بەخشینی دەنگەکانیان بە پارتی سیستمی نیشتمانی، وەک پارتێکی تازە پێگەیشتووە، دەبێتە هۆکاری بڵاوەپێکردنی دەنگەکانی بەرەی راستو، کەس سوودمەند ناکات، جگە لە جەهەپە، ئەم پارتە مێژووییەکی درێژی لە دژایەتی ئیسلام و موسڵمانان و ئازاردانیان هەیە. واتە مەبەستیان بوو، بەرگری بکەن لە چوونەسەر دەسەڵاتی جەهەپە. دووەم: قوتابییانی نور باوەڕیانوابوو بارودۆخی تورکیا ناوخۆی بێت یان دەرەکی، لەباروگونجاو و یارمەتیدەری چوونەسەر دەسەڵاتی حیزبێکی ئیسلامی نییە، چونکە پێش ئەوە، یان دوای ئەوە کودەتایەکی سەربازیی دەکرێت و قۆناغێکی نوێی تیرۆری خوێناوی دژ بە موسڵمانان و دژ بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەرپادەبێتەوە. سێیەم: بوونی پرسیارگەلێکی گەورە سەبارەت بە ئاستی توانای پارتی سیستمی نیشتمانی لەسەر نوێنەرایەتیکردنی ئیسلام بە چاکی یان توانای بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بەو کادێرانەی هەیەتی، کە کادێری نوێو پێگەیشتووی بێئەزموون بوون[2].

پاش نورسی، بزووتنەوەی نورجو، دابەشبوون بۆ چەندین گروپی جیاواز، کە ئەم گروپانە پێکەوە نەیانتوانی یەک کۆمەڵی یەکگرتووی هاوبەش پێکبهێنن، لەگەڵ ئەوەدا ئەم گروپانە لە مێژووی نوێی کۆمەڵایەتییو کۆمەڵگەی تورکیادا یەکێکن لە گروپە هەرە کاریگەرەکان، دابەشبوون لەناو بزووتنەوەی نورجو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە[3]:

١-چاپکردنی پەیامەکانی نور بە رێنوسی عوسمانی یاخود لاتینی بێت.

٢-نووسین و چاپکردنی پەیامەکانی نور بەو شێوازە رەسەنەی، کە نووسراوەتەوە یاخود سادەکردنەوەو روونکردنەوەی نووسین لەسەر هەندێک لە پەیامەکانو بابەتەکان.

٣-بەشداریکردنی کاروباری سیاسی لەلایەن ئەو کەسانەی، سەربە بزووتنەوەی نورجو بوون[4].

٤- زەقکردنەوەی کوردبوونی نورسی یاخود داخستنی ئەو بابەتەو باسنەکردنی[5] .

بەتێڕوانیین لە سەرهەڵدانی جیاوازی لەناو بزووتنەوەی نورجو پاش مردنی نورسی وەک کەسی یەکەم و رێبەری بزووتنەوەکە دەردەکەوێت، بزووتنەوەکە هاوشێوەی بزووتنەوە ئایینیەکانی دیکە لە ناوچەکەدا، نەیتوانی پرسەکانی جێگرەوەی سەرۆک چارەسەر بکات و بزووتنەوەکە بە بەهێزی بهێڵنەوە ، دواجار رووبەڕووی لێکترازان و دابەشبوون بووەتەوە.

---

[1] د.ئیبراهیم خەلیل ئەلعەلاف: س.پ، ل١٠٠.

[2] ئورخان محمد علی: س.پ، ل٤٣٩-٤٤٠.

[3] İbrahim S. Işık: A'dan Z'ye Kürtler: önce kikaynak,sayfa348.

[4] Ahmet Yaşar Ocak:önce kikaynak,sayfa195.

[5] Büşra Ersanlı: önce kikaynak,sayfa166.

دواجار بزووتنەوەی نورجو، دابەشبوون بەسەر چەند گروپێکدا لەوانە:

**١- گروپی نووسەرەکان (Yazicilar Grubu ):**

خوسرەو ئاڵتن باشاک(Hüsrev Altın başak)[١]، دوای مردنی نورسی، لە بزووتنەوەی نورجو جیابوویەوە و لە(١٩٦٢) گروپی نووسەرەکانی دامەزراند[٢]. خوسرەو یەکێکبووە لە باوەڕیارانی نورسیی و ناوبراو بەچەند جۆرێک وەسفی خوسرەوی کردووە، وەک رابەری قوتابییانی نور تەماشا کراوە، پاش مردنی نورسی، خوسرەو وەک ئوستازی دووەم بووەو تەنانەت نازناوی(ئوستازی دووەمی)پێدراوە، یەکەمین جیابوونەوە، کە لەناو بزووتنەوەی نورجو دوای مردنی نورسی رویدا خوسرەو ئاڵتن بووە، کە زۆربەی باوەڕیاران و قوتابییانی نور بوونە پشتیوانی خوسرە[٣]. خوسرەو ئاڵتن، و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، بەردەوام باس لەوەدەکەن، کە خۆیان بە بەشێک لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەزانن و ژیانیان بۆ نووسینەوەی پەیامەکانی نور بەدەست و بە تورکی عوسمانی تەرخان کردووە[*]. خوسرەو ئاڵتن، لە ناوەوەو دەرەوەی گروپەکەیدا بە کاک خوسرەو(Hüsrev abi) ناسراوە، هەمیشە پێیوابووە، دەبێت پەیامەکانی نور بەدەستی و بە تورکی عوسمانی بنووسرێتەوە، باوەڕیارانی لەسەر هەمان بۆچوون بوون، چونکە بە بۆچوونی ئەوان ناکرێت بە رێنووسی بێباوەڕان، خزمەتی قورئان بکرێت، هەروەها پێیانوایە کۆمەڵێک بابەت لە پەیامەکانی نوردا دەربارەی وەهابییەکانو دووڕووەکانەوە لەلایەن گروپەکانی دیکەی نورجووەوە لە پەیامەکانی نور لابراون یاخود دەستکاریکراون. سەرەڕای ئەوەی چەندین جار خوسرەو ئاڵتن دەستبەسەر و زیندانیکراوە، بەڵام قوتابییەکانی هانداوە بە هەمانجۆر رەفتار بکەن و مۆڵەتی پێنەداون چەک هەڵگرن و پەنابەرنە بەر توندوتیژی[٤]. خوسرەو ئاڵتنو قوتابییەکانی لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوەی مامۆستاکەیان نورسی لە سیاسەت و نەفرەت لێکردنی، بەهەمانشێوە دوورکەوتنەوە لە سیاسەت، هەتاوەکو هاتنی ئاکەپە بۆسەر دەسەڵات هیچ پەیوەندییەکی نزیکیان

---

[١] خوسرەو ئاڵتن باشاک (Hüsrev Altın başak )١٨٩٩: لە گوندی سەنیرجە(Senirce)ی سەربە پارێزگای ئیسپارتا(Isparta)، لەدایکبووە، کوڕی حاجی ئەدهەم بەگە، کە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا والی ئیسپارتا بووە. کاتێک نورسی نەفی دەکرێت بۆ گوندی(بارلا/ Barla) لەوێ لەگەڵ خوسرەو ئاڵتن باشاک یەکدی دەناسنو خوسرە و کاریگەر دەبێت بە پەیامەکانی نور و دەستدەکات بە نووسینەوەیان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان. خوسرەو لە(١٩٧١) بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانی دەکرێت و لەپاش ئازادبوونی بەمەبەستی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە تەوافوق، وەقفی حیرەت(Hayrat Vakfi)، دادەمەزرێنێت، ناوبراو لە(١٩٧٧) لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کرد. **( Önce Abdül Samet Çelikçi: Kikaynak,Sayfa80-81 ).**

[2] Fulya Atacan: A Kurdish Islamist Group in Modern Turkey: Shifting Identities, Middle Eastern Studies, Vol. 37, No. 3, Jul. 2001, p.115.

[3] Abdül Samet Çelikçi : Önce Kikaynak,Sayfa80-81.

[*] هەڵبەتە لەم ساڵانەی دوایدا بە کۆمپیتەر، بەڵام بە رێنووسی عوسمانی پەیامەکانی نور دەنووسنەوە، بەڵام ئەوە وەک نووسینی تاکە کەسییەو نەک لە چاپخانەدا بێت. واتە بۆ چاپکردنی کتێبێکی پەیامەکان دەبێت بەدەست یان کۆمپیتەر کەسێک بینووسێتەوە پاشان چاپ بکرێت، ئامانجییان لەم کارە ئەوەیە، کە مرۆڤ لەڕێگەی نووسینەوە زۆر بەباشی زانست وەردەگرێت وەک لە خوێندنەوە، هەربۆیە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پەیامەکانی نور دەبێت کەسەک بنووسێتەوە، هەروەها لەپێناو پاراستنی رێنووسی عوسمانی وەک سەردەمی خیلافەتی ئیسلامی، کە لەپێش رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە تورکیا بڵاوبووە، هەربۆیە بەو زمانە، هەتاوەکو ئێستا پەیامەکانی نور دەنووسنەوە، هەروەها بۆ برەودان بەو زمانە و دژایەتیکردنی رێنووسی لاتینییە. **(توێژەر).**

[4] Ahmet Yaşar Ocak: Önce Kikaynak,Sayfa17.

بەدەوڵەتەوە نەبووە، لەهەمانکاتدا هیچ دژایەتییان بۆ دەوڵەت نەبووە، لەلایەکی دیکەوە بە هیچ جۆرێک تێکەڵی و کاری هاوبەشیان لەگەڵ دەوڵەتدا نەبووە، بەڵام لە قۆناغەکانی پاشتر و لەسەردەمی ئاکەپە و بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی تورکیا و گرووپی فەتحوڵڵا گولەن ئۆپراسیۆنەکانی پۆلیسی تورکی(باڵی فەتحوڵڵا گولەن) بۆسەر ژمارەیەک وەزیر و کوڕە وەزیری حکومەت لە(١٧-٢٥)ی کانونی یەکەمی(٢٠١٣)دا، هەوڵی هەڵگەڕانەوە سەربازییەکەی(١٥)ی تەمموزی(٢٠١٦) پاشتر ئۆپراسیۆنە بەردەوامەکانی پۆلیس بۆسەر گرووپی فەتحوڵڵا گولەن، نزیکبوونەوەی گرووپی نووسەرەکان لە دەوڵەتی تورکیا، هەستپێدەکرا لەگەڵ ئەوەدا ئەم گرووپە وەک هەندێک لە گرووپەکانی دیکەی نورجو دژی چاپکردنی پەیامەکانی نور بوون، لەلایەن سەرۆکایەتی کاروباره ئایینییەکانی تورکیا لە(٢٠١٧)دا[1].

خوسرەوئاڵتن، سەرۆکی گرووپی نووسەرەکان، یەکەم کاروچالاکیی لەسەر هاندان و سەرنجی نورسی، قورئانی تەوافوقی(tevafuklu kuran) نووسییەوە[*]، بەمەبەستی چاپو بڵاوکردنەوەی وەقفی حیرەت(Hayrat Vakfi)ی دامەزراند. بەهۆی زۆری تیراژی ئەم قورئانە، چ لەلایەن ئەندامانو پشتیوانانی ئەم گرووپەوە بێت یان لەلایەن ئەندامانی گرووپەکانی دیکەی نورجووە تەنانەت خەڵکی ئاسایی، کە سەربەو گرووپانە نەبوون لەناوەو دەرەوەی تورکیا دەکڕێت، هەربۆیە داهاتێکی باش بۆ وەقفی حیرەت و گرووپی نووسەرەکان دابین دەکات، هەروەها ئەم گرووپە قوتابخانەی کردووەتەوە بەناوی مەدرەسەی نوری(Nur Medreseleri)، ناوەندی دیکەیان کردووەتەوە لەو قوتابخانەو ناوەندانەدا چالاکیی پەیوەست بە وانەی پەیامەکانی نور و نووسینەوەو فێرکردن ئەنجامدەدرێت. شوێنکەوتوانی ئەم گرووپە دوای مردنی خوسرەو ئاڵتن لەسەر نووسینەوەی پەیامەکانی نور بەدەستیی و بە ڕێنووسی عوسمانیی و بەردەوامن و جەختی لەسەردەکەنەوە[2].

هەندێک لە ئەندامانی گرووپی نووسەران لە (١٩٩٨)پرۆژەی( Afia Gıda)یان دەستپێکرد و لە (٢٠٠٦)، بەهۆی گەشەکردنی بەردەوامو زۆربوونی کڕیارەوە کارگەیەکی دروستکردنی خواردنیان دامەزراند، هەتاوەکو ئێستا بەردەوامن لەسەر کارەکەیان ئەم پرۆژەیە بە دروشمی ڕۆزی حەڵاڵ بەرەکەتی زۆر(Helal Rizik Bol Bereket)دەستیان بەکارکردن کرد ئامانجیان بەرهەمهێنانی خواردەمەنی چاکە، هەتاوەکو مرۆڤەکان بە تەندروست و سەلامەت بژین[3].

---

[1]Abdül Samet Çelikçi: Önce Kikaynak,Sayfa28-29.

[*] قورئانی تەوافوقی، ئەو قورئانەیە، کە خوسرەو بەدەست نووسیویەتیەوە لە زۆربەی شوێنەکانیدا وشەکانی لە ڕیزی یەکدان، ئەم دەستنووسی قورئانە، جگە لە گرووپی نووسەرەکان، لەلایەن کتێبخانەکانی ئەو گرووپانەوە، کە سەر بە گرووپەکانی دیکەی نورجون دەفرۆشرێت دەستنووسێکی ئەم قورئانە لە ئەرشیفی مامۆستایەکی زانکۆی هەڵبجەی شەهید پارێزراوە و دەستدەکەوێت. **(توێژەر).**

[2]Ahmet Köroğlu: Türkiye’de İslamcı Söylemin Oluşumunda Tercümelerin Etkisi (1960-1990), Doktora Tezi, İstanbul Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Siyaset Bilimi Ve Uluslararası İlişkiler Anabilim Dalı, İstanbul, 2020, Sayfa242.

گرووپی نووسەرەکان: ساڵانی(٢٠٠٨-٢٠١٣)، شەش سیمپۆزیۆمیان بەناونیشانی پەیامەکانی نورو یەکێتی ئیسلامی( Kazım Güleçyüz: Risale-i nur’un medyadaki dili, :(سازکردووە)(Risale -I Nur ve Ittihad – I Islam .(yeni asya neşriyatı, birinci baskı, istanbul, 2017,sayfa180

[3] Afia Gıda | Nafia Gıda Hakkında, Afia Food | About Nafia Food (Nafiagida.Com)
وەرگیراوە لە: ٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠٢١

ئەگەر سەرنجی پشتیوانانی گروپی نووسەرەکان بدرێت ئەوا دەردەکەوێت، کە پشتیوانییەکی زۆری هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەمە لەناو تورکیا و دەرەوەدا چالاکیی جۆراوجۆرو فراوان ئەنجامدەدات بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواتردا بەجدی و فراوانی و بە بەردەوامی کۆرسی فێربوونی رێنووسی عوسمانی دەکاتەوە. گروپی نووسەرەکان چەند چالاکییەکی دیکە ئەنجامدەدات لەوانە: (رۆژانە نووسینەوەی پەیامەکانی نور(نووسینەوە بەدەست بەشێوازێکی تایبەت)، خولی فێربوونی لەبەرکردنی قورئان لە هاویندا، پانێل و کۆنفرانس و چالاکیی وەک(لەدایکبوونی پیرۆز و خواردنی حەڵاڵ و بەدیعوزەمان...هتد)، پێشبڕکێی لەبەرکردنو کۆڕبەندی گەنجان، یادکردنەوە و بە پیرۆز راگرتنی جەنگی چەتەکان(Genekkale)، سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سوپای ئینگلیزدا...هتد)[1].

گروپی نووسەرەکان، بەوپێیەی لە گروپە یەکەمینەکانی بزووتنەوەی نورجو بوون، هەرلە سەرەتاوە، هەتاوەکو ئەمڕۆ بەرگری لە بۆچوونی نووسینەوەی پەیامەکانی نور بەدەستی و بە رێنووسی عوسمانی دەکات، ئەم گروپە بەجدی لێبڕاوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەردەوامو خێرای (قورئانی تەوافوقی)، کە پێیانوایە لەو قورئانەدا وشەی(أللە)، لە رستەکاندا لە رێکییەک دەردەکەونو ئەمە ئیعجازێکی ئەو قورئانەو وشەی(اللە)دەبینرێت، بەڵام هەروەک دەستەی باڵای کاروباری ئایینی لە تورکیا(Dinişleri Yüksek Kurul)، هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە و بڕیاری داوەو دەڵێت:"لەبەرئەوەی ئەم قورئانە بەشێوازی خەتاتی جوان و تایبەت نووسراوەتەوە، کەواتە پەیوەندی بە ئیعجازەوە نییە و جۆرێکی ئیعجازی قورئان نییە"[2].

بە تێڕوانیین لە کاروچالاکیی گروپی نووسەرەکان، بەهیچ جۆرێک بەلای سیاسەتدا نەچوون، هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە لە چوارچێوەی بایەخدان بە نووسینی پەیامەکانی نور بە رێنووسی عوسمانی، لەلایەکی دیکەوە دەستخستنی داهاتی زۆر بۆ گروپەکەیان بە رێگەیەکی شەرعیانەودروست توانیویانە سەرنجی کۆمەڵگەی تورکیا بەلای خۆیاندا راکێشن و لایەنگری زیاتر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، هەرچەندە ئەم گروپە تێکەڵ بە سیاسەت نەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی و مەترسییان هەبووە بۆ سەر سیاسەتی حکومەتی تورکیا بەجۆرێک، کە سەرکردەی ئەم گروپە خوسرەو ئاڵتن و ئەندامانی دیکەی گروپەکە چەندین جار رووبەڕووی زیندانی و گرتن بوونەتەوە.

### ٢- گروپی خوێنەرەکان( Okuyucular):

زوبێر گوندوز ئالپ[3] دوای مردنی نورسی، لە بزووتنەوەی نورجو جیابوویەوە و لە(١٩٦٢) گروپی خوێنەرەکانی دامەزراند. ئەم گروپە بە پێچەوانەی گروپی نووسەرەکان، کە پێیانوابوو دەبێت پەیامەکانی نور بەدەست و بەزمانی تورکی عوسمانی بنوسرێتەوە، بەڵام گروپی خوێنەرەکان

---

1 Kazım Güleçyüz: Önce Kikaynak, Sayfa180

2 Ahmet Köroğlu: Önce Kikaynak,Sayfa57.

٣ زوبێر گوندوز ئالپ(Zübeyir Gündüz alp) لە(١٩٢٠) لە کارمان/ ئێرمەنک(Ermenk/Karman) لەدایکبووە، لە قوتابییە راستگۆو سەرەکییو یەکەمینەکانی نورسی بووەو بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی نور دادەنرێت. زوبێر لە(١٩٤٤)دا کاتێک لە شاری قۆنیە فەرمانبەر بووە بە پەیامەکانی نورو ئاشنابووە، لە(١٩٤٦)سەردانی نورسی لە شارۆچکەی ئەمیرداغی سەربە پارێزگای ئافیۆن(Afyon)کرد. لە(١٩٥٣)دا واز لە کاری فەرمانبەری دەهێنێت و خۆی تەرخاندەکات بۆ خزمەتی پەیامەکانی نور، هەتاوەکو مردنی لە(١٩٧١) بەردەوام دەبێت.( **Zübeyir gündüzalp: Yolumuzu aydınlatan ışık, nesil yayınları, birinci baskı, istanbul, 2006,Sayfa15).**

پشتیوانیان لەو بۆچوونانە دەکرد، کە پێیوایە دەبێت پەیامەکانی نور بەپێی پیتی لاتینی بنوسرێتەوە لەپێناو خێراتر بڵاوبوونەوەو ئاسانی خوێندنەوەیان، لە چاپخانەدا چاپ بکرێت. ئەم گروپە وەک گروپەکانی دیکەی نور پەیامەکانی نوری وەک ناوەندی چالاکیی و بڵاوکردنەوەکانی داناوەو کۆڕوکۆبوونەوەو دەرسەکانیان لەسەر ئەم پەیامانەن لەم چوارچێوەیەدا بایەخێکی تایبەت بە پەیامەکانی نور دەدەن، هەتاوەکو ئەو رادەیەی وەک(کتێبی پیرۆز) لەم پەیامانە دەڕوانن، جگە لەوە یەکێک لە بۆچوونە سەرکییەکانی ئەم گروپە ئەوەیە، کە نورسی ، هەتاوەکو هاتنی قیامەت مەهدی و تازەکەرەوی ئایین(موجەدید)ی سەدەی بیستەمە. چالاکییەکانی ئەم گروپە بریتییە لە: چاپکردنی پەیامەکانی نورو دابەشکردن و بڵاوکردنەوەیان، وەرگێڕانیان بۆسەر زمانە جیاوازەکانی جیهان*، کردنەوەی خانوو ناولێنانی بە دەرسخانە(Dersbane) یاخود مەدرەسە(Medrese)، کە پەیامەکانی نوری تێدا دەخوێنرێتەوە وەک دەرس دەگوترێتەوە، لەهەمانکاتدا قوتابییانی زانکۆ لەو خانوانەدا دەمێننەوە، لە قۆناغەکانی دواتردا بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن لە تەلەڤزیۆنو رادیۆ و سایتە ئینتەرنێتیەکان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانو کارو چالاکییەکانیان بەکارهێناوە، سیمینار و پانێڵی نێودەوڵەتیو نیشتمانی لەسەر ئاستی تورکیادا بۆناو تورکیا ئەنجامداوە[1]، هەروەها بایەخێکی زۆر تایبەت بە نورسی و پەیامەکانی نور دەدەن، بایەخی زۆر بە رابەرو سەرکردایەتیکردنو بابەتەکانی(کەشفی مەعنەویو خەویو گێڕانەوەی)شتی لەو بابەتانە، هەروەها مەسەلەی کەراماتو رێزلێنانی خودای بەستراوەتەوە بە مەسەلەی مەهدی و موجەدیدی و بەردەوام لای ئەم گروپە باسی لێوەدەکرێت لەنێوان خۆیاندا بەمجۆرە بۆچوونەکانی نورسیی و پەیامەکانی وای لێهاتووە نابێت لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە و بەدواداچوونو گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، بەڵکو تەنیا دەبێت بخوێنرێنەوەو وەربگیرێن، ئەمە بووەتەهۆی ئەوەی باوەڕیارانی تەسلیم ببن و هەرشتێک لە پەیامەکانی نورو مەدرەسەکانی ئەم گروپە بگوترێتو راستەوخۆ وەربگیرێت[2].

### ٣- گروپی ئاسیای نوێ (یەنی ئاسیا/ Yeni Asya Grubu):

رێبەری گروپی ئاسیای نوێ، محەمەد کوتڵولار(Mehmet Kutlular)ە[3]، پاش دەرکردنی رۆژنامەی ئاسیای نوێ(یەنی ئاسیا/ Yeni Asya Grubu)، لە(١٩٧٠)دا ئیدی ناوی ئەو رۆژنامەیە دەبڕێت بە باڵای گروپەکەی محەمەد کوتڵولاردا و لەوکاتە بەدواوە بە ئاسیای نوێ ناودەبرێت[4]. ئەم

* لە چوارچێوەی بایەخدانی گروپی خوێنەرەکان لە چاپکردنو وەرگێڕانی پەیامەکانی نور، پشتیوانی تەواوی مامۆستا فاروق رەسوڵ یەحیایان کردووە، کە وەرگێڕی پەیامەکانی نورە بۆسەر زمانی کوردی- سۆرانی پەیوەندی پتەویان لەگەڵیدا هەیەو ساڵانە هەردوولا سەردانی یەکدی دەکەن، هەرچەندە هەوڵماندا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەین، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو، بۆ چاوپێکەوتن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان.( **توێژەر**).

[1] Abdül Samet Çelikçi: Önce Kikaynak,Sayfa121-122.

[2] Mustafa Kaplan: 1980 sonrası Türkiye'de Islamcılık, Dumlupınar üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Kamu Yönetimi Anabilim Dalı, Yüksek Lisans Tezi, Kütahya, 2016.Sayfa77-78.

[3] محەمەد کوتڵولار (Mehmet Kutlular): لە(١٩٣٨) لە پارێزگای باڵکەسیر(Balikesirin) لەدایکبووە، هەتاوەکو تەمەنی چواردە ساڵی لە ناوچەی گیۆنەن(Gönen)، ژیاوە پاشان لە( ١٩٥٧) رۆشتووە بۆ سەربازیی هەرلەو ماوەیەدا ئاشنایەتی لەگەڵ پەیامەکانی نوردا پەیدا کرد، پاش تەواوبوونی ئەرکی سەربازیی بۆ ماوەی یانزدە ساڵ لەگەڵ رێبەری خوێنەرەکان( زوبێر گوندزئالپ)، ژیاوە و بەشداریی وانەکانی ناوبراوی کردووە.( **Ahmet Yaşar Ocak:önce kikaynak,sayfa,58**).

[4] Ahmet Yaşar Ocak:önce kikaynak,sayfa,58

گروپە گرنگیانداوە بەو بڵاوکراوە زانیستییانەی، کە نورسی ئاماژەی پێکردبوون، ئەم گروپە پێیانوابوو نورسی دوورنەبووە لە سیاسەت و پیاوی سیاسەت بووە، هەربۆیە نورسی وشەی ئاسیای وەک چەمکێک بۆ جیهانی ئیسلامی بەکارهێناوە[1]، لەگەڵ ئاسیای نوێ، نەوەی نوێ (یەنی نەسل/ Yeni Nesil)، هەبوون، ئەو قوتابییانە بوون، کە لەگەڵ نورسی بوون، هەتاوەکو لە ژیاندا مابوو، لەوانە: (مستەفا سونغور، عید ئوزدەمیر، ئەحمەد ئەتیمور، عەبدوڵڵا یەکیین، حوسنی بیرام...هتد)، ئەمانە هەڵدەستان بە لێکدانەوەی پەیامەکانی نور و بۆ زمانە بیانییەکان وەریانگێڕان[2]، هەرچەندە هەندێک پێیانوایە نەوەی نوێ و گروپی ئاسیای نوێ، جیاوازیان هەیە، بەڵام هەردووکیان یەکنو خۆیان دەبیننەوە لە نەوەی کۆنی قوتابییانی نور و ئەوانەی گرنگیان ئەدا بە بڵاوکردنەوەی فکرەکانی نورسی و پەیامەکانی نور، ئەم گروپە لەپاڵ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی ئاسیای نوێ گوتارێکیان بەهەمان ناوەوە بڵاودەکردەوە، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ بورجوازی ئیسلامی هەبوو، پشتیان بە تەکتیکی کارکردنی نوێ لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەبەستو گروپی ئاسیای نوێ چالاکی رۆژنامەوانییان لەناو بزووتنەوەی نورجو کردەوە[3].

نەوەی نوێ (یەنی نەسل)، بایەخێکی زۆری بە پەیامەکانی نور و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانیان بۆ زمانەکانی دیکە دەدەن، هەتاوەکو زۆرترین ژمارەی موسڵمانان لە جیهاندا لێی سوودمەندبن، هەربۆ ئەم مەبەستە  چەند دەزگایەکی دامەزراند لەوانە:

١- کۆمپانیای نەوە(شرکة نسل)، بۆ چاپوبڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نور، ئەم دەزگایە هەستابە وەرگێڕانی پەیامەکانی نور بۆ  زمانی عەرەبیو  چاپکردنو بڵاوکردنەوەیان، ئیحسان قاسم ساڵحی(١٩٣٧-)*، رۆڵی گرنگی لەم بوارەدا گێڕاوە، لەپاڵ وەرگێڕانی پەیامەکانی نور وەک خۆیان بۆ سەر زمانی عەرەبی بێدەستکاری، لەهەمانکاتدا چەند توێژینەوەیەکی لەسەر نورسی و بزووتنەوەی  نورجو نووسیوەو ئامادەیکردوون.

٢- ناوەندی ئەستەنبوڵ بۆ رۆشنبیری و زانست، کە لەلایەن(ئیحسان قاسم)وە سەرپەرشتی کراوە. ئەم ناوەندە هەستا بە ئامادەکردنی چەند کۆنگریەکی جیهانی لە بارەی نورسیی و کولتوری لەنێوان ئێستاو داهاتودا. چوار کۆنگرەی جیهانی لە ئەستەنبوڵ رێکخستووە لە ساڵەکانی(١٩٩٢،١٩٩٣، ١٩٩٥، ٢٠٠٠).

---

[1] هدى درويش: الاسلاميون وتركيا  العلمانية نموذج الامام سليمان حلمى، ط١، دار الآفاق العربية، القاهرة، ١٩٩٨، ص١٥٦-١٥٧.

[2] د.احمد نوري النعيمي: تركيا  بين الموروث، ص٢٤٨.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.كمال حبيب: الدين والدولة في تركيا المعاصرة صراع الإسلام والعلمانية، ط١، مكتبة جزيرة الورد، القاهرة،٢٠١٠، ص٨٥.

* ئیحسان قاسم ساڵحی: کەسایەتی دیاری کوردەو لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە بە پەیامەکانی نور ئاشنابووەو بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاون، ناوبراو لە ئێستادا دانیشتووی کەرکوکە لە باشووری کوردستان، هەرچەندە هەوڵماندا لەرێگەی کەسانی دیکەوە بۆ مەبەستی و توێژینەوەکەمان پەیوەندی پێوە بکەین چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز بکەین، بەڵام ناوبراو رەتیکردەوە، تەنها رەزامەندبوو بە بینینی کتێبخانەکەی بۆ مەبەستی سوودوەرگرتن.( **توێژەر**).

٣-چاپەمەنی نەوە( مطبعة نسل) ئەم چاپەمەنییە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامە و کتێبە ئیسلامییەکانی چاپ دەکرد و لەلایەن سەید محەمەد برنجی بەڕێوەدەبران [١].

ئاسیای نوێ لە چوارچێوەی چاپوبڵاوکراوەو راگەیاندنەکانیدا، لەپاڵ رۆژنامەی ئاسیای نوێ، گۆڤارەکانی خێزانەکەی ئێمە(Bizim Aile)، تێڕوانینی گەنج( Genç Yaklaşimi ) کۆمێنتی گەنج (Genç Yorumu)، براگیان(Can kardeş)، چاپو بڵاوکردەوە[٢]، هەروەها ئەم گروپە لەپێناو زیاتر بڵاوکردنەوەو ئاشناکردنی خەڵکی بە پەیامەکانی نور و تێگەیشتنی باشترلییان، ئینیستیتۆی پەیامەکانی نور(Kisale – İ Nur Enstitüsü)ی کردەوە[٣]. گروپی ئاسیای نوێ، سەرچاوەی داراییەکەی بریتیبوو لە قازانجی ئەو دەزگاو راگەیاند و چاپ و بڵاوکراوانەی، کە هەیبوو لەگەڵ ئەو خێروخێراتەی، کە لەلایەن ئەندامان و پشتیوانانییەوە پێیدەبەخشرا[٤].

گروپی ئاسیای نوێ، بەوە جیادەکرێتەوە لە گروپەکانی دیکەی نور، کە بە ئاشکرا دەچنەناو کاری سیاسییەوە بە تاکە گروپی ئیسلامی دادەنرێت لە تورکیادا، کە هەتاوەکو ئێستا پشتیوانی لە پارتی دیموکراتی تورکیا دەکات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو پارتە هەوڵدەدات. هەرچەندە پارتی دیموکرات توانی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەسەڵات بگرێتەدەست، بەڵام بە کودەتا سەربازییەکەی(١٩٦٠)کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی هاتو سەرکردەکانی رووبەڕووی لە سێدارەدان و سزاو زیندانی بوونەوە[٥]. سەرەڕای چەندین گۆڕانکاریی و تێپەڕاندنی قۆناغی جیاوازی سیاسی لە تورکیا، بەڵام گروپی ئاسیای نوێ بەردەوام بوو لە بانگەشەی سیاسی بۆ پارتی دیموکرات، بەجۆرێک ئەم گروپە وەک باڵێکی ئەوپارتەو تەنانەت وەک درێژکراوەی ئەو پارتە دێتەبەرچاو. گروپی ئاسیای نوێ هێندە ستایش و وەسفی پارتی دیموکراتی کرد، وەک ئەفسانەیەکی لێکرد، هەربۆیە بە بڕوای شارەزایان ئەم گروپە لەو ئەرکە سەرەکییەی خۆی، کە خزمەتکردنە بە پەیامەکانی نور لایداوە[٦].

محەمەد کوتڵولار، زیادەڕەوی کرد لە کۆکردنەوەی پشتیوانی زیاتر بۆ پارتی دیموکرات، هەربۆیە کەنعان دەمرداش دەڵێت:"هەندێک کێشە لەنێوان محەمەد کوتڵولار و قوتابییانی نور دروستبوو، بەهۆی ئەم زیادەڕەویەوە لە پشتیوانی بۆ پارتەکە، قوتابیانی نور بەرگرییان لەو هەڵوێستەی خۆیان کرد"ئەگەر پارتی دیموکرات پەنجەیەکی ببڕێت، ئەوا جەهەپە باڵێکت ئەبڕێت"[٧].

لەپاش لەسێدارەدانی مەندەریس، کاتێک پارتی عەدالەتی لەلایەن (دیمیریل)ەوە دامەزراند. محەمەد کوتڵولار، بەردەوام بوو لە پشتیوانیکردن و دەنگدان بەم پارتە بەو پێیەی ئەم پارتە درێژکراوەی پارتی دیموکرات بوو، هەربۆیە کوتڵولار، چەندین چاوپێکەوتنو گفتوگۆی لەگەڵ دیمیریل سازکرد، کە ئەم هەڵوێستەی لەلایەن قوتابیانی نورەوە نیگەرانی لێکەوتەوە، بەڵام ناوبراو بەردەوامبوو لە

[١] د.آزاد سعيد سمو: م.س، ص١٩٤-١٩٥.

[٢]بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Kazım Güleçyüz: Önce Kikaynak, ,sayfa110-116 ) .

[3] Risale-i Nur Enstitüsü – RNE – ASYA'NIN BAHTININ MİFTAHI, MEŞVERET VE ŞÛRÂDIR.https://www.risaleinurenstitusu.org/ وەرگیراوە لە: ٢٣کانونی یەکەمی ٢٠٢١

[4] Aynikaynak.

[5]Ahmet Yaşar Ocak:önce kikaynak,sayfa,58.

[6] Kazım Güleçyüz: önce kikaynak,sayfa129.

[٧] د.آزاد سعيد سمو: م.س،ص١٨٦.

پشتیوانی ئەو پارتە و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێداوە. هەرلەو پێناوەدا گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی کوپەرو(Kopru)، کە تایبەت بوو بە بەرگریکردن لە پارتی عەدالەت و دیمیریل، لێکۆڵەرێک پێیوایە ئەم گۆڤارە، وەکو زمانحاڵی پارتی عەدالەت بووە، لەگەڵ ئەوەدا دەرکەوت، کە هەندێک لە کردەوەکانی ئەم پارتە دژ بە ئایینەو هەندێک لە سەرکردە و ئەندامە دیارەکانی پارتی عەدالەت ئینتیمایان بۆ ماسۆنییەکان هەبوو، هەربۆیە گروپی ئاسیای نوێ، لەلایەن گروپەکانی دیکەی نورو هەندێک ئەندامانی ناوگروپەکەی خۆی سەرزەنشتی کوتڵولاریان کرد و رەخنەیان لێگرت بەوەی لایداوە لە بنەما فکرییەکانی نورسی. گروپی ئاسیای نوێ لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی(١٩٧٧)دا بەئاشکرا پشتیوانی لە پارتی عەدالەت کرد، لەهەمانکاتدا کەوتە دژایەتیکردنی پارتی سەلامەت بەسەرکردایەتی ئەربەکان، هەردوو رۆژنامەی(یەنی ئاسیا، یەنی نەسل)ی بەکارهێنا بۆ دژایەتیکردنی ئەم پارتە چەندین گوتاری بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد، بەراشکاوانە چەندین رەخنەی لە پارتەکە و سەرکردەکانی گرت لەوانە: (پارتی سەلامەت پشتیوانی لە باڵی چەپو شوعیەت دەکات، ئەم پارتە لەگەڵ جەهەپە جۆرێک رێککەوتن لەنێوانیاندا هەیە، پارتی سەلامەت داوای لێبوردن دەکات بۆ چەپەکان، پارتەکە ماسۆنییە، بەڵێی کردووە بۆ سووخۆری و قومار و شەرابو، پشتیوانی لە بازاڕی ئەوروپی هاوبەش کردوە...هتد). ئەم هەڵوێستەی گروپی ئاسیای نوێ زیانی گەورەی بە پارتی سەلامەت گەیاند، هۆکاری هەڵوێستی ئاسیای نوێ دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی دیمیریل، کە سەرنجی(محەمەد کوتڵولار)ی بۆ لای خۆی راکێشابوو بەوەی (لە بەرچاویدا نوێژ و پێشنوێژی ئەکرد، دژی رێگرتن بوو لە ئازادی کۆمەڵ و گروپە ئیسلامییەکان لەناو تورکیادا، دژایەتی تێڕوانینی سیکۆلاریزمی تورکیا بوو پێیوابوو، سیکۆلاریزم بەمانای جیاکردنەوەی ئایین و دژایەتی نایەت وەک ئەوەی، کە جەهەپە ئەنجامی دەدات...هتد)، هەربۆیە ئەم رەفتارانەی دیمیریل بووە هۆکاری خۆشەویستی و لایەنگری گروپی ئاسیای نوێ بۆ دیمیریل و پارتەکەی[1].

دوای مانگێک لە کودەتای١٩٨٠، رۆژنامەی ئاسیای نوێ داخراو، گروپەکە رۆژنامەیەکی دیکەیان بەناوی نەوەی نوێ(یەنی نسل) دەرکرد. لایەنگران و ئەندامانی ئەم گروپە رووی لەکەمی کرد، بەهۆی جیابوونەوەی هەندێک لە ئەندامەکانی، گروپێکی دیکەیان دامەزراند. ئاسیای نوێ، لەپاڵ کەمبوونەوەی ئەندامەکانی کاریگەریی کەمبوویەوە و رۆژنامەکەی رووی لە کەمی کرد بەجۆرێک پێشتر نزیکەی(٤٠٠)هەزار کۆپی لێدەردەکرا و بڵاودەکرایەوە، بەڵام لەم قۆناغە بەدواوە کەمبوویەوە بۆ(٢٥٠٠) دانە، بەگشتی گروپی ئاسیای نوێ(٥٪ )نوێنەرایەتی نورسییان دەکرد[2].

ئاسیای نوێ، بەهاتنەسەر دەسەڵاتی ئاکەپە، لە(٢٠٠٢)دا رەخنەی لە سیاسەتەکانی ئەم پارتە گرت ئایینی وەک ئامرازێکی سیاسی بەکارهێناوە و هەوڵیداوە بەنهێنی سەرنجی خەڵکی تورکیا بۆ لای خۆی رابکێشێت، کە ئەو پارتە نوێنەرایەتی بیری نەتەوایەتی(میللی گوروش/Milli Görüş)دەکات[3].

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.آزاد سعید سمو: م.س،ص١٨٦-١٨٨.

[2] د.کمال حبیب: م.س، ص٨٥-٨٦.

[3] Ahmet Yaşar Ocak:önce kikaynak,sayfa58. ( ئاسیای نوێ بەردەوامبوو لە رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی ئاکەپە، بەجۆرێک لە قۆناغەکانی پاشتردا بەتایبەتی لە دوای هەڵگەڕانەوەی سیاسیی‌و سەربازییەکانی(١٥)ی تەمموزی(٢٠١٦)ی تورکیا، رۆشتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی تورکیاوە، تەنانەت بە ناڕاستەوخۆ سیاسەتی گروپی فەتحوڵلا گولەن جێبەجێدەکات.( Kazım Güleçyüz: önce kikaynak,sayfa129 ) .

### ٤- گروپی کرکینجی (محەمەد کیرکینجی /Mehmet Kirkinci)[1]:

گروپی محەمەد کیرکینجی، لە(١٩٨٠)دا دوای جیابوونەوەی لە گروپی ئاسیای نوێ دامەزراوە، پاش ئەوەی بەشێک لە ئەندامانی گروپی ئاسیای نوێ، بە ڕێبەرایەتی محەمەد کیرکینجی لەگەڵ کودەتای(١٩٨٠) بوون و پشتیوانیان لە کودەتاکە کرد، هەربۆیە لەو بەشەی دیکەی ئاسیای نوێ، کە دژی کودەتاکە بوون جیابوونەوەو گروپێکی سەربەخۆیان دامەزراند[2]. ئەم گروپە خۆیان بە گروپی مەشوەرەت - ڕاوێژ(Meşvret) ناوبردووە[3]، پاش کودەتا، کە لەو ماوەیەدا دامەزراوەی سەربازیی هانی پەروەردەی ئاینی داو، چەندین قوتابخانەی ئاینی دروستکران و ڕێگەدرا بە دەرچوانی ئاینی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت کاربکەن و بچنە زۆربەی شوێنەکان جگە لە کۆلێژی سەربازیی، هۆکاری ئەم ئاڕاستەیە بریتیبوو لە بەکارهێنانی ئیسلامییەکان وەک ئامرازێک بۆ ڕێگەگرتن لەوەی چەپەکان بچنە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە[4]، هەربۆیە گروپی کیرکینجی لەو باوەڕەدابوون، کە کودەتا پێوستی بووە، لەبەرئەوەی تورکیای لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتییو سیاسی رزگارکرد. کیرکینجی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی جەنڕاڵ ئیڤرینی بە ئەرکێکی ئاینی دادەنا، زیاتر لەوەش ئیڤرینی بە ڕێبەری باوەڕداران دەزانی، هەربۆیە گروپەکە بەناوی پشتیوانانی ئەنجومەنی شۆڕش(Support of Revolatıon concil – konseyciler)، ناودەبرا[5].

ئامانجی سەرەکی ئەم گروپە خزمەتکردنی ئیمان و قورئانە، لە چوارچێوەی پەیامەکانی نوردا، بەپێی بۆچوونی شوێنکەوتوانی ئەم گروپە نورسی میراتگری راستەقینەی زانایانی پێشترەو لەبەرئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا(٣٣)جار ئاماژە بە سەعیدی نورسی و پەیامەکانی نور کراوە. شوێنکەوتوانی ئەم گروپە پێیانوایە کەواتە نورسی ئەو ڕێبەرو گەورەیە، کە چاوەڕێدەکرێت لە" ئاخیر زەماندا"بێت، هەروەها پێیانوایە نورسی زاتێکە بەتەواوی و دڵسۆزی لەپێناو خودا ژیاوە و لەلایەن خوداوە بەتایبەتی ئەرکی رزگارکردنی ئیمانی خەڵکی پێسپێدراوە. محەمەد کرکیینجی پێیوایە:"پەیامەکانی نور لەژێر چاودێری و پاراستنی خودا خۆیدایە، لەبەرئەوە لەمانەدا ناکرێت هیچ گۆڕانکاریی و دەستکارییەک بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی وشەی کوردستان(Kurdistan)، بابەتێکی گشتی نییە دەکرێت وەک بەشێک(جزئی)، تەماشا بکرێتو، هەروەها بۆ ئەوەی وشەی کوردستان بەهەڵە لە پەیامەکانی نوردا بەکارنەهێنرێت و هەڵەتێگەیشتن دروست نەکات لەگەڵ هەندێک دەستەواژە و دەربڕینی دیکە لەلایەن خودی نورسیەوە لە پەیامەکانی نوردا هاتووە پێویستە لاببرێت"[6].

---

[1] محەمەد کیرکینجی(Mehmet Kirkinci): لە(١٩٢٨) لە شاری ئەرزەڕوم لەدایکبووە، ماوەیەکی زۆر لە مەدرەسەدا سەرقاڵی بەدەستهێنانی زانستبووە لە(١٩٥٥)دا لە شاری ئیسپارتای رۆژئاوای تورکیا بە نورسی ئاشنابووە. ناوبراو لەوکاتە بەدواوە، هەتاوەکو کۆتا ساتەکانی ژیانی لەماڵەکەی خۆیدا لەپاڵ گوتنەوەی پەیامەکانی نور وانەی ئیسلامی و زمانی عەرەبی بە قوتابیەکانی گوتووەتەوە، لە(٢٤)ی شوباتی(٢٠١٦) کۆچی دوایی کرد.

**(Abdül samet çelikçi: önce kikaynak,sayfa 178)**.

[2] Fulya Atacan: op.cit, P.117.

[3] Abdül samet çelikçi: önce kikaynak,sayfa 178.

[4] ابراهیم خلیل العلاف و میثاق خیرالله جلود: م.س.

[5] Fulya Atacan: Op.Cit,P.117.

[6] Mustafa Kaplan :Önce Kikaynak , Sayfa24-25.

کاروچالاکییەکانی ئەم گروپە لەژێر چەتری وەقفی پەروەردە و کولتوری ئەرزەڕۆم( Erzrum Eğitim ve Kültür Vakfi)، وەقفی سوففا( Suffa Vakfi) و ڕێکخراوەی زانستوگەشەپێدانی فەییاز(Feyyaz Bilim ve Gelişim Vakfi) ڕێکدەخرێت. ئەم گروپە لە ئێستادا زیاتر بایەخ  بە بابەتی  پەروەردە دەدات و لەڕێگەی ڕێکخراوی زانست و گەشەپێدانەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بە پانزدە زمانی جیاواز کاروچالاکیی و وانەکانی بڵاودەکاتەوە[1].

گروپی کرکینجی سێ ناوەندی بڵاوکردنەوەی هەبووە بە ناوەکانی(سوزلر، ئیخلاصو ئەنوار*)، کە کاریان بریتییە لە چاپکردنی پەیامەکانی نور و ئەو کتێبانەی تایبەت بوون بە باسی ژیانی نورسی و دانراوەکانی و فکرەکانی کاریان دەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییان بۆ وڵاتانی عەرەبی بە زمانی عەرەبی ناوەندێکیان بۆ ئەم مەبەستە بەناوی(ناوەندی توێژینەوەی پەیامەکانی نور لە ئەستەنبوڵ)هەبوو[2]. گروپی کرکینجی لەگەڵ ئەوەی، کە هاوڕان لەگەڵ ئەهلی سوننەت و جەماعەت، بەڵام لەهەمانکاتدا نورسی لە ئاستێکی بەرز وەک لە ئاستی ئیمام غەزالی، رازی، ئیبن سینا، ئبن روشدو مەولانا داناوە. بە نوێگەری ئایینی سەردەمی دەبینن تەنانەت پێیانوایە نورسی لە ئاخر زەماندا بەتایبەتی ئەرکی رزگارکردنی ئیمانی لەلایەن خوداوە پێسپێدراوە[3].

بە تێڕوانین لە دیدوبۆچوونو چالاکیی گروپی کرکینجی پێمانوایە زیادەڕەویکراوە لە وەسفکردن و پیاهەڵدانی نورسی بەوەی، کە هەوڵدراوە بە بەڵگەی قورئانی بیسەلمێنن، کە نورسی خۆی و پەیامەکانی نور لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە، لەکاتێکدا راڤەکارانی قورئان ئەم دیدگایە پشتڕاست ناکەنەوە، کە شتێکی بەو جۆرە لە قورئاندا هاتبێت، ئەو ئایەتانەی، کە وشەی نور و سەعیدیان تێداهاتووە ئاماژە بۆ نورسی و پەیامەکانی نور بێت، هەروەها ئەم گروپە بە پاساوی جۆراوجۆر بێ بەڵگەوبنەما بۆ لادانی وشەی کورد و کوردستان لەناو پەیامەکانی نوردا، دەگەینە ئەو راستییەی، کە ئەم گروپە یەک لەو گروپانەیە، کە تێکڕا پێکەوە هەوڵی تورکاندنی پەیامەکانی نوریان داوەو بەلای کورد و کوردستاندا نەچوونو هەوڵیانداوە، نورسی و پەیامەکانی لە پرسی کورد دابڕن.

**٥- گروپی ڕێبازی ئەزمیندی (العجزمندية / Aczimendi Tarikati):**

لە (١٩٨٦)دا، موسلیم گویندتیز(Muslim Guindtiz)، کە خوێندنی لە نورکۆ لەسەر دەستی محەمەد فایزی پاموکو(Mehmet Feyzi Pamukqu) و خلوسی یەحیاگل(Hulusi Yahyagil)، خوێندبوو، گروپی تەریقەتی ئەزمیندی(Aczimendi Tarikati)دامەزراند، کە گروپێکی نورجو بوو لە فۆرمێکی سۆفییدا. ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێک بوو، کە یاسای ئیسلامی حوکمی بکات و لەلایەن خەلیفەوە سەرۆکایەتی بکرێت[4]. ئەم گروپە خۆیان بە مەدرەسەی نورسی دادەنێن ئوسوڵییەکی توند و دژە ئەمریکای بوون، ئەوە رەتدەکەنەوە، کە فەتحوڵڵا گولەن، سیفەتی سەربە

---

[1] Feyyaz Science and Development Association – Safe harbor of the internet .
وەرگیراوە لە: (٢٧)ی کانونی یەکەمی( ٢٠٢١ ).

* ئەنوار(Envar)، لەبەر چالاکیی‌و بوونی زۆری ئەندامانی ئەم ناوەندە لە ئێستادا وەک گروپێک لە گروپە گەورە و کاریگەرەکانی نور ناودەبرێت، بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان لەچوارچێوەی قۆناغی توێژینەوەکەماندا (١٩٨٣-٢٠٠٧) باسیان لەم ناوەندە وەک گروپێکی سەربەخۆ نەکردووە. **(توێژەر)**.

[2] د.کمال حبیب: م.س، ص٨٧.

[3] Büşra Ersanlı: önce kikaynak,sayfa199.

[4] Fulya Atacan: Op.Cit,p.117.

بزووتنەوەی نورجو بێت، ناوەندی هەژمونی ئەم گروپە پارێزگای(ئەلازیغ)ە لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ، کە لە(١٩٩١) دامەزرا، ژمارەی ئەندامەکانی(٢٥٠) ئەندام بوون زۆری نەبرد ئەم ژمارەیە بەرزبوویەوە بۆ(١٥٠٠)ئەندام، دەسەڵاتدارانی تورکی لە تشرینی یەکەمی(١٩٩٦)دا کەوتنە راودونانی ئەندامانی ئەزمیندی بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە ئەتاتورک بیست ئەندامی ئەم گروپەی دەستگیرکرد و پاشان ڕێبەرەکەیان لە(١٩)ی کانونی یەکەمی(١٩٩٦) لە ئەستەنبوڵ کەوتەدەست پۆلیس[١]. ئەم گروپە هەرلەسەرەتادا گروپێکی بچووک بوون، هەربۆیە بە دەستگیرکردنی ڕێبەرەکەیان لە (١٩٩٦)کارو چالاکییەکی ئەوتۆیان نەماوە.

### ٦- گروپی تەحاشجییەکان( لێکۆڵەرەوەکان/ Tahşiyeciler Grubu):

ئەم گروپە لە حەفتای سەدەی بیستەم لەلایەن محەمەد دۆغان(مەلا محەمەد الکرسی/ Malla Muhammed El – Kersi)ەوە[٢]، دامەزراوە، گروپەکە لەگەڵ ئەوەی بایەخێکی تایبەت بە پەیامەکانی نور دەدەن لەهەمانکاتدا بەشانازییەوە جەخت لەسەر(نوربوونی) خۆیان دەکەنەوە و بەئاشکرا "ئێمە نورین"، یاخود"ئێمە کۆمەڵەی نورین"، لە هەموو شوێنێکدا ئەم گوزارشتە دووبارە دەکەنەوە ئەمە تایبەتمەندی ئەم گروپەیە، کە جیایان دەکاتەوە لە گروپەکانی دیکەی نور[*]، لەلایەکی دیکەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن مەبەستی سەرەکیی ئەوان زۆربوونو کۆکردنەوەی پشتیوانی و ئەندام و لایەنگری نییەو خەڵکی بۆ مەشرەبو گروپێکی دیاریکراو بانگ ناکەن. لەلایەن خودی خۆیانەوە بەئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە پەیوەندییان لەگەڵ هیچ گروپو پارتو ڕێکخراوێکی سیاسییدا نییەو ئەمەیان بەو کەسانە بەتایبەتی راگەیاندووە، کە پشتیوانیان دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە پەیوەندی لەگەڵ هیچ گروپو ڕێکخراوێکی سیاسی دروستنەکەن[٣].

گروپی لێکۆڵەرەوەکان لە مێژەوە لەگەڵ گروپی فەتحوڵلاگولەن بەهۆی جیاوازی بۆچوونەوە ناکۆکیان هەبووەو هەندێکجار پەرەی سەندووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانو تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی پۆلیس دەستێوەردان لە کێشەکانیان بکات و لە دادگاکان دۆسییەک بەناوی دۆسییەی تەحاشجیەکان(Tahşiye davalah)، کراوەتەوە بەردەوام دۆسییەی تازەی لەسەر کەڵەکە بووە رەخنەکانی ئەم گروپە لە گروپی فەتحوڵلا گولەن بریتیبوون لە:(لابردنی دەستەواژەی(محەمەد رسول الله) لەناو دەستەواژەی(شایەتماندا)، خاوەن گوتاری"مەسیحیو جولەکە بەهەشتین"، بچووککردنەوەی فەرمانی خودای لە لەچکردن و واتە سەرداپۆشینی ئافرەتان بۆ مەسەلەی لقەکانی ئیسلام و تاڕادەیەک رەوایەتیدان بە بێ لەچکی، لە کۆمەڵگەدا لەکاتێکدا ئەوە فەرمانێکی خودایە و

---

[١] محمد نورالدین: قبعة وعمامة، ص٤٧.

[٢] محەمەد دۆغان(مەلا محەمەد الکرسی/ Malla Muhammed El – Kersi: لە(١٩٤٤) لە گوندی کەرسی(Kers) سەربە قەزای ڤارتۆ(varto)، لە پارێزگای موش(Muş) لەدایکبووە. لەلای باوکی دەستی بە خوێندنی زانستی کردووە نزیکەی پانزدە ساڵ لای چەندین مامۆستا وانەی مەدرەسەی خوێندووە لە(١٩٧٣-١٩٩٨)لە مزگەوتی ناوەندی موش(Muş Merkez istasyon camli) وەک پێشنوێژو(امام ختیب) کاریکردووە لە(١٩٩٨) خۆی خانەنشین کردووە. محەمەد دۆغان، لە شەستەکانەوە بە پەیامەکانی نور ئاشنابووە، هەر لە قۆناغی خوێندکاری سەرجەمی پەیامەکانی نوری خوێندووەتەوە. **( Büşra Ersanlı: önce kikaynak,sayfa188)**.

[*] گروپەکانی دیکەی نور خۆیان دەدزنەوە لەوەی بڵێن ئێمە گروپی نورین یاخود لەناو کۆمەڵگە و خەڵکی ئاسایدا پێیان خۆش نییە وایان پێبگوترێت. **(توێژەر)**.

[3] Ahmet Yaşar Ocak: Önce Kikaynak,Sayfa49.

له قورئاندا فەرمانی پێکراوە، لەڕێگەی دامەزراندنی بانکی بازرگانییەوە کەوتنەناو سوو و ریباو حەڵاڵکردنی، بیانووی سادەکردنەوەو ئاسانکردنی ئایین، هەتاوەکو نەوەی نوێ بە ئاسانی لێیان تێبگات و گۆڕانکاریی و دەستکاریکردنی ماناو مەبەستو ناوەڕۆکی پەیامەکانی نور، کە لێکدانەوەی گرنگی مەعنەوی قورئانە لەم سەردەمەدا...هتد)[١].

گرووپی لێکۆڵەرەوەکان، جەختییان لەسەر کۆمەڵێک خاڵ دەکردەوە وەک کێشەیەک لەناو جیهانی ئیسلامی و کۆمەڵدا دەیبینن لەوانە: (زەکات بۆ دەزگا و دامەزراوەکان نییە، بەڵکو بۆ خەڵکە، بێهەڵەی تەنیا تایبەتە بە پێغەمبەر(د.خ)، بەدەر لەمانە تەنانەت هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ)، و زانایانی ئیسلامی بێهەڵە نیین، جیهادی ماددی یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئیسلام بانگەوازی جیهاد تەنیا دەوڵەت دەتوانێت بیکات تاکەکان هەرگیز ناتوانن و نابێت بانگەوازی جیهاد بکەن، خۆداپۆشینی شەرعی تەنیا لەچکی گەورەو فراوان و عەبایە، بەدەرلەوە بالاپۆشی تورکیو مانتۆوپانتۆڵ شەرعیی نیین، بە پشتبەستن بەوەی، کە بەندایەتی و پەرستشەکان بەپێی ساڵنامەی کۆچی دەبێت بکرێت، کەواتە ئەنجامدانی ئاهەنگو چالاکییەکان لەژێر ناونیشانیی(هەفتەی لەدایکبوونی پیرۆز/ Kutlu doğum haftas)، واتە یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)، بیدعەیەکی خراپە*... هتد)[٢].

گرووپی لێکۆڵەرەوەکان، لەڕێگەی ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی سەمەندەل( Semendel Yayinlari)، پەیامەکانی نور چاپ وبڵاودەکاتەوە، هەتاوەکو ئێستا زنجیرەک کتێبیان بڵاوکردووەتەوە، کە نزیکەی(٤٠) بەرگە زۆربەی زۆری شیکردنەوەی پەیامەکانی نورە وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن ئەو کتێبانەی، کە بڵاویانکردوەتەوە لەم ڕێگەیەوە موسڵمانان لەو بیروباوەڕە پوچوبەتاڵانەو ئەوانەی، کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و ماسۆنییەکانەوە هەڵدراونەتە نێو جیهانی ئیسلامیی و دژی کتاب و سوننە و ئیجماعی زانایانی ئیسلامە، ڕزگار دەکات. جگە لەمانە ئەم گرووپە خاوەنی سایتێکە بەناوی( www.nurmend .com)[٣].

گرووپی لێکۆڵەرەوەکان، جیاوازە لە گرووپەکانی دیکەی نور، خاوەن ئەو بیروڕاو بۆچوونانە نییە، کە بەئاشکرا دژەیەکیان لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی ئیسلامدا هەیە بۆ نمونە پەیامەکانی نور و نورسی بە بێهەڵە دانانێت و زەکات بۆ دەزگاکانی خۆیان کۆناکاتەوە جگە لەوانە ئەم گرووپە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و پەیامەکانی نوری لە دوای قورئان و سوننەت و ئیجماعی زانایان، بە پێوەر داناوە[٤].

### ٧-هەردوو گرووپی مێد-زەهرا(Med-Zehra)و وەقفی زەهرا(Z ehra Vakfı):

مێد-زەهرا، کورتکراوەی(Medresetiiz Zehra)یە، بەناوی ئەو زانکۆیەوە ناونراوە، کە نورسی خەونی بە دامەزراندنییەوە دەبینی لە وان لە باکووری کوردستان[٥].

---

[1]Ahmet Köroğlu: Önce Kikaynak ,Sayfa46-47.

* لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د.خ)، لە تورکیا هەندێک لە گرووپە ئیسلامییەکان و چەند گرووپێکی نور" هەفتەی لەدایکبوونی پیرۆز"، ڕێکدەخەن بۆ ماوەی هەفتەیەک چالاکیی جۆراوجۆر بەم بۆنەوە ئەنجامدەدەن **(توێژەر)**.

[2] Abdül samet çelikçi: önce kikaynak,sayfa62-63.

[3] Semendel Publications | Semendel Publications، وەرگیراوە لە:( ٢٥)ی کانونی دووەمی (٢٠٢١)

[4]Ahmet Yaşar Ocak:önce kikaynak,sayfa13.

[5] Fulya Atacan: Op.Cit,P.112.

گرووپی مێد- زەهرا، لەلایەن م.سدیق دورسون(شایهانزادە/ Şeyhanzade)[١]وە ڕێبەری دەکرا، لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری دەعوە(Dava Dergisi)، کە بۆ یەکەمجار لە نیسان- ئایاری(١٩٨٩)دەرکەوتو لەسەر دوولایەنی شوناسی کوردی و ئیسلامی جەختیکردەوە. مێد زەهرا رەخنەی دەگرت لە نکۆڵیکردن لە ریشەی کوردبوونی نورسی، گرووپەکە ناویان لەخۆیان ناوە حیزبی قورئان( Hizb– İil–Kuran) لەو کاتەدا شایهانزادە رەتیکردەوە مێد- زەهرا بە قوتابخانە ریزبەند بکرێت و بەم گوزارشتە وتی:"ئەوەی دامانمەزراند قوتابخانە نییە. مید-زەهرا گرووپێک لە باوەڕدارانە، کە تێدەکۆشن، هەتاوەکو دڵسۆزبن بۆ قورئان و بەسوودبن بۆ ئیسلام. ئێمە باوەڕمان بە یەکتاپەرستی ئیسلام هەیە، لەرێگەی خوێندنەوەی پەیامەکانی نور و شوێنکەوتنی بەرنامەکەی و خزمەتکردنی بزوتنەوەی مەهدییەت، ئێمە بەسوود دەبین بۆ مرۆڤایەتی...ئەم بزاڤە نوێگەرایە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ قورئان بەرهەمدەهێنێت. ئەم بزاڤە قورئان دەکات بە تێگەیشتنێک بۆ ئەوانی دیکە و رەواجی پێدەدات وەک شێوەیەکی دەوڵەت بە مانا سیاسییەکەی، لەلایەکی دیکەوە، مید- زەهرە ناوی زانکۆیەکە پلانی بنیاتنانی لەلایەن بەدیعوزەمانەوە دانراوە لە وان، کە زمانی فەرمی تییدا عەرەبییە، پێویستە تەواوی موسڵمانان فێری ببن. زانکۆ رێگە دەدات بە تەواوی رەگەزەکان، لەناویشیاندا کورد و تورک، فێربن"[٢].

گرووپی مێد- زەهرا، لە ناوخۆدا دابەشبوون، ئەو گرووپەی لەلایەن عیزەددین یەڵدرم( Izettin Yildirm)[٣] وە سەرپەرشتی دەکران وەک گرووپی زەهرا یاخود وەقفی زەهرا ناوبرا[٤]. عیزەددین یەڵدرم، سەرتا لە شارە جیاوازەکانی(غازی عەنتاب، ئورفا، ئەسکی شەهر، چۆروم...هتد)، وەک

---

[١]م.سدیق دورسون (شایهانزادە/ Şeyhanzade): (١٩٤٨) لە بینگوڵ(Bingöl) لەدایکبووە، خوێندنی ناوەندیو ئامادەیی لە بنگوڵ تەواوکردووە، پاش دەرچوونی لە فاکەڵتی ئیلاهیات( تیۆلۆژیا)ی زانکۆی ئەنقەرە لە (١٩٧٦)وەک بڵاوکەرەوە کاری کردووە، دامەزرێنەری مێد - زەهرا بووە. شایهانزادە لە ٥ی تەمموزی ٢٠١٧ بە نەخۆشی گورچیلە کۆچی دوایی کرد. **(بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: [Muhammed Sıddık Şeyhanzade - Biyografya](), وەرگیراوە لە (٢٦)ی کانونی یەکەمی (٢٠٢١)).**

[2] Fulya Atacan: Op.Cit, P112-113.

[٣] عیزەددین یەڵدرم(Izettin Yildirm): (١٩٤٦) لە گوندی کیزلکایە ناوچەی پاتنۆسی ئاگری لەدایکبووە، تەواوی خۆێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان خوێند، پاشان بە پارێزگا جیاوازەکانی باکووری کوردستان گەڕاوە و خوێندوویەتی، دواتر لەرێگەی مامۆستا نورەدین گیلانی چاوی بە پەیامەکانی نور کەوتووە. ناوبراو دەستیکرد بە بشکنینو خوێندنەوەیان، دواتر رووودەکاتە ئەستەنبوڵ بۆ خزمەتی سەربازیی، هەرلەوێ دەستیکردووە بە گەڕان بۆ خزمەتکردنی پەیامەکانی نور، هەربۆ ئەم مەبەستە چووەتە شارەکانی(گازی عەنتاب، ئورفا، جۆروم، ئەسکی شەهر...هتد)، لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی پەیامەکانی نور لەو شارانەدا ماوەتەوە. ناوبراو لە(٢٩)ی کانونی یەکەمی(١٩٩٩) لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ نوێژکردن لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە رفێنراوە و لە(٢٨)ی کانونی دووەمی(٢٠٠٠)دا لە ماڵێک لە کارتاڵ لەگەڵ حسێن وەلی ئۆغلو بە کوژراوی دۆزرانەوە.([İZZETTİN YILDIRIM HAYATI VE KİŞİLİĞİ (ufkumuzhaber.com)]()،**وەرگیراوە لە: (٢٦)ی کانونی یەکەمی(٢٠٢١)).**

[4] İbrahim S. Işık, A'dan Z'ye Kürtler: önce kikaynak,sayfa348.

وەقف* خزمەتی کردووە[1]. ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکدا لە (٢١)ی ئابی ١٩٩٩ دەڵێت:"من لە (١٩٦٢)وە خزمەتی پەیامەکانی نور دەکەم و لە ئێستەدا هەر ئەو کەسەم، کە زەهرام بۆ پەروەردەکردن و رۆشنبیری مناڵەکانی وڵاتەکەمان راگرتووە و پێنج کەسی دیکە لەگەڵمدا سەرۆکی وەقفن، جگە لە ئەنجومەنی شورا، کە لە(١٥)کەس پێکهاتوون ئەو ناوی وەقف، کە دامناوە وەرگیراوە لە ناوی زانکۆی زەهرا، کە ئوستاز نورسی ئیشی بۆ بنیاتنانی دەکرد"[٢].

ئامانجەکانی وەقفی زەهرا بریتیبوون لە: (دابینکردنی ئامرازەکانی پەروەردە بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی، کە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە، هەتاوەکو دەگات بە زانکۆ و ئامادەکردنیان بۆ چوونەناو هەموو قۆناغەکانی دامەزراوە فەرمییەکانی پەروەردە. پێدانی بەخششی خوێندن بە بەردەوامیو دابینکردنی شوێنی مانەوەیان و کردنەوەی خولی فێربوونی لەبەرکردنی قورئانو ناردنی قوتابییان بۆ دەرەوەی وڵات و مانەوەیان و کردنەوەی خولو جادرگەی پەروەردەی لە وەرزی هاویندا...هتد، دامەزراندن و بنیاتنانی دەزگای پەروەردەی و شوێنی قوتابی، مزگەوت و کردنەوەی کتێبخانە و سەنتەری توێژینەوە...هتد، یارمەتیدانی ئەو کەسانەی، کە هەژارن یان دایک و باوکیان لە ژیان نەماون دەیانەوێت بچنە پرۆسەی  هاوسەرگیرییەوە ...هتد)[٣].

گروپی زەهرا، لەسەردەمی عیزەددین یەڵدرم، زۆر چالاک بووە، بووەتە جێگەی باس‌وخواستی خەڵکیو ناوەندە ئیسلامیی و ئەکادیمیی و تەنانەت حکومەت و بەتایبەت هێزە ئەمنییەکانی تورکیا. زەهرا بەهۆی بەردەوامی لەسەر پرسی کورد وناساندنی نورسی وەک زانایەکی ئیسلامی وایکرد لە ناوچە کوردییەکاندا لە باکووری کوردستان گروپەکە  مایەی پەسەندکردنی خەڵکی بێت[٤].

هەردوو گروپی شایهانزادەو عیزەددین یەڵدرم، لە بڵاوکراوەکانیاندا(دەعوە (Dava)، زەمینی نوێ (Yeni Zemin)، بەهاری نوێ(Nubihar)*)، بە پشتبەستن بە دەقە ئیسلامییەکان خۆیان بە ناسنامەی کوردایەتییەوە دەکرد بە خاوەنی پرسی کورد و رەخنەی توندیان لە سیاسەتی دەوڵەت و گروپەکانی دیکەی نور بەرامبەر بە کورد گرتووە، بەتایبەتی لە بابەتی گۆڕینی هەندێک وشە و ناو لەناو پەیامەکانی نوردا لەلایەن گروپەکانی دیکەی نورەوە، چونکە گروپەکانی دیکەی نور، هیچ  باسێکی

---

* وەقف: بەکەسێک لەناو گروپەکانی نوردا دەگوترێت وەقف، واتە هاوسەرگیری ناکات و زۆر بە کەمی دەڕواتەوە بۆ ماڵی باوک و کەسوکاری و خۆی بۆ خزمەتی مەدرەسەی نور یەکلایدەکاتەوە، خەرجییەکانی پارەیەکی کەمە لەسەر داهاتی مەدرەسە و ئەو گروپەیە، مەرج نییە کەسێک، هەتاوەکو مردن وەقف بێتو هاوسەرگیری نەکات، بەڵکو دەکرێت بۆ ساڵێک  زیاتر  یان، هەتاوەکو مردن وەقف بێت.**(توێژەر)**.

[1] Büşra Ersanlı: Önce Kikaynak,Sayfa27.

[٢] وەرگیراوە لە: د.آزاد سعید سمو: م.س، ص١٩٣.

[٣] م.ن، ص١٩٣.

[4] Abdül Samet Çelikçi: Önce Kikaynak,Sayfa43-44.

* بەهاری نوێ(Nubihar): لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت نەوبەهار، وەک گروپێک و دەزگایەکی ئەکادیمییو زانستیی لە زەهراو مێد – زەهرا، جیابووەتەوە بۆخۆیان بە سەربەخۆ کاردەکەن. بەهاری نوێ، ساڵانە زیاد لە جارێک خولی فێرکردنی زمانی کوردی هەردوو شێوە زاری سۆرانییو بادینی دەکاتەوە، کە چەندین فێرخوازی کوردی سۆرانیی و کرمانجی و تورک و فارس و عەرەب بەشدارییی تێدادەکەن، بەمە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی زمانی کوردیی و ئاشناکردنی بە نەوەی نوێی کورد لە تورکیا و وڵاتانی دیکە و خەڵکی بێگانەش، بەڕێوەبەری دەزگای نەوبەهار، ناوی (سلێمان چاڤیک)ە، هەتاوەکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە لە ژیاندا ماوە زیاتر لەجارێک پەیوەندییمان پێوەکرد بۆ مەبەستی چاوپێکەوتن، بەڵام ئامادە نەبوو وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە.**( توێژەر)**.

کێشەی کوردیان نەکردووە تەنانەت لە ئاستی گوتار و تێڕوانینیان بۆ ئەو کەسانەی، کە داوای مافی کورد و کوردایەتییان کردووە هاوتەریب لەگەڵ هەڵوێستی دەوڵەتدا بە جوداخواز ناوزەدیان کردووە، تەنانەت گروپەکانی دیکەی نور لە چوارچێوەی ئایینەکەدا شیکاریان بۆ ئەو جۆرە داواکارییانە کردووە بە داواکاری نەتەوەپەرستی و رەگەزپەرستی دایانناوە، هەربۆیە پەیامەکانی نور، کە لەلایەن نورسیەوە دانراوە وشەکانی کورد و کوردایەتی و کوردستانو(أكراد)یان لابردووەو لەبری ئەو وشانە دەستەواژەکانی وەک خۆرهەڵات و(شرق)... هتد دانراون. بەمجۆرە خودی نورسی لەلایەن ئەو کەسانەی، کە شەیدای خوێندنەوەی پەیامەکانی بوون هەوڵی تورکاندنی دراوە، جگە لە مێد-زەهرا، بە هەردوو گروپەکەی شایهانزادە و عیزەددین یەڵدرم، کە جەختیان لەسەر کێشەی کورد و ناسنامەی کورد کردەوە. هەر ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوەو دابەشکاری بوو لەناو بزووتنەوەی نورجو دوای مردنی نورسی پەیدابوون[١].

دەتوانیین بڵێین پەیامەکانی نور نەیانتوانیوە بابەتی نەتەوەپەرستی لە مێشکی خوێندکارەکان نەهێڵن، بەجۆرێک تورکە نورسییەکان نکۆڵی لە کوردبوونی نورسی دەکەن و بەشێک لە کوردەکانیش جەختی لەسەر دەکەنەوە.

هەر لە چوارچێوەی پشتگیری کورد، زهرای لایەنگری ئیسلام خۆی وەک دژی باڵی پشتیوانو لایەنگرانی دەوڵەت و بزاڤی گولەنی لایەنگری تورکیا، دادەنا و ئەرک و بەرپرسیارێتی ڕەواجدان بە زمان و کولتوری کوردی پێڕەوی کرد. بۆ نمونە، کە نەوبەهار(Nûbihar)، لە(١٩٩٢)ەوە، دەرکرد، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پرسە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان. لەهەمانکاتدا جەخت لەسەر پرسی کورد دەکاتەوە لەڕوانگەی ئیسلامەوە، بۆ نمونە:موحیتین کایا، لە گۆڤارەکەدا جەختدەکاتەوە:"هەندێک لە ناوەندە کۆنەپارێزەکان لەسەر فکرەی" برایەتی ئیسلامی" وەک چارەسەری کێشەی کورد جەختدەکەنەوە. لەڕاستیدا، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە هەوڵدەدەن شەرعییەتی خواستەکانی کورد لاوازبکەن، هەربۆیە ئەوە بەردەوام نابێت. لەلایەکەوە، کورد بە برا دابنێیت و لەلایەکی دیکەوە مافی زمان و کولتورییەکانی فەرامۆش بکەیت، ئەگەر تورکێک مافی زمان و کولتوری دیاریکراوی لەم وڵاتەدا هەبێت، ئەوە پێویستە کوردێکیش هەمان ماف و ئازادی هەبێت. وەک پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمێت:"وەک برا، پێویستە لەسەر موسڵمانان یەکتری نەچەوسێننەوە". دوای ئەوە لە جێگەی برایەتی ئیسلامی، برایەتی یاسای و یەکسانی بریتییە لە چارەسەری راستەقینەی پرسەکە"[٢]، واتە پرسی کورد. ئەم راگەیاندننامەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە، چالاکوانە کوردە کۆنەپاریزانە رەخنە لە فکرەی برایەتی ئیسلامی دەگرن، کە هەندێک لە ناوەندەکانی لایەنگری ئیسلام بەکاری دەهێنن بۆ بەهێزکردنی یەکێتی و هاریکاری لەنێوان کورد و تورک، لەبەر ئەوەی برایەتی موسڵمانان شوناسی رەگەزی دەخاتە ژێر شوناسی ئیسلامییەوە، هەربۆیە چالاکوانە کوردە دیندارەکان ئەوە بە سەرنجڕاکێشان دادنێن. زیاتر لەوە، موحیتین کایا پشت بە فکرەی ئایینی دەبەستێت بۆ ڕەواجدان بە پرسی کورد[٣].

---

[1]İbrahim S. Işık, A'dan Z'ye Kürtler: Önce Kikaynak,Sayfa348.

[2] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Religion and ethno-nationalism: Turkey's Kurdish issue, Nations and Nationalism, Journal of the Association for the study of ethnicity and Nationalism (ASEN), 19 (3), 2013, P. 555.

[3] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit,P.555.

گروپی زەهرا، جگە لە ناوخۆی بزووتنەوەی نورجو، لە مەسەلەی کورددا لەگەڵ گروپە ئایینیەکانی تورکیاشدا جیاوازبوون و تێکگیراون، چونکە زەهرا هەمیشە جەختی لەسەر پرسی کورد دەکردەوەو دژی دەوڵەت و هەر حیزبو گروپی دیکە بوون، کە دژایەتی ئەم پرسەیان بکردایە.

گوتەبێژانی گروپی مید-زەهرا وایدەبینن، کە نورسی جیاوازی کردووە لەنێوان سیاسەتی ئیسلامیی و سیاسەتی مرۆڤ. سیاسەتی ئیسلامی لەسەر سروش(وەحی) وەستاوە، سیاسەتی مرۆڤ هاوواتای شەیتانە. لە کاتێکدا سیاسەتی ئیسلامی بەشێکە لە ئیسلام. مید-زەهرا، قسە لەوە دەکات نورسی دژی سیاسەتی حیزبایەتی بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی و کۆماری تورکیاشدا[1].

لەناو ئامانجە بنەڕەتییەکانی گۆڤاری دەعوە، بەهێزکردنی یەکگرتن بوو لەژێر بەیداخی یەکتاپەرستیدا بۆ زاڵبوون بەسەر پەرتبوونی دەستکردی کۆمەڵە ئیسلامییەکانی تورکیادا، کە لە ئەنجامی بێزارکردنی هێزە دەرەکییەکانەوەیە. ئامانجێکی دیکە خۆیدەبینییەوە لە راستکردنەوەی ئەو هەڵە فکرییانەی کۆمەڵەکانی دیکەی نورجو برەویان پێدەدا، هەروەها وەڵامدانەوەی رەخنە نادادپەروەرەکان لە بزوتنەوەی نورجو[2]. گۆڤاری دەعوە و شایهانزادە، تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر ئەو کەسانە، کە لەبەرەی چەپ بوون بەهەمانشێوەی گروپە ئیسلامییەکانی دیکە بوو، هەربۆیە شایهانزادە لەگەڵ دوژمنایەتیکردنی عەلەویەتدا لەهەمانکاتدا دژایەتی رەوتی چەپی دەکرد، لە گۆڤاری دەعوەدا بزووتنەوەی کوردایەتیو رەوتی چەپی بە خزمەتکردنی ئایدیۆلۆجیای فەرمی دەوڵەت و هاریکاری دەوڵەت تۆمەتبار دەکرد، کەسێک ئەگەر موسڵمانیش بێت، بەڵام لۆمەی ئایینەکەم بکات رێک ئەم وتەیەی شیاوە:"ئایدیۆلۆجیای فەرمی دەوڵەت بەهۆی پڕوپاگەندە ژەهراوییە ژێربەژێرەکانیەوە وایکردووە کوردەکان زیاتر بەلای تەوژمی چەپدا بچن، ئەمە بووەتەهۆی سەرهەڵدانی گومان لای ئیسلامییە کوردەکان لێرەوە نزیکبوونەوەی ئیسلامییە کوردەکان لە دەوڵەت و خۆدزینەوەیان لە ریزەکانی دەوڵەتدا بووەتە کارێکی قورس وگران. هەڵوێستی رەوتی چەپی ناو کوردەکان بەرامبەر بە کولتور و دابونەریتمان پێچەوانەیە ئەم رەوتە، کە ئامرازی دەستی هێزێکی دیکەیە لە سوودی ئایدیۆلۆجیای فەرمی دەوڵەت کاردەکات"[3].

ئەگەر تەماشای نووسینەکانی عەبدولقادر ئیقبال(Abdülkadir Ikbal)، کە یەکێک لە نووسەرەکانی گۆڤاری زەوی نوێ(Yenı Zemin)، و بەرپرسی لقی ئورفا(Urfa)ی کۆمەڵەی زەهرا، بکرێت وەک تێڕوانینی گشتی کۆمەڵەی زەهرا، لەگەڵ کۆمەڵە تورکییەکانی دیکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە بۆ نمونە عەبدولقادر ئیقبال لەساڵیادی راگەیاندنی کۆماری تورکیادا بەدەر لە مەسەلەی کورد، لە بابەتەکانی دیکەدا رەخنەکانی هەروەک رەخنەی کۆمەڵە تورکییەکانی دیکە بووە. عەبدولقادر رەخنە لە سیکۆلاریزم دەگرێت:" هەربۆیە سیکۆلاریزم پەسەندکراوە، چونکە ئایینی لە دەرەوەی ژیانەوە لاپەسەندە، بەڵام کۆماری تورکیا هیچ لەوە ناپرسێتەوە، کە سیکۆلاریزم چییەو چیی نییە"[4]، هەربۆیە جگە لە سوننی بوونی دەوڵەت، هەموو ئەو هەڵمەتو ستەمانەی دەوڵەت بۆسەر ناموسڵمانان و بڕیاری قەدەغەی چالاکییە ئایینییەکان تەنانەت بۆ سەر عەلەوییەکان هیچ بە لای عەبدولقادرەوە گرنگ نییە. ناوبراو جگە لەو ستەمانەی لە موسڵمانە ئاییندارەکان دەکرا هیچ چینێکی

---

[1] Fulya Atacan: Op.Cit,P.119.
[2] Ibid,P.113.
[3] Osman Tiftikçi: Önce Kikaynak,Sayfa210.
[4]Aynikaynak,Sayfa211.

دیکەی بەلاوە گرنگ نەبوو، بە بڕوای عەبدولقادر سوو و مەشروبات و قومار...هتد لەلایەن دەوڵەتەوە هێنراوەتە ناو کۆمەڵگەوە کارگەکانی دەوڵەت دەستیانکردووە بە بەرهەمهێنانی شەراب و یانسیب کەوتووەتە بازاڕەوە لەژێر پەردەی یەکسانی ژن و پیاودا، ژنان هێنراونەتە کۆڵانو شەقامەکان، عەبدولقادر پێیوایە سەرجەم ئەو ستەمانەی لەسەردەمی کۆمارو حوکمی تاکە حیزبیدا لەڕووی ئابووریو سیاسیی و قەدەغەکردنی ڕێکخراوەی لەسەر چینوتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە نەفی کردنی ناموسڵمانەکان، کە هەزاران ساڵ بووە لەسەر ئەو خاکە ژیاون ئەو ڕێگریانەی خراوەتە سەر چاپەمەنییەکان هەموو ئەم ستەمانە زۆر بچوکە بە بەراورد بەو ستەمەی لە موسڵمانە سوننییەکان کراوە[1]، هەربۆیە بە درێژای مێژوو گروپی زەهرا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەت و سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی باش نەبووەو ساردییەک لە پەیوەندییەکانیاندا هەبووە، ئەم گروپە پێیانوایە دەوڵەت لەڕێگەی سەرۆکایەتی کاروباری ئایینییەوە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی ئایین و کاروچالاکییەکانی خزمەتکردن بە ئایین دەدات، بەجۆرێک ئایین بخاتەژێر رکێفی خۆیەوە، لەسایەی ئەم سیاسەتەیدا بەتوندی دژی چاپکردنی پەیامەکانی نور بوون لەلایەن سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی لە تورکیا و رەخنەی توندیان لێگرت و تەنانەت لە دادگا سکاڵایان لەو هەنگاوانەی حکومەت کرد[2].

کورد لە گروپەکانی نورجو، هەر تەوژمو بۆچوونێک، کە باس لە ئازادی رادەربڕین و ئازادی ژنی بکردایە تێڕوانینێکی دەستەگەری(Cemaatçi)یان هەبووە بۆی، هەربۆیە عەبدولقادر ئیقبال، یەکسانی ژنو پیاوی وەک خستنە کۆڵان و سەرشەقامی ژنان راڤە کردووە، هەروەها عیزەددین یەڵدرم دەیوت:"خانمان سەرقاڵبن بە پەروەردەکردنی منداڵەوە لەماڵدا زۆرباشترە لە کارکردنیان لەدەرەوە"[3].

مێد-زەهرا، وەک گروپە ئیسلامییەکانی دیکە دژی بیردۆزی پەرەسەندن بوون، هەربۆیە عەبدولقادر ئیقبال نەفرەتی لە بیردۆزی پەرەسەندن کردووە بەجۆرێک لە نووسینەکانیدا هیچ سنورێکی ئەخلاقی نووسین و بڵاوکردنەوەی نەهێشتووەتەوە لەبارەی بیردۆزەکەوە دەڵێت:"بزووتنەوەی داروینیزم، مرۆڤەکانی دەکرد بە ئاژەڵ، واتە پشتیبەستووە بە بناغەی ژیان وەک ئاژەڵ. ئەوانەی، کە داروینیزمیان دەخوێندەوە هەوڵیانداوە بڕوا بە خۆیان بهێنن، کە وەک ئاژەڵ دەژین. ئەوانەی دەیانوت لەبەرئەوەی وەک ئاژەڵ هاتوومەتە ژیانەوە، کەواتە مافی خۆمە وەک ئاژەڵ بژیم کەسانێک هەبوون، کە ژنیان وەک موڵکی گشتیی کۆمەڵگە تەماشاکردووە"[4]. وێڕای ئەوەی عەبدولقادر دژی بیردۆزی پەرەسەندن بوو، بەڵام دواجار پێیوابووە، کە کۆمەڵەی زەهرا لە ئەنجامی پرۆسەیەکی گۆڕان و گۆڕانکارییدا و دەرنجامی پەرەسەندنەکانی ناوچەکە دروستبووە[5].

گروپی زەهرا وەک گروپەکانی دیکەی نورجو جەختیان لەسەر پەیامەکانی نور دەکردەوە وەک ڕێبازی پەروەردەی خۆی لێیدەڕوانین، هەروەها پێیانوایە نورسی لەڕێگەی تازەکردنەوەی ئایینەوە لەسەدەی بیستەمدا توانیویەتی بەشێواز و پێکهاتەی نوێ و گونجا و لەگەڵ گیانی سەردەم و پێشکەوتنی زانستو تەکنۆلۆژیادا ئایینی ئیسلام و ئیمان لەڕێگەی پەیامەکانی نورەوە راڤە بکات و

[1]Osman Tiftikçi: Önce Kikaynak, Sayfa211.
[2] Büşra Ersanlı: Önce Kikaynak,Sayfa69.
[3] Osman Tiftikçi: Önce Kikaynak,Sayfa211.
[4]Aynikaynak,Sayfa212.
[5] Osman Tiftikçi: Önce Kikaynak, Sayfa213.

بۆ خەڵکی روونبکاتەوە ئەمە بە جیاوازی سەرەکیی نورسی لەگەڵ زانایانی ئیسلامی پێش خۆی تەنانەت هاوسەردەمی خۆی دادەنرێت[١]. بە بۆچوونی عیزەددین یەڵدرم، ئامانجی نورسی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە، بەڵام پێش ئەوە دەبێت زەمینەی بۆ سازبکرێت و کەسی باش و سەرکردە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە ئامادە بکرێت، یەڵدرم ئەوەیخستەڕوو، کە گروپەکەی لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەی نورسی تێدەکۆشێت، پێیوابوو ئەو مەدرەسانەی لە دێرزەمانەوە لە شێوەی حوجرەدا لە باکووری کوردستان قوتابی و فەقهێیان پێگەیاندووە لەڕووی زمانی عەرەبییەوە باش و تەواوبوون، بەڵام بۆ زانیاریی ئایینیو لە بوارەکانی فیقهی و تەفسیرو فەرمودە...هتد تەواونەبووە و نەیتوانی ئەرکی خۆی بەباشی ئەنجام بدات، لەبەرئەوە یەڵدرم پێیوایە مەلاکانی ئەو ناوچەیە تەنیا قسەدەکەن و کردارێکی وایان بۆ خزمەتی ئیسلام نییە، کە شایەنی باسبێت، هەربۆیە پێویستە ئەو بارودۆخە بگۆڕێت. گروپی زەهرا بەزۆری چەمکی ئازادی، راوێژ، دادپەروەری، بەکاردەهێنن و چالاکیی و پروپاگەندەکانی لە دەوری ئەو سێ چەمکە دەسوڕێتەوە[٢].

گروپی زەهرا، پەیامەکانی نور بە زمانی تورکیو کوردی(بە کرمانجی ژوورو زازاکی) و عەرەبی چاپو بڵاودەکاتەوە، ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی زەهرا(Zehra Yayndik) لە ئەنقەرە قوتابخانەکانی زەهرا(Zehra Okullary) لە وان و بینگوڵ کۆلێژی ئازادی(Hürriyet Kolejien) کردووەتەوە[٣].

سەبارەت بە پرسی کورد، زەهراو، مێد-زەهرا، جەختدەکەنەوە لەسەر کوردایەتیو کوردبوونی نورسی، هەروەها چارەسەری پرسی کورد بە رێگەی ئاشتی بە پێویست دەزانن و پێیانوایە دەبێت مافی قسەکردن بە زمانی دایک و سەرجەم مافەکانی دیکەی کورد دەستەبەربکرێت[٤].

مێد-زەهرا، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی بە شۆڕشێکی ئیسلامی پوخت داناوە، پێیوایە هەردوو سەعیدەکە(نورسی و شێخ سەعیدی پیران)، بیرۆکەکانیان هاوشێوە و هاوبەشی یەکدی بوون، کە هەردووکیان ئینتمایان بۆ هەمان خاک و نەتەوە و کولتوری کوردی هەبووە، لەهەمانکاتدا هەردوو سەعیدەکە شوناسێکی دوانەیان هەبووە، کە(موسڵمان و کورد) بوون[٥].

بەشێوەیەکی گشتیی بزووتنەوەی نورجو، لە دوای مردنی نورسی، ئەو دابەشبوونەی لەناو بزووتنەوەکەدا رویدا، هەر گروپەو لە مەسەلەی ئایینی ئیسلام و پرسی کورد و سیاسەتدا جیاوازبوون و هەریەک لەو گروپانە بە تێڕوانینی خۆی و بە پشتبەستن بە راڤەکردنی پەیامەکانی نور و تێڕوانینو گەڕانەوە بۆ مێژووی بزووتنەوەی نورجو و نورسی رێبازی خۆیان دیاریکرد، کە زۆربەی ئەو گروپانە دامەزراوەی ئەوقاف و ناوەندی توێژینەوەو پرۆژەی ئابووریو کەناڵی تەلەڤزیۆنی و وێستگەی رادیۆو مینبەری رۆژنامەوانیان هەیەو ئامادەگی چڕیان لە ژیانی تورکیا لە چوارچێوەی رێزگرتن لە یاسا تەواو باوەکان و رێسا گشتییەکان هەبووە[٦]، هەروەها لە سەرەتای

---

[1] Abdül Samet Çelikçi: Önce Kikaynak,Sayfa43- 44.

[2] Ali Murat İrat: Kürt Sağının Kimlik İnşası: Hizbullah ve Zehra Vakfı Örneği, Doktora Tezi, Ankara Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüeü, Siyaset ve Kamu Yönetimi Anabilim Dalı, Ankara, 2017,sayfa19.

[3] Kazım Güleçyüz: Önce Kikaynak,Sayfa84-85

[4] Aynikaynak,Sayfa84-85.

[5] Fulya Atacan: Op.Cit,P.129.

[٦] عبدالقادر الادريسي: م.س، ص٢٥-٢٦.

نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، کوردە دیندارەکان زیاتر بایەخیان بە مێژووی کورد و زمانەکەی و کولتورەکەی و مافەکانی داوە. گوتاری پشتگرتنی کوردیان لەڕێگەی ئاماژەکردن بە ئیسلام و قورئانەوە بەهێزکرد. بەمانایەکی دیکە، ناوەندە کوردییە کۆنەپارێزەکان گوتاری ئایینییان بۆ شەرعییەت پێبەخشینی جیاوازییەکان و داواکاری ئیتنیکیو بەرگرییکردن لە کورد دژی ئاوێتەکردنی، قۆستەوە و بەکاریانهێنا. جەختیاندەکردەوە خودای گەورە رەگەز و زمانەکانی بە یەکسانی ئافراندن (خەلق) کردووە. ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ ئەو تەفسیرەدابوو، ئەوە سەرکوتکردنی زمان و مافی گەلی کورد، فێرکارییەکانی قورئان پێشێل دەکەن[1].

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو گروپانەی، کە لە دوای مردنی نورسی لە بزووتنەوەی نورجو جیابوونەوە و لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیا بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی دەرکەوتن، وەک جووڵانەوەیەکی ئایینی کاریگەریی بەهێزیان لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا و کۆمەڵگەی کوردی و تورکی دانا، هەرچەندە هەندێک لەو گروپانە لە سیاسەت دوورکەوتنەوە، بەڵام بە بایەخدان بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە و خزمەتکردن بە دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هاریکاری ماددی و مەعنەوی قوتابییان بەسەرجەم ئاست و ناوەندەکانی خوێندنەوە، توانییان بەجۆرێک لە جۆرەکان لایەنگری و باوەڕپارانی زیاتر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکووری کوردستان، کە هەردەم بەدەستی هەژاری و نزمی ئاستی خوێندن و خراپی دۆخی ئابوورییەوە گیرۆدەبوون، هەربۆیە ئەو خزمەتانەی، کە گروپە جیاوازەکانی نور لە بوارەکانی ئایینی و ئابووری و خوێندنو پەروەردەوە دەیانکرد بوونە هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کورد بچنە ناو ئەم گروپانەوە وێڕای ئەوەی خودی نورسی، کە بە رەچەڵەک کورد بوو، بەشێک لە رێبەر و سەرکردەکانی ئەو گروپانەش لە باکووری کوردستان لەدایکبوون و پەیامەکانی نور و نورسی کاریگەریی گەورەی لەسەرداناون

ئەو گروپانەی وەک زەهراو، مێد – زەهرا، کە رەواجیان بە پرسی کورد دەدا، ئەمەش وایکرد بۆ دەوڵەتی کۆماری تورکیا جێگەی مەترسی زیاتربوون. پێمانوایە سەرجەمی ئەوگروپانەی نورجو، کە دوای نورسی دامەزراون ئەگەر بەشداریی راستەوخۆیان لە سیاسەت نەکردبێت، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا هەبووە، هەربۆیە ئەم گروپانە لەلایەن دەوڵەتەوە جێگەی بایەخدانن و زۆرجاریش بە مەترسی سەیردەکرێن.

---

[1] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit, P. 555.

# بەشی دووەم

# سیاسەتی پارتە ئیسلامییە سیاسیەکانی تورکیا و بزاڤی فەتحوڵڵا گولەن بەرامبەر بە کورد لە باکووری کوردستان

# باسی یەکەم

## سیاسەتی پارتەکانی نەجمەدین ئەربەکان بەرامبەر بە کورد:

ئەربەکان لە(٢٦)ی کانونی دووەمی(١٩٧٠) پارتی سیستمی نیشتمانی(Mılli Nizam Partisi)ی دامەزراند، ناوبراو نەقشبەندی بوو، هەروەها لە باوەڕیارانی شێخ محەمەد زاهید کوتکۆ بوو[١]، هەربۆیە لەسەرەتایی دەرکەوتنییەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی سیکۆلاریزم پشتی بە ئیسلامی سیاسی بەستو لەم رووەوە دژی جیاوازی رەگەزی بوو لە تورکیادا، هەموانی بەبرای یەکدی دانا، بەم تێڕوانینەی رەوتی گشتی سیاسەتی حیزبەکەی بەرامبەر بە گرفتە نەژادی و نەتەوەیەکان داڕشتو لەم بوارەدا حیزبەکەی جیاوازی لەنێوان تورک و کەمینە نەتەوەیەکانی دیکەی تورکیا نەکرد و پێیوابوو، کە هۆکاری هەموو گیروگرفتەکانی تورکیا زاڵبوونی ماددییەتە بەسەر کۆمەڵدا لەسەر حیسابی بەها رۆحییەکان سەرباری بانگەوازی ئاشکراو راشکاوانە بۆ گەڕانەوەی رابردووی ئیسلامییانە لەسەر مۆدێلی عوسمانیی و کردنی ئیسلام بە ئایینی فەرمی، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر شەقامی تورکی بەجێهێشت، چونکە ئەم شەقامە بەدوای ناسنامەیەکدا دەگەڕا، کە لەناو بەرۆژئاوایکردنو نەتەوایەتیو ئاییندا ونبووبوو[٢].

پارتی سیستمی نیشتمانی هەرلەسەرەتایی دامەزراندنییەوە پشتیوانی بورژوای ئەنادۆڵی بەدەستهێنا و وێڕای کەمەنکێشکردنی نەوەی دێهاتییەکان ئەوانەی خاوەن تێڕوانینی ئیسلامی بوون[٣]، بەڵام ئەم حیزبە زۆر نەمایەوەو پاش کودەتای(١٩٧١) لە(٢٠)ی ئایاری هەمان ساڵ بە بڕیاری دادگای دەستووری هەڵوەشایەوە، پاشان ئەربەکان رێبەری حیزبەکە روویکردە سویسرا و لەپاش دووساڵ بۆ تورکیا گەڕایەوە. پاش دەرچوونی لێبوردنی گشتی، ناوبراو بەر لێبوردنەکە کەوتو رێبەرایەتی پارتی سەلامەت(١٩٧٢دامەزراوە) گرتەئەستۆ و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا کرد. پارتەکە سوودی لە بەرژەوەندیخوازی پارتەکانی دیکە و بەرهێنانی ئایین بینی و بەرنامەکانی پێشکەشکرد و هەلومەرجەکە هێزێکی جەماوەری پێبەخشی وایکرد کەسایەتییەکی بەهێز بۆ ئیسلامییەکان دروستبکات. لەپاش ئەوەی شوناسی تواوەی نێو چەندین تەوژمی ئیسلامی بوو پارتی سەلامەت پشتیبەستبوو بە دەنگدەرەکانی و بە باشی لە لایەنگرانی دڵنیا بوو. پارتەکە رێککەوتبوون لەنێوان گروپی ئەسکەندەرپاشا، کە یەکێک بوو لە لقەکانی رێبازی نەقشبەندی و کۆمەڵەی نور، درکیان بەوەکرد، کە لایەنگری و پشتگیری زۆرینەی هێزە ئیسلامییەکان بەدەستدەهێنێت[٤].

ئەربەکان سیستمی سیکۆلاری بە بەرپرسی دەرکەوتنی پرسی کورد دەزانی، لەبەرئەوەی دوای کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، حکومەتی تورکیا لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی تورکی بنیاتنراوە ئەنجامی سروشتی ئەوە بریتیبووە لە مەیلی جوداخوازی نەتەوەکانی دیکە و مەترسی دروستکردن لەسەر یەک پارچەی تورکیا، ئەم هەڵوێستەی ئەربەکان کاریگەریی هەبوو لەسەر هەڵبژاردنەکان، هەربۆیە لە هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی(١٩٧٣)دا زۆربەی کورد لەو هەڵبژاردنەدا زیاتر دەنگی خۆی

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل١٦٢-١٦٥.

[٢] د.عصمت برهان الدین عبدالقادر: تطور الظاهرة، ص٧٥.

[٣] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل١٦٧.

[٤] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ماجید محی عەبدولعەباس: س.پ، ل٩٢-٩٥.

بەسوودی ئیسلامگەراکان رشتە سندووقەکانی دەنگدانەوە رۆڵی گرنگیان بینی لەسەرکەوتنی پارتی سەلامەت وەک پارتێکی ئیسلامی، کە لە دوای هەریەک لە جەهەپە و پارتی عەدالەت بە پلەی سێیەم هات[1].

دەنگدانی رێژەیەکی زۆری کورد بە پارتی سەلامەت، لە لایەک دەگەڕایەوە بو هەڵوێستی نەرێنی پارتی جەهەپە بە درێژای کۆماری تورکیا بەرامبەر بە پرسی کورد و لەلایەکی دیکەوە پارتی عەدالەت نەیتوانی پابەندی بەلێنەکانی بێت لە چارسەرکردنی ئەو پرسە، هەربۆیە کورد بە ئومێدی ئەوەی پارتی سەلامەت وەک پارتێکی ئیسلامی بتوانێت لە چارەسەری پرسی کورددا رۆڵی ئەرێنی ببینێت.

پارتی سەلامەت لە هەڵبژاردنەکانی(١٩٧٧)دا رێژەی( ٦٣,٢٪)ی کۆی دەنگەکانی، کە بەدەستیهێناوە لەناوچە گوندنشینەکانەوە بوو بەتایبەت لە ناوەڕاستی تورکیا و باکووری کوردستان، دەنگەکانی دیکەی لەو ناوچانە بوو، کە بازرگانە بچووکەکان و پیشەگەران، لە شارە گەورەکاندا دەژیان. پارتی سەلامەت رێژەی دەنگەکانی لە(١٩٧٧)بەراورد بە هەڵبژاردنی(١٩٧٣)کەمی کرد، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەستەگەری و ناکۆکی لەناو پارتەکەدا، بەهۆی جیاوازی کۆمەڵایەتیی و جیاوازی تێڕوانینەکان لەنێوان ئوسوڵگەراکان، ئازادیخوازەکان، تەکنۆکراتەکان، نورچییەکان و نەقشبەندییەکانی نێو پارتەکە پێکەوە هەڵیاننەکرد و لێکجیابوونەوە[2]. پارتی سەلامەت لە هەڵبژاردنە شاروانیەکانی هەمانساڵدا تەنیا(٦,٨٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و پاشان خۆی کردە هاوپەیمانی پارتی عەدالەت و سێ وەزارەتی دەستکەوت، بەڵام کاتێک حکومەت متمانەی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا، پارتی سەلامەت نەچووەناو ئەو هاوپەیمانییەی، کە جەهەپە پێکەوەینا[3].

پاش کودەتای(١٢)ی ئەیلولی( ١٩٨٠)و بەپێی یاسای پارتە سیاسییەکان لە(١٩)ی تەمموزی(١٩٨٣)، رەفاه دامەزرا، هەرلەسەرەتاوە ئەربەکان و پارتەکەی بەشدارییان لە خستنەڕووی چارەسەر بۆ یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی تورکیا کرد ئەویش لەڕێگەی گرتنەخۆی ئەو کوردانەی ئاڕاستەی ئیسلامییان هەبوو، لەبەرئەوەی بەوپێیەی چەمکە ئیسلامییەکان خواستی دووبارە دابەشکردنەوەی شوناسی سیاسییان نییە، رەفاه زۆرترین پێشوازی لەلایەن کوردەکانەوە لێکرا، لەبەر سیاسەتی نەرم لەگەڵیان ئەویش بە پێشنیازکردنی بنەمای یەکێتی ئیسلامی لەگەڵ گۆڕینی دیدگای سیاسی فەرمانڕوای بە مەرجی نەگۆڕینی نەخشەی جوگرافی و پارێزگاری لە یەکگرتووی دەوڵەت. رەفاهسەرەڕای هەوڵەکانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دژی هەر هەنگاوێکی جیابوونەوەی کورد لە تورکیا بوو. ئەربەکان و پارتەکەی ئەوەیان رەتکردەوە، کە لە گۆشەیەکی رەگەزییەوە لە کێشەی کورد بڕوانن، وایان دەبینی، جیاوازی رەگەزی بۆ ململانێ نییە، بەڵکو بۆ هەماهەنگی و هاریکارییە، بەڵام جیاوازی زمان شتێکی سروشتییە. رەفاه لەگەڵ یەکێتی تورکیا و رەتکردنەوەی هەرجۆرە دابەشبوونێک بوو[4].

رەفاه بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان(١٩٩٥)، سەبارەت بە پرسی کورد وایدەبینی مەسەلەکە سێ رەهەندی هەیە، رەهەندی یەکەم: بریتییە لە کێشەی پشتگوێخستنی ئەو پارێزگا کوردییانە لەڕووی

---

[1] محمد رضا زارع: م.پ، ص٢٣٣.

[2] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل١٨٢-١٨٣.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.عصمت برهان الدین عبدالقادر: تطور الظاهرة، ص٧٦-٧٧.

[4] منال الصالح: م.س، ص٢٤٩,٢٤٨.

ئابوورییەوە. دووەم: بریتییە لە کێشەی کورد واتە ناسنامەی کورد. رەهەندی سێیەم: کێشەی تیرۆرە، ئەو رەهەندانەش بەشێوەیەکی پتەو پێکەوە گرێدراون‌و هەربۆیە پارتەکە کۆشش دەکات بۆ چارەسەرکردنیان[1].

ئەربەکان دژی تیرۆر بوو، کە مەبەستی پەکەکە بووە، وایدەبینی پرسی کورد لە باکووری کوردستان بەشێکە لە کێشەی تورکیا و زیاتر کێشەیەکی ئابوورییە، هەروەها بانگەشەی دەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی واقیع و داننان بە مافە سروشتییەکانی کورد لە چوارچێوەی مافی کولتوری و رێگەدان بە قسەکردن بە زمانی دایک و بەکارهێنانی لە پەروەردە و فێرکردن و پەخشی تەلەڤزیۆن‌و رادیۆدا[2]، هەروەها رەفاه بەرنامەیەکی گەشەکردن و پیشەسازی پێشنیازکرد، لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ هەڵگرتنی باری لەناکاوی سەپێنراو بەسەر هەرێمەکاندا[3].

کورد لە دوای(١٩٨٠)وە زیاتر لە پارتەکەی ئۆزاڵ نزیکبوونەوە، چونکە ئۆزاڵ لەسەر دەسەڵات بوو لە هەمانکاتدا پرۆژەی ئابووری بۆ ناوچە کوردییەکان پێبوو، هەروەها توندڕەوێکی رەگەزپەرست نەبوو، هەموو ئەمانە وایکرد دەنگی کوردەکان زیاتر بەرەو لای ئۆزاڵ بچێت نەک ئەربەکان[4]. ناوبراو هەتاکو کۆتایی هەشتاکان هەرلەو بڕوایەدا بوو، کە دەکرێت بە گەشەپێدانی ئابووری ناوچە کوردنشینەکان، چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە لەم روانگەیەوە ئومێدێکی زۆری بە پرۆژەی گاپ[5] هەبوو لەم بارەیەوە گوتی:"ئێمە لەو بڕوایەداین، کە پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەناتۆڵیا لەڕووی کۆمەڵایەتیی و سوودی ئابوورییەوە بایەخێکی زۆری هەیە. ئێمە پێمانوایە ئەرکی نیشتمانیمان ئەوەیە، کە هەموو هەنگاوێکی پێویست بنێین بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە لە کەمترین ماوەدا"[6].

ئۆزاڵ بایەخێکی شایستەی بە ناوچەکانی باکووری کوردستان و کورددا، هەربۆیە لە ناوەندە سیاسییەکاندا زۆرترین رەخنە و توانجی لێگیراوە و ئەو تۆمەتەی خرایەپاڵ، کە پشتگیری تیرۆر دەکات، بەڵام ئۆزاڵ بەتەواوی خۆی لەو رەخنە و تۆمەتانە غافڵاند و هەمیشە جەختیدەکردەوە

---

[1] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٣٤٣.

[2] محمد نورالدين: قبعة وعمامة، ص٧٢.

[3] منال الصالح: م.س، ص٢٤٨.

[4] د.قبس ناطق محمد و هدى هادي احمد مصطفي البياتي: مواقف وسياسات توركوت اوزال حيال المسالة الكردية ١٩٨٤-١٩٩٣، مجلة كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، المجلد ٢٦، (٢)،٢٠١٥، ص٥٠٠.

[5] پرۆژەی گاپ(GAP): گاپ کورتکراوەی تورکی( Gumeydo GN Anadolu Projest)ە واتە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا دەگەیەنێت، گاپ بریتییە لە ژمارەیەک پرۆژەی ئاودێری و دروستکردنی بەنداو و وێستگەی کارۆئاوی، لەگەڵ چەندین حەوزی کۆکردنەوەی ئاو و تونێل‌و کەناڵی تایبەت، خەرجی گشتی پرۆژەکە نزیکەی(٣٠) ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت. بەتەواوبوونی پرۆژەکە بنەمای پێویست بۆ گۆڕانی ئابووری گەورە لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان دەرەخسێت، کە دیاربەکر، غازی عەنتاب، سیرت، شانلی، ئادیامان و ماردین دەگرێتەوە. تورکیا ئامانجی سیاسەتی لە تەواکردنی پرۆژەی گاپ لەو ناوچانەدا پەرەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە، کە چەندین ساڵە بەدەست هەژاری و پشتگوێخستنەوە دەناڵێنن، هەروەها لەرووی سیاسەتی دەرەکییەوە حکومەتی ئەنقەرە درک بە گرنگی ئاو دەکات لە ئاییندەدا بەکاریدەهێنێت، وەکو فشارێکی سیاسی بۆسەر وڵاتانی هاوسنور جگە لە فرۆشتنی بەو وڵاتانە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کەمال رەشید شەریف: کاریگەری پرۆژەی گاپ لەسەر عێراق، دۆسێی تورکیا، گۆڤارێکی تایبەت بە کاروباری تورکیایە، ژ٤، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل٥٣-٥٨).**

[6] د.حامد محمود عيسى: القضية الكردية فى تركيا، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٣١٤.

لەسەرئەوەی، کە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە نایەتەدی، بەڵکو بە بیرکردنەوەی ئازاد و پێسەلماندنی چارەسەردەکرێت[١].

مردنی ئۆزاڵ لە نیسانی (١٩٩٣)دا بووەهۆی گۆڕینی رەوشی سیاسی، چونکە بەگەیشتنی ئۆزاڵ بۆ سەرۆکایەتی، وەکو تاکە بەدیلی دیموکراسیو لیبراڵ خۆی هێنابوویە پێشەوە و بەتایبەتی پێشنیازی چارەسەری پرسی کوردی لەڕێگەی دیموکراسی و نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی کردبوو[٢]، هەربۆیە بۆرژوای ئەنادۆڵی لەرووی سیاسییەوە دۆستایەتی خۆیان لەنێوان پارتی نیشتمانی دایکو رەفاە دا دابەشکردبوو، بەڵام بە مردنی ئۆزاڵ بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەرەو رەفاە گۆڕان[٣].

دوای مردنی ئۆزاڵ شوێنکەوتوانی رێبازی نەقشبەندی پشتیوانیان گواستەوە بۆ رەفاە، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەبوو بۆ رەفاە و توانی لە هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٣)دا، هەندێک دەنگی ناڕازی و نائیسلامی تورەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، بەتایبەتی لەناو کورد لە هەمووی تورکیادا[٤].

ئەربەکان و پارتەکەی لە هەموو شوێنێک ئامادەبوون بۆ کاریگەری دانان لەسەر رای گشتی و دەوڵەت بە کورد و تورکەوە لەکاتێکدا رەفاە بانگەوازی ئەوەی دەکرد نابێت موسڵمان برا موسڵمانەکەی بکوژێت، لەناو پەرلەمانەوە قسەکەیان هەم ئاراستەی دەسەڵات بوو، کە بەکارهێنانی توندوتیژی بەلاوە خۆش نەبوو، هەم بۆ کوردەکان بوو لە لایەکی دیکەوە. رەفاە لەگەڵ هێمنی و بەردەوامی برایەتی ئیسلامییدا بوو لە تێڕوانینی ئەمان ئیسلام باشترین چارەسەر بۆ پرسی کورد لە تورکیادا[٥].

عەلی بولاج(Ali Bulac)ی بیرمەندی ئیسلامی تورکی، بەپێی راپرسی(١٩٩٣)کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر خوێندکارانی موسوڵمان، کە لە زانکۆکانی تورکیا دەیانخوێند. ناوبراو بڕوای وابوو پێویستە لەنێوان کۆمەڵگە و ڕژێمی سیاسی گونجاندن هەبێت. لەو چوارچێوەیەدا، بولاج بڕوای وابوو ئیسلام دەتوانێت چالاکوکارا بێت لە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا، لەم بارەیەوە رەفاە هاوبۆچوونی بولاج بوون، بەڵام بیرمەندانی ئیسلامی لە تورکیادا ئەولەویەتیان بەهێزکردنی هۆشیاری ئیسلامی بوو لەناو جەماوەردا و گفتوگۆیان لەسەر تێکۆشان لەپێناو دروستکردنی سیستمێکی ئیسلامی لە تورکیا دەکرد[٦]. هەر ئەم دیدگایەیان وایکردبوو پرسی کورد ببەستنەوە بە چارەسەرێکی ئیسلامییانە، بەڵام دوای دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی، هەربۆیە بەکەمی جەماوەری موسڵمانی کورد دەبینیت بە بەردەوامی پشتی پارتێکی ئیسلامییان گرتبێت و لێی نەتەکیبێنەوە.

ئەربەکان کەوتە رەخنەگرتن لە حکومەت و سیاسەتی پەنجا ساڵەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە هۆکاری داکشانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی دەزانی، نەک تەنیا لە باکووری کوردستان، بگرە لەتەواوی تورکیادا. پارتی نیشتمانی تۆمەتباردەکرد بەوەی لەدەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم

---

[١] د.قبس ناطق محمد و هدى هادي احمد مصطفي البياتي: م.س، ص٥٠١.

[٢] حەمید بۆز ئەرسەلان: س.پ، ل١٢٥.

[٣] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٧١.

[4] Gareth Jenkins: Political Islam in Turkey; Running West, Heading East?, 1st published ,Palgrave Macmillan Press, New York, 2008, P.158.

[٥] یوسف ابراهیم الجمهاني:م.س، ص٣٥.

[6] Metin Heper: Op.Cit,P.40- 41.

به بەستنی دەرگای ژمارەیەکی زۆر لە کارگەکان لەو ناوچەیە رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەوبارەیەوە[1]، هەروەها رەفاه بەئاشکرا هاودەردی خۆی بۆ بارودۆخی خراپو ناخۆشی کورد نیشانداو، بەخێرای ئەو کوردانەی بۆ لای خۆی راکێشا، کە پێشتر دەنگیان بە پارتی نیشتمانی دایک و رێگای راست تەنانەت حیزبی سۆشیال دیموکراتیش دابوو. رەفاه بەباشی رۆڵیگێڕا، مەسەلەی مافی مرۆڤ لە باکووری کوردستان هێنایە پێشەوە و بەتوندی رەخنەی لە سوپا و حکومەت گرت و بیری خەڵکی هێنایەوە، کە پێش حکومەتی کۆماری جودا لە ئایین لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانییدا پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورک وەک برایانە بووە و هەوڵیدەدا جەخت لەسەر چارەسەرکردنی ناسیۆنالیستی و مەسەلەی کورد نەکات، بەڵکو روخسارێکی مافە مرۆییەکان لەخۆگرتبوو[2]. رەفاه ناسیۆنالیزمی تورکی و ناسیۆنالیزمی کوردی، کە دڵخوازی پەکەکە بوو رەتدەکردەوە خوازیاری یەکگرتنی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی تورکیا بوو لە ریزیاندا تورکەکان و کوردەکان لەژێر سایەی ئیسلامدا(یەکێتی ئیسلامی)و جەختیدەکردەوە لەسەر ناساندنی ناسنامەی نەتەوەی کوردەکانی تورکیا و ئازادی زمانو نووسین و قسەکردنیان، هەربۆیە پێگەی کۆمەڵایەتی رەفاه لەناو ئەو گوندنشینانەی کۆچیان بەرەو شارەکان کردبوو زیادیکرد، هەروەها رەفاه کاسبکاری بچوک و کۆمەڵ و دەستەبژێرێکی چینی ناوەڕاست لەخۆگرتوو، لەنێوانیاندا کۆچەرەکان گرنگی تایبەتیان هەبوو، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی کۆچیان کردبوو لە ئەستەنبوڵ نیشتەجێ بوو دەنگیان بە رەفاه دەدا لەبەرئەوەی پارتەکە باسی لە یەکسانی لەنێوان تورک و کورد دەکرد[3].

(١٠)ی تشرینی یەکەمی(١٩٩٣)دا ئەربەکان لە کۆنگرەی چواری پارتەکەیدا لە ئەنقەرە رایگەیاند:"رەفاه دەسەڵات دەگرێتەدەست و پێشوازی لە هەمووان دەکات کوردی سوننە بێت یان شیعە، واقیعی ئیسلامی پێویست دەکات حسابی چارەسەری پرسی کورد بکرێت، پارتەکە لە مافی کوردەکان بۆ فێربوون بە زمانی خۆیان و راگەیاندن و پەروەردە بەرگری دەکات، هەروەها ئەربەکان دوژمنایەتی خۆیی و پارتەکەی دژی تیرۆر و دابەشکردنی تورکیا دەردەبڕیت"[4]. هەڵوێستی ئەربەکان و پارتەکەی کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵبژاردنەکانی پاشتر، هەربۆیە لە هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی(٢٧)ی ئازاری(١٩٩٤)، رەفاه گرنگترین دەنگەکانی لە شارە گەورەکانی تورکیا کۆنترۆڵکرد و لەپاڵ هەردوو شاری ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ شارە گەورەکانی باکووری کوردستانیش زۆربەی کورد بەتایبەت هەریەک لە شارەکانی دیاربەکر و ئەرزەڕوم، قەیسەری، قۆنییە، مووش، ئاگری، بینگوڵ، بەتلیس، چۆرم، سێواس، وان، ئورفا و باتمان...هتد بەم پارتە دەنگیاندا[5]. ئەربەکان بەمەبەستی ئامادەکاری و پروپاگەندەی هەڵبژاردنە گشتی سەردانی ناوچەی بینگوڵی کردو لە وتارێکیدا وتی:"منداڵەکان بەناوی خودا دەستیان بە قوتابخانە دەکرد، بەڵام ئەمەیان گۆڕا و کردیان "منم تورکم، راستمو چالاکم"...ئەگەر بێت و لەناو قوتابخانەکاندا تۆ بەمجۆرە پڕوپاگەندەی تورکایەتی خوت بکەیت ئەوانی دیکەش هەڵدەستن و دەڵێن"منم کوردم، زۆرتر چالاکم و زۆرتر راستم"، ئەمانیش

---

[1] محمد رضا زارع: م.پ، ص٢٣٣.

[2] دیڤید مەکداول: س.پ، ل٦٨٧.

[3] محمد رضا زارع: م.پ، ص١٨٣-١٨٤.

[4] احمد نوري النعيمي: الدور السياسي، ص٤٤.

[5] د.كمال حبيب: م.س، ص٢٤٥-٢٤٦.

ئەم مافە دەدەنە خۆیان، کە پروپاگەندەیەکی بەمجۆرە بکەن"[1]. هەرچەندە دواتر ئەم لێدوانانەی ئەربەکان بووەهۆی ئەوەی، رووبەڕووی سزای زیندانی ببێتەوە، بەڵام هەر ئەم لێدوانانە هۆکاری ئەوەبوو، کە لە هەڵبژاردنەکانی(١٩٩٥) زۆرترین دەنگی بەتایبەتی لە ناوچە کوردییەکان بەدەستهێنا [2].

رەفاه لە هەڵبژاردنی گشتی(٢٤)ی کانونی یەکەمی(١٩٩٥)، دوای ئەوەی(٢١,٣٨٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو(١٥٨)کورسی پەرلەمانی بردەوە. بردنەوەی پارتەکە ترسی لای ناوەندە سیکۆلاریزمەکانی تورکیا بە کەرتی مەدەنی، سوپا، سەربازیی، سەرمایەدار و کارخانەکان دروستکرد، هەروەها ئەو جولەکانەی، کە لە بواری راگەیاندنی ئابووریدا دەستڕۆشتبوون، ئەمانە لەو بڕوایەدابوون هاتنەسەرکاری ئیسلامگەراکان، ئەگەر بگاتە رادەی دامەزراندنی رژێمێکی سیۆکراتیو حوکمی پیاوانی ئایینی، تەواوی بیروباوەڕی سیکۆلاریزم و دیموکراسی لە تورکیا ریشەکێش دەکرێت و نامێنێت، بەڵام ئەربەکان بە بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکەدا، ئاماژەی بەوەکرد، کە خۆی و پارتەکەی هەڵەکانی رابردوو دووبارە ناکەنەوە ئامادەن بۆ رۆڵگێڕانی بنیاتنەرانە بە هاوبەشی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی دیکەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تورکیا، یەک لەوانەش پرسی کورد بوو. رەفاه هەرچەندە گەڕا بەدوای هاوپەیمانیەتیەک بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، هەربۆیە نەیارەکانی هەریەک لە پارتی رێگای راست بەسەرۆکایەتی چیللەر و پارتی نیشتمانی دایک بە سەرۆکایەتی یەلماز ئەمەیان قۆستەوە و پێکەوە حکومەتێکی هاوبەشیان پێکهێنا، دواجار پارتەکە کەوتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمان لەڕێگەی رۆژنامە و میدیاکانی خۆیەوە فشارێکی زۆری خستە سەر حکومەت و چەندان کێشەی دژی سەرۆکی پارتی رێگای راستی ورووژاند و ئۆباڵی گەندەڵی خستەپاڵی[3]، کەوتە رەخنەگرتن لە چیللەر و حکومەتە هاوپەیمانییەکە و لەم رووەوە هەردوو پرسی کورد و ئیسلامی وروژاند و ئەو خواستەی گەیاندە دادگای دەستووری، ئاماژەی بە ناشەرعیبوونی ئەو بڕیارانەی، پەیوەستن بە پارێزگاکانی باکووری کوردستان دابوو، کە هیچیان رەزامەندی زۆرینەی پەرلەمانی لەسەر وەرنەگیراوە[4].

لەڕاستیدا کێشەی کورد یەکێک لەو کێشانە بوو حکومەتە تورکییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو بە تایبەتی پاش جەنگی کەنداو و بەهۆی جێگیربوونی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان و دەستێوەردانی سوپا دەستپێکرد پرۆسەی سەربازیی تواناکانی دەوڵەتی بە خەرجدا، لەو قۆناغە بەدواوە کێشەی کورد ساڵانە هەشت ملیار دۆلاری لە خەزێنەی تورکیا بەخەرجدەدا، هەرچەندە پەکەکە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بۆ وەستانی شەڕ دەستپێشخەری کرد و داوای بەخشینی حوکمی فیدراڵی بە کورد لە باکووری کوردستان بەبێ جیابوونەوە لە حکومەتی تورکیا کرد، هەروەها داوای دەرکردنی لێخۆشبوونی گشتی لە زیندانیانی سیاسی و

---

[1] بەلما ئاقچوورا: فلیمە کوردییەکەی دەوڵەت(راپۆرتەکانی سەبارەت بە کورد لە ساڵی ١٩٢٥-٢٠٠٧)، و.ئەردەڵان گۆران، چ١، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٠ ، ل٢٩٢.

[2] ە.س، ل٢٩٢.

[3] د.عصمت برهان الدین عبدالقادر: تطور الظاهرة، ص٨٣-٨٤.

[4] مەنال موحەممەد ساڵح: ئالان ماکۆڤسکی و تورکیای هاوچەرخ(نەجمەددین ئەربەکان بە نمونە)، وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی، ل١٨٦.

لایەنگرانی پەکەکە و داننان بە شوناسی کورد و زمان و مافی فەرهەنگی و پەروەردەی کرد[1]، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە سەرینەگرت لەهەمانکاتدا بەهۆی سەرقاڵبوونی دامەزراوەی سەربازیی و حکومەتی هاوپەیمانی بە مەترسی کوردی، کە خۆی دەبینییەوە لە پەکەکە و ئۆجەلان، حکومەت بزووتنەوەی کوردی لە پلەی یەکەم و ئیسلامی سیاسی لە پلەی دووەمی مەترسییەکان دادەنا، هەموو ئەمانە یارمەتی زیاتر ئەربەکان و پارتەکەی دا بۆ راکێشانی سەرنجی کورد بۆلای خۆیداو، دژی توندوتیژی بوو لەهەمانکاتدا پرسی فەرمانڕەوایکردن بە شەریعەتی ئیسلامی بەسەر دەسەڵاتی ئەوکات پێشنیاز نەدەکرد، هەربۆیە ئەربەکان و پارتەکەی لەناو پەرلەماندا چەندین جار دژی توندوتیژی وەستانەوە ئەم هەڵوێستانەی یارمەتی زیاتری دا بۆ سەرنجراکێشانی کورد بەلای خۆیدا[2].

ئەربەکان سەرگەرمی وتاری ئاگریین بوو لەو سەروبەندەدا بەڵێنیدا، کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە بەبێ خوێنڕشتن بەبێ بەفیڕۆدانی سامانی گەل لە جەنگێکی بێسوودا مەسەلەی کورد چارەسەربکات، چونکە جەنگ بووەتەهۆی کەڵەکەبوونی(٧٥) ملیار دۆلاری قەرز لە ماوەی دەساڵی رابردوو لەسەر تورکیا[3].

پاش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە(٣)ی حوزەیرانی(١٩٩٦)، سەرکەوتنی رەفاه بەڵام هاوپەیمانیەتێک لە دەرەوەی پارتەکە پێکهات، کە چوار مانگی خایاند، پاش هەڵوەشانەوەی ئەم هاوپەیمانییە ئەربەکان لەگەڵ پارتی رێگای راست هاوپەیمانییەتی پێکهێناو لە(٢٩)ی حوزەیرانی( ١٩٩٦) پەنجاوچوارەمین حکومەتی تورکیای پێکهێنا. ئیدی کاتێک ئەربەکان بوو بە سەرۆکوەزیران و جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست. ئەربەکان و پارتەکەی کاریکرد لەسەر بەدەستهێنانی پشتیوانی زۆرترین کورد بۆ لای خۆی لەڕێگەی وتاری سیاسییەوە دەربارەی مەسەلەی کورد بە پێچەوانەی پارتە سیاسییەکانی دیکەی تورکیا رەفاه دوژمنی ناسنامەی کوردی نەبوو. ئەربەکان بەشێوەیەکی خولی گروپی بۆ پارێزگا کوردییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کێشەکانی ئەوێ بەرزکردنەوەی راپۆرت لەوبارییەوە دەنارد[4]، یەکەمین هەنگاوی حکومەتەکەی ئەربەکان، ئاشکراکردنی پلان و پرۆژە جۆراوجۆرەکانی سەبارەت بە باکووری کوردستان بوو، کە خۆی دەبینییەوە لە"بووژانەوەی ئابووری بەمەبەستی شەڕی دژە تیرۆر". ئەربەکان لەم چوارچێوەیەدا راپۆرتێکی ئامادە کردبوو، کە تێیدا چەندین پێشنیاز و رێوشوێنی، وەکو رێگاچارەی پرسی کورد ئاماژەیان پێکرابوو لەوانە: پێویستە هیچ جۆرە باج وماڵیاتێک لە پرۆژە سەرمایە گوزارییەکانی باکووری کوردستان وەرنەگیرێت، بە مەبەستی هاریکاریکردنی ناوچەکە پێویستە سەرەتا قەرزێکی پێنج تریلۆنی لیرەی تورکی بە مەبەستی هاوکاری بێبەرامبەریش دوو تریلیۆن لیرە بۆ ئەو ناوچانە تەرخانبکرێت، پێویستە ئاستەنگەکانی بەردەم بازرگانی سەرسنورەکان هەڵبوەشێنرێتەوە...هتد، لەناو راپۆرتەکەدا جگە لە پرۆژە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان پرۆژەی سیاسی هەبوو ناوبراو گوتی:"پێویستە یاسای

---

[1] منال الصالح: م.س، ص٢٤٦-٢٤٧.

[2] یوسف ابراهیم الجمهاني: م.س، ص٢٦.

[3] د .عصمت برهان الدین عبدالقادر: تطور الظاهرة، ص٨٣.

[4] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٣٤٣-٣٤٤.

لێبووردن بۆ ئەو کەسانەی، کە بە تاوانی هاوکاری پەکەکە خراونەتە ناو گرتووخانەکان بەرفراوانتر بکرێت"[1].

لەدرێژەی راپۆرتەکانی پارتی رەفاه، عومەر وەهبی خاتب ئۆغلۆ، نوێنەری پارتەکە راپۆرتێکی ئامادەکرد، ئاماژەی بەوە کرد لە باکووری کوردستان لەبری ئەوەی، کە پارە بۆ سەرمایە گوزاری تەرخانبکرێت، ئەو برەپارەیە بۆ مەبەستی سەربازیی و ئەمنی تەرخانکراوە، ناوبراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکووری کوردستان و کێشەی تیرۆر(٢٤) پێشنیازی پێشکەشکرد لەوانە: (بوژانەوەی ئابووری ئەو ناوچانە دەبێتە هۆکاری راوەستانی کۆچکردن، ئەمە هێندەی شەڕی دژە تیرۆر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە خاوەن کاریگەرییە، پێویستە ئەو کەسانەی، کە لێبوردنیان بەردەکەوێت ببەخشرێن، پێویستە ئەو ناوچانەی، کە لەژێر دەسەڵاتی سەربازیی بارودۆخی نائاساییدا، وەکو ناوچەی زیان لێکەوتوو رابگەیەندرێت، کاسبکار و خاوەن پیشە، کارساز و جووتیار و خەڵکی دیکە ئەو ناوچانە لەژێر باری گرانی ماڵیان و زەویان رزگار بکرێن و کێشەی بیکاری چارەسەر بکرێت، پێویستە دەوڵەت ژمارەیەک بۆ ئەو کۆمپانیا و کارخانە، کە کاردەکەن دەستنیشان بکات و هەوڵبدرێت، کە گەنجەکانی ئەو ناوچانە لەناو ئەو کۆمپانیا و کارخانەدا جێگیر بکرێن، دەبێت بەمەبەستی بوژاندنەوەی ئەو ناوچانە سەرەتا دەستبە چاکسازی لە رێگاوبانەکانی ئەو ناوچانەدا بکرێت، پرۆژەی جۆراوجۆر بە مەبەستی چاکسازیی رێگاوبان پێشکەش بکرێنو ئۆتۆبانی رۆژهەڵاتیش دروست بکرێت، هەروەها سیستمی قەرزی بێسوود لەوناوچانەدا پەیرەو بکرێت...هتد). خاتب ئۆغلۆ، لە درێژەی راپۆرتەکەیدا، ئاماژەی بەوەکرد، کە "تورکیا هیچ پارچە زەوییەکی نییە، کە وازی لێبهێنێت و نابێت هاوڵاتییەکی تورکیا هەبێت، کە شەڕی تورکیا بکات یان تورکیا شەڕی ئەو بکات. بە بڕوای من ئەمە زۆر گرنگە، کە ئێمە بتوانین ئەم بیروڕایە لە تورکیا بڵاوبکەینەوە و بڵێین، کە تورکیا وڵاتی هاوبەشی کورد و تورکە دەتوانیین بەبێ جیاوازی پێکەوە بژین، چونکە ئەو شەڕە کە دەکرێت شەڕی گەلی کورد و تورک نییە، هیچ داواکارییەکی گەلی کورد لە گەلی تورک نییە کوردەکان داواکارییان لە دەوڵەت و سیستم هەیە، گلەیی لە رێبازەکانی سیستم دەکەن نە لە گەلی تورک". خاتیب لە درێژەی راپۆرتەکەیدا لەبەشی تیرۆر و کێشەی ئابووری باکووری کوردستان وتی:"کوردەکان لە(١٥١٤)دا دانیان بە دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا ناوە و بەمجۆرەش دەسەڵاتی عوسمانییەکان سەربەخۆی هۆزە کوردییەکانی پەسەند کردووە. یەکەمین شوێنیش، کە ئیدارەی دەسەڵاتی عوسمانی تێیدا دامەزراوە دیاربەکر بووە. هاوکات ئەو کاتە لە دیاربەکریش حکومەتی کوردی دەسەڵاتدار بووە و عوسمانیەکانیش بە دیاربەکریان وتووە حکوومەتی کورد"[2]. ئاماژەکردنی خاتب ئۆغلۆ بۆ ئەم مێژووە بە بیرهێنانەوەی رابردووی پێکەوەژیانی دەسەڵاتی کوردی و عوسمانییەکان بووە، ئەربەکان بە ئامادەکردنی راپۆرتەکان سەبارەت بە کورد هەوڵیدا بۆ هێنانەکایەی ئاشتی زیاتر و پێکەوەژیانی کورد و تورک، هەروەها راکێشانی کورد بۆ لای پارتەکەی.

رەفاه وەک یەکەم پارتە، کە سەبارەت بە باکووری کوردستان راپۆرتی دوور لە زمانی رەگەزپەرستی ئامادەکردووە و پرسی ئەو ناوچانەی، وەکو خاڵێکی بەگژداچوونی دەسەڵاتەکانی رابردوو، پارتە بەرهەڵستکارەکان بەکارهێناوە لەبەرامبەر پرسی کوردا بێچارە نەمێنێ، فەرمانیداوە

---

[1] بەلما ئاقچوورا: س.پ، ل٢٩٢-٢٩٣.

[2] ه.س، ل٢٩٦-٢٩٧.

سەبارەت بەم پرسە دەست بە لێکۆڵینەوە بکرێت، هەریەک لەو راپۆرتانە ئامادەکرابوو بەجۆرێک پرسی کوردیان خستووەتەڕوو پێشنیازی چارەسەرکردنیان لە روانگەی راپۆرتەکەیانەوە پێشکەش بە پارتی رەفاه کراوە یەکێک لەو راپۆرتانەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە هۆکاری پرسی تیرۆر هۆکاری ئابوورییە و بێکاری و کەمی داهات و نەبوونی سەرمایەگوزاری لەو ناوچانەدا بووەتە هۆکاری زۆرتربوونی رووداوە تیرۆرستەکانو بەهێزبوونی تیرۆر، لەدرێژەی راپۆرتەکەدا داواکراوە ئەو پڕۆژانەی، کە بە نیوەی ماونەتەوە تەواوبکرێن و، هەتاوەکو بەمجۆرە لەرووی ئابوورییەوە ئەو ناوچانە ببوژێنرێتەوە مەسەلەی تیرۆر کەم بکرێتەوە[1].

لە تێڕوانینی رەفاه، پەکەکە، تاکە هۆیە بۆ چارەسەری پرسی کورد لەسەر بنەمای ئیمانی، لەم رووەوە ئیسماعیل نەجار بۆ ناوەندگیریی لەسەر بنەمای ئاڕاستەپێدانی ئەربەکان هەستا بە نێوەندگیری نێوان ئۆجەلان و ئەربەکان، ئەمەش بە کرداری لەڕێگەی یەکێک لە رێبەرانی پارتی رەفاه بە ناوی فەتحوڵلا ئەرباش کە ئەندام پەرلەمان بوو لەسەر ویلایەتی وان و کوردێکی پسپۆڕ بوو لە کاروباری کورددا هاتەدی، لە پەیوەندی ناڕاستەوخۆ لەنێوان ئیسماعیل نەجار و عەبدوڵلا ئۆجەلاندا، ئۆجەلان ئامادەی نیشاندا بۆ چارەسەر بە رێگەیەکی ئاشتیخوازانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەرباش، دوای بەدەستهێنانی رەزامەندی وەزیری دادی سەربە رەفاه، کە ناوی شەوکەت قازان بوو هەستا بەسەردانی موراد ئۆزلاق، رێبەری حیزبی دیموکراتی ئازادیخوازی کوردی لە زینداندا، دانوستانو گفتوگۆیان کرد بەشێوەیەکی نهێنی لەسەر بنەما گشتییەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانە، لەو بارەیەوە ئەرباش ئاماژەی کرد بە پێویستی ئەوەی دەوڵەت هەستێت بە راگەیاندنی لێخۆشبوونی گشتی و ئازادکردنی ئەندامانی پارتی دیموکراتی ئازادیخوازی زیندانی کراو ئەمە سەرەڕای سێ هەزار کورد بە تۆمەت یان لایەنگیری و پشتگیری بزووتنەوەی کوردی موسڵمان تاوانبار کرابوون، لەم بارەیەوە ئەرباش راپۆرتێکی بەرزکردەوە بۆ ئەربەکان ئەوەی لەخۆگرتبوو گرنگە حکومەتەکەی لێخۆشبوونی گشتی بۆ زیندانیایینی کورد دەربکات، کە بە لایەنگری یان پشتگیری پەکەکە تۆمەتباربوون، هەروەها وەزارەتی پەروەردە مفرداتی کوردی دابنێت وەک پرۆگرام بۆ قوتابخانە کوردییەکان و تایبەتکردنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی کوردی بە زمانی کوردی، بەو پێیەی دوای ئەمە ئیدی ئۆجەلان دانانی چەک رابگەیەنێت[2]، هەرچەندە بە کرداری پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئەربەکاندا بۆ پرسی کورد و پەکەکە ئەنجامدرا، بەڵام لەقۆناغی سەرەتاییدا قورسبوو، پێشبینی هیچ ئەنجامێکی لێبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵانە لە ژمارەیەک نێوەندەوە پێشوازی لێکراو، هەروەک پەکەکە لە ئابی(١٩٩٦)دا بڕیاریدا هەندێک سەربازی تورکی دیل ئازاد بکات[3]، بەڵام هەندێک لە سیاسەتمەدارەکانی دیکە لەوانە دیمیریل و چیللەر رەتیانکردەوە، گرنگتر لە هەموو بریتیبوو لە هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا، بە پێشنیازەکانی رەفاه خۆشحاڵ نەبوون، رەتیکردەوە پارتی ناوبراو دەستێوەردان لەو مەسەلەیە بکات، بەوپێیەی مەسەلەیەکی ئاسایشی و سەربازییە و تایبەتە بە دامەزراوەی سەربازیی، هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازی هۆکارێک بوو، بۆ ئەرکەکانی

---

[1] بەلما ئاقچوورا: س.پ، ل٢٩٨-٢٩٩.

[2] منال الصالح: م.س، ص٢٥٠-٢٥١.

[3] د.أحمد نوري النعيمي: النظام السياسي في تركيا، ط١، دار زهران للنشر والتوزيع، عمان،٢٠١١، ص٣٥٠-٣٥١؛ د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٣٧١.

ئەرباش‌و نەجار و شکستیانهێنا[1]. هەرچەندە ئەربەکان لە دانووستان لەگەڵ پەکەکە و چارەسەری پرسی کورد و پراکتیزەکردنی چاکسازییەکان شکستیانهێنا، بەڵام پارتەکەی توانی لە هەڵبژاردنەکاندا، زۆربەی دەنگەکانی ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان بۆ لای خۆی راکێشێت[2]، بەجۆرێک رێژەی دەنگەکانی رەفاه لە ناوچەکانی باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بوو ئەم زیادبوونی رێژەی دەنگدانەش کاریگەری هەبوو لەسەر رێژەی گشتی دەنگەکانی رەفاه بەجۆرێک لە هەڵبژاردنەکانی (١٩٨٦)رێژەی دەنگەکانی(٥,٥٪)و لە(١٩٨٧)بەرزبویەوە بۆ(٧,٢٪ )لە(١٩٩١)دا( ١٦,٩٪ )و لە( ١٩٩٥ )بۆ(٢١,٤٪ )بەرزتربوویەوە [3].

ئەربەکان نەیتوانی زۆر لە دەسەڵات بمێنێتەوە، هەربۆیە کودەتای(٢٨)ی شوباتی(١٩٩٧)کۆتایی بە حکومەتەکەی هێنا. یەک لە هۆکارەکانی کودەتا نارەزای دامەزراوەی سەربازیی بوو لە هەوڵی ئەربەکان بۆ کردنەوەی دەرگای وتوێژ لەگەڵ پەکەکە بە ئومێدی گەیشتن بە چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا، ئەمەش لەگەڵ رێبازی دامەزراوەی سەربازیی لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی دژ دەوەستایەوە. لە(١٨)ی حوزەیرانی(١٩٩٧)دا ئەربەکان دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی سەرۆککۆمار دیمیریل کرد، سەرۆککۆماریش یەلمازی راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، حکومەتەکەی یەلماز لە(٣٠)حوزیرانی(١٩٩٧)دا هەتاوەکو(١١)ی کانونی دووەمی(١٩٩٩)بەردەوام بوو[4].

ساڵێک پاش رووخانی حکومەتەکەی ئەربەکان رەفاه، بە یاسا قەدەغەکراو هەڵوەشایەوە. هەڵمەتی سەرکوتکردن دژی ئیسلامییەکان بەردەوام بوو، هەروەک سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا، حسین کیفریک ئۆغلو(Huseyin Kivrikoglu)دواتر وتی:"پرۆسەکە[کە لە ساڵی (١٩٩٧)وە دەستیپێکردبوو] ئەگەر پێویست بکات بۆ ماوەی هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت"[5]. هەڵوێستەکانی ئەربەکان سەبارەت بە پرسی کورد کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پارت‌و رێکخراوەکانی دیکەی تورکیا و دەسەڵاتداران هەبوو، بەجۆرێک پاش یاساغکردنی رەفاه پارتەکانی دیکەی حکومەتی تورکیا کەوتنە بایەخدان بە پرسی کورد، چونکە پرسی کورد بۆ خاڵی لاواز لە دیموکراسی تورکیا گۆڕا، هەروەها بووە رێگری سەرەکی بەردەم بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، هەرِشەیەکە ناکرێت لە پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی ئەمریکا- تورکیا بەهەند وەرنەگیرێت. بەگوێرەی سەرچاوەیەک:"چیدیکە تورکیا ناتوانێت بەردەوام بێت لە بەرگریکردن لەو خورافەی، کە کێشەی باکووری کوردستان، کێشەیە رژێم و بوژاندنەوەی ئابوورییە. تورکیا ناتوانێت هەموو ئەوانەی بەو رایەی ناکۆکن لەناوبەرێت یان بترسێنیت، دوای ئەمە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەڕوان دەکرێت، کە لە هەڵوێستی خۆی بگات و پاڵپشتی لێبکات... تورکیا ناتوانێت لەسەرئەوە بەردەوام بێت، کە تەنیا خۆی لەسەر راستەو جیهان

---

[1] د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٣٧١.

[2] بیار مصطفى سيف الدين: کێشەی کورد لە پەیوەندییە کانی ئەمەریکا- تورکیا، و.سەرمەد ئەحمەد، چ١، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢٣.

[3] بەلما ئاقچوورا: س.پ، ل٣٠٨.

[4] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٣٨٨-٣٣٩٥، ٤٢٧-٤٢٨.

[5] Simon Tisdall: What's in a name? Too much in Turkey, Thu 25 Jan 2001: <<https://www.theguardian.com/world/2001/jan/25/worlddispatch.kurds>> accessed in (19 March 2020).

هەمووی لەسەر هەڵەیە"[١]، هەربۆیە دەرئەنجامی لوتکەی هێلینسکی لە(١٠-١١)ی کانونی یەکەمی(١٩٩٩)، سەبارەت بە پەیوەندی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا و بوونە ئەندامی تورکیا لەو یەکێتییە بە خاڵێکی گۆڕانکاریی دادەنرێت،(یەڵماز)ی جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا دوای چوار رۆژ راگەیاندنی ئەنجامی ئەو لوتکەیە و لە (١٦)ی کانونی یەکەمی(١٩٩٩)دا لەسەردانی بۆ دیاربەکر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد حکومەت ناچارە پرسی کورد لە چوارچێوەی بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا چارەسەر بکات، ڕەخنەی لە دەوڵەتی تورکیا گرت و وتی:"ڕێگە بەرەو یەکێتی ئەوروپا بە دیاربەکردا تێپەڕ دەبێت"[٢].

پاش یاساغکردنی رەفاه، لە نیسانی (١٩٩٨)دا داوایەک بۆ پێکهێنانی پارتێکی نوێ بەناوی فەزیلەت لەلایەن حەفتا پەرلەمانتاری ئیسلامییەوە پێشکەشکرا، کە زۆربەیان ئەندام بوون لە پارتە هەڵوەشاوەکەی رەفاه، پاش ئەوەی فەزیلەت دامەزراو لە (١٤)ی ئایاری(١٩٩٨)دا کۆنگرەی گشتی خۆی بەستو ئەمە والیکدرایەوە، کە هەوڵێکە بۆ راوەستان بە رووی سوپاو کەمالیزمدا[٣].

پارتی فەزیلەت بەشداریی لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی(١٨)ی نیسانی(١٩٩٩)ی کرد و بە پلەی سێیەم دەهات بە رێژەی(١٥,٤٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا ، هەرچەندە کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا بەگشتی لە قۆناغی پێشودا زۆرینەی دەنگەکانی خۆیان بەهۆی دوو پاڵنەری جیاواز، بە قازانجی رەفاه خستبووە ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە. گروپێک، کە هەستی ناسیۆنالیستی کوردیان بەهێزتربوو دەنگیان دابوو بە پارتەکە وەک تاکە پارتێک، کە دژ بە ئامانجەکانی رژێم دەجوڵێتەوە، بەو ئومێدەی  بتوانێت کرانەوەیەک لە کاروباری کوردەکاندا بکات، گروپێکی دیکەی کورد، کە وێڕای هەستە نەتەوەییەکانیان، خاوەن ئینتیمایەکی بەهێزی ئیسلامییانەن، بەم هۆیەوە، کە رەفاه تاکە پارتی ئیسلامی بوو ئەم گروپانە دەنگی خۆیان بە قازانجی ئەو پارتە خستە سندووقی دەنگدانەوە، بەڵام بارودۆخەکە لە کۆتایی ساڵانی(١٩٩٠)جیاوازبوو لە رابردوو، کورد دەنگی بە ئیسلامییەکان نەدا، لەبەرئەوەی ئەربەکان بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی نەکرد بە کردار، هەربۆیە کوردەکان بێئومێد و دڵساردبوون، بۆ نمونە کەمکردنەوەی دوژمنایەتی لەنێوان تورکەکان و کوردەکان لە چوارچێوەی حکومەتی ئیسلامی نەهاتەدی، هەلومەرجەکە، هەتاکو ئەندازەیەک گۆڕابوو، چونکە ناسیۆنالیستە کوردەکان بە لەبەرچاوگرتنی میکانیزمی کاری حکومەت لە قۆناغی ئەربەکاندا نائومێد بوون لەو سەردەمەدا هێرشەکانی سوپا بۆسەر کوردەکان بەخێرای زیادی کردبوو، هەروەها ئیسلامییەکانی ناو رەفاه نەیانتوانی هەنگاوێکی کاریگەرانە بۆ رێگەگرتن لەو هێرشە بنێن، هەربۆیە هەندێک لەو گروپە کوردانە دەنگیان بە پارتی کوردی(دیموکراتی گەلان) /Demokratik Halk Partisi DEHAP)[٤] دا، ئەم پارتە توانی بۆ یەکەمجار بەرپرسیارێتی چەند شارێکی کوردی وەک شارە

---

[١] بیار مصطفى سيف الدين: س.پ، ل٢٣٤-٢٣٥.

[2] Ali Resul Usul: Democracy in Turkey; The impact of EU political conditionality, 1st published, published by Routledge, New York, 2011, P. 101-102.

[٣] زانیاریی، زیاتر، بڕوانە: نوال عبدالجبار سلطان: م.س، ص١٤٠-١٤١.

[٤] پارتی دیموکراتی گەلان(DEHAP/Demokratik Halk Partisi) پارتێکە وەک درێژکراوەی پارتە سیاسییەکانی پارتی دیموکراسی(DEP/ Demokrasi Partisi) و پارتی کاری گەل(HEP/Halkın Emek Partisi)، پارتی گەلانی دیموکرات(HADEP/Halklarin Demekrat Partisi)لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی(١٩٩٧)دامەزرێنراوە، یەکەم سەرۆکی پارتەکە محەمەد عەباس ئۆغلۆ(Mehmet Abbas Oğlu) بوو، پاش ئەویش تونجەر باکران( Tuncer

گەورەکەی دیاربەکر بەدەست بهێنێت. لە گروپی دووەمدا بەهۆی لێکچوونی هەندێک لە دروشمە مەزهەبییەکانی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەی مەهەپە(Millytçi Hareket Partisi/MHP)[1]، لەگەڵ دروشمەکانی پارتی فەزیلەت، دەنگیان بە مەهەپە دابوو، بەمشێوەیە دەنگەکانی پارتی فەزیلەت لەناو کورددا کەم بووە، لەهەمانکاتدا هێشتا پارتی فەزیلەت لەسەرەوەی حیزبەکانی دیکە بوو لە ناوچەکانی باکووری کوردستاندا [2].

پاش قەدەغەکردنی پارتی فەزیلەت لە (٢٢)ی حوزەیرانی(٢٠٠١)لە تەمموزی هەمان ساڵدا پارتی سەعادەت دامەزرا. پارتەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەربەکانەوە ئاڕاستەدەکرا، جەماوەری ئەم پارتە زیاتر پێکدەهات لە کۆچبەرانی تورک بۆ وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ چینی بازرگانو کارمەندان، هەروەها ئەو ئافرەتانەی جلوبەرگی باڵاپۆشی لەشار و گوندەکان لەبەردەکەن. سەعادەت لە هەڵبژاردنەکانی(٢٠٠٢)دا تەنیا(٢,٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و نەیتوانی بەربەستی(١٠٪ )تێپەڕێنێتو بچێتە پەرلەمانەوە. سەبارەت بە کورد زۆربەی پارێزگاکانی باکووری کوردستان و ئەوانەی توانیان بەشداریی دەنگدان بکەن و مەیلێکی ئیسلامییان هەبوو بەهۆی دروشم و سیاسەتەکانی ئەردۆغانەوە زیاتر دەنگیان بە ئاکەپە دا، هەربۆیە پارتی سەعادەت نەیتوانی دەنگی ئیسلامییەکانی باکووری کوردستان بەدەستبهێنێت[3].

هەرچەندە پارتی سیستمی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەربەکان وەک یەکەم پارتی ئیسلامی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دامەزرا، ئەربەکان بەگەیشتنی بە سەرۆکوەزیران و ناردنی لیژنە جۆراوجۆرەکان بۆ باکووری کوردستانو بۆ لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی پرسە ئابووریی و سیاسیی و کولتورییەکان، کورد ئومێدێکی زۆری لەسەر سیاسەتەکانی هەڵچنی، بەڵام بە نیمچە

---

Bakıran ) وەک سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێراوە، لە هەڵبژاردنەکانی (٣)ی تشرینی دووەمی(٢٠٠٢)ی تورکیادا ئەم پارتە لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانییەکەوە لەگەڵ پارتە چەپە بچووکەکان توانی( ٢٢,٦٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێژەی دەنگەکانی پارتەکە لەناو هاوپەیمانییەکەدا لە(١٠٪ )کەمتر بوو نەیتوانی" بەربەستی بەنداو/ Baraj Engli )ببڕێت. **(زانیاریی، زیاتر، بڕوانە: İbrahim S. Işık: önce kikaynak, Sayfa 144. )**.

[1] پارتی بزووتنەوەی نەتەوەی(مەهەپە/MHP / Millytçi Hareket Partisi): ئەم پارتە لە کۆتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە خۆی وەک بزووتنەوەیەکی فاشیست کۆکردەوە، ئەم کارەی بەجۆرێکی سەرنج ڕاکێش کرد چوارچێوەی ئایدۆلۆژیاکەی پان تورکیزمە کۆنەکەی خۆیان لەگەڵ دژایەتی کۆمۆنیزمو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی تێکەڵکرد، سەرەتای مەهەپە دەگەڕێتەوە بۆ پارتی کۆماری نەتەوەی جووتیاران، کە نوێنەری بزووتنەوەیەکی بچوکی جەماوەری ئەنتی مۆدێرنەی ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەنادۆڵی بوو، بەرپرسی ئەم پارتە بەناوی کۆلۆنێل ئالپ ئەرسەلان تورکەش و هاوبیرەکانی لە(١٩٦٥)وە بەتەواوی دەستیان گرت بەسەر پارتەکەداو، لەیەکەم کۆنگرەی خۆیاندا تورکەش وەک سەرۆکی ئەو پارتە دیاریکراو، لە پاش کودەتای(١٩٨٠) بزووتنەوەی چەپگەرای لە تورکیا بەهۆی زەبرە کوشندەکانی دەوڵەتەوە زۆر لاواز بوو پەرتەواز بوو، پاش قەدەغەکردنی پارتە کۆنەکە لە( ١٩٨٣)، لە(١٩٨٥) پارتێکی دیکە بە ناوی پارتی کرێکارانی ناسیۆنالیستی ( Millieytçi Galişma partisi MÇP) دامەزراو لە کۆتایی (١٩٨٧) تورکەش کرا بەسەرۆکایەتی گشتی پارتەکە پاش ناکۆکی لە ناو مەچەپە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بەسەرکەوتنی تورکەش ناوبراو لە(١٩٩٣) ناوی مەچەپە گۆڕیەوە بە مەهەپە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم: مەهەپەو گورگە بۆرەکان، توێژینەوەیەک لەسەر گورگە بۆرەکانو پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٥- ٥٥).**

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد رضا زارع: م.پ، ص٢٠٣- ٢٠٩، ٢٣٤.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: م. هاكان یاوڤوز: س.پ، ل١٤٨-١٤٧، ١٥٣-١٥٨.

کودەتا و وازهێنانی لە سەرۆکوەزیران، چیدی کورد ئومێدی بە پارتی رەفاه نەماو پاشان هەریەک لە دوو پارتەکەی دیکەش، فەزیلەتو سەعادەت کە دوای رەفاه دامەزران، لە هەڵبژاردنەکاندا لە ناوچەکانی باکووری کوردستان دەنگێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا، بەڵکو دەرکەوتنی ئاکەپە وەک پارتێکی ئیسلامی بووە جێگەی ئومێدی کورد و زۆربەی کورد لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان دەنگەکانیان لەبەرژەوەندی ئەم پارتە خستەناو سندوقی دەنگدانەوە.

# باسی دووەم
# کورد و بزاڤی فەتحوڵڵا گولەن

فەتحوڵڵا گولەن[١]، بزاڤەکەی لە بزووتنەوەی نورجوەوە، دروستبووە[٢]. ناوبراو لە (١٩٥٧)وە بە پەیامەکانی نور ئاشنابووە، سەرەتای ئاشنایەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە محەمەد کرکینجی بانگێشتی گولەن و هاوڕێیەکی کردووە، هەتاکو لە یەکێک لە دانیشتنەکانی پەیامەکانی نور ئامادەبن‌و میوانی دانیشتنەکەی موزەفەر ئەرسەلان بن، کە یەکێک بووە لە قوتابیانی نور و لەسەر راسپاردەی نورسی ماوەیەک لە ئەرزڕەوم ماوەتەوە، پاش ئەوەی موزەفەر دەستدەکات بە خوێندنەوەو روونکردنەوەی پەیامەکانی نور، گولەن دڵنیا دەبێت لەوەی، کە ئەمە ئەو ڕێبازە بەدوایدا دەگەڕێت لەم کاتەبەدواوە گولەن لەسەر بەشداریکردن لە کۆڕوکۆبوونەوەکانی بزووتنەوەی نورجو بەردەوام دەبێت، پاش ئەوەی خوێندنی مەدرەسە تەواو دەکات لەچەند شارۆچکەیەکی ئەرزڕەوم دەستدەکات بە وتاردان. کاتێک رامیز ئەفەندی باوکی هەست بە چالاکی و تواناکانی کوڕەکەی دەکات حەزدەکات تەنیا لە ئەرزڕەوم نەمێنێتەوە، هەربۆیە گولەن هەوڵدەدات ئەرزەڕوم بەجێبهێڵێت و رودەکاتە شارەکانی دیکە بەتایبەت شارەکانی رۆژئاوای تورکیا[٣].

سەبارەت بە کاریگەری کەسایەتی و ئەدەبیاتی نورسی گولەن دەڵێت:"بەدیعوزەمانم زۆر خۆشدەوێت"[٤]، هەربۆیە بەدرێژای تەمەنی کاریگەری نورسی لەسەر بووەو سەرسام بووەپێی بەجۆرێک کتێبەکانی لە پشتبەستن بە پەیامەکانی نور و ژیاننامەی نورسی خاڵی نیین. گولەن بە چەندین سیفات ناوی نورسی هێناوە وەک:(رێنمونیکاری گەورە، یەکێک لە گەورە زانایان، باوەڕدارێکی گەورە، بیریاری سەردەمی گەورە، یەکێک لە قوتابیانی پێغەمبەر(د.خ)، کە ئازاری

---

[١] فەتحوڵڵا گولەن: لە(١١)ی تشرینی دووەمی(١٩٣٨)لە گوندی(کۆرجوک)ی سەربە شارۆچکەی حەسەن قەلعەی سەربە پارێزگای ئەرزەڕوم لەدایکبووە، بەڵام لە ناسنامەی باری شارستانیدا رێکەوتی لەدایکبوونی بە(٢٧)ی نیسانی(١٩٤١)تۆمارکراوە. باوکی فەتحوڵڵا گولەن رامیز ئەفەندی، لە یەکێک لە مزگەوتەکانی ناوچەکەدا وتاربێژی حکومی بووە. گولەن لەبەر بچوکی تەمەنی لە قوتابخانە وەرنەگیراوە، پاش ئەوە خوێندنی دەستپێکرد، هەتاوەکو پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە دوای ئەوەی باوکی بووەتە وتاربێژی گوندی ئەڵوار، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی رووەدەکەنە گوندەکە، هەربۆیە گولەن لە خوێندن دادەبڕێت، پاشان لەڕێگەی تاقیکردنەوەی دەرەکییەوە خوێندنەکەی لە ئەرزڕەوم تەواودەکات. گولەن لە زۆرێک لە کۆڕوکۆبوونەوەکانی باوکیدا بەشدارییکردووەو ئەو کەسایەتیە ئایینپەروەرانەی سەردانی باوکی ناوبراویان کردووە کاریگەرییان لەسەری هەبووە. (**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جەعفەر گوانی: سەودای سینەیەکی پڕخەم، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی عیرفان، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٦-٦٤؛ محمد أنس أركنة: فتح الله كولن جذوره الفكرية واستشرافاته الحضارية، ت.أورخان محمد على، ط١، دارالنيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١٠ ، ص٣٢-٤١ ؛ هيلين روز ايبو: حركة كولن تحليل سوسيولوجي لحركة مدنية جذورها الاسلام المعتدل، ت. مروة يوسف، ط١،مركز نماء للبحوث والدراسات، بيروت،٢٠١٥، ص٦٦-٦٨**). (گولەن بۆناوی تەواوی فەتحوڵڵا گولەن بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا).

[٢] جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة تركيا كدولة محورية فى العالم لاسلامي،ط١، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية،أبوظبي، ٢٠٠٩، ص١٨.

[٣] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جەعفەر گوانی: س.پ، ل٨٦-٨٧، ٩٠-٩٤.

[٤] فؤاد البنا: عبقرية فتح الله كولن بين قوارب الحكمة وشواطيء الخدمة، ط١، دارالنيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١٢، ص٢٧.

موسڵمانانی ئەو سەردەمەی هەڵگرتووە، بانگەشەکاری سەدەی بیستەم...هتد)[١]، جەماوەری تورکی پێیانوایە گولەن لە شوێنکەوتوانی نورسیە بێگومان پەیامەکانی نور کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لە بانگەوازیدا هەبووە بەجۆرێک رێنوێنی کرد، کە بتوانێت گولەن بەهەمانشێوەی نورسی رێگەیەکی ئاشتیخوازانە بگرێتەبەر، لەهەمانکاتدا بەرێزەوە لە نمونەی نورسی و هەوڵەکانی دەڕوانێت ئەمەش بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی تورکەکانە لە بواری پەروەردە و بەها رەوشتییەکاندا[٢].

گولەن(١٩٥٩) وە لە ئەرزەڕومەوە چووەتە ئەدرنە و لەپاش سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەی وەزارەتی کاروباری ئایینی، بەشێوەیەکی فەرمی دەبێت بە پێشنوێژو وتارخوێن[٣]، پاش دووساڵ خزمەت، دەنێرێت بۆ خزمەتی سەربازیی پاش تەواوکردنی خزمەتی سەربازیی لە تەمموزی (١٩٦٤)دەگەڕێتەوە ئەدرنە، ناوبراو حەزدەکات وەک وتاربێژی مزگەوتی(ئوچ شەرەفەلی)، کە پێشتر وتاربێژ بووە لەو مزگەوتەدا دەستبەکاربێتەوە، بەڵام کەسێکی دیکە لە جێگەی دادەنرێت[٤]. ئەدرنە پێگەیەکی تایبەتی لە ژیانی گولەندا هەبوو، چالاکییەکانی بووەهۆی ئەوەی، کە پارێزگاری شارەکە هەرچی لەتوانایدابێت بیکات بۆ ئاستەنگ خستنەبەردەم جووڵەی و مۆڵەتی واعیزی لێوەرگرتەوە و خستییەژێر چاودێری و رێگەی لێگرت لە ناوەندەکانی لەبەرکردنی قورئان وانە بڵێتەوە، هەربۆیە لە(٣١)ی تەمموزی(١٩٦٥) ناچار رووودەکاتە ئەنقەرە[٥].

گولەن لە شەستەکانەوە وەک لێکدەرەوە و شرۆڤەکاری پەیامەکانی نور کاریکردووە، بەمەش رەهەندێکی وەرگرتووە، کە لەگەڵ ئامادەیی و شایستەیەکەیدا هاتۆتەوە. ناوبراو هەرلەو ماوەیەداو پاش تەواوکردنی خزمەتی سەربازیی لە شاری ئیزمیر بۆ ماوەیەکی کەم وەک وتاربێژی پارێزگای ئیزمیر دادەمەزرێت، هەروەها لە یەکێک لەناوەندە فرە ئایینیەکاندا دەرسی وتووەتەوە لەبەرئەوەی وتاربێژێکی بەتواناو کاریگەر بووە بووەتە واعیز[٦]. پاشان ئیدارەی دەزگای کاروباری ئایینی ئیسلامی، گولەنیان وەک بەڕێوەبەری مەدرەسەی (کەستان بازاڕی/Kestane Pazari)، مەدرەسەیەکی قورئانی بوو خوێندکارانی خوێندنگە ئاساییەکان دەرسی بەهێزکردنیان تێدا دەخوێند لە بواری قورئانو زانستە ئیسلامییەکاندا لە ئیزمیر داناوە، کە بەشێکی زۆر لە خوێندکارانی قوتابخانەکان بەسەرجەم ئاستەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی زانکۆکانیش رویاندەکردە ئەم مەدرەسەیە، گولەن لەو سەردەمەداو لەبەرنامە پەروەردەیەکانیدا هەوڵی داوە لەنێوان رەگەزی ئایینیو سیکۆلاریزمدا پێکهاتەیەک لە چوارچێوەی چەمکێکی هاوبەش بۆ کۆکردنەی ئیسلام و

---

[١] مايمول أحسن خان: فتح الله كولن الرؤية والتأثير تجربة فاعلة في المجتمع المدني، ت.أحمد سعيد عبد الوارث و محمود علي جمعة، دارالنيل للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠١٥ ، ص١٤٥.

[٢] فايد فواز: القيم الروحية ودورها في بناء الحضارة عند فتح الله كولن، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية وزارة التعلم العالى والبحث العلمي جامعة محمد لمين، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر في الفلسفة، السنة الجامعية ٢٠١٤-٢٠١٥، ص٣٣؛ مايمول أحسن خان: م.س، ص١٤٥.

[٣] رێبوار کەریم وەلی: فەتحوڵلا گولەن دیدوپرسی کورد، چ١، دەزگای چاپو پەخشی عیرفان، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢٠.

[٤] جەعفەر گوانی: س.پ، ل١٦٧.

[٥] أرطغرول حكمة: فتح الله كولن قصة حياة ومسيرة فكر، ت. عبدالمولى علي جربيع و خالد جمال عبدالناصر، ط١، دارالنيل، القاهرة، ٢٠١٣، ص٥٦.

[٦] محمد نورالدين: حجاب وحراب، ص٢٤٣.

لۆژیکی نوێ، لەنێوان فێرکردنی ئایینیو زانستی پەتی دروستبکات [1].

گولەن لە(١٩٦٨) پاش گەڕانەوەی لە مەراسیمی حەج لە ئەنقەرە چاوی دەکەوێت بەو خانوانەی، کە بۆ ئەو قوتابییانەی پابەندبوونی ئایینیان هەبووەو ئامادەنەبوون تێکەڵ بە قوتابییانی سیکۆلاری ناوبەشە ناوخۆیی زانکۆکان ببن و تێیدا ماونەتەوە، هەربۆیە بە گەڕانەوەی بۆ ئیزمیر لەسەر پێشنیازی موفتی شارکە یەکەمین خانوی قوتابیان لە ئیزمیر دەکرێتەوە. ناوبراو ئامانجی لەم خانوانەدا پێگەیاندنی قوتابیانی زانکۆیە بە پەروەردەیەکی ئیمانیو رۆحی لەگەڵ پەروەردە ئیمانییەکەدا چەندین چالاکیی دیکە وەک چالاکیی وەرزشیو خوێندنەوەی کتێبو ئاشنابوون بە کولتوری هەمەڕەنگ لەم خێوەتگایەنەدا ئەنجامدراوە. یەکەم خێوەتگە لە ناوچەی(بوجا) لە نزیک گوندی کاینلەر لە ئیزمیر چالاکیی دەستپێکردووە[2].

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا گولەن وەک راڤەکارێکی پەیامەکانی نور لەناو گروپی ئاسیای نوێ(Yenı Asya)و رۆژنامەکەیان کاریکردووە، بەڵام لەسەرەتای حەفتاکاندا لەم گروپە دوورکەوتەوە[3]. لە(١٩٧٩)دا لەسەر رێنمای گولەن یەکەم گۆڤاری سزنتی(Sizinti) بە زمانی تورکی وەک گۆڤارێکی مانگانەی زانستیو روشنبیری بڵاوکرایەوە، لەیەکەم ژمارەوە خۆی سەروتارەکانی دەنووسێت، هەروەها جموجوڵی دیکەی بەسەر دامەزراوەی میدیایو وەقفیدا دابەشدەبن دیارترینیان(وەقفی رۆژنامەنووسانو نووسەران)ە، کە لە(١٩٩٤) دامەزراوە چالاکییە میدیایەکانی بەسەر رۆژنامەکانی وەک زەمان(Zaman) گۆڤاری ئەکسیۆن(Acisionn) کەناڵی تەلەڤزیۆنی سیمنیولو تەلەڤزیۆن(STV)، هەروەها ئاژانسی هەواڵی(Cihan Haber Agansi) ژمارەیەک ئێستگەو رادیۆی...هتد دابەشبووە [4].

گولەن لە(١٩٧٠)دا لە شاری ئیزمیر، بزاڤی خزمەتی وەک جووڵانەوەیەکی سۆفی و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵی مەدەنی، کە سنوری نەتەوایەتی تێپەڕاندووە دامەزراند، پاشتر بەهۆی چالاکییو جموجۆڵە بەرفراوانەکانییەوە تەواوی تورکیا و بەشێک لە وڵاتانی جیهانی گرتەوە[5]. بزاڤەکە هەوڵەکانی بەدوو ئاڕاستە چڕدەکاتەوە یەکەمیان گۆڕانی تاک و دووەمیان پەروەردەی تاک، هەروەها گرنگی دەدات بە هۆشیاری رۆحانیو هزری تاک، هەتاکو بزوێنەرێکی ناوەکی لە تاکدا دروستبکات و توانای ئەوەی بداتێ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدات[6]. خۆبەخشان دەستیانکرد بە گردبوونەوە لەدەوری بیرۆکەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بە بەکارهێنانی زاراوەی(خوێندنگاکانی گولەن) و(بزاڤی گولەن)، بەڵام گولەن خۆی هەرگیز بزاڤەکەی بە بزاڤی گولەن یان کۆمەڵەی گولەن یاخود جەماعەت ناو ناباتو بەهیچ شێوەیەکیش ئەم نازناوانەی قبوڵ نەبوو، بەڵکو لەبری ئەوە پێی

---

[1] هیلین روز ایبو: م.س، ص٧٢.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جەعفەر گوانی: س.پ، ل٢٠٤-٢٠٧ ،٢١١، ٢٠٨-٢٠٩.

[3] هبە أحمد جمیل: رؤیة للإسلام الإجتماعي المعاصر في تركیا فتح الله كولن(إنموذجا)، مجلة میسان للدراسات الاكادیمیة، المجلد ١١، العدد ٢٠، حزیران٢٠١٢، ص٥١.

[4] ئەفراح ناثر جاسم: ئیسلامی کۆمەڵایەتیی لە تورکیا"فەتحوڵلا گولەن بە نمونە"، وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی، ل١٧٢؛ هیلین روز ایبو: م.س، ص٨٠-٨١.

[5] Ozcan Keles, Ismail Mesut Sezgin and Ihsan Yilmaz :Op.Cit, P. 268 ؛ بەرزانی مەلا تەها: ئایینو سیاسەت لە کێشمەکێشی سیاسەت و ئایدۆلۆژیادا، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٢٤.

[6] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: رێبوار کەریم وەلی: س.پ ،ل٤٦-٤٨.

باشە بە بزاڤەکە بوترێت(خزمەتی خۆبەخشان) یان(خزمەت)، کە ئەمە خزمەتی کەسانی دیکە دەگەیەنێت یان بزاڤی ئەو مرۆڤانەی لەدەوری بەها باڵا مرۆییەکان کۆبوونەتەوە[1].

گولەن سەبارەت بە سیاسەت دیدوتێڕوانینی تایبەتی لەمبارەیەوە هەبوو، هەربۆیە هەڵوێستێکی توندی دژی ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانە گرتبووەبەر، کە لە بواری سیاسییدا کاردەکەن وایدەبینی ئیسلام دەخەنە مەترسییەوە، پێیوایە ئیسلام لەوە پاکترە، کە بخرێتە نێو کەشوهەوای سیاسییەوە و ئیسلام لەسەر پراگماتیزمو هاوسەنگی بەرژەوەندییەکان دامەزراوە [2]. هەرچەندە گولەن دژی بە سیاسیکردنی ئایینی ئیسلامە لەهەمانکاتیشدا لێکدانەوەی بۆ سیاسەت هەیە لە روانگەی ئیسلامەوە، هەربۆیە گولەن دەڵێت:"ئەوانەی بڕوایان وایە سیاسەت گوزارشتە لە پارتەکان و راگەیاندن و هەڵبژاردنو ململانێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لەهەڵەدان"[3]، لەبەرئەوە سیاسەت لە دیدگای گولەنەوە:"گوزارشتە لە وێنەیەکی فراوان بۆ هونەری ئیدارەدانی جەماوەو رازیکردنییان، کە هاوتابێت لەگەڵ رەزامەندبوونی خودا، لەیەککاتدا لە ئێستاو داهاتوش دەڕوانن"، ناوبراو جیاوازی دەکات لەنێوان دووجۆری سیاسەتدا جۆری سیاسەتی نەرێنی، کە لە ئەمڕۆمان باوە ئەویش پارتەکانو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و...هتد، لە لایەکی دیکەوە سیاسەت بە مانا ئەرێنییەکەی بریتییە لە ئیدارەی جەماوەر و رازیکردنیان بەجۆرێک هاوتابێت بەجۆری رەزامەندی خوداشی لەگەڵدا بێت ئەم جۆرە لە سیاسەت بە تێڕوانین لە فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) سەرچاوەی گرتووە[4]، کە فەرمویەتی:"هەرکەس گرنگی نەدات بە کاروباری موسڵمانان لە ئێمە نییە..."[5].

سەبارەت بە بزاڤی خزمەت و باکووری کوردستان، هەرلە(١٩٨٨)دا، یەکەمین دامەزراوەی خزمەت لە ئورفەو دیاربەکر کرایەوە، کە پەیوەست بوو بە راهێنان و تاقیکردنەوەی زانکۆی و خوێندن لە ناوچەکەدا. دەستپێشخەریی فێرکاریو پەروەردەییەکانی خزمەت لەلایەن پیاوانی خاوەنکارەوە کۆمەکی دارایی دەکران، ئەوان لە میانەی کۆڕبەندو گفتوگۆکانی هەفتەو دانیشتنەکانەوە دۆستایەتی خۆیان لەگەڵ بزاڤەکەدا توندوتۆڵکرد بوو. محەمەد کالێنجو روونی دەکاتەوە چۆن بزاڤی خزمەت لەڕێگەی وتوێژو کۆڕ و گردبوونەکانەوە لە ماردین برەویسەند، دەڵێت:"ساڵانی(١٩٨٨)، هەتاوەکو(١٩٩٩)گردبوونەوە کۆبوونەوەکانی خزمەت بەشێوەی خول و بە شێوەی جیاواز دەهاتنە ناو شارە کوردییەکان و لەناو ماڵی بەشداربواندا کۆدەبوونەوە، لەوێ هۆشدارییەکان لەبواری فێرکاری و هزردا هەمووانی دەهێنایەوە هۆشو پرسیارمان دەکرد چۆن لێرە ناوچەکان وا بێبەشو بێدەرەتانن؟ زۆرترینیان بەوە رازیبوون، کە بەڵێ میری لە توانابیدا نییە خزمەتگوزاری پێویستی بواری فێرکردن نە تەنیا بۆ ماردین، بەڵکو بۆ تەواوی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا[باکووری کوردستان]، دابین بکات. تەنانەت هەندێک لەو سیکۆلارە پەڕەگیرانە سەربە میرین هەربە مەبەستەوە

---

[1] هیلین روز ایبو:م.س، ص١٠٤-١٠٥.

[2] د.طارق عبدالجلیل السید:م.س.

[3] أمل عبدالله محمد النعیمات:م.س، ٣٦.

[4] م.ن، ص٣٦.

[5] قال رسول الله صلی الله علیه وآله وسلم " من لا یهتم بأمر المسلمین فلیس منهم ..." أخرجه الطبراني في الصغیر (ص١٨٨) وفي الأوسط (٢/١٧١/ ١/٧٦٢٦) وضعفه الألباني في سلسلة الأحادیث الضعیفةوالموضوعة وأثرهاالسيء في الأمة ١/ ٤٨٣، زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەم فەرمودەیە لاوازە.

دەیانەوێت ناوچەکە لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانو بوونی قوتابخانە بێبەشی بکەن، ئەوەشیان وەک سزایەک لەبەرامبەر دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان بەکاردەهێنا"[1]، هەربۆیە لەبەرامبەر کەمتەرخەمی حکومەت، بزاڤی خزمەت وەک بزاڤێکی میانڕەوی کۆمەڵایەتی ئیسلامی لە باکووری کوردستان، لەلایەن بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردییەوە پێشوازی لێکراوە، بزاڤەکە لە ناوچە کوردییەکاندا زۆر چالاکەو لەکاتێکدا چالاکییەکانی لە خزمەتی چارەسەری پرسی کورد کاریگەری هەبووە، هەروەها بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چالاکیی ئەندامانی پەکەکەش هەبووە، بەپێی راپۆرتەکانی پۆلیس و رێکخراوە تایبەتەکان ئەوە پیشاندەدەن لەو ناوچانەی، کە بزاڤی خزمەت دەستپێشخەری کردووە بە دامەزراندنی قوتابخانەو ناوەندی پەروەردەی رێژەی تاوانو چالاکییەکانی پەکەکە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە[2].

گولەنو بزاڤە ئیسلامییە نەتەوەییەکەی، بەشێوەیەکی سەرکیی بە نورسیو موسڵمانانی کوردی سوننە پشتیبەستووە[3]، بەجۆرێک کاریگەریی نورسی لەسەر گولەن زۆر گەورە بوو بەتایبەت لە بواری بانگەوازدا، کە نورسی بانگەشەی بۆ دەکرد بەتایبەت لە پرۆسەی نوێکردنەوە، کە پێیهەستاوە لە فکری ئیسلامی هاوچەرخدا وایدەبینی پیلانەکانی کوفرو بێباوەڕی دەتوانرێت بە باوەڕو فکرو زانیاریی پوچەڵ بکرێتەوە[4].

گولەن لە بابەتی پەیوەندی لەگەڵ سیاسییەکان رێبازی نورسی هەڵبژارد، کە خۆلادان بوو لە پێکدادان لەگەڵیان یان گۆڕان بۆ پردێک و ئامرازێک بۆیان، کە بیقۆزنەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، هەربۆیە بزاڤی خزمەت دەناسرێتەوە بەوەی هیچ شوناسێکی سیاسییو ئایدیۆلۆجیای هەڵنەگرتووە، هەتاوەکو ئەو پلەیەی، کە هەندێک لە ناوەندە ئایینییەکان تۆمەتباریان دەکرد و رەخنەیان لێدەگرتن، کە لە دەرەوەی گۆڕەپانی سیاسی ماونەتەوە. گولەنو بزاڤەکەی پەیوەندییان لەگەڵ چینی سیاسەتمەدارانو بڕیاربەدەستانی تورکیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی واقیعیەکان بووە بە هاریکاری رانەگەیەنرا و ناڕاستەوخۆ لەکاتێکدا بابەتەکە پەیوەستبێت بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی تورکیاوە[5]. بزاڤی خزمەت هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتدا کۆکبوون ئەم تایبەتمەندییەی بزاڤی خزمەت جیا دەکاتەوە لە کۆمەڵە ئیسلامییەکانی دیکە، لەبەرئەوەی خودی گولەن پشتیوانی و لایەنگری دەوڵەتە، هەروەها بزاڤەکەش شوێنکەوتەی رێبەرەکەیانن[6]. گولەن لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن ئاکەپەوە

---

[1] وەرگیراوە لە: مستەفا گوربوز: جوڵانەوە کوردییە رکابەرەکان لە تورکیا، وەرگیراوە لە: توغبا یەشار ئۆغلۆ: حیزبوڵڵای کوردیی لە تورکیا، و.ماجید خەلیل، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢٦١-٢٦٢.

[2] دوغان کوچ: جنبش خدمت و مسئلة کرد، وەرگیراوە لە: فوزی بیلگین و علی ساریخان: شناخت مسئلة کرد در ترکیة، ت. ازاد حاجی اقای، نشر پانیذ، تهران، ١٣٩٣، ص٣٥٠-٣٥١.

[3] ازغي باشاران: م.س، ص٨٥.

[4] فايد فواز: م.س، ص٣٥.

[5] حميد الداودي: منهج الأستاذ محمد فتح الله كولن في الإصلاح والخدمة، العمل الاجتماعي في الإسلام وتطبيقاته المعاصر، اطروحة لنيل الدكتوراه، مركز الدراسات في الدكتوراه الاداب والعلوم الانسانية الفنون، ٢٠١٤-٢٠١٥، ص٣٥٣.

[6] Deniz Çakırer : The Gülen Community and the AKP, interviewed by Deniz Çakırer with Ahmet Şık, **From Book:** Esra Özyürek, Gaye Özpınar and Emrah Altındiş (Editors): Authoritarianism and Resistance in Turkey Conversations on Democratic and Social Challenges, Springer International Publishing, Switzerland, 2019, P.83.

پشتیوانی له حکومەت کرد، بەڵام له قۆناغەکانی دواتر لەگەڵ ئەردۆغان ناکۆکی کەوتە نێوانیان و هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

گولەن به تێڕوانینی بۆ سیاسەت، هەمان ڕێچکەی نورسی لەدوای دوورکەوتنەوەی له سیاسەت به شێوازێکی نوێی گرتەبەر، ئەم شێوازە مامەڵەکردنەی گولەن لەگەڵ ئەو قۆناغە مێژووییەدا کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر ڕاکێشانی کورد له باکووری کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی درێژەپێدەری بزووتنەوەی نورجوبوون هەبوو، ئەوانەی خواستو تێڕوانینەکانیان لەگەڵ بزاڤی خزمەتدا یەکیدەگرتەوەو خاوەن مەیلێکی ئیسلامی میانڕەو بوونو ئارەزوومەندبوون که ناوچەکانی کوردستان له بوارە فکری و ڕوشنبیری و خزمەتگوزاری و لایەنەکانی دیکە پەرپێبدەن بەهەرجۆرێک بێت، تەنانەت ئەگەر سازانو ڕێککەوتن بێت لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتدارانی تورکیادا.

بزاڤی خزمەت بەردەوام بوو له پەرەپێدانو زیادکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکانی، سەرەڕای قوتابخانە ئامادەییەکان، که بزاڤی خزمەت دایمەزراندبوو، خۆبەخشەکانی خزمەت له بەرای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم هەستان به دامەزراندی چەندین قوتابخانەی تایبەت له ناوچەکەدا. ڕێبازی سەرەکیی ئەو قوتابخانانە دروست هەمان ڕێوشوێنی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوای تورکیای گرتەبەر، بەتایبەت وەک قوتابخانەکانی یەمنلەرو فاتح، هەموو ئەو پرۆژە بەرینانەی سەرئاستی تورکیا و باکووری کوردستان بەهۆی دامەزراوە سەرکەوتووەکانی تۆڕی ناوخۆی سوهبەتەوە (Sohbet)* بوون، که پیاوانی کارو بازرگانە هەرە دەوڵەمەندەکانی کورد له ئەستەنبوڵدا کۆمەکی داراییان دەکردن. قوتابخانەی ئامادەیی ئەتاک له ماردین له ئاکامی چەند سەردانێکی کەمی بازرگانو زەنگینەکانی ماردین بوو له ئەستەنبوڵەوە بۆ ماردین، هەربۆیە دکتۆر وەحید ئەتاک ئەو قوتابخانەیە دەکاتەوە، ناوبراو خاوەنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت و چەند کارگەیەکی پێڵاوە بوو لەشاری ئەستەنبوڵدا. له ساڵانی سەرەتادا زۆرترینی مامۆستاکانی پەروەردەو فێرکردن له کوردستان ئەوانەی سەر به خزمەت بوون به ڕەچەڵەک تورک بوون، بەڵام وردە وردە خۆبەخشە کوردەکانی نێو خزمەت زۆربوونو ئیدی مامۆستایانی کورد شوێنی ئەوانیان گرتەوە. گروپەکانی سوهبەتی خزمەت له نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بەرەوپێشچوونو بڵاوبوونەوەی بەرینیان له شارو شارۆچکەکانی کوردستان به خۆوەبینی[١].

دامەزراوەکانی خزمەت له ناوچەکانی باکووری کوردستان بەردەوام له زیادبووندا بوون له (١٩٩٨)بەدواوە ژمارەی دامەزراوەکانی دوو هێندە زیادی کرد. ژمارەی ئەو قوتابیانەی، که ڕوویاندەکردە ناوەندەکانی بزاڤەکە ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد بەجۆرێک هەموو ساڵێک(٣٣٧١) کەس زیادی دەکرد[٢].

گولەن سەبارەت به مافی کورد، پێوایە مافو ئازادییەکان شتانێک نیین کەسو لایەنێک یاخود هێزو دەسەڵاتێک بیانبەخشێت و له کەسانی دیکەوە چاوەڕێی بکرێن یان بۆ وەرگرتنیان چاومان لەدەستی کەسانی دیکە بێت، ئەمانە کۆمەڵە مافو ئازادییەکن، که پەروەردگاری بەدیهێنەر وەک

---

*سوهبەت(Sohbet): دەستەواژەیەکە بۆ ئەو وانانە بەکاردێت، که خەڵکی به شەو یان دوای عەسر دەچن بۆ مەدرەسەو کەسێک قسەیان بۆ دەکات.( توێژەر).

١ مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل ٢٦٢-٢٦٣.

٢ دوغان کوچ: م.پ، ص٣٦٠.

مرۆڤ بەخشیویەتی بە هەموومان، هەربۆیە هەموومان لە روانگەی ئەوەی، کە مرۆڤین بەدیهێنراوین، یەکسانین. ئەگەرچی پەیامبەرێکیش بێت ئەگەر لەسەرەتاوە بەم یەکسانییەدا داننەنێین، ئەوا دادپەروەری و یاسا جێبەجێ نابێت. گولەن پێیوایە مافەکانی مرۆڤ گەردونیین‌و نە موڵکی رۆژهەڵاتن نە موڵکی رۆژئاوا، هەربۆیە سەبارەت بە خوێندن بە زمانی کوردی وتی:"زمانی دایک شێوازی سروشتی خوێندنە هەروەک بەدیعوزەمان وتویەتی:"لەبەرئەوەی زمانی دایک سروشتییە، هەربۆیە دەبینی واتاکان بێ بیرکردنەوە خۆیان دێنە زەینەوە"، لەبەرئەوەی فێربوون‌و فێرکردنی زمانی دایک یەکێکە لە مافە گەردونییەکانی مرۆڤ بە دڵنیاییەوە نابێت لەژێر پەردەی هیچ پاساو بیانوویەکدا زمانی دایک لە نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک قەدەغە بکرێت. کاتێکیش کارێکی لەوجۆرە ئەنجامدرا، ئیدی ئەوە دەبێتە ستەم دەبێتە دژیەک هاتنەوە لەگەڵ ناخو سروشتی ئادەمیزاددا، هەربۆیە قەدەغەکردنێکی لەو جۆرە بەردەوامی نابێت، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین، کە زەمینەسازی خوێندن بە زمانی دایک، یەکێکە لەو بنەما رەوشتیانەی، کە دادپەروەری دەوڵەت بەرامبەر بە هاوڵاتیانی دەخاتە سەنگی مەحەکەوە"[١]، هەروەها گولەن لەسەر مینبەری مزگەوتەوە هاوبەشی ئازاری کوردی دەکرد و جەختیکردەوە لەسەرئەوەی، کە دەبێت خوێندن بە زمانی کوردی ئازادبێت و هانی خۆبەخشانی دەدا، هەتاوەکو لەرێگەی سەرمایەوە و خزمەتە پەروەردەییەکانیانەوە بچن بە هانای براکانیانەوە لە باکووری کوردستان، ئەم بایەخدانەی گولەن بە "پەروەردەی ئیسلامی"، بەتەواوی رونبوو، ناوبراو پێیوابوو کێشەی کورد بریتییە لە کێشەی کوردبوون-واتە هەست بکەی بەوەی کوردیت- هەربۆیە هاندانی کوردەکان بۆ گۆڕینی تێڕوانینان بۆ خۆیان، کێشەکە ناهێڵێت[٢].

گولەن سەبارەت بە بوژانەوەی ناوچەکانی باکووری کوردستان رەخنە لەکەمتەرخەمی حکومەتی تورکیا بەرامبەر ئەو ناوچانە دەگرێت، کە هێشتا ئەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی سەربازییدا بووە و باسکردنی ئەو شتانە هێڵی سووربوون لە رۆژنامەی زەمان لە(٣)ی ئەیلولی(١٩٩٧)دا رەخنە لە دەوڵەتی تورکیا دەگرێت، کە دەوڵەتیش هاوشێوەی دامەزراوەی سەربازیی جدی نەبووە لە ئاست ناوچە کوردییەکاندا پاشان کۆمەڵێک پێشنیاز دەخاتەڕوو، هەتاوەکو گرنگی زیاتر بە بواری پەروەردە بدرێت لەو ناوچانەدا و ئاستی خوێندەواری تێیدا بەرز بکرێتەوە، گولەن وتی:"بەداخەوە دەڵێم، کە دەوڵەتیش هەرئەوەندەی لەدەستهات، کە دامەزراوەی سەربازیی بە ئەنجامی گەیاند، لەڕاستیدا سیاسەتێکی جدیان دەرهەق بەم بابەتانە نەبوو یاخود بۆیان پەیڕەو نەکراوە. لەریزی ئەو رێوشوێنانەدا نەیانتوانی بەدواداچوونی ورد بکات و مامۆستاکان بپارێزێت‌و سەلامەتیان دەستەبەربکات، لەگەڵ ئەمەدا لە کردنەوەی قوتابخانەی زۆر و چاککردنی سیستمی خوێندن سەرکەوتوونەبووە"[٣].

گولەن تەنیا رەخنە لە کەمتەرخەمی دەوڵەت سەبارەت بە ناوچەکانی باکووری کوردستان ناگرێت، بەڵکو هانی کەرتی تایبەت دەدات بۆ هاوکاری و ئاوەدانکردنەوەیان لەم بارەیەوە وتی:"با ئێمەش بەرلە هەموو کەس سەرمایەکانمان لەوێ بخەینەگەڕ و ئەو ناوچەیە بکەین بە پارچەیەک لە بەهەشت،

---

[١] جەعفەر گوانی: س.پ، ل٣٣٣-٣٣٤.

[2] Christopher Houston: Islam, Kurds and the Turkish Nation State, published by Berg- Oxford International Publishers Ltd ,First published, Oxford, 2001, P.154.

[٣] ڕێبوار کەریم وەلی: س.پ، ل٨٩-٩٠.

با هەروەک میزۆپۆتامیای دێرینی لێبێتەوە و سەرلەنوێ ببێتەوە بە مەڵبەندی شارستانیەت، بەڵام سەرەتا پێویستە خوێندن گرنگی زۆری پێبدرێت، چونکە لەم ناوچەیەدا بۆشایەکی زۆربوونی هەیەو لەرووی خوێندنو پەروەردە هەر کێشەی پەروەردە چارەسەرکرا، دەبینین لەگەڵیدا زۆر کێشەی دیکە چارەسەر بووە"[1]، هەروەها گولەن رەخنە لە کاربەدەستان و حکومەت دەگرێت سەبارەت بە ناوچە کوردییەکان تەنیا بە قسەو گوفتار لە راگەیاندنو میدیاکاندا باس لە خزمەتگوزاری و هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە دەکەن، بەڵام بە کرداری هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەناوەو پێوایە مرۆڤە مەردەکانی ئەنادۆڵ دەبێت ئەوە بۆ براکانیان لە ناوچە کوردنشینەکان بسەلمێنن، کە لەناو بارگوزەرانی سەختو بێبەشیدا ژیان دەگوزەرێنن و، کە چەند ئەوانیان خۆشدەوێت بەتەنگیانەوەن. لەم سۆنگەیەوە ئەو خۆبەخشانەی سوودیان لە بۆچوونەکانی گولەن وەرگرتوو، ژمارەیەکی زۆر هەستان بە ئەنجامدانی چەندین چالاکیی کۆمەڵایەتی لەناوچە کوردییەکاندا، کە ئامانج لێیان ژیاندنەوەی برایەتیو کۆتایهێنان بەو دابڕانە کۆمەڵایەتییەی، کە دروستبوو[2].

ئیدی چالاکەوانەکانی بزاڤی خزمەت لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی کورددا فرە بەردیدە دەکەوتن. چوون کەمبوونەوەی توندوتیژی و شەڕی پەکەکە لەو قۆناغەدا بواری بوژانەوە و بەگەڕخستنی دەزگاگەلێکی خێرخوازی و پرۆژەگەلێکی گەشەپێدانی ئاواییەکانی کورد بوویەوە، هاوکات چەندین هۆڵی خوێندنەوە بۆ خوێندکارە کەم دەرامەت و هەژارەکان و یانەی تایبەت بە دۆستایەتی ژنان کرابوونەوە. کردنەوەی کەناڵگەلێکی دیموکراسی نە تەنیا یاریدەی گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدا، بەڵکو دەستی جووڵانەوەی خزمەتیشی لەناو کوێرەدێ و کوردە دێهاتیو سەرەتاییەکاندا بەهێزو والاکرد، بۆ نمونە قوتابخانەی ئامادەیی خزمەت لە نوسەیبین لە(١٩٩٦)دا بەتەنیا(١٥) خوێندکاری هەبوو، بەڵام لە دەستپێکی(٢٠٠٠) بەدواوە ئیدی ئەوانەی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبوون بۆ نمونە لە(٢٠٠٤)دا گەیشتنە(٢٨٠)و لە (٢٠٠٥)دا بوون بە(٤٨٠)و لە(٢٠٠٦) دا بوونە(٩٠٠)خوێندکار تەنیا لە نوسەیبین دا[3].

گولەن لە ناوچەکانی باکووری کوردستان هەمیشە بایەخی بە پەروەردەو لایەنەکانی فێرکردنو کردنەوەی دامەزراوە پەروەردەیەکان داوە، هەروەها سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد، خاوەن دیدوچارەسەری تایبەت بەخۆیەتی ئەمەش بەڕوونی لە نامەیەکدا بۆ ئەردۆغان دەردەکەوێت ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە پێویستە ناوچە کوردنشینەکانی باکووری کوردستان ئاوەدان بکرێنەوەو دانیشتوانەکەی بە زمانی کوردی بخوێنن و لەمبارەیەوە وتی:" کێشەی کورد شتێک نییە بەهێز و سوپا چارەسەر بکرێت"[4]، گولەن ئەم تێڕوانینەی خۆی لە هێنانە ئارای چارەسەرێکی ئاشتیانەدا دەبینێتەوە بۆ کێشەی کورد، مێژووی نامەکەی گولەن دەگەڕێتەوە بۆ(٢٠٠٦)، ناوبراو لە نامەکەیدا هەندێک خاڵ دەربارەی چارەسەری کێشەی کورد خستووەتەڕوو لەوانە:(پێویستە ئەو ناوچانە بکرێت بە ناوەندی سەرنجڕاکێشانی دەسەڵاتدارانو بایەخدان پێی، بێگومان دەبێت لە ئەنجامی هەوڵو کۆششی دڵسۆزانەدا ئەو جوگرافیایە گەشە بکاتو دەبێت هێندە ئاوەدان بکرێتەوە،

---

[1] جەعفەر گوانی: س.پ، ل٣٤١.

[2] ه.س، ل٣٤٢.

[3] مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل٢٦٣-٢٦٤.

[4] بەرزانی مەلا تەها: ئایینو سیاسەت، ل٢١٠.

که سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ پێگەکەی جارانی، کە بریتیبووە لە چەقی شارستانیێتێکی گرنگ، دەبێت لەو ناوچەیەدا بابەتی پەروەردەو فێرکردن بەجدی هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، چونکە ئەگەر کێشەی پەروەردە چارەسەر بێت، زۆر گرفتی دیکەش چارەدەبن، با کوردەکان رادیۆو تەلەڤزیۆنی کوردیان هەبێت. نابێت ئەوە لەبیربکریت، کە خوێندن بە زمانی دایک، مافێکی سەرەتایی مرۆڤە و نابێت بکرێت بە کارتێکی سیاسی، پێویستە ئەو ناوچانە لەڕووی تەندروستییەوە هەڵوێستەی لەسەر بکرێتو دامودەزگای تەندروستی تێدا دابمەزرێنێت، لە تورکیادا پزیشکی گشتی گەنج زۆرن‌و دەکرێت زۆربەیان بۆ باکووری کوردستان بنێرێت، پێویستە ئەو سەربازانەی بۆ ئەو ناوچەیە دەنێردرێن بەتەواوی مانا بتوانن تێکەڵی خەڵکی ناوچەکە ببن‌و بەمجۆرە دەبێت هەوڵبدرێت وێنەی سەربازی کودەتاکارو چەوسێنەرو تۆقێنەر لایان بسڕێتەوە، پێویستە ئەو زانا ئایینیانەی لە باکووری کوردستان دادەمەزرێن، زمانی کوردی بزانن...هتد)[1].

بزاڤی خزمەت هەرلەسەرەتاوە زۆر بەهێزو بێپەروا پشتیوانی لە پڕۆژە چاکسازییەکانی ئاکەپە دەکرد دژ بە سوپاسالاری سەربازگەرای تورکیا، بەڵام لە قۆناغەکانی پاشتردا و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئاکەپەوە، درزکەوتە نێوان ئەم بزاڤە و ئاکەپەو ئیدی لە یەکدی سڵەمینەوە. بزاڤی خزمەت دوو کۆنفرانسی گەورەی لەبارەی پرسی کورد لەبەرامبەر روانگەو ریفۆرمخوازی و ئازادیخوازییەکانەوە لە کوردستان گرێدا، کە پێشتر ئاکەپە بەناوی کرانەوەی کوردییەوە قسەی لەوبارەیەوە کردبوو. هاوکات بەهەمانشێوە پێش دوومانگ لە ئامادەکارییەکانی رەشنووسی دەستووری تورکیا، کە ئاکەپە بواری بە قوتابخانە کوردییەکان دابوو، گولەنیش لە دیدارێکیدا لەگەڵ رووداو جەختیکردەوە، کە پشتیوانی خوێندن‌و فێربوون بە زمانی دایک لە تورکیادا دەکات. هەرچەندە رەخنەگران لەهەمبەر دیدگای ئەم بزاڤە بۆ پرسی کورد رەخنەیان زۆرە، لەوانە: چۆن خوێندکارانی کورد لە قوتابخانەکانی خزمەتدا نە زمانی کوردی دەخوێنن‌و نە مێژوو نە کولتور و سیاسەت، بەڵکو رامیان دەکەن بۆ کولتورو زمان‌و نەتەوایەتی‌و شوناسی تورک - هاوکات لە لای زۆرترین خۆبەخشەکانی خزمەت فێرکردنی گەنجی کوردو ئامادەکاری کەناڵگەلێکی مەدەنی لە گەشەپێدانی ئابووری ناوچەکەدا وەک چارەسەرێک بۆ ریشەی دەمارگیریی و تەنگەژەکان تەماشا دەکرێت. هەندێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکانیش پێیانوابوو ئەم بزاڤە کەمکردنەوەی باری گرانی تورکە لەهەمبەر کێشەکانداو ناچێت بەلای شوناسە نەتەوەییەکەدا[2].

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بەرزانی مەلا تەها: ئایین‌و سیاسەت، ل٢١٠-٢١٦.

[2] مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل٢٦٤-٢٦٥.

# باسی سێیەم

## سیاسەتی ئاکەپە بەرامبەر بە کورد(٢٠٠٢-٢٠٠٧):

ئاکەپە هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە، هەتاوەکو گەیشتنی بە دەسەڵات پێڕەوی سیاسەتێکی جیاواز لە حکومەتەکانی پێشووی خۆی بەتایبەت سەبارەت بە پرسی کورد کرد، هەربۆیە لەم باسەدا تیشک دەخەینەسەر ئاکەپە و سیاسەتەکانی سەبارەت بەم پرسە لە ماوەی گرتنەدەستی دەسەڵاتی، هەتاوەکو (٢٠٠٧).

ئاکەپە وەک حیزبێک لە کۆمەڵگەی تورکیادا تەنیا لە ئیسلامییەکان کورت نابێتەوە، بەڵکو کەرتە جیاوازەکانی وەک گەنجان و ژنانو چەپەکان تەنانەت سیکۆلاریزمەکانیش لەخۆدەگرێت، بەمەش پارتەکە ئەو تەیارە کلاسیکانەی لە ژیانی سیاسی و ڕەوتی نەتەوەیی یان سیکۆلاری تورکی تێپەڕاند، کە لە ژیانی سیاسی تورکیادا هەبوون بەوەش کۆماری سێیەمی دامەزراند. هەوڵیداوە بۆ بنیاتنانی ڕەوتێکی گشتگری نوێ، هەتاوەکو گوزارشت لە نەوە نوێیەکان، کە هاتبوونە نێو گۆڕپانی ساسییەوە بکات[١]. ئاکەپە سەرەڕای ریشە ئیسلامییەکەی بووەخاوەن پشتیوانی سیاسی فراوان، کە دەستەبژێری ئیسلامیی و چینایەتی تێپەڕاند. بڵاوبوونەوەی تۆڕێکی پشتیوانی کۆمەڵایەتی فراوان و ئامرازی حیزبی سەرکەوتوو کارا لەگەڵ پەیوەندی بەهێزی بەناوەندەکانی هەڵبژاردنی ناوخۆی وایلێکرد بتوانێت ژمارەیەکی زۆر لە ریزەکانی کۆمەڵە بێبەش و پەراوێزخراوەکان رابکێشێت بەلای خۆیدا و بیانکاتە پشتیوانی پارتەکەی، لەپاڵ ئەمانەشدا ئاکەپە بەرامبەر بە کەمایەتییەکان، پشتیبەستووە بە سیاسەتی کرانەوەو لێبوردەیی، بەمەش توانی سەرنجو پشتیوانی زۆرێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەو کەمایەتیانە بەلای خۆیدا راکێشێت. ئاکەپە لە هەناوی قەیرانو رووداوەکانی(٢٠٠١ )لەدایکبووە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەتوانرێت ناوی پارتی(پاش ئیسلامی سیاسی)ی ناو لێ بنرێت، ئەم پارتە وەک کۆمەڵەیەکی فرەیی ریزبەند دەکرێت، کە پێکهاتەیەکی ناوازەی هەیە لە چاکسازیی و پارێزکاری، کە سنوری چینە کۆمەلایەتییەکان تێدەپەڕێنێت[٢].

ئاکەپە هەرلەسەرەتای دەرکەوتنییەوە لەڕێگەی هەندێک لە گروپی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیی نزیک لەخۆیەوە بوو بە دۆستی کورد. بیرۆکەی چارەسەرکردنی پرسی کوردی هێنایەوە مەیدان، هەرچەندە لەبەرامبەر ژەنەراڵەکانی سوپا و ئەوانەی لە ئەرزی واقیعدا دەسەلاتدار و دەستڕۆشتبوون لەناو"دەوڵەتی قووڵ"[٣] لە تورکیادا تووشی ئاستەنگی زۆربوویەوە[٤]، بەلام ئاکەپە بێگوێدانە ئەو ئاستەنگانە هەمیشە بانگەشەی ئەوەی کردووە: ئەمیش قوربانییەکە لە قوربانییەکانی دەوڵەتی کەمالیو هەژمونی سەربازییو هەروەک کوردەکان. ئاکەپە ئەوەی خستەڕو بەدەست ئەم دەوڵەتە

---

[١] د.عثمان علي: التطبيع، ص٣٩.

[٢] جلال ورغی: م.س، ص٥٨-٥٩.

[٣] دەوڵەتی قووڵ(پارتی دەوڵەت): پێکهاتووە هەریەک لە سوپا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو ئەنجومەنی دەستووری، کە زۆر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە نزیکە، لە ماوەی دەیەی هەشتاکانو نەوەدەکانی سەدەی بیستەم پێکەوە رۆڵێکی کاریگەریان بینی لە خستنەگەڕی پێکهاتەی نوێی دەسەلات، هەرچەندە پێشتر دەستوەردان و کودەتاو دەستێوەردانی سەربازییان دەکرد، وایان پێ باشتر بوو لە قۆناغەکانی دواتر دەستێوەردانی کەمتربکەنەوە، بەلام کاریگەری زیاتر پێڕەو بکەن.(حەمید بۆز ئەرسەلان: س.پ، ل١٥٤).

[4] İsmet Siverkli :Kürdistan'da Siyasal İslam, Peri Yayınları ,Birinci Baskı ,İstanbul, Ekim 2008,Sayfa163.

ئایدۆلۆژییە کەمالییە و سوپاوە ناڵاندوومانە کاتێک دەگەینە دەسەڵات یەکەمین کاری لەپێشمان پێناسەکردنەوەی دەوڵەتو لێکهەڵوەشاندنەوەی ئایدیۆلۆجیا کەمالییەکە دەبێت، کورد ئەم تێڕوانینەی ئاکەپەی لاپەسەندبوو[١].

بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی عوسمانییە نوێیەکان، کە ئاکەپە گرتبوویەبەر زۆرترین ئامادەکاری بۆ پەسەندکردنی کورد و رۆڵی(براگەورە)بەرامبەریان تێدابوو، بە پێچەوانەی کەمالییەکانەوە لەکاتێکدا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی تەنانەت ئەنجامدانی گفتوگۆبوون لەگەڵ کورددا[٢]. لەناو ئەوهۆکارانەی، کە کاریگەری هەبوو لەسەر سیاسەتی ئاکەپە سەبارەت بە کێشەی کورد سێ هۆکاری سەرەکی هەبوون ئەوانیش: (چوارچێوەی سیاسی، کە پارتەکەی لەسەری دامەزرابوو، خۆی دەبینییەوە لە دەنگدەرانی پارتەکە، پەیوەستە بە کاریگەریی کەسایەتی رێبەرەکەیان، کە ئەردۆغان هەیەتی)، ئاکەپە لە هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی تایبەت بە کێشەی کورد جەختیدەکردەوە لەسەر بنەمای بەشداریی سیاسییو هاندانی چاکسازی سیاسی بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکە و دووبارە داڕشتنەوەی بنەڕەتی شوناسی تائیفی، کە لە کۆتاییدا دەبووەهۆی هێنانە کایەی شوناسیی نەتەوەیی هاوبەش[٣].

ناساندنی تورکیا وەک وڵاتێکی کاندید بۆ یەکێتی ئەوروپا لە لوتکەی هێلسنکیدا لە کانونی یەکەمی(١٩٩٩) دا ئەمە رێگەی خۆشکرد بۆ دەستپێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا، هەرچەندە لوتکە هێلسنکی هیچ مافێکی تایبەتو دیاریکراوی بە تورکیا نەدابوو، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی تەواو لە یەکێتی ئەوروپا هیوایەکی بە تورکیا دابوو، لەسەر ئەم بنەمایە بوو، کە تورکیا ریفۆرمێکی بەرچاوی گرتەبەر، هەتاوەکو سیاسەتەکانی خۆی لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا هاوسەنگ بکات، بۆئەوەی بگاتەوە ئەو ئاستەی، کە پەیوەندی یەکێتییەکە بێت، هەربۆیە لە پرۆسەی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەت لەبەرامبەر پرسی کورددا تورکیا گۆڕانێکی لە گوتاری گشتی خۆیدا کرد، چوون یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە یەکێتی ئەوروپا، بریتیبوو لە دەستەبەرکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان بەتایبەت رەوشی مافی کورد لە تورکیا لە دیارترین سەرنجەکانی ئەم پرسە بوو[٤]، هەربۆیە لە(٢٠٠١) بەدواوە چەند پاکێجێکی خۆگونجانی لەتەک یەکێتی ئەوروپادا ناسێنران و لەم روەشەوە فشاری سەربازیی تورکیا لە بەرامبەر پرسی کورد ئاسان کراو کەمکرایەوە، هەروەها چەند ریفۆرمێکی دەستووری و یاسای سەبارەت بە مافە کولتورییەکانی کورد لە تورکیادا کرا. گۆڕانە دەستوورییەکانیش لەڕێگەی چەند پاکێجێکی گونجاوەوە بوون، هەتاوەکو یاسا نوێییەکان و حوکمە ئیدارییەکان و چەندین رێوشوێنی دی زەمینەسازییان بۆ بکرێت، هەتاوەکو هاوجوتی بنەماکانی یەکێتی ئەوروپا بێت، لەوانەش: قەدەغەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بواری قسەکردنو بڵاوکردنەوەو پەخشدا کۆتاییهات،

---

[١] ازغي باشاران: م.س، ص٩٦؛ م. هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣٢٥.

[٢] میشال نوفل: م.س، ص٨٥.

[٣] جمال الدين هاشمي: في سياسة حزب العدالة والتنمية الخاصة بالقضية الكردية، في ضمن كتاب: د.عثمان علي: م.س، ص١٧١.

[٤]عماد يوسف: تركيا استراتيجيه طموحه وسياسه مقيده مقاربه جيوبولتيكيه،ط١، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجيه، أبوظبي، ٢٠١٥،ص٤٧؛ مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل٢٨٨-٢٨٩.

لابردنی سزای لەسێدارەدان، هەڵگرتنی یاسای باری نائاسای لە باکووری کوردستان...هتد لێرەوە هەڵگرتنی یاسای باری نائاسای شیاوی ئەوەبوو، کە سەرنجی گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی کورد رابکێشێت[١].

ئاکەپە لەپێش هەڵبژاردنی(٢٠٠٢)دا درکی بەوەکرد، کە دەنگەکانی لەناو کورد لە باکووری کوردستان رێژەیەکی زۆر نییە، هەربۆیە ئەم مەترسییە پاڵینا بە ئاکەپەوە بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە باکووری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکاندا، هەرچەندە مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگەکانی کورد لەلایەن ئاکەپەوە مێژووییەکی ئاڵۆزی هەیە[2]، بەڵام ئیسلامگەرای ئاکەپە بە پابەندبوونی بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنەکەی یەکێتی ئەورووپاوە، توانی دەنگدانەوەی خۆی لەناو شەقامی کوردییدا برەو پێبدات، لەلایەکی دیکەوە بزاڤی خزمەت یاخود چالاکەوانەکانی گولەن، بەتایبەتی پێش ئەوەی ئاکەپە دەست بۆ ریفۆرم بەرێت لەناوچە کوردییەکاندا، ئەوان بە گورجی دەستیان پێکردبوو، لەوکاتەوە گولەنییەکان دارایی پارتێکی سیاسی نەبوون، هەربۆیە کاریگەرییەکانی ئەم بزاڤە بەشێوەی زەمینەیەکی سازدرا و ئاکەپە لە دەنگدان سوودی تەواوی تێدا بینی ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی، کە هەردوو ئاکەپەو بزاڤی خزمەت دارایی ریشەیەکن لە ئیسلامی تورکیدا. ناسیۆنالیستە کوردەکانیش ئەوانیان بە بەرەیەکی هاوبەش دەزانی دژ بە تەڤگەرەکەیان، هەربۆیە ئاکەپە لە زۆربەی شارە کوردییەکاندا لە هەڵبژاردنی(٢٠٠٢)دا بە بەراورد بە پارتە تورکییەکانی دیکە رێژەیەکی بەرچاو دەنگی بەدەستهێنا لەوانە: لە شارەکانی(وان ٢٥,٨٦٪، موش ١٦.٩٠٪، دیاربەکر ١٥,٤٣٪، ئاگری ١٧,٧٠٪...هتد)[٣].

لە دوای(٢٠٠٢)وە، گۆڕان لە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی گۆڕا لە هەڕەشەی دەرەکییەوە بۆ هەڕەشە ناوخۆییەکان، کە خۆی لە جیاخوازی کوردەکان و ئیسلامی سیاسی دەبینییەوە. بەومانایەی ئەگەرچی هەڕەشەکان ڕوو بە هەڵکشان بوون لە ژینگەی ستراتیژی راستەخۆی تورکیاوە، بەڵام هەڕەشەی سەرەکی بە ناوخۆیی دادەنرا[٤]، کە جیاخوازی کورد و ئیسلامی سیاسی بوون وەک دوو مەترسی سەر سیستمی سیکۆلاری تورکیا و پایەکانی ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، کە لەلایەن دامەزراوەی سوپاوە پارێزگاریی لێدەکرا.

ئەردۆغان هەوڵیدا ژێرانە کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکات، هەربۆیە ئاکەپە لە یەکەم هەنگاویدا دەستیکرد بە ژیاندنەوەی پرۆژە چاکسازییەکەی حکومەتەکەی پێشوی ئەجەوید، کە لەڕێگەی پێشکەشکردنی لیستێکەوە بوو، بۆ بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانی، کە چەندین چاکسازیی لەخۆدەگرت[٥]، هەروەها ئاکەپە بە گەیشتنە دەسەڵات، حکومەتەکەی روانینی نوێی گرتەبەر بە

---

[١] بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل٢٨٨-٢٩٨.

[2] Elif Genc: op.cit ,P.102-103.

[٣] مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل٣٠١-٣٠٢.

[4] Ümit Cizre: Conclusion, **From Book of :** Ümit Cizre: Secular and Islamic Politics in Turkey The making of the Justice and Development Party, First published, published by Routledge, New York, 2008, P. 223.

[٥] بەلای چاودێرانی کاروباری تورکیا بە( پاکێجی شەشەم)ناسراوە، کە پەیوەستە بە(پێوەرکانی کۆپنهاگن) ،(پێوەرکانی کۆپنهاگن: لە رێککەوتننامەیەک لەنێوان تورکیا و یەکێتی ئەورووپادا بەستراوە، تورکیا بەچەندین پێوەری سیاسییەوە پابەند کراوە، کە جێبەجێکردنیان زەمینە بۆ ئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە یەکێتی ئەورووپیدا خۆشدەکەن، پێوەرەکانی کۆپنهاگن خۆیان لەم چەند خاڵە گەوهەرییەدا دەبینییەوە ئەوانیش: (چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی پەرلەمانی،

سیاسەتی دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بۆ چارەسەری پرسی کورد و پێویستی بە چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی ئاشتیانە لێرەوە حکومەتی تورکیا زنجیرەیەک رێوشوێنی گرتەبەر، هەتاوەکو لەرێگەیەوە کۆنترۆڵی کورد بکات و مافەکانیان ئەگەر بەشێوەیەکی جوزئیش بێت پێببەخشێت، هەربۆیە لە قۆناغی یەکەم بە پرۆسەی بەدەستهێنانی بڕوابوون بەیەک دەستیپێکرد[١].

ئاکەپە هەر لەسەرەتای دەسەڵات وەرگرتنییەوە بەهۆی پرۆسەی بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر پرسی کورد هەبوو، یەکێک لە هەنگاوەکانی لە(٢٠٠٢)دا یاسای باری لەناکاوی(١٣) پارێزگا، کە کوردی تێدا دەژیا هەڵگرت[٢]، هەروەها ئاکەپە دەستیکرد بە گرتنەبەری رێوشوێنی ژێرانە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ستەمەی لە کورد دەکرا. پارتەکە سیاسەتەکانی دووربوون لە چوونەناو لایەنی سیاسی زیاتر جەختیدەکردەوە لەسەر بابەتەکانی گەشەکردنی ئابووری و باشکردنی خزمەتگوزاری بوو، هەربۆیە ئاکەپە دابینکردنی گوژمە پارەیەکی بۆ پەرەپێدانی ناوچە کوردییەکان هاوشێوەی پرۆژەی مارشاڵ[٣]، کە ئەمریکا بەخشییە وڵاتانی ئەورووپا دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەستیپێکرد، هەروەها قەرەبوکردنەوەی ئەو دێهاتانەی زیانیان بەرکەوتبوو هاندانیان بۆ گەڕانەوە بۆ دێهاتەکانیان و کردنەوەی قوتابخانەی کلاسیکیو دووبارە بنیاتنانی، کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە فەرامۆشکرابوون، بەخشینی ماف بە خەڵکی ناوچەکە بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆکان لەپاڵ ئەمەدا بەهێزکردنی ئەدەبی ئیسلامی بەزمانی کوردی لە ناوچەکەدا، بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەرژەوەندی حکومەت بوو کە خەونی نورسی بەدی بهێنێت بۆ

---

بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا و هەڵوەشانەوەی بنەماکانی دیکتاتۆری، رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەی دژایەتی دەکەن، رێزگرتن لە مافی کەمینەکان و بەخشینی ئازادی فەرهەنگی و مافی گوزارشتکردن لە شوناسی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا). **(بەرزانی مەلا تەها: ئایینو سیاسەت، ل١٨٧)**.(ئامانجی لەم پێوەرانەش پێکرا گرێدانی بنیاتی سیاسی تورکیایە بە بنیاتی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپاوە لە رۆژی (٢٦)ی حوزەیرانی(٢٠٠٣)، لە گرنگترین ئەو تەوەرانەی لە پاکێجەکەدا هاتبوو لەوانە:(لە بواری چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراسیەت و شەفافیەت و دەوڵەتی یاسا و مافەکانی مرۆڤ رەتکردنەوە سزای لەسێدارەدانو...هتد، پرۆژەی تایبەت بە یاسای خوێندنی باڵاو سوککردنی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی، کە دەخرێتە بەردەم قوتابیانی پەیمانگا ئایینیەکان، ناسراوە بە پەیمانگاکانی پێشنوێژوگوتاربێژ و وەرگرتنیان لە زانکۆکان، باشکردنی ئاستی ژیانی کوردانو بەرفراوانکردنی سەقفی ئازادییەکان و رێگەدان بە فێربوونی زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی...هتد).**(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.عەبدولعەزیز مسلط: س.پ، ل٢٤٠-٢٤٤)**.

[١] فراس محمد الیاس: تحلیل السیاسة الخارجیة الترکیة وفق منظور المدرسة العثمانیة الجدیدة، ط١، شرکة دار الاکادیمیون للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠١٦، ص١٤٥.

[2] Walter J. Fend: Kurdish political parties in Turkey, **From Book of :** Wolfgang Taucher , Mathias Vogl and Peter Webinger: THE KURDS; History - Religion - Language - Politics, Published by Austrian Federal Ministry of the Interior, Vienna, 2015P. 60.

[٣] پرۆژەی مارشاڵ، کە لە ناوی جۆرج مارشاڵەوە(١٨٨٠-١٩٥٩)وە هاتووە، کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، کە پاش کۆتایهاتنی جەنگ دووەمی جیهانی بەهۆی خراپی باری ئابووری وڵاتانی ئەورووپا پێشنیازی پرۆژەیەکی کرد، بەگوێرەی پرۆژەکە دەبێت بەرنامە بۆ یارمەتیدانی ئەورووپا لەرووی ئابوورییەوە دابنرێت، هەتاوەکو داتەپینی ئابووریی و نائارامی سیاسی رابگرێت، کە بەهۆی جەنگەوە سەریهەڵدابوو، لە(٥)ی حوزەیرانی(١٩٤٧) وەزیری ناوبراو لە گوتارێکیدا پرۆژەکەی خستەڕوو، پاشان لە تشرینی یەکەمی هەمانساڵدا پەسەندکراو، ئەمریکا خستییە بواری جێبەجێکردنەوە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أحمد الشيباني: اللأهداف الاستعمارية وراء مشروع مارشال، منشورات داراليقظة العربية، دمشق،١٩٤٩، ص١٢٥-١٧١)**.

دامەزراندنی زانکۆی ئیسلامی لە باکووری کوردستان ئەوەش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بەهێزکردنی شوناسی ئیسلامی کوردەکان و رووبەڕووبوونەوەی هەژمونی مارکسی لە ناوچەکەدا، بەڵام پێویست بوو لە سایەی حکومەت ئاکەپە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە باشی هەنگاو بنێت، ئەویش بە هەڵگرتنی قەدەغەی سەپێنراو بەسەر زمانی کوردی و کرانەوەی ڕێگا بۆ بڵاوکراوە بە زمانی کوردی، هەروەها پێدانی قەرز بە خەڵکی. ئاکەپە لەم بوارەدا سەرکەوتوو بوو لە شارەوانی ئەو ویلایەتانەی باکووری کوردستان، لەو شوێنانەی کە ئاکەپە باڵادەست بوو خزمەتی زیاتریان پێشکەشکرابوو[1]. هەرچەندە ئاکەپە، چاکسازیی بەهێزی لەنێوان(٢٠٠٢ -٢٠٠٤)، دەستپێکرد لەناو ئەو چاکسازییانەدا، فراوانکردنی مافەکانی کەمینەکان لەناویاندا کورد، بەڵام ئەو چاکسازییانە بێ گرێوگۆڵ نەبوون[2].

ئاکەپە هەرچەندە پێش گرتنەدەستی دەسەڵات پێڕەوی ئەو تێڕوانینەی کرد، کە کێشەی کورد لە پلەی یەکەم ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییە لە تورکیادا، پەرەپێدانی ئەو ناوچانەی باکووری کوردستان کۆتایی بەو کێشەیە دەهێنێت، سەرەڕای هەڵەی ئەم تێڕوانینە لە جەوهەری تاکلایەنی، کە ڕەهەندەکانی دیکەی سیاسیی و ڕەگەزی‌و مێژوویی‌و جوگرافی فەرامۆش کردبوو، بەڵام ئاکەپە ئەم چارەسەرەشی کە خستبوویەڕوو جێبەجێنەکرد. ڕووداوەکان ئەوەیان سەلماند بەڵێنەکان لە پەرەپێدانی ناوچەکە لەڕووی ئابوورییەوە تەنیا دروشم بوون، هەربۆیە بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتی باکووری کوردستان خراپبوو بەجۆرێک ڕێژەی بێکاری لە دیاربەکر لەنێوان(٤٠٪ بۆ ٦٠٪)، هەروەها ڕێژەی نەخوێندەواری(٣٥٪ )بوو دانیشتوانی لەژێر هێڵی هەژاری‌و پشتگوێخستنی بوون ئەمەش بەپێی ئەو بەڵێنانەی حکومەت دابوی بە خەڵکی ناوچەکە خۆی دەبینییەوە لە پرۆژەی پەرەپێدان، خراپتر لەوەش لە قاڵبدانی و بەرهەمهێنان لەلایەن سەرمایەداری کورد، ئەستەنبوڵ‌و پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژئاوا بەهۆی ئەو ئاسایش‌و هێمنیەی هەیانبوو گرنگی‌و بایەخی زیاتریان پێدرا، هەربۆیە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی ئاکەپە، لە نەورۆزی(٢٠٠٤)دا ئاڵای تورکیا لە شاری مێرسین لە باکووری کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک لاوی کورد وەک جۆرێک لە خۆپیشاندان و

---

[1] د.عثمان علي: المبادرة الكردية الحزب العدالة والتنمية في تركيا، ٢٠٠٩-٢٠١٠، في ضمن كتاب: د. عثمان علي: م.س، ص٢٧٧-٢٧٨؛ د.سناء عبدالله عزيز الطائي: موقف حزب العدالة والتنمية في تركيا من مسألة الكردية، في ضمن كتاب: د. عثمان علي:م.س، ص١٨٢.

[2] Muhammet Ali Asil: The impact of The Kurdish Question on Turkey's Relations with its Middle Eastern Neighbors and The European Union between 2002-2012, In Partial Fulfillment of the Requirements for The Degree of Master of Arts in Modern Turkish Studies, A Thesis Submitted to the Graduate School of Social Sciences of İstanbul Şehir University, January 2013,P.27. (بۆ

نمونە، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٣)وە بڕیار درا خولی فێربوونی زمانی کوردی لە شاری باتمان بکرێتەوە، بەڵام بە بیانوی ئەوەی ئەو بینایەی بڕیاربوو خولەکەی تێدابکرێتەوە لە پشکنین دەرنەچووە،بەبیانوی ئەوەی دەرگای بیناکە(٥)سانتیمەتر کەمترە لەدەرگای دیکە، کردنەوەی خولەکە ڕاگیرا. هەروەک بەڕێوەبەری خولەکە ئایدین یونسی(Aydın Unesi) ئاماژەی پێکرد وەزارەت ئەو ئاستەنگانەی بۆ دواخستنی خولەکە دروستکردووە، چونکە دوای ئەوەی لە کانوونی دووەمی(٢٠٠٣)وە تەواوی داواکارییەکانی خولەکە تەواوکرا، بەڵام هێشتا دەورەکە نەکرایەوەو چاوەڕوانی دەستپێکردن بوو، کە(٢٠٠) خوێندکار ناویان نوسیبوو، بۆ ئەو خولی فێربوونەی زمان لە باتمان.

.(( **Muhammet Ali Asil: Op.Cit,P. 27.** )

نارەزایی سووتێنرا، بەڵام پۆلیسێک، کە ئاڵاکەی لەدەستی لاوە کوردەکان رزگار کرد، بە بەخششێکی وەها لەلایەن حکومەتەوە خەڵات کرا، هێندەی موچەی ساڵێکی دەکرد. دامەزراوەی سەربازیی زۆر بەخێرای تورەی خۆیان پیشاندا و تەنیا سەرکۆنەی توندی رووداوەکەی نەکرد، بەڵکو هۆشداریداوە لەوەی بە خراپ لە ئارامی دامەزراوەی سەربازییو دەستێوەردانیان لەکاروباری سیاسی تێگەیشتوون[1].

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی هەرلەسەردەمی ئاکەپە لە باکووری کوردستان بووە جێگەی مشتومڕ، چۆڵکردن و وێرانکردنی دێهاتە کوردییەکان بووە، کە بووەهۆی کێشەیەکی مەترسیدار بەجۆرێک روبەرێکی گەورەی لە ژیانی ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەستی بەسەرداگیرا، بەهۆی ئەوەی ئەو بڕیارە بەبێ هیچ ئامادەکارییەکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی پێشتر دەرکرابوو، کە بووەهۆی داکشانێکی مەترسیدار بۆ هەریەک لەوانەی کۆچیان پێکراو ئەو ناوچانەش کۆچیان بۆکرد. ئەم پرۆسەیە کۆمەڵێکی نوێی لە خەڵک دروستکرد، کە ناسرابوون بە: ئەو کەسانەی بە زۆر ڕاگوازراون ناچارکران دێهاتەکانیان و مەڕومالات و هەموو ئەوانەی هەیانبوو جێبهێڵن و ژیانێکی نوێ بنیات بنێن لە شوێنێک پێشتر نەیانبینیوە، ئەم پرۆسەیە بووەهۆی زیانی جەستەیی ودەروونی مەترسیدارە بۆ ئەو کەسانەی ڕاگوازرابوون. لەم بارەیەوە بڕیاری (٥٢٣٣) لە کۆمەڵەی نیشتمانی گەورەی تورکیا لە تەمموزی(٢٠٠٤) پەسەندکراو لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ چووە بواری جێبەجێکردنەوە. سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی بەزۆر راگوێزرابوون و یارمەتیدانیان بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان. دوو هۆکار بوونەهۆی دەرکردنی ئەم یاسایە، یەکەمیان ئەو سکاڵایە بوو ئەو کەسانەی بەزۆر راگوازراون پێشکەشی دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ کردیان، هۆکارێکی دیکە ئەوەبوو دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ فەرمانی بۆ تورکیا دەرکرد بە پێدانی بڕێکی زۆر پارە بەو کەسانەی بەزۆر راگوازرابوون. ئەم هەڵوێستەی یەکێتی ئەوروپا تورکیای ناچارکرد قەرەبوی ئەو کەسانە بکاتەوە بەزۆر راگوازرابوون و ڕێگەیان پێبدات بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان یاسای(٥٢٣٣) دوای نزیکەی شەش مانگ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ(Human Rights Watch-HRW) لە(٨)ی ئازاری(٢٠٠٥) راپۆرتێکی لە بارەی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەرکرد. راپۆرتەکە رەخنەی گرتبوو لەوەی زیاتر لە سێ هەزار دێهات وێرانکراون و نزیکەی میلۆنێک کەس راگوێزراون، لەگەڵ ئەوەدا تورکیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد نزیکەی چوارسەد هەزار کەس راگوێزرابێت، بەڵام رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی ئەو ژمارەی تورکیا بە ناڕاست دانا. لەکاتێکدا بەپێی ئەو راپۆرتەی تورکیا دابوویە یەکێتی ئەوروپا، تەنیا سەدوبیستوپێنج هەزار کەس گەڕابوونەوە زێدی خۆیان. هەروەک راپۆرتەکەی چاودێری مافەکانی مرۆڤ رەخنەی گرتبوو لە شکستی تورکیا لە کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی کوردە راگوێزراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان. دەوڵەت نەیتوانیبوو کارەبا و هێڵی تەلەفۆن و خوێندنگە بۆ ئەو کەسانەی گەڕابوونەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان دابینبکات[2].

سەرەڕای گۆڕانی هەڵوێست و بەرنامەی حکومەت سەبارەت بە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا، بەڵام هەوڵدراوە بۆ فراوانکردنی خوێندنی زمانی تورکی لە قوتابخانەکاندا بەتایبەت لە باکووری

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالحلیم غزالي: م.س، ص٧١-٧٣،٧٥.

[2] Muhammet Ali Asil: Op.Cit , P. 30-31.

کوردستان. بەپێی وەزارەتی پەروەردەی تورکیا، پێویست بوو چارەسەری کێشەی زمانی تورکی پێش قوتابخانە بکرێت. لەوچوارچێوەیەدا وەزارەتی ناوبراو هەڵمەتێکی راگەیاند بە ناونیشانی:"منداڵ، لە دەرەوەی باخچەی ساوایان". لە (٢٠٠٥)دا. لە پارێزگاکانی: ئەجن، بینگۆل، بەتلیس، ئەرزنجان، ئەرزەڕوم، هەکاری، مەلاتییە، قارس، وان، موش، تونجەلی، ئەردەهان، سیرت، دیاربەکر، شیرناخ و...هتد. ئەم بەرنامەیە وەزارەتی پەروەردە بە هاریکاری کۆمەڵەی پیشەسازان و سەرمایەدارانی تورک و یەکێتی ژوورەکانی ئاڵوگۆڕی کاڵای تورکیا( Union of Chambers and Commodity Exchanges of Turkey (TOBB)) دەستپێکرد، ئامانج لەم بەرنامەیە زیادکردنی خولی تورکی بوو لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا لەو ناوچانە، بە ئامانجی فێرکردنی منداڵ، کە بە زمانی تورکی قسە بکات، چونکە زمانی کوردی لە ماڵەوەیاندا زمانی دایکبووە و بە ئاسانی فێربوون. ئەو بەرنامەیە پێشنیازی کردبوو ژمارەی کاتژمێرەکانی خولی زمانی تورکی لە ناوچەکانی باکووری کوردستان، کە کوردنشین بوون لە پێنجەوە بۆ بیست کاتژمێر زیاد بکات[1].

ئەردۆغان سەبارەت بە پرسی کورد بەردەوام هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە لە نکۆڵیکردنوە بۆ قبووڵکردنی پرسی کورد لە(١٣)ی نیسانی(٢٠٠٥) لە ئۆسلۆ لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەو پرسەوە ئەردۆغان وتی:"لە تورکیا کێشەیەک نییە بەناوی کێشەی کورد، ئەوە کێشەیەکی ساختەیە. ئێمە لە چوارچێوەی هاوڵاتیبووندا مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکەین. ئێمە بە دوورییەکی یەکسان لەگەڵ سەرجەم ئەو گروپە ئەتنیانەی کە لە تورکیادا هەن، وەستاوین، هیچ جیاوازییەک لەنێوان گروپە ئەتنییەکانی وەک تورکو کورد و لاز جۆرجی و ئەبغازیی ناکەین"[2]، هەروەها ئەردۆغان ئەوەشی خستەڕوو، کە هەندێک لە دەزگاکانی ئەوروپا دەیانەوێت تورکیا دابەشبکەن، زیاتر لەوەش حکومەتی وڵاتە ئەوروپییەکانی بە کارئاسانی بۆ گروپە دوژمنەکانی تورکیا تاوانبارکرد[3]. مەبەستی ئەردۆغان لە فشارەکانی یەکێتی ئەوروپا بوو بۆ پێدانی ماف بە کوردو کەمایەتییەکانی دیکە. ئەردۆغان بەپێی بەرژەوەندی پارتەکەی و بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا مامەڵەی لەگەڵ پرسی کورددا دەکرد، هەوڵیدەدا زیاتر کێشەی ئابووریی ناوچە کوردییەکان چارەسەر بکات و خۆی لە پرسە سیاسییەکان بەدووردەگرت.

لە ناوەڕاستی(٢٠٠٥)دا دەنگۆی ئەوە هەبووە لەشارەکانی دیاربەکر و بینگوڵ جارێکی دیکە دەسەڵاتی سەربازیی و بارودۆخی نائاسایی پەیڕەوبکرێت، ئەردۆغانیش دەیەوێت سەردانی باکووری کوردستان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش مەحفووز گولەر، نوێنەری بینگۆلی سەربە ئاکەپە، سەبارەت بە باکووری کوردستان راپۆرتێک ئامادە دەکات، هەتاوەکو پێشکەشی ئەردۆغانی بکات، مەحفوز گولەر بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە گوند بە گوندی ئەو ناوچانە بەسەر دەکاتەوە ئەم راپۆرتانەش هەروەک ئەو راپۆرتانەی دیکە، کە بەدرێژای مێژوو ئامادەکراون چەند خاڵێک خراوەتەڕوو لەوانە:"هەتاوەکو سەردەمی ئەردۆغان سی پرۆژەی جۆراوجۆری ئابووری بۆ ئەو ناوچانە پێشکەشکراون، بەڵام بەهۆی جێبەجێنەکردنیان متمانەی خەڵک بە سیاسەتمەدارەکان نەماوە،

---

[1] Mesut Yegen: "Prospective-Turks" or "Pseudo-Citizens:" Kurds in Turkey, Middle East Journal, Autumn, 2009, Vol. 63, No. 4 (Autumn, 2009), P.613-614.

[2] م.هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣٢٩.

[3] Ali Resul Usul: The Justice and Development Party and the European Union; From euro-skepticism to euro-enthusiasm and euro-fatigue, **From Book of :** Ümit Cizre: op.cit ,P. 187.

ئاستی هەژاری و نەداری زۆر بەرزتر بووەتەوە نایەکسانی بووەتە هۆکاری ئەوەی، کە ئێستا بەهەزاران گەنجی بێکار لەناو شەقامو کۆڵانەکاندا بسوڕێنەوە، پەکەکە دەیەوێت، هەتاوەکو(٣)ی تشرینی یەکەم پەرەبە کردەوە چەکدارییەکانی بدات بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا دەیەوێت دەرفەت بۆ پەیڕەوکردنی دووبارە بارودۆخی نائاسایی فەراهەم بکات، خەڵکی ئەو ناوچانە لە هەنگاوە دیموکراتییەکان و پێشکەوتنەکانی بواری مافی مرۆڤدا رازییە، وەکو جارانیش هاوکاری پەکەکە ناکات، بەڵام لە پەیڕەوکردنی دووبارە دەسەڵاتی سەربازیی لەو ناوچانەدا دەترسێت...هتد"، هاوکات لە راپۆرتەکەدا گولەر چەندین پێشنیازی پێشکەشکرد لەوانە:(پێویستە بەخێرایی ئەو ناوچانە لە هەموو روویەکەوە ببووژێنرێتەوە، پێویستە بەخێرای کێشەی بێکاری چارەسەربکرێت...هتد)، دوای ئەوەی گولەر راپۆرتەکە پێشکەشی ئەردۆغان دەکات و ناوبراو راپۆرتەکە هەڵدەگرێت و بەرەو دیاربەکر بەرێدەکەوێت[1].

ئەردۆغان لە(٢٩)ی ئابی(٢٠٠٥)دا سەردانی دیاربەکری کرد و رایگەیاند حکومەتەکەی هەوڵدەدات بۆ چارەسەری پرسی کوردو پێدانی دیموکراسی، ئەردۆغان لەبەردەم خەڵکدا وتارێکی پێشکەشکرد و لە بەشێکی وتارەکەدا وتی:"دەمەوێت ئەوە بزانن، کە تورکیا ناگەڕێتەوە بۆ دواوە لە پرۆسەی دیموکراتی تەواوی کێشەکانمان چارەسەر دەکەین بە دیموکراسی و مافی مەدەنیو گەشەسەندن"[2]، هەروەها ئەردۆغان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا وتی:"پێویست ناکات ناو لە هەموو کێشەیەک بنێین، ئەوانە کێشەی هاوبەشی هەموومانن...هەموو کێشەکان کێشەی هاوڵاتیانی تورکیان بەچاوپۆشین لەوەی بنەچەیان چییە...رۆژ هەمووکەس گەرم دەکاتەوە و باران نیعمەتی خوایە بۆ هەموو کەس...کێشەی کورد کێشەی منە... ئێمە سەرجەم کێشەکان لەرێی دیموکراسییەوە چارەسەردەکەین"[3]. وا دەردەکەوت دوای شکستی سیاسەتی ئەمنی توندی ئەنقەرە بەرامبەر کورد، ئەم وتەیە کرانەوەیەک بێت بەڕووی کورددا[4]، بەوەش ئەردۆغان بووە یەکەمین سەرۆکوەزیران دانی بەوەدانا، کە تورکیا مامەڵەی خراپی لەگەڵ کورددا کردووە ئەوەی راگەیاند، کە تورکیا وەک هەموو دەوڵەتە گەورەکان، پێویستی بەوە هەیە رووبەڕووی رابردووی ببێتەوە. ئەوەی زیادکرد، کە دیموکراتی زیاتر، نەک سەرکوتکاریی زیاتر، وەڵامە بۆ ئەو جەورو ستەمەی سەرکوردەکان، کە درێژەی پێدراوە، هەروەها ئەردۆغان دانی بەوەدانا"[دەوڵەتی تورکی] هەڵەیکردووە لە پرسی کورددا". هۆکاری ئەمە دەگەڕایەوە بەهۆی چوارچێوەی یاسایی و پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپاوە بوو، هەروەها دوای قۆڵبەسکردنی ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە لە(١٩٩٩)دا، ئەم پارتە ئاگربەستی راگەیاند، بەوە رێگە بۆ گفتوگۆکردنی پرسی کورد کرایەوە [5].

هەڵسوکەوتەکانی ئەردۆغان لە(٢٠٠٥) لە ئەنقەرە لەگەڵ رۆشنبیرانداو لێدوانەکانی لە میانەی سەردانیکردنی بۆ دیاربەکر بووە جێگەی گرنگی پێدانی کورد و رای ناوخۆیو نێودەوڵەتی، کە تیایدا ئەردۆغان بە راشکاوی ئاماژەی بۆ پرسی کورد کرد و رایگەیاند ئەوە کێشەی ئەویشە، هەربۆیە

---

[1] وەرگیراوە لە: بەلما ئاقچوورا: س.پ، ل٣١١-٣١٢.

[2] د.أحمد محمود علو السامرائي وآخرون: الاتحاد الاوربى والقضيه الكرديه فى تركيا(١٩٩١-٢٠٠٨)، المجله السياسيه والدوليه، المجلد٢٠١٦، العدد٣٣-٣٤، كانوون الأول ٢٠١٦، ،ص٣٢٦.

[3] د.عثمان علي: المبادرة الكردية، ص٢٠٧-٢٠٨؛ م. هاكان یاوڤوز: س.پ، ل٣٣٠-٣٣١.

[4] Elif Genc: Op.Cit , P.104.

[5] Walter J. Fend: Op.Cit , P.59.

وتاری ئەردۆغان داننانی فەرمی دەوڵەتی تورکیا بۆ پرسی کورد بوو، ئەم لێدوانانە کاردانەوەی ئەرێنی لای کورد و ئەوانەی پشتیوانی ئاشتی بوون لێکەوتەوە، لەکاتێکدا ناوەندە نەتەوەی و کەمالییەکان رەخنەیان لەو لێدوانانە گرت[1]، هەربۆیە ئەم دەستپێشخەرییەی ئاکەپە، بۆ یەکەمجار لە دامەزراندنی سیستمی کۆمارییەوە گفتوگۆیەکی کراوەی لەسەر ئاستی تورکیا لەبارەی کێشەی کوردەوە دروستکرد. دەرکەوتنی ئەم گفتوگۆیانە نمونەیە بۆ ئەوەی دەتوانرێت شوناسێکی دیکە بنیات بنرێت، کە لەماوەی پێشتردا چاوەڕواننەکراو بوو، هەروەها گۆڕینی وتاری باو لەبارەی کێشەی کوردەوە لە وتارێکی ئەمنی پوختەوە بۆ قسەکردن لە مەسەلەکانی فەرهەنگیو زمانو چارەسەری سیاسی بەبێ ناوهێنانی وشەی خیانەت یان مەترسی جیابوونەوەو هەڕەشە ئەوەی زیاتر پێشتر قەدەغەکرابوو سەبارەت بە کورد بووە بابەتی زۆرێک لە کتێبەکانی هەندێ ئەکادیمیو هەندێکی دیکەی بەلای جەماوەرێکی فراوانو زۆرەوە سەرنجراکێش بوو[2]، هەروەها ئەردۆغان لە(٢٣)ی تشرینی دووەمی(٢٠٠٥) کاتێک قسەی بۆ ئەندام پەرلەمانەکانی دەکرد وتی:"... ناسنامەی هاوڵاتی بوونی تورکیا تەنیا ناسنامەیەکی بەرزە، کە هەموو پێکهاتەکانی تورکیا، کوردو تورکو لازو چەرکەسو عەرەب، باشوور، باکووریو رۆژهەڵاتو رۆژئاواو باوەڕدارو بێباوەڕ لەناو چوارچێوەی خۆیدا کۆدەکاتەوە هەندێک کەسیش لەم وتانەی من تورە دەبن، هەربۆیە پێشنیاز دەکەم، کە بڕۆن لەڕووی زانستییەوە بڕێک لێکۆڵینەوە بکەن"[3]. هەروەک ئەردۆغان چاوەڕیی دەکرد، گوتەکانی هەندێک کەس تورە دەکات هێزی بەرهەڵستکاریش لە دژی ئەم وتانەی ناوبراو دەردەکەوێت، یەکەمین نارەزیبوون لە دەنیز بایکاڵی سەرۆکی(جەهەپە)وە دەبێت، بایکاڵ لەو باوەڕەدایە، کە ناکرێت وەکو ناسنامەی بەرزی تورکیا سەیری هاوڵاتیبوونی تورکیا بکرێت، چونکە هاوڵاتیبوونی تورکیا بریتییە لە پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتییان و دەوڵەتی تورکیا بایکاڵ وتی:"پێویستە ئەردۆغان وشەی میللەتی تورک بخاتە نێو مێشکی خۆیەوە. نابێت ترس لە وشەی میللەتی تورک هەبێت نابێت شەرم بکەی، پێویستە بزانی کاتێک، کە باسی میللەتی تورک دەکەی زیادەڕەوی ناسنامەی نەتەوەیی هیچ کەسێکی دیکە ناکەیت"[4].

ئەردۆغان لە درێژەی سیاسەتەکانییدا سەبارەت بە پرسە ناوخۆییەکانی تورکیا لە(٢٢)ی تشرینی دووەمی(٢٠٠٥) هێڵە سوورەکانی خۆی ئاشکرا کرد لەوانە:(لە تورکیا بەهیچ شێوەیەک لەسەر بنەمای نەتەوەییو نەتەوەپەرستی نابێت، هەرهەموو پێکهاتەکانی تورکیا لەژێر ناسنامەی هاوڵاتیبوونی تورکیادا یەکسانن‌و پێویستە بەرێزەوە سەیری ناسنامەکانی دیکەش بکەین. ئێمە لەدژی نەتەوەپەرستی ئایینی شەڕ دەکەین ئازادی ئایین لەژێر گەرەنتی یاسایی دایە لەڕووی ئایینەوە هەمووکەس بۆ هەمیشە ئازادە، بەهۆی رقو کینەوە ئێمە زیانێکی زۆر گەورەمان داوە لە خۆمان، هەربۆیە پێویستە دووبارە نەبێتەوە...هتد)[5].

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: يلماز أنصار أوغلو: مسألة تركيا الكردية وعملية السلام، رؤية تركية، المقالات الدراسات، المجلد٢، العدد ٣، مركز الدرسات السياسية والإقتصادية والإجتماعيه، خريف،٢٠١٣،ص١٢-١٤.

[2] د.عثمان علي: المبادرة الكردية، ص٢٥٣-٢٥٤.

[3] بەلمائاقچوورا: س.پ، ل٣١٣.

[4] ه.س، ل٣١٤.

[5] ه.س، ل٣١٤.

(٦)ی کانونی یەکەمی(٢٠٠٥) ئەردۆغان لە کۆنفرانسێکدا بەناونیشانی(تورکیاو یەکێتی ئەورووپا دەرفەتو لەمپەرەکان بۆ نویزلیندا) وتی:"لە وڵاتی ئێمەدا پێکهێنەرە نەتەوەییەکانی دانیشتوان لەڕێگەی پەیوەندییە هاوبەشە ئیسلامییەکانەوە یەکیانگرتووە...کوردەکان ئاستەنگیان نییە لە تورکیا. زۆر کورد پۆستی سیاسی زۆرییان بەدەستەوەیە و زۆریشیان بزنسمانن. شتێک نییە بەناوی کێشەی کورد، ئەوەی لە تورکیا هەیە زیاتر کێشەی جیاخوازییە لەلایەن پەکەکەوە- کۆنگرا گەلەوە سەرکردایەتی دەکرێتو بەکاردێت"[1]، ئەردۆغان لە وتەکەیدا بۆ یەکەمجار کێشەی کوردی خستەقاڵبی"جیاخوازیی"و ئیسلامی وەک بەستەری هاوبەشی هاوڵاتیانی تورک و کورد وەسفکرد، ئەمەش بەو مانایە دەهات ئەردۆغان دەیویست بیرۆکەکانی تاقیبکاتەوە یان تێگەیشتنێکی لە کێشەی ئەتنی، کە لە تورکیا بوونی نییە. ناوبراو لە چارەسەری دیموکراتییەوە بۆ کێشەی کورد چارەسەری ئیسلامی گۆڕی، بەڵام ئاشکرایە، کە هەندێک کەمینەی ئەتنیو ئایینی نائیسلامی لە تورکیا هەن وەک گریکو ئەرمەن و جووەکان، کە هەموویان بەگوێرەی یاسای تورکی، هەتاوەکو رادەیەکی زۆر بەکردەوە هاوڵاتی تەواوی تورکین و رەنگە پێویست بێت سەرۆکوەزیران روونی بکاتەوە، هەڵوێستی ناوبراو جۆرێک ناڕوونی تیا بەدیکرا، سەبارەت بە نەژادگەری یان ناسیۆنالیزمی ئەتنی[2]. هەرچۆنێک بێت ئەردۆغان و پارتەکەی(ئاکەپە)، بەنەرمی و هاوسۆزی لەژێر دروشمی برایەتی ئیسلامیی و نەتەوایەتی مامەڵەی لەگەڵ کێشەی ئاڵۆزی کورددا کرد، بەوەش بەشداریی لە دواکەوتنی چارەسەر و کەمکردنەوەی فشارە جەماوەرییەکان کرد[3].

کورد لە هەوڵدان بەردەوام بوو بۆ کردنەوەی کەناڵێکی سەربەخۆ بۆ کورد ئەو ئامانجە لە (٩)ی ئازاری(٢٠٠٦)دا هاتەدی و ئەنجوومەنی باڵای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تورکی( RTÜK -Supreme Board of Radio and Television) رەزامەندی دەربڕی لەسەر پەخشکردنی دوو کەناڵی ناوخۆیی لە دیاربەکر، کە کەناڵی گیون تی ڤی(Gün TV) و کەناڵی سۆز تی ڤی(Söz TV) بوون. دەبوو(٤٥) خولەک لە رۆژێکدا و چوار کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بەرنامەیان بە زمانی ناوچەیی هەبێت، کە زمانی کوردی بوو. سەرەڕای ئەوە دەبوو تەواوی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکە بە زمانی کوردی بوو وەربگێڕدرێت بۆ زمانی تورکی لە هەمانکاتدا، هەروەها حکومەتی تورکیا بڕیاریدا پەخشی تەلەڤزیۆنی بە زمانی کوردی دەستپێبکات، بەڵام لەڕێگەی دەوڵەتەوە، نەک ڕێگە پێدانی کردنەوەی کەناڵی سەربەخۆی کوردی، لە ترسی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی پەکەکە، هەربۆیە لە ٩ی حوزەیرانی(٢٠٠٦)دا دەزگای رادیۆ و تەلەڤزیۆنی تورکی- تی.ئاڕ.تی(TRT/ Radio and Television Institution of Turkey) یەکەمین پەخشی خۆی بە زمانی کوردی دەستپێکرد. هاوکات لە هەمان ڕۆژدا دادگای تورکیا لەیلا زانا و هاوڕێکانی ئازادکرد[4]. لەڕاستیدا ئەم سیاسەتانەی ئاکەپە ئامانجی خۆی پێکاو لە هەڵبژاردنی(٢٠٠٧)دا دەنگەکانی لە ناوچە کوردییەکاندا، زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا هەڵکشا، ئەمە جگە لەوەی ڕێگایەک بوو بۆ پیشاندانی نیازپاکی تورکیا بەرامبەر پرسی کورد و هەنگاوێکیش بوو بۆ نزیکبوونەوە و بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا.

---

[1] م. هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣٣٣.

[2] ه.س، ل٣٣٤.

[3] د.آزاد أحمد علي:"دراسة حول تركيا...مساعي نمذجة تركيا ومخاطرها"، في ضمن كتاب: د. عثمان علي: م.س، ص١١٩.

[4] Muhammet Ali Asil: Op.Cit , P.28.

حکومەتی ئاکەپە وای دەبینیی، کە پرسی کورد پێویستی بە چارەسەرکردنێکی ریشەیی نوێ هەیە. لەڕاستیدا کردنەوەی بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی، هەتاکو پەخشکردنی بیستوچوار کاتژمێریی بە زمانی کوردی لە کەناڵی تی.ئاڕ.تی ٦ (TRT 6)، ئەمە بووەهۆی ئەوەی پەخشی کوردی لەژێردەستی دەوڵەتدابێت. توێژەران پێیانوایە، بەم هەنگاوانە حکومەتی ئاکەپە هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی شوناسی کوردی لە جووڵانەوەیەکی سیاسییەوە بۆ بزاڤێکی ئیتنیکی رۆشنبیری، ئەمەش لەبەر ترسی لە جیابوونەوەی کورد و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکێتی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا[1] ، لە (٢٠٠٦)دا، ئاکەپە سەختترین دەورانی سەرۆکایەتی کۆماری خۆیدا ئەزموونکرد، بەهۆی ئەو ڕووداوانەی دوای مەراسیمی ناشتنی چوار لەو چواردە گەرلایەی پەکەکە دروستبوو، کە لەسەر دەستی هێزە ئەمنییەکانی لە پرۆسەیەکدا لە(٢٨)ی ئازاری(٢٠٠٦) لە ناوچەی بینگۆل-مووش کوژرابوون. سەدان گەنجی کورد لە دیاربەکر بەرد و بۆمبی نەوتیان گرتە پۆلیس و کۆگا بازرگانییەکان و بینا گشتییەکان. خۆپیشاندان و ئاڵۆزی تەشەنەی سەند بۆ باتمان و سیرت، هەتاوەکو گەیشتە ئەستەنبوڵ، سەرەڕای داواکاری هێزە ئەمنییەکان بۆ وەستانی توندوتیژی. ئەم پەرەسەندنانە دەرفەتی بە ئۆپۆزسیۆن داوە بۆ تاوانبارکردنی ئاکەپە بەوەی بێتوانا بووە لە دژایەتی تیرۆر، ئەم نارەزاییانە بوونەهۆی دانانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر لە تورکیا سەرەڕای نارەزایەتی بازنەی ئیسلامی لایەنگری ئاکەپە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێوشوێنانەیان بە نزیکبوونەوە لە دامەزراوەی تاکرەوی کەمالی و کۆن دەزانی لەبارەی ئاسایشی نەتەوەییەوە. ئەو ئیسلامییانە ترسیان هەبوو، ڕێوشوێنە ئەمنییەکان دژی ڕێکخراوەکان بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بخرێنە ریزی تیرۆرەوە[2] و دووربخرێنەوە لە رکەبەریی سیاسی لە گۆڕەپانی تورکیادا، کە قۆناغەکانی دواتر راستی ئەم دیدگایەی سەلماند، نمونەی دیار لەم بارەیەوە بەم دواییانە پاکسازیی بوو دژی بزوتنەوەی گولەن و ریشەکێشکردنیان لە دامودەزگاکانی تورکیادا.

ئاکەپە لەگەڵ هەموو هەوڵە چاکسازییەکانیو سیاسەتی میانڕەوی لەبەرامبەر کوردو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە بەشێوەیەکی ئاشتیانە، بەڵام لە(٢٠٠٦)وە رەخنە لە ئاکەپە گیرا بەهۆی ماندووبوون لە چاکسازیی و مانەوەی بارودۆخی کورد وەک ئەوەی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو فرەیی لە کادیرەکانی ئاکەپە بووبووەهۆی ئەوەی سازان دروستنەبێت لەنێوان ئەوەی دەنگدەرانی ئاکەپە چاوەڕێی دەکەن لەگەڵ ئەوەی ئەو پارتە بە کردارییی ئەنجامی دەدا. هەروەک ئەو چاکسازییانەی کۆمەڵگەی کوردی سوودی لێدەبینی، زۆربەی کات جێبەجێکردنی دوادەخرا یان هەندێک کات بەشێوەیەکی خراپ جێبەجێ دەکرا[3].

لەڕاستیدا ئەزمونی کردارییی لە تورکیا دەریخستووە کۆمەڵگەی تورکی زۆر پارێزگارەو کەمترین لێبوردەی لەگەڵ فرەیی دا هەیە. هەربۆیە ئاکەپە شکستیهێنا لە پابەندبوون بەو بەڵێنانەی دابووی بۆ ئەوەی شێوەیەکی دیموکراتی ببەخشێت بە تورکیا و سیستم کراوەبێت بەرامبەر ئەوانی دیکە وەک

---

[1] Enno Maessen: Reassessing Turkish National Memory: The AKP and the Nation; an Analysis of the Representation of Turkish National Memory and Identity by the AKP, Master Thesis Research Master Programme – History, Utrecht University, June 2012, P.64.
[2] Elif Genc: Op.Cit ,P.104.
[3] Enno Maessen: Op.Cit, P. 62.

کوردو عەلەوییەکان، ئەوانەی باوەڕدار نەبوون و ناموسڵمان بوون لەگەڵ کورددا[1].
ئاکەپە هەرچەندە نەیتوانی بەتەواوی پرسی کورد چارەسەر بکات، بەڵام پرۆژە نەوتراوەکەی ئاکەپە ئەوەبوو تورکیا لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی چەقبەستووەوە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێ لە ناسنامە ئەتنییەکان، کە ناسنامە ئیسلامییەکەیان بەیەکیانەوە دەبەستێت. بەمشێوەیە پارتەکە پاڵپشتی لە مافە ئەتنیو کولتورییەکانی کوردەکان و کەمینەکانی دیکە لەچوارچێوەی بەها کۆنەپارێزە ئایینییەکاندا کرد[2]، هەروەها ئاکەپە لەچوارچێوەی سیاسەتەکانییدا لە ناوچەکانی باکووری کوردستان خۆدوورگرتن بوو لە کایەی سیاسیی و جەختکردنەوە لە لایەنی گەشەکردنو ئابووریو باشکردنی خزمەتگوزاری و پێدانی قەرز بووە بە هەژاران لەو پارێزگایانەی، کە ئاکەپە باڵادەست بوو تێیدا خەڵک ئاسودەبوون لەگەڵ شێوازی فەرمانڕەوای ئەو پارتە لە ئیدارەدانی شارەوانییکان و ئیدارەدانی ناوچەییەکان[3]. لەلایەکی دیکەوە ئاکەپە کاری دەکرد بۆ لاوازکردنی جەماوەری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی(DTP/Demokrat Toplum Partisi) بەهێزکردنی دەسەڵاتو پێگەی خۆی لە ناوچە کوردییەکان بەتایبەت لە دیاربەکر بەدەستهێنانی زەمانی پشتگیری ئەو شارە بکات، بەم هەڵوێستەش رووبەڕووی کاردانەوەی توندی عوسمان بایدەمیری سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر و یەکێک لە سەرۆک و سەرکردەکانی(DTP) بوویەوە، کە ئاماژەی بەوەکردبوو، کە کورد ئامادەیە بچێتە رووبەڕووبوونەوەیەکی توند لەپێناو پاراستنی ئیدارەی شارەکە، بەڵام وادەردەکەوێت بایدەمیر هەستی بە لاوازی پارتەکەی و بێتوانای کردبێت لەو رووبەڕووبوونەوەیە بەتایبەتی کاتێک ئاکەپە فشارەکانیان زیاتر کرد بۆسەر(DTP) سکاڵانامەیان لەبەردەم دادگای تورکی دژی ئەو پارتە پێشکەشکرد بە تۆمەتی پشتیوانی پەکەکە و قسەکردن بە زمانی کوردی لە بۆنە گشتییەکاندا لەو ئامرازانەی، کە ئاکەپە بۆ بەربەست دروستکردن لەبەردەم سەرکەوتنی(DTP) بەکارهێنا خۆی دەبینییەوە لە کردنەوەی بانکی ناوخۆی و پێدانی سولفەی قەرزی ئاسان بە هاوڵاتیانی کوردو بەهێزکردنی پاسەوانی گوند، هەروەها پشتیوانی رێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی لە ناوچە کوردییەکاندا[4]، هەروەها ئاکەپە هەوڵیدا خەڵکی ناوچە کوردییەکان لەگەڵ پەکەکەدا رووبەڕووی یەک بکاتەوە و بیانکات بەگژیەکدا، بەوەش بەشێک لە نەقشبەندییەکان چ لە کوردستان، یان لە باشووری کوردستان گەیشتبوونە ئەو باوەڕە، کێشەی کورد لە پەکەکەوە سەرچاوەی گرتووە بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن پەکەکەوە بیانوو کەوتووەتەدەست ژەنراڵەکانی سوپای تورکیا و هەربەم هۆیەشەوە ئاکەپە، کە دەیەوێت کێشەی کورد چارەسەربکات و دەستبەستراوەو ناتوانێت بەهۆی پەکەکەوە بە ئەرکی خۆی هەڵسێت لەناوچەکەدا[5].
ئاکەپە بە هەڵوێستەکانیو سیاسەتەکانی بەرامبەر کورد، کاریگەریی ئەرێنی هەبوو لەسەری بەجۆرێک ئاکەپە گرنگترین سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی(٢٢)ی ئەیلولی(٢٠٠٧)دا بەدەستهێنا. ئاکەپە

---

1 Sinem Gürbey: Re-thinking Popular Sovereignty and Secularism in Turkey and Beyond, Submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of **Doctor of Philosophy** in the Graduate School of Arts and Sciences, COLUMBIA UNIVERSITY, 2012, P.44.

٢ م. هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣٤٤.

٣ طارق حمو: " أين مشروع العدالة والتنمية لحل القضية الكردية؟"، في ضمن كتاب: د. عثمان علي: م.س، ص١٩٢.

٤ د. سناء عبدالله عزيز الطائي: م.س، ص١٨٣.

5 İsmet Siverkli: önce kikaynak, sayfa163.

دەنگەکانی خۆی لە شارەکانی باکووری کوردستان دووهێندە زیادکرد، بەجۆرێک ئاکەپە لە هەڵبژاردنی( ٢٠٠٢)دا (٢٧،٢٩٪ )ی دەنگەکانی لەو ناوچانە بەدەستهێنا و ڕێژەی دەنگەکان لە(٢٠٠٧) بۆ (٥٤٪)بەرزکردەوە*، یەک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئاکەپە لێبوردەیی بوو بەرامبەر پرسی کورد لە تورکیادا، لەگەڵ ئەوەدا کاریگەریی گروپە ئایینیەکان بەتایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی ڕۆڵی گێڕا لەو سەرکەوتنەدا، کە دیارترین ڕێکخراوی ئیسلامی بوون لەناوچە کوردییەکاندا و ڕەخنەی توندیان لە دەتەپە گرت بەپێی چاودێران ئەو ڕەخنانە کاریگەری کردە سەر بنکەی جەماوەری دەتەپە بەجۆرێک دەتەپەو حیزبە نەتەوەییە کوردییەکان دەنگی ئەوتۆیان بەدەستنەهێنا ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ شکستهێنانیان لە بەدیهێنانی داخوازییەکانی کورد، هەروەها شکستی ئەو ڕێبەرە کوردییانە لە وەڵامدانەوەی کرانەوەی حکومەتی ئاکەپە بەرامبەر کورد پێشانیدا، کە ئارەزوی دەنگدەری کوردی گۆڕی بە سوودی ئاکەپە بۆ تاقیکردنەوەی ئەو پارتە تازەیە، کە بەردەوام رووەو هەڵکشانو کرانەوە دەچوو[١]. زیادبوونی ڕێژەی دەنگەکانی ئاکەپە، لە باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنی تەمموزی ٢٠٠٧دا، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون، کە ئاکەپە پشتیوانیەکی جەماوەری بەرچاوی هەبوو. ئەمە وایکرد لە پارتە سیکۆلارەکانی لایەنگری کورد ستراتیژیەتێکی سیاسی نوێ پەرپێبدات، کە خۆی دەبینییەوە لە نزیکبوونەوەیەکی زیاتری ئەرێنی بەرامبەر بە ئیسلام و بڵاوکردنەوەی فکرە و سەرچاوەی ئیسلامی لە سیاسەتی ئیتنی کورددا[٢]. واتە بە جۆرێک زیاتربوونی هەژمونی ئاکەپە یارمەتیدەر بوو بۆ کەمکردنەوەی سیاسەتی دژایەتی ئایین و بگرە پەرەسەندنی ئەندامانی حیزبە ئیسلامییەکان نەک لە باکووری کوردستان، بگرە لە تێکڕای گۆڕەپانی تورکیادا.

پاش ئەوەی ئاکەپە گەیشت بەدەسەڵات حکومەتەکەی کێشەی کوردی بەتەواوی قورساییەوە بۆ مایەوە، بەڵام هیچ لە دۆخی ئەمنیو سەربازیی پرسی کورد نەگۆڕا بە دیاریکراوی لەماوەی خولی( ٢٠٠٢- ٢٠٠٧) لەبەرچەند هۆکارێک لەوانە : ئاکەپە توانی خۆی لە پێکدادان لەگەڵ دامەزراوەی سەربازیی و هەندێک لە پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەتایبەتی ئەوانەی ناسرابوون بە توندڕەوی بەرامبەر پرسی کورد لابدات، ئاکەپە زۆرینەی پەرلەمانی پێویستی نەبوو بۆ ئەوەی بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت، ململانێی بەردەوام لەگەڵ سەرۆککۆمار ئەحمەد نەجدت سیزار، ناوبراو ناسرابوو بە بیروبۆچوونە کەمالییەکانی لە ماوەی(٢٠٠٢-٢٠٠٧) بەجۆرێک سەرۆکایەتی کۆمار لای سیکۆلارییەکان قەڵایەکی ڕێگربوو بەڕووی حکومەتی ئاکەپە، کاردانەوەی داگیرکردنی عێراق لە (٢٠٠٣)دا لەلایەن ئەمریکاوە. عێراق لە یەکگرتوویەوە بۆ فیدراڵی گۆڕا کیانی کوردی لە باشووری کوردستان دەرکەوت، کە پەکەکە تێیدا نیشتەجێ بوو، ئەمە پەرەسەندنێکی نەرێنی بوو بۆ سەر ئاسایشی تورکیا و حکومەتەکەی...هتد)[٣].

---

* بۆ زانیاریی زیاتر، لەسەر خشتەی دەنگدان، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٥)

[١] جلال ورغی: م.س،ص٦٢؛ Angel Rabasa and F. Stephen Larrabee: Op.Cit , P. 67

[2] Zeki Sarigil And Omer Fazlioglu: Op.Cit ,P. 559.

[٣] جمال خالد محمد الفاضي: التغير في النظام السياسي التركي وأثره على الدور الاقليمي في منطقة الشرق الاوسط خلال الفترة ٢٠٠٢-٢٠١٠، اطروحة مقدمة الى كلة التجارة/ الاسماعلية قسم العلوم السياسة/ جامعة قناة السويس، مصر،٢٠١٥، ص٢٠١-٢٠٢.

ئاکەپە بەگرتنەدەستی دەسەڵات لە(٢٠٠٢)، هەتاوەکو سەرکەوتنەکانی بۆ جاری دووەم لە (٢٠٠٧)، سیاسەتێکی ژیرانە و میانڕەوی لە هەمبەر پرسی کورد گرتەبەر و بە دوورخستنەوە پرسەکە لە ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسییەوە، هەوڵدان بە چاکسازی ئابووری بایەخدان بە لایەنەکانی رۆشنبیری و کولتوری و زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا توانی زۆرێک لەکوردەکان و حیزبو گروپە کلاسیکە ئیسلامییەکان و پشتیوانی رێبازە سۆفیگەرییەکان بەتایبەت رێبازی نەقشبەندی بۆ لای خۆی راکێشێتو لەهەمانکاتدا توانی وەک پارتێکی ئیسلامی هەڵوێستێکی نەرێنی سەبارەت بە پارتە سیکۆلار و نەتەوەییەکانو بەتایبەتی پەکەکە لای دانیشتوانی باکووری کوردستان دروستبکات بەجۆرێک، زۆرێک لەوانەی خاوەن تێڕوانینێکی ئیسلامی بوون، پەکەکەیان بە بەربەستی سەرەکی تەماشادەکرد لەبەردەم ئەردۆغانو حکومەتەکەی ئاکەپەدا بۆ هەنگاوەکانی چاکسازیی بە هەمانشێوەش پارتی نەتەوەی دەتەپە تۆمەتبار دەکرا بە پشتیوانی پەکەکە، هەربۆیە بەدرێژای ئەو قۆناغە لە دووخولی هەڵبژاردندا ئاکەپە بووە براوەو زۆرینەی دەنگەکانی بە بەراورد بە پارتە تورکی و کوردییەکان چ سیکۆلار بن یان نەتەوەیی لە باکووری کوردستان بەدەستهێنا و، بەڵام ئاکەپە پرسی کوردی لە روانگەی سیاسییەوە هەروەک خۆی هێشتەوە، ئاکەپەش هەروەک پارتە سیکۆلار و ئیسلامییەکانی دیکەی پێش خۆی نەیتوانی ئەو پرسە بەتەواوی چارەسەر بکات.

# بەشی سێیەم

# پارت و رەوت و ڕێکخراوە کوردییە ئیسلامییەکان

## باسی یەکەم

## حیزبوڵڵا(گەشەسەندن و پوکانەوەی)

ڕەوتی ئایینی لە باکووری کوردستان و تورکیا لە دوای ڕەوتی نەتەوەیی کوردییەوە دووەم بەهێزترین ڕەوتن لە کۆمەڵگەی کوردیی و باکووری کوردستاندا. هەرگرووپێک لەڕوانگەی ئەو بنەما فکری و ئایدیۆلۆجییە ئیسلامییانەی، کە باوەڕی پێیەتی، هەروەها بەپێیی بەرژەوەندییەکانی خۆی باوەڕی بەجۆرێک لە مەسەلەی کوردی هەیە و کاری لەسەر دەکات. پۆلێنکردنی ئەم گروپە ئایینییانە کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوە جیاواز لە گروپە نەتەوەییەکانی زیاتر بەشێوەیەکی نافەرمی و بەبێ ئامادەکردنی فۆڕمو ناسنامەو لیستی ناوی ئەندامو لایەنگرانیان کارەکانیان ئەنجام دەدەن. تەنانەت گروپە ئایینیەکان بەراورد بە گروپە نەتەوەییەکان زیاتر پێکهاتەیەکی پارچە پارچەو ناڕێکخراویان هەیە. لەگەڵ ئەمەدا ڕەوتی ئیسلامی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیا دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ(٦)گروپ ئەوانیش: (گروپی ئیسلامی توندڕەوی وەک حیزبوڵڵای کوردی( Kürt Hizbulahi)*، گروپە تەقلیدیو کولتورییە ئیسلامییەکان وەک ڕێبازی نەقشبەندی، کوردە ئیسلامییەکانی ناو بزووتنەوەی بیری نەتەوەی (Milli Görüş Hareketi)، کە لەدوای(٢٠٠٢)وە زۆربەیان بوون بە پشتیوانی ئاکەپە بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان، کوردەکانی ناو گروپی گولەن، ئەو گروپە ئیسلامییە کوردانەی، کە بە تێڕوانین و گوتارێکی ئیسلامییانە داوای مافی کورد دەکەن و لەسەر فرەیی کولتوری و یەکسانی نەتەوەییو ئیتنکیو گروپی جەختدەکەنەوە، سەلەفییەکان(Selfiler): لە کۆمەڵێک گروپی بچووک پێکدێت، ئەمانە وەک درێژکراوەی گروپی سەلەفی نێودەوڵەتین، سەرچاوەکەیان وڵاتانی کەنداوی عەرەبییە[1].

### -حیزبوڵڵای کوردی(Kürt Hizbulahi):

ڕای جیاواز لەسەر چۆنیەتی و ساڵی دامەزراندنی حیزبوڵڵا هەیە، لەوانە سەرچاوەیەک باس لەوە دەکات، لە کۆتایی حەفتاکانو سەرەتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم کتێبخانە ئایینییەکان، بوون بە بنکەی یەکتربینینو کۆبوونەوەی ئیسلامییە توندڕەوەکان، لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەک لەدەوری کتێبخانەی وەحدەت(Vehdet) لە شاری دیاربەکر، کە خاوەنەکەی عەبدولوەهاب ئیکنجی (Abdulvahap Ekinci)بوو کۆبوونەوە[2]، بەڵام جیاوازییەکانی نێوانیان هێندە زۆربوو نەگەیەشتنە ڕێکەوتنێک لەسەر دروستکردنی چوارچێوەیەکی پێکەوە کارکردن، هەربۆیە دابەشبوون بۆ دوو

* (Kürt Hizbulahi) لە تەواوی ئەم توێژینەوەیەدا حیزبوڵڵا بۆ ناوی ئەم حزبە بەکارهاتووە، هەرچەندە هەندێک توێژەرەوان، سەرچاوە مێژووییەکان بە حیزبوڵڵای تورکی ناوی دەبەن، ئەمەش لەبەر هۆکاری جیاکردنەوەی لە حیزبوڵڵای لوبنانی، لەلایەکی دیکەوە توێژەرەوان بەتایبەتی توێژەرە تورکەکان هیچ کات باکووری کوردستان بە بەشێکی جیاواز لە تورکیا و بەم ناوە ناونابەن، هەربۆیە حیزبوڵڵای تورکی بەکاردەهێنن.**(توێژەر)** .

[1] Cuma Çiçek: önce kikaynak ,Sayfa107.

[2] Hüseyin Gürtekin: Hizbullah Terör Örgütü: Yapılanması, Faaliyetleri Ve Son Durumu, Yüksek Lisans Tezi, Polis Akademisi, 2008,sayfa19. ( ئەم سەرچاوەیە یەک لەو سەرچاوە ئەکادیمییە تورکیانەیە، کە حیزبوڵڵا بە پارتێکی توندڕەوی تیرۆریست ناو دەبات، بەهەمانشێوەی سەرچاوە تورکیەکانی دیکە ئەوانەی، کە دژی سیاسەتەکانی ئەم پارتە بوون.**(توێژەر)**.

کۆمەڵەی سەرەکی: زانست(علیمیسیلەر–Ilimciler)و مەنزیل (مینزیلسیلەر/Menzilciler)*. گروپی زانست بە ڕێبەری حسێن وەلی ئۆغلۆ(Hüseyin Velioğlu)[1] لە کتێبخانەی زانست(عیلم/ Ilim Kitabler) لە باتمان چاویان بەیەک دەکەوت. هەرچی کۆمەڵەی مەنزیل لەلایەن کۆمەڵێک لە گەنجانی دیاربەکر بەرێبەری فیدان گونگور (Güngür Fidan)[2] دامەزرا. گونگور خاوەنی کتێبخانەی مەنزیل(Menzil Kitabler)بوو، لەم کتێبخانەیەدا ئەندامانی مەنزیل کۆدەبوونەوەو چاویان بەیەک دەکەوت[3].

بەهەمان شێوەی چۆنیەتی دروستبوون و دامەزراندنی، رای جیاواز هەیە لەسەر ساڵی دامەزراندنی حیزبوڵلا لەوانە هاتووە، لە(١٩٧٩) دامەزراوە[4]، هاوکات لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە، کە حیزبوڵلا لە کۆبوونەوەیەکی(١٢)ی ئەیلول(١٩٨٠)، دامەزراوە، ئامەدەبوانی کۆبوونەوەکە هەریەک(وەلی ئۆغلۆ، مەلا مەنسور گوزڵسۆی(Molla Mansur Ğuzelsoy)، عوبەیدوڵلا دالار(Ubeydullah Dalar)و عەبدوڵلا یگین(محەمەد عەلی بلیجی/ Mehemet Alı Bilic)، ئیحسان یەشیلرمەک(Ihsan Yeşilırmak) لەگەڵ رابەری گروپی مەنزیل فیدان گونگور[5]. یەکەم کۆبوونەوە

---

* لەم توێژینەوەیەدا گروپی زانست و مەنزیل بەکارهاتووە.(توێژەر).

[1] حسێن وەلی ئۆغلۆی(Hüseyin Velioğlu): لە(١٩٥٢) لە گوندی هیرۆ(Hiro)ی سەربە قەزای گەرجوش( Gercüş) لە پارێزگای باتمان(Batman) لەدایکبووە. نازناوی خۆی دورماز(Durmaz) لە(١٩٧٨) گۆڕیووە بۆ وەلی ئۆغلۆ(Velioğlu)، واتە کوڕی وەلی، لە(١٩٧٢) لە کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی ئەنقەرە خوێندویەتی و هەرلەو سەردەمەدا دەستی بە چالاکیی سیاسی کرد. یەکێک بووە لە قوتابییە ئیسلامییەکان لەگەڵ هەریەک لە گروپەکانی برایانی موسڵمان(Müslüman Kardaşler)، نەتەوەپەرستەکان(Ülkücüler)و گەنجانی قەڵخان( Akinci Gençler) کاروچالاکی ئەنجامداوە. وەلی ئۆغلۆ لە(١٩٧٩-١٩٨٠) بەشی کارگێڕی ئابووریی تەواوکردووە، لە(١٩٧٧)وەک خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ئوممەت(the Ummah)، کە گۆڤارێکی سیاسی مانگانەبووە بە زمانی ئینگلیزی دەرکردووەو هەرلەو ماوەیەداو لە قۆناغەکانی دواتر لەگەڵ دامەزرێنەرانی رێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامیی(Islami Hareket Örgütü) عەلی بیلجی، ئیکرام بایتەپ و ئیحسان دەنیز پەیوەندی دروستکرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە :**

**Ismet Siverkli :önce kikaynak, Sayfa145- 14 ؛ Gareth Jenkins: Op.Cit ,p.186).**

[2] فیدان گونگور (Fidan Güngür) : (١٩٤٩) لە دیاربەکر لەدایکبووە، ئەندامی یەکێتیی نەتەوەیی قوتابیانی تورک بووە. ناوبراو لە(١٩٧٨) دا دەستی لە ئەندامیەتی هەڵگرتووە. فەرمانبەر بووە لە ئێستگەی تەلەڤزیۆنی تورکی(TRT). گونگور دوای کودەتای(١٩٨٠)لەو ئێستگەیە دەرکراوەو ئیدی دەستبەتاڵ بووە بۆ کارکردن لە بواری ئیسلامی لە دیاربەکر لەڕێگەی گرێدانی کۆبوونەوەی پەیوەست بە گەنجانی کتێبخانەی مەنزیل، گروپی مەنزیل دادەمەزرێنێت و پاشتر چووەتە پاڵ باڵی زانست و حیزبوڵلایان پێکهێناوە. **(محمد نورالدین: حجاب وحراب، ص٢٥١).**

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Turkish Hizballah: A Case Study of Radical Terrorism, International Journal of Comparative and Applied Criminal Justice, VOL. 30, NO. 1, SPRING 2006, P. 81 .
<<https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01924036.2006.9678747>> accessed in (15 March 2020) ؛ Gareth Jenkins: Op.Cit, P .١٨٦ ؛ Ibrahim S. Işık :önce kikaynak,Sayfa 218-219.

[4] TUĞBA YAŞAROĞLU :Transformation of Kurdish Islamists; The case of Free-Cause Party of Turkey, In partial fulfillment of the requirements for the Degree of Master of Arts in Modern Turkish studies - School of Social Sciences of İstanbul Şehir University, Istanbul, February 2015 P.13,55.

[5] Muhammed Suad Çelen: Eylemleriyle Türkiye Hizbullah'ı Ve Legalleşme Süreci, Yüksek Lisans

له(١٩٨٠) له کتێبخانەی وەحدەت له دیاربەکر، دووەم کۆبوونەوە له(١٩٨١) له باتمان لەلایەن کتێبخانەی ئیکرام بایتەپ(Ekrem Baytap)، سێیەم کۆبوونەوە له(١٩٨١) له قاسم پاشای ئەستەنبوڵ به بەشداریی هەشت کەس بەڕێوەچووە، حیزبوڵڵا لەم سێ کۆبوونەوەیەدا بەشێک له ئامانجو ستراتیژییەکانیان خستەڕوو[١]. بەشێوەیەکی گشتیی و نزیکی بۆچوونەکان دەتوانین بڵێین حیزبوڵڵا له باکووری کوردستان، که زۆرینەی کوردنشینن له سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم دامەزراوە[٢]. پێمانوایە بەپێی کۆبوونەوەکانی حیزبوڵڵاو بەشداربوونی زۆربەی دامەزرێنەرانی له دوا کۆبوونەوەی(١٩٨١)و دانانی پێڕەوو پرۆگرامی پارتەکە ئەوا دەتوانرێت به ساڵی دامەزراندنی حیزبەکە دابنرێت.

هەروەک چۆن رای جیاواز هەیە لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی حیزبوڵڵا، بەهەمانشێوە رای جیاواز لەسەر هۆکاری دامەزراندنی ئەم حیزبە هەیە. بەپێی راپۆرتی (٩)ی ئابی(١٩٩٣)ی لیژنەی پەرلەمانی بۆ کوشتنە نادیارەکان، ریشەی حیزبوڵڵا دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی ئیمامە نیشتمانییەکان(Yurtsever İmamlar Birliği)، که رێکخراوێکی وەرگیراوبوو له پەکەکە و ئەندامەکانی له کەمپی پەکەکە له بیقاع راهێنانیان پێکراوەو ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی کوردی بووە[٣]، لەلایەکی دیکەوە هاتووە، حیزبوڵڵا به رێبەری کوردەکان، رێکخراوێکی ئیسلامی بووە، که دەزگای ئاسایش و هەواڵگریی تورکی بۆ پەلاماردانی رێبەرانی پەکەکە و غافڵکوژکردنی رێبەرانی ئەو پارتە دایمەزراند[٤]، لەسەر ئەو بنەمایەی، که حیزبوڵڵا پەکەکەی بەئامانجگرت و هەزاران له هەردوولا له دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم کوژران. لای خۆیەوە پەکەکە جەختیدەکرەوە، که حیزبوڵڵا بریکاری ناوخۆیی"دەوڵەتی قووڵ"ی تورکیایە، هەربۆیە ئەندامانی حیزبوڵڵا دوودڵ نەبوون له رق و کینەیان بەرامبەر پەکەکە[٥]. حیزبوڵڵا لەلایەن سیاسیی و رۆژنامەوانانەوە تاوانباردەکرێت بەوەی دروستکراوی هێزە چەکدارەکانی تورکیا –تاف(Türk /TAF Silahlı Kuvvetleri)ە، هەربۆیە ئەمە بووەهۆی پێکدادانی تاف و ئیسلامییەکان[٦].

پێمانوایە حیزبوڵڵا نه لەلایەن پەکەکەوە دامەزراوە و نه دروستکراوی دەزگای میتی تورکیا بێت، چونکە حیزبوڵڵا هەرلە دامەزراندنییەوە لەگەڵ پەکەکە ناکۆک بووە، هەروەها حکومەتی تورکیا هەرچەندە له قۆناغێکدا حیزبوڵڵای بۆ لێدانی پەکەکەو دژایەتی کردنی پارتە نەتەوەی و چەپەکانی باکووری کوردستان بەکارهێناوە، بەڵام رۆڵی له دامەزراندی ئەو حیزبەدا نەبووە.

---

Tezi, Ege Üniversitesi, 2016,Sayfa 87.

[1] Engin Avcı: Radikal İslamcı Terörizmin Meşru Gösterilmesi: Türkiye Hizbullahı Örneği, Doktora Tezi, Kara Harp Okulu, 2011,Sayfa 172.

[٢] د. خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٩٣.

[3] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit, P.58.

[4] Robert Olson: Turkey-Iran Relations, 1997 to 2000: The Kurdish and Islamist Questions, Third World Quarterly, Oct., 2000, Vol. 21, No.5 (Oct., 2000), P. 881.

[5] Sibel Hurtas: Can PKK, Turkey's Hezbollah reconcile?, June 24, 2015, drawn from the Website: <<https://www.al-monitor.com/originals/2015/06/turkey-syria-kurds-turkish-hezbollah-reconcile-isis-pkk.html>> accessed in (10 July 2021).

[6] Robert Olson : Op.Cit, P. 881.

حیزبوڵڵا زۆرینەی کوردی سوننی شافعی مەزهەبو کۆنەپارێز بوون، لە کوردی عەلەوی‌و تورکی حەنەفی بەئاسانی جیادەکرانەوە، هەربۆیە حیزبوڵڵا دوای دەرکەوتنی‌و پێشوازی لێکردنی لەلایەن جەماوەرەوە بوون بە کۆمەڵێکی تەواو کوردانە[١]. پێگەی سەرەکی بزاڤەکەیان دیاربەکر، وان، باتمان، ماردین بوو[٢]. بەوپێیەی زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە کوردن‌و لە باکووری کوردستان دامەزراوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، بە حیزبوڵڵای کوردی ناسراوە.

حیزبوڵڵا لەگەڵ ئەوەی، زۆری ئەندامانی لە کوردەکان بوون، بنیاتی بۆ جووڵانەوەیەکی تەواو کوردی نەگۆڕا، بەڵکو کاریگەریی ئەم ڕێکخراوە گەیشتە تەواوی موسڵمانانی تورکیا[٣]، چونکە باوەڕی حیزبوڵڵا باوەڕێکی ئیسلامییانەی دەرەوەی سنوری نەتەوەیی بوو، بە دیدی ئیسلامێکی نێونەتەوەییەوە تەماشای هەموو موسڵمانانی دەکرد، بەمە حیزبوڵڵا بووە بزووتنەوەیەکی دەگمەن، چاولێگەری هیچ ڕێکخراوێکو ڕێبازێکی ئیسلامی دیکە نەبوو[٤].

حیزبوڵڵا لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەک پارتێکی ئیسلامی میانڕەو دەرکەوت پێش دەستپێکردنی خەباتی چەکداری زیاتر کاروچالاکی بریتیی بوو لە بانگەوازو دوور لە توندوتیژی، هەربۆیە لەو قۆناغەدا کاریگەریی کەسایەتی و راوبۆچوون‌و و باوەڕەکانی باکووری کوردستانی لەسەر بوو[٥]، لەوانە شێخ سەعیدی پیران و سەعید نورسی لە گەورەترین کەسایەتییەکانن، کە کاریگەرییان لەسەر حیزبوڵڵا هەبووە. کتێبەکانی نورسی و پەیامەکانی نور بۆ دیدگای فکری حیزبوڵڵا سەرچاوەی گرنگ بوون[٦]. توێژەرێک پێیوایە:" پێویستە موسڵمانان بەدوای ئەو میراتەوەبن و پارێزگاری لێبکەن، کە بۆیان بەجێماوە. ئەو هەموو نەهامەتی‌و ئازارەی نورسی لەپێناو خزمەتی ئیسلام چەشتویەتی، ئەو قوربانییەی بەخوێنی هەزاران موسڵمان‌و سەدان زاناو شێخ دراوە، لەپێناوی ئەوەدابووە موسڵمانان هەموویان پێکەوە یەکگرتووبن، هەربۆخۆی هەوڵدان بۆ درێژەدان بە ڕێبازی ئەوان هۆکاری بەهێزییە"[٧]. بەم ڕێگەیە حیزبۆڵڵا توانی زۆرێک لە کوردەکان بەتایبەتی توێژە موسڵمانە ڕۆشنبیرەکەی شارە گەورەکان، بەلای خۆیدا راکێشێت.

دامەزرێنەرانی حیزبوڵڵا نزیکبوون لە خەتی کۆمەڵەی برایانی موسڵمان لە میسر تەنانەت لە هەیکەلی حیزبەکەشدا لە برایانی موسڵمان دەکەن[٨]. وەلی ئۆغڵو سەرسامبووە بە کۆمەڵەی برایانی موسڵمانی میسر ، هەروەها لایەنگرێکی سەرسەختی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر بنەمای

---

[1] Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Hizballah in Turkey Revives: Al-Qaeda's Bridge between Europe and Iraq?, January 25, 2005, drawn from the Website: <<https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/hizballah-in-turkey-revives-al-qaedas-bridge-between-europe-and-iraq>> accessed in (19 March 2020).

[2] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit , P. 80.

[3] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.55.

[٤] ماجید خەلیل: حیزبڵڵای تورکی لە نێوان توانەوەو گۆڕانی ئایدۆلۆژیدا، بەشی دووەم، ٩ی١١ی٢٠١٧وەرگیراوە: لە ٩ی حوزیرانی٢٠٢٠.
http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5244

[٥] هـ.س.

[6] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.56.

[7] Sait Özbey: Kürtler ve İslami Kurtuluş ,Dua Yayıncılık, Birinci Baskı ,İstanbul, 2015, Sayfa181.

[8] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.56,60.

شەریعەت لە تورکیادا بووە[1].

حیزبوڵڵا کاریکرد بۆ رابوونی ئیسلامی کوردو تورک و عەرەب و ئەوانی دیکە لە جوگرافیای باکووری کوردستاندا. حیزبوڵڵا جیاوازبوو لە کۆمەڵەکانی دیکە بەوەی مەیلی بەلای ئیسلامی سەلەفی نەبوو، بەڵکو کراوەبوو بەڕووی بیری نەتەوەیی، ئایینزای شیعە، حیزبە ئیسلامییەکانی دیکە، هەموو ئەم تایبەتمەندییانە وایکرد خەڵک بەخێرای بچنەنێو ریزەکانییەوە[2]. لەلایەکی دیکەوە حیزبوڵڵا سیاسەتی توندڕەوی لەبەرامبەر هێزە چەپ و سیکۆلارەکان گرتەبەر، هەربۆیە لەتێروانینی ئەوان و حکومەتی تورکیاوە بە حیزبێکی توندڕەو ناودەبرێت.

بەڕای توێژەرێک حیزبوڵڵا لە نێوچەکەدا پشتیوانی لەهەردوو مافەکانی کوردو برایانی ئیسلامی دەکەن، هەربۆیە دەکرێت حیزبوڵڵا وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تەماشا بکرێت. ئەوان لە ناوچەکەدان، کە لەوێ شوناسی نەتەوەیی و شوناسی ئیسلامی بەسانای لێکجودانابنەوە[3].

گەلێک هۆکار لەپشت سەرهەڵدانو دروستبوونی حیزبوڵڵاوە هەیە، بەڵام گرنگترینیان لە ناوخۆی تورکیا بریتییە لە سیکۆلاریزم و پرسی پەکەکە، لە دەرەوەی تورکیاش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. کۆماری نوێی تورکیا هەرلەسەرەتایی دروستبوونییەوە، خۆی کردە خاوەن سیستمێکی سیکۆلار. هەڵگەڕانەوەکان، کودەتاکان، چاکسازیی و گۆڕانکاریی لە دەستوور و یاساکانداو دەرکردنی یاسا لەپێناوی بچڕاندنی پەیوەندی کۆمەڵگە بوو بەهەموو پێوەر و بەها باڵا ئیسلامییەکانەوە[4]، ئەم سیاسەتانەی کۆماری تورکیای سیکۆلاریزم، هۆکاریی سەرەکی بوو بۆ دامەزراندنی جووڵانەوەیەکی ئیسلامی. هەروەک لە مانفێستی(Manifeste) حیزبوڵڵادا هاتووە دامەزرێنەرانی حیزبەکە پێیانوابوو بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو دۆخە وەک ئەرکێکی ئیسلامی گرنگترین شتێک بیکەن کاری بە کۆمەڵە، کە بەپێی رێبازی پێغەمبەر(د.خ) بجوڵێتەوە[5]. جەمال توتار( Cemal Tutar)، دوای کوژرانی وەلی ئۆغلو لە(١٧ی کانونی دووەمی٢٠٠٠)، گرنگترین رێبەری حیزبوڵڵا بوو، یەک لە هۆکاری دامەزراندنی حیزبوڵڵای گەڕانەوە بۆ: فشاری رژێم لەسەر کۆمەڵگەی موسڵمانان لە تورکیادا[6].

لەلایەکی دیکەوە دامەزراندنی پەکەکە وەک رێکخراوێکی مارکسی و پشتگیری دەوڵەت بۆ دژایەتیکردنی رەوتی چەپ، کاریگەری هەبوو لەسەر دەرکەوتنی حیزبوڵڵا. تێڕوانینی نەرێنی خەڵک بۆ بیری مارکسیو لینین، کاریگەری هەبوو لەسەر بەهێزبوونی رەوتی ئایینیو بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵک بۆ حیزبوڵڵا، هەروەها دەوڵەتی تورکیا لە باکووری کوردستان لەلایەن پەکەکەوە روبەڕوی کردەوەی چەکداریی بوویەوە، هەربۆیە زەمینەی دەرکەوتنی پارتێکی چەکداریی ئیسلامی

---

[1] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.186.

[2] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.57.

[3] مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل٢٤٠-٢٤١.

[4] Av. M. Hüseyin Yılmaz, Cemal Tutar ve Mehmet Varol, Hizbulah Ana Davası :Savunmalar, Dua Yayıncılık ,Üçüncü Baskı ,İstanbul, 2018, Sayfa 116,147-148.

[5] مانفست حزب الله. (ئەم مانیفێستە بە زمانی عەرەبی نووسراوەو کۆپیەکی (٧)ی کانونی دووەمی(٢٠٢٠) لە نوێنەری بارەگای هوداپار لە هەولێر وەرگیراوە، کە ژمارەی لاپەرەو زانیاری دیکەی لەسەر نییە، تەواوی کۆپی ئەم مانیفێستە لای توێژەر پارێزراوەو وێڕای سوودوەرگرتن لە زانیارییەکانی ئەم مانیفێستە بەشێکی دیکەی لە پاشکۆدا خراوەتەڕو). **(توێژەر).**

[6] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.58.

دژە مارکسی لە ناوچەکەدا لەباربوو[1]، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی لێبوردەیی ڕێژەیی ئەوانەی کودەتای(١٩٨٠)یان ئەنجامدا، بەرامبەر بە ئایین بە مانای پراگماتییەکەی، ژمارەی کۆمەڵە و ڕێکخراو ونووسینە ئاینییەکان زیادیانکرد، وێڕای سەرکوتکردنی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەسەردەمی کۆماری تورکیا، لەپاش چەند ساڵێک ئیسلامییە کوردەکان کەوتنەژێر کاریگەری گەشەو بەرەوپێشچوونی ئیسلامییەکانی تورک لە تورکیادا. لەحەفتاکانی سەدەی بیستەمدا جووڵانەوە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی تورک لەوانە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابییانی نەتەوەیی تورک، کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی نەریتخوازی ئیسلامی بوو، هەروەها کولتووری دێرینی هەموو ئەو قوتابخانە ئایینیانەی، کە بە شاراوەی هەبوون، یاخود کاریگەریی پیاوانی ئایینیو زانایانی موسڵمان بەتەواوی لە ناوچەکەدا ئاراستەی کۆمەڵگەکەیان بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئایینیو ئیسلامی وەرچەرخاند[2].

هۆکاری دەرەکی دروستبوونی حیزبوڵڵا ئەو ڕابونە ئیسلامییە بوو، کە ناوچەکەی گرتبووەو لە پێشیانەوە هاتنەکایەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لە(١٩٧٩)، کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە(١٩٧٩)دا، خاڵێکی گۆڕانکاریی بوو نەک تەنیا بۆ حیزبوڵڵا، بگرە بۆ ئیسلامیی و بیرمەندانی ئیسلامی لە تەواوی جیهاندا. هەربۆیە ئیسلامییەکان بۆ سەرکەوتنیان ئیلهامیان لە شۆڕشی گەلانی ئێران وەرگرت[3]. هاوکات پێشکەوتنی لقی کوردی برایانی موسڵمان(ئیخوان موسلمین) لە سوریاو یاخی بوونی(١٩٨٢) شاری (حەما)هەموو ئەمانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر حیزبوڵڵا هەبووە[4].

ئامانجی سەرەکی حیزبوڵڵا، بریتییە لە دامەزراندنی حکومەتێکی ئایینی و وەلاوەنانی حکومەتی سیکۆلاری دەسەڵاتدار[5]، هەربۆیە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە تێدەکۆشا و کاری دەکرد بۆ بنیاتنانی تاکی موسڵمان بە پلەی یەکەم و خێزانی موسڵمان بە پلەی دووەم و پاشان کۆمەڵگەی ئیسلامیی و پاشان حوکمڕانی ئیسلامی لە کۆمەڵگە و لە کۆتاییدا دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی لەگەڵ پەسەندکردنی باوەڕی یەکتاپەرستی لەلایەن تەواوی خەڵکەوە لە ئەنجامی ئەو تێکۆشان و بانگەوازەدا، بەڵام بنەڕەتەکەی بریتییە لە دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی ئیسلام. حیزبوڵڵا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی لە تێکۆشان بەردەوام بوو، ئامانجی لابردنی هەموو ئەو بەربەستانە بوو لەبەردەم بانگەوازی ئیسلامی دەوەستنەوەو کاردەکەن بۆ هێنانەکایەی ئازادی ژیان لەگەڵ هەموو خەڵکی بەپێی ئایینەکەیان بەوپەڕی ئازادی و ئاسانی بە پشتبەستن بەوەی کاتێک پێغەمبەر(د.خ)، دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە دامەزراند ئازادی تەواوی بەخشی بە ئایینو بیروباوەڕەکانی دیکە لەگەڵ ئەوەی حوکم بەدەستی موسڵمانان بێت[6].

نەخشەڕێگای حیزبوڵڵا پێکهاتووە لە سێ قۆناغ: (بانگەواز(الدعوه والتبلیغ)، کە بە مانای بانگەواز و بانگهێشتکردن دەهات بۆنێو حیزبەکە. (الجماعە) واتای کاری پێکەوەییو بەکۆمەڵی ئیسلامی وەک بنەمایەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی. جیهاد، لەپێناو خودا)[7].

---

[1] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 173-174.
[2] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P. 56.
[3] Ibid, p.56.
[4] مستەفا گوڕبوز: س.پ، ل٢٥٤.
[5] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit, P..79-80, 82.
[6] مانفست حزب الله.
[7] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.186.

له قۆناغی یەکەمدا بانگهێشتی خەڵک دەکرا بۆ پەیوەستبوون بە ڕێکخراوەکەوە لەڕێگەی پڕوپاگەندەوە، لە قۆناغی دووەمدا، ئەندامان لەڕێگەی فێرکارییەوە ڕێکدەخران، لە قۆناغی کۆتاییدا، تێکۆشان بوو لەپێناو پرسێکدا بە بەکارهێنانی ڕێگای جیاواز. لەناویدا قۆناغی جیهاد و تێکۆشانی چەکداریی بوو[1]. حیزبوڵڵا لەسەر ئەم سێ بنەمایە نەخشەڕێگای خۆیان داڕشت، حیزبوڵڵا باوەڕی بە شوێنکەوتنی ڕێبازی پێغەمبەر(د.خ)هەیە و ئەوی نەخشاندوویەتی لە تێکۆشان لەپێناو ئایینی خودا بەوپێیەی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) وەک بنەما وەرگیراوە. حیزبوڵڵا دەستیانکرد بە چالاکیی و بەردەوامییان دا بە کارکردنیان لەسەربنەمای بنچینەی ئایەتی(٢١) لە سورة الأحزاب[2]، کە خودای گەورە دەفەرمێت:"بۆ ئێوە هەمیشە هەیە لە پێغەمبەردا خووڕەوشت و خەسڵەتێکی شیرین، کە شایەنە پەیڕەوی بکەن. پێغەمبەر(د.خ) پەیڕەوکراوێکی شیرینە بۆ ئێوە، شیرینە بۆ کەسێ، کە ئومێدو چاوەڕوانی پاداشتی خودای خۆی ئەکات و نازونیعمەتی ڕۆژی دوایی، یادو باسی خوای زۆر کردبێت واتە با ئێوە پەیڕەوی پێغەمبەرتان بکردایە لەو بەسەرهاتە سەختەدا، هەروەها لە هەموو بەسەرهاتێکی وا پەیڕەوی ئەو بکەن"[3].

حیزبوڵڵا لەسەر کاری بەکۆمەڵ وەک ئەرکێکی ئیسلامی لەسەر بنەمای قورئانو سوننەت جەختدەکاتەوە. ئەمە بەدینایەت تەنیا لەڕێگەی ڕێکخراوی ئیسلامی نەبێت پێویستە لەسەر موسڵمانان کۆمەڵێکی ڕێکخراو دابمەزرێنن و بەردەوامی بدەن بە کاری بەکۆمەڵ، کە خوداو پێغەمبەر(د.خ)، خستویانەتە ئەستۆی موسڵمانانو حکومەتی ئیسلامی یەکێک دەبێت لە بەرهەمەکانی ئەو کۆمەڵەیی بەشێوەی ڕێکخراو تێدەکۆشن هەروەک خودا دەفەرمێت[4]:"با ئێوە گەل و میللەتێک بن، کە هەڵسن بە بانگ بکەن بۆ خواناسی و خواپەرستی بەتەنیا، کە کانگاو سەرچاوەی هەموو خێروچاکەی رووتە، فەرمانبدەن بە چاکە و هەرشتێکی شەرعی، کە بە سروشت ناسراوەو باوە لای ژیریی، جڵەوگیری بکەن لە خراپە و ناشەرعی، کە بە سروشت بێزراوەو نەناسراوە لای ژیریی، هەر ئەوانە رزگارو گەیشتون بە ئامانج"[5].

**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حیزبوڵڵا:** سێ ئاستی سەرەکی هەیە لە پلەبەندی هەڕەمی حیزبوڵڵا، ئەوانیش: سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی باڵا(شورا) و ئەنجومەنی ئاستی خوارەوە(شار). ئاستی یەکەمی پلەبەندی هەرەمی حیزبوڵڵا بریتییە لە سەرۆک، کە دابەشبووە بۆ دوو بەش: ڕێبەری سیاسیی و ڕێبەری ڕۆحی. ڕێبەری ڕۆحی دەسەڵاتی یان کاریگەریی بەسەر بڕیار یان جێبەجێکردنی چالاکییەکانەوە نییە، هەرچی سەرۆکی سیاسییە، ئەوە خاوەنی بڕیاری پەیوەست بە چالاکیی کۆمەڵەکەیە، دەتوانێت ئاڕاستەی چالاکییە گشتییەکان بگۆڕێت یان دەستکاریی بکات. هەرچەندە رابەرایەتی سیاسیی و

---

[1] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.65.

[2] مانفست حزب الله.

[3] **عثمان عبدالعزیز محمد: تەفسیری قورئانی پیرۆز،جزمی ٢١-٢٢،چ١،ب.ش، ١٩٩٧،ل٢٠٠. تەواوی ئایەتەکە:﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾، سورة : الأحزاب، الآية (٢١).**

[4] مانفست حزب الله.

[5] عثمان عبدالعزیز محمد: تەفسیری قورئانی پیرۆز، جزمی٣-٤، چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٦،ل٢٠٦،٢٠٧،٢٠٨. تەواوی ئایەتەکە:﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾، سورة آل عمران، الآية (١٠٤).

ڕۆحی نابێت یەک کەس وەریبگرێت، بەڵام حسێن وەلی ئۆغلۆ هەڵاوێرد(استثناء)بوو، ڕێبەرایەتی سیاسییو ڕۆحی لەهەمانکاتدا گرتەدەست.

ئەنجومەنی باڵا: پێکهاتەی دووەمی حیزبوڵڵا بریتیبوو لە ئەنجومەنی باڵا(شورا)، کە لیژنەیەکی ناوەندیی بوو، پێکدەهات لە ئەندامانی پلە باڵای سیاسیی و سەربازیی. گفتوگۆی بڕیارە گرنگەکانی پەیوەست بە کۆمەڵەکە و بڕیاردان لێی لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە بوو، کە باڵادەستبوو بەسەر هەردوو باڵی سەربازیی و سیاسی حیزبوڵڵا.

ئەنجومەنی ئاستی خوارەوە(ئەنجومەنی شار): لەسەر ئاستی ناوچەیی-واتە شاروشارۆچکە تورکییەکان- پلەبەندی هەرەمی حیزبوڵڵا دابەشبووە لەنێوان سوپا و لقە سیاسییەکاندا، بەپێی تەرزی هاوشێوەی شورا. باڵی سەربازیی یەکەی جێبەجێکردنی پرۆسە چەکدارییەکانی حیزبوڵڵا بوو لە تورکیا. فەرماندەی باڵی سەربازیی دەکرا ببێتە ئەندامی یان ئەنجومەنی باڵا(شورا)، یاخود ئەنجومەنی خوارەوە(ئەنجومەنی شار). پاشان لە جێبەجێکردنی چالاکییە چەکدارییەکان بەرپرس بوو. باڵی سەربازیی پێکهاتووە لە فەرماندەی یەکەو فیرقەی چالاکیی یان یەکە. لەناو هەر ئەنجومەنێکی ئاستی خوارەوە، فەرماندەی یەکەکان بەرپرسی ئاڕاستەکردنی پرۆسە سەربازییەکان بوون، کە سێ فیرقەی چالاکیی ئەنجامیان دەدات. فەرماندەی شارەکە سەرپەرشتی دەکردن و ڕاستەوخۆ فەرمانی ئاڕاستەی یەکەکانی چالاکی دەکرد. دوای ئەم، لە پلەبەندی فەرماندەیی باڵی سەربازییدا، هەمیشە لە دوو بۆ شەش کەس پێکهاتبوون. فیرقەی پرۆسەکان پەیوەستبوون بەنهێنی پارێزی، ئەندام تەنیا ئەندامانی فیرقەکەی تایبەت بە خۆی دەناسی. هەرشتێک تایبەتە بە باڵی سیاسییە ئەوە بەرپرس بوون لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەندامی نوێ و گەیاندنی بنەماکانی حیزبوڵڵا بۆ باوەڕپێکردنی[1]، گەلی تورکی بۆ دامەزراندنی سیستمێکی هاوشێوەی سیستمی ئێرانی، هەروەها سەرکردەی باڵی سیاسی حیزبوڵڵا لە شاروشارۆچکەکان لە ئەنجومەنی باڵا(شورا) ئەندامبوون [2].

**بنەماکانی حیزبوڵڵا** : حیزبوڵڵا لەسەرچەند بنەمایەک بنیاتنراوە لەوانە:(مەبەست لە دروستکردنی مرۆڤ پەرستشی خودایەو مەبەست لە موسڵمانان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودایە، هەربۆیە کۆمەڵەی ئیسلامی لەسەر بنەمای بەندایەتی بۆ خودا دامەزراوە، حیزبوڵڵا هەموو کارەکانی و ئامانجەکانی لە قورئان و سوننەتەوە وەرگرتووەو قورئان بەدەستووری ژیانی حیزبوڵڵا دانراوە، هەروەها خۆی بە میراتگری تەواوی بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەدرێژای مێژوو داناوەو بەو مانایە نییە، کە حیزبوڵڵا درێژە پێدەری ڕێکخراوێک یان ڕەوتێکی دیکە بێت، بەڵکو کۆمەڵێکی سەربەخۆیە، کە هێزو وزەی لە باوەڕی توندی بەخوداو پشتیوانانی موسڵمانان وەرگرتووە. حیزبوڵڵا جەختیکردەوە، کە ئامرازە مەشروعیەکانی بەکارهێناوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی واتە ڕێگەی نائیسلامی بۆ ئامانجەکانی بەکارنەهێناوە، کە لەگەڵ ئیسلامدا وێکنایەتەوە، چالاکییو کردەوەی حیزبوڵڵا لە باکووری کوردستان چڕبووەتەوە، بەڵام بواری بڵاوبوونەوەی جووڵانەوەکە هەموو تورکیایە، حیزبوڵڵا ناکۆکی مێژووییەکان وەلاناوە هەموو ئەهلی قیبلە بەچاوی برایەتی لێیدەڕوانی ڕووبەڕووی هێزی بێباوەڕ، کە ئەو جیاوازیانەی لەنێوان شیعە و سوننە دەقۆستنەوە بۆ دروستکردنی ڕق لەناو موسڵماناندا وەستاوەتەوە. حیزبوڵڵا توندڕەوی مەزهەبی بەتەواوی ڕەتکردەوە، سوودی

---

[1] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit, P. 82 -83.
بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٦).

[2] Ibid,P .83 ؛ TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.61.

لەهەر فتواو ئیجتهادێک وەردەگرت، کە لەبەرژەوەندی ئوممەی ئیسلامییدا بێتو یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەی بزاڤی حکومەتی ئیسلامیی دابێت، حیزبەکە داگیرکردنی هەرپارچە زەویەک لە خاکی موسڵمانانی رەتدەکردەوە بە پێوستی زانیوە لەپێناو ئازادکردنی ئەو زەویە تێبکۆشێت، هەروەها پێشوازی لەتەواوی زمانەکان دەکاتو رێزیان لێدەگرێت لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لەپاڵ زمانی تورکی و لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا بەکاربهێنرێت، پێیوابوو ئافرەت لە پەروەردەدا رۆڵی زیندووی هەیە، هەربۆیە گرنگی بە پەروەردەی ئافرەت دەدات لەپێناو دروستکردنی تاکو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ژنان هاوتای پیاوان لە چالاکییە ئیسلامییەکاندا بەشداربن‌و رۆڵێکی کارابگێڕن...هتد)[1].

**دارایی حیزبوڵڵا** پێکهاتووە لە چەند سەرچاوەیەکی داهات لەوانە:(زەکاتو سەرفیترە لە مانگی رەمەزاندا، کە تایبەتە بە ئایینی ئیسلام و یارمەتی دارایی بەشێکی ئەو کۆمەکیو پارەیە، کە ئەندامەکانی کۆیدەکردەوە، ئەو پارەیەی، کە وەک وەفاو دووپاتکردنەوەی دڵسۆزی بۆ حیزبەکە لە ئەندامانی بەناوی ئینفاق(infak)، کە بەپێی ئاستی دەوڵەمەندی و توانای مادددییان کۆدەکرایەوە، چالاکیی بازرگانی حیزبوڵڵا لەلایەن ئەندامانی خۆیەوە بەڕێوەچووە، چالاکیی ئەندامانی حیزبەکە برێکی دیاریکراو لەو شتومەکانەی دەیانفرۆشێت یان بەدەستیان دەهێنا بۆ دارایی حیزبەکە پێشکەشدەکرا، هەروەها داهاتی بڵاوکراوەکانو وەرگێڕانی کتێب...هتد، پارە لەدەرەوەی وڵات یان بەهۆی ئەو بۆنە ئایینیانەوە رێکدەخران یان ئەو ئەندامانەی لە دەرەوەن هاوسۆزییان بۆ حیزبەکە هەبوو پارەیان بە حیزبەکەیان دەبەخشی، باج دان(فیدیە): ئەو برە پارە بووە لە خێزانی ئەو کەسانەی فرێندراون وەرگیراوە ئەو باجەیان وەردەگرت لەبەرامبەر ئازادکردنیان، لە تێڕوانینی حیزبوڵڵا ئەم کردارە لەڕوانگەی ئایینەوە بە چەمکی جیهاد دەناسێنن...هتد)[2].

حیزبوڵڵا لە مانفستەکەیدا سەبارەت بە جیاوزی رەگەزی، بە ئایەتێک دەستپێدەکاتو هاتووە:"ئەی ئادەمیزات بە تێکڕایی ئێمە ئێوەمان دروستکردووە لە نێرومێیەک و کردومانن بەچەند تیرەو رەنگێ، بەش بەشن بەچەند گەلو نەتەوەو کۆمەڵێ ئێوە هەمووتان لەیەک بنەڕەتن، کەواتە دووبەرەکی مەبنو تاقم تاقم لێیمەوستنەوە و ئاژاوە لەنێوان خۆتاندا مەنێنەوە، بەرێزترتان بە لای خواوە لەخواترسترینتانە بێگومان خوا زانایە بە ئێوە و ئاگادارە بەسەر پەنهانی و نادیاری و هەموو دیوی دەرو ناوتاندا"[3]، هەروەها هاتووە، کوردستان ئەو ناوچەیەیە کورد بە درێژایی مێژوو تێیدا ژیاوە، مێژوویەکی قووڵی لەگەڵ ئەو گەلانەی دی هەیە، کە ناکوردن و ئەو ناوچەیە نیشتمانی هەموو ئەو گەلانەیە. لەگەڵ باوەڕهێنانی گەلی کورد بە ئیسلام، کوردستان بووە بە ناوچەی جیانەکراوە لە وڵاتو کۆمەڵگەی ئیسلامی، هەروەها گەلی کورد هەموو قوربانییەکی بۆ پارێزگاری لە کۆمەڵی ئیسلامیی پێشکەشکردووەو لەوەدا راستگۆ بوون. حیزبوڵڵا دەیەوێت کۆمەڵێکی یەکگرتووی ئیسلامی پێکبهێنن، کە تیایدا دادپەروەری و سنوری خودا باڵادەست بێتو ستەمو جیاکاری رەگەزی بوونی

---

[1] مانفست حزب الله. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(**٧**).

[2] Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak,Sayfa27-28 ؛ Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa199.

[3] عثمان عبدالعزیز محمد: تەفسیری قورئانی پیرۆز، جزمی٢٥-٢٦، چ١،ب.ش،١٩٩٨، ل٣٢٥-٣٢٦. تەواوی ئایەتەکە:﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾،سورة الحجرات، الآية(١٣).

نەبێت. هەموان یەکسان بن‌و باشی بەپێی تەقوا بێت، کەس دەسەڵاتی زیاتری بەسەرکەسدا نەبێت‌و هیچ کەس بەپێی رەنگ، زمان، ناو و شار...هتد نابێت جیاواز بێت. حیزبوڵڵا تێدەکۆشێت لەپێناو دروستکردنی کۆمەڵێکی لەو شێوەیە، کە بەرگەی ئازار و ئەشکەنجە بگرێت. حیزبوڵڵا واینابینێت پرسی کورد پرسێکی تایبەت بەگەلی کورد بێت، وەکو پرسێک لێیدەڕوانێت بۆ هەموو نەتەوەی ئیسلامی گرنگە لەبەرئەوە گەلی کورد بەشێکە لێی. حیزبوڵڵا سیاسەتی ئینکاری‌و سەرکوتکاری رەتدەکاتەوە، کە بەرامبەر بە کورد کراوەو تێدەکۆشێت بۆ وەستانەوەی ئەو سیاسەتە وەک ئەرکێک لە ئەرکەکانی وایدەبینێت، کە موسڵمانان پەیڕەوی پرسی کورد بکەن‌و هەریەکەیان دەستی چارەسەر بۆ ئەو پرسەیە رابکێشن بە هاوتەریبی دادپەروەری ئیسلامی[1].

حیزبوڵڵا بەهەمانشێوەی فکرەی جیهانی ئیسلامی، لە پرسی کورد دەڕوانێت. پێیوایە چارەسەری ئەو پرسە هەردەبێت بەپێوەری ئیسلامی بێت، هەروەها وایدەبینێت بەرگریکردن لەو پرسە ئەرکێکی ئیسلامییەو بە ئەرکێکی بەکۆمەڵی دادەنێت. حیزبوڵڵا رێز لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد دەگرێت‌و پێیوابوو بە چارەسەری دەستووری دەبێت، کە باوەڕی بە مافی مرۆڤایەتی هەبێت یان چارەسەرەکە ناوچەی کوردستان سەربەخۆ بێت. حیزبوڵڵا وایدەبینێت هەموو ئەم چارەسەرانە کراوەن بۆ گفتوگۆ، گەل ئازادە لە هەڵبژاردنی هەرچارەسەرێک لەو چارەسەرانە، بەڵام چارەسەری داواکراو ئەو چارەسەرەیە لەگەڵ عەقیدەی گەلی موسڵمان‌و فەرهەنگی کوردی یەکبێتەوە باوەڕی بەتەواوی مافەکانی لەژێر حوکمی ئیسلامییدا هەبێت[2].

بەتێڕوانینی حیزبوڵڵا، وێڕای ئەوەی سیاسەتی سیکۆلاریزم ئامانجی هەوڵدانە بۆ پەراوێزخستنی ئیسلام، کە وەک دوژمن‌و مەترسی بۆسەر خۆی دەبینێت، چەندین هەنگاوی گرتەبەر بۆ ئەوەی ئیسلام لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا بسڕێتەوە. گەلی موسڵمان بەم هۆیەوە گەلێک ئازاریان چەشتووە بەتایبەتی کورد، رژێمی سیکۆلار بەردەوام هەوڵی لەناوبردنیداوە بەهۆی ناسنامەکەیەوە. باکووری کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامی بەزۆری لە کوردی موسڵمان پێکدێت، هەربۆیە لەلایەن رژێمی کەمالییەوە چەوسێنراونەتەوە، هەرچەندە لە تورکیادا تورکە موسڵمانەکان بەهۆی ئایینەوە چەوسێنراونەتەوە، بەڵام کورد بەهۆی هەردوو ناسنامەی ئیسلامیی و کوردیی بەردەوام لەلایەن دەوڵەتی سیکۆلار چەوسێنراونەتەوە، هەربۆیە ئەم هۆکارانە بوونەهۆی ئەوەی حیزبوڵڵا پەنابەرێتە بەر سیاسەتی توندڕەوی و دژ بە دەسەڵاتی سیکۆلار جەنگاوە[3].

حیزبوڵڵا لەڕووی چالاکییەوە بە سێ قۆناغدا گوزەرا ئەوانیش:(چالاکییەکانی حیزبەکە لە دامەزراندنییەوە(١٩٧٩-١٩٩١) دەگرێتەوە، لە شێوەی خولی یەکەم و دووەم لە(١٩٩١- ٢٠٠٠)، ئۆپەراسیۆنی(٢٠٠٠)، هەتاوەکو قۆناغەکانی پاشتر دەگرێتەوە[4].

---

[1] مانفست حزب الله.

[2] م.ن.

[3] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 209-210.

[4] Aynikaynak, Sayfa177.

## قۆناغی یەکەم: ساڵانی دامەزراندن و گەشەسەندنی(١٩٧٩ -١٩٩١):

دامەزراندنی کۆمەڵەکە تەواوبوو، پاشان چووە قۆناغەکانی بانگەوازوفێرکاریی، لەم قۆناغەدا حیزبوڵڵا سەرنج و هاوسۆزی گەلی کوردیی لە باکووری کوردستان بەدەستهێنا، لە دیاربەکر، باتمان و ئەستەنبوڵ لەسەر بنەمای کوردایەتی و مەیلی بەهێزی بۆ ئیسلام و بەهاکانی چالاک بوو[١]. قۆناغی یەکەم پێکهاتووە لە لیژنە، بانگەواز، پەروەردەو کۆمەڵگە، لەم قۆناغەدا خەباتی چەکداریی نییە، بەڵکو کارکردنە لەسەربنەمای گونجاندنو بانگەواز و کۆبوونەوەو پەروەردەیە. هەموو چالاکییەکان لەم قۆناغەدا دەکرێت، کە بە قۆناغی ئامادەکاری وەسف بکرێت. ئەم قۆناغە بەشێوەی نهێنی دەستپێکرد، بانگهێشتنامەیان دەنارد بۆ ئەو کەسانەی، کە باوەڕپێکراونو بۆناو حیزبەکە بانگدەکران[٢].

حیزبوڵڵا بۆ بەدیهێنانی یەکەمین ئامانجی(دیبەیتی رووبەڕووی) بەسەر خوێندنەوەدا هەڵبژارد بە مەبەستی فێرکردنی ئەندامانی ئەم تێهەڵکێشبوونەی نێوان ناسنامەی ئایینیو خێڵەکیو ئەتنییەکان یارمەتی پێکهێنانی تۆڕی بەهێزی لە شارو شارۆچکە جیاوازەکان دەدات. بوونی کولتوری زارەکی وەک فۆرمی باوی فێرکردن لەناو(کتێب فرۆشەکاندا)، پەیوەندی نێوان کولتوری زارەکیو چاپ لەلایەکو گۆڕانی(دەسەڵات)ی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردی لەلایەکی دیکەوە پیشاندەدات. بە پێچەوانەی خوێندنی کلاسیکی مەدرەسەکان، کتێبەکان لەلایەن ژمارەیەکی کەمەوە دەخوێنرێتەوەو لەڕێگەی کولتوری زارەکییەوە بڵاودەبنەوە[٣].

حیزبوڵڵا بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی دوو ناوەندی گرنگی هەڵبژارد ئەوانیش:(مزگەوتەکان، قوتابخانەکان)بوون. یەکێک لەو شوێنانەی، کە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی حیزبوڵڵا بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکیی(مزگەوت)کانە بەوپێیەی، هەندێک لە هاوڵاتیان دەیانەوێت منداڵەکانیان پەروەردەیەکی ئایینی وەربگرن بۆ ئەم مەبەستە دەیانبرن بۆ مزگەوتەکان، هەتاکو فێربن و پەرستشەکان ئەنجامبدەن، هەربۆیە حیزبوڵڵا هەستوسۆزی هاوڵاتیانی قۆستەوەو توانی مزگەوتەکان بۆ پڕوپاگەندەکانی بەکاربهێنێت و لە مزگەوتەکاندا وەک(ئیمامی فەخری) کاری دەکرد. بەشی پەروەردەی حیزبەکە دەکەوتە تەنیشت مزگەوتەکان بەناوی ژورەکانی مەدرەسە (Medrese)، رۆژبەرۆژ ژمارەی ئیمامی فەخری زیادی کرد بۆ نمونە لە شەست مزگەوت لە ناوەندی شاری باتمان چل مزگەوتیان لەلایەن حیزبوڵڵاوە بەڕێوەدەبران لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندابوون. حیزبوڵڵا بەم شێوەیە چووەناو پێکهاتەی مزگەوتەکانەوە وەک(بەڕێوەبەری مزگەوتی دەرەکی، بەڕێوەبەری مزگەوت، سەرپەرشتیاری کۆرس و گروپەکان، فەرمانبەری پاککردنەوە، گروپی ئەفسەری ژمێریاری، گروپی ئەفسەری رۆشنبیری...هتد)کاریدەکرد، هەربەم هۆیەشەوە توانی کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری مزگەوتەکان بکاتو خۆبەخشانە کاریکرد، هەتاوەکو بتوانێت سەرنجی زۆرترین خەڵک بۆ لای حیزبەکەی راکێشێت[٤].

ئەو مزگەوتانەی لەلایەن حیزبوڵڵاوە بەڕێوەدەبران ژمارەیەک ئەرکیان جێبەجێدەکرد لەوانە: دابینکردنی زانیاریی لەبارەی گەشەپێدانی ناوچەکە، خوێندنی ئایینی منداڵانو خزمەتگوزارییە

---

[1] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.61.

[2] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa177.

[٣] م.هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣١٧-٣١٨.

[4] Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak, Sayfa 45-46.

کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوانە، کە پێویستیانە. بەڕێوەبەرانی ئەو مزگەوتانە، کە بە مەلا یان(ئیمام Mele/) ناسراون کاریان تەنیا بەرنوێژیکردنی خەڵک لە فەرزەکانو فێرکردنی ئیسلام بە منداڵان نییە، بەڵکو بەشدارییی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی موسڵماناندا دەکەن لەڕێگەی بەدەمەوچوونی پێویستیە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە. ئەو مەلایانە کەمتر لە ئیسلامی کلاسیکو زیاتر لە پرسە سیاسییە ئیسلامیی و کوردییە هاوچەرخەکاندا شارەزابوون. ئەوان ڕەخنەیان لە زانایانی کلاسیک(Ulema) هەبوو جەختیاندەکردەوە ئەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە لاتەریکو دەستەمۆکراون و بەشدارییی لە چالاکییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەدا ناکەن. سەر لە ئێوارەی هەموو پێنج شەمەیەک لە مزگەوت گفتوگۆیەک هەبوو وابابوو مەلای فەخری، مزگەوت پرسەکانی هەفتە لەگەڵ خەڵک تاوتوێ دەکرد، موچەی ئەم مەلایانە لەلایەن خەڵکەوە دەدراو بەهەردوو زمانی عەرەبیو کوردی خوێندوویانە، بە پێچەوانەی ئەو ئیمامانەی، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزراون، ئەمان بە کولتوری خۆماڵی کوردیو نەریتە ئیسلامییەکان ئاشنابوون، هەروەها لە هەژمونی دەوڵەتی تورکی ئازادبوون[١]. دواجار حیزبوڵڵا لە مزگەوتەکاندا چالاکییەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر منداڵ و گەنجانو ئەوانەی، کە هێشتا لە توانایاندا نەبوو چاکەو خراپە لەیەکتر جیابکەنەوە ئامانجی سەرەکیان لە پەروەردەکردنی مزگەوتەکاندا ئەوبوو ئەو منداڵو گەنجانە بهێنەناو حیزبەکەوە، هەتاوەکو لە قۆناغەکانی پاشتردا لە ئاڕاستەکردنییان بەشێوازێکی ڕێکخراوی بەهێز سەرکەوتووبن[٢].

یەکێکی دیکە لەو شوێنانەی، کە حیزبوڵڵا بایەخی پێدەداو چالاکیی تێدا ئەنجامداوە، قوتابخانە سەرەتاییو ئامادەییەکان بوو، کە گرنگترین سەرچاوەی بوون و هەوڵیدەدا ئامادەیان بکات بۆناو ڕێکخراوەکەو ئەویش بە میکانیزمی گونجاو لەڕێگەی ئەوخوێندکارانەوە، کە خێزانەکانیان سەربە حیزبوڵڵابوون و یان مەیلی ئیسلامییان هەبوو دەچووەناو ئەم قوتابخانانەو هەرلە قۆناغی سەرەتاییەوە، هەتاوەکو کۆتایی قۆناغەکانی خوێندن، قوتابیانی بۆناو حیزبەکەی ئامادە دەکرد[٣]. هۆکاری بایەخدانی حیزبوڵڵا بە مزگەوتەکانو قوتابخانەکان، ئامانجی بوو لە هەردوو لایەنی ئایینیو پەروەردەییەوە کاربکات، هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە کۆرسەکانی پەروەردەی پێشکەشکردووە لەو مەدرەسانەی، کە هێشتا لە ناوچەکەدا بوونیان نەبوو. حیزبوڵڵا لەو مەدرەسانە بەرنامەی خۆی پەرە پێدەداو خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکرد. خەڵکی ناوچەکە وەڵامی ئەرێنییان هەبوو زۆربەیان چوونەپاڵ ئەو کۆمەڵو کۆڕو کۆبوونەوانەی، کە حیزبوڵڵا بانگەوازی بۆ دەکردن هەرچەندە ئەو ژمارە خەڵکە وەک ئەندامی ناو حیزبەکە نەبوون، بەڵام حیزبوڵڵا پێیوابوو ئەوانە بە هاوسۆزی دەمێننەوە، ئەگەر ئەندامی حیزبەکەش نەبن یان ئەندامی حیزبەکەبنو حیزبەکە بەجێبهێڵن لایەنی کەم فێربوون بچنە هەرشوێنو ڕێکخستنێکەوە دەتوانن ئەو زانیارییانە بەکاربهێنن، کە فێربوون[٤].

لەپاڵ مزگەوت، قوتابخانەکانو ناوندەکانی فێرکردندا، حیزبوڵڵا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە زیندانەکاندا بەنهێنی چالاکیی ئەنجامداوە، لەگەڵ ئەو کەسانەی سەربە گروپو ڕێکخراوی دیکە بوون

---

[١] م. هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣١٩-٣٢٠.

[2] Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak, Sayfa 46-47.

[3] Aynikaynak,Sayfa 47.

[4] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 178-179.

دەستگیرکرابوون، هەروەها لەڕێگەی پروپاگەندەوە چالاکیی پەروەردەی توانی پشتیوانی ئەو کەسانە بۆ حیزبەکەی مسۆگەر بکات[1].

حیزبوڵڵا هەر لە قۆناغی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی لە شارو ناوچە جیاوازەکانی باکووری کوردستان رووبەڕووی چەند گرفتێک بوویەوە یەک لەو ئاڵنگاریانە گروپی مەنزیلو زانست بە رێبەری فیدان گونگور و وەلی ئۆغلو ناکۆکی لەنێوانیاندا سەریهەڵدا، هۆکاری سەرەکیی ئەو ناکۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی فکری و شێوازی کارکردن لەناو ئەو دوو رێبەرەدا، هەریەکەیان بەجۆرێک بیری دەکردەوە[2]. باڵی زانست بە رێبەریی وەلی ئۆغلو، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی کوردی بانگەشەیان بۆ تێکۆشانی چەکداریی کرد، بەڵام باڵی مەنزیل کە فیدان گونگور و مەنسور گوزڵسۆی، بوون لە فکرەی چەکداریی دووربوون. باڵی مەنزیل پێیوابوو هێشتا لە قۆناغی بانگەوازدان[3]و شەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتو پەکەکە لە هێزو چالاکیی حیزبەکە کەمدەکاتەوە، پێویستە لە ئێستادا ئەوە نەکرێت، بەڵام گروپی زانست جەختیکردەوە، کە موسڵمانان هێزی پێویستیان هەیەو دەبێت دژ بە دەوڵەت و پەکەکە شەڕبکەن[4]. هەرچەندە هەندێک پێیانوایە ناکۆکی هەردوو گروپی مەنزیلو زانست پێش سەرهەڵدانی شەڕی حیزبوڵڵا لەگەڵ پەکەکە بووە[5].

هەردوو باڵی مەنزیلو زانست لە دوای(١٩٨٣)وە بەشێوەی سەربەخۆ لەناوچەکاندا کاریان دەکرد. هەندێک جار بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەوەشدا لە(١٩٨٧)وە جیاوازیان قووڵتربوویەوەو پەرەیسەند بۆ ململانێو توندوتیژی، هەرچەندە باڵی زانست باڵادەستربوون لە گروپی مەنزیل بەهۆی بنیاتنانی رێکخراوەی و هەماهەنگیان و خۆیان بە حیزبوڵڵای راستەقینە دادەنا، هەربۆیە کۆمەڵە لادەرەکانیان لە ناوەندی حیزبەکە دوورخستەوە، بۆ نمونە گروپی زانست ناوی زانستی بەکارنەهێنا، بەڵکو ناوی حیزبوڵڵای تورکی بەباشتر دەزانی بۆ فراوانکردنی بنکەی جەماوەری و زاڵبوون بەسەر مەنزیل[6].

زۆربەی چەکدارانی گروپی زانست کوردی باکووری کوردستان بوونو بنکە سەرەکییان مزگەوتەکان بوو. لەگەڵ تەشەنەسەندنی گروپی زانست، زۆرینەی مزگەوتەکانی باکووری کوردستان بە تایبەت لە شارەکانی وەک: دیاربەکر، باتمان، بینگۆل و ماردین، لەژێر کۆنترۆڵی ئەم گروپەدابوو. ئیمامەکان وتاری پشتیوانیکردن لە گروپی زانستیان پێشکەشدەکرد. زۆرینەی ئەندامانی گروپی زانست کرێکارانی شارەکان و چینی ناوەندی خوارەوەبوو، بەتایبەت نەوەی یەکەمی ئەوانەی کۆچپانپێکرابوو بۆ ئەو شوێنانەی لە دەوری شارە تورکییەکان نیشتەجێبوون[7]. ئەندامانی گروپی زانست پێیانوابوو خودا چاودێریان دەکاتو دەبوو لیستی ماڵومولک و ئەو کتێبانەی خوێندویانەوە، ئەو مزگەوتانەی لێیهاتوون، چیان خوێندووە، شارەزای چ شتێکن و زانیاری کەسی لەبارەی نزیکەکانیانەوە، بە گروپەکە بدەن. رێکخراوەکە هەڵدەستا بە چاودێرییکردنی ئەو منداڵە بچووکانەی،

---

[1]Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak, Sayfa 47.

[2] Ali Murat İrat: Önce Kikaynak,Sayfa 101.

[3] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.59 ؛ Gareth Jenkins: Op.Cit, P.186.

[4] Ali Murat İrat: Önce Kikaynak, Sayfa 102-103.

[5] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa187-188.

[6] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.59-60.

[7] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.188.

که له مزگەوته ناوخۆییەکان و خولەکانی قورئانخوێندندا ئامادەدەبوون، پاشان راپۆرتیان دەربارەی بەربژێرە چاوەڕوانکراوەکان بۆ سەرکردایەتی بەرزدەکردەوە، هەروەها زانیاریی و وردەکاریی سەبارەت بە ئامادەیی له قوتابخانه و کەسایەتی منداڵەکه و بارودۆخی دارایی و پێشینەی خێزانەکەی کۆدەکردەوە[١].

تایبەتمەندیەکی ئەندامانی زانست ئەوەبوو، که خۆیان دەپاراست له تێلفۆن و فاکس بەکارهێنان، هەتاوەکو کاتێک هەستان بە کۆمپیوتەر ئەرشیفەکانی له کۆتایی(١٩٩٠)کان. بەڵگەنامەکان لەسەر فلۆپی دیسک(Floppy Disks) یان سی دی(CD) خەزنکرد و لەڕێگەی بەریدەوە لەبری ناردنی بە ئەلیکترۆنی دەیانگواستەوە[٢].

حیزبوڵڵا رۆڵی نێوەندگیری گێڕا له کێشە ناوخۆییەکانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیو کاریگەریی خۆی هەبوو بەدوای چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕا وەک ناکۆکی خێزانیو سنورەکان، زەوی کشتوکاڵو مافی بەکارهێنانی ئاوی ئاودێری و نەیاری کۆنو...هتد هەموو ئەوهۆکارانه یارمەتی حیزبوڵڵایان دا لەناوچەکەدا گەشە بکاتو چالاک بێت[٣]. بەپێی راپۆرتەکانی پۆلیس تایبەت بە بەدەستگیرکردنەکان، زۆربەی ئەندامانی حیزبوڵڵا لەڕێگەی پەیوەندییه کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، خێڵ یان تۆڕە ئایینیەکانەوە چوونەته نێو حیزبەکەوە. پەیوەندییه خێزانییەکان کاریگەرترین تۆڕەکانی کۆکردنەوەن لەناو حیزبوڵڵادا، که وەک خێزانێکی گەورە کاری دەکرد. بەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە، که لەسەر خێزان دامەزراون بە بەراورد بە پەکەکە، حیزبوڵڵا کاراتر و رێکخراوتر بووە[٤].

حیزبوڵڵا بەهۆی چالاکیی له باکووری کوردستان، پشتبەستن بە راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی له(١٩٩٠) لەسەر مافی مرۆڤ له تورکیادا هاتووە:"رابوونێکی ئیسلامیی له ناوچه کوردییەکاندا هەیە،...ئەگەر پەکەکه کۆمەڵێکی ئیسلامی بوایە، دەبوونه بزووتنەوەیەکی میللی بەهێز ئەوکات بە زەحمەت لەناودەبران"[٥]. ئەم تێڕوانینەی ئەمریکا لەوەوە سەرچاوەی دەگرت که حیزبوڵڵا لەو قۆناغەدا له لوتکەی هێز و دەسەڵاتیدا بووەو وەک هێزکی کوردی ئسلامی حساب بۆکراو مامەڵەی لەگەڵداکراوە.

حیزبوڵڵا له قۆناغی یەکەمیدا زیاتر جەختیکردەوە لەسەر بانگەواز، لەڕێگەی مزگەوتو قوتابخانەوە خێزانەکانەوە توانی سەرنجی زۆربەی ئەو کوردانەی که هەستی ئایینیان بەهێزە بۆلای خۆی راکێشێت. حیزبوڵڵا بەدرێژای هەشتاکانی سەدەی بیستەم توانی لەقۆناغی یەکەمی کاری بانگەوازیدا، هەتاوەکو رادەیەک سەرکەوتووبێتو بووەخاوەن جەماوەرێکی زۆر له کوردەکانی باکووری کوردستان بەتایبەتی ئەوکەسانەی، که خاوەن پاشخانێکی ئیسلامیی و دژی سیاسەتەکانی پەکەکه بوون له ناوچەکەدا.

---

[1] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.188-189.

[2] Ibid, P.189.

[٣] بدون مؤلف: حزب الله التركي، نشره في ٠٨/ مارس/٢٠١٤، وەرگیراوە له : (٢)ی شوباتی (٢٠٢٠)، https://www.islamist-movements.com/2388

[٤] م. هاکان یاوڤوز: س.پ، ل٣٢١.

[٥] د. عوسمان عەلی: س.پ، ل٢٤١.

**- قۆناغی دووەم( ١٩٩١-٢٠٠٠):**

ئەم قۆناغە بەقۆناغی(تێکۆشانو هێز)، توندوتیژی و بەرنگاربوونەوە لەگەڵ پەکەکەو گروپی مەنزیلو هەواڵگری دەوڵەتی قووڵ و باندەکان دەستیپێکرد. لە هەنگاوی سەربازییدا گروپی زانست سووربوون لەسەر پەلەکردن لە دەستپێکردنی شەڕی چەکداریی دژی پەکەکە، حیزبوڵڵا پەکەکەی بە کوشتنی موسڵمانان لەپێناو خزمەتکردنی کۆمۆنیزم، هەروەها بە دابەشکردنی کۆمەڵگە تۆمەتبار کرد، لەلایەکی دیکەوە ئامانجی سەرەکی حیزبوڵڵا جەنگان بوو دژی دەوڵەت، کە لە سەپاندنی سیکۆلاریزمو بێباوەڕی بەسەر کۆمەڵگەدا بەرپرس بوو، دواجار هەوڵە چەکدارییەکانی حیزبوڵڵا لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی بوو[1].

لەراستیدا تۆمەتبارکردنی پەکەکە لەلایەن حیزبوڵڵاوە بەوەی پارتێکی کۆمۆنیستەو دژە ئیسلامە بە ئامانجی ئەوە بوو پەکەکە زیاتر لە پرسی نەتەوەیی دابرێت، تاوەکو بەم هەڵوێستەی بتوانێت سەرنجی خەڵکی باکووری کوردستان و بەتایبەتی ئەوانەی کۆنەپارێز، نەتەوەیی و ئەوانەی پابەندی ئیسلامیان هەبوو بۆ لای حیزبەکەی راکێشێت و بیانکاتە لایەنگرو پشتیوانی پارتەکەی، یان بەلایەنی کەمەوە لە پشتیوانی پەکەکە پەشیمانیان بکاتەوە.

لە سەرەتای(١٩٩١)وە حیزبوڵڵا دەستی بەکاروچالاکیی توندوتیژی و چەکداریی دژ بە پەکەکە کرد، هەروەها کێشە لەناوخۆی حیزبەکەدا دەستیپێکرد بەجۆرێک گروپی مەنزیل لەناو حیزبوڵڵا کە بە باڵێکی میانڕەو ناسرابوون لەلایەن باڵی وەلی ئۆغلو پاکتاو کران. گروپی زانست، کە بە باڵە توندڕەوەکەی حیزبوڵڵا ناسرابوون کارە توندڕەوییەکانیان زیاتر پەرەیسەند[2]. گروپی زانست بە دەستپێکردنی کارە توندوتیژییەکانی بووە باسوخواستی هەندێک لە نووسەرو توێژەرەوان، هەربۆیە حیزبوڵڵا بە پارتێکی تیرۆریست ناودەبەن و بۆ سەلماندنی ئەمەش سەرجەمی کارە توندوتیژییەکانی حیزبوڵڵا دەخەنەڕوو لەوانە هاتووە: کاری توندوتیژی لەلایەن حیزبوڵڵاوە تەشەنەیسەند لە(١٦)ی شوباتی(١٩٩١) گۆڤاری بەرەودووهەزار(E Dogru–٢٠٠٠) راپۆرتێکی لەسەر فێرکاری ئەندامەکانی حیزبوڵڵا لە ناوەندی هێزە تایبەتەکان لە دیاربەکر بڵاوکردەوە بە پشتبەستن بە شاهید و هاسۆزانی حیزبوڵڵا، هەر دوو رۆژ دوای راپۆرتەکە، نووسەرەکەی کوژرا[3]. لە(١٩٩٢) گۆڤاری(اکتویل) وتارێکی بڵاوکردەوە، کە تیایدا ئەوەی ئاشکراکردبوو(محەمەد عەلی ئەڵتین داغ)، سەرچاوەی دارایی حیزبوڵڵایە و یەکێکە لە سەرکردەکانیان، پاشان دەرکەوت، کە ئەو محەمەدە خاوەنی رۆژنامەی(سوز)ە لە دیاربەکر و ناوی دیکەی هەیە بەناوی(محەمەد ئەمبیلی ئۆغلو) بەرێکخستن لەگەڵ پارێزگاری ناوچە کوردییەکان کاردەکات[4]، هەروەها حیزبوڵڵا قەشەی ئاشوورییەکان(لاهدۆ بارینج/ Lahdo Barinç)، و مێلکی تۆک( Melki Tokun)ی لە ئابی(١٩٩٤) رفاندن، مێلکی تۆک، خۆی رزگارکرد، بنەماڵەی لاهدۆ ناچار لەبەرامبەر ئازادکردنی کوڕەکەیان باجی بە حیزبوڵڵا داوە.

---

[1] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 179 ؛ TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.61.

[2] İsmet Siverkli: Önce Kikaynak, Sayfa 146.

[3] محمد نورالدین: حجاب وحراب، ص٢٥٢ ؛

Justus Leicht: Government crackdown against the Hezbollah in Turkey, 16 February 2000 : <<https://www.wsws.org/en/articles/2000/02/hezb-f16.html>> accessed in (19 March 2020).

[4] محمد نورالدین: حجاب وحراب، ص٢٥٢.

حیزبوڵلا وەرگرتنی ئەم باجەی بە فیدیە سەیردەکرد لەڕوانگەی ئایینییەوە لێکیدەدایەوە[1]. ئەمانە چەند نمونەیەکی کەم بوون لە کارە توندوتیژیەکانی حیزبوڵلا لەو قۆناغەدا.

لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، حیزبوڵلا هەوڵیدا ناوچەی ئۆپراسیۆنەکانی بۆ شارەکانی رۆژئاوای تورکیا، بە تایبەت ئەستەنبوڵ فراوان بکات. ململانێی حیزبوڵلا و پەکەکە لە باکووری کوردستان، هۆکاری سەرەکیی بوو بۆ ئەو گۆڕانکارییەی حیزبوڵلا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە نەسەلما، کە شارەکانی رۆژئاوا وەک ئەستەنبوڵ وەک شارەکانی باکووری کوردستان بە نمونە(دیاربکر، وان و ماردین) بۆ گەشەسەندنی حیزبوڵلا ژینگەیەکی گونجاوبن[2]، هەربۆیە کاتێک گروپی زانست هێرشی کردەسەر ماڵی گونگور، ناوبراو نێردراوی ناردەلای کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە رۆژئاوای تورکیا لەپێناو پشتیوانیکردنیدا، وەلی ئۆغلوی تۆمەتبار کردبوو بە هاریکاریی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و بەئامانجگرتنی برا موسڵمانەکانی لە جێگەی دوژمنانی ئیسلام. گونگور سەرەڕای شکستی هەوڵەکەی لەرێگرتن لە کوشتنی خۆی و شکستی گروپەکەی، بێگومان بووەهۆی گۆڕانی تێڕوانینی ئیسلامییەکان لە رۆژئاوای تورکیا بۆ گروپی زانست، پێشتر توندڕەوەکان لە دەرەوەی باکووری کوردستان بەسۆزەوە لە گروپی زانستیان دەڕوانی و ژمارەیەکیان داوای چوونەپاڵ گروپەکەیان دەکرد، بەڵام هەڵوێستەکان گۆڕان و داوای پێشکەشکراوی خۆبەخشەکان لە رۆژئاوای تورکیا بۆ چوونەپاڵ گروپی زانست وەستا، لەم قۆناغە بەدواوە لەبری هاوسۆزی پێشتریان، ئیدی بەترسەوە لە زانستیان دەڕوانی[3]، هەربۆیە ململانێی نێوان هەردوو گروپ کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی جەماوەری حیزبوڵلا هەبوو، بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە(١٩٩٩)دا حیزبوڵلا بە نزیکەیی(٢٥٠٠٠) شوێنکەوتەو، لەناویشیاندا(٤٠٠٠) چەکدار مەزندە دەکرا[4].

یەکێکی دیکە لە لێکەوتە خراپەکانی باڵی زانست بۆ سەر باڵی مەنزیل، خۆبەدەستەوەدانی ئەندامەکانی بوو، ئەوەتا لە ئازاری(١٩٩٩)خۆبەدەستەوەدانی عەبدولعەزیز تونج (AbdülazizTunç). بووە خاڵی گۆڕانکاریی. عەبدولعەزیز لە(١٩٨٠)دا پەیوەندی کردبوو بە گروپی(زانست)ەوەو پلەی بەرزبووەوە، بووە بە سەرۆکی ئەرشیفی ریکخراوەکە و یەکێک لە لێکۆڵەرە دیارەکان لەو رێکخراوەدا. دوای نزیکەی بیست ساڵ لە گروپی زانستدا، لەو هێرشانەی دەکرانە سەر گروپی مەنزیل بێ هیوابوو، لەگەڵ سروشتی هەڕەمەکی زۆرینەی کردەوە توندوتیژییەکان و خراپی گوزەرانی ئەندامانی ریزی خوارەوە لە باڵی سەربازیی گروپی زانست تێیدابوون. تونج لە(١٢)ی ئازاری(١٩٩٩) خۆی رادەستی پۆلیسی دیاربەکر کرد، لەسەر بنەمای ئەو زانیارانەی پێشکەشیکرد. لە(١٤)ی ئازاری (١٩٩٩)، پۆلیس هەڵمەتی بردەسەر کۆشکێکی سێ قاتی لە گەڕەکی تیکەر(Teker) لە ماردین. سەرەڕای چەک و بەڵگەنامە، پۆلیس شەش کۆمپیتەر و رێژەیەکی زۆر ئەرشیفی گروپی زانستی دەستی بەسەرداگرت، کە نزیکەی(٢٠,٠٠٠) فۆرمی ژیاننامەی تێدابوو، کە نزیکەی(٤٠٠٠) کەسی باڵی سەربازیی رێکخراوەکەی تێدابوو. پۆلیس لەبەر رۆشنایی ئەو رێوشوێنانە، توانی لە(١٩٩٩)دا زیاتر لە(١٥٠٠)چەکداری گومانلێکراو، کە(٤٠٠) کەسیان لە دیاربەکردا بوون،

---

[1] Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak, Sayfa 51.
[2] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit , P.81.
[3] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.192.
[4] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit ,P. 80 .

دەستگیربکات، دواجار وەلی ئۆغلۆ هەڵهات سەرەتا بۆ ئەدەنە دواتر بۆ قۆنیە لەناوەڕاستی ئەنادۆڵ[1].
لە ناوەڕاستی(١٩٩٩)کۆچکردنی ئەندامانی حیزبوڵڵا دەستپێکرد بۆ ئەستەنبوڵ و پارێزگاکانی دیکەی رۆژئاوای تورکیا، ئەستەنبوڵ وەک بنکە هەڵبژێراو پاشان کارکرا بۆ شارەکانی غازی عەنتابو مێرسنو بۆرسا و هەرێمی مەڕمەڕە. وەلی ئۆغلۆ و هەریەک لە جەمال توتار و ئەدیپ گوموش وەک پێشەنگ رۆشتن بۆ ئەنقەرە وەک ناوچەیەکی چالاکیی سەربازیی و داواکرا لە ئەندامەکانیان لە ئەستەنبوڵ، ئەزمیر و قۆنیا...هتد نیشتەجێبنو پرۆسەکەش بەپێی بنەمای نهێنی رێکخراو ئەنجامدرا. حیزبوڵڵا هەوڵیدا ئەوە بسەلمێنێت، کە چالاکییەکانی تەنیا لە باکووری کوردستان نییەو نایەوێت خۆی لەو ناوچانە سنووردار بکات، بەڵکو لەشارە گەورەکاندا دەرفەتی سەرچاوەی مرۆیی‌و دارایی زیاترە[2].

پاش زیادبوونی فشاری پۆلیس بۆسەر گروپی زانست لە حوزەیرانی (١٩٩٩)دا. وەلی ئۆغلۆ بنکەی رێکخراوی زانست و ئەرشیفی ناوەندیی گواستەوە بۆ ئەستەنبوڵ. لە تشرینی دووەمی (١٩٩٩)دا رۆیشتە کۆشکێکی سێ قاتی لە بیکۆز(Beykoz) لە کەنارە ئاسیاییەکەی ئەستەنبوڵ[3]. پاش نیوەڕۆی(١٧)ی کانونی دووەمی(٢٠٠٠)پۆلیس هەڵمەتی بردەسەر کۆشکی بیکۆز و لە ئۆپراسیۆنێکدا، کە راستەوخۆ لە تەلەڤزیۆنەوە پەخشکرا[4]، وەلی ئۆغلۆ کوژرا و دوو چەکداری دیکە لە ماڵەکە بە ناوی ئەدیپ گوموش و جەمال توتار، قۆڵبەسکران، لەو هەڵمەتەدا سەرەڕای هەوڵی چەکداران بۆ لەناوبردنی کاسێتەکان لە کۆمپیتەری کۆشکەکە، پۆلیس توانی دەستبگرێت بەسەر ئەو کاسێتانەو ژمارەیەک دیسکی یەدەک، هەروەها دەستگرتن بەسەر(٣٥٠) کاسێتی ڤیدیۆ و نزیکەی(٣٠٠٠) کاسێتی دەنگی لێپرسینەوەکانی گروپی زانست لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانڕفاندن، یان دەستگیردەکران، هەرلەچوارچێوەی هەڵمەتەکەدا (٣٥٦)ناسنامەو(١١٦)مۆڵەتی شۆفێری‌و(٣١)پاسپۆرت دۆزرانەوە، لەگەڵ لاشەی(٥٣) کەس ناسراونەتەوە، کە کوژراون هێزە ئەمنییەکان پێیانوابوو هەر(٥٣)کەسەکە سەربە حیزبوڵڵا بوون پێدەچێت لەلایەن حیزبوڵڵا خۆیانەوە کوژرابن. ئەم ئۆپراسیۆنە سەردەمێکی سەختودژواربوو بۆ حیزبوڵڵا لە ماوەی دوو هەفتەی دوای کوشتنی وەلی ئۆغلۆ، پۆلیس(٩٤٠) چەکداری گومانلێکراوی لە(٤٤) ناوچەی سەرانسەری تورکیا دەستگیرکرد[5]. هەرلەو ماوەیەدا بەهۆی دۆزینەوەی جەستەی شێواو ئەشکەنجەدراوی(٧٠) کەس لە شوێنی شاراوەی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا، بێزارییەکی فراوانی گشتگیری دژی ئەو گروپە لێکەوتەوە[6].

هەرچۆنێک بێت پاش ماوەیەکی کەم حیزبوڵڵا پاشەکشەی کرد. دوای پرۆسەی پۆلیسی تورکیا لە(٢٠٠٠)دا، کە سەدان لە ئەندامانی ئەو حیزبە قۆڵبەستکران[7]، هەتاوەکو کۆتایی(٢٠٠٠)،

---

 بۆ زانیاریی، زیاتر، بڕوانە:

[1] Gareth Jenkins: Op.Cit, P. 193-194.

[2] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 185-186.

[3] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.194.

[4] İsmet Siverkli: Önce Kikaynak, Sayfa146.

[5] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.194؛ Suleyman Ozeren&Cécile Van De Voorde: Op.Cit , P.81, Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit.
Hüseyin Gürtekin: önce kikaynak,Sayfa 58-59.

[6] Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit.

[7] Sibel Hurtas: Op.Cit.

نزیکەی(٤٠٠٠) ئەندامی ئەو پارتەی دەستگیرکران[١]، کە نزیکەی(٧٠) ئەندامی ئەنجومەنی باڵا(شورا) و ئەنجومەنی ئاستی خوارەوەی حیزبوڵڵای تێدابوو و دادگاییکران بە تاوانی کوشتنی(١٥٦)کەس و برییندارکردنی(٨٠)کەس، کە زۆربەیان فەرمانی لەسێدارادنیان بۆ دەرچوو[٢].

### -پەیوەندییەکانی حیزبوڵڵا و ئێران:

حیزبوڵڵا، هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بووە جێگەی مشتومڕی دەسەڵاتدارانی تورکیا و نووسەران و توێژەوان و ناوەندی دیکە لەوانە:

لەوانە هەواڵگری تورکیا حیزبوڵڵای بەستوەتەوە بە ئێران و بە دروستکراوی ئەو وڵاتەی داناوە، چونکە حیزبوڵڵا دەخوازێت سیستمی سیاسی هاوشێوەی ئێران لە تورکیا دابمەزرێنێت[٣]. کەنعان ئیڤرین، کە لەماوەی(١٩٨٣-١٩٨٩) سەرۆککۆمار بووە حیزبوڵڵا بە دەستکردی ئێران وەسف کردووە[٤]. سەبیڵ هێتس(Sibel Hurtas) پێوایە، حیزبوڵڵا یەکێکە لە ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان، ئیلهامی لە شۆڕشی ئێرانی(١٩٧٩)وە وەرگرتووە[٥].

لەڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی حیزبوڵڵا پارتێکی سوننی مەزهەب بوو، بەڵام بە شۆڕشی گەلانی ئێران و کۆمارە ئیسلامیەکەی کاریگەربووە[٦]. حیزبوڵڵا هەڵوێست و تێڕوانینو بیری خومەینی[٧]، کاریگەریی هەبووە لەسەریان و هەوڵیاندا ئەو بیروباوەڕە ئایینیە بهێنەناو تورکیاوە، چونکە پێیانوابوو بیروباوەڕی حیزبوڵڵا دەگونجێت لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، دەتوانن لەپاڵ ئەوەی بزووتنەوەیەکی کوردی ئیسلامیی بێت، هەروەها جیهادی بێت[٨]. شۆڕشی گەلانی ئێران لە(١٩٧٩)وە یەکەمین هەڕەشەی سەرەکی بوو لەسەر ئاسایشی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران لە سەدەی بیستەمدا، هەربۆیە دەوڵەتی تورکیا ئێرانی بە هاوکاریی ڕێکخراوە توندڕەوەکان بەتایبەتی حیزبوڵڵا تۆمەتبار کرد، ئەندامانی حیزبوڵڵاش لای خۆیانەوە بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە لە ئێران مەشق و ڕاهێنانیان کردووە، هەروەها ڕۆژنامەی جمهوریەتی ڕۆژانەی تورکیا لە نیسانی(١٩٩٨)دا ئەوەی ئاشکراکرد، کە بەڵگە لەسەر پەیوەندی نێوان ئێران و کۆمەڵە ئیسلامییە توندڕەوە جۆراوجۆرەکانی

---

[1] Walter J. Fend: Op.Cit, P .73.

[2] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit , P.87.

[3] Hüseyın Ali: Önce Kikaynak, Sayfa.31

[4] Robert Olson: Op.Cit, P. 882.

[5] Op.Cit.

[6] Walter J. Fend: ,Op.Cit ,P .72 ؛ ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit ,P. 554.

[٧] ئایەتوڵڵا خومەینی: ناوی ڕوحڵڵا سەید مستەفایە، بە(ئایەتوڵڵا خومەینی) ناسراوە، لە(٢٤)ئەیلولی(١٩٠٢) لە شارۆچکەی خومەینی، سەربە شاری قوم لەدایکبووە، سەرەتاکانی خوێندنی ئایینی لە حەوزەی(ئاراک)دا خوێندووە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ شاری قوم، دەرکەوتنی خومەینی، دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی(١٩٦٣) وەک کارەکتەرێکی سیاسی دەرکەوت، ناوبراو بۆ ماوەی(١٣)ساڵ لە نەجەف ماوەتەوە، پاشان بەهۆی ڕێکەوتننامەی جەزائیر(١٩٧٥) لەنێوان ئێرانو عێراق لەژێر فشاری ئێران خومەینی ناچار عێراقی بەجێهێشتو چووە فەرەنسا لەوێوەوە سەرکردایەتیی شۆڕشی(١٩٧٩) کرد، لە حوزەیرانی(١٩٨٩) کۆچی دوایی کرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: روبرت كارمن درايفوس: رهينة خميني مطابخ المخابرات الانطلو امريكية، ت.الدكتور علي شمس الدين ناصر، طبعت مطابع الفجر، ب م، ب س، ص ٧٣-٨٣).**

[٨] حسن أشرفي: حزب الله الكردى لمواجهة المد الوهابى شمالا http://www.aljaml.com ، وەرگیراوە لە: (٢)ی شوباتی (٢٠٢٠).

دەرەوەی یاسا لەناویشیاندا حیزبوڵڵا لە تورکیادا هەیە، لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی جمهوریەت ڕژێمی ئێرانی بە درکەپەتکی حیزبوڵڵا لەقەڵەمدا، بەڵام لای خۆیەوە باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەنقەرە، ڕەتیکردەوە وڵاتەکەی:"هیچ پەیوەندییەک بە حیزبوڵڵا و هەر گروپێکی دیکەی نایاساییەوە لە تورکیاوە هەبێت"[1]، وێڕای نکۆڵیکردنی ئێران لە هاوکاریکردنی حیزبوڵڵا، بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان باس لە هاوکاری ئێران بۆ بزووتنەوە توندڕەوەکان دەکەن، کە ئێران لەڕێگەی باڵیۆزخانە و قونسوڵی گشتییەوە پشتگیری گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی تورکیای کردووە وێڕای پێدانی پاسپۆرت پێیان وڵاتەکەی کردووەتە پەناگەیان، حیزبوڵڵا یەکێک لەو حیزبانە بووە، لە قۆناغی دامەزراندنیدا پشتگیری لە ئێرانەوە بەدەستگەیشتووە[2].

تورکیا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەکانی لەسەر هاوکاری گروپە توندڕەوەکانو بەتایبەت حیزبوڵڵا لەلایەن ئێرانەوە لە حوزەیرانی(٢٠٠٠)وە لەڕێگەی نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی مقاوەمەی ئێران(RONCRI)یەوە، دۆسییەکی تێروتەسەلی بۆ ئێران نارد، کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەربارەی حیزبوڵڵا ئامادەکرابوو. ڕاپۆرتەکە جەختیکردبووەوە لەسەر جێبەجێکردنی سەدان کاری غافڵکوژیی لەلایەن ئەو گروپەوە بە پشتیوانی ئێران. ڕاپۆرتەکە ئەوەی خستبووەڕوو، کە ئەندامانی حیزبوڵڵا چەک و پشتیوانی دارایی و مەشق و ڕاهێنانیان لەلایەن ئێرانەوە بۆ دابین کراوە، بەتایبەت لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئێرانەوە[3]، هەربۆیە پاش دەستگیرکردنی ئەندامانی حیزبوڵڵا لە کۆتایی(١٩٩٩)و سەرەتایی(٢٠٠٠)دا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە ڕاپۆرتێکدا ئەوەی خستبووەڕوو، کە ئەو ئەندامانەی حیزبوڵڵا لە کاتی لێپرسینەوەدا ڕایانگەیاندبوو، کە گەورە بەرپرسەکانیان ڕاهێنانی سیاسیی و سەربازیی لەلایەن سوپای پاسدارانەوە وەرگرتووە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەران یاوەری کراونو لە ڤێلای گرانبەهادا ماونەتەوە بە پاسپۆرت یان بەیاسای سنوربەزاند لەو شوێنەی کە ماونەتەوە نزیکەی مانگ و نیوێک مەشقی سەربازییان لە چیاکانی نزیک تاران پێکراوەو، پاشان گواستراونەتەوە بۆ شاری قوم لەوێ حیزبوڵڵا لەلایەن مەلا ئەنوەر(Melle Enver) سەرکردایەتی کراوە، کە کوردێکی خەڵکی سیلڤان(Silvan)بووە، کە شارۆچکەیەکە لە باکووری کوردستان[4]. جوخان ئایدینەر( Gokhan Aydiner)، کە حاکمی باڵای باکووری کوردستان بوو بەپێی حەکمی عورفی، حیزبوڵڵا تاوانبارکرد بەوەی، سەرەڕای ئەوەی شەڕو کوشتن ئەنجام دەدەن، هاوکات حیزبوڵڵا وەک سیخوڕ بۆ ئێران کاردەکەن، هەروەها ئایدینەر ئاماژەیدا بەوە چالاکییەکانی حیزبوڵڵا و تاکتیک و ئامرازەکانیان هاوشێوەی ئێرانە کە بەکاریدەهێنێت. هەروەک ئایدینەر، حیزبوڵڵا تاوانبارکرد بەوەی دەیەوێت ڕژێمێکی ئیسلامی دروستبکات لەسەر شێوەی ئێران لە تورکیادا. هەروەک کەمال ئەسکەندر (Kemal Iskender)،بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەنقەرە ئاماژەیپێداوە فەرماندەکانی حیزبوڵڵا و بەرپرسیارانی پرۆسەکانی ئەنقەرەو ئەنادۆڵی ناوخۆ(Inner Anatolia) و بەرپرسانی کڕینی چەک هەموویان لە ئێران ڕاهێنانیان پێکراوە و چوون بۆ ئێران بۆ ڕاهێنانی سەربازیی و تیۆری. کەمال

[1]Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit,p.85.
[2] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 201.
[3]Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : op.cit , p.86.
[4] Robert Olson: Op.Cit, P.882 ؛ Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 201.

ئەسکەندر وتی:" دەزگای هەواڵگری ئێران لە ناوەڕاستی ئەو کارەدابووە"[1]. بەتێڕوانین لەو بەڵگەو نووسینانە بۆماندەردەکەوێت، کە پەیوەندی بەهێز لەنێوان حیزبوڵڵا و ئێراندا هەبووە، هەرچەندە هەریەک لەو دوو لایەنە بەپێی بەرژەوەندییە سیاسیی و چەکدارییەکانیان لەلایەک ترس لە بەرامبەرو هەڵوێستی تورکیا لەلایەکی دیکەوە، نکۆلیان لە پەیوەندیەکانیان کردووەو هەوڵیانداوە ئەو پەیوەندییانە بەنهێنی بهێڵنەوە.

لە قۆناغی دووەمدا ململانێ ناوخۆییەکانی حیزبوڵڵا زیاتر قووڵبوویەوە، هەرچەندە حیزبوڵڵا لە سەرەتایی دامەزراندنییەوە، رووبەری کێشەی ناوخۆی بوویەوە بەجۆرێک گروپی زانست، کە لەلایەن وەلی ئۆغلۆ رێبەرایەتی دەکرا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، خەباتی چەکداریی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ئیسلامی پێویستە دەستپێبکات. فیدان گونگور، مەنسور گوزلسۆی دامەزرێنەرانی گروپی مەنزیل ئەوان دووربوون لە ئایدیای خەباتی چەکداریی و پێیانوابوو پرۆسەی بانگەواز و بانگهێشتکردن لەپێشە و کاتی چەک و توندوتیژی نییە[2]، دواجار جیاوازی بیروبۆچوونەکانی هەردوو گروپ بەرەو ئاڵۆزتر چوون، بەتایبەت کاتێک پەکەکە لە(١٩٨٤)وە خەباتی چەکداریی دەستپێکرد. پەکەکە ئەو رێکخراوانەی لە ناوچەکەدا بوون بەتایبەت ئەوانەی مەیلی ئیسلامییان هەبوو بەهەڕەشەی دەزانی بۆ سەرکردایەتیکردنی کوردانی باکووری کوردستان[3].

وەلی ئۆغلۆ جەختی لە خەباتی چەکداریی و توندوتیژی دەکردەوە، هەرلەسەرەتای(١٩٩١)وە گروپی زانست دەستی بە کاروچالاکیی توندوتیژی کرد[4]. وەلی ئۆغلۆ لە(١٩٩٢) بە کرداریی جەنگی راگەیاند کاتێک فەرمانی بە کوشتنی عوبەیدوڵڵا دالار( Ubeydullah Dalar) ئەندامی دیاری گروپی مەنزیل کرد. لە ماوەی کۆتایی(١٩٩٢ -١٩٩٣)، هێرشەکان بۆسەر مەنزیل توندبووەوە، لەسەرەتادا گونگور دوودڵ بوو لە تۆڵەکردنەوە، پێیوابوو پێویستە ئاڕاستەی توندوتیژی بە شێوەی جیهاد دژی دەوڵەتی تورکی بێت، نەک دژی موسڵمانانی دیکە. ئەمە زۆری نەخایاند لە نیوەی دووەمی(١٩٩٣)دا، لە کۆتاییدا گونگور فەرمانیکرد بە شوێنکەوتووانی بە دەستپێکردنی شەڕ و کردنە ئامانجی گروپی زانست[5]. بەدرێژای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، شەڕو ناکۆکی نێوان زانست و مەنزیل بەردەوامبوو، بەجۆرێک ئەندامانی گروپی مەنزیل و ئەو ئاییندارانەی دژی فکرەی زانست بوون، لەلایەن گروپەکەوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان دەبوونەوە، بەڵام ئەندامانی حیزبوڵڵا ئەمانە بە تۆمەت دەدەنەقەڵەم و بووە جێگەی بێزارییان[6]. لەمیانەی کێشە ناوخۆییەکانی حیزبوڵڵا، لە هاوینی(١٩٩٤)دا دوای ئەوەی گروپی زانست بەسەر ماڵی گونگوری سەرۆکی مەنزیل لە دیاربەکر داوەو، ناوبراو هەڵات بۆ ئەستەنبوڵ. درێژەی شەڕو ناکۆکییەکانی هەردوو گروپی زانستو مەنزیل کارەساتی باتمان روویداو ئیحسان یەشیلرمەک(Ihsan Yeşilirmak)کوژراو کۆنگور بەرەو ئەستەنبوڵ هەڵهات. گونگور لە(١١)ی ئەیلولی(١٩٩٤)لەگەڵ پاسەوانەکەی سەباحەتین تەلەهان(Sabahattın Talayhan) رفێندران، سەباحەتین تەرمەکەی بەهەڵواسراوی دۆزرایەوەو نێژرا، هەرچەندە زانرابوو گونگور

[1] Robert Olson: Op.Cit, P.882.
[2] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit, P.59-60.
[3] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.187.
[4] Ismet Siverkli: Önce Kikaynak, Sayfa 146.
[5] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.192.
[6] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit , P.85.

کوژراوە، بەڵام لەوکاتەدا تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، هەرچۆنێک بێت لەپاش کوژرانی گونگور گروپی مەنزیل لاوازبوونو ژمارەیان بە بەراورد بە زانست کەمبوونەوە، بەڵام ناکۆکیی هەردوولا بەردەوامبوو لە ئەنجامی شەڕوناکۆکییەکان نزیکەی(٢٠٠)کەس لە هەردوو گروپ کوژران پاش ئەوەی گوزلسۆی ڕێبەری گروپی مەنزیل لە(١٩٩٦) کۆچی دوایی کرد، ئیدی لەوکاتە بەدواوە هەندێک لە ئەندامانی گروپی مەنزیل هەوڵیاندا بچنەوە نێو گروپی زانست، هەندێکی دیکەش بەتەواوەتی وازیانهێناو لە حیزبوڵڵا دوورکەوتنەوە[1]. پاش مەنسور، زەکەریا ئای(Zekreiya Ay (١٩٥٤-٢٠٠))، کە یەکێک بوو لە شوێنکەوتوانی گونگور بووە سەرۆکی مەنزیل، بەڵام نەیتوانی ڕێگە لە کەوتنی خێرای گروپەکە بگرێتو لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بوونی نەما[2]، بەڵام پاش چەند ساڵێک لە قۆناغەکانی پاشتردا بە دانانی ویپ سایتی تایبەت بە خۆیان دەرکەوتنەوە[3].

ململانێ ناوخۆییەکانی حیزبوڵڵا کاریگەری نەرێنی کردەسەر ئیسلامی سیاسی لە باکووری کوردستان، بەجۆرێک سیاسەتی توندوتیژی و چەکداریی هەردوو گروپ بەرامبەر یەکتر بەتەواوی پێچەوانەی ئایینی ئیسلام بوو، هەربۆیە حیزبوڵڵا ڕووبەڕووی ڕەخنەی پارت و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکە بوویەوە، زۆرێک لە ئەندامانی حیزبوڵڵاش ئەوانەی میانڕەوبوون باوەڕیان بە بەکارهێنانی چەک دژ بە برا موسڵمانەکانیان لەناوخۆی حیزبەکەو پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەی دەرەوەی حیزبەکەیان نەبوو، دواجار لەم پارتە کشانەوە و بەتەواوتی لە حیزبوڵڵا دوورکەوتنەوە، بەمەش دەرفەتی زیاتر بۆ حکومەتی تورکیا ڕەخسا، کە لە قۆناغەکانی پاشتر بتوانێت لە چەند ئۆپەراسیۆنێکدا حیزبوڵڵا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی چ لە باکووری کوردستان یان تورکیا بێت لاواز بکات و نەیهێڵێت.

## - قۆناغی سێیەمی حیزبوڵڵا(٢٠٠٢-٢٠٠٧):

پاش ئۆپراسیۆنی بیکۆز و کوژرانی وەلی ئۆغلۆ، حیزبوڵڵا بۆ سەرلەنوێ خۆ ڕێکخستنەوە پێش هەموو شتێک بڕیاریدا تەواوی کاروچالاکییەکانی نهێنی بێت، بۆ ئەوەی حیزبەکە دووبارە تووشی تێکشکانو لەناوچوون نەبێتەوە. حیزبوڵڵا کەوتە ڕێکخستنەوەی خۆی بە بەرنامەیەکی گشتیو هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەندامەکانییان و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لەڕووداوی ئۆپراسیۆنی بیکۆزدا بەر ئەرشیفەکەیان کەوتووە. حیزبوڵڵا چالاکیی خۆی لە مزگەوتەکاندا ڕاگرتو زیاتر کاروچالاکیی لەناو ماڵی ئەندامەکانی ئەنجامدەداو بە وریاییەوە لە چالاکییەکانو شوێنە جیاوازەکاندا ناوی حیزبوڵڵا دەبرا[4]. پاش ئۆپراسیۆنی بیکۆز ژمارەیەک لە ئەندامانی باڵی سەربازیی و ئەندامە باڵاکانی حیزبوڵڵا، کە خۆیان لادا لە دەستگیرکردن و بۆ ئەورووپا هەڵاتن و بەشێکیان چوون بۆ سوریا، هەروەها هەندێکیان لە هەرێمی کوردستان پەیوەندیان کرد بە ڕێکخراوە ئیسلامییە

---

[1] Muhammed Suad Çelen: Önce Kikaynak, Sayfa11؛ Gareth Jenkins: Op.Cit, P.192

[2] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.192.

[3] Ali Murat İrat: Önce Kikaynak, Sayfa 111.

گروپی مەنزیل لە ڕێگەی هەردوو ویپ سایتی( www.ozedonus.com.tr، www.ufkumuz.com)دەستی بە چالاکیی کردو دەرکەوتەوە. (Ali Murat İrat: önce kikaynak, Sayfa 111.). (دوای هەولدانو گەڕان بەم ویپ سایتانە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی، زیاتر لەسەر کارو چالاکییەکانی مەنزیل، بەڵام زانیاریمان دەستنەکەوت پێدەچێت لە ئێستادا هەردوو ویپ سایتەکە داخرابن و کارا نەبن.(توێژەر)).

[4] Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak,Sayfa 64.

توندڕەوەکانەوە[1]، کە بەپێی سەرچاوە هەواڵییەکان نزیکەی(١٠٠) ئەندامی نارێکخراوی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە هەرێمی کوردستان بوون[2]. بەشێکی دیکەی ئەندامانی حیزبوڵڵا لەناوخۆدا کەوتنە رەخنەگرتن و هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدابوون چالاکیی چەکداریی راگرن و هەندێکی دیکەیان رەخنەیان لە شێوازی پاراستنی ئەرشیفەکەیان دەگرت، کە لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە بە ئاسانی توانرا دەستی بەسەردا بگیرێت، هەربۆیە ململانێ‌و ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکە سەریهەڵدا. هەریەک لە محەمەد بەشیر ڤارۆڵ(Mehamet Başeir Vorol)، ئەدیپ گوموش، کە لەهەمان زینداندا بوون ڤارۆڵ لەگەڵ ئەوەدابوو حیزبەکە بەیاسای بکرێت وازهێنان لەکاری چەکداریی، گوموش پێی باشبوو کاری چەکداریی بمێنێتەوە و بەپێویستی دەزانی[3].

دوای کوژرانی وەلی ئۆغلۆ، سەرۆکایەتی گروپی زانست گواسترایەوە بو عیسا ئاڵتسۆی لەدایکبوی(١٩٦١)، کە کوردێکی دانیشتوی ئەڵمانیا بوو، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی کتێب‌و گۆڤار دەداو کتێبخانەی تایبەتی خۆی لە دیاربەکر هەبوو. ئاڵتسۆی هەڵوێستی خۆی رابردوو سەبارەت بە پێکهاتەی حیزبەکەی، کە لەسەربنەمای مەرکەزیەت بوو دەگۆڕێت، وەک بەدیلێک بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دامەزراندنی فیدراسۆنی بچوکو رێکخراوی ناحوکمی دا، کە لەهەموو شوێنێک دەتوانێت بۆ کاری خێراو کاریگەر رێکبخرێت[4].

حیزبوڵڵا لە ئەوروپا دەستیدایە چاککردنی پەیوەندی لەگەڵ گروپە ئیسلامییە ناتوندوتیژەکان‌و دەیانخواست ئەو روانگەیە ساغبکەنەوە، کە ئەوان لەترسی ستەمی پۆلیسی وڵاتی خۆیان قوتاربوون، بەم کارەی حیزبوڵڵا گەڕایەوە بۆ هەنگاوی یەکەمی ستراتیژی گەشونماکردنی کاری رێکخراوەیی، کە بریتیبوو لە پەروەردەوبانگەواز، هەروەک توێژەرێک ستراتیژە نوێیەکە لە دوو لایەنەوە رووندەکاتەوە: یەکەمیان گەڕانەوە بوو بۆ هەنگاوی یەکەمی گەش‌ونماکردنی، کە بریتیبوو لە کاری یاسای، وەکو بڵاوکراوەو پەرتووک و ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان و دەرچواندنی گۆڤار. دووەم: بریتیبوو لە بەڕێوەبردنەوەی چالاکییە رێکخراوەییەکان و سوودوەرگرتن لەو ژینگە ئازادەی، کە لە ئەوروپادا تێکەوتبوون. بەم شێوازە حیزبەکە لە چالاکیی توندوتیژییەوە بوو بە رێکخراوێکی چالاکمەندی ئاشتییانە[5]. حیزبوڵڵا چالاکییەکانی لەناو کوردانی ئەوروپا زیاترکرد، بەتایبەت لە ئەڵمانیا، هۆڵەندا، سویسرا و نەمسا...هتد، بەجۆرێک مزگەوت، یانەی وەرزشی‌و کۆمپانیای بچوکی دروستکرد. وەک: مزگەوت لە کۆڵن(Cologne)هامبۆرگ(Hamburg). تۆڕی ئەوروپی رێکخراو...هتد. شایەنی باسە لەم قۆناغەدا بەشێکی داهاتی حیزبوڵڵا پێکهاتبوو لەو داهاتەی لەڕێگەی بەخشینی خێرخوازی ئیسلامیی وەک سەرفیترەو زەکات...هتد دەستیدەکەوت و پێیدەبەخشرا[6].

حکومەتی تورکیا لە دەستگیرکردنی ئەندامانی حیزبوڵڵا بەردەوامبوو، هەربۆیە پاش ئۆپراسیۆنی بیکۆز، پۆلیسی تورکیا زیاتر لە(٤٠٠٠) گومانلێکراوی لە چەکدارانی زانست دەستگیرکرد، بەڵام کرداریی‌و گونجاو نەبوو هەوڵی زیندانیکردنی زیاتر لە(٢٠) هەزار ناوی ئەرشیفی گروپی زانست

---

[1] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 188.
[2] Soner Cagaptay And Emrullah Uslu: Op.Cit.
[3] Hüseyin Gürtekin:Önce Kikaynak,Sayfa 65.
[4] بدون مؤلف: حزب الله التركي.
[5] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.73-74.
[6] Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit.

بدرێت، هەربۆیە هێزە ئەمنییەکان هەوڵیاندا سەرکردەکانی گروپی زانست دەستگیربکەن‌و مزگەوتەکان لە بانگخوازانی سەربە زانست پاکبکەنەوە و ئەندامانی حیزبەکە دوورخرانەوە لەدەزگا مەدەنییەکانی وەک قوتابخانەکان، لەناویاندا زیاتر لە(٧٠) مامۆستا دەرکران. هەرچەندە لەم قۆناغەدا حیزبوڵڵا لە کاری توندوتیژی دوورکەوتەوە، بەڵام لە(٢٤)ی کانونی دووەمی(٢٠٠١)، جەعفەر ئوکان(Gaffar Okan) فەرماندەی پۆلیس، کە هێزی سەرەکیی بوو لەپشت سەرکوتکردنی گروپی زانست لە باکووری کوردستان، لەگەڵ پێنج پاسەوانی تایبەتی لە بۆسەیەکدا لە دیاربەکر غافڵکوژکران. جگە لەمە گروپی زانست هیچ هێرشێکی دیکەی ئەنجام نەدا و جەختیکردەوە سەر پارێزگاریی لە تۆڕی لەکارخراوی گروپەکە و دووبارە پێکهێنانەوەی[١]، بەڵام حکومەتی تورکیا بەردەوامبوو لەسەرکوتکردن‌و دەستگیرکردنی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبوڵڵا، لە(٥)ی ئەیلولی(٢٠٠١)دا هێزەکانی ئاسایشی تورکیا توانیان جێگرەوەی وەلی ئۆغلۆ بەناوی سەلاحەدین ئوروک(Sulhattin Uruk) بکوژن و دواتریش جێگرەوەی ئوروک بەناوی محەمەد بەشیر ڤارۆڵ لە ئۆپراسیۆنێک سەرکەوتوودا لە(١٧)ی ئایاری(٢٠٠٣)دەستگیربکەن[٢].

دوای ئەزمونکردنی سەرکوتکاریی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر حیزبوڵڵا، کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە سەرەتایی دووهەزارەوە خۆیان لە توندوتیژیی لاداو چەکیان دانا. لەوکاتەوە، جەختیان لەسەر بەهێزکردنی بنکەی کۆمەڵایەتییان لەناو کورددا کردەوە[٣]، هەروەها حیزبوڵڵا چالاکییەکانی لەبواری میوزیکی-کوردی ئیسلامی دەستپێکرد و لە(٢٠٠٢)دا کۆمپانیای بەرهەمهێنانی میوزیکی هەبوو بەناوی ئاژانسی ئوزلم(Ozlem Ajasi)، کە هەموو ساڵێک ئەلبومێکی مۆسیقای بڵاودەکردەوە. محەمەد ئۆغوس یەکێک بوو لەکەسە دیارەکان، کە لەگەڵ ئاژانسی ئوزلم چالاکیی ئەنجامداوەو بە زمانی کوردی ئەلبومی ئیسلامی تۆمار کرد[٤].

لە تەمموزی(٢٠٠٣)دا زیاتر لە(٢٠٠٠) ئەندامی پلە نزمی زانست بە لێخۆشبوونێکی گشتی ئازادکران[٥]، لەگەڵ ئەوەشدا حیزبوڵڵا جارێکی دیکە خۆی رێکخستەوە لە تورکیا و ئەوروپا. بەپێی ئەو دۆسێ(فایل)یانەی ناو کۆمپیوتەرە دەستبەسەرداگیراوەکەی لای پۆلیس، ئەندامانی حیزبوڵڵا زیاتر لە(٢٠) هەزار کەس بوون و هێشتا چالاکبوون[٦].

سەرەڕای ئەوەی حیزبوڵڵا دەستبەرداری چالاکیی چەکداریی و سیاسی توندڕەوی بوو، بەڵام لە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەناوی راپۆرتی تیرۆریزمی جیهانی(٢٠٠٣)، ئەمریکا حیزبوڵڵای وەک رێکخراوێکی تیرۆرست داناوە، هەربۆیە لە راپۆرتی وەزارەتەکەدا هاتووە:"حکومەتی تورکیا بەهێزەو درێژە بە شەڕی دژەتیرۆر دەدات، حیزبوڵڵای تورکی لە(٢٠٠٣)هێرشێکی گەورەی نەکردووە، بەڵام رەنگە بۆ خۆرێکخستنەوە هەوڵدەدات"[٧]. پێدەچێت ئەم تێڕوانینەی ئەمەریکا لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت بەهۆی زیادبوونی چالاکیی گروپ‌و رێکخراوە ئیسلامییەکان لە رۆژهەڵاتی

---

[1] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.194-195.
[2] Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit.
[3] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit, P.554.
[٤] مصطفی گوربوز: تجدید حیات سپهر اسلامی وتقویت حزب الله در ترکیه، وەرگیراوە لە: فوزی بیلگین و علی ساریخان: شناخت مسئله کرد در ترکیه، ت. آزاد حاجی آقایی، نشر پانید،١٣٩٣، ص٣٣٤.
[5] Gareth Jenkins: Op.Cit, P. 195.
[6] Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit.
[7] Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak,Sayfa 62.

ناوەڕاست و ئێران‌و ئەفغانستان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ئەوەی حیزبوڵڵا، کە خاوەن باگراوندێکی ئیسلامی توندڕەو بووە بە مەترسی سەیربکرێت.

لە(٢٠٠٣)دا، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر یاساغکردنی حیزبوڵڵا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، ئەم پارتە ڕێکخراوەی هاریکاریی ستەملێکراوەکان( Mustazaf-Der/ Mustazaflar Dayanişma Dern)یان دامەزراند[١]، ناوەندی لە دیاربەکر، ئەستەنبوڵ، مێرسین، قۆنیا و ئەدەنە هەبوو. لەژێر سەرکردایەتی عیسا ئاڵتسۆی(Isa Altsoy) ئەم ڕێکخراوە لە تووندوتیژییەوە چوو بەرەوە بنیاتنانی پشتیوانی لەسەر ئاستی بنکەی جەماوەریی[٢]. نوری گیولەر(Nuri Guler)، کە سەرۆکی لقی دیاربەکری کۆمەڵەکە بوو، جەختیکردەوە لەوەی کۆمەڵەکە باس و لێکۆڵینەوە لە کێشەی کورد دەکات لە دیدگایەکی ئیسلامییەوە. ئەوەی شایانی تێبینییە، بە بڕوای گیولەر سەرچاوەی سەرەکی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بریتییە لە نکۆڵی دەوڵەت و سەرکوتکردنی کورد و مافەکانیان و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان. بەپێی گیولەر، دەوڵەتی تورکی هەوڵیداوە کورد لەڕێگەی قەدەغەکردنی زمان و شوناسی کوردییەوە پەلکێش بکات. وەک گیولەر دەڵێت:"وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامی، لەو بڕوایەداین هەموو میللەتێک یان ڕەگەزێک پێویستە بژی بە ئازادی لەڕووی کولتورو زمانیەوە. لەسەردەمی عوسمانییدا، ئەم ناوچە ناسرابوو بە کوردستان. سەرەڕای ئەوە، فێرکردنی کوردی پراکتیزەکردنی باوبوو لە مەدرەسە ئاینییەکاندا، هەروەک پێویستە لەسەرمان ئەمڕۆ دووبارە فێرکردنی کوردی لە کوردستاندا بچەسپێنین،...ئیسلام ڕێگە بەوە دەدات. سەرەڕای ئەوەی زمانی قورئان عەرەبییە، بەڵام ئیسلام لەراستیدا هیچ زمان و کولتورێک سەرکوت ناکات". حسین یەلماز( Huseyin Yilmaz)سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێکخراوەی هاریکاریی ستەملێکراوەکان، دیدی هاوشێوەی هەبوو، کە:" پێویستە کورد دانپێداناني فەرمی و پێگەیان بەدەستبهێنن. پێویستە لەسەر دەوڵەت سیاسەتێکی کرداریی ئەرێنی بەرامبەر بە کورد پەیڕەوی بکات، کە زیانمەند بوون لەلایەن دەوڵەتی تورکییەوە. پێویستە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا وەک خولێکی ئارەزومەندانە بخوێندرێت. دوای ئەوە، پێویستە دانبنێت پێیدا[زمانی کوردی] وەک زمانێکی فەرمی. پێویستە خزمەتگوزاریی گشتی فەراهەم بکرێت"[٣]، بۆ ناوچە کوردییەکان. حسین یەلماز، باس لەوەدەکات، کە ڕێکخراوەی هاریکاریی ستەملێکراوەکان، هاوسۆزە لەگەڵ بیری دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی ئیسلامیی و لایەنگری کورد بۆ ئاڵنگاری ئاکەپە فەرمانڕەواو کۆنەپارێز، هەروەها حیزبی ئاشتی ودیموکراتی (BarısveDemokrasi Partisi/BDP) سیکۆلاری نەتەوەیی لە باکووری کوردستان[٤].

ڕێکخراوەی هاریکاریی ستەملێکراوەکان، لەوەبەدواوە ئامرازی ڕاگەیاندنی بەکارهێنا بۆ پەیوەندی لەگەڵ جەماوەرەکەی. بۆ نمونە لە(٢٠٠٤)دا ڕێکخراوەکە هەستا بە چاپکردنی شەش کتێب(٨٠٠٠)کۆپی لە هەر یەکێکیان، کە یەکێک لە کتێبەکە شیکردنەوەی مێژووی ڕێکخراوەکە بوو. زیاترلەوە، سێ گۆڤاریان دەرکرد، یەکەم بەناوی گۆنولدەن گۆنڵەر دەملەلر( Gonulden Gonule Gonul

[١] ڕای جیاواز هەیە لەسەر ساڵی دامەزراندنی ڕێکخراوەی هاریکاریی ستەملێکراوەکان، لەوانە: لە(٢٠٠٤)دا هاوسۆزانی حیزبوڵڵا وەک کۆمەڵەیەکی خێرخوازی دایانمەزراندووە.( ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit, P.554).

[2] Walter J. Fend:Op.Cit, P. 73 ؛ TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.76.

[3] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit, P. 554-555.

[4] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit, , P.555.

Damlalar) و دووەم بەناوی ئینزار(Inzar ) کە لە فاتیح لە ئەستنبول بڵاوکرایەوەو بە تیراژی زیاتر لە(٧٠٠٠) کۆپی. سێیەم بە ناوی موژدە (Mujde) کە لە بازل لە سویسرا بڵاوکرایەوە[١].

نیسانی(٢٠٠٦)دا گروپی زانست هێزی خۆی پیشاندا کاتێک بەشداریکرد لە ڕێپێوانێک بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)، کە ڕێکخراوەی هاریکاریی ستەملێکراوەکان ڕێکیخستبوو. زیاتر لە (٨٠)هەزار کەس بەشداریانکرد لەو ڕێپێوانەدا، ئاماژەی دەرکەوتنی ئاڵنگاریەکی نوێ بوو نەک تەنیا بۆ جووڵانەوەی نەتەوەی کورد، بەڵکو بۆ تورکیاش[٢].

گەلێک هۆکاربوونەهۆی لاوازبوونو ودیارنەمانی حیزبوڵڵا لەوانە: کودەتای سپی(٢٨)ی شوباتی(١٩٩٧)، هەرلەسەرەتای(١٩٩٧)فەرماندەی هێزی دەریای تورکیا ئەدمیراڵ گوفن ئیرکا ڕایگەیاند:" بە ئیسلامیکردن گەورەترین هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەی تورکیا... لە پارتی کرێکارانی کوردستان مەترسیدارترە"[٣]. تورکیا ئۆپراسیۆنەکانی بۆسەر حیزبوڵڵا چڕکردەوە، هاوکات سەرۆکی پارتی ڕەفاه لەپێگەو پۆستە حوکمییو حیزبییەکە لێگەڕا، لە(١٣)ی شوباتی(١٩٩٩)دا عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەری پەکەکە لەمیانەی ئۆپراسیۆنێکدا لە کینیا دەستگیرکرا، هەروەها لە ئۆپراسیۆنی بیکۆزدا، وەلی ئۆغلۆ ڕێبەری هەرەباڵای حیزبوڵڵا کوژرا، هەریەک لە ئەدیپ گوموشو جەمال تۆتار ڕێبەرە دیارەکانی ناو حیزبەکە دەستگیرکران. وێڕای دەستگرتن بەسەر چەندین بەڵگەنامەو نووسراوی نهێنی و دۆزینەوەی جەستەی چەندین قوربانی حیزبوڵڵا لە ژێرزەمینی ماڵێکداو هەروها زیاتر لە(٦٠٠) هەزار پەڕەو دۆکیۆمێنت و نووسراو دۆزرانەوە، هەموو ئەوانە نێوەڕۆکی ئۆپراسیۆنەکانو وێنەو ڤیدۆی تۆمارکراو و ئەشکەنجەدانی کاتی لێپێچینەوە ئەندامەکانیانی لەخۆگرتبوو ئەوە تەنیا ئۆپراسیۆنێک بوو لەسەر ئاستێکی سنوردارو کەمدا، کە بووەهۆی دەستگیرکردنی(٦٠٠٠) ئەندامی هاوسۆزی حیزبوڵڵا، هەربۆیە حیزبوڵڵا لەم قۆناغە بەدواوە بەرەو خامۆشبوونو دیارنەمان ڕۆشتو تەواوی چالاکییەکانی بەنێوی خۆیەوە هەڵپەسارد. تەواوی یەکەو ئۆرگانەکانی پارتەکە، هەتاوەکو ئەندازەیەکی زۆر نەهێڵران[٤].

لەسەر ئاستی ناوخۆدا حیزبوڵڵا دوای ئەوەی ئاکەپە دەسەڵاتی گرتەدەست زۆربەی ئەندامانی

---

[1]Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit.

[2]Gareth Jenkins: Op.Cit, P.195 ؛

عقیل محفوض: ترکیا ولآکراد، کیف تتعامل ترکیا مع المسألة الکردیة؟ المرکز العربي للأبحاث ودراسة السیاسات، الدوحة ،٢٠١٢، ص٤٩-٥٠.( ڕێکخراوی هاریکاری ستەملێکراوان لە چالاکییەکانی بەردەوامبوو، هەتاوەکو بە بڕیاری دادگای باڵا لە(١١)ی ئایاری (٢٠١٢)دا یاساغکرا. لەڕاستیدا زۆرێک لە کەسایەتییە دیارەکانی نێو ڕێکخراوەکە لە ئەندامانی پێشووی حیزبوڵڵا بوون پاش یاساغکردنی ڕێکخراوی هاریکاری ستەملێکراوان، لە (١٧)ی کانونی یەکەمی( ٢٠١٢)، پارتێک لەسەرداروپەردوی حیزبوڵڵا و ڕێکخراوەی هاریکاری ستەملێکراوان بەناوی هوداپار( Partiya Doza Azad/HUDA PAR)، دامەزراو بارەگای سەرکردایەتی پارتەکە لە ئەنقەرەکرایەوە. هودا پار وەک دیوێکی ئەرێنی دەبینرا بۆ ئەوەی ڕەوگەیەکی دی لە چارەسەری دیموکراسیانەی پرسی کورد بێتە ئاراوە، لەهەمانکاتدا بەهۆی دۆسیەی پێشوی حیزبوڵڵا بەدەرنەبوو لە هەستیاریو و گومانی پەکەکە، کە بە بریکار و پرۆژەی ئاکەپەی ناساند لە ناوچە کوردییەکاندا ترسی ئەوەی هەبوو، کە ئیسلامگەرای کورد بە ڕاکێشانی لایەنگری و خەڵکی ناوچەکە ناسیۆنالیستە لائیکییەکان لاواز بکات لە ناوچەکەدا.( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: , Op.Cit: P .79-85 ؛TUĞBA YAŞAROĞLU İbrahim S. Işık: : Önce Kikaynak,Sayfa 218-219.).

[٣] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٩٣.

[4] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,P.73-74.

لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە بەخشران بەر لێبوردنی گشتی کەوتن، سەرلەنوێ‌و لەژێر ناوی دیکەو دوورلە سیاسەتی توندڕەوی و پەنابردنە بەرچەک درێژەیان بەخەباتدا[1].

حیزبوڵلا هەرلە دامەزراندنییەوە، هەتاوەکو پوکانەوەو دیارنەمانی بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕی، سەرتا وەک پارتێکی ئیسلامی میانڕەو بە قۆناغی بانگەواز دەستیپێکردو بەمە هەنگاوەشی توانی زۆرێک لەو کەسانەی خاوەن مەیلێکی ئیسلامیین بۆ لای خۆی راکێشیت، پاشان پەنابردنە بەر خەباتی چەکداریی و دژایەتیکردنی پەکەکە لە باکووری کوردستان. حیزبوڵلا بەم هەنگاوەی قۆناغێکی هەستیارو مەترسیداری ئەزموونکرد بەجۆرێک زیانێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ئیسلامی لە باکووری کوردستان داو لەلایەکی دیکەوە بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دەرفەتی زیاتری بە حکومەتی تورکیا دا، هەتاوەکو بەیەک ئاست رووبەڕووی سەرجەم هێزە چەپ و ئیسلامییەکان بێتەوەو سەرکوتیان بکات.

---

[1] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit, P.73-74.

# باسی دووەم

## تێڕوانینی ڕێبازە سۆفیگەری و ڕەوتە سەلەفییەکان بۆ ئیسلامی سیاسی و چالاکییان لە تورکیادا (١٩٨٣-٢٠٠٧)

بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان ڕێبازە سۆفییگەری و ڕەوتە سەلەفییەکان خاوەن دیدو تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان بوون سەبارەت بە ئسلام و چۆنیەتی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام، هەریەک لەو ڕێبازو ڕەوتانە کاریگەری ئایینی و کۆمەڵایەتییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی داناوەو لایەنگرو شوێنکەوتەیان لە باکووری کوردستان و تورکیادا هەبووە.

### تەوەری یەکەم: ڕێبازە سۆفیگەرییەکان:

سەرەتا ڕێبازەکانی سۆفیزم[١]، بەهەمانشێوەی زوهدو سۆفیزمی ئیسلامی تەنیا بەمانای هەنگاونان بەرەو جیهانێکی ڕۆحانی بووە، واتە دونیابینی[٢]. سۆفیزم یەکێک لە دیارترین هۆکارە بزوێنەرەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، کاریگەری قووڵ و فراوانی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵگە بەیەکەوە سروشتێکی سۆفیگەری تایبەتی بە ژیانی گشتی بەخشیبوو ئەمە لە ڕێوڕەسمو نەریتەکانیاندا بەروونی ڕەنگیداوەتەوە وەک هاتنەسەرتەختی فەرمانڕەوای سوڵتانو پێکهێنانی هێزی سەربازی عوسمانیی و ژیانی زانستی...هتد. ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی لەناوچەی ئەنادۆڵ بەدەرکەوتن، ژمارەیەک لەو ڕێبازانە ڕۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی سیاسییو کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەدا بینی، بەهۆی فراوانبوونی مەیدانو دەسەڵاتی سۆفیزم بەجۆرێک ژمارەیەکی گەورە لە زانایان تێکەڵ بە ڕێبازەکانی سۆفیزم بوونو بەشێکی گەورەی کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە پەیوەندیان پێوەکردن[٣].

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم شێخەکانی کوردستان تەنیا کەسانێک بوون، کە دوای ڕوخاندنی میراتییەکانی کورد و ئاڵۆزتربوونی دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان بتوانن خەڵکی لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو تەکیەو ناوەندەکانی ڕێبازەکەیان ناوەندێکی گرنگی گەورەکردنی هێزو هەژمونی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابووریی تێکەڵبوون بەو دەزگای سیاسییو

---

[١] سۆفیگەری (سۆفیزم): ڕای جیاواز هەیە لەسەر ناوی سۆفی وەک کەس و چ وەک ڕێباز لەوانە: ڕیشەی ناوی سۆفیگەری، کە لەبەرامبەردا بەزمانی عەرەبی (تیۆف)ە، ناوی سۆفی لە(صوف/ خوری) وەرگیراوە وشەی سۆفیزم (تصوف) بەمانای لەبەرکردنی جلوبەرگی خوری هاتووە، لەبەرئەوەی لەبەرکردنی جلوبەرگی خوری ڕەفتاری پێغەمبەران و دروشمو هێمای وەلیو پیاوچاکان بووە، هەندێکی دیکە پێیانوایە ناوی سۆفیگەری تەسەوف بەمانای(الصف)دێت مەبەست لێی ڕیزی یەکەمی نوێژ، چونکە زۆر پابەندن بەپەرستشو نوێژەوە. ڕایەکی دیکە پێیوایە، وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ هاوەڵانی(صفه)، کە لە مزگەوتی مەدینەدا بە پەرستشو زوهدەوە سەرقاڵبوون، بەڵام لەگەڵ ئەم جیاوازیانەدا ڕایەکی دیکە پێیوایە، کە ئەم دەستەواژانە نابنە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی مانای سەرەکی سۆفیگەری(تصوف)، سۆفیزم بریتییە لە فەلسەفەی ژیان، ڕێگەیەکە لە ڕەفتاری تاک بەرەو بەدیهێنانی نمونەیەکی بەرزی ئەخلاقی و بەختەوەری دەروونی. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا(١٨٨٠-١٩٢٥)، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٣، ل١٣-٢٣).**

[٢] مارتن فان برونەسن: س.پ، ل١١٩.

[٣] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: س.پ، ل٨٢-٨٧.

سەربازیی‌و کارگێڕییانەی عوسمانییی‌و بوون بە بەشێک لە هێزو سیستمی دەسەڵاتی سیاسی ئیمپراتۆریەتەکە[١]، هەربۆیە گۆڕەپانەکە لەژێر کۆنترۆڵی ڕێبازەکانی قادری و نەقشبەندیدا بوو، ئەو ڕێبازانە لە هەندێک کاتی تایبەتدا ڕۆڵی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی گرنگیان لە کوردستان گێڕاوە، چونکە نوێنەری نمونەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ لە عەشیرەتەکان، هەروەها حکومەت بوون[٢].

لەسەردەمی مستەفا کەمالدا، تەواوی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بە ڕەوتی چاکسازییەکانی کەمالیدا تێپەڕین. مامەڵەی چاکسازی کەمالی لەگەڵ ڕێبازە سۆفیگەرییەکاندا بەدوو قۆناغدا تێپەڕی: قۆناغی یەکەم: دەناسرایەوە بەوەی هەڵوێستی کەمالیەکان بەرامبەر گروپ‌و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان هاوئاهەنگ بوو، لەم قۆناغەدا کەمالییەکان بەشێوەیەکی تەواوەتی هاریکارییان لەگەڵ گروپە سۆفیگەرییەکان لەجەنگی سەربەخۆیدا کرد. قۆناغی دووەم: دانانی یاسای نوێ، کە بەوپێیەی گروپەکان هەڵدەوەشێنرێتەوە، پرۆسەیەکی دەستپێکرد بۆ قەدەغەپێکردنی ئەو ڕێبازانەو بنکەکانیان داخران[٣].

سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەرتەسکردنەوەو گەمارۆی سەر ئایین کەمترکرایەوە بەتایبەتی لەسەر پیاوانی سۆفیی‌و تاکەکانی دیکە، لەوماوەیەدا ژمارەیەک لەو ڕێبازە سۆفیگەرییانە لە چالاکیی نهێنییەوە دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی چالاکیی ئاشکرا بەشێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو ئەوەی یارمەتی ئەمەیدا رکەبەری سەرکردە سیاسییەکان بوو لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی ئەندامانی ئەم گروپە سۆفییانە لەکاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردندا[٤].

ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە تورکیادا ژمارەیان زۆرەو هەریەک لەو ڕێبازانەش شوێنکەوتەی خۆیان هەیە کە هەندێک لە ڕێبازە سۆفیگەرییەکانیش دابەشبوون و جیابوونەوە لەناویاندا سەریهەڵداوەو چەند گروپی دیکەیان لێپەیدا بووە، لێرەدا تەنها باس لەو ڕێبازو گروپە سۆفیگەرییانە دەکەین، کورد لە باکووری کووردستان یان لە تەواوی تورکیادا ڕۆڵیان لە دامەزراندن و پشتیوانیکردنیان بینیووە لەوانە:

## ١- ڕێبازی نەقشبەندی:

سەرتایی دەرکەوتنی ڕێبازی نەقشبەندی لە تورکیادا دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە موریدەکانی(عوبەیدوڵڵا ئەحرار) لە ئەستەنبوڵ، کە لە(١٤٠٩) دا تەکیەی دامەزراندووە ڕێبازەکە بەشێوەیەکی زۆرخێرا دەستی بە بڵاوکردنەوە کردو چەندین لقی لە شارەکانی رمیلیاو ئەنتالیادا لێبووەوە. بەدەرکەوتنی کەسایەتیەکی کاریزمای لەناو ڕێبازەکەدا بەناوی مەولانا خالیدی شارەزووری[٥]، بەهۆی توانای بەرزی لە ئایین‌و شارەزای لە شەریعەتدا توانی زۆرێک لە چینە

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: س.پ،ل٨٧-٩٣.

[٢] مارتن ڤان برۆنسێن: کوردەکان‌و ئیسلام، و.ژیلا خۆش بەیات، تیشک، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی سیاسییە، ژمارە ٥٤،ساڵی بیستویەکەم، زستان ٢٧١٩، ل٣٨٧.

[٣] د. ادریس بووانو: م.س.

[٤] م.ن.

[٥] مەولانا خالید: کوڕی ئەحمەدی کوڕی حسین، لە(١٧٧٩) لە قەرەداغ لە بنەماڵەیەکی سەربە خێزانی میکایەلی لەدایکبووە، لە منداڵییەوە لە لای باوکی خوێندویەتی پاشان وەک فەقێکانی دیکە کورد بە شوێن خوێندندا گەڕاوە و ڕویکردووەتە شارەزور و ناوچەکانی دیکە لای(مەلا عەبدولکەریمی بەرزنجی و مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی...هتد) خوێندویەتی، پاشان ڕۆیشتووە بۆ هیندستان، لەسەردەستی شاغوڵام عەلیدا پەیوەندی بە ڕێبازی نەقشبەندی کرد،

جیاوازەکانی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. مەولانا خالید لەگەڵ دەسەلاتداران خاوەنی جۆرێک لە مامەڵەی زیرەکانە بووە و توانیویەتی بەشێوەی دیاری گۆڕینەوەو بیرهێنانەوەی پیرۆزییەکانی ڕێباز خۆی لێیان نزیک بکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە مەولانا پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە کاریگەرەکان بەستووەو بەخەلیفەی خۆی هەڵیبژاردن هەوڵیداوە لەرێگایانەوە زۆرترین کاریگەری لەناو کۆمەڵگەو چینی سیاسییدا دروست بکات[1].

مەولاناخالید هەوڵیداوە ڕێبازەکەی لە ئەستەنبوڵ پەرەپێبدات، هەربۆیە لە (١٨١٩) ئەوکات ناوبراو لە سلێمانی بووە نوێنەر(پەیکێک)ی ناردووە بۆ ئەستەنبوڵ هەرچەندە پێشتر نەقشبەندی موجەدیدی چووەتەناو ئەستەنبوڵ، بەڵام هەوڵەکانی مەولاناخالید لەوانەی پێشخۆی جیاوازتربووە، لەنامەکانیدا، کە دەینارد بۆ ئەستەنبوڵ دەوڵەتی عوسمانی بەدوا قەڵای ئیسلام وەسفدەکرد و داوای لە شوێنکەوتوانی دەکرد، کە نزا بکەن خودا دەوڵەتی عوسمانی بپارێزێت، هەروەها نزا بۆ پشتگیری سوڵتان دەکرد وەک پارێزەری ئیسلام، هەربۆیە کارێکی گراننەبوو ڕێبازی نەقشبەندی- خالیدی کەوا کاربکاتە سەر چینە باڵادەستەکانی ئەستەنبوڵو مورید لەناو ریزی دەستەبژێری فەرمانڕەوادا پەیدا بکات[2].

لەسەرەتایی سەدەی بیستەمدا ڕێبازی نەقشبەندی-خالیدی لەگەڵ رژێمە نوێیە سیکۆلارەکەدا. تووشی ململانێی بەرنگاربوونەوەی دراماتیکی بووەوە پاش ئەوەی لە(١٩٢٥)وە هەموو ڕێبازە سۆفیگەرییەکان قەدەغەکران لەم قۆناغە بەدواوە ڕێبازی نەقشبەندی لە تورکیا فێری ئەوەبوو، کە بەنهێنی پارێزگاری لە نەریتو ڕێوڕەسمی خۆی بکات[3]. شێخانی ڕێبازی خالیدی –نەقشبەندی لە دوای بڕیاری داخستنی سەرجەم مەدرەسە ئاینیەکان لەسەرانسەری تورکیادا، لە مەدرەسە تایبەتەکانی خۆیان، کە پێی دەگوترا خانەقا وانەکانی تایبەت بە پەروەردەی ئایینیو ئیسلامییان بە قوتابییەکانیان لە باکووری کوردستان دەخوێندو ئەو قوتابیانەش لەم مەدرەسانەدا دەرسی ئایینیو شەریعەتیان خوێند پاشتر لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیادا وەک موفتی و وتاربێژو پێشنوێژی مزگەوتەکان کارو ئەرکییان ڕاپەڕاندو، هەروەها تایبەتمەندی دیکەی خانەقا ئەوەبوو، لێرەوە چەند گروپی دیکەی ڕێبازی نەقشبەندی دروستبوون، ڕێبازی خالیدی نەقشبەندی، لە ڕێگەی ئەم گروپانەوە زیاتر بڵاوبوویەوە[4].

---

لە(١٨١١)گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی هەوڵیداوە ئامۆژگاری خۆی بە شارەکەدا بڵاوبکاتەوە، بەڵام بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میرانی بابان و ڕێبازی قادری بە ڕێبەری(شێخ مارفی نودێ)، ناچار ڕوویکردوەتە بەغداد لەوێدا ماوەتەوە و ڕێبازەکەی و بیروباوەڕەکانی بڵاوکردوەتەوە پاشان لە(١٨٢٢) عێراق بەجێدەهێڵێت و رودەکاتە دیمەشق، (١٨٢٧) لە دیمەشق بە نەخۆشی کۆلێرا کۆچی دوایی کرد. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بوتروس ئەبو مەننە و تێری زارکۆن: دەرکەوتنی تەریقەتی خالیدی و بڵاوبوونەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا، وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر: ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی -خالیدی (مەولانا خالیدو تەریقەتی خالیدی) و.محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩، ل٨-١٥.**

[1] مارتن ڤان برۆنسێن: س.پ، ل٣٨٧.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بوتروس ئەبو مەننە و تێری زارکۆن: س.پ، ل١٢-١٥.

[3] ه.س، ل١٩-٢٠.

[4] Mehmet Çelik: Tasavvuf ve ilmi birleştiren bir kurum olarak medreseler (19. Ve 20. Yüzyıllarda norşin medresesi örneği), yüksek lisans tezi, Mardin artuklu üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, tarih ana bilim dalı, Mardin, 2017, sayfa 67.

لەناو ڕێبازی نەقشبەندیدا هەریەک لە گروپەکانی(هازنڤیلەر(خەزنەوییەکان)، مەنزیلی، سلێمان حیلمی توناهان، دەرگاهی نۆرشین، شێخ سەیدا ئەلجەزەری) لە باکووری کوردستان چالاکن‌و هەندێکیان هەرلەو ناوچەیە سەریانهەڵداوەو پاشان بە تەواوی تورکیادا بڵاوبوونەتەوەو شوێنکەوتی کوردیان هەیە[1]. هەریەک لەم گروپانە سەبارەت بە ئیسلام سیاسەت دیدو تێڕوانی تایبەت بە خۆیان هەیە لەوانە:

## -گروپی هازنەڤیلەر یان خەزنەوییەکان(Hazneviler Grubu):

ئەم گروپە وەک قوتابخانەیەکی تەسەوفی ڕێبازی نەقشبەندی دەناسرێت وشەی هازنڤی(خەزنەوی)نازناوی گروپێکی فراوان‌و خاوەن هەژمونی شێخایەتییە، ئەم گروپە وەک بەشێک لە ڕێبازی نەقشبەندی لەسەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن شێخ ئەحمەد خەزنەوی(١٨٨٦-١٩٥٠)، دامەزرێنراوە. لەدوای خۆی پشتاوپشت و لەڕێگەی نەوەکانییەوە بە وانەی زانستی و تەسەوفی بەردەوامی. لەپاش کۆچی دوای شێخ محەمەد لە(٢٠٠٦)دا، گروپی خەزنەوی لەلایەن شێخ محەمەد موتا(Şeyh Muhammed Muta)ی کوڕی بەڕێوەدەبرێت، لەهەمانکاتدا شێخ عیزەددین(Şeyh Izzeddin) وەکو یەکێک لە شێخە کاریگەرو چالاکەکانی ئەم گروپە ڕێچکەی تایبەت بەخۆی هەیە[2].

دیدوبۆچوونەکانی خەزنەوی، پەیوەستی بە ڕێبازی نەقشبەندییەوە بنەمای سەرەکییانە. سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕێبازو سروتەکانی گروپە جیاوازەکانی ڕێبازی نەقشبەندیدا هاتووە، بەڵام گروپی خەزنەوی لەسەر ئەو بنەماو سروتانە دەڕۆن، کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هیندستانەوە خۆی هێناویەتی و پارێزگارییان لێکردووە[3].

گروپی خەزنەوی، خۆی بەدوور دەگرێت لە پەیامی سیاسیی لەهەمانکاتدا هەوڵدەدەن بەوپەڕی توانایانەوە پەیوەست بە یاساو ڕێساو ڕێنماییەکانی دەوڵەتبن‌و پەیوەندییەکی باش‌و گونجاویان لەگەڵ بەرپرسانی شارەکان‌و دەوڵەتدا هەبێت[4]، هەروەها ئەم گروپە خۆی بەدووردەگرێت لە وتاری توندوتیژو لەهەمانکاتدا لەڕووی نەتەوەییەوە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ سیاسەتی پەکەکەدا نییە. ئەم گروپە لەژێر دروشمی"کۆنەکردنەوەی ماڵی دونیاو بەشدارینەکردن لە سیاسەتدا"، بەردەوامی بەکارو چالاکییەکانی دەدات[5].

گروپی خەزنەوی هەرچەندە لە باکووری کوردستان‌و تورکیا کاریان بە سیاسەتەوە نییە، بەڵام لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕەوشەکە بەجۆرێکی دیکەیە، لەوانە محەمەد موشتاق( Muhammed Muştak) وەک کەسێکی شاز بە وتارێکی سۆفیانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان و لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردا بەشداربووە، هەروەها کوڕەکەی بەناوی مورشید خەزنەوی، پەیوەندی لەگەڵ ڕێبازی خەزنەوی نییەو یاخود پەیوەندی لەگەڵیان لاوازە لەبەرامبەردا لەلایەن زۆرێک لە گروپە نەتەوایەتی یاخود نەتەوەپەرستە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕێزی زۆر شایستەی

---

[1] Büşra Ersanlı: önce kikaynak,Sayfa 149.
[2] Nürettin Aydın: Nakşibendiliğ'in Halidiyye Kolu Hazneviler Üzerine Sosyolojik Bir Araştırma, Mardin İli Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Süleyman Demirel Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Felsefe ve Din Bilimleri Bilim Dalı, Isparta, 2016,Sayfa 27.
[3] Aynikaynak ,Sayfa 32.
[4] Abdül Samet Çelikçi: Önce Kikaynak,Sayfa 46.
[5] Ahmet Yaşar Ocak: Önce Kikaynak,Sayfa 105.

لیدەگیرێت[١].

## - گرووپی مەنزیلی(Menzil Cemaati) (گرووپی سەمەرقەند/ Semark Cemaati):

مەنزیلی یەکێکە لە گرووپەکانی ڕێبازی نەقشبەندی، ئەم گرووپە لەپەنجاکانی سەدەی بیستەم لە لایەن عەبدولکەریم ئیرۆڵ(Abdülkerim Erol)[٢]دامەزراوە. دوای خۆی کوڕەکەی محەمەد ڕەشید ئیرۆڵ(١٩٢٠-١٩٩٣) جێگەی گرتەوە، لەپاش مردنی ناوبراو براکەی عەبدولباقی ئیرۆڵ بەردەوامی داوە بە گرووپەکە. مەنزیلی لە گوندی مەنزیلەوە وەک ناوەندی سەرەکیی گرووپەکە کاروچالاکییەکانی لە تەواوی تورکیا ڕێکدەخاتو درێژەی پێدەدات[٣].

دیدوبۆچوونەکانی گرووپی مەنزیل لەوانە: (خەلیفەت لەم ڕێبازەدا لە دوو ڕێگەوە دەبێت، یەکەمیان: لەڕێگەی هێماو ئاماژەو خەلیفەت دەدرێت، دووەمیان لەڕێگەی ناچاری و پێویستیەوە دەدرێت. ئەوکەسەی، کە ڕێبازی مەنزیل ڕەتدەکاتەوە یاخود بەشێک لە بۆچوونو سروتەکانی ڕەتبکاتەوە بە خراپەکار(مونکیر) لەقەڵەم دەدرێتو بە بڕوای ئەم ڕێبازە پێویستە مرۆڤ وەک چۆن لە مەترسیەکی گەورە رادەکات بەوجۆرە لەکەسێک رابکات ئەگەر برای خۆشی بێت، کە خراپەکاری ڕێبازەکە بێت. لەڕێگەی بەندایەتیو تەقواوە خۆشەویستیو پشتیوانی ئیمانێکی عاریف پارچەیەکە لە ئیمان. پێویستە مورید بزانێت و لەدڵیدا دڵنیای تەواوی بۆ دروستبێت، کە هەموو ئەو زانستەخواییانە خەیرو نورانەی، کە پێیگەیشتووە لەسایەی مورشیدەوە، ڕابەرەکەیەوە بەدەستیهێناوە، گرنگترین ڕەفتار بریتییە لە بوونی پەیوەندی(Rabita)، کە بریتییە لە خۆبەستنەوەی مورید لەڕێگەی دڵەوە بە یەقینی تەواو بە مورشیدێکەوە، کە گەیشتووە بە پلەی بینین، هەتاوەکو مورشیدەکەی ساغو تەندروست بێت مورید ناتوانێت پەیوەندی بە هیچ کەسێکی دیکەوە هەبێت[٤]، ڕابەری ڕێبازەکە لە پلەیەکی بەرزی نائاسایی تەنانەتە بە واتایەکی دیکە(نیوە خودایەکە) هەرکەسێکی باوەڕدار پێویستە مورشیدە کامڵەکەی، وەک ئەمانەتێکی خوداو پێغەمبەر(د.خ) ببینێت، دڵی مورشیدی کامڵ دەبێت بە ئاوێنەی تیشکدانەوەی خودا لەزەویدا، مورید پێویستە وتەنانەت ناچارە بەدوای مورشیدێکی کامڵدا بگەڕێتو پاش دۆزینەوەی لە

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Büşra Ersanlı: Önce Kikaynak,Sayfa,156-158.

[٢] عەبدولکەریم ئیرۆڵ (Abdülkerim Erol ): (١٩٠٢)لە قەزای بایکان(Baykan)ی سەربە پارێزگای سیرت( Sirt) لە باکووری کوردستان لەدایکبووە، ناوبراو لەو گوندە نەماوەتەوەو ڕوویکردووەتە گوندی مەنزیل، کە سەربە قەزای کاهتا(Kahta)ی سەربە پارێزگای ئادیامان(Adyaman)ە. ناوبراو لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەیدی و بە غەوسێ بیلفانیسی (Gavs Bilvanisi) ناسراوە لە هەمانکاتدا عەبدولکەریم ئیرۆڵ بە غەوسی ئەعزەم و عەبدولکەریم حوسین ناودەبرێت. لە(١٩٧٢) لە گوندی مەنزیل کۆچی دوایی کردووە. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Adem Karataş: Türkiye'de bir nakşibendi grubunun dönüşümü: Menzil grubu örneği, yüksek lisans tezi, (Sakarya üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, sakaray, 2019,sayfa 20-21.**

[3] Aynikaynak, Sayfa 20-21.

[٤] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: Nihan Karali: Türkiye'de Modern Tasavvuf Kaynaklarında Kullanılan Ayetler Bunların Değerlendirilmesi: Menzil Cemaati Semerkand Dergisi Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Kırklareli Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Temel İslam Bilimleri Bilim Dalı, Kırklareli, 2020,Sayfa 47-50.

دەرگانەی مورشیدەکەیدا خزمەت بکات تەنانەت ناچارە ئەو کارە بکات...هتد)[1]. لەم گروپەدا شێخ هۆکاری گرنگە لەنێوان موریدو خودا بەو واتایە کاتێک فەرمانێک دەدرێت بەسەر موریدێکدا ئەوە بەهۆی هۆکاری شێخەوە ئەو فەرمانەی بەسەریدا دراوە هەرلەڕێگەی شێخەوە پێداویستیەکانی ئەو موریدە جێبەجێ دەکرێت و کێشەکانی چارەسەر دەکرێت داوەکارییەکانی مورید لەلایەن شێخەکەوە پێشکەشی خودا دەکرێتو خودای مەزنیش نزاو پاڕانەوەکانی دۆستەکانی پەسەند دەکات وەریدەگرێت ئەوان داوای چی بکەن پێیان دەبەخشێت...هتد)[2].

بە تێڕوانین لەدیدوبۆچوونی گروپی مەنزیل دەردەکەوێت، کە مورشید یاخود رابەری رێبازەکە بەجۆرێک پیرۆزکراوە، کە مورید بەتەواوی وابەستەکراوە بە مورشیدەوە هەرلادان لە فەرمانێکی مورشید بە مانای دەرچوون لە ئایین و رێبازەکەیەو ئەم جۆرە گەورەکردنەی مورشید جۆرێکە لە تاکڕەوی‌و زیادەڕەویکردن، کە مورید ناچاربە ملکەچی و لانەدان لە فەرمایشتەکانی شێخەکەی و مورشیدەکەی دەکات.

چالاکییەکانی گروپی مەنزیل لە چەند بوارێکدایە لەوانە: لەڕێگەی گروپی چاپو بڵاوکردنەوەی سەمەرقەند لەچوارچێوەی ئەم گروپە میدیایەدا هەریەک لە دەزگاکانی تەلەڤزیۆنی سەمەرقەند(Semer kand TV) و رادیۆی١٥( Radyo15)، دەزگای چاپوبڵاوکردنەوەی هاجەگان، گۆڤاری سەمەرقەند(Semerkand Dergisi)، گۆڤاری سەمەرقەندی منداڵان، گۆڤاری سەمەرقەندی خێزانی، گۆڤاری گەنجی خوێنەر کارو چالاکیی رۆشنبیری و میدیای ئەنجام دەدەن، هەروەها لەڕێگەی دەزگاکانی چاپوبڵاوکردنەوەی خۆیانەوە ژمارەیەکی زۆر کتێبیان چاپو بڵاوکردووەتەوە، کە ناوەڕۆکی هەموو کتێبەکان باسی تەسەوف دەکات. جگەلەوانە ئەم گروپە دوو کۆمپانیای گەشتیاری تایبەت بە حەج‌وعەمرەی بەناوەکانی سەمەر شای گەشتیاری(Semerşah Turizm)و ئەرشاهی گەشتیاری(Erşah Turizm) هەیە لەماوەی کاروچالاکیی و فراوانبونی ئەم گروپەدا ئەندام و لایەنگرانی و ئەوانەی، کە تازە دێنەناو گروپەکەوە بەمەبەستی تەوبەکردنو پەشیمانیو لێخۆشبوونی خودا، سەردانی گوندی مەنزیل دەکەن، سەرەڕای ئەمانە لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا شوێنی تایبەتییان کردۆتەوە ناویان لێناوە تەکییەو زیکروبەندایەتی و چالاکیی خۆیان تێدا ئەنجامدەدەن[3].

گروپی مەنزیل وەک یەکێک لە رەوتەکانی رێبازی نەقشبەندی، یەکێکە لەو گروپانەی، کە زۆرترین شوێنکەوتەی لە باکووری کوردستان هەیە، دامەزرێنەری گروپەکە خەڵکی شاری(سیرت)ی باکووری کوردستانە ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەهێزی گروپەکە لەناوچەکەدا. مەنزیل گروپێکی تەسەوفییە لەم گروپەدا لەخزمەتی شێخدا(تەوبە، زیکر، ویرد، خەتمە، رابتاو پەیوەندی، وەسیلەو شەفاعەت...هتد) دەکرێت[4].

---

1 Ahmet Aktaş: tarikatların toplumsal işlevi: Diyarbakır Kdiri tarikatı örneği, yüksek lisans tezi, Necmettin Erbakan üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, din sosyolojisi bilim dalı, konya, 2014,Sayfa32-33

2 بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Nihan Karali: Önce Kikaynak,Sayfa42-43.

3 Ahmet Yaşar Ocak: Önce Kikaynak,Sayfa130-131.

4 Adem Karataş: Önce Kikaynak,Sayfa69-70.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکدا گروپی مەنزیل هەوڵیدەدا، لەناو رای گشتی بەتایبەتی چینی بیرۆکراسیدا بەهێز بکرێت، ئەگەر بەم شێوەیە گەشەکردنی گروپی مەنزیل بەردەوام بێت ئەوا دەکرێت پەلبهاوێت بۆ بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگەو دەستبخاتە کاروباری سیاسەت و ئیدارەو دادگاو سوپای ئەو وڵاتەوە. ئەم ترسو ئەگەرە لای پارتی دەسەڵاتداری تورکیا و تەنانەت دەزگای ئەمنیو سیخورییەکانی تورکیا گەڵاڵەبوو، هەربۆیە بە وردی چاودێری جموجوڵو چالاکییەکان ئەم گروپە دەکرێت[1].

**-گروپی نۆرشین (Norşin Grubu)( دەرگاهی نۆرشین (Norşin Dergahi):**

گروپی نۆرشین، یەکێکە لە گروپە بەهێزو کاریگەرەکانی رێبازی نەقشبەندی. بنەڕەتی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عەبدولڕەحمان تاگی(Şeyh Abdulrahman Tagi)(١٨٣١-١٨٨٦)، کە لە(١٨٧٠) گروپەکەی لە نۆرشین دامەزراندووە. ئەم گروپە لە باکووری کوردستانو تەواوی تورکیادا بەیەکێک لە گروپە بەهێزەکانی رێبازی نەقشبەندی دادەنرێت. نۆرشین، کە گوندێکە سەربە پارێزگای بەتلیس لە باکووری کوردستان، شێخی نۆرشین لەم گوندەوە بناغەی رێبازەکەی داناوە پاشان بەهەموو باکووری کوردستانو تورکیادا بڵاوبووەتەوە. زنجیرەی رێبازەکە بریتییە لە سیبخەتوڵڵا ئارڤاسی(Sibgatulah Arvasi)، کە لەڕێگەی سەید تەهاوە(Seyyid Taha)، دەگاتەوە بە دامەزرێنەری رێبازی نەقشبەندی. شێخ عەبدولڕەحمان، کە نازناوی سەیدا(Seyda)ی هەیە، لەڕێگەی پێگەیاندنی قوتابیان و مۆڵەتپێدان بە نۆزدە خەلیفەو بوونی هەزاران موریدییەوە لە باکووری کوردستان، یەکێکە لە گروپە سۆفییە خاوەن کاریگەرەکانی سەربە رێبازی نەقشبەندی[2].

گروپی نۆرشین لەڕوانگەی مێژووییەوە گرنگترین ناوەندو گروپی رێبازی نەقشبەندییە. لەهەمانکاتدا خاوەنی مەدرەسەی تایبەتی نۆرشینە ئەو مەدرەسەیە، کە شێخ عەبدولڕەحمان تاگی لەو ناوچەیەدا دایمەزراند، کاریگەریی ئەرێنیو زۆرباشی لەڕوانگەی کۆمەڵایەتیو ئایینیەوە بۆسەر خەڵکی تورکیاو بەتایبەت باکووری کوردستان هەبووە، هەروەها خانەقای نۆرشین لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەناو سوپای عوسمانی دژی روسیا شەڕیان کردووە، بەڵام لە سەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، لە(١٩٢٥)، گروپی نۆرشین لە گوندێکی نزیک شاری بەتلیس کۆبوونەوەو بەکۆی دەنگ بڕیاریاندا بەشداریی لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا نەکەن، تەنیا شێخ محەمەد بارتۆ(Şeyh Muhmmed Bartole) بەشداریی لە شۆڕشەکەدا کرد[3].

سەبارەت بە چالاکیەکانی گروپی نۆرشین، رێبەری ئەم گروپە شێخ عەبدولڕەحمان تاگی، هیچ کتێبێکی نوسراوی نەبووە تەنیا دانراوێکی بەناوی نامەکان(مەکتوبات/ Mektubat) هەبووە وەرگێڕاوەتەسەر زمانی تورکی، پێکهاتووە لە(١٠٠)نامەی شێخ عەبدولڕەحمان، لەم نامانەدا بابەتەکانی تەسەوف، رێبازی نەقشبەندی ئادابەکانی، بابەتە فیقهییەکانو بابەتە ئەخلاقییەکان باسکراوە، کە ئەم نامانە بۆ خەلیفەکانی شێخ عەبدولڕحمان خۆیو خەلیفەکانی باپیریو زانایانی

---

[1]Adem Karataş: Önce Kikaynak ,Sayfa69-70.

[2]Metin Ermiş: Halidi Medrese Geleneği ve Norşin Medresesi, Yüksek Lisans Tezi, Van Yüzüncü Yıl Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Din Eğitimi Bilim Dalı, Van, 2019,Sayfa 32.

[3] Büşra Ersanlı: Önce Kikaynak,Sayfa142- 143.

دیکەی ناوچەکەو دەوروبەری بە زمانی عەرەبی نێدراون. ئەم گروپە بەراورد بە رابردوویان رۆژبەرۆژ روویان لە کەمی کردووەو چالاکیی ئەوتۆیان نییە[1].

### -گروپی شێخ سەیدا ئەلجەزەری (Şeyh Seda El-cezeri)[2]:

ئەم گروپە وەک گروپی شێخ سەیدا ئەلجەزەری دەناسرێت، بەر لە شێخ سەیدا برا گەورەکەی لە کۆتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گروپەکەی بەڕێوەبردووە، بەڵام پاش مردنی لە(١٩٢٠)وە سەیدا ئەلجەزەری گروپەکەی بەڕێوەبردووە بە ئامانجی ئەلقەو مەیدانو چوارچێوەی کاروچالاکییەکانی ڕێبازەکەی فراوانکردووە جگە لە کوڕەکانی خۆی، مۆڵەتی خەلیفایەتی بەسی ودوو کەسی دیکە بەخشیوە. پاش کۆچی شێخ سەیدا، کوڕەکەی بەناوی محەمەد نورڵلا شێخ سەیدا سەرپەرشتی خانەقاو ڕێبازو مەدرەسەی شێخ سەیدای کردووە. محەمەد نورڵلا بەهۆی زانستو ئەدەبو تەسەوفەکەیەوە بە پلەکانی تەسەوف و ڕێبازەکەدا سەرکەوتووەو بەرزبووەتەوە. ناوبراو سیانزدە دانراوی لەژێر ناونیشانی نامەکان یاخود پەیامەکان(Risaleler) نووسیوە. محەمەد نورڵلا لە(١٩٨٥)لە تەمەنی سی‌وحەوت ساڵیدا بە رووداوی هاتوچۆ کۆچی دوای دەکاتو پاشان گروپەکە لەلایەن شێخ عومەر فاروقەوە بەڕێوەدەبرێت[3].

گروپی سەیدا ئەلجەزەری لە ڕێبازدا شوێنکەوتەی ڕێبازی نەقشبەندییەو لە مەزهەبدا پەیڕەوی لە مەزهەبی شافیعی دەکات. ئەم گروپە هەوڵدەدات لەسەر ڕەوتی ڕێبازی سۆفیو مەدرەسەکانی بەردەوام بێت پارێزگاری لەو کولتورە ئیسلامییە بەشێوازی سۆفیگەری ڕێبازی نەقشبەندی و مەدرەسە بکاتو بەردەوامی پێبدات[4]. گروپی شێخ سەیدا وەک ناوبانگی و ڕێبازو سۆفیگەرییو مەدرەسە شەرعییەکانی، هەروەها بەهۆی خزمەتە بەردەوامەکانییەوە لە جەزیرەو ناوچەکەدا بەیەکێک لە گروپە دیارەکانی ڕێبازی نەقشبەندی دادەنرێت. بەهۆی ئەو قوتابییانەی، کە پەروەردەی کردوون و ئەو خەلیفانەی مۆڵەتیپێداون و بۆ خزمەتو بەردەوامیدان بە ڕێبازو وانەکان ئەرکی پێسپاردون، بووەتەهۆی ئەوەی لە ناوچەکانی دەوروبەری جەزیرە خاوەن ئەندامو لایەنگری و پشتیوانییەکی زۆربێت جگە لەمانە رۆڵو کاریگەریی شێخ سەیدا لە هیدایەتدانی گروپە مەسیحییەکانی

---

[1] Izzettin Ürek: Günümüz Bitliz Medreselerinde Mantık Eğitimi (Norşin Medreseleri Örneği), Yüksek Lisans Tezi, Dicle Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Mantık Bilim Dalı, Diyarbakır, 2020,Sayfa67-68.

[2] شێخ سەیدا ئەلجەزەری(Şey Seda El-cezeri): رابەرو دامەزرێنەری گروپەکەیە، لە شاری جەزیرە( Cizre) لەدایکبووە و هەرلەوێ گەورەبووەو دەستی بە چالاکیی کرد، لە(١٩٢٠) پاش ئەوەی کۆچی دوای برا گەورەکەی بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی مەدرەسەکەیان گرتووەتە ئەستۆ، یەکەم مۆڵەتی مەلایەتی بە مەلا ناودارەکانی وەک سولەیمان هۆسەری(Molla Süleyman Hoseri )و مەلا رەمەزان(Ramazan Molla)، کە باوکی زانای ناوداری رۆژئاوای کوردستان سەعید رەمەزان بوتی( Said Ramazan Elbuti)بووە بەخشیووە و لە(١٩٢٥) پاش رووداوەکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانو داخستنی خانەقاو تەکیەو مەدرەسەکان لە تورکیادا، شێخ سەیدا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی هەندێک لە قوتابییەکانی ناچاربوون لە شوێنی خۆیان دوورکەونەوە لەسەرەتادا کۆچی کردووە لە گوندێکی نزیک جەزیرە نیشتەجێ بووە پاشان چووە بۆ موسڵ لەوێ نیشتەجێ بووە، دواتر چووە بۆ شام، هەتاوەکو (١٩٢٨ )گەڕاوەتەوە بۆ جەزیرەو لە (١٩٦٨) کۆچی دوایکردووە.( **بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Hilal Bartu: Kayseride Tarikatlar Ve Tekkeler, Yüksek Lisans Tezi, Erciyes Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Tasavvuf Tarihi Bilim Dalı, Kayseri, 2017 ,Sayfa29-31)**.

[3] Ahmet Aktaş: Önce Kikaynak,Sayfa 65.

[4] Nürettin Aydın: Önce Kikaynak, Sayfa 61.

ناوچەکەو لەهەمانکاتدا ڕێگری لەو هێرش‌و پەلاماردانەی کراونەتەسەر ئەو گروپانە جێگەی ڕێزو سوپاس بووە لەلایەن ئەو گروپە مەسیحی‌و کۆمەڵگەوە. ئەو بیروبۆچوونانەی کە گروپەکە هەیبووە، هەتاوەکو ئەمڕۆ بە جێگیری ماوەتەوە لە ڕوانگەی سیاسییەوە، هەرلەسەرەتاوە پشتیوانی ئەو پارتانە بوون، کە خاوەن سیاسەتێکی پارێزگارو ئیسلامی بوون. شێخ عومەر فاروق سەرکردەی گروپەکە لە ئەستەنبوڵ‌و بورسەو جەزیرە بەردەوامە لە کاری ئیرشادی‌و لەگەڵ ئەوەدا ئەوانەی، کە لە بنەماڵەو خێزانی شێخ سەیدا لە جەزیرە ماونەتەوە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی‌و عەشایەرییەوە بەردەوامن لە میوانداری‌و خزمەتی خەڵکی، هەروەها ئەم گروپە لە گەڵ کاری ئیرشادی لەڕێگەی مەدرەسەکانییەوە لە کاری زانستی‌و وانەی ئایینی بەردەوامە[1].

گروپی سەیدا ئەلجەزەری، چەندین چالاکیی جیاواز ئەنجامداوە لەوانە: (لە هەریەک لە شارەکانی ئەستەنبوڵ، باڵک ئیسیر، بۆلۆ، ئەنتالیاو غازی عەنتاب...هتد خانوویان بۆ خوێندکارانی بەشی شەریعە لە زانکۆ و قوتابخانە ئایینیەکان گرتووە، ئەو خانوانە وەک بەشەناوخۆییەکی بچووک وایە لەو خانوانەدا بۆ پشتگیری و بەهێزکردنی قوتابی، وانەکانی زانکۆ یاخود قوتابخانەیان پێدەڵێنەوە و بۆیان دووبارە دەکەنەوە. لەڕێگەی خەلیفەکان(وەکیلەکان) و نوێنەرەکانەوە چالاکیی و مەدرەسەو دەرسەکانیان لە شارەکانی وەک: بورسا، ئادیامان، دیاربەکر، ماردین‌و ئورفا بەردەوامی پێدەدرێت، هەندێک لە کتێبەکانی محەمەد نورڵلا سەیدا، چاپ‌وبڵاودەکەنەوە، هەرلەڕێگەی شوێنکەوتوانی ئەم گروپەوە هەوڵدەدرێت لەمەیدانی ئەکادیمی بەشێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوەی لەسەربکرێت، هەروەها دیدوبۆچوون‌و ئامۆژگارییەکانی ڕابەری گروپەکە شێخ عومەر فاروق، زیاتر لەڕێگەی دەرسەکانەوە سوهبەت(Sohbet)بڵاودەکرێتەوە بەشێکی وتارەکانی ناوبراو لە ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە)[2]. لەڕێگەی وتارو سوهبەتەوە موریدانی ڕێبازەکە کۆدەکرێتەوە پەیوەندی نێوانیان بەم هۆیەوە نوێ‌و بەهێز دەبێتەوە، هەروەها پەروەردەی تەسەوفی بەردەوامی پێدەدەن، هەربۆیە سوهبەت بە یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی کاروچالاکیی ئەم گروپە دادەنرێت[3].

### - گروپی سلێمان حیلمی توناهان(Süleman Hilmi Tünahan):

گروپی سولەیمانییە، یەکێکە لە گروپەکانی ڕێبازی نەقشبەندی بەناوی دامەزرێنەرەکەی سولەیمان حیلمی توناهان[4] ناوبراوە، کە بە شێخێکی تازەکەرەوەی ڕێبازی نەقشبەندی ناسراوە. توناهان پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە تەفسیردا لە(١٩٢٢)دا گروپی سولەیمانییەی دامەزراندووە[5].

---

[1]Nihan Karali: Önce Kikaynak,Sayfa 70-71.

[2] Abdül Samet Çelikçi: Önce Kikaynak,Sayfa 107-109. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

[3] Ahmet Aktaş: Önce Kikaynak,Sayfa 123.

[4] سلێمان حیلمی توناهان(Süleman Hilmi Tünahan): کە هەندێکجار بە سلێمان عەلی ڕەسول ناسراوە لە(١٨٨٨) لە گوندی ڤاراتلاری سەربە شاری سیلسترا لە بولگاریا لەدایکبووە. بنەماڵەی توناهان سەربە ڕێبازی نەقشبەندییەو توناهان لەسەر دەستی باوکی فێری ئایین‌و زانستە شەرعییەکان بووە، ناوبراو لە (١٩٠٨)وە ڕوودەکاتە شاری ئەستەنبوڵ بۆ مەبەستی خوێندن لە مەدرەسە ئایینیەکاندا لە (١٩١٣) بڕوانامەی لە مەدرەسەی فاتیح ئەحمەد ئەفەندی بەدەستهێناوە. توناهان دواتر پەیوەندی بە مەدرەسەی سلێمانییەوە کردووە لە(١٩٢٠)دا بڕوانامەی دکتۆرای لە تەفسیردا پێبەخشراوە، لە (١٩٢٢)دا بووە بە مامۆستاو شێخ لە مەدرەسەی سلێمانییە. **(بۆ زانیاریی زیاتر: بڕوانە: د.عصمت برهان الدین: الطریقة السلیمانیة).**

[5] بۆ زانیاریی، زیاتر، بڕوانە: م.ن ؛ وەرگیراوە لە:(٣)ی کانونی دووەمی(٢٠٢٢) https://tunahan.org/hayati/.

گروپی سولەیمانییە هەرلەسەرەتای دامەزراندنییەوە سەروسەودای لەگەڵ سیاسەتدا هەبووەو بەهێزە. بەدرێژای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەردەوام پشتیوانی بەرەی ناوەندی/ راستڕەو ئیسلامی لە تورکیادا بووە لەم چوارچێوەیەدا یان ناڕاستەوخۆ کاندیدیان لەو پارتانەدا هەبووە یاخود رابەری ئەم گروپە شوێنکەوتوانی ئاڕاستەکرد بۆ پشتیوانی کاندیدێک لە پارتەکەدا[1].

گروپی سلێمانییە هەرلەسەردەمی پارتی دیموکراتدا، کەوتە چالاکیی، بەو پێودانگەی، کە توناهان وەهای دەڕوانیە سیاسەت، کە دەشێت ببێت بە ئامرازێک بەدەستی ئایینەوە، هەربۆیە کەوتنە راگەیاندن و چالاکیی بەشێوەیەکی ئاشکرا، لە(١٩٥١)وە دەستیبە کردنەوەی خوێندنگەی ئایینی کرد و ئەو خوێندنگانە وردەوردە ژمارەیان زیادی کرد[2]. پاش ئەوەی گروپەکە کەوتەناو کاری سیاسییەوە توناهان، دەستیکرد بەسوود وەرگرتن لە گەورە بازرگانەکانی شارەکانی ئەنتالیا، ئەدەنە، مێرسن و ئەستەنبوڵ...هتد، لەو شوێنانە جەماوەرێکی زۆر بۆلای خۆی راکێشا و توانی پشتیوانیەکی دارایش بۆ رێبازەکە دابین بکات[3].

گروپەکە پاش مردنی سولەیمان حیلمی، لەلایەن کەمال قاجاری زاوایەوە سەرکردایەتی کراوە. گروپی سولەیمانییەکان یەکەم گروپ بوون هەوڵیانداوە لەڕێگەی کردنەوەی(ناوەندەکانی کولتوری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات ئایینی ئیسلام بگەیەننە دەرەوەی تورکیا، لە(١٩٦١)وە پاش ئەو کۆچەی لە تورکیاوە بەرەو ئەڵمانیاو ئەوروپا سەریهەڵدا. ئەم گروپە بەوە ناسراوە، کە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە بەهێزەو بەپێی بارودۆخی وڵاتو بەهێزی پارتە سیاسییەکان بەردەوام پەرلەمانتارو بەرپرسیان لەناو کابینەکانی حکومەتی تورکیادا هەبووە[4]، بەڵگەش بۆ ئەوە رابەری گروپەکە کەمال قاجار، لە خولەکانی(١٩٦٥،١٩٦٩،١٩٧٧)ی، ئەندام پەرلەمان بووە، هەروەها حیلمی تورکمان، لە خولەکانی(١٩٦٩،١٩٧٣)ی، عەلی ئاک(Ali Ak) لە خولی(١٩٧٧)ی پەرلەماندا وەک پەرلەمانتار هەڵبژێردراون، هەروەها ئەحمەد عارف، کە کچەزای سولەیمان حیلمی توناهانو کوڕی کەمال قاجار لە هەڵبژاردنی(١٩٩٥) وەک پەرلەمانتار هەڵبژێراوە لە(١٩٩٨– ١٩٩٩) بۆ ماوەی ساڵێک وەک کەسێکی سەربەخۆ بووە بە وەزیری گواستنەوەو گەیاندن لە حکومەتی تورکیادا[5].

پاش مردنی کەمال قاجار لە(٢٠٠٠)دا کوڕەکەی(عارف ئەحمەد دەنیز ئۆلگوین/ Arif Ahmet Denizolgun)کرا بە رابەری گروپەکە[6].

جیاوازی رێبازی سلێمانی لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا پیادەکردنی رێبازی بیرکردنەوەو بەکارهێنانی رێوڕەسمی پیرۆزکردنی توناهانە، ناوبراو لە باوکو باپیرییەوە پەروەردەی خانەوادەیەکی سۆفیگەرەو لە بواری سۆفیگەریدا راوبۆچوونی خۆی هەبووە لەسەری جەختیکردووەتەوە و فێری شاگردەکانی کردووە. گروپی سولەیمانییە پێیوایە، کە مرۆڤ خۆی بەتەنیا ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ

---

[1]Nezir AKYEŞİLMEN ve Arif Behiç ÖZCAN: Türkiye'de İslami Hareketlerin Siyasetteki Rolü, Selçuk Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi Sayı: 31, 2014, Ss. 29-38,Sayfa 36-37.

[2] محمد نورالدين: قبعة وعمامة، ص٤٧ ؛ د. عصمت برهان الدين: الطريقة السليمانية.

[3] د. تەڵال یونس ئەلجەلیلی: س.پ، ل٥٩-٦٠.

[4] Haldun Demirel: Türkiye'de Sivil Toplum ve Tarikatlar "Altınoluk" Dergisi Çerçevesinde Nakşibendi Tarikatı, Yüksek Lisans Tezi, Kırıkkale Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Kamu Yönetimi ana Bilim Dalı, Kırıkkale, 1997, Sayfa 33-34.

[5]Nezir AKYEŞİLMEN ve Arif Behiç ÖZCAN: önce kikaynak,Sayfa 36-37.

[6] Haldun Demirel: Önce Kikaynak, Sayfa 33-34.

خودادا ببەستێت، بەڵكو بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە ناوەندو پەیوەندییەک هەیە ئەو کەسە بریتییە لە سلێمان حیلمی توناهان‌و رابەرو دامەزرێنەری گروپەکە، سەرەڕای مردنی توناهان شوێنکەوتوانی ناوبراو بە پەیوەستی نێوان خۆیان‌و خودا و هۆکاری پەیوەندییان بەخوداوە دەزانن[1]، هەروەها بڕوایان وایە، کە توناهان لە رووی پایەی ئیمانیانەوە کۆتا پەیامبەرە، ئەم گروپە دژی ئەو کەسانەن نهێنی گروپەکە ئاشکرادەکەن‌و سوێندێکی تایبەت بە گروپەکە هەیەو شوێنکەوتوانی زۆر خۆیان لە سوێند خواردن بەو سوێندە دەپارێزن بۆ سەلماندنی بابەتێکی زۆر جدی و راستودروست ئەو بابەتە بەو سوێندە یەکدی سوێند دەدەن‌و بەمەش هەردوولا دڵنیادەبنەوە[2].

بەتێڕوانین لە گروپی سلێمانییە دەردەکەوێت شوێنکەوتوانی بە بەرزو پیرۆزدانانی توناهان زیادەڕەویی دەکەن، بەجۆرێک بە پەیامبەر ناوی دەبەن لە کاتێکدا ناوبراو کەسێکی ئاسایی بووەو بەدەر نەبووە لە هەڵە ، تەنیا لە قۆناغێکی دیارییکراودا رێبەرایەتی گروپێکی سۆفییگەری کردووە.

گروپی سولەیمانی بەهۆی داخراوییەوەو هێشتنەوەی زانیاریی‌و بۆچوونەکانیان لەناوخۆیاندا بەنهێنی و ئاشکرانەکردنی بۆ کەسانی دەرەکی کەمترین زانیاری لەسەر بۆچوون شێوازی کارو هەڵسوکەوتی ئەم گروپە دەزانرێت، هەرچەندە لەلایەن ئەم گروپەوە دوو گۆڤار بەناوەکانی حەوت کیشوەر(Yeti Kita Dergisi)، گۆڤاری مێژوو و مرۆڤ و ژیار(Tarih,Insan ve Hayat Dergisi) بڵاودەکردەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک لەم گۆڤارانەدا بۆچوون و تێڕوانینە سەرکییەکانی گروپەکە بڵاوناکرێتەوە[3].

گروپی سولەیمانییە چەندین چالاکیی هەیەو لەوانە: بەشی ناوخۆی و دەزگای پەروەردەی تایبەتی سولەیمانییە و خولی فێرکردنی قورئانیان هەیە، قوتابخانەو خولە پەروەردەی‌و بەشە ناوخۆییەکانی ئەم گروپە لەلایەن خەڵکی‌و شوێنکەوتووی رێبازەکەو ئەو کۆمپانیاو کارگانەی گروپەکەوە بودجەو لایەنی داراییان دابین دەکرێت، هەروەها ئەم گروپە لەڕێگای بەکارهێنانی پلەو پۆستی کەسی نزیکیان لە سەرۆکایەتی کاروبارە ئایینییەکان بە بەکارهێنانی ناوی ئەو دامەزراوەیەوە پارەو هاوکاری کۆدەکەنەوە، لە مەراسیمی بەخاکسپاردن‌و پرسەدا بە پارە قورئان دەخوێننەوەو، لە رۆژو شەوە پیرۆزەکانی ساڵ‌و یادو بۆنە تایبەتەکانی ئیسلامدا ئەم گروپە لەڕێگەی دەرسی تایبەت‌و کۆڕو مەولودنامەو زیکر خوێندن‌و تەزبیحاتەوە هەوڵدەدەن بەزۆرترین خەڵک بگەن‌و پەیامەکانیان بە هاوڵاتیان رابگەیەنن. گروپی سولەیمانییە لەکاتێکدا لە دەرەوەی تورکیا لەژێر چەتری ناوەندەکانی کولتوری ئیسلامی(Islam Kaltor Merkesleri) چالاکیی‌و کارەکانییان ئەنجامدەدەن لەهەمانکاتدا لە دژی هەنگاوێکی سەرۆکایەتی کاروباری ئاینیەکانی تورکیا بوو کاتێک ویستی(یەکێتی ئیسلامی تورکی کاروباری ئایینییەکان /(Diyanet Isleri Türk – Birliği (DITIB)رابگەیەنێت. گروپی سولەیمانییە(یەکێتی ئیسلامی تورکی کاروباری ئایینییەکانی)ی تۆمەتبارکردووە بەوەی، کە هەوڵێکە

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: د. عصمت برهان الدين: الطريقة السليمانية؛ Fatma Betül Demirlek: Kadınların modaya yöneliminde ötekileştirilmenin rolü “Süleyman hilmi tunahan cemaati” Konya örneği, yüksek lisans tezi, Necmettin Erbakan üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, din sosyolojisi ana bilim dalı, Konya, 2015,sayfa25-27.

[2] Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: Tevarüs Edilmemiş Gelenek, Süleymancılık, Uluslararası Politik Araştırmalar Dergisi, 2016, Yıl:2, Cilt:2, Sayı:2, ss. 1-10,Sayfa 8.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Fatma Betül Demirlek: Aynikaynak, Sayfa 25-27.

بۆ ڕێگری لەسەربەخۆیو گەشەسەندنی گروپە ئیسلامییە - تورکییەکان لەدەرەوەی تورکیاو لەهەمانکاتدا ئەو یەکێتییە دەبێتە ئامرازێک بۆ دەستخستنەناو کاروباری ناوخۆی وڵاتانی جیهان لەلایەن تورکیاوە. گروپی سولەیمانییە ڕۆژمێرێکی تایبەتیان بەناوی ڕۆژمێری فەزیلەت( Fazilet Takvimi) دەرکرد، کە ئەم ڕۆژمێرە کاتەکانی نوێژی لەگەڵ ئەو ڕۆژمێرەی لەلایەن سەرۆکایەتی کاروباری ئایینییەکانی تورکیاوە دەریکرد جیاوازە. بەمەش ڕاڕای و دوودڵی لای هاوڵاتیان دروستکردووە نازانرێت بە کامیان بڕوا بکەن[1].

سلێمانییە، گروپێکە بە چەندین تایبەتمەندی و نیشانەی جیاوازو سەیر لە گروپەکانی دیکە جیادەکرێتەوە لە کۆی تایبەتمەندیو چالاکییەکانییەوە دەردەکەوێت، کە بەگشتی تێڕوانینێکی ڕەخنەییان بۆ کۆی گروپە ئیسلامییەکانو تەنانەت دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەوانەی کاروباری ئایینیو ئیسلامی ڕێکدەخەنو سەرپەرشتی دەکەن هەیە، هەروەها بەرامبەر سەرۆکایەتی کاروبارەکانی ئایینی تورکیا سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر کارمەندو بەرپرسی لەم دامەزراوەیەدا، کە هاوکات شوێنکەوتەی ئەم گروپەن، بەڵام گروپەکە بەتوندی دژی زۆربەی کاروچالاکییەکانی ئەو دامەزراوەیەی حکومەتە، ئەم گروپە جگە لەوەی خاوەنی کۆمەڵێک بیروبۆچوونە، کە لە ئیسلامدا بوونی نییە وادیارە ئەو زانیاریو بۆچوونانەی ئەم گروپە بڵاویدەکاتەوە زۆر جێی بایەخن، چونکە چ لە تورکیادا بێت یان لەدەرەوە ئەو وڵاتە پێگەیەکی بەهێزی هەیە[2].

پەیوەندییەکانی سلێمانیە لەگەڵ سیاسەتو دەوڵەتدا جێگای سەرنجە، حیلمی تورکمان، کە لە ماوەی دوو خولدا ئەندام پەرلەمان بووە و لە هەمانکاتدا بەرپرسی پارێزگاکانی باکووری کوردستانی ئەم گروپە بووە، پاش جیابوونەوەی لە گروپەکە باسی لەوە کردووە: (کە بەشێک لە ئەندامانی ئەم گروپە لە دامەزراوە جیاجیاکانی دەوڵەتدا فەرمانبەرو تەنانەت بەرپرسن، لەگەڵ بەجێهێنانی ئەرکی تەسەوفی خۆیاندا کاری سەرەکییان بۆ ئەم گروپە بریتیبووە لە هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی دەوڵەتو دروستکردنی فەرمانڕەوایەتیەک بۆخۆیان دەوڵەتی قوڵیان لەناو دەوڵەتی تورکیادا دروستکردووە)، بەوتەی تورکمان ئەندامانی ئەم گروپە بەجۆرێک بە نهێنی ڕێکخراون ئەوانەی، کە بەتەواوی بڕوایان بە بەرنامەکانی ئەم گروپە نەبێت هیچ نهێنییەکی لا باسناکرێت[3].

ئاستی کاریگەریی گروپی سولەیمانییە بەرادەیەکە، کە گومان دەکرێت دەزگا سیخورییەکانی وڵاتانی جیهان ڕۆشتبنە نێو ئەم گروپەوە، تەنانەت دەزگای سیخوری تورکیا( ڕێکخستنی هەواڵگری نەتەوەیMilli istihbarat Teşkilati / MiT) بە ڕوونی لە ڕاپۆرتەکانیاندا بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا مەترسی خۆی لەم گروپە نەشاردووتەوە تەنانەت پێشبینی ئەوەی کرد ئەگەر ڕێگری لەم گروپە نەکرێت و سنورێک بۆ چالاکییەکانی دانەنرێت ئەوا جارێکی دیکە فەتۆیەک (Feto)*ی دیکە لە تورکیا دروستدەبێتەوە. مستەفا ئاک یلدز، کە بە ئیمام کۆزان ناسراوە پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر وەک وەقفو خزمەتکار تەمەنی لەم گروپەدا بەسەر بردووە، دوای جیابوونەوە هاتنەدەرەوەی

---

[1] Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: önce kikaynak,Sayfa 5-6.

[2]Fatma Betül Demirlek: önce kikaynak,Sayfa 42.

[3] Yrd. Doç. Dr. İsmail Çağlar: Önce Kikaynak,Sayfa 8.

* فەتۆ (Feto) مەبەست لە گروپی خزمەتو فەتحوڵڵا گولەنە، کە لە تورکیا بە گروپی تیرۆرستی فەتحوڵڵا گولەن( Feto) ناسراوە( توێژەر).

له گروپەکە بابەتو زانیاریی سەیر دەربارەی ئەو گروپە باس دەکات تەنانەت باس لەوە دەکرێت لە ئاستی ناوچە یاخود هەرێمەکانی تورکیادا رێکخستنێکی وردو گرنگ شێوەی سەربازی ئاسا لەم گروپەدا پەیڕەوی لێدەکرێت، کە پێیدەگوترێت(Kolorüd Kumandanliği)، بەو مانایەی ئەو فەرمانانەی لەسەرەوە دەردەکرێت بێ چەندوچوونو پرسیارکردن وەک خۆی جێبەجێدەکرێت، بەڵام لێرەدا پەیوەندی بەرپرسو کارمەند پەیوەندییەکی خۆویستو ئارەزوومەندانەیەو کەسانی خوارەوە بە ویستی خۆیانو خۆشحاڵییەوە فەرمانەکانی سەرووی خۆیان دەستبەجێو بێدڵەڕاوکێ جێبەجێدەکەن. گروپی سولەیمانییە لەبەر دیدوبۆچوونەکانیو سیاسەتەکانی کێشەی گەورەی لەگەڵ حکومەتی تورکیا و ئاکەپەی دەسەڵاتداردا هەیە[1]. سەرکردەیەکی سوپای تورکیا لەهەمانکاتدا کاری پارێزەری کردووە بەناوی خەیروڵلا کاردەنیز( Hayrallah Karadeniz)، کە هاوڕێی نزیکی کەمال قاجار بووە باس لەوە دەکات، کە ماوەی بیست ساڵە گروپی سولەیمانییەکان لەلایەن هێزە قوڵەکان(Derin Güçler)* کۆنترۆڵ کراوە. خەیروڵلا باسی لەوەکردووە کاتێک دوای کودەتای ١٩٨٠، کەمال قاجار لەگەڵ هاوڕێیەکی دەستگیر دەکرێت، لە زینداندا دەزگای سیخوری تورکیا(MiT)، کەمال ناچار دەکات لەنێوان دوو بژاردەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت یان کەمال قاجار و شانزدە هاوڕێی لەناودەبرێنو دەستدەگیرێت بەسەر تەواوی ماڵو سامانی گروپەکەدا یاخود دەچێتەژێر فەرمانی سوپای ئەو وڵاتەوە. کەمال بژاردەی دووەم هەڵدەبژێرێتو لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکان بەسەریدا بڕێکی زۆر پارە وەردەگرێتو، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە، کە کەمال و گروپەکەی کار بۆ حکومەتی تورکیا بکەن، بەڵکو ئەمانە کار بۆ سوپای تورکیا دەکەن، لەهەرساتو کاتێکدا بێت دەکرێت سوپای تورکیا لەڕێگەی ئەم جۆرە گروپانەوە دەستبەسەر حکومەتدا بگرێت. خەیروڵلا باس لەوە دەکات، کە بە دانپێدانانی خۆی کەمال قاجار باسی لەوە کردووە، کە(سولەیمانییەکان لەلایەن دەزگای سیخوری ئەمریکا( CIA) بەڕێوەدەبرێتو پشتیوانی دەکرێت و پلانی بۆ دادەنرێت)[2].

**٢-ڕێبازی خەڵوەتی(Halvettiler): ئەم ڕێبازە دوو گروپی هەیە، کە بریتین لە:( گروپی ئوشاقیە( Uşşakiyy Grubu)، گروپی جەڕاحیە (Cerrihıyy Grubu)) :**

دامەزرێنەری ڕێبازی خەڵوەتی عومەر ئەڵخەڵوەتی(Ömer El -Halveti)یە. ئەم ڕێبازە بەربڵاوترین ڕێبازە لە جیهانو تورکیادا. ڕێبازی خەڵوەتی لە دوای داخستنی خانەقا و تەکیەو مەدرەسەکان لە(١٩٢٤)بەدواوە بەنهێنی و هەندێکجار بەئاشکرا زیکرو ویردو مەراسیم و سروتەکانیان بەردەوامی پێداوە. پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا ڕێبازی خەڵوەتی لەڕێگەی هەریەک لە باڵەکانی، ئوشاقیەو جەڕاحیە بەردەوامە لە چالاکییەکانی. باڵی ئوشاقییە حەسەن حسامەدین ئەلبوخاری ئوشاقیە(Hasan Hüsamttin El -Buhri EL-uşşaki) دایمەزراندووە[3]،

---

[1] Nezir AKYEŞİLMEN ve Arif Behiç ÖZCAN: Önce Kikaynak,Sayfa 36-37.

* هێزە قوڵەکان(Derin Güçler ): مەبەست لەو گروپو ڕێکخراوانەی، کە لە لایەن دەوڵەت یان گروپێکی تیرۆرستی یان دەزگا سیخورییەکانی وڵاتانی جیهانەوە پشتیوانی دەکرێنو بێ ئەوەی ناویان هەبێت زۆرترین کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی تورکیاوە هەیە. ( توێژەر ) .

[2] https://www.siyasetcafe.com/en-yakin-muridinden-sok-itiraflar-suleymancilari-cia-yonetiyor-45492h.htm. وەرگیراوە لە: ٥ی کانونی دووەمی٢٠٢٢

[3] https://www.halveti.net/tr/yeni/Tasavvuf.asp?cid=6&sid=24

هەروەها باڵی جەڕاحیەی خەڵوەتی لە ئەستەنبوڵ لە دەرگای ناوەند( Merkez Dergahi)، لە( ١٧٠٣) دامەزێنراوە، هەتاوەکو داخستنی مەدرەسەو تەکییەکان لە تورکیادا لە چەندین ناوچەی ئەستەنبوڵدا تەکییەی جەڕاحییە بوونی هەبووە، ئەم گروپە لەڕێگەی ئیبراهیم فەخرەدین ئەفەندیو خەلیفەکانی موزەفەر ئۆزاڵو سەفەرداڵ بەردەوامی پێدراوە لە پاش داخستنی مەدرەسەکان ئیبراهیم فەخرەدین بەردەوامی بە مەدرەسەی جەڕاحی داوە. ئیبراهیم لە(١٩٦٤) خەلیفایەتی بە موزەفەر ئۆزاڵ دەبەخشێتو لە(١٩٦٥)کۆچی دوایی دەکات. لەسەردەمی خەلیفایەتی موزەفەر(١٩٦٥-١٩٨٥)، باڵی ڕێبازی جەڕاحییە کرانەوەی بەخۆیەوەبینی و لەڕێگەی نووسراو گوتارەکانی شێخەوە ئەم تەوژمە، هەتاوەکو ئەمریکا پەرەی سەندو فراوان بوو، لە ئەمریکاو ئەوروپا تەکیەی کرایەوە، پاشان لە(١٩٨٥) سەفەر داڵ(Sefer Dal) جێگای موزەفەری گرتەوە، هەتاوەکو(١٩٩٩) لە خەلیفایەتی بەردەوامبوو، لەپاش ناوبراو عومە تورگوڵ ئینانچ(Ömer Turgul Inanç) وەک خەلیفەی ئەم گروپە درێژەی بە ڕێبازەکە داوە[١].

ئامانجی سەرەکی باڵی جەڕاحیەو ئوشاقی بەگشتی پەروەردەو تەزکییەی نەفسی مرۆڤە لەڕێگەی ئەو زیکرو ویردانەی کە دیارییان کردووە و لە مەدرەسەو تەکییەکانیاندا پەیڕەوی لێدەکەن، لەگەڵ ئەوەدا باڵی جەڕاحییە زیاتر لەلایەن ئەو چینو توێژانەی، کە ئاستی پەروەردە و کولتوری ڕۆشنبیرییان بەرزە پەسەندکراوە، هەروەها باڵی ئوشاقی زیاتر لەلایەن چینی ناوەند و خەڵکانی سادەوە پەسەندکراوە لەڕوانگەی تەسەوفیانەوە موسیقا خاوەن پێگەیەکی گرنگو بەرزە لایان[٢]. ڕابەری گروپی جەڕاحییە عومەر تورگوڵ، لەگەڵ پرۆگرامو دەرسو بەرنامەکانی تەکیەی خۆیدا بەشداریی هەندێک بەرنامەی تەلەڤزیۆنی دەکات، هەروەها بەشداریی ئەو کۆنفرانسانە دەکات، کە لەلایەن شارەوانی - ئەستەنبوڵ ڕێکدەخرێت[٣].

بەگشتی هەردوو باڵی ڕێبازی خەڵوەتی، ئوشاقی و جەڕاحییە لەڕێگەی تەسەوفی کلاسیکییەوە بەردەوامن لە چالاکیو لەگەڵ ئەوەدا هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیامەکانیان بگەیەنن بە خەڵکی. باڵی جەڕاحی زیاتر لەلایەن کەسایەتی ئەکادیمیو ڕۆشنبیرو ئەو کەسانەی لە بواری هونەرە جوانەکان و مۆسیقادا کاردەکەن پشتیوانی دەکرێتو هاتووچۆی تەکییەی جەڕاحی دەکەن[٤].

## ٣- ڕێبازی ڕیفائی ڕوفاعیە(Rifailer)، هەریەک لە وەقفی کەنعان ڕیفاعی(Kenan Rifai)، قوبە ئاڵتی(Kubbealti Vakfi) سەربەم ڕێبازەن .

ڕێبازی ڕوفاعی دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەد ڕوفاعی(١١١٨- ١١٨٤). ئەم ڕێبازە لە تورکیاو عێراقو میسرو چەندین ناوچەی دیکەی جیهانی ئیسلامییدا بڵاوبووەتەوە. کەنعان ڕیفاعی[٥]، لە سەرەتای

وەرگیراوەلە:(١٠)ی کانونی دووەمی(٢٠٢٢ )

[1] https://www.terzibaba.com / وەرگیراوەلە:( ٢)ی کانونی دووەمی(٢٠٢٢)

[2] Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa119.

[3] https://www.nuranitv.com/ وەرگیراوە لە: ( ٢٠)ی کانونی دووەمی(٢٠٢٢) .

[4] Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa 121.

[٥] کەنعان ڕیفاعی: ١٨٦٧ لە سیلانیک(Selanik) لەدایکبووە، خوێندنی لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووە، پاش تەواوکردنی خوێندن، پۆستی لە دەوڵەت وەرگرتووە پاشان چووە بۆ شاری مەدینە و بۆ ماوەی چوارساڵ خزمەتی سەید حەمزەی ڕوفاعی کردووە. سەید حەمزە وەک شێخی کەنعان ڕیفاعی مۆڵەتی خەلیفایەتی پێبەخشیوە. کەنعان پاش

سەدەی بیستەم پاش تەواوکردنی خوێندنی لە مەدرسە ئایینییەکاندا، وەک گەنجێکی لێهاتوو لە زانستە ئایینییەکان دەردەکەوێت، لەڕێگەی کۆڕو کۆبوونەوەکانی وانە تەسەوفییەکانیی خەڵکی لەدەوری کۆدەبنەوە[١]. کەنعان ریفاعی، هەتاوەکو داخستنی تەکیە و خانەقاکان لە تورکیا لە دەرگای روفاعی خزمەتی کردووە، لەپاش داخستنی تەکییەکان، مانەوەی تەکیە و خانەقاکان بەداخراوی کەنعان کاروچالاکیی لە چوارچێوەی خێزانو کەسە نزیکەکانی ئەنجامداوە. کەنعان لە(١٩٥٠) کۆچی دوایی کرد لە حەوشەی مزگەوتی ناوەندی ئەفەندی(Merkez Efend Camii) بەخاکسپێدراوە. ئەم مەزارگەیەی بە کراوەی ماوەتەوەو بووە زیارەتگای ئەو کەسانەی شوێنکەوتەی رێبازی روفاعی بوون[٢]. لە پاش مردنی کەنعان بەرپرسیاریەتی بەڕێوبردنی دەرگاهی روفاعی لەلایەن خوشکی بچوکی یەکێک لە خەلیفەکانی کەنعان بە ناوی سەمیحەیایڤەردی(Samiha Ayverdi)(١٩٠٥– ١٩٩٣)، لە ئەستۆ گیراوە، ناوبراو بەردەوامی داوە بە دەرسو کارەکانی لە دەرگاهی روفاعی، پاش مردنی سەمیحە، جەمال نور سەرگوت(١٩٥٢– ) بەڕێوبردنی دەرگاهی روفاعی لەئەستۆ گرت، لە(١٩٧٠)وە جیابوونەوەیەک لەناو ئەم رێبازەدا سەریهەڵدا و رێبازەکە بەسەر دوو باڵی روفاعی(Rufai) و ریفاعی(Rifai) دابەشبووە، باڵی روفاعی بەگشتی لەسەر شێوازو عادەت و کولتوری رێبازو تەسەوف بەردەوامبوون لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیادا تەکیەیان کردووەتەوە، باڵی ریفاعی لە ئەستەنبوڵ پاڵیانداوە بە نازناوی کەنعان ریفاعیو لە چالاکییەکانیان بەردەوامن[٣].

تێڕوانینەکانی کەنعانو شوێنکەوتوانی دەربارەی باڵاپۆشی بەجیاواز لەلایەن خەڵکی لێکدەدرێتەوە، لەهەمانکاتدا جیاوازی لە بۆچوونی ئەم گروپانەی روفاعی لەناو خۆیاندا بووەتەهۆی ئەوەی تێگەیشتنی جیاواز بۆ رەوتی روفاعی دروست بێت لەم روانگەیەوە ئەم گروپە پێیانوایە، کە ئایین و تەسەوف تەنیا گوزارشت نییە لە جلوبەرگو پۆشاک، هەروەها کەس مافی ئەوەی نییە، کە بەخشندەی نەبڕاوەو بێکۆتایی خودای مەزن سنوردار تەسک بکاتەوە بەتایبەت بەناوی رێبازەوە سنوردارکردنیو بەرتەسکردنەوەی ئەو بەخشندەییە قەبوڵکراو نییە[٤]. کەنعان ریفاعیو شوێنکەوتوانی تێڕوانینیان سەبارەت بە ئایینەکانی دیکە نەرمو ئەرێنییەو لە چوارچێوەی بۆچوونی(دیالۆگی ئایینەکاندا) جێگەی دەبێتەوە. گروپی ریفاعی پێیوایە تەسەوفی ئیسلامیی جیاوازی ئایینیی لەبەرچاو نەگرتووەو جیاکاری لەنێوان مرۆڤەکاندا بەهۆی جیاوازی ئایینەوە نەکردووەو پشتیوانی ئەو بۆچوونەی، کە ئایا وەک موسڵمانان یان ناموسڵمان ئەو کەسە کارەکانی دەکات، لەم روانگەیەوە گروپەکە پێیانوایە، کە زۆرێک لە مەسیحیوجولەکەو تەنانەت کەسانی بێئایین لە کەسانی بەناو موسڵمان زیاتر و جوانترو چاکتر رەفتارو ئادابی ئیسلامی جێبەجێ دەکەن. ریفاعی پێیوایە بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر(د.خ)، هەرکەسێک رەوشتی جوان بێت بە موسڵمانێکی تەواوی

---

گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ دەستیکرد بە سەرپەرشتی دەرگاهی دایکی کەنعان، کە لە (١٩٠٨)لەلایەن دایکی کەنعان خۆیەوە بنیاتنراوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: **Ahmet Yaşar Ocak: Önce Kikaynak,Sayfa,176-178 ).**

[1] Arzu Eylül Yalçınkaya: Son Dönem Osmanlı Şeylerinden Kenan Rifai: Hayatı, Eserleri ve Tesavuf Anlayışı, Şırnak Üniversitesi İlahyat Fakültesi Dergisi, Cilt: 11, Sayı 24, Haziran 2020, Sayfa 103-105.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: Ahmet Yaşar Ocak: Önce Kikaynak, Sayfa 176-178.

[3] Büşra Ersanlı: önce kikaynak,Sayfa 142-143.

[4] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa182-184.

محمدی(حق اليقين)، پێویستە بە قۆناغی مەسیحیەت عیسا(علم اليقين)، و قۆناغی جولەکە موسای(عين اليقين) تێپەڕێت ئەمانە بەرگری لە بۆچوونی" هەتاوەکو نەبێت بە عیسایو موسای ناتوانیت ببیت بە محەمەدی"ی دەکەن[١].

ئەم گرووپە لە مەودایەکی فراواندا چالاکییەکانی ئەنجامدەدات بەچەند جۆرێک لەوانە: ((کۆنفرانسو سیمینار سیمپۆزیۆم، کۆڕ... هتد)، خولی مۆسیقای کلاسیکیو کولتوری تەسەوفو تورکی، خولی فێربوونی تورکی عوسمانی...هتد، ئەم گروپە بۆ یەکەمجار خولی فێربوونی مۆسیقا، خەتخۆشی، بریسکاندنەوەو رازاندنەوەی کتێب نووسین، رێنووسی عوسمانی کردەوەو بوو بە نمونە و سەرمەشق لەم بوارانەدا، هەروەها ماوەی(٣٩) ساڵ زنجیرەی قوبە ئاڵتی(Kubbealti) بەبێ دابڕانو بەردەوام دەردەکەوێت و بڵاودەکرێتەوە، فەرهەنگی گەورەی زمانی تورکی نمونەی قوبە ئاڵتی(Kubbealti Lügati Misdli Büyükç Sözlük) یەکێکە لە بەرهەمە نایابە بڵاوکراوەکانی ئەم گروپە). هەموو چالاکییەکانی ئەم گروپە لەڕێگەی چەند دەزگاو رێکخراوێکەوە ئەنجامدەدرێت و سەرپەرشتی دەکرێت لەوانە:( وەقفی ئەکادیمیای کولتوریو هونەرجوانەکانی قوبەئاڵتی، رێکخراوی کولتوری ژنانی تورک، وەقفی پەروەردەی کولتوری هونەرەجوانەکانی سەنات...هتد)[٢].

سەرەڕای دابەشبوونی زۆری گروپی ریفاعیو روفاعی بە بەراورد بە سەردەمی رابردوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەهێزترین گروپیان ریفاعییە، کە زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی تەسەوفو رێبازی لەگەڵ خۆیدا هێشتووەتەوە بەردەوامی پێدەدات، بەڵام ئەم گروپە تاڕادەیەک و بەشێوەیەکی رێکخراو ویردو زیکری تەسەوفی تێیدا ناخوێنرێت ئادابی تەسەوفی تێیدا جێبەجێ ناکرێت ئەمە وایکردووە، کە ئەم گروپە لە گروپە کلاسیکییەکانی دیکەی تەسەوف بەڕوونیو جیاواز دەرکەوێت. کەنعان ریفاعی لە کاتی داخستنی مەدرەسەو تەکیەکان لەلایەن کۆماری تورکیاوە پێوابوو خودا خۆی ئەم بارودۆخە دەبینێتو دەزانێت بەرامبەر بە دەوڵەت هیچ کاردانەوەیەکی توندی نەبوو. سەمیحە ئایڤەردی، کە پاش کەنعان بەڕیوەبردنی رێبازەکەی گرتە ئەستۆ ئیدارەو کاروچالاکیی رێبازەکەی بەدامەزراوەی کرد. لە پاش سەمیحە جەمال نور بە سوودوەرگرتن لە ئامرازەکانی پەیوەندی و راگەیاندنو تەکنولۆژیا، ئەم رێبازەی بە جیهان ناساندووەو بڵاویکردەوە. گروپی ریفاعی لە گروپی روفاعی کلاسیکی جیابوونەوە و گوتارو چالاکییان رووەو چینێکی نوێی کۆمەڵگە ئاڕاستە کرد، هەروەها لەڕێگەی جێبەجێکردنی هەندێک مەراسیمو بەرنامەی تایبەتەوە، کە لەناو گروپە تەسەوفیو روفاعی کلاسیکیدا جێبەجێنەکراوە ناسنامەیەکی نوێیان بۆ خۆیان هەڵبژارد. گروپی ریفاعی، کە زیاتر لەناو چینی دەستەبژێری کۆمەڵگەو بەتایبەتی دەستەبژێری ئافرەتاندا بڵاوەو شێوازی ژیانی مۆدێرنەو سەردەمییانە پەسەندکرد لەگەڵ تەسەوفو رێبازدا پێکەوە تێکەڵیکردنو گونجاندنی بەوجۆرە رەوتێکی نوێیان داهێناوە، کە ناودەبرێت بە تەسەوفی رۆشنبیری( Entelektael Tasawufi)[٣].

---

وەرگیراوە لە: (٢٠)ی کانونی یەکەمی(٢٠٢١).

[1] Hilal Bartu: önce kikaynak ,sayfa 143.
[2] https://kubbealti.org.tr/vakif-hakkinda
[3] Ahmet Yaşar Ocak: önce kikaynak,Sayfa 190.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێبازە، لەسەرئاستی تورکیاو هەندێک لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامی بڵاوبووەتەوە، هەربۆیە لایەنگرانی و چالاکیی لە باکووری کوردستان، هەرلە چوارچێوەی تورکیادا باسکراوە.

## ٤- ڕێبازی قادری( Kadiriler) ئیجماجییەکان (Icmaciler):

ڕێبازی قادری[١] پاش کۆچی دوایی مستەفا خەیر ئۆگوتی لە(١٩٧٩)دا، حەیدەر باش(Haydar Baş[٢]) دەڕواتە جێگەکەی‌و دەبێت بە شێخو ڕابەری ڕێبازەکە لە تورکیادا، ئەم گروپە، کە لەلایەن حەیدەر باش، ڕابەرایەتی دەکرێت و لەهەمانکاتدا وەک ڕابەری ڕێبازی قادری دەردەکەوێت. ئەم ڕێبازە بە ناوەکانی(ئیجماجیلەرو گروپی حەیدەر باش) دەناسرێت‌و واتە هەرسێ ناوەکانی(ڕێبازی قادری، گروپی حەیدەر باش، ئیجماجیلەر) ئاماژەن بۆ ناوی ڕێبازی قادری[٣].

لە دیدو بۆچوونەکانی ڕێبازی قادری، هەرلەسەرەتاوە وەک ڕێبازێکی تەسەوفی ئایینی دەرکەوتووە. حەیدەرباش وەک ڕابەری گروپەکەی لە وتارەکانیدا، کە لە ڕۆژنامەو تەلەڤزیۆندا یاخود هەربەشێوەی نووسراو یان ڤیدۆ بڵاودەکرایەوە زیاتر جەختی کردەوە لەسەر تێڕوانینی شیعە بە پەسەندکراوی دادەنا. لەناو نووسراو دانراو و کارەکانی حەیدەر باشدا، کە هەندێکییان لە ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە، هەندێک بۆچوون‌و دەستەواژەو زانیاریی باسدەکات، لەگەڵ بنەڕەت و پایەکانی ئایینی ئیسلام وعەقیدەی ئەهلی سوننەتدا یەکناگرێتەوەو دژەیەکی تێدایە وەک تێڕوانینێکی لە عادەت بەدەرو توندڕەوی و توندوتیژی دەردەکەوێت[٤].

ساڵی (٢٠٠١) حەیدەر باش پارتێکی سیاسی بە ناوی پارتی سەربەخۆی تورکیا(BTP/ Türkiye Bağımsız Partisi) دادەمەزرێنێت. ئیدی گرووپی حەیدەر باش لە گرووپێکی ئیسلامی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت بە گرووپێکی ئیسلامی سیاسی و بانگەشەی "یەکێتی ئوممەت"دەکات[٥].

---

[١] ڕێبازی قادری: ناوی ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرەکەی، کە شێخ عەبدولقادری کوڕی موسای گەیلانییە و لە( ١٠٧٧) لە گەیلان لەدایکبووە، هەرلەتەمەنی منالییەوە روویکردووەتە بەغداد و بۆتە فەقێ و ڕێبازی حەنبەلی پەیڕەوکرد، هەتاوەکو(١٨٠٠) لە کوردستان، دوو خانەوادەی ڕێبازی قادری، کە بەرزنجییەکان و ساداتی نەهری بوون. ئەمەش بووەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی ئەو دووخانەوادەیە، درێژخایەن بێت و لەوانی دیکە زیاتر بدرەوشێتەوەو زیاتر برِبکات. شێخ عەبدولقادر لە (١١٦٦) لە بەغداد کۆچی دوایی کرد. ( **بۆ زانیاریی، زیاتر بڕوانە: مارتن فان برونەسن: س.پ، ل١٢٦-١٣٧)**.

[٢] حەیدەرباش( Haydar Baş): ساڵی(١٩٤٧) لە شاری تەرابزۆن لەدایکبووە قۆناغی بنەڕەتی‌و ئامادەیی هەرلە تەرابزۆن تەواوکردووە لە(١٩٧٠)پەیمانگای باڵای ئیسلامی قەیسەری خوێندووە، ماوەیەک حەیدەر باش بەڕێوەبەری لقی تەرابزۆنی ڕێکخراوەی مامۆستایانی نمونەی بووە بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە چەندین قوتابخانەی جیاوازدا مامۆستایەیتی کردووە. ناوبراو لە(٢٥)ی ئەیلولی(٢٠٠١) پارتی سەربەخۆی تورکیا(Bağimsiz Türkiy Partisi) دادەمەزرێنێت‌و خۆی دەبێتە سەرۆکی پارتەکە.(**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Ahmet Aktaş: önce kikaynak,Sayfa 17-18 ) .**

[3] Aynikaynak, Sayfa 17-18.

[4] İlkan Öz: Sekülerleşmiş tarikat, şirket ve siyaset parti: Haydar Baş ve Bağımsız Türkiye Partisi, Yüksek lisans tezi, Galatasaray üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, siyaset bilimi ana bilim dalı, İstanbul, 2019,sayfa42.

[5]Hüseyin Arslan: Bir Analiz Denemesi: Bağımsız Türkiye Partisi (BTP), Uluslararası Toplum Araştırmaları Dergisi, Sayı: 15, Cilt 8ö İstanbul, Ağustos 2008, sayfa, 1964

حەیدەر باش و گروپەکەی لەڕێگەی ئەو دامەزراوەو کۆمپانیاو دەستانەی هەیەتی لە بوارەکانی سیاسەتو بازرگانی و پەروەردەو چاپو بڵاوکردنەوەو میدیادا چالاکیی بەردەوامی هەیەو لەڕێگەی ئەو دامەزراوە میدیایانەوە وتارو بۆچوونەکانی ئاراستەی شوێنکەوتوانی و لایەنگرانی دەکات، لەلایەکی دیکەوە حەیدەرباش و گروپەکەی بۆچوونی سیاسیی‌و ئایینی‌و زانستەکانی خۆی لەڕێگەی وەقفی توێژینەوەی زانستی(Ilmi Arastimalar Vakfı) لە سەرانسەری تورکیا و بەتایبەت لە تەرابزۆن دەگەیەنێت بەخەڵکی بەگشتی‌و بەتایبەتی شوێنکەوتوانی، هەروەها ڕۆژنامەیەکی دەرکرد، کە خۆی سەرنووسەری بووەو لەڕێگەی نووسراوەکانیەوە لەگەڵ نووسەرو ئەکادیمیەکاندا لە پەیوەندی بەردەوامو بەهێزدایە و لەڕێگەی ڕۆژنامەو ڕادیۆ تەلەڤزیۆن و سایتی ئینتەرنێتی و پارتی سەربەخۆی تورکیا(BTP)، بۆچوونو چالاکییە ئایینی‌و ئەکادیمیی‌و زانستی‌و سیاسییەکانی بۆ خەڵکی‌و شوێنکەوتوانی بڵاودەکاتەوە[1].

حەیدەرباشو گروپەکەی لەڕێگەی چەند ئۆرگانێکەوە سەرقاڵی چالاکییە لە بواری سیاسەتو ئابووریدا لەوانە: (پارتی سەربەخۆی تورکیا(BTP)، گروپی کۆمپانییەکانی باش، کارگەی پۆڵای باش، گروپی بازرگانی باش، پیشەسازی گەرمکردنەوەی باش...هتد) لە بواری پەروەردە و توێژینەوەو تەندروسیدا(کۆلێژی مەلتەمی تایبەت(Özel Meltem Kolijleri)، وەقفی توێژینەوەی زانستی، نەخۆشخانەی تایبەتی مەلتەم، کلینکەکانی دانی تایبەت مەلتەم...هتد، لە بواری چاپو بڵاوکردنەوە ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیریدا(گۆڤاری ئیجمال( Ijmal Dergisi)، گۆڤاری ئوگوت( Öğut Dergisi) گۆڤاری پەیام(Mesaj Dergisi) ڕۆژنامەی پەیامی نوێ(Yeni Mesaj Gazetesi)، تەلەڤزیۆنی گوند(Köy TV) ...هتد)[2].

حەیدەرباش لە نووسراو وتارەکانی لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک دەستەواژەو چەمکی تایبەت بە تەسەوف وەک(دۆستی خودا، وەلی، مورشید، مرۆڤی تەواو...هتد) ئەم وەسفو وشانەی بەجۆرێک گەورەو پیرۆز ڕاگرتووە، بەبێ هیچ مەرجێک بە پێویستی زانیوە خەڵکی پەیوەست بێتو شوێنیان بکەوێت و خزمەتیان بکەن ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئایینی ئیسلام یەکناگرێتەوە سەرجەمی شوێنکەوتوانی حەیدەرباش کوێرانە وەک چاوبەستراوێک نووسینەکانی پەسەند دەکەن‌و ڕەفتارەکانی دووبارە دەکەنەوە تەنانەت بەرگریشی لێدەکەن[3].

حەیدەر باش، لە هەندێک نووسراو دانراوەکانیدا بەتایبەتی ئەوانەی لە میدیادا بڵاوکراونەتەوە بە هۆکاری سیاسی یاخود هۆکاری دیکەی نەزانراو و نەوتراو زیاتر جەختی لەسەر مەزهەبی شیعە وەک مەزهەبێکی پەسەندکراو دەکاتەوە، هەتاوەکو ئەو ڕادەیەی بووەتە مایەی تێڕامانی لێکۆڵەرەوان‌و ڕای گشتی تورکیا بە نەرێنی نیشاندانی مەزهەبی سوننەو دروستکردنی گومان لەسەر خەلیفەکانی ئیسلامیی دوای پێغەمبەر(د.خ) جگە لە حەزرەتی عەلی(ر.ز)،...هتد. شارەزایان پێیانوایە ئەم جۆرە بۆچوونانە هۆکارێکە بۆ جیابوونەوەو دابەشبوونی زیاتری کۆمەڵگە، لەلایەکی دیکەوە دەبێتەهۆی زیان گەیاندن بە ئایین‌و کولتورو ئادابی گشتی کۆمەڵگەو پێکەوەژیانی ئاشتییانە[4]. حەیدەر باش، هەرچەندە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە پێویستە بەتەواوی خەڵکی پابەندی ئەو پەیامو وتانە

---

[1] İlkan Öz: önce kikaynak,,Sayfa 63.

[2] https://ilam.org.tr/hakkimizda.html. وەرگیراوە لە:( ٢٠)ی کانونی یەکەمی(٢٠٢١).

[3] Ahmet Aktaş: Önce Kikaynak,Sayfa 92-93.

[4] İlkan Öz: Önce Kikaynak,Sayfa 95-96.

بن، کە لەلایەن وەلیو مورشیدو پیاوچاکانەو مرۆڤە کامڵەکانو دۆستانی خوداوە رادەگەیەنرێت رەخنە لە رەفتاریان نەگیرێت و بەچاوی گومانەوە لێیاننەڕوانرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە وتەکانی حەیدەر باش، جگە لە حەزرەتی عەلی(ر.ز)، گومان دەخاتەسەر خەلافەتی خەلیفەکانی دیکەی ئیسلامو مەزهەبی سوننیو تەنانەت رەخنە لەهەندێک ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر(د.خ)، دەگرێت. حەیدەرباش لە باسکردنی مەزهەبو تەوژمی شیعەگەری وایکردووە گومان لە بوونی پەیوەندی حەیدەرباش، لەگەڵ گروپە شیعییەکان هەندێک وڵاتانی دراوسێ بکرێت[1].

ڕێبازی حەیدەرباش یان قادری، هەروەک ڕێبازو گروپە سۆفیگەرییەکانی دیکە لە تورکیا بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی، چالاکنو لە شارە جیاوازەکانی وەک دیاربەکرو وانو ئورفە...هتد بڵاوبوونەتەوەو تەکیەیان هەیەو خەڵکی شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان و جیهان رویانتێدەکەن، ویردوزیکرو بۆنە جیاوازەکانی خۆیان بەکۆمەڵ لە تەکییەکانیان ئەنجامدەدەن، ڕێبازی حەیدەرباش بەهۆی تێڕوانینی ئەرێنی بۆ شیعە و ئیمامی عەلی (ر.ز)، لای شیعەکان پەسەندکراو ڕێزلێگیراوە.

بەگشتی گروپەکانی تەسەوف یاخود ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە باکووری کوردستان و تورکیا پێیان دەگوترێت گروپە ئایینیە کلاسیکییە کولتورییەکان بەچەند تایبەتمەندییەک دەناسرێنەوە لەوانە:

١- زۆربەی گروپەکانی پەیڕەوی لە ڕێبازی نەقشبەندی- خالیدی دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا گروپەکانی سەر بە ڕێبازی قادریو خەڵوەتیو روفائیو بوونیان هەیە.

٢- کۆمەڵێک تایبەتمەندی یاخود رەفتارو چالاکیی ئەم گروپانە هەیە، کە لە روانگەی بەرنامەی ئیسلامەوە رەخنەی لێدەگیرێت لەگەڵ ئیسلامدا یەکناگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم گروپانە هەوڵیانداوە لەگەڵ رەوتی گشتیو کۆمەڵایەتییو کولتوری خۆیان بگونجێنن.

٣- لەناو ئەم گروپانەدا گروپی سولەیمان حلمی توناهان لەڕوانگەی کاری ڕێکخستنو داراییەوە داخراوترین گروپن و زۆرترین قسەیان لەسەردەکرێت بەپێی گوتەی هەندێک لە ئەندامانی ئەم گروپە بێت پەیوەندییەکانی ئەم گروپە بە بابەتی ئایینو دەوڵەتو کۆمەڵگەوە زۆر بەهەستیاری لەناو گروپەکەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٤-هەرگروپێک لەمانە لەگەڵ جیاوازی مەودای کاریگەریاندا لەناوچە جیاوازەکانی باکووری کوردستان و تورکیادا، هەوڵدەدەن ڕێکخستنو کاروچالاکییان لەناو دامەزراوە بیرۆکراسیەکاندا هەبێتو بەئاڕاستەی رای گشتیو کۆمەڵگە پەیامەکانیان بڵاوبکەنەوە[2].

بەشێوەیەکی گشتیو بە تێڕوانیین لەدیدوبۆچوونەکانی ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانەی، کە لە باکووری کوردستان چالاکنو لەناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا شوێنکەوتەیان هەیە، هەندێکیان بەئاشکرا بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەنو چوونەتەناو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا لەوانە ڕێبازی سولەیمانییە، هەروەها ڕێبازی قادری(حەیدەر باش) پارتی تایبەت بەخۆی هەبووەو چالاکانە لەسەرجەم بوارە سیاسییو ئابووریو پەروەردەییەکاندا کاریکرد. ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانەش، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ خۆیان لە سیاسەت بەدوورگرت، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی دیدوبۆچوونو چالاکییان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتو دەوڵەتو پارتو ڕێکخراوەکانی

---

1 Ahmet Aktaş: Önce Kikaynak,Sayfa 102.
2 Aynikaynak,sayfa 12-16.

ناوچەکە هەبووە، لەناو هەریەک لەم ڕێبازانەدا کەسی یەکەمی ناو ڕێبازەکە، کە مورشیدیانە بەجۆرێک شەرعیەتی بەدەسەڵاتی داوە، شوێنکەوتوانی بەپیرۆز سەیرکردن‌و لە فەرمان دەرنەچوونی مورشیدەکەیان جۆرێک لە تاکڕەوی لەناو ڕێبازەکاندا دروستکرد. سەرەڕای گۆڕانکارییە سیاسییی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکان چ لە تورکیادا بێت یاخود باکووری کوردستان، بەڵام شوێنکەوتوانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بوونیان هەیەو وێڕای بوونی تەکیەوخانەقاکان‌و جێبەجێکردنی سروت و ویردو زیکرە سۆفیگەرییەکان، لەهەمانکاتدا ئەم ڕێبازانە بەشدارییەکی کارایان هەیە لە سەرجەم بوارەکانی دیکە لە تورکیا بەگشتی‌و باکوری کوردستان بەتایبەتی.

## ٢- تەوەری دووەم: ڕەوتی سەلەفی[1]:

شوێنکەوتوانی سەلەف پەیوەست نین بە ئاینزایەکی دیاریکراوی ئیسلامی لە چەشنی ئایینزاکانی حەنەفی‌و مالیکی‌و شافیعی‌و حەنبەلی، بەڵکو لە بری شوێنکەوتنی ئایینزاکان، داکۆکیی‌و جەخت لەسەر گەڕانەوە بۆ قورئان‌و فەرمودە، بە تێگەیشتن‌و ڕاڤەی زانایانی پێشین دەکەن، لەهەمانکاتدا بۆچوونە شەرعزانییەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی لەگەڵدابێت، کە بناغەدانەری فکری سەلەفییەتە. سەلەفییەکان دەمارگیرییان بۆ هیچ ئایینزایەکی دیاریکراو نییەو بەلایانەوە ئاسایی‌و ڕەوایە لە بواری شەرعزانیدا، پەیڕەوی لە بۆچوونی دیکەی جیاواز لە بۆچوونی ئایینزای حەنبەلی بکەن. بەلای ئەوانەوە قورئان‌و فەرمودەی دروست لەپێش ڕای کەسی سەربە مەزهەبەکانی ئیسلامە، هەروەها لا مەزهەبی‌و شوێن نەکەوتنی هیچ ڕێبەرو ڕێبازێک یەکێکە لەو شتانەی ئەوان، لە جەماوەری موسڵمانانی دیکە جیادەکاتەوە، کە زۆربەیان پێیانوایە دەبێت هەموو کەس یەکێک لە ئایینزاکانی ئیسلام یان ڕێبازەکان هەڵبژێرێت بۆ تەقلیدکردن‌و نابێت کەس بەبێ ئیمام‌و ڕێبەر بمێنێتەوە[2].

لەسەردەمی نوێدا ڕەوتی سەلەفیزم بە یەکێک لە قوتابخانە فکرییەکانی ئەهلی سوننە دادەنرێت، کە دەخوازێت لە دیدێکی تایبەتەوە گۆڕانکاری لە سیستم‌و، کۆمەڵگەو ژیاندا بکات بەو شێوەیەی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا تەبایە، لەو چوارچێوەیەدا گوتاری سەلەفی جەختدەکاتەوە لەسەر پابەندبوون بە عەقیدەی ڕاست‌و چاکسازی لەو بوارەو لابردنی ئەو بیدعانەی، کە هەندێک لە ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لەسەری دەڕۆن لەوانە: (دروستکردنی گومەز یان مزگەوت لەسەر گۆڕ، باوەڕبوون بە ئەستێرەناسان و فالگرەوەکان، هانا بردن بۆ پێغەمبەران‌و پیاو چاکان، یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)...هتد)[3].

---

[1] سەلەفی لە زمانەوانیدا واتە پێشینان، ئەمە ئاماژەیە بەو کۆمەڵو کەسایەتیانە لەپێش ئێمەو ڕابردوون‌و لەژیاندا نەماون، بەڵام لای سەلەفییەکان مەبەست لەم زاراوەیە خەڵکی سێ سەردەمە یەکەمەکەی ئیسلام (هاوەڵان، شوێنکەوتوان، شوێنکەوتوی شوێنکەوتوان/صحابە، تابعین، اتباع)ە ئەمەش لەسەر بنەمای فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمێت:" باشترین خەڵک ئەوانەی سەردەمی منە، پاشان ئەوەی بەدوایدا دێت‌و پاشان ئەوەی بەدوایدا دێت لە پاش ئەوان خەڵکانێک دێت چاکەیان تێدا نییە". (وەرگیراوە لە: یاسین تەها محەمەد: سەلەفییەکان ،چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠٠٩، ل٤٦).

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ە.س، ل ٤٧-٤٩.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عیماد قەدورە: سەلەفیزم لە تورکیا، ئاستەنگەکانی بڵاوبوونەوەی لە کۆمەڵگەیەکی سۆفیزمدا، بەشی یەکەم، و. ئیدریس سیوەیلی، ٥ی٩ی٢٠١٧ وەرگیراوە: لە (١٠)ی حوزیرانی(٢٠٢٠).
https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5200

بەگشتی ڕەوتی سەلەفی دابەشبووە بەسەر حەوت گروپی سەرەکییدا، کە هەریەک لەو گروپانە لە لایەن کەسایەتییەکەوە ڕابەری دەکرێت زۆربەیان هەربەناوی ڕابەری گروپەکەوە ناونراون ئەو گروپانە بریتیین لە: (عەبدوڵڵا یولّجو (Abdullah yolcu)، ئالّپئارسلان قەیتوڵ( Alparsalan Kuytul)، فەیزوڵڵا بیرشک(Feyzullah Birşik)، خالص بایانجوک(HalisBayncuk)، ئەبو خەنزەڵە(Abu Hanzala)، محەمەد باڵجیئۆگلۆ(Mhemet Balcioğlu)، ئەبو سەعید یارپوزی( Ebu Said Yarpuzi)، محەمەد ئەمین ئاکن(Mhemet Emin Akin)، کوڵ سەعدی یوکسەڵ ( Kul Sadi Yüksel)[1].

لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری ڕێژەی لە هەڵوێستی گشتی بەرامبەر سەلەفیزم بەدیدەکرێت، ئەمەش دەرگای لەبەردەم بانگخوازە سەلەفییەکان کردەوە، کە بچنەناو کۆمەڵگەی تورکی و چەندین کەسایەتی سەلەفی دەرکەوتن لەژێر ناوی (سەلەفیزم) کەوتنە بانگەشەکردن و چالاکییەکانیان لە کردنەوەی خانەی چاپو بڵاوکردنەوە خۆیدەبینییەوە، هەروەها لە قۆناغەکانی پاشتر لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە چالاکیان دەنواند[2].

وێڕای بوونی چەندین گروپی سەلەفی لە جیهان بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی، بەڵام لێرەدا تەنیا باس لەو گروپانە دەکەین، کە دامەزرێنەرەکەیان کوردە یان بەشێوەیەکی گشتی لە تورکیاو بەتایبەتی لە باکووری کوردستان چالاکنو لە شارە جیاوازەکانی کوردستان شوێنکەوتوویان هەیە.

**١- گروپی عەبدوڵڵا یولّجو(Abdullah yolcu Grubu)[3]:**

گروپی عەبدوڵڵا یولّجو، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دەرکەوتووە، دیدوبۆچوونەکانی گروپی عەبدوڵڵا یولّجو لەسەرهێڵی سەلەفییەو پێیوایە ئەشعەری[4]،

---

[1] Damla taşdemir: Türkiye'de selefi hareket ve dini radikalizm, Yüksek lisans tezi, uludağ üniversitesi sosyal bilimler enstitüsü, uluslararası ilişkiler bilim dalı, bursa, 2016, sayfa 23.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عیماد قەدورە: سەلەفیزم لە تورکیا، ئاستەنگەکانی بڵاوبوونەوەی لە کۆمەڵگەیەکی سۆفیزمدا، بەشی دووەم، و. ئیدریس سیوەیلی، (١٢)ئەیلولی (٢٠١٧) وەرگیراوە: لە(١٠)ی حوزیرانی(٢٠٢٠)، https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5203

[3] عەبدوڵڵا یولّجو(Abdullah yolcu ):(١٩٥٨) لە کەرکوک لەدایکبووە. ناوبراو سەرەتای خوێندنی هەر لەو ناوچەیە بووە پاشان لای زانایانی نزیک لە ڕەوتی عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز بن باز و ڕەوتی سەلەفیی- وەهابی وانەی ئایینی خوێندووە، عەبدوڵڵا یولّجو بەوەناسراوە، لەسەر عەقیدەی حەنبەلی–سەلەفییە، قسەی زۆر لەسەر بناغەکانی ئیمانو باوەڕو ئەوبابەتانەی گفتوگۆومشتومڕ هەڵدەگرێت دەکات و نووسینی لەبارەیانەوە هەیە، هەروەها دەیەوێت لەڕێگەی بانگەوازەوە بناسرێت، هەندێک لە بەرهەمەکانی(عەقیدەی سەلەفی سالّح، تەسەوف، دۆستایەتیو دوژمنایەتی بەپێی ئەهلی سوننەتوجەماعەت، مۆسیقا و گۆرانی لەڕوانگەی ئیسلامییەوە...هتد).( **Ceyda bağcısofu: İslam siyaset felsefesinde Neo-selefi akımın eleştirel analizi, Yüksek lisans tezi, Hitit üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, felsefe ve din bilimleri bilim dalı, Çorum, 2019, sayfa 33).**

[4] مەزهەبی ئەشعەری: ئەم مەزهەبە دەگەڕێتەوە بۆ(ئەبوحەسەنی ئەشعەری، کە ناوی (عەلی کوڕی ئیسماعیل)ە، ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەبوو موسای ئەشعەری، لە بەسرە لە(٨٨٠) لەدایکبووە، پاشان بۆ خوێندن ڕوویکردووەتە بەغداد، هەرلەوێ درێژەی بە خوێندن داوە، ئەشعەری سوننەیە و بیروفکرەکانی تێکەڵە لە هەرچوار مەزهەبەکەی شافیعی، حەنەفی، مالیکی و حەنبەل و ئەم مەزهەبە پشتی بە بەڵگەی فکری و زارەکی دەبەستێت لە سەلماندنی گفتوگۆکانی لەگەڵ موعتەزلەو فەیلەسوف زانایاندا. سەبارەت بە ئەشعەری هەندێک پێیانوایە سەربە مەزهەبی شافیعیە. ئەبوحەسەن لە(٩٣٦) لە بەغداد کۆچی دوایی کرد). **( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: الخنساء حميد الصالح: من هؤ ابوالحسن الأشعري، ١٩ تموز٢٠٢٠، وەرگیراوە لە: (١)ی حوزیرانی(٢٠٢٢)،**

و ماتوریدی[1] لە ئەهلی سوننەن، بەڵام لەبەرئەوەی پێچەوانەی ئیمامەکانی چوار مەزهەبەکەی ئیسلامییە کەواتە دوورن لە(جماعە)ەوە واتە بەشی دووەمی چەمکی ئەهلی(سوننەتو جەماعەت) ئەشعەریو ماتوریدی ناگرێتەوە، یوڵجو پێیوایە ئەگەر پێچەوانەی ئیمامی چوار مەزهەبەکە نەبن ئەوا دەکرێت بە ئەهلی جەماعەت دابنرێت، بەپێچەوانەوە تەنیا بە ئەهلی سوننەت دادەنرێن و لە جەماعەت نیین، هەروەها یوڵجو پێیوایە چوار مەزهەبەکە سەرەکییەکە و زۆر توندنیین. یوڵجو جەختدەکاتەوە مەسەلەی تەکفیر مەسەلەیەکی زانستیو حوکمە، هەربۆیە دژی تەکفیرە. ناوبراو لەڕوانگەی سیاسییەوە هاوڕایە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیاو پشتیوانی گەڕانەوەی فەرمانڕەوای عوسمانی دەکات لەسەرووی هەموو ئەمانەوە پێیوایە تەکفیرییەکانو تەوژمی شیعە بەتایبەت لەلایەن وڵاتانی خۆرئاواوە پشتیوانی دەکرێن بۆ نانەوەی فیتنەو ئاژاوە لەناو ئەهلی سوننەتو جیهانی ئیسلامییدا[2].

یوڵجو خۆی بەیەکەم چاکساز دادەنێت، کە لە تورکیا لەسەر ڕێبازی دروستی ئەهلی سوننەوجەماعەت کاردەکات بۆ چاکسازییو فکری ئایینی کۆمەڵگەو، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەرئەوەی دەستی بە بانگەوازی سەلەفییزم لەناو خەڵکیدا کردووە. یوڵجو لە کتێبەکانیدا خۆی بەدوورگرتووە لە باسی بابەتە سیاسییەکانی ناوچەکە، هەروەها لە مشتومڕی ڕاستەوخۆ دەربارەی ئیسلام و سیکۆلار و دەسەڵاتی سەربازیی لە تورکیا، جیهاد خۆی بواردووە، بەڵکو نووسینەکانی زیاتر دەربارەی هەڵەی ڕەفتاری موسڵمانانو بابەتی هاوبەشیدانانە بۆخوداو...هتد[3]. یوڵجو ئیمامی چوار مەزهەبەکەی ئیسلامی وەک بنەڕەت بۆ کاری بانگەوازی و ئیرشادی خۆی داناوە، هەروەها شوێنکەوتەی تەوژمی – سەلەفی – حەنبەلی مۆدێرینی سەربە سعودییەو وڵاتانی کەنداوە[4].

چالاکییەکانی گروپی یوڵجو لەوانە: هەریەک لە ناوەندی چاپوبڵاوکردنەوەی غورەبا-ئاوارەکان(Guraba-Yanyevi)و ڕێکخراوی غروبادەر(Gruba Der) دامەزراند، لە ڕێکخراوەکەدا، کە لە(چاغلی ئۆغلو لە ئەستەنبوڵ)دایە هەفتانە چوار ڕۆژ وانەی ئایینی دەخوێنرێت، جگە لەوەی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە چالاکی هەیەو، ئەندامی یەکییەتی زانایانی ئیسلامییە نوێنەری تورکیایە لەو

[https://sotor.com/%D9%85%D9%86_%D9%87%D9%88_%D8%A3%D8%A8%D9%88_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B3%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B4%D8%B9%D8%B1%D9%8A#.D9.85.D9.88.D9.84.D8.AF_.D9.88.D9.86.D8.B4.D8.A3.D8.A9_.D8.A3.D8.A8.D9.8A_.D8.A7.D9.84.D8.AD.D8.B3.D9.86_.D8.A7.D9.84.D8.A3.D8.B4.D8.B9.D8.B1.D9.8A](https://sotor.com/%D9%85%D9%86_%D9%87%D9%88_%D8%A3%D8%A8%D9%88_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B3%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B4%D8%B9%D8%B1%D9%8A#.D9.85.D9.88.D9.84.D8.AF_.D9.88.D9.86.D8.B4.D8.A3.D8.A9_.D8.A3.D8.A8.D9.8A_.D8.A7.D9.84.D8.AD.D8.B3.D9.86_.D8.A7.D9.84.D8.A3.D8.B4.D8.B9.D8.B1.D9.8A) ).

[1] مەزهەبی ماتوریدیە: ئەم مەزهەبە دەدرێتە پاڵ(محمدی کوڕی محمدی کوڕی محمود، بەناوبانگە بە باوکی مەنسوری ماتوریدی لە ماتورید، کە یەکێکە لە شارەکانی سەمەرقەند لەدایکبووە، لەسەردەمی معتەزلەدا زانستو زانیاریی وەرگرتووە بەتایبەتی لە نەسری کوڕی یەحیای بەڵخی زانستی وەرگرتووە، ماتورید هەوڵیداوە گونجاندن بکات لەنێوان بیری زانایانی فیقهو فەرموودە، کە بە مەزهەبی بیروباوەر(إعتقادی) ناسراوە، ماتورید زۆر لە مەزهەبی حەنەفیەوە نزیکە. ناوبراو لە(٨٨٠)کۆچی دوایی کرد). **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: الإمام محمد ابو زهرة: تاريخ المذاهب الاسلامية في السياسة والعقائد و تاريخ المذاهب الفقهية، دارالفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٦، ص١٧٦-١٧٨).**

[2] Damla taşdemir: Önce Kikaynak,Sayfa 32-34. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عیماد قەدورە: سەلەفیزم لە تورکیا، بەشی دووەم.

[4] Tahir dağcı: Selefi söylemin devlet anlayış (Palevi Örneği), Doktora tezi, Necmettin erbakan üniversitesi, sosyal bilmler enstitüsü, din sosyolojisi bilim dalı, Konya, 2019,sayfa 42.

یەکێتیەدا، کە بنکەی سەرەکی لە وڵاتی کووەیتە[1].

**٢-گرووپی ئاڵپئارسلان قەیتوڵ(Alparsalan Kuytul)[2]/ وقفی فورقان (Furkan Vakfi) :**

ئاڵپئارسلان کاتێک لە زانکۆی ئەزهەر سەرقاڵی خوێندن بووە لە(١٩٩٤)دا، وەقفی پەروەردەو خزمەتی فورقان(Furkan Eğitin ve Hezmet Vakfi) دادەمەزرێنێت[3]. ناوبراو گروپەکەی خۆی وەک گروپی رەبانی تەوحیدی دەناسێنێتو بەردەوام لە نووسینی رۆژنامەوانیو وانەو کۆنفرانسو ڤیدۆییەکانییدا جەخت لەسەر ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، لەگەڵ ئەمانەدا بەهەموو جۆرێک دژی چەکو سیستمی(دیموکراسی، دەستوور، یاسا، سیکۆلاریزم)ەو ئەو رێبازە فەرمانڕەواییەی، کە پەیڕەوی لەم شتانە دەکەن رەتیاندەکاتەوە. قەیتوڵ پێیوایە ئوممەتی ئیسلامی لەسەر ئەم بابەتە بەلارێدا براوە هەرلەم چوارچێوەیەدا دروشمی" لە جیهاندا، کە خودا دروستیکردووە، فەرمایشتی خودا پێویستە جێبەجێبکرێت"، بەردەوام دووبارەدەکاتەوە وەک دەستەواژەیەک ئەم گروپەی پێدەناسرێتەوە[4].

بە بڕوای قەیتوڵ بوونی پارتە سیاسییەکان، سیکۆلاریزم و دیموکراسیی لای موسڵمانان دەپارێزێت و دەیرازێنێتەوە ئەم بارودۆخە وایکردووە، کە گومان بکرێت لە راستیو دروستی حوکمو بڕیارەکانی ئیسلامو لەهەرکاتو شوێنێکدا نەتوانرێت جێبەجێبکرێت و لەهەرکاتێکدا بەسەر هەرکۆمەڵگەیەکدا جێبەجێنەکرێت. لێرەوە دەرگا کراوەتەوە بۆ تێکدانو لەقکردنی عەقیدەی موسڵمانان بە بڕوای قەیتوڵ موسڵمانان گوایا تێڕوانینێکی نوێیان بۆ سیکۆلاریزم و دیموکراسی هەیە خۆیانیان خەڵەتاندووە. بە بڕوای ناوبراو موسڵمانان دەیانەوێت دیموکراسی تەنیا بۆ ئازادی بردنەوەی هەڵبژاردنو گەیشتن بە دەسەڵات بەکاربهێنن، لەکاتێکدا لە سیستمی دیموکراسییدا تەنیا ئازادی رادەربڕین نییە، بەڵکو هەموو ئەو کارانەی بەپێی ئیسلام مەرامن لە دیموکراسیدا ئازادن ناکرێت موسڵمان ئەو کارانە پەسەند بکات، جگە لەوەی سیستمی دیموکراسیی ئایدیۆلۆجیایەکە ئەنجامی بیری مرۆڤە لەوە خراپتر ئەوکەسەی، کە فەرمانڕەوایەتی خوداو قورئان بەهەند وەرناگرێت لەکۆتاییدا پێیوادەبێت، کە دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی تایبەتە بە گەلەوەو کۆمەڵگە و سەرکردەکان بە پیرۆز دادەنێت، رەواج بە ئایدیۆلۆجیای بەندایەتی بۆ بەندە یاخود(کۆیلایەتی بۆ کۆیلە) دەدات ئەمە پەسەندکراو نییە. قەیتوڵ خۆی وەک دژێکی دیموکراسییو رژێمی فەرمانڕەوا لەو خاڵانەدا نیشاندەدات: ئەوانەی، کە سوێند بە دیموکراسییو سیکۆلاریزم دەخۆنو دەستبەکاری سیاسییو چالاکیی دەکەن، هەتاوەکو گەیشتنە سەر دەسەڵات لە بری قورئان، پشت بە بەرهەمێکی بیری مرۆڤ دەبەستن، کە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوە رەوایەتی بە سیستمێک دەدەن، کە بەپێی بنەماکانی ئیسلام

---

[1] https://www.guraba.com.tr/sayfa/hakkimizda وەرگیراوە لە: (٢٦) ی حوزیرانی(٢٠٢١

[2] ئاڵپئارسلان قەیتوڵ(Alparsalan Kuytul ) :(١٩٦٥) لە ئەدەنە لەدایکبووە دوای ئەوەی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی و ئامادەی و زانکۆی لە چوکورۆڤا( Çukurava Ünversites) خوێندوە و بەشی ئەندازیاری بیناسازی لە زانکۆی چوکورۆڤا لە (١٩٨٨)تەواوکردووە، لە هەمانساڵدا دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی برایان( Kardeşler Yayinevi) دادەمەزرێنێتو لە(١٩٩٢) لە زانکۆی ئەزهەر لە بەشی یاسای ئیسلامی خوێندووە.( **Emre kartal: Ortadoğu siyasetinde selefiliğin yeri, yüksek lisans tezi, gazi üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, Ortadoğu ve afrika çalışmaları bilim dalı, Ankara, 2018,sayfa 44.**).

[3] Aynikaynak, Sayfa 44.

[4] Seval Bal: Çağdaş islam düşüncesinde öz dönüş (yeni selefilik bağlamında), Yüksek lisans tezi, Dokuz eylül üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, Temel islam bilimleri bilim dalı, İzmir, 2019,sayfa 59.

نارەوانو پەسەند نییەو نابێت موسڵمانان لەڕێگەی حیزبایەتییەوە بۆ مۆدێرنەو ڕێبازێکی نوێ بانگبکرێت، ئەمە ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی، کە بگوترێت سیستمی فەرمانڕەوای لە ئێستادا کۆمەڵێک هەڵەی بچوکن تێیدا دەتوانرێت چاوپۆشی لێبکرێت بەمجۆرە دەبێت لە ڕەگەوە ڕێگری لە گۆڕانکارییە بنچینە زیانبەخشەکان بگیرێت[١].

لە چالاکییەکانی گروپی ئاڵپئارسلان قەیتوڵ، لە چەندین شارو شارۆچکەی تورکیادا لقی وەقفی فورقان کراوەتەوە، قەیتوڵ هەموو شەوانێکی هەینی لە بنکەی سەرەکیی وەقفی فورقان وانەی تەفسیرو وانەکانی دیکە دەڵێتەوە، لەگەڵ وانەکانی فەرموده و ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)، فیقهی، ئوسوڵ، زمانی عەرەبی، هەروەها بابەتەکانی راستی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، ئایدیۆلۆجیای مرۆڤایەتی، چەمکەکانی سەردەم و سیاسەتو دونیا...هتد قسە بۆ قوتابییەکانی دەکاتو زۆربەی ئەم وانانە لە سایتی تایبەت بەخۆیان دەتوانرێت ببینرێت، هەروەها قەیتوڵ گفتگۆی کراوە لەگەڵ گەنجانی زانکۆ ئەنجامدەداتو کۆڕوکۆبوونەوە ڕێکدەخات قسەبۆ خەڵکی دەکات لە مانگی ڕەمەزاندا خوان ڕێکدەخات و قسە بۆ بەشداربوان دەکات[٢].

تێبینی دەکرێت قەیتوڵ وتارە ئاینیو ئیسلامییەکانی وەک پشتگیرییەک بۆ وتاروبۆچوونە سیاسییەکانی بەکاردەهێنێت، لەگەڵ ئەوەدا بەکارهێنانی کۆمەڵێک دامەزراوەی مەدەنی، کە لە هەناوی سیستمی دیموکراسییەوە سەریانهەڵداوە بۆ مەبەستی گەیاندنی وتارو پەیامەکانی پێچەوانەو دژەیەکن لەگەڵ بۆچوونی قەیتوڵدا، کە بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە دیموکراسیی و پەسەندکردنی ڕژێمی دەوڵەت، لەم ڕوانگەیەوە لەکاتێکدا ڕەخنە لە سیستمی حیزبی سیاسی دەگرێت وەک پەرچەمێک و پارێزەری دیموکراسی، خۆشی لەڕێگەی ژمارەیەک وەقفو ڕێکخراوەوە بە ناڕاستەوخۆ بووەتە پارێزەرو درێژەپێدەری سیستمی دیموکراسی، هەروەها وەک سەرکردەیەک لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکی درێژە بە وتاری(دژە دەوڵەت)دەدات. قەیتوڵ گەیشتوەتە ئاستێک، کە بەرگری لەو کەسانە بکات، کە بەدرێژای مێژووی هاوچەرخی تورکیا هەڵگەڕانەوەی سەربازییو سیاسییان بەسەر حکومەتی هەڵبژێراوی ئەو وڵاتەدا ئەنجامداوە. قەیتوڵ بەناڕاستەوخۆ بە یەکێکە لە بەرگریکارانی بزاڤی خزمەتی گولەن دادەنرێت، لەبەرئەوەی قەیتوڵ پێیوایە بزاڤی خزمەتی گولەن وەک گروپێکی ئیسلامی هەوڵی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا دەداتو بەدەر لە پێوەرەکانی دیموکراسی تەنانەت، لە هەندێک بابەتدا دوژمنایەتی تورکیا بە باشتر دادەنێت لە خودی دەوڵەتی تورکیا[٣].

---

[1] Canıp Kocaoğlu: Selefilerin ortaya çıkışı ve bölgesel etkileri, Doktora tezi, Ukudağ Üniversitesi, sosyal bilimlwe enstitüsü, İslam tarihi bilim dalı, Bursa, 2020,sayfa 19.

[2] https://furkanvakfi.org/vakfimiz وەرگیراوە لە: ٢٦ی حوزیرانی ٢٠٢١.

[3] Tahir Dağcı: Önce Kikaynak,Sayfa 47.

### ٣- گروپی فەیزوڵڵا بیرشک(Feyzullah Birşik)[١]:

گروپی فەیزوڵڵا بیرشک، ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی نییەو لەسەر ڕەوتی سەلەفی وەهابی دەڕوات[٢]. سەرەتای دەرکەوتنی گرپەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، لە چالاکییەکانی گروپی فەیزوڵڵا نووسینی کتێبەکانی، کە لەڕێگەی ناوەندی چاپوبڵاوکردنەوەی کارنجاوپۆلین(Karinca ve Polen Yayinlar)بڵاودەکاتەوە، هەروەها لە ژمارەیەک سایتی ئینتەرنێتی هەواڵیدا نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە بە هۆکاری جیاواز کۆنفرانسو کۆڕو سیمینار سازدەکاتو سەرجەمییان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بەخۆی یاخود نزیک لە خۆیەوە بڵاودەکاتەوە[٣].

فەیزوڵڵا لەسەر ڕێرەوی سەلەفی–وەهابی درێژە بەکارەکانی دەداتو لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت، فەیزوڵڵا کەسێکی ڕووکەشبینە و تەنیا ڕووکاری کەسەکان و ڕووداوەکان دەبینێتو بێشیکاری ورد، لەلایەکی دیکەوە بە ڕەهای قسە دەکات دەربارەی زانستە ئیسلامییەکان بایەخ بە کولتوری هەزارساڵەی موسڵمانان نادات، هەروەها فەیزوڵڵا لە نووسینو کتێبەکانیدا هەوڵیداوە بیری سەلەفی لای خوێنەر جوان بکاتو وا لە خوێنەر بکات بیری سەلەفی پەسەندبکات[٤].

### ٤- گروپی خالص بایانجوک( Halis Bayncuk) / ئەبو خەنزڵە(Abu Hanzala )[٥]:

گرووپی  خالص بایانجوک: ئەم گرووپە کە بە گرووپی ئەبو خەنزەڵە ناسراون. ئەبو خەنزەلە نازناوی تایبەتی ڕابەری گرووپەکە خاڵص باینجوکە. پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی ڕودەکاتە میسر. بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵدا بەهۆی سەرقاڵبوونی بەردەوامی بە خوێندنی وانە ئیسلامییەکان و تێکەڵبوونی لەگەڵ گرووپە سەلەفییەکاندا نەتیوانی خوێندنەکەی تەواو بکات. لە(٢٠٠٦) گەڕاوەتەوە ئیستەنبوڵ و لەوێوە دەستی کردووە بە دەرس و وەعزی دینی، لە هەمانکاتدا لە ڕێگای سایتێکی ئینەتەرنێتی و گۆڤارێکەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوە. هەر لەهەمانساڵدا(٢٠٠٦) گرووپی ئەبو خەنزەڵە دامەزراندووە[٦].

---

[١] فەیزوڵڵا بیرشک(Feyzullah Birşik): (١٩٦٩)لە مەلاتیا(Malatya) لەدایکبووە، هەرلەوشارەدا خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی تەواوکردووە. ناوبراو لە (١٩٨٩)دا ڕوودەکاتە ئەستەنبوڵ، ماوەیەک سەرقاڵی کاری جوملەی قوماشفرۆشی بووەو پاشتر ناوەندی چاپوبڵاوکردنەوەی کارنجاوپۆلین(Karinca ve Polen Yayinlar)ی دامەزراند.) **Seval Bal: Önce Kikaynak,Sayfa 27.**).

[2] Emre Kartal : Önce Kikaynak,Sayfa 75.

[3] https://www.karinca.com.tr/. وەرگیراوە لە: ٢٥ی تەممووزی ٢٠٢١

[4] Canıp Kocaoğlu: Önce Kikaynak,Sayfa 66.

[٥] خالص بایانجوک(Halis Bayncuk): بە ئەبو خەنزڵە(Abu Hanzala)ە ناسراوە( ١٩٨٤)لە دیاربەکر(ئامەد/ Amed) لەدایکبووەو کوڕی حاجی بایانجوکە، کە یەکێک بووە لەسەرکردە دیارەکانی حیزبوڵڵا، خاڵص پاش تەواوکردنی ئامادەیی گوتاربێژی لە دیاربەکر، ڕوویکردوەتە میسرو ئەو زانستە زۆرەی، کە لە میسر بەدەستیهێناوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە خالص کاتی خۆی تەرخانکردووە بۆ خوێندنو شارەزابوون لە زانستە ئیسلامییەکان، هەرچەندە خالص خۆی بە ئەندامی هیچ پارتو ڕێکخراوێک دانانێت، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هاوسۆزی بۆ ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی وەک داعیشو قاعیدە لەلایەن دادگای پۆلیسەوە دەستبەسەرکراوە، لەکۆتاییدا دادگا سزای هەتاهەتای بەسەردا سەپاندووە. ( **Damla taşdemir: önce kikaynak,Sayfa 99).**

[6] https://biyografi.co/halis-bayancuk-ebu-hanzala/2990 .(٢٠٢١) وەرگیروە لە: (١٠)ی ئەیلولی

دیدوبۆچوونەکانی گروپی خالص بایانجوک، جیاواز لە بۆچوونی ڕەوتی تەقلیدی ئیسلامی خالص پەیوەندی ئایین و دەوڵەت وەک بابەتێکی ئیمانی و عەقیدی دەبینێت، بڕوای وایە، کە پێویستە بەزۆر ئیدارەیەکی ئایینی شەرعی لە کۆمەڵگەدا هەبێتو ئەم ئیدارەیە لەلایەن خەلیفەیەکەوە ڕابەرایەتی بکرێت. بەبڕوای خالص بەدەر لەم شێوازە هەموو شێوازەکانی دیکەی حوکمڕانی و ئیدارەی تاغوتیەتو شیرکە و دژی یەکتاپەرستی خوداوەندە جگە لەوە خاوەنی حوکمو فەرمان تەنیا خودایە ئەوکەسەی ئەم بۆچوونە پەسەندکات دەچێتە بازنەی کوفرەوە. خالص تەنیا بە تەکفیری کەسو تاکەکانەوە ناوەستێتو تاڕادەیەک بەرەو تەکفیری بە کۆمەڵ( تەکفیری جماعی) دەڕوات[1]. خالص دیموکراسی بەهەمانشێوەی یەهودیو بودیزم وەک ئایینێک دادەنێت، دەردەکەوێت ناوبراو ئایینی ئیسلامیی وەک کۆیەک لە بیروباوەڕ، بەندایەتی(عیبادەت)و ڕەوشتو مامەڵە دەبینێت، هەروەها دیموکراسیی بەهەمان پێوەر هەڵدەسەنگێنێت. خالص خیلافەت، دەوڵەتی ئیسلامی وەک پایەیەکی ئیمانی یاخود عیبادەتێکی فەرز تێدەگات، لەم چوارچێوەیەدا هەموو شێوازە دونیاییەکانی فەرمانڕەوای وەک ڕاگەیاندنی کوفر هەژماردەکاتو دیموکراسیی وەک ئایینێک و هەڵبژاردن و دەنگدان وەک پەرستشێکی(ئایینی دیموکراسیی) هەلدەسەنگێنێت بە بڕوای خالص دیموکراسی کوفرو کوفریش ڕازییە بە دیموکراسیی[2].

چالاکییەکانی گروپی خالص لەوانە: لەڕێگەی ئەو باڵەخانە تایبەتەی، کە لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا هەیەتی، هەروەها لەڕێگای گۆڤاری تەوحید(Tevhid Dergisi)، کە گۆڤارێکی مانگانەیە، ئەو مزگەوت و قوتابخانانەی بەناوی ڕیبات(Ribat) دەیکاتەوە، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندامو لایەنگرو پشتیوانی زیاتر دەدات، هەروەها لە سایتە ئینتەرنێتییەکاندا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڤیدۆ و سازدانی ڕیپۆرتاژ لە کۆڵانو شەقامەکانی تورکیادا درێژە بەکارو چالاکییەکانیان دەدەن[3]. هەرچەندە ئەم گروپە دامەزرێنەرکەی، کوردی دیاربەکرە، بەڵام خالص بیروبۆچوونەکانی بەتەنیا لە باکووری کوردستان سنوردار نەکردووە، بەڵکو بەگشتی بیروتێڕوانینەکانی وەک گروپێکی سەلەفی لەتەواوی تورکیادا پەرەپێداوە.

## ٥- گروپی کوڵ سەعدی یوکسڵ (Kul SadiYüksel)[4]:

گروپی یوکسەل لە (١٩٨٢) دامەزراوە، ئەم گروپە خاوەن تێڕوانینێکی ڕەهای سەلەفیەتە بەروونی پشتیوانی لە توندڕەوی سەلەفی دەکات، هەندێکجار خاوەن وتاری تەکفیرییە، یوکسڵ فەرمانڕەوایانی وڵاتانی ئیسلامی وەک بێباوەڕ و فریودەر وێنا دەکات. لە هزری یوکسڵدا لەسەرەوەی هەڕەمی

---

[1] Tahir Dağcı: Önce Kikaynak,Sayfa 56.

[2] Ayşe Öelik Sağır: Türkiye'de Günümüz Dini Köktenciliğinin İdeolojisi: Tevhid Dersleri Ve Selefiyye Siteleri Örneği, Yüksek Lisans Tezi, Marmara Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Din Sosyolojisi Bilim Dalı, İstanbul, 2013, Sayfa 105.

[3] Ayşe Öelik Sağır: Önce Kikaynak,Sayfa 84.

[4] کوڵ سەعدی یوکسڵ(Kul SadiYüksel): (١٩٥٧)لە گوندی کارا سەربە قەزای فارتۆ(Varto) لە پارێزگای موش(Muş) لەدایکبووە، ل (١٩٦٤)وە کۆچی کردووە بۆ قۆنیا لە(١٩٨٠) لە پەیمانگای قۆنیا بەشی زمانی تورکی خوێندووە، پاشان لە (١٩٨٢)وە ڕۆشتووە بۆ ئەستەنبوڵ لەوێ ماوەتەوە.( **Canıp Kocaoğlu: Önce Kikaynak,Sayfa 12**).

دەسەڵات و حوکمڕانیدا یەک کەس هەیە، کە بە( ئیمام (Imam) یاخود ئەمیر(Emir) ناوزەدی دەکات، ئیمام یاخود ئەمیر سەرکردەی هەموو موسڵمانان دەبێتو بەچواردەوریدا دامەزراوەی شورا دەبێت بوونی هەبێت بۆ راوێژپێکردنی ئەمیرو بەمجۆرە دامەزراوەکانی دەوڵەت ئیدارەی وڵات دەکەن. ئەم بۆچوونانەی یوکسڵ، لە دەرنجامی خوێندنەوەی راڤەیەتی بۆ ئەو ئەزموونانەی، کە لەماوەی حوکمڕانی موسڵماناندا لە کاتو شوێنە جیاوازەکاندا بۆی دروستبووە، هەتاوەکو گەشتووەتە ئەمڕۆ، لەمڕۆدا بەو جۆرەی باسیکردووە دەیەوێت حوکمڕانی وڵاتی موسڵمانان بکرێت. بە بڕوای یوکسڵ، ئایینی ئیسلام بریتییە لە فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەر(د.خ)، بەبێ تەئویلو راڤەکردنی جیاوازو پێچوپەناو دەرنجامی ئەم تێگەیشتنەی ئەوەیە، کە یوکسڵ ئیجماع، قیاسو ئیجتهاد وەک دەلیلێکی شەرعیو دروست نابینێت، جگە لەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە نابێت جگە لە قورئانو فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)، هیچ کتێبێکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامو ئیمان بخوێنرێتەوە[١]. وەک دیارە یوکسڵ خاوەن بۆچوونو وتارێکی توندی تەکفیرییەو هەرلەو روانگەیەوە فەرمانڕەوایانی وڵاتانی ئیسلامی رەخنەباران دەکات، جگە لەوە وەک لە گوتارەکانیەوە دەردەکەوێت گرنگترین بنەما یاخود بەشەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی و زانایانی، کە ئیجماع پەسەند ناکات و لێرەوە چاوپۆشی دەکات لەسەر ئەو بابەتو دیاردە نوێیانەی، کە بە گۆڕانی رۆژگار دێتە پێشەوە پێویستی بە حوکمی فەتوای نوێی زانایانی ئیسلامە ئەمە وادەکات چەندین کێشەی نوێ لە گۆمەڵگەی ئیسلامییدا سەرهەڵبدات، هەروەها یوکسڵ بە پەسەندنەکردنی دەلیلە سەرەکییەکانی ئیسلام لە ئجماع و قیاسو ئیجتهاد دەری دەخات، کە چەندین تێڕوانینی ئایینیو ئیسلامیی بۆ ژیان کۆمەڵگە لاوازەو بێ بنەمان، لەگەڵ ئەوەدا زەمینەی توندی لە فەرمانڕوایانی وڵاتانی ئیسلامییو رەتکردنەوەو تەکفیرکردنیان نیشاندەری توندڕەوی و هەڵنەکردنی یوکسڵە لەگەڵ رەوتی جیهادیو گەشەکردنی ژیاندا[٢].

**٦- گروپی محەمەد باڵجیئۆگلو(Mhemet Balcioğlu)/ ئەبو سەعید یارپوزی (Ebu Said Yarpuzi)**[٣]:

یارپوزی رێبازی ئەشعەریو ماتوریدی بە بیدعە تۆمەتبار دەکاتو تەنیا ئەو رێبازەی، کە خۆی لەسەریەتی بەراستو دروست دادەنێت، هەروەها رەخنە لە گروپە تەکفیرییەکان دەگرێت جگە لەوە لە بابەتێکی عیبادەتی وەک تەراویحدا پێیوایە، کە هەشت رکات زیاتر بیدعەیەو ئەگەر - بەهەڵە- نەبێت - نابێت وەک بابەتێکی عەقیدی روونکردنەوەی لەسەر بدرێت، بە پێچەوانەوە مرۆڤ دەکەوێتە دۆخێکو هەڵوێستێکی توندڕەوییەوە[٤]. یارپوزی لە ئاستێکی بچووکو کەمدا بایەخ بە خوێندنەوە دەدات، بەدەر لەوە جگە لە هەندێک بڵاوکراوەی ئینتەرنێتی هیچ بڵاوکراوەیەکی خولی بەردەوامو

---

[1] Mesut Özdil: Selefi Ideoloji ve Şiddetin Motivasyonları, Yüksek Lisans Tezi, Sakarya Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Sosyolojisi Bilim Dalı, Sakarya, 2016,Sayfa 73-75.

[2] Tahir Dağcı: Önce Kikaynak,Sayfa 167.

[٣] محەمەد باڵجیئۆگلو (Mhemet Balcioğlu)/ ئەبو سەعید یارپوزی(Ebu Said Yarpuzi): لە گوندی یارپوزی سەربە پارێزگای ئەنتالیا(Antalya) لەدایکبووە، هەرلەبەر ئەوە بە یارپوزی ناوبانگی دەرکردووە. یارپوزی سەربە هێڵی حەنبەلی سەلەفییەو سێ کتێبی بە ناونیشانی( نوێژ بەپێی قورئانو سوننە( Karan Sünnet göre Namaz)، پەیامی ئولوڤ(Uluv Rasalesi) حوکمی نەکردنی نوێژ( Namaz Terktmenin hükmü) چاپو بڵاوکردەوە.( **بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە : Ayşe Öelik Sağır: Önce Kikaynak,Sayfa 95).**

[4] Ceyda Bağcısofu: Önce Kikaynak,Sayfa 23.

ڤیدۆی نییەو بەگشتی لە شێوازی گفتوگۆدا هەوڵدەدات خەڵکی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە[١].

یارپوزی لەسەر هێڵی سەلەفییەو نزیکایەتی لەگەڵ زانایانی سعودییەو وڵاتانی کەنداو هەیەو، لەم روانگەیەوە بڕوای بە فەرمانو فەتوا رەهاکان هەیە، هەروەها لە بابەتی تەکفیریو تەوحیدا خاوەن هەمان وتاری وتاربێژانی سەلەفی وڵاتی سعودییەو وڵاتانی کەنداوە. هەروەک رێبەرانی سەلەفی یارپوزی قسەی لەسەر بابەتی تەکفیری یان نەکردنی ئەم گروپانە کردووە لەوانە: ئەوانەی نوێژ ناکەن، ئەوانەی، کە دەستدەکەن بەکاری نوێو داهێنان، شیعەکان،...هتد، یارپوزی پێوایە، کە پێویستە خۆ بەدوور بگرن لە تەکفیرکردنی ئەو گروپانە، هەروەها پێیوایە پێکهاتنی مەرجەکان لە کەسێکدا کە حوکمی کوفرو شیرک لەسەر بیروبۆچوونەکانیان بدرێت ئاسان نییە[٢].

**٧-گروپی محەمەد ئەمین ئاکن ( Mhemet Emin Akin)[٣]:**

محەمەد ئەمین لە(١٩٨٥)وە دوای ئەوەی دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی ژمارەیەک خەڵک لە دەوری کۆدەبنەوەو بەمەش گروپی محەمەد ئەمین ئاکن، دادەمەزرێنێت، محەمەد ئەمین لە بەرهەمەکانیدا بەگشتی لەسەر هێڵی ئەهلی سوننەتو سەلەفییەت دەڕوات، لەگەڵ ئەوەدا لە وتارەکانیدا شێوازێکی توندورەق بەکاردەهێنێت لە بابەتەکانی وەک: بڕوابوون بەوەی، کە رەجمی شەیتان فەرمانی خودایە، زیادبوونو کەمبوونی ئیمان، عەقڵ دەلیلێکی شەرعی نییە...هتد)، کە بۆچوونی جیاوازییان لەسەرە. محەمەد ئەمین لەگەڵ بۆچوونی گشتی دەربارەی ئەو بابەتانە نییەو پێچەوانەیە، هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات، کە هەندێک کەسی وەک ئیبن عەرەبی لە کەسانی ناو ئەهلی تەسەوف بەهۆی بۆچوونەکانیانەوە کافرن، تێگەیشتنی ئایینی محەمەد ئەمین بەگشتی لەسەر عەقیدەی سەلەفی رەنگڕێژبووە، هەروەها بە توندی رەخنە لە رێورەسمەکانی سەردانی گۆڕستانو شەوانی قەندیل دەگرێت(Kandil Geceleri)*، هەروەها پێیوایە، کە نابێت نوێژ لەسەر تەرمی ئافرەتانی بازرگانو خاوەنی ئەو بانقانە بکرێت، کە سوو وەردەگرن. محەمەد ئەمین لە بابەتی فەرمودەدا توندگیرو وەک کەسێکی ئەهلی فەرمودە دەردەکەوێتو پێیوایە بۆ دڵنیابوون لە راستو درووستی فەرمودە پێویستە لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا بەراورد بکرێتو یەک بگرێتەوە[٤].

چالاکییەکانی گروپی محەمەد ئەمین لەوانە لە چەندین ناوچەی جیاواز لەڕێگەی هەڵکەندنی بیری ئاو و دابەشکردنی خواردنو پێداویستیەکانی قوتابخانەو پەروەردەو رێکخستنی وانەو کۆنفرانس دەربارەی بابەتە جیاوازەکان هەوڵی بڵاوکردنەوەی رێبازەکەی خۆی دەدات، هەروەها لەگەڵ ئەو

---

[1] Emre Kartal: Önce Kikaynak,Sayfa 58.

[2] Tahir Dağcı: Önce Kikaynak,Sayfa 112-113.

[٣] محەمەد ئەمین ئاکن (Mhemet Emin Akin ): ١٩٥٤ لە ئاکسارای(Aksaray ) لەدایکبووە، ئامادەی تەکنیکی مەلاتیای تەواوکردووە، هەروەها بەشی ئەدەبیاتی لە زانکۆی قاهیرە تەواوکردووە لەهەمان زانکۆ ماستەری خوێندووە، لەوێ ئاشنابووە بە بەرپرسان و رێکخستنەکانی ئیخوان موسلمین، لە ٢٠٠٤دا بۆماوەی چوارساڵ زیندانیکراوە. ناوبراو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی دەزگای چاپوبڵاوکردنەوەی مەداریک(Medarik Yayinlar) چەند کتێبێکی نووسراو وەرگێراو گوتارو وانەی ئایینی هەیە. ( Seval Bal: Önce Kikaynak,Sayfa 45).

* شەوانی قەندیل وەک کولتوورێکە لەناو کۆمەڵگەی باکووری کوردستان پەیڕەوی لێدەکرێت لەماوە هەر ساڵێکدا چەند شەوێک بە شەوی قەندیل ناودەبرێت، کە ئەو شەوانە پیرۆزەو تیایدا یادێکی ئیسلامی بوونی هەیە وەک شەوانی بەرات و معراجی پێغەمبەر(د.خ). **( توێژەر).**

[4] Damla Taşdemir: Önce Kikaynak,Sayfa 99-102 . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

چالاکییاندا قورئانی پیرۆز بەسەر خەڵکدا دابەشدەکات ئەمانە دەتوانرێت لەسەر سایتی تایبەتی خۆی ببینرێت[1] .

محەمەد ئاکن، خاوەن تێگەیشتن‌و روانینێکی سەلەفییانەیە لەگەڵ ئەوەدا وەک لە وتارو وانەکانیدا دیارە خاوەن زانیاریگەلێکی پێویستی ئایینیە، کە ئاماژەبێت بە شارەزای ئەم پیاوە لەو بوارانەدا بەپێی توانای خۆیان هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیری سەلەفیەتدایە[2].

سەرجەم گروپە سەلەفییەکاندا کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە لەوانە:

١- بەشێکی زۆری گروپە سەلەفییە توندڕەوەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پەروەردەکراون بەتایبەتی لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی پیاوانی ئایینی عەرەبستانی سعودیەو وڵاتانی کەنداودان.

٢- بیروباوەڕی ئەم گروپانە لەسەر هێڵی سەلەفییەت دەڕوات لەگەڵ زانستو کولتوری کەلامدا پەیوەندییو سۆزیان نییەو زۆرێک لەم گروپانە دژایەتیو ململانێیان لەگەڵ رەوتی تەسەوفدا هەیە.

٣- جەختی زۆر لەسەر بابەتە رووکەشیو دەربڕینەکانی مرۆڤ دەکەنەوە بە رەهای دژی هەرجۆرە بیدعەیەکن. لەم روانگەیەوە جیاوازن لەگەڵ ئەو گروپانەی، کە بایەخ بە بابەتە فیقهییەکان دەدەن.

٤- لەبابەتی تەکفیرکردندا بە وردی بڕیاردەدەن‌و بەپێی بەرژەوەندییان کێیان بوێت تەکفیری دەکەن.

٥- چەند گروپێکی وەک(عەبدوڵڵا یوڵجو، یارپوزی)، زۆر بە توندی دژی تەوژمی دیموکراسییو سیکۆلاریزم‌و دەوڵەتدارین بەجۆرێک رژێمی تورکیا لە گروپەکانی وەک (خالص بایانجوک) مەیدانێکی ئاواڵا بۆ کاری توندوتیژی هەیەو شوێنکەوتوانیان بۆ ئەم مەبەستە هانداوە[3].

٦-بە بۆچوونی سەلەفییەکان، گوێڕایەڵکردنی خەلیفەکان فەرزەو بنەمایەکی بنەڕەتی شەریعەتی ئیسلامە، چونکە ئایین بەبێ کۆمەڵو بزاڤ جێبەجێ و پەیڕەوناکرێت، کۆمەڵو بزاڤیش بەبێ پێشەواو رابەر بەڕێوەناچێت، بەبێ گوێڕایەڵیکردنی فەرمانڕەواو پێشەوا، ئیدارەی کاروباری کۆمەڵگەیان بۆ ناکرێت، سەلەفییەکان هێندە پابەندن بە خەلیفەو دەسەڵاتداری موسڵمانانەوە زۆرجار بە پاشکۆی دەسەڵاتو خەمساردی و کەمتەرخەم بەرامبەر ستەمی دەسەڵات، تۆمەتبار دەکرێن، تەنیا لە دۆخێکدا سەلەفییەکان رێگادەدەن خەڵک بەهۆیەوە دژ بە دەسەڵات و سوڵتانی خۆیان بووەستنەوە، کاتێک سوڵتان کوفری ئاشکراو بێپێچ‌وپەناو روون دیار بخاتو توانای پێویست لەبەردەستدا بێت بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە کوفرکەرە بەجۆرێک گۆڕینی نەبێتە هۆکاری گۆبەن‌و پاشاگەردانی و رژانی خوێن[4].

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی تورکیادا هەندێک بە ترسەوە لە ئایندە دەڕوانن، ئەوان سەلەفییزم بە مەترسی بۆ سەر وڵاتەکەیان دەبینن هەندێک لەناوەندە ئەکادیمییەکان میراتی ئیسلامی عوسمانی تورکی، کە ئایینزای حەنەفیو ماتوردییەوە سەرچاوەی گرتووە بە بناغەی کرانەوەی تورکیا دەزانن، بەشێوەیەک تورکیا لەسەرجەم کۆمەڵگە موسڵمانەکانی دیکە جیادەکاتەوە، هەروەها هەندێکی دیکە لە تورکەکان سەلەفییزم بەسەرجەم رەوتەکانییەوە بە( بیرێکی سوک) لەکۆمەڵگەی تورکی ناودەبەن، ترسیان لەهەندێک هەوڵی حکومەت هەیە، کە شێوە ئاییندارى سەلەفییزم زاڵ بکات

---

[1] Canıp Kocaoğlu: Önce Kikaynak,Sayfa 81.
[2] Tahir Dağcı: Önce Kikaynak,Sayfa 156.
[3] Ayşe Öelik Sağır: Önce Kikaynak, Sayfa27-28.
[4] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: یاسین تەها محەمەد: س.پ،ل٧١-٧٢.

بەسەر شێوە ئایینداری حەنەفی، هەندێکی دیکە ئاکەپەی فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە بە بەرپرس دەزانن، چونکە ئەو دەسەڵاتە بەئامانجی سیاسی دەرگای والاکردووە بۆ گروپە سەلەفییەکان بەتایبەتی بۆ بەرنگاربوونەوەی هەژمونی ئێرانی شیعەگەر[1].

بە تێڕوانیین لە مێژووی سەلەفییزم، وێڕای ئەوەی حەوت گروپ لەتورکیادا بەگشتیو باکووری کوردستان بەتایبەتی بوونیان هەیەو بەشێک لە دامەزرێنەری ئەو گروپانە کوردنو لەناوچەکانی باکووری کوردستان لەدایکبوون، بەڵام ژمارەی سەلەفییەکان لەچەند هەزارێک تێناپەڕێت لەسەر ئاستی تورکیا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینە توندڕەوییە، کە سەلەفییەکان بانگەوازی بۆ دەکەن، کە زۆربەی کۆمەڵگە بیری توندڕەوی رەتدەکاتەوە، هەروەها دیدوبۆچوونەکانی سەلەفییەکان راڤەی سەلەفییزم بۆ ئیسلام لەناو کۆمەڵگەدا نەیتوانیوە برەو پەیدابکات. سەلەفییەکان لە تێڕوانینیان سەبارەت بە ماتوریدیو دیموکراسیو مافی مرۆڤ و بیدعەو توندڕەوی هەندێک لەو گروپانە لە تەکفیرکردنی کەسانی دەرەوەی گروپەکەیان و سەلەفییەت هەموو ئەمانە وایکردووە سەلەفییزم شوێنکەوتەی کەمبێت، لەلایەکی دیکەوە مێژووی دێرینی ئەو وڵاتە لەگەڵ سۆفیگەرییدا و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ماوەی چەندین سەدە لەسەر رێبازی سۆفیگەریی، کە پەیڕەوی لە مەزهەبی حەنەفی کردووە، ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاری دیکە وایکردووە رەوتی سەلەفی نەتوانێت بە ئاسانی کاریگەرییەکانی سۆفییزم لە کۆمەڵگەی تورکیادا بسڕێتەوە.

[1] عیماد قەدورە: سەلەفیزم لە تورکیا، بەشی سێیەم، ٢٠ی٩ی٢٠١٧، وەرگیراوە لە: ١٠ی حوزەیرانی٢٠٢٠، https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5211

# باسی سێیەم

## پارتو ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکەی باکووری کوردستان(١٩٨٣-٢٠٠٧)

لە باکووری کوردستان و تورکیادا جگە لە حیزبوڵڵاو ڕێبازە سۆفیگەریی و ڕەوتە سەلەفییەکان، چەند پارتو ڕێکخراوی دیکە هەن، بەڵام بەهۆی کەمی شوێنکەوتە یان نەمانی چالاکییان لە گۆڕەپانی سیاسییدا کەمتر باسکراون بە باشمانزانی لەم باسەدا تیشک بخەینەسەر ئەم پارتو ڕێکخراوانە.

### ١- تەوەری یەکەم: پارتی ئیسلامی کوردستان(پاک)( Partiy Islamiy Kurdistani/ PAK)

پارتی ئیسلامی کوردستان(پاک)*، لە ٢١ی تشرینی یەکەمی١٩٨٠ لەلایەن محەمەد صالح گابوری[١]و پێنج کەسایەتی دیکەوە لەکاتی ڕێوڕەسمی حەجداو لە مزگەوتێکی مونا، لە کۆبوونەوەیەکدا دامەزرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پرۆگرامی پارتەکە پەسەندکرا. هەرشەش کەسی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە واژۆیان لەسەر ئەو پەیڕەوپرۆگرامەی، کە بۆ حیزبەکەیان دایانڕشتبوو کرد، ئەو ڕۆژەش بووە ڕۆژی دامەزراندنی پارتەکە[٢]. دیارترین کەسایەتی پاک، کزب شوتی، بووە پێیوایە پاڵنەری سەرەکیی لە دامەزراندنی پاک دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕەوتێکی ئیسلامی، هۆکاربوو بۆ ئەوەی کاربکەن بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی بۆ کوردەکان لەبەردەم تەواوی موسڵمانانداو بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بەدیهێنانی خەونەکانییان ئەم پارتەیان دامەزراند[٣].

بەرنامەو ئامانجی پاک، چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لەڕوانگەی ئیسلامەوە. بەرنامەیان پێیوایە گەلی کوردی موسڵمان بەشێکە لەگەلانی موسڵمانو پێویستە کیانێکی سیاسی سەربەخۆی هەبێتو لەگەڵ حکومەتە ئیسلامییەکاندا پەیوەندی دۆستانەی هەبێت، هەروەها زمانی کوردی زمانی فەرمی بێتو نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان لە کوردستاندا یەکسان تەماشابکرێن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەموو ڕێگایەکی لۆژیکی بەهەند دەزانرێت. لەم پێناوەدا وتەبێژی پاک، ئەجون

---

* لە بری پارتی ئیسلامیی کوردستان کورتکراوەی(پاک) لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە.

[١] محمد صالح گابوری: کوڕی مەلا عەلی خان کوڕی مستەفا گابورییە، لە گوندی جولی سەر بە عامودە(Amuda) لە (١٩٣٧)لەدایکبووە. ناوبراو خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان خوێندووە، پاشان قۆناغەکانی دیکەی لە دیمەشق تەواوکردووە، بڕوانامەی شەریعەی لە کۆلێژی شەریعەی دیمەشق بەدەستهێناوە. گابوری هەردوو بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لە زانکۆی ئەزهەر لە میسر بەدەستهێناوە، لە(١٩٦٧)وە ڕوویکردووەتە سعودیەو لە زانکۆی ئیمام محەمەد وانەی گوتووەتەوە. ناوبراو بووە بە پرۆفیسۆر لە کۆلێژی ئایینیو شەریعەت و سەرپەرشتی چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرای لە بواری قورئانو زانستە شەرعییەکاندا کردووە. گابوری لە(١٩٩٥) چووەتە ئەڵمانیاو یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی جیهانی ئیسلامییو پارتی ئیسلامی کوردستان(پاک)ی دامەزراندو خاوەنی چەندین بەرهەمە لەوانە: زنجیرەیەک کتێب سەبارەت بە چەمکو ناوی خودا، لێکدانەوەی سورەتی ڕەعد، بنچینەی یەکتاپەرستی ...هتد .ناوبراو لە ڕۆژی چوارشەمە(٢٠)ی ئەیلولی(٢٠١٧)لە مەککە کۆچی دوایی کرد.( **بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عمر العبسو: الشيخ الداعية الدكتور محمد صالح مصطفى كابوري ، رئيس الحزب الاسلامي الكردستاني، (١٩٣٧-٢٠١٧)، ٢٨أيلول ٢٠١٧، وەرگیراوە لە (٣)ی شوباتی (٢٠٢٢)**، http://www.odabasham.net/%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D8%AC%D9%85/97963- ) .

[٢] عمر العبسو: م.س.

[٣] فادي محمود صبري صيدم: المعارضة السياسية في تركيا(الإسلاميون نموذجا)، في فترة ١٩٩٦ -٢٠٠٧، مقدمة لكلية الاداب في دراسات الشرق الاوسط، جامعة الازهر - غزة، سنة دراسة ماجستر دراسات الشرق الأوسط، السنة الجامعة ٢٠١٢، ص٤٤.

دەڵێت:"بڕیارماندا بەنهێنی باڵی سەربازی بەناوی(سوپای رزگاری کوردستان) دابمەزرێنین‌و رۆژنامەی (دەنگی نیشتمان) وەک ئۆرگانی فەرمیمان دەربکەین"[1].

پاک چوار کۆنگرەی تایبەتی لەدەرەوەی کوردستان بەست‌و لەکۆتا کۆنگرەیدا بنەمای سەرەکیی‌و سیستمی ناوخۆی بۆ پارتەکە داناو لە بنەماکاندا هاتووە:"جیهاد جێبەجێ ناکرێت، تەنیا لە حاڵەتی بەرگریکردن لەخۆدا نەبێت، زانست‌و فێربوون مافی هەموانە، پێویستە ژن‌و پیاو لە مافدا یەکسانبن‌و، هەرچی پرسە ئابوورییەکانە بەپێی رێنماییەکانی ئیسلام چارەسەر بکرێت، خێزانی باش‌و چاکەخواز بنیاتی کۆمەڵگەیە...هتد"[2]. لە کۆنگرەی یەکەمدا گابوری بە سکرتێری گشتی پارتەکە هەڵبژێراوە، پاشان لە خولی دووەمدا جارێکی دیکە هەڵبژێراوەتەوە. بۆ خولی سێیەم هەریەک لە عومەر غەریب‌و ئیین جوزی هەڵبژێراون، پاشان جارێکی دیکە گابوری هەڵبژێراوەتەوە بۆ سکرتێری گشتی پاک، بەڵام ناوبراو بەهۆی نەخۆشیەوە وازی لە سکرتێری هێناوە[3].

پاک بڕیاریدا گۆڤارێک بەناوی جودی[4]، وەک زمانحاڵی فەرمی پارتەکە بەهەرسێ زمانەکانی عەرەبی، کوردیی‌و تورکی بڵاوبکاتەوە، لە گرنگترین کەسایەتییە دیارەکانی پاک، گوتارو بابەتیان لەم گۆڤارەدا بڵاودەکردەوە لەوانە گابوری سکرتێری گشتی پارتەکەو م. کوردی لە سودان، م. کزب شوتی، لە تورکیا و ئەسروان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەمانە جەختیاندەکردەوە لەسەر پرسی کورد. پاک، پارتێکی کوردی ئیسلامی سەربە مەزهەبی شافیعی بوو، پارتێکی ناسیۆنالیستی نەبوو، بەڵکو ئامانجی بوو لە ناوچەکانی کوردستاندا دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێت، لە فەرمانڕەوایکردن‌و سەرجەم بوارەکانی سیاسیی‌و ئابووری و کۆمەڵایەتییدا ئایینی ئیسلام جێبەجێ بکات[5].

پاک لەلایەن رژێمی تورکیاوە وەک پارتێکی تیرۆریستی و نایاسایی تەماشا دەکرا، هاوکات پارت و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی تورکیش دژی بوون، بەتایبەت (رەفاه) نەیاری سەرسەختی بوو، چونکە گرنگی بە پرسی کورد دەدا لە تورکیادا. پاک لە ماوەیەکی کەمدا لە زۆربەی پارێزگاکانی کوردستان رێکخستنەکانی بڵاوبوونەوە هاوکات لەدەرەوە بەتایبەتی لە ئەڵمانیا راگەیاندنی پەرەپێدا. ئەم پارتە لەروی دارایی‌و کۆمەڵایەتی‌و مادديیەوە لەلایەن وڵاتانی عەرەبی‌و سعودییەوە هاوکاری دەکراو

---

[1] وەرگیراوە لە: ماجید خەلیل فەتاح: رێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان ١٩٦٠ –١٩٨٠، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٣٢-٣٣٣.

[2] فادي محمود صبري صيدم: م.س، ص٤٤.

[3] عمر العبسو:م.س.

[4] گۆڤاری جودی وەک زمانحاڵی پاک، ناوەڕوەکی زیاتر جەخت لەسەر پرسە ئایینییەکان‌و هەواڵەکانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە پەیوەندیی‌و چالاکییەکانی پاک دەکاتەوە لەگەڵ پارتە ئیسلامییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها باس لە کەساییەتیە دیارەکانی کورد و ئیسلام دەکاتەوە لەوانە نورسی، لەلایەکی دیکەوە پرسی کورد لەڕوانگەی ئیسلامییەوە لێکدەداتەوە.**( بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: جودی، ١، السنة ١٠، مجلة شهرية تصدرها اللجنة الاعلامية في بارتيا اسلاميا كوردستاني(دورية مؤقتة)، عدد خاص بمناسبة قيام المؤتمر الاسلامي الأول عن القضية الكردية، المحرم ١٤١١هجري).**

[5] أعداد الندوة العالمية للشباب الاسلامي: الحزب الاسلامي الكردستاني، وەرگیراوە لە: ٣ی شوباتی٢٠٢٢ http://www.saaid.net/feraq/mthahb/14.htm?fbclid=IwAR2YJR8t9sXuo_RS415eoB1RweTmjsBTEZ-6yzG-zfj2_uHxM_DmJEp9NKI

هەندێک لە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانە کۆمەکی گەورەیان دەکرد بۆ نمونە کۆمپانیای(البرکە) لە ئورفەو دامەزراوەی(الفصیلە المالیە)، یارمەتی زۆریان پێشکەشکردو هاوکات هەوڵیاندەدا بە یارمەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆیان ڕێکبخەن[1].

پاک لە یەکەم کۆنگرەی ئیسلامی لە ئەڵمانیا سەبارەت بە پرسی کورد بەشداریکرد، چەند بابەتێکی خستەڕوو لەوانە: نەبوونی ڕێبەرێکی بزووتنەوەی ئیسلامی، کە نوێنەرایەتی راستەقینەی کورد بکات لە ناوچەکەدا، سەرەڕای ئەوە ئەم کۆنگرانە گرنگن، کە کورد بانگهێشت دەکرێن پێویستە ئامادەبن، پیرۆزبای لە جیهانی ئیسلامیی و ئایینەکانی دیکە کرد بەهۆی رووخانی یەکێتی سۆڤییەت، کە دژایەتی ئیسلامو ئایینەکانی دیکەی دەکرد، پاک جارێکی دیکە سوپاسی بەڕێوبەرانی یەکەمین کۆنگرەی ئیسلامی کرد سەبارەت بە پرسی کورد خستنەڕووی تێڕوانیین بۆ ئەو پرسە لە روانگەی ئیسلامییانەوە[2].

پاک پاش ئەوەی وەک هەر پارتەکانی دیکەی کوردی و ئیسلامیی ئەندامەکانی رووبەڕوی گرتنو راودونان بوونەوە بەسەدان ئەندامیان لە گرتووخانەکانی سوریاو تورکیادا ئەشکەنجە دران و لە سێدارە دران[3]. دواجار پارتەکە نەیتوانی لە تورکیادا و بەتایبەتی لە باکووری کوردستان درێژە بەکاروچالاکییەکانی بدات، هەربۆیە ئامانجەکانی تەنیا بانگەشەیەکی تیۆری بوون لەبەرئەوە بانگەشەکەرانی وڵاتیان بەجێهێشتو دواجار روویان لە ئەوروپا کرد[4].

### ٢- تەوەری دووەم: ڕێکخراوە توندڕەوەکان(رادیکاڵییەکان):

### ١- ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی (Islami Hareket Örğütü / IHÖ):

ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری باتمان لە(١٩٨٧) بە ڕێبەرایەتی عرفان چاغرجی (Irfan Çağrici)، دامەزرا. عرفان چاغرجی بەتوندی کاریگەربوو بە شۆڕشی گەلانی ئێران(١٩٧٩)، پاش خوێندنی زمانی فارسی لە زانکۆی ئەستەنبوڵ لە بەهاری(١٩٨٢) رووودەکاتە تاران بۆ ئەزموونکردنی راستەوخۆی شۆڕش لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ، چاغرجیو ژمارەیەک لە گەنجە توندڕەوەکانی دیکە، ڕێکخراوێکی چەکدارییان دامەزراند بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی ئیسلامیی لە تورکیا. لە کۆتایی (١٩٨٣) ئەم گروپە لە ئەستەنبوڵ بۆ کۆکردنەوەی دارایی زنجیرەیەک چالاکیی، کە زۆربەیان کاری تاڵانی بوون، جێبەجێکرد. کاتێک هەڵمەتێکی شکستخواردوو بۆسەر دوکانێکی زێڕ لەناوەڕاستی ئەستەنبوڵ لە کۆتایی(١٩٨٤)بووەهۆی دەستگیرکردنی زۆرینەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە، چاغرجی هەڵهات بۆ ئێرانو بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئێران مایەوە. ناوبراو بە زۆری لە تاران راهێنانی سیاسییو سەربازیی وەردەگرت لە(١٩٨٧) بە پاسپۆرتی ئێرانی گەڕایەوە تورکیاو لە شاری باتمان نیشتەجێ بوو، لە باتمان ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئەندامانی ناوچەی گروپی گفتوگۆی توندڕەوی ئیسلامی دامەزراند[5]. ئامانجی کۆتایی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو لەسەر بنەمای شەریعەت - بۆ بەدیهێنانی ئەمە پلانێکی

---

[1] ماجید خەلیل فەتاح: ڕێکخستنە سیاسییەکان، ل٣٣٣.

[2] توصیات الحزب الاسلامیي الکردستاني للمؤتمر الإسلامیي الأول عن القضیة الکردیة، مجلة جودی،١، السنة١٠، ص٤.

[3] د. عوسمان عەلی: س.پ، ل٤٦٦-٤٦٧.

[4] ماجید خەلیل فەتاح: ڕێکخستنە سیاسییەکان، ل٣٣٣-٣٣٤.

[5] Gareth Jenkins: Op.Cit,P.195-196.

دەساڵەیان دانا بە سێ قۆناغ( قۆناغی یەکەم: دروستکردنی کادیری بنەڕەتی لە موجاهیدان(ماوەی سێ بۆ چوارساڵ دەخایەنێت، قۆناغی دووەم: ململانێی چەکداریی لەنێوان دامەزراوەی سیکۆلارو هێزی ئیسلام(هەتاوەکو ساڵی نۆیەم دەخایەنێت، قۆناغی سێیەم: دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی(کۆتایی ساڵی دەیەم)). سێ ساڵی پاشتر چاغرجی جەختدەکاتەوە لەسەر سەربازیکردنی چەکداریی گونجاو بوو، کە زۆرینەی ناردن بۆ ئێران بۆ راهێنان. ژمارەی باوەڕپێکراو نییە سەبارەت بە ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی، سەرەڕای ئەوەی وادەردەکەوێت ژمارەی گشتی چل بۆپەنجا چەکداری تێنەپەڕاندووە. بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵەیەکی گشتی هەبوو، کە دەستەیەکی راوێژکاری لە دە کەس هەڵدەبژارد، یان(ئەنجومەن)ی ناونابوو، کە لەژێردەستی لیژنەیەکی جێبەجێکاردا بوو، لە چوارکەس پێکهاتبوو، کە بەرپرسیاربوو لە تیمەکانی ئۆپەراسیۆن، کرپاران‌و تەکنیکی لەگەڵ ئەوەدا لەلایەن کرداریەوە بزووتنەوەی ئیسلامی لەژێر کۆنترۆڵی خودی چاغرجی بوو. چاغرجی باڵی سیاسی نەبوو، چالاکیی ستراتیژییەتی چاغرجی خۆی لە هەوڵدان بۆ بەرنگاربوونەوەی ئیسلامییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەکەی‌و سیکۆلار دەبینییەوە لەرێگەی جێبەجێکردنی زنجیرەیەک غافلکوژی دیار لە(١٩٩٠)چاغرجی بڕیاریدا تێکۆشانی چەکداریی لە ئەستەنبوڵ دەستپێبکات وادەردەکەوێت واحسابکرابێت، ئۆپەراسیۆن‌و چالاکیی لە گەورەترین شاری تورکیادا کاریگەری گەورەتری دەبێت لە هەرشتێک، کە لە شاری باتماندا رووبدات[1].

چاغرجی لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکانی پەرەپێداوە، پارەو دارایی‌و چەکی لە ئێران وەردەگرت. ناوبراو پەیوەندییەکانی پەرەپێدا لەگەڵ هەردوو گرووپی رکەبەر لە دەزگای هەواڵگری ئێران لە تورکیا، چاغرجی دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا دانیشتنی رێکخراوەیی هەبوو لەگەڵ نوێنەری گرووپی یەکەم، کە ناسراو بوو بەناوی ئەحمەد کەریمی، لەگەڵ ئەوەدا پشتی بە گرووپی دووەم دەبەست، کە ناسراوبوو بەناوی گرووپی رەزایی بۆ هێنانی چەک‌و تەقەمەنی بۆ رێکخراوەکە[2].

لەگەڵ ئەوەدا، ئەحمەد کەریمی، چەندین جار هۆشداری دابوو بە عیرفان چاغرجی، کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ گرووپی رەزایی بپچڕێنێت، بەو بیانووەی ناتوانرێت باوەڕی پێبکرێت. بەڵام چاغرجی لەترسی ئەوەی یارمەتی چەک و تفاقی لەدەسبچێت دوودڵ بوو[3].

چاغرجی‌و ئەحمەد کەریمی بڕیاریاندا چەتین ئمیچ(Çetin Emeç(١٩٣٥-١٩٩٠))کە کەسێکی سیکۆلار و نووسەری دیاری ستونی ڕۆژنامەی حوریەت(Hürriyet)ی ڕۆژانە بوو، غافلکوژ بکەن، لە بەرەبەیانی(٧)ی مارسی(١٩٩٠)، چاغرجی و دوو چەکداری دیکە بەناوی موزەفەر دالماز(Muzaffer Dalmaz) و تامر ئەسلان(Tamer Aslan)، بەرەو ماڵی چەتین ئمیچ لە سوادیە(Suadiye)، کە یەکێک لە گەڕەکەکانی ئەستەنبوڵ بوو ڕۆشتن، کاتێک چەتین ئمیچ لە ماڵەکەی هاتەدەرەوە بۆ سەر ئیشەکەی بڕوات، ئاگرباران کراو لەلایەن چاغرجی یەوە کوژرا. سنان ئەرکان(Sinan Ercan)، کە شۆفێرەکەی چەتین ئمیچ بوو هەوڵیدا بەپێ هەڵبێت، بەڵام موزەفەر دالماز بە گوللە کوشتی، هەروەها لە هاوینی(١٩٩٠)دا، چاغرجی بڕیاریدا نووسەر و رۆژنامەنووسێکی

---

[1]Gareth Jenkins: Op.Cit, P. 196.

[2] İslami Hareket'e bir idam, 4 , Güncelleme: 21:00 TS 24 Tem., 2000, http://arsiv.ntv.com.tr/news/19613.asp . وەرگیراوە لە( ٣١)ی کانونی دووەمی(٢٠٢٢).

[3] Gareth Jenkins: Op.Cit,p.196.

دیکەی سیکۆلار بکوژێت. ئەویش توران دورسون– Turan Dursun (١٩٣٤–١٩٩٠) بوو. دورسون پێشتر ئیمام بووە، دەستی لەکارکێشابووەوە دوای ئەوەی درکی بەوە کردبوو ئیدی باوەڕی بە ئیسلام نەماوە، روویکردبووە کارێکی نوێ، کە نووسین و پێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی دەربارەی بابەت ئاینییەکان. دوای چەند مانگ لە چاودێریی، لەلایەن موزەفەر دالمازەوە لە ٤ی ئەیلولی(١٩٩٠) تەقەی لێکراو کوژرا، کە چاغرجی وەک چاودێر خزمەتی دالمازی دەکرد[1]. لەمیانەی ئەو چالاکییەدا پۆلیسی تورکیا هەستی بە مەترسییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیو خودی چاغرجی کرد، هەربۆیە کەوتە هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی ناوبراو ئەندامانی دیکەی رێکخراوەکە، بەتایبەتی دوای ئەم دوو کردەوە غافڵکوژییە[2]، کێشەی بۆ چاغرجی لەگەڵ سپۆنسەرە ئێرانییەکانی دروستکرد. هەریەک لە ئەحمەد کەریمی رازیی، بەرامبەر غافڵکوژکردنی چەتین ئمیچ خەڵاتێکی بەبڕی دەهەزار دۆلار بە چاغرجی دا، بەڵام پلانی غافڵکوژکردنی دورسونی بە ئەحمەد کەریمی نەوتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، گروپی رەزایی لە هیچ یەک لەو غافڵکوژکردنانە ئاگادار نەکردبووەوە و گروپی ڕەزایی کاتێک زانییان ئەو چەکانەی دراوە بە چاغرجی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی کوشتن بەکارهێنراون، تووڕەبوون، هەربۆیە چاغرجی ناچارکرا ئەو چەکانە بگەڕێنێتەوە، هەروەها هۆشداری پێدرا لەوەی هەندێک لەوچەکدارە تورکانەی لە ئێران ڕاهێنانیان پێدەکرێت و لە ئێرانن رێگەیان پێنادرێت بگەڕێنەوە تورکیا[3].

لە کۆتاییەکانی(١٩٩٠)دا، دابەشبوون لەناو بزوتنەوەی ئیسلامییدا دەرکەوت، ژمارەیەک لە چەکداران لە رەفتاری تاکرەوی چاغرجی توڕەبوون و پێیان باشبوو پرۆسەی تاڵانی ئەنجام بدەن باشتر لەوەی ئۆپەراسیۆن ئەنجامبدەن، کە ببێتەهۆی خێراکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دابەشبوون لە کانونی دووەمی(١٩٩٣)دا قووڵبووەوە، کاتێک پۆلیس لێکۆڵینەوەی کرد لە زنجیرەیەک لە دزینی ئۆتۆمبێل لەسەردەستی ئەوانەی دەوترا باندی تاوانبارن، پۆلیس دەستیگرت بەسەر شوێنێکی چەک و تەقینەوەو بەڵگەنامە لەماڵێکی پارێزراوی رێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە لە کوچوکیالی(Küçükyalı)، دەرەوەی ئەستەنبوڵ. دوای ئەمە پۆلیس هەڵیکوتایە سەر چەند ماڵی دیکە، ئەمە چەکدارانی ناچارکرد بڵاوەبکەن و خێرا هەڵوەشێنەوە[4].

بزووتنەوەی ئیسلامی بەدرێژایی ئەو ماوەی ساڵی( ١٩٩٠ )مابوو لەگەڵ زۆربەی(١٩٩١)، خۆی لادا لە چالاکی گەورە. سەرەڕای ئەوە بەردەوامبوو لە کۆکردنەوەی دارایی لەڕێگەی تاڵانیو دزینی ئۆتۆمۆبیل، لە (١١)ی ئەیلولی (١٩٩١)، بزووتنەوەی ئیسلامی بۆمبێکی چێنراوی بەکارهێنا بۆ کوشتنی بەشداربووانی رێورەسمی یادی ساڵانە لەسەر گۆڕی سیدات سیماڤی–Sedat Simavi (١٨٩٨–١٩٥٣) دامەزرێنەری رۆژنامەی حورییەت، لە بیکۆز لەسەر کەناری ئاسیای ئەستەنبوڵ. لەگەڵ ئەوەدا بۆمبەکە پێش چەند کاتژمێر لە دەسپێکردنی رێورەسمەکە تەقییەوەو تەنیا زیانی ماددی لێکەوتەوە[5].

لە ئایاری(١٩٩٢)هەڵیکدرا بە چاغرجی بۆ دووبارە نزیکبوونەوە لەگەڵ ئێرانییەکان کاتێ: دوو ئێرانی لە گروپی ئەحمەد کەریمی سەردانی چاغرجییان کرد. ئەوان داوای یارمەتییان لە رێکخراوی

---

[1] Gareth Jenkins: Op.Cit, P. 196-197.
[2] İslami Hareket'e Bir Idam : Önce Kikaynak.
[3] Gareth Jenkins: Op.Cit,P.197.
[4]Ibid, P.197-198.
[5]Gareth Jenkins: Op.Cit,P.197.

بزووتنەوەی ئیسلامی کرد لە پرۆسەیەک، کە پلانیان بۆ دانابوو دژی ئەندامانی گروپە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان لە تورکیا. هەرچۆنێک بێت چاغرجی رازیی بوو بەمەرجی ئەوەی بەرامبەر بە هەوڵەکانی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی پارەی پێبدرێت. لە حوزەیرانی(١٩٩٢)دا، ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆمبی لەژێر دوو ئۆتۆمبیلی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دانا، کە لە دوورەوە کۆنترۆڵی دەکرا لە گەڕەک شیشلی(Şişli) لە ناوەڕاستی ئەستەنبوڵ، بەڵام هەردوو بۆمبەکە لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە ئاشکراکراو تەقێندرایەوە. لەگەڵ ئەوەدا، تیمێک بە سەرکردایەتی چاغرجی سەرکەوتووبوون لە رفاندنی عەلی ئەکبەر قوربانی یەکێک لە سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکان، بردرا بۆ کۆشکێک لە شارۆچکەی یالوڤا(Yalova) لەسەر کەناری دەریای مەڕمەڕە و رادەست بە پیاوانی دەزگای هەواڵگریی ئێرانییەکان کرا. ئێرانییەکان هەستان بە لێپرسینەوەی عەلی ئەکبەر قوربانی و ئەشکەنجەدانی بۆ ماوەی دەرۆژ پێش ئەوەی هەڵیواسن(لەداری بدەن)، دواتر تیمێکی سێ کەسی لە چەکدارانی بزووتنەوەی ئیسلامی هەستان بە شاردنەوەی تەرمەکەی لە باخێکی نزیک لە ناوچەکە[1].

سەرەڕای ئەوە ئەندامان بەردەوام بوون لە جێبەجێکردنی پرۆسەی تاڵانی، بەڵام غافڵکوژکردن ئەنجام نەدەدرا. پلە بەپلە پۆلیس لێکۆڵینەوەی کرد وئەندامانی ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی دەستگیرکرد، دواجار گەیشتە لوتکە بە دەستبەسەرکردنی چاغرجی لە (٢) ئازاری (١٩٩٦)[2]. چاغرجی لە(٢٤)ی تەمموزی(٢٠٠٠) دادگای کرا بەچەند تۆمەتێک لەوانە:( کوشتنی چەتین ئیمچ و توران دورسون، عەلی ئەکبەر قوربانیو، هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕینی فەرمانی دەستووری لە خاڵی چەکدا، ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکاری ڕێکخراوی بزووتنەوە ئیسلامییە نایاسایییەکان، کە چەندین تاوانی کوشتنو بۆمبارانی ئەنجامداوە...هتد)، دواجار فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، پاشان سزاکەی کەمکرایەوە بۆ زیندانی هەتاهەتاییو، ئەندامە دیارەکانی دیکەی بزووتنەوەی ئیسلامی وەک(عەبدولڕەحیم ئاکسۆی، نازلی بەیتەپ، سەید ئینگین، حەبیب یەلدز...هتد)، بەتۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی نایاسایی توندڕەو بەچەند ساڵێک زیندانی سزادران، ئیدی لەم کاتە بەدواوە ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی بە کرداریی بوونی نەما[3].

هەرچەندە چاغرجی بزووتنەوەکەی لە باتمانی باکووری کوردستان دامەزراند، بەڵام ناوبراو ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بوو، هەربۆیە لە باتمان نەمایەوە چالاکییەکانی گواستەوە بۆ ئەستەنبوڵ وەک شارێکی گەورە و بەو ئومێدەی لە داهاتوودا بیکاتە پایتەختی دەوڵەتە ئیسلامییەکەی، چاغرجی بە پشتیوانی ئێران هەوڵیدەدا هەمان دەوڵەتی ئیسلامی لە تورکیادا بنیات بنێت، بەڵام دواجار بزووتنەوەی ئیسلامی نەیتوانی ئامانجەکانی بهێنەتەدی بەهۆی ئەوەی چاغرجی لە باکووری کوردستان نەیتوانی پشتیوانی بۆ ڕێکخراوەکەی بەدەستبهێنێت، چونکە شارەکانی باکووری کوردستان بەهۆی ئەو پێشینەی، کە لە رابردوودا هەیەتی لە ئیسلامی میانڕە لەسەردەستی نورسیو سۆفیگەری لەسەردەستی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان، زەمینەیەکی لەبارنەبوو بۆ گرتنەخۆی ڕێکخراوی ئیسلامی توندڕەو، لەلایەکی دیکەوە، کارە توندوتیژی و غافڵکوژییەکانی لە تورکیا و،

---

1 Gareth Jenkins: Op.Cit, P. 197.
2Ibid, P.197-198.
3 Islami Hareket'e Bir Idam : Önce Kikaynak.

سەرهەڵدانی کێشە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوەکە، بزووتنەوەی ئیسلامی دواجار نەیتوانی بمنێتەوەو بەرەو پوکانەوەو لەناوچون ڕۆیشت.

**٢- ڕێکخراوی سەربازانی قودس(Kudüs Savaşcıları):**

یەکێکی دیکە لە ڕێکخراوە توندڕەوەکان، (ڕێکخراوی سەربازانی قودس)ە لە(١٩٩٩) وەک ڕێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامیی نهێنی دامەزراوە. دوای ئاشکرابوونی ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییانەی وەک تیرۆر و نهێنی ریزبەندکرابوون ئێران لەپشتیانەوە وەستابوو بە ئامانجی گۆڕینی سیستمی دەسەڵات لە تورکیاو هەم هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامییە بۆ وڵاتانی دراوسێ ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئێران[١]. ڕێکخراوەکە درێژکراوەی(وەزارەتی هەواڵگریی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵات(وزارت اطلاعات و امنیت کشور–ڤیڤاک)ی ئێرانە، زیاتر لەوەی ڕێکخراوێکی سەربەخۆبێت. جەنگاوەرانی قودس لە دوو خانە پێکهاتبوو، خانەیەکیان لە ئەنقەرە و ئەوی دیکە لە ئەستەنبوڵ بوو، کە تێوەگلاون لە زنجیرەیەک لە تەقینەوەو غافڵکوژیی لە تورکیا لەماوەی نێوان(١٩٨٨–١٩٩٩)دا. پەیوەندی هەردوو خانەی ئەنقەرەو خانەی ئەستەنبوڵ کەمە و جیاوازن لەپێکهاتە، کەسایەتی و چالاکییدا. خانەی ئەنقەرە ژمارەیەک ئۆپەراسیۆنی دیاری بە دەستپێشخەریی خانەکە ئەنجامدا، لەناویاندا غافڵکوژکردنی ژمارەیەک کەسایەتی سیکۆلار، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی لە بارەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، بەتایبەت دەزگای ئاسایشی دەوڵەت[٢].

سەرۆکی جەنگاوەرانی قودس خانەی ئەنقەرە، فەرحان ئۆزمن(Ferhan Özmen)بوو، کە لەدایکبووی(١٩٦٤)ی شاری سێواسی باکووری کوردستانە. فەرحان بووبووە کەسێکی توندڕەو لەڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی ئیسلامی دوای ئەوەی وازی لە قوتابخانەی ناوەندی هێناوە بۆ گرتنەدەستی کتێبخانەی خێزان دوای مردنی باوکی. لە سەرەتای(١٩٨٠)کاندا چووە سیرت بۆ خوێندنی یاسای عەرەبی و ئیسلامی پێش ئەوەی بچێت بۆ ئەنقەرە. دیارنییە کەی بۆ یەکەمین جار پەیوەندی بە هەواڵگریی ئێرانییەوەکرد، بەڵام لە تورکیا کراوەتە چەکدار و بەکردارییی چالاکی غافڵکوژکردنی بۆ بەرژەوەندی هەواڵگریی ئێرانی(ڤیڤاک) ئەنجامداوە، پێش ئەوەی بچێت بۆ ئێران بۆ وەرگرتنی ڕاهێنانی سیاسیی و سەربازیی لەساڵی (١٩٨٨)دا. یەکەمین چالاکی ئۆزمن دژی ئامانجەکانی سعودییەبوو وەک بەشێک لە هەڵمەتی تۆڵەسەندنەوەی ئێرانییەکان لەبەرامبەر کوشتنی زیاتر لە چورسەد حاجی، کە سێ بەشیان ئێرانی بوون، بە دەستی هێزی ئاسایشی سعودییە لەکاتی خۆپیشاندان لە مەراسیمی حەجی ئەو ساڵەدا. لە(٢٥)ی تشرینی یەکەم(١٩٨٨) ئۆزمن، بە گوللە عبدولغەنی بەدەوی، سکرتێری دووەمی باڵیۆزخانەی سعودییەی لە ئەنقەرە کوشت. ئۆزمن لە سەرەتای(١٩٩٠)وە، دەستیکرد بە ئۆپەراسیۆن بە دەسپێشخەریی تایبەت دژی سیکۆلارە تورکە دیارەکان، کە ئەو چەک و تەقینەوانەی بەکاریدەهێنا لەلایەن ئێرانییەکانەوە پێیدرابوو. لە(٣١)ی کانونی دووەمی(١٩٩٠) ئۆزمن گوللەبارانی پرۆفیسۆر موعەمەر ئاکسۆی–Muammer Aksoy(١٩١٧–١٩٩٠)کرد، کە ئەکادیمییەکی ناوداربوو، لە دەرەوەی ماڵەکەی لە ئەنقەرە کوشتی. لە

---

[١] فادي محمود صبري صيدم: م.س، ص٤٧.

[2] Gareth Jenkins: Op.Cit,P.198.

(٦)ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەی بەناوی بەحری ئوجۆک- Bahriye Uçok(١٩١٩-١٩٩٠)کوشت لەڕێگەی ناردنی بۆمبێکی نامەیی بۆ ماڵەکەی لە ئەنقەرە[1].

ئۆزمن بە پشتیوانی دوو چەکدار، کە لە ئێران راهێنانیان پێکرابوو، بەناوی نەجدەت یوکسیل (Necdet Yüksel) لە دایکبووی (١٩٦٧) و ئۆگوز دەمیر(Oğuz Demir) لە دایکبووی(١٩٧٠)، دەستیکرد بە بەئامانجگرتنی دیپلۆماتە نیشتەجێکانی ئەنکەرە، کە سەربەو وڵاتانەبوون کە بەرای ئەوان خراپ مامەڵەیان لەگەڵ موسڵمانان دەکرد یان خیانەتیان لە پرسی ئیسلام کردبوو. بۆ نمونە، لە بەرەبەیانی (٢٨)ی تسرینی یەکەمی(١٩٩١) ئۆزمن و ئۆگوز دەمیر بۆمبیان لەژێر ئۆتۆمۆبێلی ڤیکتۆر ماروێک(Victor Marwick) لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا و عەبدوڵڵا حسین ئەلقربی کە پەیوەندی لەگەڵ واشنتۆن دا باش بوو، باڵیۆزخانەی میسری دانا. عەبدوڵڵا حسین دوای چەند خولەکێک بۆمبەکان تەقینەوە، ماروێک کوژرا و ئەلقربی بە خراپی بریندار‌بوو. ئەمە جگە لە بەئامانجگرتنی یاسپەر کومار(Yaspar Kumar) سکرتێری دووەمی باڵیۆزخانەی هیندستان لە ١٢ی کانونی یەکەمی (١٩٩٢)دا، بەهۆی سیاسەتیان بەرامبەر کشمیر، بەڵام تەنیا زیانی لێکەوتەوە. خراپترین ئۆپەراسیۆنی غافڵکوژیی خانەی ئەنقەرە لە(٢٤)ی کانونی دووەمی (١٩٩٣)دابوو، کاتێک لەڕێگەی بۆمبێک لەژێر ئۆتۆمۆبێلی ئوگور مومکو(Uğur Mumcu)، رۆژنامەنوسی لێکۆڵەری دیاری تورکیا و سیکۆلاری توند، کە چەند جار رەخنەی لە ئێران گرتبوو لە ستونی رۆژنامەی جمهوریەتی رۆژانە. کوژرانی مومکو زۆر پڕوپاگەندەو تیۆری پیلانگێڕیی وروژاند، بەڵام دوای دەستگیرکردنی خانەی ئەنقەرە لە ئایاری(٢٠٠٠)دا، دانیان بە کوشتنی مومکودا نا و بەرپرسیارێتیان گردەئەستۆی خۆیان[2].

هەرچی خانەی ئەستەنبوڵ بوو بەپێچەوانەی خانەی ئەنقەرەوە، کە کوشتن و تەقینەوەی ئەنجام دەدا، خانەی ئەستەنبوڵ بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخی دەدا بە پڕوپاگەندە لە جێگەی توندوتیژیی لەڕێگەی (گۆڤاری تەوحید) و (رۆژنامەی سەلام)ەوە، کە لەلایەن حەسەن کیلیچ(Hasan Kılıç) لە دایکبووی (١٩٥٩)وە بڵاودەکرایەوە، کە پارێزەربوو بە توندی هاوسۆزی ئێران بوو[3].

پۆلیس بە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئومێد (Umut Operasyonu) لە ئایاری(٢٠٠٠)دا، دوای چەند مانگ لە چاودێریی و لێپرسینەوەی توندی گومانلێکراوان، پۆلیس توانی تەواوی خانەی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە دەستگیربکات. جگە لە ئۆگوز دەمیر، کە وابڕوا دەکرا هەڵاتبێت بۆ دەرەوە. لە تەمموزی (٢٠٠٥)دا، دوای دادگایکردنێکی دورودرێژ حوکم بەسەر ئۆزمن و هاوڕێکانی درا بە زیندانی هەتاهەتایی[4].

هەرچەندە (ئوزمن) لەدایکبووی باکووری کوردستان بوو، وەک بەرپرسی خانەی ئەنقەرەی رێکخراوەکەش دەسەڵاتی بەهێزو یەکەمی ناو رێکخراوەکە بوو، بەڵام باکووری کوردستان، زەمینەیەکی لەبارنەبوو بۆ گەشەسەندنی رێکخراوەکەو، چونکە ئۆزمنو رێکخراوەکەی لەڕێگەی سیاسەتی توندڕەویو غافڵکوژییەوە لە سیکۆلارو کەسایەتییە ئەکادیمیو جیاوازەکانی تورکیا بەگشتی بووەهۆی ئەوەی زۆرێک لەو کوردانەی مەیلی ئیسلامییان هەبوو بەلای ئەم رێکخراوەیەدا نەچوونو لەهەمانکاتدا لەدژی وەستانەوە.

---

[1]Gareth Jenkins: Op.Cit,P, P.198-199.
[2] Ibid,P.199.
[3]Ibid, P.200.
[4] Ibid,P.198- 200. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

به تێڕوانین له گروپو رێکخراوه توندڕەوه ئیسلامییەکان چ لەسەر ئاستی تورکیادا به گشتی و چ له ناوچەکانی باکووری کوردستان بێت، ئەم گروپو رێکخراوانه هەرچەنده دامەزرێنەرو کەسی یەکەمی ناو گروپەکه یان رێکخراوه کوردبوونو له دایکبووی شارەکانی باکووری کوردستان بوون، بەڵام بەهۆی سیاسەتی توندڕەویو غافڵکوژیو ئەنجامدانی زۆر کار دژ به بنەماکانی ئیسلام پشتیوانی ئەوتۆی خەڵکی ناوچەکەیان بەدەستنەهێناوه، دواجار حکومەتی تورکیا له چەند ئۆپەراسیۆنێکی جیادا سەرکردەو رێبەرو کەسایەتییه دیارەکانیانی دەستگیرکردن به دەرکردنی بڕیاری سزای زیندانی هەتاهەتای بۆ هەندێکیانو لەسێدارەدانی هەندێکی دیکەیان توانی کۆتایی به چالاکیی ئەم رێکخراوانه بهێنێت.

## باسی چوارەم

## پەیوەندییەکانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لە تورکیادا(١٩٨٣-٢٠٠٧):

پارت و ڕەوت و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کورد، هەرلەسەرەتای دەرکەوتن و دامەزراندنیان لە باکووری کوردستان و تورکیادا هەڵوێستیان لەگەڵ پارت و ڕێکخراوا نەتەوەی و چەپەکان جیاواز بووە، بەجۆرێک هەڵوێستی هەندێکیان بەتەواوی دژ بووەو گەیشتووەتە ئاستی شەڕی چەکداریی، هەندێک لەو پارت و ڕێکخراوا ئیسلامییانەش خۆیان لە هەموو پەیوەندییەک بە باش و خراپەوە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوی دیکە پاراستووە.

### تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی لەگەڵ پەکەکە:

#### ١- هەڵوێستی حیزبوڵڵا بەرامبەر پەکەکە:

پەکەکەو حیزبوڵڵا هەرلەسەرەتاوە پەیوەندییەکانیان بەناکۆکی دەستپێکرد، ئەم ناکۆکییانە درێژە کێشاو، هەتاکو گەیشتە شەڕی چەکداریی.

پەکەکە، هەرلە کۆتایی حەفتاکاندا لەبری بەرپاکردنی جەنگ دژ بە تورک، ئاڵابوونە سەرکوتکردنو توندوتیژی بەرامبەر پارتو گروپە کوردییەکانی دیکە، هەروەک سەلیم چروککایا گوتی:"ئێمە هەمان مۆدێلو مۆراڵی بیستەکانی پارتی کۆمۆنیستی روسیامان هەبوو. وەک ئەوان چۆن خۆیان لە هەموو پێڕەو گروپو پارتەکان پاککردەوە، ئێمە ئەو ڕێگەیەمان بە دروستو دەگمەن دەزانی، هەربۆیە هەوڵماندا هەمان ڕابردووی ئەوان دووبارە بکەینەوە"[١]، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی پەکەکە هێرشو هێزەکانی بەگەڕخات، هەتاوەکو بۆ هەمووانی پیشانبدەن ئەوان سوورن لەسەر ڕزگارکردنی کوردستانو هیچ هێزو کەسێکیش ناتوانێت لەپێش هەنگاوەکانیاندا ببێتە کۆسپو لەمپەر[٢]، جیاوازی تێڕوانینی ئەم دوو پارتە بووەهۆی شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا، بەتایبەت دوای ئەوەی پەکەکە هەوڵیدا لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، کەتیبەکانی حیزبوڵڵا ناچاربکات بچنە ڕیزەکانی ئەو پارتەوە. ناچار حیزبوڵڵا دەستیدایە چەک. حیزبوڵڵا لەناوچە کوردییەکان لەلایەن خێڵە پارێزگار و ئایینییەکانەوە پشتیوانی لێکراوە[٣].

حیزبوڵڵا بەئامانجگرتنی یەکەمی لە سەرچاوەی سەرەکیی ناوخۆوە هەڵبژارد، کە پەکەکە و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی دیکەو خودی ڕژێمی دەسەڵات بوو، لەلایەکی دیکەوە، وڵاتانی ڕۆژئاواو گروپە پشتیوانکارەکانی، دووەمین هێڵ بوون بۆ بەئامانجگرتن لای حیزبوڵڵا، هاندەری دژایەتی حیزبوڵڵا بۆ پەکەکە، خۆیدەبینییەوە لە نکۆڵیکردنی پەکەکەوە سەرچاوەی دەگرت لە تەواوی بەها پیرۆزییە ئایینییەکان و هاوکات حیزبوڵڵا پێیوابوو پەکەکە هاوشانی حکومەتی تورکیا خەڵکی کوردیان خستوەتەبەر بەرداشی ململانێکانیانو دەیانچەوسێننەوە. حیزبوڵڵا وایدەبینی پەکەکە گەورەترین بەربەست و ئاستەنگە لەبەردەم گەشەکردنی ئیسلام لە ناوچەکەدا. سەرکردەکانی حیزبوڵڵا، باس لەوەدەکەن، کە پێش دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی دژی پەکەکە، حیزبوڵڵا هۆشداری دابووە

---

[١] وەرگیراوە لە: ئەلیزا مارکوس: مێژووی پەکەکە، خوێنو باوەڕ، پەکەکەو خەباتی کورد لەپێناو سەربەخۆیدا، و. ماجید خەلیل، چ١،چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٤، ٧٥-٧٦.

[٢] ه.س، ل٧٥-٧٦.

[3] Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit.

سەرکردەکانی پەکەکە و داوای لێکردیبوون، کە پێویستە لە دژایەتی ئیسلام و موسڵمانان وازبهێنن، چونکە نە سوودی بۆ پارتەکان هەیە نە بۆ گەلی کورد. حیزبوڵڵا ئاماژە بەوەدەکات زۆربەی پرۆسەکانی کوشتنی پەکەکە لە تۆڵەی دەستدرێژیو کوشتاری پەکەکەدا بووە و هەڵکوتانی ئەوان بووە بۆسەر پیرۆزی و لە دژی سوکایەتیو زەلیلکردنی ئیسلام بووە لەلایەن ئەو پارتەوە[1].

توێژەرێک پێیوایە، پەکەکە لەسەرەتادا ئامانجی دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو بوو لەسەر بنەمای مارکسی لینینی، بەڵام لە سەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، پەکەکە ئەو فکرەیەی وەلاوەناو بووە نەتەوەیی ئیتنکی زیاتر جەختیکردەوە لەسەر ماف و ئازادییەکانی کورد، هاوشانی ئەم گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆجییە، هەڵوێستی بەرامبەر بە ئایین نەرمتر کردەوە. پەکەکە لەسەرەتادا نەک تەنیا سیکۆلار بوو، بەڵکو بەشێوەیەکی رون و ئاشکرا دژی ئایین بوو، چونکە ئەم پارتە وای دەبینی، ئیسلام ئاستەنگ و بەربەستە لەبەردەم گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و نوێگەریی لەناو کورددا، هەربۆیە گۆڕانی تێڕوانینی پەکەکە بەرامبەر ئایین بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە بزوتنەوەی ئیتنیکی نەتەوەیی کورددا[2]. پەکەکە بۆ سەرنج راکێشانی خەڵکی ناوچەکە بەلای خۆیداو فراوانکردنی بنکە و هێزی جەماوەری هەستا بە بەکارهێنانی گوتاری ئایینی، هەربۆیە لەگەڵ یەکێتی ئیمامانی کوردستان(Kürdistan Imamlar Birliği)و یەکێتی ئایینی کوردستان(Kürdistan Dindarlar Birliği) و پاک کۆبووەوە، بە چالاکانە بەشداریی خۆپیشاندانو ناڕەزایەتییەکانی دەکرد[3].

لەڕاستیدا ئەم گۆڕانی دیدو تێڕوانینەی پەکەکە پەیوەندی بەو گۆڕانکارییانەوە هەبوو، کە لەسەر گۆڕەپانی ناوچەکە ڕوویاندابوو، وەک کەوتنی یەکێتی سۆڤێت لە(١٩٩٠)و هەرەسی مارکسییەت وەک ئایدیۆلۆجیا لە جڵەوکردنی سیاسەت لە ناوچەکەدا. بێگومان کاریگەرییەکانی گەشەکرنی فکرەی بزاڤە ئیسلامییەکان و توندبوونەوەی رکەبەری لەگەڵ حیزبوڵڵا، کە لەناو چینی رۆشنبیر و شارەکاندا هەژمونی بەرچاوی پەیداکردبوو. جگە لەوەی حکومەتی ئۆزال گیانی بەبەر فکرە و دیدی ئیسلامییەکاندا کردەوە لە تورکیادا، هەروەک کاریگەریی بەرچاوی رژێمی ئیسلامی لە ئێران لەسەر خودی پەکەکە و گۆڕەپانی سیاسی تورکیاو...هتد، ئەمانەو زۆر هۆکاری دیکە رۆڵیانگێڕا لەوەی دیدی پەکەکە بۆ ئایین بگۆڕێت و لە هەمانکاتدا بۆ لێدان بوو لە هەژمونی حیزبوڵڵا و تۆمەتەکانی بەوەی، کە پەکەکە بە حیزبێکی مولحید و دژە ئایین وێنادەکرد. پەکەکە لەژێر کاریگەریی دروستبوونی رکەبەری نوێ و تەیار بە فکری ئیسلامی هاوشێوەی حیزبوڵڵا ناچاربوو موسڵمانەتی و باوەڕداریی بۆ ئایینی ئیسلام لەناو کۆمەڵگەی کوردی وەک هۆکارێک قبووڵ بکات و هەوڵبدات، هەتاوەکو ئەو رادەیەی دەتوانێت وەک هەلێک بۆ زیاترکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی و لاوازکردنی رکەبەرەکانی ئایین بەکاربهێنێت.

لە کۆتایی هەشتاکانو سەرەتای نەوەدەکاندا، حیزبوڵڵا دەستیکرد بە دژایەتیکردنی پەکەکە و تۆمەتبارکردنی بە دژایەتی ئایین و ناوبردنی بەبێ باوەڕو مارکس، دواجار پەیوەندییەکانی هەردوو حیزب رووی لە خراپی کردو پڕوپاگەندە دژی یەکتر توندتر بووەوە، هەتاوەکو کار گەیشتە بەکارهێنانی هێزو چەک لەدژی یەکدی[4]، لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا حیزبوڵڵا تێوەگلا لەململانێ

---

[1] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit , P.57,62
[2] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit, P.556.
[3] Hüseyin Gürtekin: Önce Kikaynak, Sayfa 21.
[4] Aynikaynak,Sayfa21-22.

و پێکدادانی چەکداری لەگەڵ پەکەکە، کە حیزبوڵڵا پێیوابوو پەکەکە ڕێکخراوێکی بێباوەڕ و مارکسییە. بەشێوەیەکی تانەئامێز پەکەکەیان بەناوی(پارتی بێباوەڕانی(کافرانی) کوردستان)ەوە ناودەبرد هاوکات زۆرینەی کوردیان تۆمەتبار دەکرد بە خزمەتگوزاری کۆمۆنیزمو کوشتوبڕی موسڵمانانو دابەشکردنی کۆمەڵگەی موسڵمانانی کورد. کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە ماوەی( ١٩٩١- ١٩٩٦) ژمارەیەک چالاکوانی سیکۆلار و چەپی کردە ئامانج، هەربۆیە چەندین کەس بوونە قوربانی ئەو پەلامارو غافڵکوژییانە[١].

لە(١٩٨٩)دا دوای ئەوەی پەکەکە بۆردمانی ماڵی خێزانێکی حیزبوڵڵای بەناوی حەسەن تەکین لە شیرناخ کرد[٢]، پاشان ناکۆکیو ململانێی هەردوو حیزب بەردەوام بوو، هەتاوەکو(١٧)ی ئایاری(١٩٩١)دا پەکەکە بەتەواوی شەڕی دژ بە حیزبوڵڵا ڕاگەیاند و لە شارۆچکەی ئیدیل(Idil)هێرشی کردە سەر ماڵی شەریف قرەسڵان، کە ئەندامی سەرکردایەتی گروپی زانست بوو، غافڵکوژی کرد، دوای چەند مانگێک لە غافڵکوژکردنەکە، پێکدادانی پچڕپچڕ لەنێوان زانست و پشتیوانانی پەکەکە ڕوویدا زۆرینەیان بە چەقۆ و کوتەک تەیاربوون. (٣)ی کانونی یەکەمی(١٩٩١)، حیزبوڵڵا تۆڵەی لە پەکەکە کردەوە بە غافڵکوژکردنی میکایل بایرۆ(Mikalil Bayru) کە یەکێکبوو لە هاوسۆزە دیارەکانی پەکەکە لە ئیدیل شەڕی هەردوو حیزب لەماوەی یەکەمی(١٩٩٢)دا بەردەوام بوو[٣].

حیزبوڵڵا لەگەڵ دەرکەوتنی لە تورکیا، بەشێوەیەکی تەواو پەنهانی کاریدەکرد. بە پێچەوانەی کۆمەڵە توونڕەوەکانی دیکەوە، حیزبوڵڵا بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی کردەوەکانی ڕانەدەگەیاند و بەشێوەیەکی گشتی هیچ نووسراوێکی پڕوپاگەندەی بڵاونەدەکردەوە. حیزبوڵڵا وەک"دیاردەیەکی سەرەکی مەدەنی"دەستپێکردو تێبینی دەکرا لەو شارانەی زۆرینەی کورد بوون لە باکووری کوردستان ناوبانگی دەرکرد، بەڵام دواتر حیزبوڵڵا بەشێوەیەکی تایبەت بەشێوازێکی جیاواز، دەستی بە توندوتیژی کرد[٤].

لە(١٩٩٢)بەدواوە هێرشی سەر شەقامەکان لەلایەن لایەنگرانی حیزبوڵڵاوە دژی هاوسۆزانی پەکەکە چڕببووەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی: نوسەیبین، جەزیرە، باتمان و سیلڤان پرۆسەی کوشتنی گەنجان بەرۆژی ڕووناک لەوشارانەدا و ئەو کەسانەی، کە دژی سیاسەتەکانی حکومەت بوون ڕۆژانە دووان دەکوژران بەگشتی ئەم چالاکییانە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو بوو نەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، هەربۆیە لەماوەی نێوان(١٩٩٢- ١٩٩٥) زیاتر لە هەزارکەس بە گوللە لە شەقامەکاندا کوژران[٥]، هەرچەندە دەزگا ئاسایشییەکان تێوەگلابوون، هەروەک لە ڕاپۆرتی لیژنەیەکی پەرلەمانی ئەوە ئاماژە پێدرابوو، بەڵام هیچ هەنگاوێکی گشتی دەربارەی ڕاپۆرتەکەدا ئەنجام نەدرا[٦].

---

[1] ZEKI SARIGIL and OMER FAZLIOGLU: Op.Cit, P. 554؛ مستەفا گوڕبوز:س.پ، ل٢٥٥

[2] Muhammed Suad Çelen: Önce Kikaynak, Sayfa 105.

[3] Gareth Jenkins: op.cit, P.190 ؛ Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 179-180.

[4] Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde :Op.Cit , P.84.

[5]TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit, P.63; Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde : Op.Cit, P.84.

[6] Human Rights Watch: What is Turkey's Hizbullah? A Human Rights Watch backgrounder, Turkey: HRW World Report 2000, February 16, 2000, drawn from the Website:
<<https://www.hrw.org/legacy/press/2000/02/tur0216.htm>> accessed in (19 March 2020).

شەڕو ناکۆکیی پەکەکە و حیزبوڵڵا بەردەوامبوو، هەرچەندە بەنێوەندگیری هەندێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی[1]، لە باشووری کوردستان و لە ئازاری(١٩٩٢) هەردوولا بۆ کۆتایهێنان بە ململانێی چەکدارییان گەیشتنە ڕێککەوتن[2]، بەڵام ئەم نێوەندگیری و ڕێککەوتنە بەردەوام نەبوو، هەربۆیە جارێکی دیکە ململانێ و ناکۆکی پەکەکە و حیزبوڵڵا دەستیپێکردەوە شەڕ لەنێوانیان بەردەوام بوو. پەکەکە وای لە حیزبوڵڵا دەڕوانی، کە ڕکەبەریەتی و بەتایبەتی، کە حیزبوڵڵا لە ناوچە شارنشینەکاندا بەهێزتربوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو پەکەکە هێشتا لەو شوێنانەدا لاوازبوو، پەکەکە دەستیکرد بە ئامانجگرتنی حیزبوڵڵاو ئەم پەلاماردانە لە حوزیرانی(١٩٩٢)دا گەیشتە لوتکە کاتێک لە شەوی(٢٥)ی حوزەیرانی(١٩٩٢)دا، کۆمەڵێک لە چەکدارانی پەکەکە گەمارۆی مزگەوتێکیاندا لە گوندی یۆلاچ(Yolaç)، لە پارێزگای دیاربەکر، کە بنکەی حیزبوڵڵا لەو ناوچەیە هەبوو ئەندامانی ناوچەیی حیزبوڵڵا لەناو مزگەوتەکەدا ڕاهێنانی ئایدیۆلۆجیان پێدەکرا، پەکەکە ئەندامەکانی حیزبوڵڵایان ناچارکرد بێنەدەرەوە بۆ گۆڕەپانی گوندەکە. ئاگربارانیانکردن و(١١) کەسیان لێکوژرا لەناویاندا سەرکردەی ناوچەیی ڕێکخراوەکە هەبوو بەناوی حسین چەتینکایا(Hüseyin Çetinkaya) و(٥)کەسی دیکەیان بریندابوون. کۆمەڵکوژیی مزگەوتی یولاچ دیارییەک بوو بۆ وەلی ئوغلۆ. توڕەیی لەو هێرشەی پەکەکە بووەهۆی ڕۆیشتنی کەسانی نوێ بۆ ریزەکانی حیزبوڵڵا بەدرێژایی سێ ساڵی دواتر. پاشان حیزبوڵڵا هەڵمەتێکی غافڵکوژکردن و تۆقاندنی دژی ئەندامانی پەکەکە و هاوسۆزانی لە شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان دەستپێکرد، ئەم هەڵمەتەی حیزبوڵڵا بووەهۆی کەمکردنەوەی توانای دامەزراندنو ڕێکخستنی بەهێزی پەکەکە لە ناوچە شارنشینەکاندا[3].

حیزبوڵڵا لە درێژەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ پەکەکە، زنجیرەیەک تاڵانو کوشتنو تەقاندنەوەی ئەنجامدا و ڕۆژنامەنووسان و هەڵسوڕاوان و لایەنگرانی پەکەکە و ئەندامانی یەکێتییەکانی کرێکارانو

---

[1] بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق: مێژووی دامەزراندنی ئەم حزبە دەگەڕێتەوە بۆ پاش خۆپیشاندانی هەڵەبجە لە(١٣)ی ئاياری (١٩٨٧)، کە ژمارەیەکی زۆر لە زانایانو کەسایەتییو جەماوەری هەڵەبجە و دەورووبەری بەرەو وڵاتی ئێران کۆچیانکرد، کە هەندێک لە سەرکردەکانی ئیخوانیان لەگەڵدا بوو بە گەیشتنیان بۆ ئێران لە ٢٤ی ئاياری (١٩٨٧) لەژێر ناوی( کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری) بەیاننامەیەکیان دەرکرد و شۆڕشی چەکدارییان ڕاگەیاند ئەم بەياننامەیە بووە سەرەتایەک بۆ ڕاگەیاندنی پارتێکی نوێ لەوکاتەدا بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی، تاکە پارتی ئیسلامی چەکداری گۆڕەپانەکەو لەلایەن شێخ عەبدولەتیف واژەیی ڕێبەرایەتی دەکرا. ئەم پارتە پێشوازییان لە کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری کردو لەسەر کاری چەکداری هانیان دەدان لە حوزەیرانی(١٩٨٧)داو لە شاری سنە کۆبوونەوەیەک کراوە تێیدا بڕیاری ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز درا، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەیەکی(١٠) خاڵی ئامادەکراوەو لە(٢٥)ی حوزەیرانی(١٩٨٧) لەچوارچێوەی سەردانێکیدا بۆ لای هاشمی ڕەفسنجانی و عەلی خامنەئی پێشکەش بە دەوڵەتی ئێران کرا. **(بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامیی لە باشووری کوردستان (١٩٤٦-١٩٩١)، توێژینەوەیەکی مێژوویی لە کارو چالاکیی پارتو کۆمەڵە ئیسلامییەکان، چ٢، ب.ش، ٢٠٠٩، ل١٧١-١٧٤).**

[2] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٢٩٤. (لە تەواوی ئەو سەرچاوانەی، کە لە بەردەستمان بووە و باسیان لە پەکەکە و حیزبوڵڵا و ململانێ وشەڕی چەکداریی و پەیوەندییەکانی ئەم دووپارتە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان کردبێت، باس لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە و ئەو کەسانەی کە نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیی بووبن وەک نێوەندگیری لەنێو هەردوو پارتی ناوبرا نەکراوە، هەرچەندە زانیاریی ئەوتۆمان لەبەردەست نییە، بەڵام زانراوە پەیوەندی دۆستایەتی هەبووە لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامیی و حیزبوڵڵا.( **توێژەر**)) .

[3] Gareth Jenkins: Op.Cit, P.20, 190-191.

پیشەگەران، هەموویان لەڕیزی نەتەوەپەروەرو چەپڕەوەکان دانران‌و بوونە ئامانجی هەڵمەتی حیزبوڵڵا، یەک لەوانە موسا عەنتەر ئەدیب و چالاکیی سیاسی لە میانەی سەردانی بۆ دیاربەکر لە ئەیلولی(١٩٩٢)کوشت، هەروەها ئەو رۆژنامەنووسانەی بۆ(ئێلکی بینەدوگر، یەنی ئۆتکە، ئوزگور گوندەم) یان گۆڤارو بڵاوکراوەی دۆستی کوردەکان وتاریان دەنووسی، هەموویان بە ترسەوە ژیاون، چونکە دەیانبینی هاوکارەکانیان دەرفێنرێن‌و دەکوژرێن، تەنانەت فرۆشیارانی ئەم جۆرە گۆڤارانەش کەوتنەبەر هەڵمەتەکانی حیزبوڵڵا[١]، هەروەها یەکێکی دیکە لەو کەسایەتییە بەناوبانگانە، کە لەلایەن حیزبوڵڵاوە، کرایە ئامانج کۆنجە کوریش(Konca Kuriş)(١٩٦١-١٩٩٩) بوو، کە لە تەمەنی گەنجێتیدا چەپ بووە، دوای هاوسەرگیری لە ئەدیمان بووە بە نەقشبەندی پاشان بووە بە ئەندامی حیزبوڵڵا، دواتر وەک خانمێک و نووسەرێکی ئیسلامی- فێمینیستی ناوبانگی دەرکردووە، کۆنجە بەئاشکراو راشکاوانە رەخنەکانی خۆی دژ بە حیزبوڵڵا چڕکردەوە، ناوبراو وتارەکانی زیاتر لەسەر رەگەزپەرستی تورکی‌و فێمینیزم بوو، هەربۆیە حیزبوڵڵا جەختیکردەوە، کە بوار بە نەتەوەگەرایی، ئەوانەی کە دروشمەکانی پەکەکە دووبارە بکەنەوە نادەن. دواجار حیزبوڵڵا، کۆنجەی رفاند و دوای ئەشکەنجەدان‌و لێپرسینەوە کوشتیان[٢].

ئەم کوشتن‌و بڕینەی رویداوە، حیزبوڵڵا بەرامبەر پەکەکەو بە پێچەوانەشەوە، بەتایبەت کوشتنی ئەو رۆشنبیرانە لە لایەن حیزبوڵڵاوە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا بوو، هەربۆیە گومانی زۆر دەکرێت کە حیزبوڵڵا سەر بە دەزگای سیخوری تورکیا بووە، لە لایەکی دیکەوە ئەم کوشتارە پەیوەندی بە ململانێ ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، بەتایبەت بوونی جیاوازی گەورە لەدیدوبۆچوونی هەردووپارتەکەدا، کە ململانێی هەردوولای قووڵترکردەوەو دواجار شەڕی چەکدارییان دەستپێکرد

حیزبوڵڵا لە کارە غافڵکوژییەکانیدا، بووە جێگەی گومان لای زۆرێک لە رۆژنامەنووسان و پارت‌و رێکخراوەکانی دیکە چ لە باکووری کوردستان بێت یان لە تورکیا پێیانوابوو ئەم حیزبە حکومەتی تورکیا پشتیوانی لێدەکات، هەربۆیە رۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا(Özgur Politika)، کە سەر بە کوردەکان بوو، ئاماژەی بە پشتیوانی دەوڵەت لە چالاکییەکانی حیزبوڵڵا کرد. پشتیوانی و چاودێری حیزبوڵڵا بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژرا و وەک بەشێک لەوەی پێی دەگوترا، هێزی" دژە گەریلا"، هەربۆیە خەڵکی باکووری کوردستان ناوی حیزبوڵڵایان نابوو" پارتی دژ(پارتی کۆنترا)( Hizb-I Contra)"[٣]، هەروەها رۆژنامەنووسانی کورد و زۆرێک لەوانەی گرنگییان بە بابەتەکە دەدا و چاودێران، گەیشتنە ئەوباوەڕەی، کە حیزبوڵڵا بە هەماهەنگی تەواوی دەزگاکانی حکومی لەسەر ئاستی لۆکاڵی و مەرکەزی کاریان کردووە[٤]، هەروەها پەکەکە و ژمارەیەک لە ئیسلامییە تورکە مەدەنییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە دامەزراندنی حیزبوڵڵا و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن دەوڵەتی قووڵەوە بووە، واتە دەسەڵاتی تورک، هەروەها لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، جۆرێک لە پیلانگێڕی هەبووە لە ئاستێکی نزمدا لەنێوان هەندێک ئەندامانی حیزبوڵڵا و بەرپرسانی دەوڵەتی

---

[١] دیڤید مەکداول: س.پ، ل٦٧٦-٦٧٧.

[2] Engin Avcı :Önce Kikaynak, Sayfa 186-187.

[3] Justus Leicht: Op.Cit .

[٤] بیار مصطفى سيف الدين: س.پ،ل٢٠٦.

تورکیا[١].

لەڕاستیدا لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی حیزبوڵڵا و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، مەترسیداربووە، بگرە ژمارەیەک نوێنەری بڵاوکراوەکان، کە هەوڵیاندابوو لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییە بکەن، کوژراون. بۆ نمونە، پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕەوتی چەپی هەفتانە بەناوی بەرەو ٢٠٠٠(Dogruie 2000) بەناوی خالیت گونجین(Halit Güngen) لە(١٨)ی شوباتی(١٩٩٢)لە نوسینگەی گۆڤارەکە لە دیاربەکر کوژرا، لەبەرئەوەی پێش دووڕۆژ گۆڤاری ناوبراو چیرۆکی پەیوەندی حیزبوڵڵا و پۆلیسی لەسەر بەرگەکەی بڵاوکردبووەوە. حافیز ئەکدمیر(Hafiz Akdemir)پەیامنێری ئوزگورگوندیم(Özgür Gündem)، لە یەکێک لە شەقامەکانی دیاربەکردا لە (٨)ی حوزیرانی(١٩٩٢) کوژرا، کە حیزبوڵڵا تاوانبارکرا بە تێوەگلان لەو غافڵکوژییەدا. لەڕاستیدا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، وادەرەکەوت هەڵمەتەکانی پۆلیسی تورکیا دژی حیزبوڵڵا لە زۆربەی جاردا بە مەبەستی خۆدەرخستن بوو، زیاتر لەوەی هەنگاوێکی شێلگیرانەبێت دژی ئەو گروپە چەکدارە نایاسی و مەترسیدارە[٢]، هەربۆیە کاتێک ڕاپۆرتەکان لەسەرەتای(١٩٩٢)وە بڵاویانکردەوە(٤٠٠٠) "جوداخواز"دەستگیرکراوە، بەڵام ڕایاننەگەیاند، کە هیچ یەکێک لەوانەی سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسان و لایەنگرانی کورد تیرۆر دەکات دەستگیرکرابێت، نەک هەرئەوە، بەڵکو هیچ دەزگایەکی فەرمی نەبوو چاودێری دۆخی لەوجۆرە بکات[٣]، بۆ نمونە دیمیریل سەرۆکوەزیران، لەبارەی تیرۆرکردنی موسا عەنتەر لە لێدوانێکیدا وتی:"ئەوانەی کوژران، ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە نەبوون، بەڵکو جەنگاوەربوون، یەکتریان دەکوشت"[٤]، لەلایەکی دیکەوە عیسمەت ئۆکسای ئۆغلوی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە کاتی کردنەوەی ساڵی قەزا لە ئەیلولی(١٩٩٢)وتارێکی پێشکەشکرد و وتی:"بۆ نەهێشتنی تیرۆر بە پشتبەستن بە بنەما دیموکراتییەکانی دەوڵەت، دەوڵەتی یاسا دەبێت هەموو ئەو ئامرازو ڕێوشوێنانە، کە تیرۆرستان بەکاری دەهێنن بەکاربێنێت"[٥]، لێدوانەکانی دیمیریل و ئۆکسای تاڕادەیەک هەڵوێستی حکومەتی لەبارەی چالاکییەکانی حیزبوڵڵاو ڕاستی ململانێ باوەکانی ڕوونکردەوە [٦].

لەڕاستیدا کەمپەکانی حیزبوڵڵا بە یارمەتی سوپای تورکیا بەڕێوەدەبرا، بەپێی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەی تایبەت بە تاوانەکانی کوشتن، کە پەرلەمانی تورکیا دایمەزراند لە شوباتی(١٩٩٣)دا. بەپێی ئەنجامی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوبراو، کە لە مانگی نیسانی(١٩٩٥) دەرچوو، هێزە ئەمنییەکان بەڕاستی پشتیوانی پێشکەش بە حیزبوڵڵا دەکەن. هەروەک سەرۆکی پۆلیسی شاری باتمان و جێگری پارێزگاری ئەو شارە بە لیژنەکەیان ڕاگەیاندبوو، زانیارییان سەبارەت بە بوونی کەمپی سەربازیی سەر بە حیزبوڵڵا دابوو لە دێهاتەکانی سیکو(Seku) و گۆنولو(Gönüllü)و چیچیکلی(Çiçekli) لە ناوچەی چەرکەس

[1] Gareth H. Jenkins: Between Fact and Fantasy:Turkey's Ergenekon Investigation, Silk Road Paper, Published by the Central Asia-Caucasus Institute and the Silk Road Studies Program, Washington D.C., July 2009, P.21.

[2] Human Rights Watch: Op.Cit.

[٣] بیار مصطفی سیف الدین: س.پ،ل٢٠٦.

[٤] وەرگیراوە لە: دیڤید مەکداول: س.پ، ل٦٧٧.

[٥] وەرگیراوە لە: بیار مصطفی سیف الدین: س.پ،ل٢٠٧.

[٦] ه.س،ل٢٠٧.

له باتمان، که یەکە سەربازییەکانی ناوچەکە یارمەتییان پێشکەشی ئەو کەمپە سەربازییانەی حیزبوڵڵا دەکرد. هەرچەندە فەرماندەیی گشتی جەندرمە(Jandarma Genel Komutanlığı)، بوونی ئەو کەمپانەی رەتکردەوە، بەڵام دوای راپۆرتی لیژنەکە سەرۆکی پۆلیسی باتمان بەهۆی ئەو زانیارییانەوە دابووی بە لیژنەکە لە پلەکەی لابرا[1]، هەرسەبارەت بە پێشکەشکردنی هاوکاری لەلایەن دەوڵەتی قووڵەوە بە حیزبوڵڵا، شرۆفەکاری سیاسی حەسەن جەمال پێیوابوو دەوڵەتی نهێنی شوێنەواری خوێنی قوربانییەکانی حیزبوڵڵا دەسرێتەوە، کە خۆی واتە(دەوڵەت) ئەو حیزبەی لە(١٩٩٠ )لە باکووری کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی پەکەکە دروستکردووە، و چەندین کردەوەی کوشتنی ئەنجامداوە لە پارێزگای باتمان و دەوڵەت چاوپۆشی کرد لە کردەوەکانی لە دژی پەکەکە لەو ناوچەیە هەرچی ماهیر قایناق بەڕێوەبەری میتی تورکیا لە چاوپێکەوتنێکدا ئەوەی خستەڕوو دەوڵەت ئەگەر خۆی حیزبوڵڵای دروست نەکردبێت ئەوا لێیگەڕاوە هەردوو هێزە گەورەکە لە ناوچەی باکووری کوردستان واتە پەکەکە و حیزبوڵڵا لە یەکتربدەن[2].

لەڕاستیدا هێندێک وردەکاری پەیوەندییەکانی دامەزراوەی سەربازی و هێز و دامەزراوەی ئاسایش دیکەی تورکیا لەگەڵ حیزبوڵڵادا دوای رووداوی تیرۆرکردنی ئوگور مومجو، لە کانونی دووەمی(١٩٩٣)و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمانی لە شوباتی ئەو ساڵەدا دەرکەوت، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە کردەکانی تیرۆرکردنی بکەرنادیار پێکهاتبوو راپۆرتی ئەو لیژنەیە، کە لە نیسانی(١٩٩٥)دا بڵاوکرایەوە، لایەنەکانی ئەو پەیوەندییەی، لەوانەش پێشکەشکردنی یارمەتی لەلایەن سوپای تورکیاوە بۆ سەربازگەی راهێنانی ئەندامانی حیزبوڵڵا لە ناوچەی باتمان ئاشکراکردبوو، لەگەڵ دزەکردنی چەکو تەقەمەنی بۆ پارتی ناوبراو، هەروەها ئازادکردنی زۆرێک لە ئەندامانی ئەو پارتە دوای قۆڵبەستکردنیان و جگە لەوانیش بەگوێرەی ئەو زانیارییەی، کە لە گفتوگۆی یەکێک لە رۆژنامەوانە تورکییەکان لەگەڵ فیکری ساغلەر(Fikri Saglar)، کە پێشتر وەزیری رۆشنبیری بووە لە حەوتەمین حکومەتی دیمیریل لەنێوان تشرینی دووەمی(١٩٩١) و(٢٥)ی ئایاری(١٩٩٣)دا هاتووە، کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەی تورکیا لە ١٩٨٥دا بڕیارێکی دەرکردووە بە راهێنانی ئەندامانی حیزبوڵڵا لە هەندێک لە یەکە سەربازییەکاندا، هەرچەندە دامەزراوەی سەربازیی تورکیاو زۆرێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا ئەو تۆمەتانە بە توندی رەتدەکەنەوە، بەڵام لەسەرئەوەی رۆژنامەکان لە(١٩٩٣) باسیان دەربارەی دزەکردنی چەکو تەقەمەنی لە حکومەتی تورکیاوە بۆ حیزبوڵڵا کردبوو چیللەر گوتی:"بەڵێ ئەو کارە تایبەت بە رادەستکردنی ئەو چەک تەقەمەنییەی بە ئیمزای من بووە لە ئێمەوە، کە تیرۆر [مەبەستی پەکەکە] بوو بریتییە لە کێشەی سەرەکییو هەرشتێک پێویستبکات بۆ راوەستانی بگرێتەبەر...سوپاسالارو دەسەڵاتدارانو پارێزگاکانو پۆلیس لەوکارەدا هاوبەشن"[3].

[1] Human Rights Watch: Op.Cit.

[2] وەرگیراوە لە: ئیبراهیم داقووقی: کوردی تورکیا، و.هیمەت عەزیز کاکەیی، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٨٩-٣٩٠.

[3] د.خەلیل عەلی موراد: پاسەوانانی کەمالیزم، ل٣٠٥-٣٠٦.

راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە حیزبوڵڵا گروپێکی ناوچەی تیرۆرستن، زۆربەی ئەندامەکانی لە موسڵمانانی سوننەی کوردن و بەرپرسانی تورکو دەزگاکانی راگەیاندنی تورکی هاوکاری دەکەن[١].

تەواوی ئەو بەڵگەو بۆچوونانە بۆمان دەسەلمێنن، کە حیزبوڵڵا پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی قووڵ هەبووە. تورکیا هاوکاری حیزبوڵڵای کردووە یان زۆرجار چاوپۆشی لەکارە توندڕەوییەکانی ئەم پارتە کردووە بەئامانجی بەگژداچوونەوەی پارتە چەپەکان و بەتایبەت پەکەکە.

لە لایەکی دیکەوە هەندێک پێیانوایە ئەمریکا رۆڵی هەبووە لە پشتیوانی تورکیا سەبارەت بە سیاسەتەکانی بەرامبەر حیزبوڵڵا هەروەک لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئوگور مەمجو(ugur Mumcu) رۆژنامەنووسی تورکی نووسیویەتی، کە دۆزینەوەی بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی کوردی لە تورکیا لەکارە لە پێشینەکانی ئەمریکایە، هەرچەندە هیچ هێمایەک بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە ئارادا نییە، کە بۆ ئەوەی ئەمریکا بەهەرشێوەیەک بێت ئەزموونی حیزبوڵڵا دەستپێبکاتەوە، بەڵام کردەوەکانی ئەو پارتە و پێشێلکارییە ترسناکەکانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە باکووری کوردستان هیچ کاتێک لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکی لە میانەی قسەکانیدا سەبارەت بە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە تورکیا، رەخنەی لێنەگیراوە[٢].

هەرچەندە حکومەتی تورکیا نکۆڵی لە تێوەگلانی لە چالاکییەکانی حیزبوڵڵا و ئەوانی دیکەی تایبەت بە نەهێشتنی جەنگی پارتیزانی کرد، بەڵام دواتر دانی بە بوونی چەندین تیمی تایبەت نا، کە ئەندامانی مەشقپێکراون و بۆ کارکردن لە باکووری کوردستان راسپێرراون. ئەو یەکانە ئامادەکراون بۆ ئەوەی بتوانن لەدژی پەکەکە بجەنگن، هەرچی ناسنامە و ئەندامانو چالاکیی شێوازی کارکردنیان بوو ئەوا بەنهێنی مایەوە، کاتێک کردەوەکانیان ئەنجام دەدەن، جلی تایبەت و دەمامک دەپۆشن، زۆربەیان بەکوردی قسەدەکەن و جلی کوردی کلاسیکی لەبەردەکەن، ئەوانە بە پێچەوانەی سەربازانی تورکی رێگەی درێژکردنەوەی مووی ریشیان پێدەدرێت، زۆربەی قوربانیانی ئەوانە، لەلایەن پۆلیسەوە ئامانجن، کە باکگراوندێکی سیاسی هاوبەشیان هەیە و هەموویان زۆربەی کات کوردبوون کۆیان دەکاتەوە، ئەو تیمە مەرگە رەوشێکی لە تۆقاندن لە کوردستان دروستکردووە[٣].

بەهەمانشێوەی حکومەتی تورکیا، حیزبوڵڵا نکۆڵی لە هەرجۆرە هەماهەنگییەک دەکرد، کە لەلایەن دەوڵەتەوە بکرێنو بە پێچەوانەوە گازندەی نەبوونی زەمینەی ئازاد و فەراهەمیان دەکرد بۆ بینینی رۆڵی راستەقینەیان[٤].

هەرچۆنێک بێت شەڕی حیزبوڵڵاو پەکەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بوو، کە بووەهۆی کوشتنی نزیکەی(٧٠٠) کەس کە(٥٠٠) کەس لە پەکەکە و(٢٠٠ )کەس لە حیزبوڵڵا جگە لەوە بە سەدان خەڵکی سیڤڵ بوونە قوربانی[٥]، هەرلە میانەی شەڕی پەکەکە و حیزبوڵڵا لە لایەک و توندوتیژی هاوبەشی نێوان سوپای تورکیو دەزگا ئەمنییەکان لە لایەک و پەکەکە لە لایەنی سێیەمەوە زیانێکی گەورە بە باکووری کوردستان کەوت، لەوانە کەرتی فێرکردن ئەو کەرتە لە

---

1 Suleyman Ozeren & Cécile Van De Voorde :Op.Cit , P.80.

٢ بیار مصطفی سیف الدین: س.پ، ل٢٦٥-٢٦٦.

٣ ه.س، ل٢٠٧-٢٠٨.

4 TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit , P.64.

5 Hüseyin Gürtekin:Önce Kikaynak,Sayfa 22؛ TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit , P.65.

کانونی یەکەمی(١٩٩١) بە توندی زیانی لێکەوت داخستنی(١٠١٠) قوتابخانە راگەیەنرا بەوهۆیەوە( ٢٧) هەزار قوتابی لە ناوچەکانی باکووری کوردستان لە زانستوخوێندن بێبەشکران[١]، هەروەها لە( ١٩٩٤)وە بارودۆخ بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو خراپی رۆشت حکومەتی تورکیا هێزێکی (٣٠٠)هەزار کەسی لە ناوچەکە کۆکردەوە، هەتاوەکو بەیەکجاری بۆ هەمیشە پەکەکە تێکبشکێنێت. دۆزینەوەی تەرمی نەناسراو تالانی شمەکو ئاژەڵی هاوڵاتیان و پاشاگەردانی و چاودێری توندوتیژوی ئەشکەنجەو ئازار و لە سێدارەدانی بێ دادگا و هەموو ئەمانە بریتیبوون لە رۆتینی رۆژانەی ناوچەکانی کوردستان لەبەرامبەردا رێبازی توندی پەکەکە بۆ گرتنی ئەندامی نوێ و بەدەستهێنانی پشتیوانی لەبەرامبەر بندەستی بێئەمانی دەوڵەت، بە تەواوی خەڵکی کوردی خستبووە نێو بەرداشی ئاگرێکی سوتێنەرەو هاوکات بژاردەی حیزبوڵڵا بۆ پێداگیری لەسەر بەها ئایینی ئەخلاقییەکان خەڵکی خستبووە بەردەم بژاردەیەکی درێژخایەنو تاقەتپروکێن[٢].

کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم کاتێک هێزە سەربازییەکانی تورکیا بە جۆرێک شکستیان بە پەکەکە هێناوە رێبەرەکەیان عەبدوڵڵا ئوجەلان لە(١٥)ی شوباتی(١٩٩٩)دا دەستگیرکرد، ئیدی سەرنجیان خستەسەر حیزبوڵڵا، پرۆسەکان بەئامانجی لەناوبردنی حیزبوڵڵا دەستپێکرد، ساتی پرۆسەکان ئاماژەبوو بۆ ئەوە لە تێڕوانینی حکومەتی تورکیادا حیزبوڵڵا بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە سوودی نەمابوو[٣]، هەربۆیە بەهاتنی ساڵی(٢٠٠٠) وەزیری ناوخۆ بڕیاریدا هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبوڵڵا تێکبدات ئیدی دەوڵەت لەسەر ئاستێکی بەرفراوان دەستیدایە ئۆپەراسیۆنی قۆڵبەستکردنی ئەندامانی حیزبوڵڵا بەتایبەت لە شارەکانی ئەستەنبوڵ و دیاربەکر لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسدا وەلی ئوغلۆ رێبەری حیزبوڵڵا کوژرا و، هەرلە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی دەوڵەت بە هەزاران ئەندامی حیزبوڵڵا دەستگیر کران و راپێچی دادگا و زیندانەکان کران[٤].

## ٢-هەڵوێستی بزاڤی خزمەت بەرامبەر پەکەکە:

پەکەکە هەرچەندە لە چالاکییەکانی بزاڤی خزمەت نیگەرانبوو بەشێک لە رێبەرانی پەکەکە ئەوەیان ئاشکراکرد بەهۆی چالاکییە پەروەردەییەکانی بزاڤی خزمەتەوە ژمارەی ئەو ئەندامانەی دەچوونەپاڵ پەکەکە کەم دەبوونەوە، بەڵام پەکەکە کەسانی سەربە بزاڤی خزمەتی نەدەکردە ئامانج پەکەکە بەهۆی خۆشەویستی بزاڤی خزمەت لەناو کورددا بەهەستیاری مامەڵەی لەگەڵ ئەم بزاڤە دەکرد، لەبەرامبەردا کەسە دیارەکانی بزاڤی خزمەتیش هەر هاریکارییەکیان لەگەڵ پەکەکە رەتدەکردەوە[٥].

رێبەرانی دەسەڵاتداری تورکیا، گولەنیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی لەگەڵ ئەوەدایە پرسی کورد وەک خۆی بمێنێتەوە دژی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ ئەو پرسە، بەڵام گولەن لە(BBC) وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە وتی:"دەتوانرێت دانوستان لەگەڵ پەکەکە بکرێت وای نابینین، کە ئەوە زیانی هەبێت، بەڵام بەمەرجێک پارێزگاری لە پێگەوشکۆی دەوڵەت بکرێت"[٦]، هەروەها گولەن ئەوەشی

---

[١] بیار مصطفى سيف الدين: س.پ، ل٢٠٦-٢٠٧.

[2] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit , P.64 ؛ دیڤید مەکداول: س.پ، ل٦٨٦

[3] Soner Cagaptay and Emrullah Uslu: Op.Cit ؛ TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit,P.65.

[4] TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit ,p.65.

[٥] دوغان کوچ: م.پ، ص٣٥١-٣٥٢.

[٦] عبدالقادر الادريسي: م.س،ص١٦٩.

خستەڕوو دەگوترێت ئۆجەلان تیرۆریستە دەوڵەتیش هەربەوپێیە تیرۆریستە، کە دەستگیری کردووە و حوکمی بەسەردا سەپاندووە، حکومەت بەو کارە هەستاوە، هەروەها جەختیکردەوە ئەوان(گولەنییەکان) دژی کورد نیین، گولەن، ئەوەشی خستەڕوو مایەی سەرسوڕمانە، کە حکومەت هەستاوە بە تۆمەتبارکردنیو لێدان لە کەسایەتی و ڕەواجدان بەوەی دژی پرۆسەی ئاشتییە، گولەن رایگەیاند چارەسەر لای ئەوان لەڕێگەی پەروەردەو فێرکردن و دروستکردنی رۆحی رێککەوتن و سازان و بەرهەمهێنانی ئابوورییە لەپێناو نەهێشتنی هەژارییە لە ناوچە کوردییەکان، هەروەها چالاکییەکانی بزاڤی خزمەت بەکرداری بەو ئاڕاستەیە[1].

گولەن بەوپێیەی خۆی لە سیاسەت بەدوورگرتووە وەک لە نامەیەکدا بۆ ئەردۆغانی سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد ناردووە خۆی لە چارەسەری ریشەیی سیاسی کێشەی کورد بەدوورگرتووە، پێشنیازەکانی ئەو پتر خۆی لەقەرەی بابەتی پەروەردە، ئایینی، تەندروستیو کۆمەڵایەتی دەبینییەوە، راشکاوانە هیچ ئاماژەیەکی تێدا بەدیناکرێت، کە دانپێدانان بێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆی گەلی کورد لە باکووری کوردستان، هیچ زەمینەیەکی لەبارەی تێدا نەرەخسێنراوە بۆ چارەسەری کۆتایی ئەو کێشەیە[2].

لەڕاستیدا گولەن زیاتر بایەخی بە کردنەوەی خوێندنگاو ناوەندی پەروەردەی دەدا لە ناوچەکانی باکووری کوردستان، بە کردنەوەی یەکەمین ناوەندی ئامادەیی لە(١٩٨٨) لە دیاربەکر و شانلی ئورفا دەستپێیکرد، پاشان لە (١٩٩١)وە ناوەندو لقی نوێی لە شارە جیاوازەکان کرانەوە بەجۆرێک لەنێوان(١٩٩١-١٩٩٥) ژمارەی ئەو ناوەندانە رووی لە زیادبوون کرد، دواتر شارە بچوکەکانی گرتەوە ژمارەی ئەو ناوەندانەی تایبەت بە بزاڤی خزمەت بوون نزیکەی(٩٠) هەزار خوێندکاری تێپەڕاند لە بەشێک لەو ناوەندانە لە ناوچە بچووکەکان تەنیا دامەزراوەی فێرکاری بوون لەپاڵ قوتابخانەی فەرمی هەژماردەکران، پەکەکە ئەو ناوەندانەی وەک هەڕەشەیەک بۆ هەوڵەکانی پەکەکە بۆ ئەندام گرتن هەژمار دەکرد، هەرچۆنێک بێت گولەن بەئاشکرا پەکەکەی نەدەکردە ئامانج ئەوتۆمەتانەی رەتدەکردەوە، کە گولەنیان پێ تۆمەتباردەکرد، کە دژی چارەسەری پرسی کوردە لە باکووری کوردستان. گولەنو بزاڤەکەی لە هەمووجۆرە پەیوەندییەک بەباش و خراپەوە لەگەڵ پەکەکە خۆی بەدوور دەگرت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە گولەن جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی، کە تیرۆریزم لە ئیسلامدا جێگەی نابێتەوە، هەربۆیە تیرۆریزم و رێکخراوە تیرۆریستەکانی بە ئامانج دەگرت ئەمەش ناڕاستەوخۆ لەقەڵەمدانی پەکەکە بوو وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی[3].

گولەن و بزاڤەکەی بەدرێژای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم و قۆناغەکانی دواتر بەپێچەوانەی پارتە توندڕەوە و ئیسلامییەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵ پەکەکە و پرسی کورددا کرد بەجۆرێک بایەخدان بە پەروەردە و فێرکردن و بوژانەوەی ناوچەکانی باکووری کوردستان بە دوورگرتنی لە سیاسەت توانی ژمارەیەکی زۆر لە کورد و ئەوانەی پێشینەیەکی ئیسلامییان هەبوو بۆ لای بزاڤەکەی راکێشێت و لەهەمانکاتدا بە دوورگرتنی لە سیاسەت توانی سەرنجی حکومەت لە لایەک و پارتە چەپەکان و بەتایبەتی پەکەکە، لەلایەکی دیکەوە لەسەر کاروچالاکییان کەمبکاتەوە. بزاڤی خزمەت بەم

[1] عبدالقادر الادريسي: م.س، ص ١٦٩-١٧٠.

[2] بەرزانی مەلا تەها: ئایینو سیاسەت، ل٢١١.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: دوغان کوچ: م.پ، ص٣٥٢-٣٥٩.

کاروچالاکییانەی توانی بوژانەوەو خزمەتێکی باش بە ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان بکات، هەروەها هەلی زیاتری بۆ گەنجان و منداڵان لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە گوندەکان رەخساند، سەرجەم کەرتەکانی ئابووری و پەروەردەو فێرکردنو تەندروستی...هتد لە ناوچەکانی باکووری کوردستان لەسەردەستی ئەم بزاڤە بوژانەوە، ئەمە لەهەمان ماوەدا پەکەکە و حیزبوڵڵا بە خەباتی چەکداری لەلایەک دژ بە حکومەت و لە لایەکی دیکەوە لە ناوخۆداو دژ بەیەکدی دەستپێکردبوو، وێڕای زیانی مادی و گیانی لەناو هەردوو پارتەکەدا زیانێکی گەورەشیان بە دانیشتوانی باکووری کوردستان گەیاند، بەڵام بزاڤی خزمەت خۆی لەم شەڕو ناکۆکیانەی پەکەکە و پارتەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە بەدور گرت.

**٣-پەیوەندییەکانی پاک و پەکەکە:**

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پاکو پەکەکە، دووبۆچوونی جیاواز هەیە لەوانە: مەکداول، پاک بە دروستکراوی پەکەکە ناوبردووە، هەروەها بەیەک لەو گروپە گومانلێکراوانە ناودەبات، کە پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکەدا هەبووە[١]. لە بۆچوونی دووەمدا هاتووە، کە پاک نەیاری رێکخستنی چەپ و نەتەوەییەکانی کورد بووە، بەتایبەت پێیوابوو پەکەکە بەشێکە لە ئەجێندا سیاسییەکانی زایۆنیزم، لەبەرامبەردا پەکەکە، ئەو رێکخراوە ئیسلامییە کوردییانەی بەکرێگیراوی ئەمریکا دەزانی لەمبارەیەوە ئۆجەلان دەڵێت:"حکومەتی تورکیا چاو لە چالاکیی پاک دەپۆشێت و بەکاریدەهێنان بۆ سووکردنی گوتارەکانی پەکەکە بۆ گەلی کورد""[٢].

پێمانوایە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پاکو پەکەکە بۆچوونی دووەم زیاتر گونجاوە بەوپێیەی پەیوەندی هەردوو پارتەکە بە گوتەیەکی ئۆجەلان پشتڕاستکراوەتەوە، هەروەها ئەگەر لە قۆناغێکدا پاک و پەکەکە پەیوەندیان باش بووبێت دواجار پەکەکە بەهەمان تێڕوانین بۆ پارتە ئیسلامییەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی باکووری کوردستان مامەڵەی لەگەڵ پاکدا کردووە.

لەڕاستیدا سەرچاوە مێژووییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ پەکەکە زیاتر باسیان لە پەیوەندی حیزبوڵڵاو پەکەکە کردووە ئەوەیش بەهۆی ئەو شەڕە چەکدارییو ململانێیان لە ناوچەکەدا، کە لە هەموو لایەنەکانی ئابووریی و پەروەردەو فێرکردن...هتد زیانیان بەتەواوی دانیشتوانی ناوچەکە گەیاندووە، هەربۆیە پارتو رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکە هەوڵیانداوە لە ململانێ و شەڕی چەکداری لە ناوچەکەدا خۆیان بەدور بگرن.

## - تەوەری دووەم: پەیوەندییەکانی پارت و رەوتە ئیسلامیەکان لەناوخۆدا :

پارتو رێکخراو و گروپە ئیسلامییەکانی کورد لە باکووری کوردستانو تورکیادا لەگەڵ یەکدی پەیوەندییان هەبووەو زۆرجار ئەو پەیوەندییانە ناکۆکیو بەکارهێنانی چەک دژبەیەکی لێکەوتووەتەوە، هەندێک لە پەیوەندیەکانیش لە ناوچەکەدا باش و هەماهەنگی بووە، هەربۆیە لەم تەوەردا باس لەم پەیوەندییانە دەکەین:

---

[١] س.پ، ل٦٧٨.

[٢] ماجید خەلیل فەتاح: ڕێکخستنە سیاسییەکان، ل٣٣٣.

### ١- پەیوەندییەکانی حیزبوڵلاو گروپی زەهرا:

حیزبولڵلا جگە لە ململانێی ناوخۆییەکانی گروپی زانستو مەنزیل، هەڵگەڕایەوە لەو کۆمەڵە ئیسلامییانەی بەشێک نەبوون لە حیزبوڵلا، هەروەها دژی گروپە سۆفیگەری کوردییەکان و کۆمەڵێک لە سەرمایەدارانی کورد وەستایەوە. هەرکەسێک لە حیزبوڵلا جیادەبووەوە دەفرێندرا و لێپرسینەوەی لێدەکراو دەکوژرا[1]. حیزبوڵلا لە(١٩٩٨)وە دەستیکرد بە رفاندنوگرتن، هەتاوەکو بە کوشتنی دەستەبژێری کورد دەگات، کە بە دوژمنی بەهێزی خۆی دایدەنانو بەپێی راپۆرتی پۆلیسی تورکیا ژمارەی ئەو کەسانەی، کە لە پرۆسەکانی حیزبوڵلا دەستگیرکرابوون لە(١٩٩٩)دا، گەیشتبووە ٦٠کەس[2].

گروپی زانست لە کۆتایی (١٩٩٩)دا، ئەندامانی گروپی زەهرای کردە ئامانج و لەناویاندا عیزەددین یەڵدرم سەرۆکی گروپەکە، کە پێشتر پەیوەندی رێکخراوەییان هەبوو لەگەڵ باڵی سیاسی حیزبوڵلا، پاش ئەوەی چەکدارانی زانست بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە دەوڵەتی تورکیا گروپی زەهرای وەک هەوڵێک بۆ لاوازکردنی زانست بەکارهێناوە، هەربۆیە بەدرێژای چوار رۆژی کۆتایی تشرینی دووەمی(١٩٩٩)،گروپی زانست حەوت ئەندامی زەهرای فڕاند لەناویاندا عیزەددین یەڵدرم سەرۆکی گروپەکە هەبوو، تەواوی رفێندراوەکان بە زیندووی نەدۆزرانەوە[3]. پاشان بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی، کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە لە(٥)ی کانونی دووەمی(٢٠٠٠)دا لە ئۆپراسیۆنێکدا دەستی بەسەرداگیراوە دەرکەوتووە عیزەددین یەڵدرم لە(٢٩)ی کانونی یەکەمی(١٩٩٩)لەلایەن دوو ئەندامی حیزبوڵلاوە رفێندراوەو پاشان لە ماڵێکدا لە کارتالی ئەستەنبوڵ خنکێنراوە، ئەم کوشتنەی یەڵدرم لەناو خەڵکی باکووری کوردستان، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە، بەڵام حیزبوڵلا هۆکاری کوشتنەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی، یەڵدرم هاوکاری دەوڵەتی تورکیای کردووە[4].

لەراستیدا هەڵوێستی توندوتیژی حیزبوڵلا بەرامبەر گروپی زەهرا و کوشتنی عیزەددین یەڵدرمو تۆمەتبارکردنی بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی تورکیا لەلای زۆرێک لە دەستەبژێری موسڵمانی کورد و پارتو گروپ و رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکە جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە حیزبوڵلا بە بیانووی هاوکاری تورکیا پەلاماری زەهرا دەدات. لەکاتێکدا، کە حیزبوڵلا بە دروستکراوی تورکیا و بۆ لێدانی پەکەکە سەیردەکرا، لەهەمانکاتیشدا چەندین کاربەدەستی تورکیا ئەوەیان پشتڕاستکردبوویەوە، کە دەوڵەتی قووڵ هاوکاری حیزبوڵلای کردووە بۆ لێدانی پەکەکە.

### ٢-پەیوەندییەکانی بزاڤی خزمەت لەگەڵ پارت و رەوتی ئیسلامی کوردی:

هەرچەندە بزاڤی خزمەت و گولەن رێبەری بزاڤەکە، خۆی لە سیاسەت بەدووردەگرت، بەڵام ناڕاستەوخۆ هەڵوێستی خۆی لە بارەی پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکە دەردەبڕی، هەربۆیە گولەن، سەبارەت بە چالاکییە چەکدارەکانی گروپە توندڕەوەکان هۆشداری بە موسڵمانان دەدات، کە ئەو گروپانە شەرعییەتیان نییە و دەڵێت:"یاساکانی ئیسلام روونن، تاکەکان بۆیان نییە جەنگ رابگەیەنن. گروپ و رێکخراوەکان ناتوانن جەنگ ڕابگەیەنن. جەنگ لەلایەن دەوڵەتەوە رادەگەیەنرێت.

---

[1] Walter J. Fend :Op.Cit ,P. 73

[2] مصطفی گوربوز: م.پ، ص٣٢٧.

[3] Gareth Jenkins :Op.Cit ,P.194.

[4] Engin Avcı :Önce Kikaynak ,Sayfa186.

ئەگەرنا دەبێتە کارێکی تیرۆریستی"[1]، هەروەها گولەن جەختدەکاتە نابێت ئەو گروپانە جەنگ بەرپابکەن وەک هەوڵێک بۆ"خزمەتکردنی ئایین". ناوبراو پێیوایە، ئەوانەی دەخوازن خزمەتی ئایین بکەن، تەنیا دەتوانن لەڕێگەی سەرنجڕاکێشانی عەقڵ و عەقڵی مەدەنی جیهانییەوە ئەو کارەبکەن. بە مانایەکی دیکە، گولەن جەختدەکاتەوە، کە دەبێت ئامرازو مەبەستەکان-ی خزمەتکردنی ئیسلام و تێکۆشان لەوپێناوەدا- لە ئیسلامدا مەشروع بن و لەگەڵ یاسای زەمینیدا ویکبێتەوە، ئەم تێڕوانینەی گولەن سەبارەت بە چالاکیی ئەو پارت و گروپانەیە بزاڤی چەکدارییە بە ڕێگای دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەزانن. سەبارەت بە کاری توندوتیژی بەبێ ڕاگەیاندنێکی شەرعی جەنگ، گولەن دەڵێت:"هەرگیز نابێت تیرۆر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئیسلام بەکاربهێنرێت. ناکرێت موسڵمان تیرۆریست بێت، لەبەرئەوەی ئیسلام توندترین سزای لەم جیهانە داناوە بۆ کوشتن و پێشێلکردنی ئاسایش، لە ژیانی کۆتایشدا، توندترین سزای داناوە بۆ ئەوانەی باوەڕبەمە ڕەتدەکەنەوە"[2]. گولەن جەختدەکاتەوە:"موسڵمانی ڕاستەقینە ناکرێت تیرۆریست بێت و تیرۆریست ناکرێت موسڵمانی ڕاستەقینەبێت"[3]، هەربۆیە گولەن هەڵوێستێکی تونددەمارانەی هەبوو سەبارەت بە جووڵانەوە ئیسلامییەکان و ئەوانەی لەبواری سیاسییدا کاردەکەن گولەن وتی:"دەکرێت خەڵکێکی جیاوازبن لەبیروبۆچوونەکانیاندا، بەڵام بەسیاسیکردنی ئیسلام خیانەتێکی گەورەیە دژ بە ڕۆحی ئیسلامیی"[4].

لە هەڵوێستی گولەندا دەردەکەوێت، کە بەئاشکرا و ڕاشکاوانە لە دژی سیاسەتەکانی حیزبوڵڵاو خەباتە چەکدارییەکەی بووە لەو قۆناغەدا، هەربۆیە یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبوڵڵا بەناوی(I.Bagasi) لە کتێبەکەیدا بەناوی حیزبوڵڵا لە زمانی خۆیەوە(Kendi Dilinden Hizbullah)، تێڕوانینی گولەن بۆ حیزبوڵڵا دەخاتەڕوو دەنووسێت:"...جێگەی خۆیەتی بە کورتی بە نمونە هەڵوێستی دوژمنکارانەی گروپی فەتحوڵڵا گولەن و ئەو دوژمنکارییەی، کە بەرامبەر حیزبوڵڵا کردوویانە و تێڕوانینی گشتی گروپی فەتحوڵڵا گولەن بەکورتی ڕوونبکرێتەوە، گروپی مامۆستا فەتحوڵڵا لەپێناو موجامەلەی حکومەتو بۆ زیاتر خۆنزیکردنەوە لە ڕژێمی دەوڵەت و لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ئاستی کۆماری تورکیا و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەم بەرامبەر حیزبوڵڵاو لەهەمانکاتدا بەرامبەر گروپە ئیسلامییەکانی دیکە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی بێبەزەیانەی پەیڕەولێکرد، کە بەردەوام هێرشی دەکردەسەر حیزبوڵڵاو گروپە ئیسلامییەکانی دیکە"[5].

پەکەکە، کاتێک ململانێ سەربازییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا پەرەپێدا، دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر ئەم ململانێیەی پەکەکەو لەپێناو دروستکردنی کاریگەری زیاتر و ڕاکێشانی سۆزی ئیسلامییە کوردەکانی ناوچەکانی باکووری کوردستان ئەو فەرمانبەرە تورکانەی، کە پاشخانێکی ئیسلامییان هەبوو لەگەڵ گروپە ئیسلامییەکاندا پەیوەندییان هەبوو دەیگواستنەوە بۆ ناوچەکانی باکووری کوردستان بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆر پۆلیس، کە خاوەن پاشخان و بۆچونێکی ئایینی، پارێزگار، ڕاستڕەو و نەتەوەپەرست و بەپیرۆز سەیرکردنی سونبولە ئایینی و نەتەوەییەکان دەنێرران بۆ ناوچەکانی باکووری کوردستان بەم جۆرە لەوانەش ژمارەیەکی زۆر لەو پۆلیسانە، کە

---

1 Ozcan Keles ,Ismail Mesut Sezgin and Ihsan Yilmaz: Op.Cit,P269.

2 Ibid,P.269.

3 Ibid, P.270 .

4 وەرگیراوە لە: ئەفراح ناثر جاسم: س.پ، ل١٦٠.

5 Ismet Siverkli :Önce Kikaynak ,Sayfa164. وەرگیراوە لە:

پەیوەندییان بە بزاڤی خزمەتو گولەنەوە هەبوو نێدران بۆ ناوچە کوردییەکان. لەپاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە توندەکانی دەوڵەت دژی حیزبوڵڵا هێشتا ژمارەیەکی زۆر پۆلیس لەناوچە کوردنشینەکاندا لە ئەرکدابوون، کە پەیوەستییان بە بزاڤی خزمەتەوە هەبوو لەو ئۆپەراسیۆنانەدا، کە بۆسەر حیزبوڵڵا ئەنجامەدران ئەو پۆلیس و بەرپرسە ئەمنیانەی، کە پەیوەستبوون بە بزاڤی خزمەت و سەربە گولەن بوون بەرپرسیاریەتی گرنگییان هەبووەو زۆر بێبەزەییانە رەفتاریان لەگەڵ حیزبوڵڵادا کردووە لەپێناو وازپێهێنانی یاخود دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی سەربە حیزبوڵڵا بوون دەستگیردەکران و ئاییندارى خۆیان یان چەندین فشاری دیکەیان بەکاردەهێنا، هەربۆیە بزاڤی خزمەت لەڕێگەی ئەم بەرپرسە ئەمنی و پۆلیسانەوە هێندەی دەوڵەتی تورکیا زیانیان بە حیزبوڵڵا گەیاندووەو زانیارییان لەسەر ئەو حیزبە کۆکردوەتەوە، هەرچەندە هەڵوێستی ئەو بەرپرس و پۆلیسانە ئەگەر هەڵوێستی بزاڤی خزمەت و گولەن بێت سەبارەت بە حیزبوڵڵا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پۆلیسو کارمەندی دەوڵەت بوونو ناکرێت بە هەڵوێستی راستەقینەی بزاڤی خزمەت، بەرامبەر حیزبوڵڵا سەیربکرێت. بزاڤی خزمەت جگە لەڕێگەی کارمەندانی ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت، لەڕێگەی میدیایەوە هێرشی توندیان دەکردەسەر حیزبوڵڵا، بەڵام حیزبوڵڵا هەمیشە نکۆڵی دەکات لەوەی، کە هیچ هێرشێکی کردبێتە سەر بزاڤی خزمەتو گولەنی ڕێبەری بزاڤەکە[١].

گولەن و بزاڤەکەی لە قۆناغەکانی پاشتر و دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئاکەپەوە لە ٢٠٠٢دا، بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە لەگەڵ حیزبوڵڵادا دەستیکرد بەکاری هاوبەش و دەرنجامی ئەو کارە هاوبەشانەیان دروستکردنی سەدان رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، کە لە بنەڕەتدا ئیسلامی بوون ئەم رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن بزاڤی خزمەتەوە بودجەو داراییان بۆ دابینکراوە[٢].

سەبارەت بە پەیوەندی بزاڤی خزمەت و ڕێبەرەکەیان گولەن، لەگەڵ رێکخراوە توندڕەو ئیسلامییەکان، گولەن لە(١٩٩٥)بە بەهێز دەبینراو کاتێک باڵوێزانی هەریەک لە ئەمریکاو ئەڵمانیاو بەریتانیاو روسیا سەردانیان کرد، ئیدی کۆمەڵێک پرسیاری لەسەر دروستبوو لەکاتێکدا گولەن هیچ سیفەتێکی فەرمی نەبوو، بەم هۆیەوە گولەن لە ئابی(١٩٩٥) دا بەهۆی هەڵوێستە میانڕەوەکانی بەرامبەر بە دەوڵەت لە لەلایەن رێکخراوی(جەنگاوەرانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی مەزنەوە)، هەڕەشەی کوشتنی لێکرا[٣]. چونکە ئەم رێکخراوە وەک رێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەوی چەکداری دژی هەر هێزو لایەنێک دەوەستایەوە، کە هەڵوێستی میانڕەوی یان دژایەتی نەکردنی دەوڵەتی تورکیای گرتبێتەبەر.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئیسلامی سیاسی لە باکووری کوردستان لەگەڵ پارتو رێکخراوە تورکییەکان، بەشێوەیەکی گشتی بووەو زیاتر لەسەر ئاستی هەڵوێستی ئەو پارتە تورکانە بووە بەرامبەر کورد لە باکووری کوردستانو ئیسلامی سیاسی بەگشتی لە تورکیادا، هەروەها هەڵوێستی بەشێک لەو پارتە تورکیانە لەناو حکومەت بوون هەڵوێستەکانیان بە مامەڵەی تورکیا لەگەڵ پرسی کورد لە باکووری کوردستان دانراوە، هەربۆیە پەیوەندییەکی فەرمی لەنێوان ئیسلامی سیاسی باکووری کوردستان لەگەڵ پارتە تورکییەکانی ئەوقۆناغە(١٩٨٣-٢٠٠٧)، بەتایبەتی پارتە چەپو

---

[1]Ismet Siverkli :Önce Kikaynak ,Sayfa164-165.
[2] Aynikaynak,sayfa 164.
[٣] محمد نورالدین: حجاب وحراب، ص٢٤٥.

نەتەوەییەکان، بەدینەکراوە، کە شایەنی باسکردنبێت، ئەگەریش پەیوەندییەک هەبووبێت ئەوا بەهۆکاری جیاواز لەسەرچاوە مێژووییەکاندا وەک پێویست باسنەکراون، هەربۆیە ئێمەش بەپشتبەستن بەوسەرچاوانەی لەبەردەستماندا بووە نەمانتوانی پەیوەندیەکی لەوجۆرە باس بکەین.

**تەوەری سێیەم: پەیوەندییەکانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کورد، لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان:**

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پارت و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کورد، لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان، پەیوەندییەکان بە هەرهۆکارێک بێت کەمنو لاوازن و ئەگەر پەیوەندیش هەبووبێت زیاتر لەسەر ئاستی کەسایەتی و ڕێبەرەکان و سەرکردەکانی ئەو پارتو ڕێکخراوانە بووە یان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ئیسلامی سیاسی له تورکیاو عێراقو ئێران و سوریا بووە.

له حەفتاکانی سەدەی بیستەم دوای ئەوەی بە فەرمی له(٤)ی نیسانی(١٩٧١) کاری ئیخوان له باشووری کوردستان وەستێنرا[1]و ڕێکخستن هەڵوەشایەوە، ئەم دۆخە کوردستانیش گرتەوە، هەرچەندە زۆرێک له کادیرانی ئیخوان کاری ڕێکخستنیان بەحەرام دەزانی و لای ئەوان بڕیارەکەی سەرکردایەتی ئیخوان جۆرێک له پیرۆزی هەبوو، بەڵام کۆمەڵێک کەسایەتی له ساڵانی حەفتاکانەوە له ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان دەستیان بە جموجوڵ کرد، هەرلەو قۆناغەدا هەندێک لەو کەسانەی پێشتر ئیخوان بوون دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی نور کرد، بەو پێیەی بانگەوازی نور زیاتر گرنگیدان بوو بە بابەتە ئیمانییەکانو بواری پەروەردەو ئەمەش وەک جێگرەوەی کاری ئیخوان بوو[2]، لەهەمانکاتدا بۆ داپۆشین چالاکییان بەوجۆرە پەیامانە، کە سروشتێکی ڕۆحیان گرتبووەخۆ، هەتاوەکو سیاسی، بەمە کەلێنێکیان له بواری باوەڕو ڕوونکردنەوەی بنەما غەیبییەکان پڕەدەکردەوە، هەربۆیە زۆرێک له ئیخوانەکان کەوتنەسەر شێواز و میکانیزمی بەدیل هەڵمەتێکی فراوانی خوێندنەوەی پەیامەکانی نور له مامۆستایانی کەرکوکەوە پەیدا بووەو، لەوانە: هەریەک له (ئیحسان قاسم صاڵحی، عابدین ڕەشید) سەرمەشقی ئەم هەڵمەتە بوون زیاتر گرنگیانداوە بە پەیامەکانی نور، له تورکییەوە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بە دەستنووس دەنووسرانەوە پاشان چاپکران و دەگەیەنرانە ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، هەرچەندە له حەفتاکانی سەدەی بیستەم پەیامەکانی نور له باشووری کوردستان لەناو ئیخوانەکاندا بڵاوبوویەوە، بەڵام بەچەند هۆکارێک فکرەی نورسی وەک پێویست له باشووری کوردستان بڵاونەبووەتەوە، دکتۆر عەلی قەرەداغی(١٩٤٩-) لەم بارەیەوە دوو هۆکاری سەرەکی دەخاتەڕوو ئەوانیش: یەکەم: فکرەی نور بەتورکی نووسراوەتەوە درەنگ وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی عەرەبی و کوردی، هەربۆیە زۆرێک له کوردەکانی باشووری کوردستان تورکیان نەزانی و ئاگایان لێنەبووە.

---

[1] پێش ئەوەی ڕێکخستنی ئیخوان بوەستێت، هەرله (١٩٦٨)وە ئیخوان چالاکیی کەمبوویەوە، ئیخوان هەرچەندە له ١٩٦٨)وە کاری ڕێکخستنی وەستاوە، بەڵام بەفەرمی له(١٩٧١) چالاکی ڕێکخستنی ڕاگرتووە، هۆکاری ئەمەش( دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، هەنگاوبەهەنگاو کەوتنە دژایەتیکردنی هەموو حزبو کۆمەڵەکانی دیکە، تەنگییان بە چالاکییان هەڵچنی، بەتایبەت زۆر له حزبی شیوعیو بزووتنەوەی ئیخوان دەترسان، چونکە له جومگەکانی دەسەڵاتدا هەبوون بەتایبەت لەناو سوپادا، هەربۆیە بەدەرکردنی هەندێک بڕیار، بوارێکی وایان بۆ ئەنجامدانی چالاکییان نەهێشتنەوە. **(عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: بزاوتی ئیسلامی له ڕەگی ئیخوانەوە بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوو(١٩٤٦-١٩٩٤)، ب٣، چ١، سازیار، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٨).**

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئیدریس سیوەیلی: س.پ، ل٨٣-٨٨.

دووەم: ئەوانەی نورسی بوون فکرەی نورسیان بەستبوویەوە بە گەلی تورکیاوە، گەلی کوردیش ئەمەی پێپەسەند نەبوو، جگە لەوە کورد کێشەی سیاسی هەبوو ئەو کێشانەی جیابوون لەگەڵ فکرەی نورسی، فکرەی نورسی پیرۆزو رۆحی بوون زیاتر لەوەی سیاسییو کێشەی دیکە بێت[1].

له (١٩٨٨)دا و لە ئەستەنبوڵ بڕیاری دامەزراندنی رابیتەی ئیسلامی کورد دراوە، دکتۆر عەلی قەرەداغی کراوە بە بەرپرسی رێکخراوەکە، ئامانج و کاری ئەم رێکخراوەیە هاریکاری گەلی کورد بووە، هەروەها هەوڵیداوە مەینەتییەکانی گەلی کورد لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بخاتەڕوو، لە ١٩٩٣وە لقی ئەم رێکخراوەیە لە باشووری کوردستان کراوەتەوە لەلایەن ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامی پێش راگەیاندن و ئاشکراکردنی خەباتیان بەرێوەبراوە، پاشتر سەلاحەدین محەمەد بهادین(١٩٥٠ –)، پێشنیاز دەکات بۆ دکتۆر عەلی قەرەداغی کاری رێکخستنی ئەندامەکانیان لەدەرەوەی وڵات رێکبخەن، هەرچەندە عەلی قەرەداغی، ئەوەی خستووەتەڕوو کاری دەرەوە تایبەتە بە رابیتەو، رابیتەش لەدەروەی باشووری کوردستان لەپاڵ کاری بانگەوازدا کاری سیاسی دەکات، بەڵام لەناوخۆدا واتە [باشووری کوردستان]تەنیا کاری خێرخوازی دەکات، بەڵام لە قۆناغەکانی پاشتردا هیچ کات لە دەروەی باشووری کوردستان کاری سیاسی یەکگرتووی رانەپەڕاندووەو تەنیا لەرێگەی رابیتەوە خەریکی کاری خێرخوازییو پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بووە بە گەلی کورد[2].

پەیوەندییەکانی ئیسلامی سیاسی لە باکووری کوردستان لەگەڵ یەکگرتوو، پێش راگەیاندنیو لە( ١٩٩٤)وە، هەتاوەکو کۆتایی نەوەدەکان لە ئاستێکی لاوازدا بووە یان هەر نەبووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی هەردوو حکومەتی عێراق و تورکیا سەبارەت بە پارتو رێکخراوە ئیسلامییەکان هەردوولا، کە پارتو رێکخراو گروپە ئیسلامییەکان چالاکییو کاری بانگەوازو سیاسییان، زۆر پەنهان و نهێنی بووە، هەربۆیە هەریەک لە یەکگرتوو و پارتو رێکخراوەکانی باکووری کوردستان نەیانتوانیوە پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسی دروستبکەن، لەلایەکی دیکەوە پارتە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان لەوانەش یەکگرتوو، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لەسەر ئاستی حیزبیو کەسایەتی، زیاتر پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ پارتەکانی ئەربەکان، و خودی ئەربەکان پاشتر لەگەڵ ئاکەپەو ئەردۆغان هەبووە و ئەم پەیوەندیانەش لە ئاستێکی پێشکەوتووو باشدا بووەو هەماهەنگیو هاوکاری لەنێوانیاندا هەبووە، وەک لەگەڵ پارتو رێکخراوەکانی باکووری

---

[1] وەرگیراوەلە: عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: س.پ، ب٣، ل٣١- ٣٩.( هەرچەندە ئەم کتێبەی عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان، یەکێکە لەو شەش بەرگەی، کە ناوبراو لەسەر مێژووی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێش راگەیاندنی، هەتاوەکو(١٩٩٤) بە پشتبەستن بەچەندین بەڵگەنامەو سەرچاوەو چاوپێکەوتن نووسیویەتی، بەڵام زۆر بەکەمی یان هەرباس لە پەیوەندییەکانی یەکگرتوو لەگەڵ پارت و رێکخراوەکانی باکووری کوردستان نەکراوە، کە شایەنی باسکردن بێت). **(توێژەر)** .

